# بەشی من

پەرینووش سەنیعی

# بەشی من

"سهم من"

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
ڕووناک شوانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

پەرینووش سەنیعی
بەشی من
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕووناک شوانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٣١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٤ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

١

هەموو کاتێک لە کارەکانی پەروانە سەرم سووڕدەما، هەرگیز بیری لە ئابڕووی باوکی نەدەکردەوە، سەیری جامخانەی دوکانەکانی دەکرد، جار ناجارێکیش دەوەستا و هەندێ شتی بە من نیشان دەدا. هەرچەند دەمگوت شەرمە با بڕۆین، گوێی پێ نەدەدا. تەنانەت جارێکیان لەوبەری شەقامەکەوە بانگی کردم، ئەویش بە پێش ناوەوە[1]، هێندەی نەمابوو لە شەرمدا ببمە دڵۆپێک ئاو و بە زەویدا ڕۆ بچمەوە. خوا ڕەحمی کرد هیچ کام لە براکانم لەو دەوروبەرە نەبوون، دەنا مەگەر خوا بزانێت چی ڕووی دەدا.

کاتێک ئێمە لە قومەوە هاتین، باوکم بواری دام بچمە قوتابخانە، تەنانەت کاتێ وتم لە قوتابخانەکانی تاراندا هیچ کەس چارشێو بەسەردا نادات و گەر من ئەو کارە بکەم گاڵتەم پێ دەکەن، ڕێگەی پێ دام سەرپۆش لەسەر بکەم، بەمەرجێ ئاگەداری خۆم بم و بەدکار (خراپ) نەبم و ئابڕووی نەبەم. من تێ نەدەگەیشتم خراپبوون چۆنە! چۆن کچ وەکو چێشتی کۆن خراپ دەبێت! بەڵام دەمزانی بەبێ چارشێو و حیجابیش، دەبێت چۆن ڕەفتار بکەم بۆ ئەوەی ئابڕووی باوکم نەچێت. قوربانی مامۆ عەباسم بم! خۆم گوێم لێ بوو بە باوکمی گوت:

– کاکە! بە حیجاب و میجاب نییە، کچ دەبێت خودی خۆی باش بێت. ئەگەر خراپ بێت ئەوا لەژێر چارشێویشەوە دەتوانێت هەزار شت بکا و ئابڕووی باوکی بەرێت. ئێستا کاتێک ئێوە هاتوونەتە تاران، دەشێ وەکو تارانییەکان هەڵسوکەوت

[1]. لە ئێراندا منداڵ بە ناوی پاشناوەوە بانگ دەکرێت، واتا ناوی بنەماڵە.

بکەن، ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچوو کچ لە ماڵەوە زیندان دەکرا. بهێڵە بچێتە قوتابخانە، با جلوبەرگەکەیشی وەکو ئەوانی تر بێت، گەر وا نەبێ پتر پەنجەی بۆ ڕادەکێشن.

لە ڕاستیدا ئەم مامۆ عەباسەم مرۆڤێکی زۆر تێگەیشتوو بوو، خۆ دەبوایە هەروایش بێت، ئەو نزیکەی دە ساڵ دەبوو لە تاران ژیانی بەسەر دەبرد، تەنیا کاتێ یەکێک بمردایە دەهاتەوە بۆ قوم، نەنکم، خوا لە گوناهەکانی خۆش بێت، هەموو جارێ کە مامۆم دەهاتەوە دەیگوت:

– نەنە گیان، عەباس، بۆچی وا درەنگ درەنگ سەرم لێ دەدەی؟

مامۆ عەباسم بە پێکەنینە بەرزەکەیەوە دەیگوت:

– داپیرە چی بکەم، بە خزمان بڵێ با زوو زوو بمرن بەڵکو منیش زوو زوو بێم بۆ قوم.

نەنکم وەهای بە دەمــوچاو خــۆیدا دەمــاڵی و لێــوی خــۆی دەگـەست تاوەکـو ماوەیەکی زۆریش شوێنەوارەکەی دەمایەوە.

ژنی مامۆ عەباسم تارانی بوو، کاتێک بۆ قوم دەهات، چارشێوەکەی لەسەری دەکردەوە، هەرچەندە هەموو دەیانزانی لە تارانیش حیجابی دروستی نەبوو، خۆ جارێ کچەکانی، هەر لەم شتانە حاڵی نەدەبوون و بەبێ حیجاب بۆ قوتابخانە دەڕۆیشتن.

کاتێک نەنکم مرد، خانووەکەی باوانیان فرۆشت کە ئێمە تیایدا دەژیاین، بەشی هەمووان درا. مامۆ عەباسم بە باوکمی وت:

– کاکە، چیی تر ئێرە شوێنی ژیان نییە، هەستە وەرە بۆ تاران، بەشە میراتی هەموومان دەخەینە سەریەک، بۆ خۆمان دوکانێک دەکڕین و پێکەوە کار دەکەین، خۆم لە نزیک دوکانەکەوە ماڵێکت بۆ بە کرێ دەگرم، تۆش وەرە وردە وردە ژیانت بخەرە سەرپێ، تەنیا لە تاران پارە دەردێت.

لە سەرەتادا مەحمودی برا گەورەم ناڕازی بوو، دەیگوت:

– لە تاران ئاین و باوەڕی مرۆڤ بە با دەچێت.

بەڵام ئەحمەدی برام خۆشحاڵ بوو و دەیگوت:

– بەڵێ دەبێت بڕۆین، دەبێت ئێمەش سەرێک لە نێو سەرگەلەوە دەرکەین.

دایکم دەیگوت:

– ئاخر دەبێت بیرێکیش لە کچەکان بکەینەوە، لەوێ ناتوانن مێردی دروست و حەساوی بکەن، لەوێ کەس نامانناسێت، ئێمە هەموو کەسوکارمان لێرەن، ئەوە مەعسوومە بڕوانامەی پۆلی شەشەمی وەرگرتووە و ساڵێک زیاتریشی خوێندووە، ئیدی کاتی شووکردنیەتی، فاتیش دەبێت ئەمساڵ بچێتە قوتابخانە، خوا دەزانێ لە تاران چی لە ئاو دەردێت، هەموو دەڵێن کچێک لە تاران گەورە بێت وەزعی باش نییە.

عەلی کە لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوو گوتی:

– زۆر سەهوە بۆچی من مردووم؟ وەها ئاگام لێیەتی هەر ناهێڵم فزە بکات.

لە کاتێکدا فاتی دانیشتبوو و یاریی دەکرد، عەلی شەقێکی تێ هەڵدا، قیژاندی، بەڵام کەس گوێی پێ نەدا، من چووم باوەشم پێدا کرد و گوتم:

– ئەوە چی دەڵێی، یانی کچەکانی تاران هەموویان خراپن؟

کاکە ئەحمەدم کە عەشقی تاران کوشتبووی، گوتی:

– تۆ بێدەنگ بە! ئەگەر کێشەکە مەعسوومەیە ئەوا هەر لێرە بە شووی دەدەین و ئینجا دەڕۆین بۆ تاران، بەو شێوەیە باشترە، سەرە کەرێکیش کەم دەبێتەوە، فاتیش بە دەستی عەلی دەسپێرین، کێشای بە پشتی عەلیدا و بەشانازییەوە وتی منداڵەکە بە غیرەتە، ئاگەی لێیەتی.

بەندی دڵم پچڕا. لە ڕاستیدا ئەحمەدی برام لەگەڵ ئەوەدا نەبوو من بچمە قوتابخانە، ئەوەش نەبوو کە خۆی دەرسەکەی بخوێنێت، لە پۆلی حەوتەم چەند جارێک دەرنەچوو، هەتا کار بەوە گەیشت واز لە خوێندنەکەی بهێنێت، ئێستاش نایەوێت من لەو زیاتر بخوێنم. نەنکم خوا لێی خۆش بێت، وێڕای ئەوەی بۆ قوتابخانە چوونی منی زۆر پێ ناخۆش بوو، هەموو کاتێک سەرزەنشتی دایکمی دەکرد کە:

– کچەکەت هیچ هونەرێکی نییە، گەر بچێتە ماڵە مێرد، سەری مانگ دەینێرنەوە.

بە باوکمی دەگوت:

– ئەمە چییە ئەوەندە پارە بۆ ئەم کچە خەرج دەکەیت، کچ هیچ سوودێکی نییە، کچ هی خەڵکە، ئەم هەموو زەحمەتەی بۆ دەکێشیت خەرجی بۆ دەکەیت، لە کۆتاییشدا دەبێت کۆڵێ شتومەکیشی بخەیتە سەر و بە شووی بدەی و بڕوات.

ئەحمەد لەگەڵ ئەوەشدا کە نزیکی بیست ساڵان بوو، هیچ کارێکی بە ڕێکوپێکی نەدەکرد. بۆ نموونە، لە دوکانی خاڵە ئەسەدوڵا بوو، هەمیشە لە جادەکاندا بەرەڵا بوو، وەکو کاکە مەحموود نەبوو لە دوکانەکەی ئاغا موزەفەر دانیشێت و گوێڕایەڵی بێت و پشتی پێ ببەستێ. باوکم دەیوت: هەر مەحموود دوکانەکەی ئاغا موزەفەر هەڵدەسووڕێنێت، هەرچەندە تەنیا دوو ساڵ لە ئەحمەد گەورەتر بوو، زۆر خواپەرست بوو، نوێژ و ڕۆژووی پشتگوێ نەدەخست، هەموو کەسێک پێی وابوو دە ساڵ لە ئەحمەد گەورەترە. دایکم زۆری حەز دەکرد ئیحتیرام ساداتی خاڵۆزامی بۆ بخوازێت، دەیگوت سەیزادەیە، نەوەی پێغەمبەرە، بەڵام من دەمزانی ئەو دڵی بە مەحبووبەی ئامۆزامەوەیە، هەر کاتێ مەحبووبە بهاتبایە بۆ ماڵمان، کاکە مەحمووودم ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕدرا، ڕەنگی سوور و سپی دەبووەوە و زمانی تەتەڵەی دەکرد، بە ئەسپایی لە سووچێکەوە دەوەستا و تەماشای مەحبووبەی دەکرد، بەتایبەتی کە چارشێوی نوێژەکەی بەردەبووەوە، مەحبووبەش، بە قوربانی بم، هێندە جرپن و بزێو بوو بیری دەچووەوە ئاگای لە حیجابەکەی بێت. کاتێکیش نەنکم شەڕی لەگەڵ دەکرد کە تۆزێک شەرم دایگرێت پیاوی نامەحرەمی لێیە، دەیگوت:

– داپیرە گیان وازبێنە، ئەمانە وەکو برامن!

ئینجا لە پێکەنیندا دەبووڕایەوە.

من ئاگەم لێ بوو، هەموو جارێ لە پاش ڕۆیشتنی مەحبووبە، کاکە مەحموودم لە پای نوێژ دادەنیشت و هەر دەیگوت: ئەستەغفیروڵڵا! ئەستەغفیروڵڵا! وێ دەچوو لە بیری خۆیدا گوناهێکی دەکرد، خوا خۆی چاکتر دەزانێت.

بۆ هاتنمان بۆ تاران، ماوەیەکی دوور و درێژ لە ماڵەکەماندا شەڕ بوو، گفتوگۆ و قسەوباس بوو. تەنیا شتێک کە هەموان لەسەری کۆک بوون، بەشوودان و ڕزگاربوون بوو لە بەڵای من. دەتگوت هەموو تاران چاوەڕوانن من بێم و ئەوان لە

ڕێگەم دەرکەن. هەمـوو ڕۆژێ دەچوومـە مـەزارگـەی حـەزرەتی مـەعـسـوومـە و دەپاڕامـەوە، بـەڵکو کـارێک بکات مـنیش لەگەڵ خـۆیـاندا ببـەن و بوارم بدەن بچـمـە قوتابخـانە. بەدەم گریانەوە دەمگوت خـۆزگە منیش کوڕ بوومـایە، یان وەکو زەری تووشـی مـلەخـڕێ دەبووم و دەمردم. زەری سـێ سـاڵ لە من گەورەتر بوو، لە تەمـەنی هەشت سـاڵیدا تووشی ملەخڕێ بوو و مرد. سـوپاس بۆ خـوا، نزاکـانم گیـرا بوون، لەو ماوەیەدا هیچ کەسێک بە ناوی داخوازییەوە ڕووی لە ماڵی ئێمە نەکرد.

ورده ورده کارەکانی باوکم سەر و سـامانی گرت، مـامۆ عـەباسیشم خـانوویەکی لە دەوروبەری جـادەی گـورگـان بەکـرێ بۆ گرتین، دواتـر هەمـان خـانوومـان کـڕی، هەمـوو لەسـەر من وەسـتـابوون، دایکم بـۆ هـەر شـوێـنێک دەچوو، کـەسـێکی بـاشـی بەرچاو دەکەوت، دەهات و دەیگوت:

– مەعسوومیش کاتی شووکردنیەتی.

منیش لە شەرم و قیندا سوور هەڵدەگەڕام.

بەڵام حـەزرەت، بە قوربـانی بم، ئاگەی لێم بوو، هیـچ کـەس بۆ خـوازبێنیم نەهات. لە دواییدا نازانم چۆن بە گوێی یەکێ لە داخـوازیکارە کۆنەکانمیان گەیاندبوو کـە ژنـی هێـنابوو و تەڵاقـی دابوو، بەڵکو دووبـارە بێـتـە پێـشـەوە! باری ئابـووریی بـاش بوو، تا ڕادەیەکیش گەنج بوو، بەڵام کـەس نەیدەزانی بۆچی لە دوای چەند مـانگێک ژنەکـەی تەڵاق داوە. بـەڵای منەوە لە ڕواڵەتدا زۆر بەدخـوو و ترسـناک بـوو. کـاتێک زانیم خـەریکە چ بەڵایەکم بەسەر دێت، ڕووپامـاییم وەلادا نا و خـۆم بەسـەر دەست و پێـی باوکمدا خـست و تەشتێ فـرمێسکم هـەڵڕشت، تاوەکو ڕازی بوو منیش لـەگەڵ خـۆیـاندا ببـەن بـۆ تاران. باوکم مـیـهـرەبان بوو، سـەرەڕای کـچ بوونیـشـم هـەر منی خۆشـدەویست. خۆم دەمـزانی، لە پاش مردنی زەری، بە قـەوڵی دایکم دەست و دڵی بەسـەر منـدا دەلەرزی، لەبـەرئەوەی مـنیش زۆر لاواز بـووم، دەترسـا مـنیـش بمرم. هەمیشـە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن لە کاتی بە دنیا هـاتنی زەری ناشوکور بووە، خوا پێـی ناخۆش بووە، بۆیە ئەوی لـێ سـەندووەتەوە. لەوانەیە لە کاتی لەدایکبوونی منیشـدا ناشـوکـری کردبێت، کێ دەزانێت؟ بەڵام من زۆرم خۆشـدەویست، بە بڕوای من لە مـاڵەکەمـاندا تەنیا ئەو کـەسێکی تێگەیشـتوو بوو. کـاتێک دەگەیـشـتە مـاڵەوە، خاولییەکەم بەدەستەوە دەگرت و دەچوومە قەراخی حەوزەکە، دەستەکانی دەخستە

سەر شانم و چەند جارێک پێیەکانی دەخستە ناو ئاوی حەوزەکە، دواتر کە دەست و دەموچاوی دەشۆرد، خاولییەکەم پێ دەدا، دەموچاوی وشک دەکردەوە و لە سەرووی خاولییەکەوە بە چاوە قاوەییە کاڵەکانیەوە، بە جۆرێک تەماشای دەکردم، دەمزانی منی خۆشدەوێت و لێم ڕازییە. لەوکاتەدا ئارەزووم دەکرد ماچی بکەم، بەڵام شەرم بوو کچێکی گەورە پیاو ماچ بکات، تەنانەت ئەگەر باوکیشی بێت. بە کورتی، باوکم دڵی پێم سووتا، منیش هەرچی سوێندێکم لە دنیا دەزانی بۆم خوارد کە لە تاران ئاکاری خراپ نەکەم و ئابڕووی نەبەم.

بۆ قوتابخانە چوونیشم لە تاران داستانێکی ترمان هەبوو. هەردوو براکەم دژ بە چوونە قوتابخانەی من بوون. دایکم لەو باوەڕەدا بوو کە چوونم بۆ پۆلی دروومان باشترە. بەڵام من بەو هەموو پاڕانەوە و فرمێسکی بێ دەسەڵاتییەم، باوکمم ڕازی کرد کە ڕووبەڕووی هەموویان بوەستێت و ناومی لە پۆلی هەشتەمی ناوەندیدا نووسی.

قوتابخانەکەمان چەند چوارڕێیەک لە خوارووی ماڵەکەمانەوە بوو، چارەکێک تا بیست خولەک بە پێ دوور بوو، ئەحمەدی برام بەدەستی خۆی بوایە دەیخنکاندم، بەهەر بیانوویەک بوایە منی دەدایە بەر کوتەک، بەڵام من دەمزانی کوێی دڵی گری گرتووە، هیچم نەدەگوت. لە سەرەتادا بەدووم دەکەوت، منیش چارشێوەکەم توندوتۆڵ دەگرت و وریا بووم کە بیانوویەکی بە دەستەوە نەدەم. کاکە مەحموودیشم بە هیچ شێوەیەک قسەی لەگەڵ نەدەکردم و گوێی پێ نەدەدام. دواتر هەردوو کاریان پەیدا کرد. مەحموود لە دوکانی برای ئاغای موزەفەری سەرگەرمی کار بوو. ئەحمەد لە دوکانێکی داربڕین لە دەوروبەری فولکەی شەمرون*بوو بە شاگرد و هاوڕێی دۆزییەوە، پاش نیوەڕوان لەگەڵ ئەوان دەڕۆیی و شەوانە درەنگ دەهاتەوە. پاشتر هەموو زانییان ئەو بۆنە ناخۆشەی کە لێیەوە دێت، بۆنی عارەقە، بەڵام کەس بەڕووی خۆیدا نەدەهێنا، باوکم سەری دادەخست و وەڵامی سڵاوەکەی نەدەدایەوە، مەحموود ڕووی خۆی لێ وەردەگێڕاو دەیگوت: ئەستەغفیروڵڵا! ئەستەغفیروڵڵا، دایکم بە پەلەپەل خواردنەکەی بۆ گەرم دەکردەوە و دەیوت: کوڕەکەم دانی دێشێت و ئەلکهولی لێ داوە، دیار نەبوو ئەمە چ ئێشێکە وا هەرگیز

---

* شەمرون: شەمران، ناوچەیەکە لە شاری تاران.

چاک نابێتەوە!

لە ڕاستییدا دایکم هەر فێر بوو کارەکانی ئەحمەد پەردەپۆش بکات، ئاخر ئەو کوڕە ئازیزەکەی دایکم بوو. ئاغا ئەحمەد لە ماڵەوە سەرقاڵییەکی تریشی بۆ خۆی دۆزیبووەوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوە سەیری ماڵی پەروین خانمی دراوسێمانی دەکرد.

پەروین خانم هەموو کاتێک لە حەوشەکەدا کارێکی دەکرد، هەڵبەتە دایمەش چارشێوەکەی لە سەری بەردەبووەوە. ئەحمەد لە بەردەم پەنجەرەی ژووری میوانەکە جووڵەی لە خۆی دەبڕی، جارێکیشیان خۆم بینیم لەو پەنجەرەیەوە بە هێما و ئاماژە لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد.

هەرچۆنێک بێت، ئەحمەدی برام هێندە سەرقاڵ بوو منی بیر چووبووەوە، تەنانەت کاتێک باوکیشم مۆڵەتی دام بە سەرپۆشەوە بڕۆم بۆ قوتابخانە، تەنیا یەک، دوو ڕۆژ بوو بە شەڕمان، ئیتر لە بیری چووەوە. بەڵام کاکە مەحموودم هەرگیز فەرامۆشی نەکرد، قسەی نەدەکرد، شەڕیشی نەدەکرد، ئیتر من لە دیدی ئەودا گوناهێکی بەرجەستە بووم، تەنانەت سەیریشی نەدەکردم. من هیچ شتێکم بەلاوە گرینگ نەبوو، دەچوومە قوتابخانە، لە وانەکانمدا باش بووم و لەگەڵ هەموو کچەکان بووبوومە هاوڕێ، ئیتر لەوە زیاتر چیم لە دنیا دەویست؟ زۆر خۆشحاڵ بووم، بەتایبەتیش کە پەروانە بوو بە نزیکترین هاوڕێم و سوێندمان بۆ یەکتر خوارد کە هیچ شتێک لە یەکتر نەشارینەوە.

پەروانە کچێکی چالاک و ڕووخۆش بوو، زۆرباش یاریی باڵەی دەکرد و لە تیپی قوتابخانەکە بوو، بەڵام لە وانەکانیدا پیاهەڵدانی نەدەویست، دڵنیابووم کە خراپ نییە، بەڵام گوێی بە زۆر شت نەدەدا، واتا قەت نەیدەزانی چی باشە و چی خراپە، حاڵی نەدەبوو چۆن ئاگای لە ئابڕووی باوکی بێت. هەرچەندە براشی هەبوو، بەڵام قەت لێیان نەدەترسا، دەیگوت هەندێ جار دەبێت بە شەڕمان، بەڵام ئەگەر ئەوان لێم بدەن منیش لێیان دەدەم. بە هەموو شتێک پێکەنینی دەهات، لەهەر کوێیەکیش بوایە پێ دەکەنی، تەنانەت لە سەر جادەش، دەتگوت هیچ کەس پێی نەوتووە کە نابێت کچ لە کاتی پێکەنیندا ددانەکانی دەرکەوێت و دەنگی ببیستێت. پێم وابێت منیش هەر ئەوەندە بەلای ئەوەوە سەیر بووم، کاتێک دەمگوت شەرمە، وا مەکە، بە

سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم و دەیپرسی: بۆ؟

هەندێ جار وەها تەماشای دەکردم دەتگوت لە کێوەوە هاتووم. بۆ نموونە ئەو ناوی هەموو ئۆتۆمۆبێلەکانی دەزانی، زۆریشی حەز لێ بوو باوکی شوفێرلێتێکی ڕەش بکڕێت، من نەمدەزانی کامە ئۆتۆمۆبێل شۆفێرلێتە! نەیشمدەویست خۆم تاک و تەرا بخەم، ڕۆژێ ئۆتۆمۆبێلێکی تازەم نیشانی دا کە لە چاو مندا جوان بوو و گوتم:

– پەروانە تۆ حەزت لەم جۆرە شوفێرلێتانەیە؟

پەروانە جارێ سەیرێکی ئۆتۆمۆبێلەکەی کرد و ئینجا سەیرێکی من و دایە قاقای پێکەنین، ئەی ئێستا پێ نەکەنێت کەی پێ بکەنێت!! گوتی:

– وای چ خۆش، بە فیات دەڵێی شوفێرلێت!!

هەتا گوێچکەکانیشم سوور هەڵگەڕان، خەریک بوو لە خەجاڵەتیدا دەمردم، چ لەبەر پێکەنینەکەی ئەو لە ناوەڕاستی جادەکە و چ لە کاڵفامی خۆم، سەرئەنجام نەزانی خۆمم دەرخست.

ئەوان لە ماڵەوە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیشیان هەبوو. من لە ماڵی مامۆ عەباسم تەلەڤزیۆنم بینیبوو، بەڵام خۆمان هەر ڕادیۆیەکی گەورەمان هەبوو، تاکو نەنکم مابوو هەر کاتێ کاکە مەحمموودم لە ماڵەوە بوایە ئێمە گوێمان لە مۆسیقا نەدەگرت، چونکە گوناه بوو بەتایبەتی ئەگەر ژن گۆرانی بوتایە، ئاوازەکانیش بە نازوعیشوە بوون، هەڵبەتە دایک و باوکم دەیانزانی کە مۆسیقا حەرامە، زۆریش خواپەرست بوون، بەڵام هیچ کامیان ئەوەندەی کاکە مەحمموودم بەقورسی وەریان نەدەگرت، تەنانەت زۆریشیان پێ خۆش بوو، کە مەحمموود لە ماڵەوە نەدەبوو دایکم ڕادیۆکەی دادەگیرساند، بەڵام دەنگی بەڕادەیەک نزم دەکردەوە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئابڕووچوونمان، خۆیشی هەندێک لە دەقی شیعرەکانی لەبەربوو بەتایبەتی شیعرەکانی پوران شاپوری، هەندێ جار لە چێشتخانەکە لەژێر لێوەوە سرتەی دەکرد. جارێکیان وتم:

– دایە، باش لە شیعرەکانی پوران ئەزانی ها!!

هەروەکو پزیسک لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی و وتی:

– وسبە کچێ ئەم قسانە چییە؟ نەبا بەرگوێی کاکت کەوێ!!

کاتێک باوکیشم دەهاتەوە، هەر لە ڕێگەوە بە هەوای دەنگوباسی کاژێر دوو، ڕادیۆکەی دادەگیرساند و پاشانیش وەک بلێی بیری دەچووەوە بیکوژێنێتەوە، کاتێک بەرمانەی گوڵەکان* دەستی پێ دەکرد، سەری بۆ ڕادەوەشاند، هەرکەس چی دەڵێت با بڵێت، من سوێند دەخۆم باوکم ئاشقی دەنگی مەرزیە** بوو، مەحاڵ بوو کاتێک ئەو گۆرانی بوتبایە کەس بیوێرایە بڵێ ئەو گارە گارە بکوژێننەوە، بەڵام هەرکە ڤیگن*** گۆرانی دەگوت، موسڵمانەتییەکەی دەکەوتەوە یاد و هاواری دەکرد:

– ئەوە دیسانەوە ئەو ئەرمەنییە گۆرانی دەڵێت، دە بیکوژێننەوە.

بەڵام من چەندە حەزم لە دەنگی ڤیگن بوو! نازانم بۆچی دەنگی ئەو، خاڵە حەمیدی دەهێنایەوە بیرم.

هێندەی لە یادم بێت، خاڵە حەمیدم پیاوێکی خۆش ئەندام بوو، لەگەڵ خوشک و براکانی تریدا جیاوازیی هەبوو، بۆنی عەترێکی خۆشی لێ دەهات، ئەو شتەی کە لە دەوروبەری مندا زۆرم کەم بوو....

کە منداڵ بووم، هەموو کاتێک منی لە ئامێز دەگرت و دەیگوت:

باریکەڵڵا خوشکم!! چ کچێکی جوانت هەیە، گەر لە کوڕەکانت بچووبایە چیت دەکرد؟ دەبوایە خومرەت پێ بگرتایەتەوە تاکو بترشایە، دایکیشم دەیگوت:

– وای کاکە ئەم قسەیە چییە؟ کوڕەکانم کوێیان ناشیرینە، دەڵێی چڵە سنەوبەرن، قەینا کەمێک سەوزەن، ئەوەشیان بۆ پیاو عەیب نییە، خۆ پیاو نابێت زۆر جوان بێت، لە کۆنەوە وتراوە پیاو دەبێت زۆریش جوان نەبێت، ناشیرین و بەدخوو، ناشیرین و بەدخوو!

ئەمەیانی بە ئاوازەوە دەگوت و خاڵە حەمیدیشم قاقا پێ دەکەنی.

من زیاتر لە باوکم و پوورم دەچووم، خەڵکی هەر وایان دەزانی کە من و مەحبووبە خوشکین، دیارە ئەو لە من جوانتر بوو، چونکە من لاواز بووم بەڵام ئەو خڕوخەپان بوو، قژیشی بە پێچەوانەی قژە خاوەکەی من بوو، کە هەرچییەکم لێ

* بەرنامەی گوڵەکان (گلها)، بەرنامەیەکی ئەو سەردەمەی ڕادیۆی تاران بوو.

** مەرزیە، گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی ئێرانییە.

*** ڤیگن، گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی ئێرانییە.

دەکرد شـێوەی نـەدەگرت، قـژی ئەو لـوول و ئەڵقـە ئەڵقـە بوو، بەڵام هـەردووکـمـان چاومـان سـەوزێکی پڕڕەنگ و پێسـتـێکی کـاڵمـان هـەبوو. لـە کـاتی پێکەنینـدا هەردووکمـان گۆناکانمان چاڵ دەبوو، هەر ئەوە نەبێت ئەو کەمێ دانەکانی نارێک بوون، هـەمـوو کـاتێک دەیگوت خـۆزگـەم بە خـۆت ددانـەکانـت ئەوەنـدە سـپی و ڕێکن. دایکم شـێـوەیەکی تری هـەبـوو، تا ڕادەیەک سـەوزە، چاو و برۆ ڕەش و قـژی لوول، دایمە قەڵەو بوو، بەڵام هێندەی پوورە قـەمەر قەڵەو نەبوو. دیارە ناشـیرینیش نەبوو، بەتایبـەتی کـاتێک دەمـوچاوی هـەڵدەگرت و برۆی چاک دەکـرد، دەتگوت وێنەکـانی خورشید خانمی تابلۆکان یان قاپەکانمانە، لەلای گۆشـەی لێوی خاڵێکیشی هـەبوو، هـەمووجـارێ دەیوت، کاتێک باوکت هات بۆ داخـوازیم هـەرکە سـەری بەرز کردەوە و خاڵەکەی لای لێومی بینی، ئاشقم بوو.

ئەو کاتەی خـاڵە حـەمیـدم خـەریک بوو دەڕۆیشت، حـەوت یان هـەشت سـاڵان بووم، بەڵام باشم لە بیرە کـاتێک مـاڵئـاواییی کرد منی لە ئـامێز گرت، مـاچی کردم و بە دایکمی گوت:

– دادە توخـوا ئـەم دەسـتـە گـوڵەت زوو بەشـوو مـەدە، بـهـێـڵـە بـا دەرسـەکـەی بخوێنێت و بۆ خۆی ببێتە خانمێک، حەیفە.

خاڵە حەمیدم یەکەمین کەسی خێزانەکەمان بوو کە بۆ ڕۆژئاوا ڕۆیشت. من هیچ وێنایەکم لەسـەر هەندەران نەبوو. وام دەزانی شـتێکە وەکو ئەوەی بۆ تاران بڕۆیت، بەڵام کـەمێک دوورترە. هـەندێ جـار نـامـە و وێنە بۆ داپیـرم دەهـات، چ وێنـەگـەلێکی جـوان بوون! نازانم بـۆچی هـەمـوو کـاتێک لە ناو باخـچـەدا بـوو! دەوروبەر و هـەمـوو شـــوێنێک ســـەوز و پڕ لە درەخـت و گــوڵ بـوو، دواتریش وێنـەیەکـی تری لەگـــەڵ خانمێکی بێ حیجاب نارد، نووسیبووی کە ژنی هێناوە. هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێـتـەوە، دوای نیـوەڕۆ بوو کـاتێک داپیـرەم هات بـۆ ئەوەی باوکم نامــەکـەی بۆ بخـوێنێتـەوە، باوکم لە تەنیشت نەنکمـەوە لەسـەر دۆشـەکەڵەکە دانیشـتبوو، جـارێ خۆی نامەکەی خوێندەوە و لە پڕ گوتی:

– وەی وەی! پیرۆزە حەمید ئاغاش ژنی هێناوە، ئەمەش وێنەی ژنەکەیەتی.

داپیـرەم لە هۆش خۆی چوو، نەنکم کە هیچ کـاتێک بەینی لەگـەڵ داپیرەمـدا باش نەبوو، بە چارشـێـوەکـەی دەمـی داپۆشـی و پێ کـەنی، دایکم بـەسـەر خـۆیدا کێشـا،

نەیدەزانی پێ بکەنێت یان داپیرەم هەڵبگرێت، هەرچۆنیک بێت، کە داپیرەم هاتەوە هۆش و کەمێ قەنداوی خواردەوە، گوتی:

– بۆچی خەڵکی ئەو شوێنە کافر نین؟

باوکم شانەکانی بەرزەوە کرد و گوتی:

– نە! کافر نین ئەوانیش خاوەنی کتێبی پیرۆزن، ئەرمەنین.

دیسانەوە داپیرەم بەسەر خۆیدا دا، دایکم دەستەکانی گرت و گوتی:

– دایە توخوا وا مەکە. بۆچی چی رووی داوە؟ باشە، ژنەکەی کردووەتە موسڵمان، برۆ لە هەر کەسێ کە پێت خۆشە بپرسە، پیاوی موسڵمان دەتوانێت ژنی غەیرە دین بخوازێت و بیکاتە موسڵمان، جا چەند پاداشتیشی هەیە.

داپیرەم بە دوو چاوی بێ حاڵەوە تەماشای کرد و گوتی:

– دەزانم، ئیمامە ڕەوان پاکەکانیش ژنی ناموسڵمانیان هێناوە.

باوکم پێ کەنی و گوتی:

– باشە، خوا موبارەکی بکات، ئیدی ئێستا دەبێت دەممان شیرین بکەی، بووکی بیانیش شیرینی گرانە.

داپیرەم ڕووی گرژەوە کرد و گوتی:

– وای وای خوا بە دوورمان کات، ئەمە چ بووکێکە بێگانە بێت و زمان تێ نەگات و چەپەڵیش بێت.

داپیرەم بەخۆیدا هاتەوە، وەکو ئەوەی ژیانی وەبەر خۆیدا هێنابێتەوە، لە کاتێکدا خۆی ئامادەی ڕۆیشتنەوە دەکرد گوتی:

– بووک بەرەکەتی ماڵە، ئێمە وەکو خەڵکی تر نین کە قەدری بووک نازانن و پێیان وایە نۆکەریان هێناوە، ئێمە بووکەکەمان ئەخەینە سەر سەرمان و حەڵوا حەڵوای پێ دەکەین، چ جا بەوەی بووکی بیانییش بێت!

ئیتر نەنکم ئەم فرۆفیزەی پێ هەڵنەدەگیرا. گوتی:

– ئەرێ بینیم چۆن ژنی ئەسەدوڵلاتان خستە سەر سەر.

بە بەدکارییەوە بەردەوام بوو:

– جا چۆن بزانن کچەکەش بووەتە موسڵمان، لەوانەشە کاک حەمیدی کردبێتە

کافر، هەرچەندە حەمید خۆی هەر لە بنەڕەتدا ئاین و باوەڕێکی تەواوی نەبوو، گەر وا نەبوایە نەدەچووە کافرستان.

داپیرەم گوتی:

– چاوت لێیە مستەفا خان، چاوت لێیە چیم پێ دەڵێت؟

باوکم خۆی تێ هەڵقورتاند و کۆتاییی بە دەمەتەقێکە هێنا.

داپیرەم میوانداریيەکی گەورەی بەڕێ خست، بە بووکە بیانییەکەیەوە فیزی بەسەر هەمواندا دەکرد، وێنەکەشی لە چوارچێوە گرت و لەسەر تاقەکەی دانا، وێنەکەی نیشانی ژنەکان دا. بەڵام تاوەکو مردیش هەر بەئاسپایی لە دایکمی دەپرسی:

یانی بەدڵنیاییيەوە ژنەکەی حەمید بووەتە موسڵمان؟ نەکا حەمید بووبێتە ئەرمەنی؟ لەو کاتەشەوە کە داپیرەم مرد ئیتر ئێمەش هەتاوەکو چەندانساڵیش هەواڵێکی تەواوی خاڵە حەمیدمان نەبوو.

من جارێکیان وێنەکانی خاڵە حەمیدم بۆ قوتابخانە برد و نیشانی هاوپۆلەکانم دا. پەروانە زۆری پێ خۆش بوو، گوتی:

– چەند خۆش ئەندامە! خۆزگەم بە خۆی وا چووەتە هەندەران، خۆزگە ئێمەش دەڕۆیشتین.

پەروانە هەموو شیعرەکانی دەزانی. ئەو لە لایەنگرانی دڵگەش* بوو. لە قوتابخانە نیوەیان لایەنگری دڵگەش بوون، نیوەشیان لایەنگری مەرزیە بوون. دەبوایە منیش لایەنگری دڵگەش بم، دەنا پەروانە نەدەبووە هاوڕێم، ئەو گۆرانیبێژە بیانییەکانیشی دەناسی. گرامافۆنێکیان هەبوو قەوانیان دەخستە سەر. جارێکیان لەبەر دەرگای ماڵەکەیان نیشانی دام، لە جانتایەکی بچکۆلە دەچوو، گوتی ئەمە مودێلە جانتاییيەکەیەتی.

هێشتا ساڵی خوێندن کۆتاییی پێ نەهاتبوو، من زۆر شت فێر بووبووم، پەروانە هەموو کاتێک دەفتەر و پەڕاوەکانی منی دەبرد، هەندێ جار پێکەوە دەرسمان دەخوێند، بەلاشییەوە گرینگ نەبوو هەر کاتێک بیویستبایە دەهاتە ماڵمان، ئەو

---

* دڵگەش: گۆرانیبێژێکی ئێرانییە.

کچێکی زۆر باش و ساکار بوو، زۆر گوێی بەوە نەدەدا ئێمە چیمان هەیە و چیمان نییە. ماڵی ئێمە تا ڕادەیەک بچووک بوو. لە دەرگای کۆڵانەوە بە سێ قادرمە دەهاتە ناو حەوشەکە، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا حەوزێکی لاکێشەیی هەبوو، تەختێکی داریی گەورەمان لە لایەکیدا دانابوو، لایەکەی تریشی باخچەیەکی درێژی هەبوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی حەوزەکە بوو. چێشتخانەکەشمان کە دایمە ڕەش و تاریک بوو، هەر لەناو حەوشەکەدا بوو، ئاودەستەکەش لە لایەکەی تریدا بوو، لە تەنیشت حەوشەکەوە دەستشۆرێکمان هەبوو، ئیتر ناچار نەدەبووین کە بە ترۆمپاکەی قەراخی حەوزەکە دەست و دەموچاومان بشۆین. لەلای چەپی دەرگای هاتنە ژوورەوە، بە چوار پلیکانە دەهاتە ناو هەیوانێکی بچووک، دەرگاکانی هەردوو ژوورەکەی خوارەوە کە لە تەنیشت یەکترەوە بوون دەکرانەوە سەر ئەم هەیوانەکە، ئینجا بە پایەیەک دەچووە سەرەوە، لە سەریشەوە دوو ژووری هاوشێوەی ئەم ژوورانەمان هەبوو کە بەسەر یەکتردا کراوە بوون، ژوورەکەی پێشەوە دوو پەنجەرەی ڕوو لە حەوشەی تێدا بوو، لە لایەکی ئەو پەنجەرانەوە، دەتوانرا ماڵی پەروین خانم و لەلایەکی ترەوە حەوشەکەی خۆمان و بەشێک لە کۆڵانەکە ببینرێت. پەنجەرەکانی ئەو ژوورەی کە ئەحمەد و مەحموودی تێدا دەخەوتن، ڕووی لە بەشە چۆڵەکەی حەوشە بوو، هەروەها حەوشەی ماڵەکەی پشتەوەش لە وێوە بە باشی دەبینرا.

کاتێک پەروانە دەهات، دەچووینە سەرەوە لە ژووری میوان دادەنیشتین، شتومەکێکی زۆر لەو ژوورەدا نەبوو، تەنیا فەرشێکی سووری گەورە و مێزێکی بازنەیی، لەگەڵ شەش کورسی پۆڵۆنی، سۆپایەکی ناشیرینیش لە سووچێکی ژوورەکەدا بوو کە دۆشەک و پشتیمان لە تەنیشتییەوە دانابوو، تەنیا شتێک کە دیوارەکەی ڕازاندبووەوە تابلۆیەکی فەرشی بوو کە لە سەری (وان یکاد) نووسرابوو. لە ژوورەکەدا تاقێکیش هەبوو کە دایکم بە چەرشەفێکی (مەلافەیەکی) بە گوڵ چنراو دای پۆشیبوو و چرا و ئاوێنەی خوانی مارە برینەکەی لەسەر دانابوو*.

---

* نەریتێکی ئێرانییە، لە کاتی مارەبڕیندا ئاوێنە و شەمدان دادەنرێت، دواتر بۆ یادگاری هەڵدەگیرێت.

ئێمـە لەسـەر دۆشـەکەڵەکـان دادەنیشـتین و بـە چپـە چپ قسـەمـان دەکرد و پێ دەکەنین، جـارجـارەش وانەکانمان دەخـوێند، بەڵام من بەهیچ شـێـوەیەک بوارم پێ نەدەدرا بۆ مـاڵی ئـەوان بڕۆم. ئەحـمـەدی برام دەیگوت، تۆ بـەهیچ شـێـوەیەک بۆت نییـە پێت بخـەیتـە مـاڵی ئەو کـچـە، یەکەم لەبـەرئەوەی برایەکی نێرەکـەری هەیە و دووەمیـشـیـان ئەم کـچـە جرپن و سـەرەڕۆیە، خـۆی بە جـەهەنەم، دایکی حـیـجـاب و میجابی نییە، منیش دەموت، باشە کێ لەم شارە حیجابی هەیە؟ دیارە ئەمەیانم لە بەر خۆمەوە دەگوت.

جـارێکیـان پـەروانە دەیویست کـۆوارەکـانـی (ژنی ئەمـڕۆ)*ی خـۆیم پـێ بدات، بەئەسپایی و تەنیا بۆ پێنج خولەک خـۆم کرد بە ماڵیاندا. هەمـوو شـوێنێک پاک و ڕازاوە بوو، شـتـومـەکی زۆر جـوانیـان هەبوو، بە هەمـوو دەر و دیوارەکانەوە تابلۆی سـروشت و خـانمیـان هـەڵواسـیبـوو. لە ژووری میـوان قـەنەفەی گـەورەی نیلی داندرا بوو کە لە خـوارەکەیەوە گـوڵزەنگوڵەی پێوە بوو، لایەکی ژوورەکە پەنجـەرەی ڕوو بە حەوشە بوو کە پەردەی قەدیفەی لە ڕەنگی قـەنەفەکانی تێدا هـەڵواسرابوو، لایەکەی تری ژووری نـانخــواردن بوو کــە بە پەردە لـە ژووری مـیــوان جــیــا دەکـرایـەوە، لە هۆڵەکەش تـەلەڤزیۆنێک و چەند قـەنەفـەیەکی تێدا بـوو، دەرگـای چێشـتـخـانەکە و گـەرمـاو و ئـاودەسـتـەکـەش هەر بـە سـەر هـەمـان هۆڵدا دەکـرایەوە، ئیـتـر ناچار نەدەبوون بۆ هـەر کـارێک هـاوین و زسـتـان بچنە حـەوشـە. ژووری نووسـتنـەکـان لە قـاتی سـەرەوە بوون، پەروانە و فـەرزانەی خـوشکە بچکۆلەی ژوورێکی هاوبەشـیـان هەبوو، خـۆزگـەم بە خـۆیان! جێگەکـەی ئێمـە بـچـووک بوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بە ڕووکـەش ئێمـە چوار ژوورمـان هـەبوو، بەڵام لە ڕاسـتیدا تـەنیـا لە ژوورە گەورەکـەی خــوارەوە ژیانمـان بەســەر دەبرد. نـانی نیـوەڕۆ و شــێــوانمـان لەوێ دەخــوارد، زستانانیش کورسیمـان تیادا دادەنا، شەوانەش من، عەلی و فاتی لەوێ دەخەوتین، ژوورەکەی پشـتییەوە تەختـەیەکی داریی تێدا بوو، نوێنەکەمـان لەسەری هـەڵدەچنی، دایک و باوکـیـشم هـەر لەوێ دەخـەوتن، دۆڵاپێکی گــەورەشـی لێ بوو، جلوبەرگ و وردەواڵەی تێـدا بوو، ژووره گـەورەکـەش تاقـێکی لێ بوو، چەند ڕەفـەیەکی هـەبوو، هـەر ڕەفەیەکیش شوێنی کتێبی یەکێکمان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مـن لە هـەموویان

* ژنی ڕۆژ (زن امروز) گۆڤارێکی هەفتانە بوو لە سەردەمی شادا لە ئێران دەرچوو.

کتێبی زۆرترم هەبوو، دوو ڕەفەم بۆ خۆم گرتبوو.

دایکیشم حەزی لە وێنەکانی کۆواری ژنی ئەمڕۆ دەکرد، سەیری دەکردن، بەڵام ئێمە ئەو کۆوارانەمان لە مەحموود و باوکم دەشاردەوە. من چیرۆکی زنجیرەیی و (لەسەر ڕێگەی دووڕیانیدا)*م دەخوێندەوە و بۆ دایکم باسم دەکرد، ئەوەندە بە گەرموگوڕی دەمگێڕایەوە، دایکم گریان دەیگرت و ئینجا خۆشم دیسانەوە دەگریام. لەگەڵ پەروانە وەها ڕێک کەوتبووین کە هەموو هەفتەیەک لە پاش ئەوەی ئەوان کۆوارەکان دەخوێننەوە بیدەن بە ئێمەش بیخوێنینەوە. من بە پەروانەم گوت، براکانم ڕێگەم نادەنێ بۆ ماڵی ئەوان بڕۆم، بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

– بۆچی؟

– ئاخر تۆ برای گەورەت هەیە.

– داریوشی ئێمە دەڵێی؟ کوێی گەورەیە؟! جا ئەو ساڵێکیش لە ئێمە بچووکترە.

– باشە بەڵام هێشتا هەر گەورەیە. دەڵێن خراپە.

– من هیچ لەم نەریتانەی ئێوە تێ ناگەم.

بەڵام ئیتر زۆریشی لێم نەکرد بۆ ماڵییان بڕۆم.

لە تاقیکردنەوەکانی وەرزی سێیەمدا نمرەکانم زۆر باش بوون، لە قوتابخانە ستایشی زۆریان کردم، بەڵام لە ماڵەوە هیچ کەسێک، هیچ پەرچەکردارێکی نیشان نەدا، دایکم هەر تێ نەگەیشت من چی دەڵێم، مەحموود گوتی:

– ئینجا چییە؟ وا دەزانی هونەرت نواندووە؟!

باوکم وتی:

– باشە بۆ بە یەکەم دەرنەچووی؟

لەگەڵ دەستپێکی هاویندا من و پەروانە لەیەکتر دوورکەوتینەوە، ڕۆژەکانی یەکەم، کە براکانم لە ماڵ نەدەبوون، پەروانە دەهات و لەبەر دەرگا پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام دایکم زۆر دەی بۆڵاند، ئەوەی لە بیر چووبووەوە کە لە قوم بووین، خۆی لەگەڵ دراوسێکانمان لەبەر دەرگا دادەنیشت، هەتاکو باوکم دەهاتەوە

---

* لەسەر ڕێگەی دووڕیانیدا، گۆشەیەک بوو لە کۆواری (زن روز)دا بڵاو دەکرایەوە کە گرینگی بە کێشەی تایبەتی خوێنەران دەدا..

ناوکەیان دەترووکاند و قسەیان دەکرد. ئێستا لێرە دۆست و ئاشنا نییە و دراوسێکانیش هێندە گوێی پێ نادەن، چەند جارێکیش پێی پێدەکەنین، ئەویش قەڵس بوو و ئیتر وردە وردە خووی هەوای قسەکردنی بەر دەرگای لەسەر دەرچوو، ئیتر بۆیە بۆ منی داماویش نەبوو لەگەڵ هاورێکانم قسە بکەم.

بەگشتی، دایکم بە هاتنمان بۆ تاران زۆر دڵخۆش نەبوو، دەیگوت:

– ئێمە بۆ ئێرە دروست نەکراوین، هەموو کەسوکارمان لەوێن، من لێرە بەتەنیا کەوتووم، ئامۆژنیشتان بەو هەموو فیز و لووتبەرزییەوە فریای خەمی دەردی دڵی ئێمە ناکەوێت، هەزار ڕەحمەت لە بێگانەکان!

هێندەی بۆڵە بۆڵ کرد تاوەکو باوکمی ڕازی کرد کە لە ماوەی پشووی قوتابخانەدا، ئێمە بۆ قوم بۆ ماڵی خوشکەکەی بنێرێت، گوتم:

– هەموو لە هاویندا دەچن بۆ هاوینەهەوار، ئێمەش بڕۆین بۆ قوم؟

دایکم بەتووڕەیییەوە چاوی لێم زیت کردەوە و گوتی:

– ئا، ئا! هەروا زوو بیرت چووەوە خەڵکی کوێی؟ سەرتاسەری ساڵ لەوێ بووین دەنگتان لێوە نەهات، ئێستا خانم بووەتە هاوینەهەوارییی، ساڵێکی ڕەبەقە خوشکە داماوەکەمم نەبینیوە، لە براکانم بێ هەواڵم، بۆ سەر مەزاری کەسوکارم نەڕۆیشتووم، گەر لە ماڵ هەرکام لە خزمان هەفتەیەک بمێنینەوە هاوینەکە تەواو دەبێت. وێڕای ئەوەی کە مەحموود ڕازی بوو ئێمە بۆ قوم بڕۆین، بەڵام دەیویست تەنیا لە ماڵی پوورم بمێنینەوە، بۆ ئەوەی کاتێک لە کۆتاییی هەفتەکاندا بۆ سەردان دێتەوە، تەنیا چاوی بە پوورم و مەحبووبە بکەوێت، بۆیە گوتی:

– پێویست ناکات بۆ ماڵ هەموویان بڕۆن هەر لە ماڵی پووریّ بمێننەوە، دەنا هەموویان پێیان بۆ ئێرە دەکرێتەوە و ئێرە سەروژێر دەبێت، ئینجا کەر بێنە و باری بکە!

دایکم بەقینەوە گوتی:

– بەڵێ، ئێمە بڕۆین بۆ ماڵ پووریّ و ئەوان بێن قەیدی نییە، بەڵام واوەیلایە ئەگەر خوشکە داماوەکەی من بێت.

ئەو هاوینە بۆ قوم ڕۆیشتین، منیش زۆر بەرهەڵستیم نەکرد، چونکە پەروانە و ئەوانیش بۆ گولاودەری، بۆ سەر مەزرای باوەگەورەیان دەڕۆیشتن. لە سەرەتاکانی

گـەلاوێژ گـەڕاینەوە، چونکە عـەلی دووپاتکردنـەوەی هەبـوو، دەبوایە بەشـداری تاقـیکردنەوە بکات، نازانم بۆچی براکانم لە خـوێندندا هێندە تەمەڵ بوون، بـاوکە دامـاوەکـەم زۆر ئارەزووی دەخـواست کـوڕەکـانی ببنە دوکـتـۆر و ئەندازیار. هەرچۆنێک بێت، من بە گەڕانەوەم زۆر کەیف خۆش بووم، چونکە چیی تر تاقـەتی ئاوارەییی مـاڵی مـیمک و خاڵ و پوور و مـامم نەبوو، بەتایبـەتیش مـاڵی مـیمکم، دەتگوت مـزگـەوتە، بە بەردەوامـی دەیپـرسـی نوێژەکـانتـان کـرد، هەر ڕەخنـەشی دەگـرت و دەیگوت نوێژەکـانتـان دروست نەبوون، بەردەوامیش لە بەردەم دایکمـدا پۆزی ئایندارى خۆی و کەسوکاری مێردەکەی لێ دەدا، گوایە هەموویان مەلان.

لە دوای یـەک، دوو هـەفـتـەی تر پەروانە و ئەوانیش هاتنەوە، لەگـەڵ کـرانەوەی قوتابخانەکان جارێکی تر دنیا بۆ من شـیرین و پڕ خۆشـەویستی بووەوە، بینینی هاوڕێ و مـامـۆسـتاکـان بەلامـەوە پڕ جۆشـوخرۆش بوو، ئیتر وەکو پارەکە نامـۆ و نەزان نەبووم، بە هـەمـوو شـتێک سـەرسـام نەدەبووم، قسـەی نەفـامـانەم نەدەکرد، داڕشتنەکانم وێژەییتر و چاکتر بووبوون، ئەوەندەی کچە تارانییەکان لێزان بووم و دەمـتـوانی بۆچوونی خـۆم دەرببـڕم، سـەبارەت بەم پێـشکەوتنەم سـوپاسگوزاری پەروانە بووم کـە یەکـەمین و باشـترین مـامـۆسـتـام بوو. لە هەمـان سـاڵدا چێـژی خـوێندنەوەی کتێبی دەرەوەی وانەکانمم دۆزییـەوە، ڕۆمانی ئاشـقـانەمـان دەستا و دەست دەگـێڕا و بە فـرمـێسـک و ئاه و ناڵەوە دەمـانخـوێندەوە و گفـتـوگۆمـان لە بارەیەوە دەکرد.

پـەروانە پـەڕاوێکـی یـادگـاریـی زۆر جـوانی هـەبـوو، کـوڕە پـوورەکـەی کـە دەسـتوخـەتێکی جوانی هەبوو ناونیشـانـەکانی بە پێنووسی درشت بۆ نووسـیبـوو، لە بەرامـبـەر هـەر بـابەتێکدا وێنەیەکی گـونجـاوی پێـوە چەسـپێندرا بوو، هەمـوو کـچـانی پۆل و خـزم و چەند دانـە لە هاوڕێیـانـی خـێـزانەکـەی پەروانـە، وەڵامی پرسـیـارەکانیـان دابووەوە. بە چ دڵگەرمـییـەکـەوە هەمـوو ئەوانەمـان دەخـوێندەوە! وەڵامی پرسـیـارەکانی وەکو: حەزت لە چ ڕەنگێکە؟ چ جۆرە کـتێبـێک دەخـوێنیـتەوە؟ ئەم جـۆرە پرسـیـارانە زۆر گـرینگیـیـان پێ نەدرابوو، بەڵام پرسـیـارگـەلی وەکـو: تێڕوانینتـان بـۆ ئەشـق چییـە؟ ئاخـۆ تا ئێسـتـا ئاشـق بووی؟ هـاوسـەری نموونەییت چۆن کەسایەتییـەکی هەیە؟ بەڕاسـتی خوێنەریان زۆر بـوون، هەندێکیش بێ ئەوەی شـەرم بکەن، حـەزیان لە هـەرچییـەک بـوایە دەیاننووسی، بیـریان لـەوەش

نەکردبووەوە ئەگەر پەڕاوەکە بەردەستی خانمی بەڕێوەبەر بکەوێت چی ڕوو دەدات!

منیش پەڕاوێکی شیعرم هەبوو، هەر شیعرێکم پێ خۆش بوایە بەخەتێکی جوان تیایدا دەمنووسی، هەندێ جاریش لە تەنیشتییەوە نیگارێکم دەکێشا، یان لەو وێنانەم پێوە دەچەسپاند کە پەروانە لە کۆوارە بیانییەکانەوە هەڵی دەبژارد و بۆی دەهێنام.

ڕۆژێکی درەوشاوەی پایزی، لە کاتێکدا من و پەروانە سەرمەستانە، بە دەم قسەکردنەوە لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە، بۆ کڕینی چەسپێکی برین، پەروانە منی بردە دەرمانخانەیەک. دەرمانخانەکە ڕێک لە ناوەندە ڕێگەی نێوان قوتابخانە و ماڵەوە بوو، بەڕێز دوکتۆر عەتایی پیرەمێردێکی خۆشەویست بوو، هەمووان دەیانناسی و ڕێزیان لێ دەگرت، کە چووینە دەرمانخانەکەوە، کەس لە پشت مێزەکەوە نەبوو، پەروانە بانگی کرد: بەڕێز دوکتۆر، لەسەر پەنجەکانی پێی خۆی بەرز کردەوە و سەیری پشتی مێزەکەی کرد، پیاوێکی گەنج بە ڕووپۆشێکی سپییەوە خەریکی ڕیزکردنی دەرمانەکان بوو لە قاتی خوارەوەی مێزەکە، ئاوڕی دایەوە، تەماشایەکی ئێمەی کرد و گوتی:

– فەرمایشێکتان هەبوو؟

پەروانە گوتی:

– چەسپی برینم دەویست.

– بە چاوان، هەر ئێستا.

پەروانە مستێکی کێشا بە کەلەکەما و بە دەنگێکی نزم گوتی:

– ئا ئەمە کێیە؟ چ قۆزە!

کوڕە گەنجەکە چەسپەکەی دایە پەروانە، پەروانەش لە کاتێکدا ئەژنۆی چەماندبووەوە هەتا پارەی لە جانتاکەی دەرهێنا و بە دەنگێکی نزم گوتی:

– دە تەماشای بکە، بزانە چەند خۆش ئەندامە.

سەرم بەرز کردەوە و هاوکات نیگاکانمان بەیەک گەیشتن، هەستێکی سەیر، وەکو تەزوویەک بە هەموو جەستەمدا تێ پەڕی، دەموچاوم سوور هەڵگەڕا، یەکسەر سەرم داخست، ئەمە یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا ڕووبەڕووی هەستێکی نامۆی لەم شێوەیە دەبوومەوە، بە پەروانەم گوت:

– ده با بڕۆین!

خۆم ڕێگەم گرتە بەر و هاتمە دەر، پەروانە بەشوێنمدا ڕای کرد و گوتی:

– چیتە؟ بۆچی تا ئێستا مرۆڤت نەدیوە؟ بۆ لە پڕ هەڵاتی؟

– شەرمم کرد؟

– لە چی؟

– لەو قسانەی کە تۆ سەبارەت بە پیاوێکی بێگانە دەیکەی.

– باشە با بیڵێم، بۆ چی ڕوو دەدات؟

– چی ڕوو دەدات؟ زۆر عەیبە، وا بزانم خۆشی گوێی لێ بوو.

– نە، هیچی گوێ لێ نەبوو، باشە، بۆچی من چیم گوت؟

– خۆش ئەندامە و شتێکی ئاوها.

– دەبڕۆ، گیرام گوێیشی لێ بووبێت، زۆریش خۆشحاڵ بووە، بەڵام قسەی خۆمان بێت، لە پێشەوە کە بەباشی سەیرم کرد، شتێکی ئەوتۆش نەبوو، با بڕۆم بە باوکم بڵێم دوکتۆر شاگردی هێناوە.

ڕۆژی دواتر کەمێک درەنگ بوو، لە کاتێکدا بەپەلە بە بەردەم دەرمانخانەکەدا تێ دەپەڕین، ئەومان بینی، ئەویش سەیری ئێمەی کرد، لە کاتی گەڕانەوەدا لە پشت شووشەکەوە تەماشامان کرد، ئەو سەرگەرمی کارکردن بوو، ئەویش ئێمەی بینی. دوای ئەوجارە، ئیتر هەموو بەیانی و پاش نیوەڕۆیەک بەپێی بڕیارێکی نەوتراو بەدیداری یەکتر دەگەیشتین. بەم پێیە بابەتێکی تری زۆر سەرنجڕاکێشمان بۆ قسەکردن پەیدا کرد، وردە وردە ناوبانگی ئەو لە قوتابخانەکەدا بڵاوبووەوە، کچان سەبارەت بە گەنجێکی خۆش ئەندام کە تازەیی لە دەرمانخانەکە دەستی بە کارکردن کردووە، گفتوگۆیان دەکرد، بە بیانووی جۆرەوجۆر دەچوونە دەرمانخانە و هەریەکەو بە شێوەیەک هەوڵی دەدا سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

ئێمە بە دیداری ڕۆژانەی ئەو ڕاهاتین، دەتوانم سوێند بخۆم کە ئەویش چاوەڕوانی ئەو دیدارانە بوو، بەهەر شێوەیەک بووایە هەوڵی دەدا خۆی بە ئێمە نیشان بدات. من و پەروانە سەبارەت بەوەی لە کام هونەرمەند دەچێت، قسەمان دەکرد، لە کۆتاییدا بەو ڕێککەوتنە گەیشتین کە لە ستیۆماک کوین دەچێت.

بەڕاستی من زۆر پێشکەوتبووم، ئیدی هونەرمەندە بیانییەکانیشم دەناسی. جارێکیان بە زۆر دایکمم بۆ سینەما برد، زۆری پێ خۆش بوو، پاش ئەو جارە بە دزی مەحموودی برام هەموو هەفتەیەک بۆ ئەو سینەمایە دەڕۆیشتین کە لەسەر جادەکە بوو، زۆرجار فیلمی هیندی دەخستە سەر، لە سینەما وەکو باران فرمێسکمان دەڕشت.

پەروانە زۆر بەخێرایی زانیاریی لەسەر ئەو کۆ کردەوە، ئاغای دوکتۆر کە هاوڕێی باوکی ئەو بوو، گوتبووی، سەعید قوتابی زانکۆیە لە بەشی دەرمانسازی، کوڕێکی باشە و خەڵکی ورمێیە. پەروانە ناوێکی تری بۆ هەڵبژاردبوو، ئێمە ئەومان بە حاجی عەبدول نیگەران بانگ دەکرد، دەیگوت:

– دایمە دەڵێی چاوەڕوان و نیگەرانە، بە نیگاکانی بە دوای یەکێکدا دەگەڕێت.

ئەو ساڵە خۆشترین ساڵەکانی ژیانم بوو، هەموو شتێک بەباشی و بە گوێرەی خواستەکانم بەڕێوە دەچوو، وانەکانم هەمووی باش بوو، هاوڕێیەتیم لەگەڵ پەروانە ڕۆژ بە ڕۆژ بتەوتر دەبوو، وردە وردە خەریک بووین دەبووینە یەک گیان لە دوو جەستەدا، تاقە خەمێ کە ڕۆژگاری ڕووناک و شیرینمی تارومار دەکرد، ترسم لەو قسەوباسانە بوو کە هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییی ساڵی خوێندندا بڕشتی دەگرتە خۆی و دەیتوانی ڕێگر بێت لە بەردەوامبوونی خوێندنەکەم، پەروانە گوتی:

– مەحاڵە شتی وا بکەن، ئاخر تۆ لە وانەکانتدا زۆر باشی، حەیفە کارەکەت لە نیوەچڵەدا جێ بهێڵی.

– تۆ نازانیت، ئەوان بەلایانەوە گرینگ نییە وانەکانم باشە یان خراپ، ئەوان ئەڵێن لە پۆلی نۆ زیاتر ئیتر بە کەڵکی کچ نایەت.

– بڕوانامەی سێی ناوەندی چییە؟ ئێستا ئیتر دیپلۆمیش کەمە، هەموو کچانی خزمی ئێمە دەچنە زانکۆ، دیارە مەبەستم ئەوانەیە وا لە کونکور* دەردەچن. بەدڵنیاییەوە تۆیش دەردەچیت، تۆ لە هەموو ئەوانی تر زیرەکتری.

– ئەی باوکە! با ئەوان بهێڵن دیپلۆم وەرگرم، زانکۆم پێشکێشە.

* کونکور، تاقیکردنەوەیەکی سەرتاسەرییە لە ئێراندا، لە پێش چوونە زانکۆ پێویستە قوتابی لەم تاقیکردنەوەیە سەربکەوێت.

– دەی کەواتە پێویستە لە ڕووبەڕوویاندا بوەستیت.

پەروانەیش قسەی زۆر سەیری دەکرد، بەهیچ شێوەیەک نەی دەزانی من لە چ بارودۆخێکدام، من دەمتوانی لە ڕووی دایکم بوەستم و گوێ بە قسەکانی نەدەم و بەرگری لە خۆم بکەم، بەڵام لە بەردەم براکانم ئەم زمانی بولبولەم نەبوو.

لە تاقیکردنەوەکانی وەرزی بەهاری بە دووەم دەرچووم، مامۆستای وێژەکەمان لەگەڵ مندا زۆر باش بوو، کاتێک بڕوانامەکەم وەرگرت گوتی:

– ئافەرین، تۆ ئامادەییەکی زۆر باشت هەیە، ئێستا دەتەوێت کام بەشە هەڵبژێریت؟

– زۆرم ئارەزوو دەکرد بچمە بەشی وێژەیی.

– زۆر چاکە، باشە بڕۆ، منیش دەمویست هەمان ئەو پێشنیارەت پێ بدەم.

– ئاخر نابێت، کەسوکارم نارازین، ئەوان دەڵێن بڕوانامەی سێی ناوەندی بۆ کچ بەسە.

– خانمی بەهرامی ناوچاوی بەیەکدا دا و بە سەر بادانەوە چووە ژووری بەڕێوەبەر، پاش چەند خولەکێک لەگەڵ خانمی بەڕێوەبەر هاتنەوە، بەڕێوەبەر بڕوانامەکەی لە دەستم وەرگرت و گوتی:

– سادقی، بە باوکت بڵێ سبەی بێتە قوتابخانە ئیشم پێیەتی، بڕوانامەکەشت پێ نادەم تاوەکو خۆی نەیەت، بیرت نەچێ ها!

شەو، کاتێک بە باوکمم وت خانمی بەڕێوەبەر کاری پێیەتی، سەیر بوو بەلایەوە، گوتی:

– چیت کردووە وا منیان دەوێت؟

– بەخوا هیچ...

– خانم بڕۆ بزانە چییان دەوێت؟

– نە، نابێت، وتیان دەبێت خۆتان بڕۆن.

– یانی چی؟ من بۆ قوتابخانەی کچان ناڕۆم!

– بۆ؟ هەموو کچەکان باوکیان دێن، وتیان ئەگەر باوکت نەیەت، بڕوانامەکەت نادەینێ!

دەموچاوی بەیەکدا دا، چایەکم بۆی تێ کرد، کەمێک بەدەور و خولیدا هاتم، هەر دەمپرسی، باوکە سەرت دێشێت؟ دەتەوێت حەبێکت بۆ بهێنم، سەرینێکم لە پشتی دانا، ئاوم بۆ هێنا، لە کۆتاییدا ڕازی بوو کە سبەی لەگەڵم بۆ قوتابخانە بێت.

خانمی بەڕێوەبەر کاتێک باوکمی بینی لە پشت مێزەکەیەوە هەستایە سەرپێ، سڵاوێکی گەرمی لێ کرد، ئەوی لە نزیک خۆیەوە دانا و گوتی:

– پیرۆزباییتان لێ دەکەم، بەڕاستی کچەکەتان نموونەییە، هەم لە وانەکانیدا باشە، هەمیش ڕەفتار و کرداری زۆر باشە.

من لە لایەکی ژوورەکەوە وەستابووم، سەرم داخستبوو، لە خۆشییاندا بێ خواستی خۆم بزەم لێوە دەهات، خانمی بەڕێوەبەر ڕووی لە من کرد و گوتی:

مەعسوومە، تۆ لە دەرەوە چاوەڕوان بە تاکو من کەمێک لەگەڵ بەڕێز سادقی قسە بکەم.

نازانم خانمی بەڕێوەبەر چی بە باوکم گوتبوو، کە هاتە دەرەوە دەموچاوی گوڵی لێ نیشتبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە، بەمیهرەبانی و شانازییەوە سەیری کردم و گوتی:

– با یەک چرکەش بۆ ژووری خانمی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بڕۆین ناوت بنووسم، چونکە ئیتر کاتم نییە.

لە خۆشیدا خەریک بوو بەردەبوومەوە، هاوکات کە بە دووی دەڕۆیشتم گوتم:

– سوپاس بابە گیان، قوربانت بم، بەڵێنت پێ دەدەم کە قوتابی یەکەم بم، هەرچی کارێکم پێ بسپێری دەیکەم، خوا بمکاتە قوربانت.

باوکم پێکەنین گرتی و گوتی:

– بەسە ئیتر، خۆزگە دەمارێکی تۆ لە جەستەی برا بێ غیرەتەکانتدا دەبوو.

پەروانە کە بە قسەی خۆی لە نیگەرانییدا هەموو شەوەکە خەوی لێ نەکەوتووە، بە نیگا و ئاماژە پرسی:

– چی بووە؟ هەوڵم دا خۆم غەمگین نیشان بدەم، شانەکانم بەرز کردەوە و گوتم:

– نەبوو!

دەتوت فرمێسکەکانی لە پشت چاوەکانیەوە حازر و ئامادە قەتیس مابوون، کە

لە پڕ هاتنە خوارەوە. بەوپەڕی پاشگەزبوونەوە لە کارەکەم بەرەو ڕووی ڕام کرد و باوەشم پێیدا کرد و گوتم:

– نە، درۆم کرد، جێبەجێ بوو و ناویشم نووسی.

وەکو شێت لە ناوەڕاستی حەوشەکە هەڵدەبەزاینەوە، بەپێکەنین فرمێسکەکانمان دەسڕییەوە.

ئەم بڕیارەی باوکم ئاژاوەی خستە ماڵەکەمانەوە، بەڵام ئەو بە پێداگری و بڕواوە ڕووبەڕووی هەموویان وەستا و گوتی:

– بەڕێوەبەرەکەیان وتوویەتی ئەم کچە ئامادەییەکی باشی هەیە و لە داهاتوودا دەبێتە مرۆڤێکی گرینگ.

منیش هێندە سەرمەست و شادمان بووم گرینگیم بە هیچ قسەیەک نەدەدا، تەنانەت نیگا پڕ لە نەفرەتەکانی ئەحمەدیش کە لە جاران قورستر بوو، ترسی لە مندا نەدەڕواند.

ئەو هاوینە وێڕای ئەوەی کە سەرەتای دوورییەکی سێ مانگەی من و پەروانە بوو، بەڵام بەو هیوایەی کە ساڵێکی ترمان لە پێشدایە و جارێکی تر لە قوتابخانە پێکەوە دەبین، بەباشی بەسەرچوو. ئێمە تەنیا بۆ ماوەی هەفتەیەک بۆ قوم دەڕۆیشتین و پەروانە هەر هەفتەی بە بیانوویەک دەهاتە تاران و سەریشی لە من دەدا، زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە لەگەڵ ئەواندا بۆ چەند ڕۆژێک بۆ گوڵاودەرە بڕۆم، منیش زۆرم حەز دەکرد، بەڵام دەمزانی مەحاڵە، براکانم ڕێگەم پێ بدەن، تەنیا لەبەر ئەوە باسی ئەو بابەتەم بە هیچ شێوەیەک نەدەکرد. پەروانە دەیگوت، ئەگەر باوکم بۆ لای باوکت بڕوات، بەدڵنیاییەوە مۆڵەتت بۆ وەردەگرێت، بەڵام من نەمدەویست سەرئێشەی زیاتر بۆ باوکم ساز بکەم. دەمزانی هەم بەرپەرچدانەوەی داواکەی بەڕێز ئەحمەدیی بەلایەوە قورسە و هەمیش ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕ و قسە و باسی ماڵەوە. لە لایەکیشەوە بۆ بەدەستهێنانی دڵی دایکم، بەوە ڕازی بووم کە بۆ خولی دروومان بڕۆم، بۆ ئەوەی لە ماڵە مێرددا هیچ نەبێت هونەرێکم هەبێت.

بەڕێکەوت، پۆلی دروومانەکە لە کۆڵانی تەنیشت دەرمانخانەکە بوو. سەعید هەر زوو پەی بە بەرنامەی ڕۆژ نە ڕۆژە و کاتەکانی هاتوچۆی من برد، بە هەر

شێوەیەک بوایە لەسەری کاتدا خۆی دەگەیاندە بەر دەرگا. لە خیابانێکی پێش دەرمانخانەکەوە لێدانی دڵم زیادی دەکرد، بێ خواستی خۆم هەناسەشم خێراتر لە ئاسایی دەبوو. هەموو جارێ هەوڵم دەدا تەماشای لای دەرمانخانەکە نەکەم و ئاگادار بم ڕەنگم سوورەوە نەبێت، بەڵام، بۆچی بەدەستی خۆم بوو! کاتێک نیگاکانمان بەیەک دەگەیشتن، هەتا گوێچکەکانیشم سوور هەڵدەگەڕان، وای ئەم سوورەوە بوونە ناوادانە، چ ئابڕوو چوونێک بوون! ئەویش بە نیگایەکی ئارەزوومەندانە و بەشەرمێکی فرەوە و بە هێمای سڵاو سەری دادەنواند، جارێکیان هەتاوەکو لە سەری کۆڵانەکەوە لامدا، لە پڕ لە بەردەمم سەوز بوو، هێندە شڵەژام ڕاستەی درووما‌نەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە، دانەوی و ڕاستەکەی هەڵگرت، لە کاتێکدا کە سەری دانەواندبوو گوتی:

– ببوورە، ترساندمی.

گوتم:

– نا!

بەپەلە ڕاستەکەم وەرگرتەوە و بۆی دەرچووم، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر نەهاتمەوە سەرخۆم، هەر کاتێکیش ئەو ساتەم وەبیر دەکەوتەوە دەموچاوم سوور دەبووەوە، لە ناخەوە هەستم بە تەزوویەکی دڵگیر دەکرد لە جەستەمدا، نازانم بۆچی، بەڵام دڵنیابووم کە ئەویش هەر بەو شێوەیە بوو.

لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین بای پایزی و هاتنی یەکەمی ڕەزبەردا، چاوەڕوانییە دوور و درێژەکەی ئێمەش کۆتاییی پێ هات، من و پەروانە بە دڵگەرمییەکی زۆرەوە ڕێگەی قوتابخانەمان گرتە بەر، قسەمان تەواو نەدەبوو، دەبوایە هەموو ئەو شتانەی کە لە هاویندا ڕوویان داوە، هەرچییەکمان کردووە، تەنانەت بیرکردنەوەکانیشمان بۆ یەکتر باس بکردایە، لە کۆتاییشدا هەموو قسەکان دەگەڕایەوە سەر سەعید، پەروانە پرسی:

– ڕاستم پێ بڵێ، لەو ماوەیەی من لێرە نەبووم، چەند جار چوویتە دەرمانخانە؟

– بەخوا هەر نەڕۆیشتووم، نەدەکرا بڕۆم.

– یانی ئەو نازانێت ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە و باسی چی دەکەین؟

– پێت وایە!

– نە بابە، بۆچی شتێکی وتووە، لە کوێ زانیت؟

– نا هەروا ئەڵێم.

– هەروا نابێت، بۆ نموونە ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە، دەتوانین کارەکانی خۆمان بکەین.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە گۆڕانێک ڕوویدابوو، دیدارەکانی ئەم ماوەیە ڕەنگ و بۆیەکی تریان هەبوو، زۆر خۆتاکتر لە جاران دەهاتە بەرچاو، لە ناخمدا هەستم بە پێوەندییەکی بەهێزتر لەگەڵی دەکرد، هەرچەندە نەدرکاو بوو، بەڵام شاردنەوەی لە پەروانە سانا نەبوو. هێشتا هەفتەیەک بەسەر کردنەوەی قوتابخانەدا تێ نەپەڕیبوو، پەروانە بیانووی چوونە دەرمانخانەی دۆزییەوە و بە زۆر منی بۆ ئەوێ برد. خەریک بوو لە شەرمدا دەمردم، دەتوت هەموو شار دەزانن چی بە دڵی مندا تێدەپەڕێت و وەستاون تەماشام دەکەن، سەعیدیش بە بینینی ئێمە حەپەساو و مات لە شوێنی خۆیدا سڕ بوو. پەروانە چەند جارێ وتی ئەسپرینم دەوێت بەڵام ئەو هەر سەیری منی دەکرد و دەتگوت گوێی لە دەنگی پەروانە نییە، ئینجا دوکتۆر عەتایی هاتە پێشەوە، سڵاوی لە پەروانە کرد و هەواڵی باوکی پرسی، دواییش ڕووی لە سەعید کرد و گوتی:

– گیانەکەم بۆ وا واقت وڕماوە، پاکەتێک ئەسپرین بەو خانمە بدە.

کاتێک لە دەرمانخانەکە هاتینە دەرەوە، هەموو شتێک ئاشکرا بووبوو، پەروانە بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– بینیت چۆن سەیری دەکردی؟

وەڵامم نەدایەوە، ئاوڕی دایە لای منەوە و دیقەتی دەموچاوی دام و گوتی:

– ئەی تۆ بۆ ڕەنگت وەکو زەردەچەوەی لێ هاتووە و خەریکی دەبووریێتەوە؟

– من؟ نا! من هیچم نییە.

بەڵام دەنگم دەلەرزی، یەک، دوو خولەکێک بە بێدەنگی ڕۆیشتین، پەروانە بەتەواوەتی لە بیرکردنەوەدا بوو.

– پەروانە چییە، چۆنی؟

وەکو فیشکە تەقییەوە و بە دەنگێکی بەرزتر لە دۆخی ئاسایی گوتی:

– تۆ چەند خراپی، ئاگری بن کای، ئەوەندەش من کەرم. بۆچی تاکو ئێستا بە منت نەوتووە؟

– چی بڵێم؟ هیچ نەبووە تاکو پێت بڵێم.

– بەڵێ بە گیانی خۆتان، ئێوە پێوەندیتان هەیە، مەگەر مرۆڤ کوێر بێت تا تێ نەگات، ڕاستم پێ بڵێ بە کوێ گەیشتوون؟

– ئەم قسانە چییە!

– بەسە ئیتر، خۆت مەکەرە مشکە تۆپیو، تۆ هەموو شتێکت لێ ئەوەشێتەوە، نە بەو سەرپۆشەت، نە بەو ئەشق و ئاشقییەت. بە من بڵێ گێل! تاکو ئێستا وام دەزانی لەبەر خاتری من هەموو ڕۆژێ لە بەردەممان سەوز دەبێت، تۆش ئەوەندە زیتەڵەی تا ئێستا هیچت بە من نەگوتووە، خەڵکی لەخۆڕایی نەیانگوتووە خەڵکی قوم ئەوەندە خراپن، تەنانەت بە منیشت نەگوت، بە من کە نزیکترین هاوڕێتم! من لە سیرەوە تاکو پیاز هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم، چ جای بابەتێک بەو گرینگییە!

قین بیناقاقای گرتبووم، دەستیم گرت و بەدەم پاڕانەوە گوتم:

– توخوا بەسە، لەسەر ئەم جادەیە عەیبە، لەسەرخۆ قسە بکە، قوربانت بم، لەسەرخۆ، خەڵکی گوێیان لێ دەبێت، بە گیانی باوکم هیچ نەبووە، بەخوا، بە قورئانی پیرۆز.

بەڵام ئەو هەروەکو لافاو وابوو، تاوەکو دەهات بەهێزتر دەبوو، بە تووڕەیییەکی پترەوە هەڵمەتی بۆ دەهێنام.

– بەڕاستی زۆر ناپاکی، ئەو کاتەی کە لە ناو پەڕاوی یادگارییەکەمدا دەتنووسی من بیر لەو جۆرە شتانە ناکەمەوە، من تەنیا خوێندنەکەم بەلاوە گرینگە، پیاوان خراپن، ئەم قسانە شوورەیین، گوناهن.

– تۆبی و گیانی دایکت کۆتاییی پێ بێنە، دەست دەخەمە سەر قورئان هیچ شتێک نەبووە.

گەیشتبووینە نزیکی ماڵەکەیان، من ئیتر لە وزەمدا نەمابوو، دەستم کرد بە گریان، فرمێسکەکانی من ئەویان بە خۆدا هێنایەوە، وەکو ئەوەی ئاو بەسەر ئاگردا بکەیت تووڕەیییەکەی دامرکایەوە، دەمزانی دڵە میهرەبانەکەی بەرگەی

گریانی من ناگرێت. بە دەنگێکی ئارامتر گوتی:

– ئێستا بۆچی دەگری؟ ئەویش لەسەر ئەم جادەیە؟ من تەنیا لەوە نارەحەتم کە تۆ لە منت شاردەوە، من هەموو شتێک بۆ تۆ باس دەکەم.

سوێندم بۆ خوارد کە ئەو هەموو کاتێک باشترین هاوڕێی منە و من نە هیچ شتێکم لێی شاردووەتەوە و نەش لێی دەشارمەوە.

من و پەروانە هەموو قۆناغەکانی ئەویندارییمان پێکەوە تاقی کردەوە، ئەویش هێندەی من دڵگەرمی و خرۆشی نیشان دەدا، هەر دەیپرسی، ئێستا چ هەستێکت هەیە؟ هەرکە منی لە ناو بیر و خەیاڵدا دەبینی دەیگوت:

– بڵێ، باسی بکە، بیر لە چی دەکەیتەوە؟

منیش سەبارەت بە خەونەکانم، دڵەڕاوکێ، جۆش و خرۆشییەکانم، نیگەرانیم لە داهاتوو و ترس لەوەی نەوەکو ناچاربم پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ یەکێکی تردا ببەستم، دەمووت و ئەویش چاوەکانی دەبەست و دەیگوت:

– وای چەند شاعیرانەیە! کەواتە ئاشقبوون ئاوهایە! بەڵام من وەکو تۆ ئەوەندە هەستیار نیم، بە هەندێک قسە و کارگەلێک کە ئەویندارەکان دەیکەن پێکەنین دەمگرێت، سووریش هەڵناگەڕێم، ئیتر چۆن بزانم ئاشق بووم؟!

ڕۆژگارە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکانی خەزان وەکو خێرایی بای پایز تێ پەڕی، ئێمە هێشتا یەک وشەیش قسەمان لەگەڵ یەکتریدا نەکردبوو، بەڵام تازەیی کاتێک لە تەنیشتییەوە تێ دەپەڕین، لەژێر لێوەوە و بە دەنگێکی نزم سڵاوی دەکرد، دڵی منیش هەروەکو میوەیەکی پێگەییوی لێ دەهات و دەکەوتە ناو سەبەتەی سنگمەوە.

پەروانە هەر ڕۆژەی زانیارییەکی نوێی لەبارەی سەعیدەوە دەدۆزییەوە و هەواڵی تازەی بۆ دەهێنام، ئێستا دەمانزانی کە نازناوی زارعییە، خەڵکی ورمێیە، باوکی چەند ساڵێکە مردووە، دایکی و سێ خوشکەکەی هەر لەوێ دەژین، ئەو ساڵی سێیەمیەتی لە بەشی دەرمانسازیدا، بنەماڵەکەی بەڕێز و ئابڕوودارن، زۆر زیرەک و دەرسخوێنە، دوکتۆریش بەتەواوەتی متمانەی پێیەتی و لێی ڕازییە، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە سەبارەت بەو بیستم مۆری پشتیوانی بوون لە ئەوینە پاکەکەم، هەستم دەکرد لە سەرەتای ژیانمەوە دەیناسم و هەتا کۆتایی ژیانیشم تەنیا لەگەڵ ئەودا دەبم، پتر لە جاران حەزم لە هۆنراوەی ئەویناری دەکرد، زوو

لەبەرم دەکرد.

پەروانە هەفتەی یەک، دوو جار بە بیانووی جۆرەوجۆر، لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە دەرمانخانەکە، شتێکی دەکڕی و سەیرکردنە ژێر بە ژێرەکانی ئێمە دەبوونە هۆی لەرزینی دەستی ئەو و سووربوونەوەی بێ سنووری گۆناکانی من. پەروانە تێبینی هەموو جووڵانەوەیەکی ئێمەی دەکرد، جارێکیان گوتی:

– هەموو کاتێک بیرم دەکردەوە داخۆ چاوبازی مانای چی بێت؟ ئێستا حاڵی بووم، لە خۆڕا نەبوو لە فاڵی حافزدا بۆت دەرهات کە:

عاشق و ڕەند و نەزەربازم و دەیڵێم بە عەیان

تا بزانی کە ئەمن چەند هونەرم نواندووە!*

– ئێ.... پەروانە ئەم قسانە چییە؟

– چییە، بۆچی درۆ دەکەم؟

بەیانییان بە دردۆنگییەکی تایبەتەوە قژم شانە دەکرد، سەرپۆشەکەم بە شێوەیەک دەبەست کە پەرچەمەکەم تێک نەچێت و نووکی قژم لەژێر سەرپۆشەکەوە دیار بێت، بە هەزار بەدبەختی هەوڵم دەدا قژم ئەڵقە ئەڵقە بوەستێت بەڵام لوول نەدەبوو، هەتا پەروانە گوتی:

– گەوجە گیان قژت ئاوها زۆر جوانە! ئێستا باوی قژی خاوە، ئەی نابینی کچەکانی قوتابخانە قژیان ئوتوو ئەکەن بۆ ئەوەی خاو بێتەوە؟

هەموو جارێ ڕووپۆشی قوتابخانەکەم دەشۆرد و ئوتووم دەکرد، لە دایکم پاڕامەوە پارچەی ڕووپۆشم بۆ بکڕێ و بیدات بە بەرگدروو بۆم بدوورێت، دایکم خۆی وەکو لادێییەکان جلی دەدووری، لە فێرگەی دروومان تەنیا ئەوە فێربووبووم کە هەڵەکانی دروومانەکەی دایکم بدۆزمەوە. پەروین خانم ڕووپۆشێکی مودێل جوانی بۆ درووم، منیش بەهێواشی پێم گوت، دامەنەکەی پتر بداتە ناوەوە، بەڵام هێشتا هەر جلەکەی من لە جلی هەموو کچانی قوتابخانە شۆڕتر بوو. پارەکانم کۆ کردەوە و لەگەڵ پەروانە ڕۆیشتین سەرپۆشێکی سەوزی تۆخم کڕی، پەروانە دەیگوت:

---

* ئەم شیعرەی حافز شیرازیی لە وەرگێڕانی مامۆستا سلێمان چیرەیە.

– بەم سەرپۆشەوە چاوەکانت سەوزتر دەبێت، زۆرت لێ دێ.

ئەو ساڵە زستانێکی ساردی هەبوو، هێشتا بەفری ناو کۆڵانەکان نەتوابووەوە بەفری تر دەباری. تیشکی ڕۆژ ئەوەندە کز و بێ تین بوو کە توانای تواندنەوەی بەفرەکەی نەبوو، سەرلەبەیانیانیش هەموو شوێنێک دەیبەست، دەبوایە بەوریاییەوە بە کۆڵانەکاندا بڕۆین، هەر ڕۆژەی یەکێک لە کچەکان دەکەوتن، ئەو ڕۆژە نۆرەی من بوو، هێشتا نەگەیشتبوومە ماڵی پەروانە، پێم بەسەر پارچە سەهۆڵێکی لووسدا خزا و خراپ بەربوومەوە سەر زەوی، هەوڵم دا هەرچی زووترە هەستمەوە، بەڵام پێم زۆر دەیەشا، کاتێک پێم لەسەر زەوی دانا پشتم تەزوویەکی پێدا هات، جارێکی تر لە ناو کۆڵانەکە کەوتم، هەر لەو کاتەدا پەروانە لە ماڵ هاتە دەرەوە و عەلیش لەو کاتەدا خەریک بوو بۆ قوتابخانە دەڕۆیشت، پێم گەیشت، یارمەتییان دام تاکو بتوانم هەستمەوە، توانای ڕۆیشتنیشم نەبوو، گەڕاندمیانە ماڵەوە. دایکم پێی بەستم و هەتا پاش نیوەڕۆ سەبری کرد، بەڵام ئازار و ئاوسانی پێم گەلێک زیاتر بووبوو، پاش نیوەڕۆ کاتێک پیاوەکان گەڕانەوە ماڵ، هەریەکەو بۆچوونێکیان هەبوو، ئەحمەد گوتی:

– ئەرێ بابە.... هیچی نییە، ئەگەر وەکو خەڵکی لە ماڵەوە دادەنیشت و بەم سەرما و سۆڵەیە نەدەچووە دەرەوە ئاوهای لێ نەدەهات. ئینجا چوو بە سۆراخی عارەق خواردنەوەکەی خۆی.

باوکم گوتی:

– دەبێت بیبەینە نەخۆشخانە.

مەحموود وتی:

– کاک ئیسماعیل نەشتەرگەرێکی باشە، ماڵەکەیان وا لە فولکەی شەمرونە دەڕۆم دەیهێنم، ئەگەر گوتی شکاوە ئەو کاتە دەیبەینە نەخۆشخانە.

کاک ئیسماعیل هاوتەمەنی باوکم بوو، دەیانگوت نەشتەرگەرێکی بەناوبانگە. ئەو ڕۆژگارەش بازاڕی کارەکەی گەرم بوو، کاتێک پێمی بینی گوتی، نەشکاوە بەڵکو لە جێ چووە، پێمی خستە نێو ئاوێکی گەرمەوە و بەدەم قسەکردنەوە پێمیشی دەشێلا، هەرکە من ویستم وەڵامی بدەمەوە پێمی سووڕانەوە، لەبەر زۆری ئازارەکەی زریکەیەکم کرد و بووراموە، کە هاتمەوە سەرەخۆم بە هێلکە و

زەردەچەوە و هەزار ڕۆنی تر پێمی دەپێچایەوە و ڕای سپارد کە نابێت تاکو دوو هەفتە لەسەر پێم بڕۆم. چ بەڵایەکە، بەدەم گریانەوە گوتم:

– ئاخر نابێت، خوێندنم هەیە، تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم دەست پێ دەکات.

بەڵام خۆشم دەمزانی کە مانگ و نیوێکی ماوە بۆ تاقیکردنەوەکان، فرمێسکەکانم بۆ شتێکی تر دەڕشت.

چەند ڕۆژێک بەڕاستی نەمدەتوانی بجووڵێمەوە، هەموو کاتێ لەژێر کورسی* کەوتبووم و بیرم لە سەعید دەکردەوە، بەیانییان کە منداڵەکان دەچوونە قوتابخانە دەستەکانم دەخستە ژێر سەرم و دەموچاوم دەدایە بەر تیشکی بێ تینی خۆری زستان و لە خەونە شیرینەکانمدا بەرەو شاری ئارەزووەکانم دەڕۆیشتم، بەرەو ڕۆژگاری داهاتووی خۆش و ژیان لەگەڵ سەعیددا ... تەنیا کەسێک ئەم بەیانییانە ئارامی لێ تێک دەدام پەروین خانم بوو، کە بە هەر بیانوویەک بوایە دەهاتە لای دایکم. هیچ خۆشم نەدەویست، هەرکە گوێم لە دەنگی دەبوو خۆم دەکردە خەو. نازانم دایکم کە دایمە کلکی لە ئاین و باوەڕ و نەجابەت دەدا، چۆن بووبوو بە هاوڕێی ئەو پەروین خانمەی کە هەموو گەڕەک دەیانزانی کورتانی خوارە و تێ نەدەگەیشت کە ئەم خۆ شیرینکردنەی لەبەر خاتری ئەحمەدی برامە!.

پاش نیوەڕوان کە منداڵەکان لە قوتابخانە دەهاتنەوە، ئیدی ئارامی لە ماڵەکە دەبڕا، عەلی توانای ئەوەی هەبوو ئاگر لە گەڕەکێک بەربدات. بێ گوێ و بێ چاو و ڕووی لێ دەرهاتبوو، هەوڵی دەدا ڕێک جێ پێی ئەحمەدی برام هەڵگرێت، تا ڕادەیەک وەکو ئەو لەگەڵ مندا خراپ بوو، بەتایبەتیش ئێستا کە بۆ قوتابخانە نەدەچووم، دایکم هەموو کارەکانی منی دەکرد، باوکم هەواڵی دەپرسیم، زۆر ئیرەییی بەمانە دەبرد، دەتگوت مافی ئەوم خواردووە، لە پڕ لەسەر کورسییەکەوە بازی دەدایە خوارەوە، ئازاری فاتی دەدا و زریکەی لێ هەڵدەساند، کتێبەکانمی دەدایە بەر پێلەقە و فڕێیانی دەدایە ئەملا و ئەولا، بە ئەنقەست یان بەهەڵە لەقەی لە پێیە پڕ ئازارەکەم دەدا بەڕادەیەک هاوارم دەگەیشتە ئاسمان، دوای ئەوە بە گریە و زاری دایکمم ناچار کرد تا نوێنەکەم بۆ ژووری میوان بگوێزێتەوە، بۆ

---

* کورسی یان قورسی: داری لێکدراو بۆ لە دەوری نووستنی زستانە، کە لە ئێراندا باوە. (سەرچاوە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار موکریانی)

ئەوەی هەم لە ئەشکەنجەکانی عەلی بە دوور بم هەمیش وانەکانم بخوێنم، بێجگە لەوەش پێم لە قەرەباڵخی ژێر کورسییەکەدا، لەژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامدا نەبێت. دایکم دەیبۆڵاند و دەیگوت:

– چۆن دەتوانیت بەم پلیکانانەوە سەروخوار بکەی؟ سەرەوە ساردە و سۆپا گەورەکەش تێکچووە.

– هەر ئەو سۆپا بچووکە بەسمە.

بەم شێوەیە ئەو لە کۆتاییدا بەوە ڕازی بوو و منیش گوێزرامەوە قاتی سەرەوە، لەوێ لە ئاسوودەییدا بووم، وانەکانم دەخوێند، بیرم دەکردەوە، لە پەراوی شیعرەکانمدا دەمنووسی، لە خەونەکانمدا بۆ سەفەری دوور و درێژ دەڕۆیشتم، بە دەستنووسی شاکاری خۆم ناوی سەعیدم لە گۆشە و سووچی پەڕاوەکانمدا دەنووسی،چاوگی ناوەکەیم لە عەرەبیدا دۆزییەوە و دەمگۆڕییە سەر گەردانە جۆرەوجۆرەکانی، سەعد، سەعید، مەسعوود، سەعادەت.... بۆ نموونەی هەموو وانەکانم ئەوانەم بەکاردەهێنا.

ڕۆژێک پەروانە بۆ سەردانم هات، لە بەردەم دایکم باسی قوتابخانە و تاقیکردنەوەکانمان دەکرد کە بڕیار بوو پازدەی ڕەشەمێ دەست پێ بکات، هەرکە دایکم ڕۆیشت، هەستا دەرگاکەی داخست و گوتی:

– ئەگەر دەزانی چیگەل ڕووی داوە؟. دەمزانی لەبارەی سەعیدەوە هەواڵی پێیە، کەمێک خۆم ڕاستەوە کرد و گوتم:

– توخوا بڵێ، سەعید چۆنە؟ زووکە تا کەس نەهاتووە.

– سەعیدی چی؟ ئێستا ئیدی هەر بەڕاستی حاجی نیگەرانە، هەموو ڕۆژێ لەسەر پلیکانەی بەردەم دەرمانخانەکە دەوەستا و سەرێکی دەکێشا، کە دەیبینی من بە تەنیام لچ و لێوی شۆڕ دەکردەوە، ماتی دایدەگرت و دەچووە ژوورەوە. ئەمڕۆ کە بینی ئەمجارەش هەر بە تەنیام، ئازایەتییەکی دایە بەرخۆ و هاتە پێشەوە، لە سەرەتاوە سوور و سپی هەڵگەڕا و دوایی سڵاوی کرد و بە پرتەپرتەوە گوتی، چەند ڕۆژێکە هاوڕێکەت ناچێتە قوتابخانە زۆرم خەمە. ئەحواڵی چۆنە؟ منیش لە زۆرزانییەوە خۆم لە گێلی داو وتم کامە هاوڕێم ئێژی؟ بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم و وتی، ئەو خانمەی کە دایمە پێکەوەن، ماڵیان لە کۆڵانی گوڵشەنە، ئاشکرا

بوو کە ماڵیشتان دەزانێت، بزانە چ کەڵەکبازێکە، بەدڵنیاییەوە دیارە کەوتووەتە شوێنمان. گوتم، ئەها مەعسوومەی سادقی ئێژیت، ئەو بەستەزمانە کەوتووە و پێی لە جێ چووە، تا دوو هەفتە ناتوانێت بێتە قوتابخانە. ڕەنگی پەڕی، گوتی، وای چەند ناخۆشە، ئینجا پشتی لێم هەڵکرد و بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت، ویستم بانگی بکەم و پێی بڵێم کە زۆر بێ تەربیەتە، بەڵام دوو پێ نەڕۆیشتبوو، لەوە دەچوو زانی چ کارێکی خراپی کردووە، گەڕایەوە و گوتی، لە زمانی منەوە سڵاوی بگەیەنە و وەکو بەشەر خواحافیزی کرد و ڕۆیی.

دڵ و دەنگم دەلەرزین، گوتم:

– وای، ناویشمت پێ گوت؟

– ناز مەکە، مەگەر چی بووە؟ خۆی دەیزانی، هەرچۆنێک بێت ناوی بنەماڵەتی دەزانی، دڵنیاش بە هەموو ئێل و تیرەکەشتانی دەستنیشان کردووە، بەو شێوەیەی کە ئەو ئەویندارت بووە، پێم وابێت هەر لەم ڕۆژانە بێتە خوازبێنیت.

دەتگوت شەکراو بەسەر دڵمدا دەکەن، بەشێوەیەک کەیف خۆش بووم و پێ دەکەنیم کە دایکم بە سینییە چایەکەوە هاتە ژوورەوە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و گوتی:

– چی بووە؟ زۆر دڵت خۆشە.

بەکزییەکەوە گوتم:

– نە، هیچم نییە!

پەروانە خۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی:

– ئاخر ئەمڕۆ کاغەزەکانی تاقیکردنەوەیان دایەوە مەعسوومە لە هەمووان باشترە، چاوێکی لە من داگرت.

– سوودی چییە ڕۆڵە؟ ئەم شتانە بە کەڵکی کچ نایەت، بێ هوودە کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات، دوو ڕۆژی تر دەبێت بچێتە ماڵە مێرد، جلوبەرگی منداڵەکەی بشوات.

– نە، دایە گیان بەم نزیکانە ناچمە ماڵە مێرد، جارێ دەبێت دیپلۆمەکەم وەرگرم.

پەروانە بەشەیتانییەوە گوتی:

– بەڵێ، پاش ئەوەش خانم دەبێت بە دوکتۆر، من چاوم لێ زیت کردەوە.

– قسەی پووچ! یانی دوای ئەوەش هەر بخوێنێت؟ هەرچی پتر بچێتە قوتابخانە بێ چاووڕووتر دەبێت، هەمووی هەڵەی ئەم باوکەیەتی، هێندە نازی دەدا دەڵێی بەری بۆ دەگرێت.

بەو شێوەیە بەدەم بۆڵەوە لە ژوورەکە چووە دەرەوە. من و پەروانە دەستمان بە پێکەنین کرد. من وتم:

– باش بوو دایکم نەیزانی، دەنا دەیگوت، لە کەیەوە و کێ تا ئێستا بە دیپلۆمی وێژەیییەوە بووەتە دوکتۆر.

پەروانە لە کاتێکدا فرمێسکەکانی دەسڕییەوە کە لە پیکەنینێکی زۆرەوە بە دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە، گوتی:

– گەوجە گیان، خۆ من نەموت تۆ دەبیتە دوکتۆر، وتم دەبیتە خانمی کاکی دوکتۆر.

لەو ڕۆژگارە ڕوون و خۆشانەدا، پێکەنین هۆکاری نەدەویست، چەندە شاد و دڵخۆش بووم، ئازاری پێم بەتەواوەتی لە بیرچووبوو. لە دوای ڕۆیشتنی پەروانە بەئارامی و زەوقەوە کەوتمە سەر سەرینەکەم، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: خەمی منییەتی، بیرم دەکات، چەند بەختەوەرم! ئەو ڕۆژە تەنانەت هات و هاوارەکانی ئەحمەدیش کە لەبەر هاتنی پەروانە لەگەڵ دایکم شەڕی دەکرد، ئازاری نەدەدام. دەمزانی ئەم عەلییە سیخوڕە هەواڵی هاتنی پەروانەی داوە، بەڵام چ نرخێکی هەیە!!

بەیانییان لە جێگەکەی خۆم هەڵدەستام بە شەلەشەل ژوورەکەمم ڕێکوپێک دەکرد، دەستێکم بە نەردەی قادرمەکان و دەستەکەی ترم بە گۆچانەکەی نەنە گیانەوە، هێدی هێدی لە قادرمەکان دەچوومە خوارەوە، دەست و دەموچاوم دەشۆرد و نانی بەیانیم دەخوارد و زۆر بە دژوارییەکی زۆرەوە جارێکی تر دەگەڕامەوە. دایکم کەمێک دەیبۆڵاند لەبەرئەوەی بەو سەرمایەی سەرەوە سینی دەهێنێتە بەردەستم، ئەمجارەیان لەسەر سەر بەردەبیتەوە، بەڵام گوێ بیست کوا؟ لەگەڵ ئەو سۆیا عەلادینە سازابووم، خەڵوەتەکەی خۆمم بە دنیا نەدەگۆڕییەوە، هێندە لە ناخدا گەرم بووم کە هیچ هەستم بە سەرما نەدەکرد.

دوای دوو ڕۆژ دیسـان پەروانە هـاتەوە، خـۆم گـەیاندە پەنجـەرەکـە، دایکم بە ساردییەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، پەروانە بەسەر خۆیدا نەهێنا و گوتی:

– بەرنامەی تاقیکردنەوەکەم بۆ مەعسووم هێناوە.

و بەپەلە لە پلیکانەکـانەوە ڕایکردە سـەرەوە، بە هـەناسکە بڕکێ دەرگـای ژوورەکـەی بە دوای خـۆیدا داخـست، بۆ چەند خـولەکێ چاوی بەست و پاڵی دایە پشتی دەرگاکەوە، دەموچاوی سوورەوە بووبوو، نەمدەزانی لە سەرما بوو یان لە جـۆش و خـرۆشـیـدا، هەروا زلەیەکم لە دەمـوچاوی دا و گـەڕامـەوە ناو نوێنەکـەم، نەمدەوێرا پرسیار بکەم، سەرئەنجام دەستی بە قسەکردن کرد.

– باشە بۆ خۆت لێرە خەوتووی و منی داماویشت خستووەتە دەردەسەرییەوە.

– چی بووە؟

– بهێڵە هەناسەم وەبەر بێتەوە، لە دەرمانخانەوە تا ئێرە وەکو شێت ڕام کرد.

– بۆچی، چی بووە؟ زووکە قسە بکە.

– لەگەڵ مریەم دەهاتم، کە گەیشتینە بەردەم دەرمانخانەکە سەعید وەستا بوو، لە سەرەتاوە هەر سەر و کەلەی ڕادەوەشاند، مریەمیش خۆت دەزانی چ بەڵایەکە، گوتی:

– ئەو کوڕە جوانە کاری پێتە، گوتم:

– نە! ئیشی بە من چییە؟ گوێم نەدایە و تێ پەڕیم، بە شوێنمـاندا ڕای کرد و وتی ببوورە خانمی ئەحمەدی دەقەیەک وەرە دەرمانخانەکە کارم پێتە. تۆش خۆت و ئەو حـاجـی عـەبدول نیگەرانەت کـە هەروەکـو چەوەنـەر سـوور بووبووەوە، منیش بەتەواوەتی دەست و پێی خۆم ون کردبوو، نەمدەزانی لەگەڵ ئەو مریەمە وردەکۆڵە چی بکەم، گوتم:

– ئەها، ببوورە من لە بیـرم چووبوو، دەبوایە دەرمـانەکـانی باوکم وەرگـرم، بەدڵنیـاییـەوە ئامـادەتان کـردووە؟ بەڵام ئەو گـێـژی خـوایە هەروا مـات و دامـاو سـەیری دەکردم، ئیـتـر من چاوەڕوانی وەڵامـەکەی نەبووم، نەوەکو زیاتر ئابڕووم بچێت بە مریەمم گوت:

– مـریەم گـیـان ببـوورە، دەبوایە من ڕاسـپـاردەکـەی باوکم لە دەرمـانخـانەکـە

وەرگرم، خوات لەگەڵ من بەیانی دەتبینمەوە. بەڵام بۆچی ئەم خۆهەڵقورتێن خانە لێمان ئەگەڕا؟! دەشیویست ئەو هەڵکەوتە لە دەست نەدات و گوتی:

– من پەلەم نییە و لەگەڵت دێم.

– هەرچی وتم پێویست ناکات، زیاتر کەوتە گومانەوە و گوتی:

– من خۆشم لە دەرمانخانەکە کارم هەیە، لە بیرم نەبوو دەبێت کرێمی ددان بکڕم، و لەگەڵم هاتە ناو دەرمانخانەکە، خۆشبەختانە حاجی عەبدول نیگەران بە خۆدا هاتبوو، بەستەیەک دەرمانی دروست کرد و زەرفێکی خستە ناویەوە و گوتی:

– ڕەچەتەکەشم دانا، بەدڵنیاییەوە بیدەرە دەستی خۆی و سڵاوی منیشی پێ بگەیەنە، منیش بەپەلە خستمە ناو جانتاکەم، دەترسام مریەم لە دەستمی بڕفێنێت، بەخوا دوور نەبوو، تۆ نازانیت چەند وردەوکۆڵ و هەواڵچنە، بە تایبەتیش ئێستا کە سەعید ئاغا لە نێو قوتابخانەدا ناوی دەرکردووە، نیوەی ئەو کچانەی کە لێرەوە تێ دەپەڕن، وا دەزانن لەبەر خاتری ئەوان لە بەردەم دەرگای دوکانەکە دەوەستێت، ئینجا بڕوانە لە بەیانییەوە چ قسەگەلێکم لە قوتابخانە بۆ دەردەکەن. بەکورتی هێشتا مریەم لە ناو دەرمانخانەکە بوو و خەریکی کڕینی کرێمی ددان بوو، من بەپەلە هاتمە دەرەوە و خۆم بە ئێرە گەیاند.

– وای، ئەمەیان خراپتر بوو، ئێستا پتر گومان دەکات.

– ئای باوکە... هەر ئەو کاتەش گومانی هەبوو، چونکە ئەو سەعیدە گێژە ڕاچێتەکەی لە زەرفی خەتم و مۆر کراودا نابوو، تا ئێستا کام خاوەن دەرمانخانەی نەفامت بینیوە کە نوسخەی نەخۆشەکە بخاتە ناو زەرفەوە، مریەمیش کەر نییە، خەریک بوو بە چاوەکانی زەرفەکەی دەخوارد، دەیویست بیبینێت لەسەر زەرفەکە چی نووسراوە، منیش بۆیە ترسام و هەڵاتم.

بۆ چەند ساتێک وەکو مردوو کەوتمە سەر سەرینەکە. هەموو شتێک لە مێشکمدا شێوا بوو، کە نامەکەم وەبیرهاتەوە لە جێگەی خۆم ڕاچڵەکیم، لە کاتێکدا لەناو پێخەفەکەم دادەنیشتم، گوتم:

– ئێستا نامەکەم بدەرێ با بیبینم، چی نووسیوە؟ یەکەم جار تەماشای پشتی دەرگاکە بکە بزانە کەسی لێ نییە، ئینجا دەرگاکە بە باشی دابخە.

کاتێک نامەکەی دایە دەستم، دەستەکانم دەلەرزین، لەسەر زەرفەکە هیچ شتێک

نەنووسرابوو، ورەی ئەوەم نەبوو نامەکە بکەمەوە، دەبێت چی نووسیبێت؟ ئێمە تا ئەو کاتەش لە سڵاوی ژێر لێو زیاتر بە یەک وشەیش قسەمان لەگەڵ یەکتریدا نەکردبوو، پەروانەش وەکو من بەجۆش بوو. هەر لەو کاتەدا دایکم هاتە ژوورەوە، بەپەلە زەرفەکەم لەژێر لێفەکە شاردەوە، هەردووکمان ڕێک دانیشتین و سەیری ئەومان دەکرد.

– چی بووە، دیسان چی ڕووی داوە؟

من بەشپرزەییەوە گوتم:

– هیچ شتێ.

بەڵام نیگاکانی دایکم پڕ لە بەدگومانی بوو، وەک هەمیشە پەروانە بەهەڵەکەداوان گوتی:

– هیچ شتێک نییە ئەم کچەی ئێوە زۆر هەستیارە، هەر لە خۆوە هەموو شتێک گەورە دەکاتەوە، ئێستا نمرەی ئینگلیزیت باش نییە، با باش نەبێت بە دۆزەخ، خۆ دایکی تۆ وەکو دایکی من نییە لە خۆوە شەڕ بکات، وانییە خانم سادقی؟ شەڕیان لەگەڵ دەکەیت؟

دایکم بەسەرسووڕمانەوە تەماشای پەروانەی دەکرد، لچێکی هەڵقرتاند و گوتی:

– وەڵڵا چی بڵێم؟ قیروسیا باش نەبووە، خۆ ئەگەر دەرنەچێت باشتریشە، ئەو کاتە دەچێتە پۆلی دروومان کە زۆریش پێویستترە.

چایەکەی لە بەردەم پەروانە دانا و ڕۆیشت، بۆ ماوەیەک لە بێدەنگیدا سەیری یەکتریمان کرد و دامانە قاقای پێکەنین. پەروانە گوتی:

– کچێ تۆ بۆ ئەوەندە گەوجی؟ بەو ڕەفتارانەت هەموو کەسێک دەزانێت خەریکی هەڵەیەک دەکەیت، ئاگادار بە، ئەگەر نا بەتەواوەتی ئاشکرا دەبین ها!

لەژێر تەوژمی خرۆشی و خەمدا دڵم تێک هاڵاو بوو، نامەکەم بە وریاییەوە کردەوە، بێگومان نەدەبوایە زەرفە سپیەکەش هیچ زیانێکی پێ بگات، ترپەی دڵم وەکو زرمەی کوتەک بەسەر سنداندا گوێ لێ دەبوو.

– ئاه.... دەی زووکە خنکاندمت.

نامە کرایەوە، چ دەستنووسێکی جوانە، وشەکان بە بەرچاومەوە سەمایان

دەکرد، سەرم گێژی دەخوارد، سەرەتا هەردووکمان بەپەلە لە سەرەتاوە تا کۆتاییی نامەکە کە لە چەند دێڕێک تێ نەدەپەڕی، خوێندمانەوە، ئینجا سەیری یەکتریمان کرد، هەردوو لە یەکترمان پرسی:

– خوێندتەوە؟ چی نووسراوە؟

دیسانەوە بە ئارامییەکی پترەوە دەستمان کردەوە بە خوێندنەوە، نامەکە بەم هەڵبەستە دەستی پێ دەکرد:

لەشت بەنازی پزیشک هەرگیز نیازمەند نەبێ!

سرشتی ناسکی تۆ، ڕەنجاوی گەزەندە نەبێ!*

لە پاش سڵاو و هەواڵپرسین، ئاواتی سەلامەتی و چاکبوونەوەی هەرچی زووترە.

چەندە ڕەوشت بەرز و جوانە! بە دەستنووس و داڕشتنەکەیدا دیار بوو کە مرۆڤێکی ڕۆشنبیرە.

پەروانە زوو ڕۆیشت، چونکە بە دایکی نەوتبوو کە بۆ ماڵی ئێمە دێت، بەڵام من هیچ هۆشم لە لای ئەو نەبوو، لە دنیایەکی تردا بووم، هەستم بە جەستەی خۆم نەدەکرد، سەرتاپێم ڕوح بووم لە دۆخی فریندا، تەنانەت خۆم دەبینی کە بە دوو چاوی کراوە لەسەر پێخەفەکەم کەوتووم و نامەکە بە سینەمەوە دەگوشم، زەردەخەنەیەکی فراوان لەسەر لێوەکانم نیشتبوو، بۆ یەکەم جار بوو لەوە پەشیمان بووبوومەوە کە چەندان جار خۆزگەم خواستبوو لە جیاتی زەری بمردمایە، ژیان چەند دڵگیر بوو! حەزم دەکرد هەموو دنیا لە ئامێز بگرم و ماچی بکەم.

هەموو ڕۆژەکە لە بێ هۆشی و خەوندا تێ پەڕی، نەمزانی کەی شەو داهات، ئێوارە چیم خوارد؟ کێ هات؟ کێ ڕۆیشت؟ چیمان وت؟ نیوەشەو گڵۆپەکەم داگیرساند و نامەکەم چەندان جار خوێندەوە، خستمە سەر سینەم، بە چ خەوگەلێکی دڵگیر شەوم بە بەیان گەیاند، بەڕەمەکی دەمزانی ئەمە ئەزموونێکە یەک جار، ئەویش لەوانەیە لە شازدە ساڵیدا بەڕێکەوت ڕوو بدات.

ڕۆژی دواتر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی پەروانە بووم، لە پەنجەرەکەوە سەیری حەوشەکەم دەکرد، دایکم لە کاتی هاتوچوونە دەرەوەی لە چێشتخانەکەوە منی

---

* وەرگێڕانی مامۆستا سلێمان چیرە.

دەبینی، بە جووڵەی سەر و دەستی پرسی:

– چیت دەوێت؟

پەنجەرەکەم کردەوە و گوتم:

– هیچ... بێ تاقەتم، سەیری کۆڵان دەکەم.

پاش چەند خولەکێک دەنگی زەنگی دەرگا هات، دایکم بەبۆڵە بۆڵ دەرگاکەی کردەوە، بە بینینی پەروانە بە نیگایەکی پڕ ماناوە تەماشای کردم کە ئا ئەمەت دەویست.

پەروانە بە ڕاکە ڕاکە لە پلیکانەکانەوە هاتە سەر، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بە یارمەتی پێیەکەی تری پێڵاوەکەی لە پێی دەربهێنێت، جانتاکەی فڕێ دایە ناوەڕاستی ژوورەکە.

– دە.... وەرە ژوورەوە، چی دەکەیت؟

– ئاخ لە دەست پێڵاوی قەیتاندار.

لە دەست پێڵاوەکانی ڕزگاری بوو، دانیشت و گوتی:

– بێنە نامەکە بخوێنمەوە، هەندێ شوێنیم لە بیر چووەتەوە.

ئەو کتێبەم دایە دەستی کە نامەکە لە نێوان لاپەڕەکانیدا شاردرابووەوە و گوتم:

– قسەی ئەمڕۆ بکە، بینیت؟

پێ کەنی و گوتی:

– ئەو منی بینی، لەسەر پلیکانەکانی دەرمانخانەکە وەستابوو، وەها سەری دەکێشایە دەرەوە کە هەموو شار زانی چاوەڕوانی کەسێکە، کە گەیشتم سڵاوی کرد، ئیتر سووریش نەبووەوە، پرسی:

– ئەحواڵی چۆن بوو؟ نامەکەت پێی دا؟ گوتم:

– بەڵێ باش بوو و زۆریش سڵاوی دەگەیاند.

هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا و گوتی:

– خەمم، دەترسام زویر بن.

دوای تۆزێک ئەم پا و ئەوپای کرد و گوتی:

– وەڵامی نەدایەوە؟

– منیش وتم ئاگــادار نیم، من هـەر نامـــەکـــەم پێ دا و هـاتم، هەر ئەو کــاتە نەیاندەتوانی وەڵام بدەنەوە. باشە ئێستا چی ئەکەی؟ چاوەڕوانی وەڵامە.

– یانی من نامە بنووسم؟ وای نا، شەرمە من نـاتوانم، بەدڵنیاییەوە دەڵێت چەند کچێکی بێ شەرمە.

لەو کـاتەدا دایکم هـاتە ژوورەوە، لـە تەواوکردنی قـسـەکـردنەکەی منـدا دەیگوت، هـەر بـە ڕاسـتی ڕووداری! پەتـی دڵم پچـڕا، نەمـدەزانی چەندی لـە قـسـەکـانمان بیسـتووە، سـەیری پەروانەم کـرد، ئەویش تۆقـیـبوو. دایکم قـاپی مـیـوەکەی لەسـەر زەوی دانا و دانیشت.

– باشە لە کۆتاییدا تێ گەیشتی چ بێ شەرمە.

– ڕێک وەکو هەموو جارێک پەروانە زووتر بەخۆدا هات و گوتی:

– حەیفت نەکرد، ئەمە ڕووداریی نییە.

– چی، ڕووداریی نییە؟

– ئاخر دەزانن، من بە دایکمم گوت مەعسوومە دەیەوێت هەموو ڕۆژێ سەری لێ بدەم و وانەکانی بۆ بـاس بکەم، مـەعسـوومیش گوتی، ئێسـتـا دایکت دەڵێت چەند کچێکی بێ شەرمە!

دایکم سـەری ڕاوەشـاند، بـە گـومـانـەوە سـەیری کـردین و بەئەسـپـایی لە شـوێن خـۆی هـەسـتـا و لـە ژوورەکـە چووە دەرەوە، دەرگـاکـەی لە دوای خـۆی داخـست، ئاماژەم بۆ پەروانە کرد کە قسە نەکات، دەمزانی لە پشت دەرگاکەوە ڕاوەستاوە و گوێ لە قسەکانمان دەگرێت، بە دەنگی بەرز دەستـمان کرد بە قسەکردن لەسـەر قـوتابخـانە و دەرسـەکـانمان و باسی دواکەوتنی منمـان لە خـوێندن کـرد. دواییش پەروانە لە کـتێبی عـەرەبییـەکە دەسـتی بە خـوێندنەوە کرد. دایکم زۆری حـەز لە عەرەبی بوو، وای دەزانی قورئان دەخوێنین، لە پاش چەند خولەکێک دەنگی پێیمان بیست کە هەوڵی دەدا بە ئارامی لە پلیکانەکان بچێتە خوارەوە.

– باشە ڕۆیی، یەڵڵا بڕیار بدە، چی دەکەی؟ دەینووسی؟

– نە! نازانم. چی بکەم؟

– سەرئەنجام چی؟ یان دەبێت بینووسی، یان دەبێت لەگەڵی قسە بکەیت. نابێت تا کۆتاییی ژیانتان بە هێما و ئاماژە و بە تەنیشت یەکتردا تێ پەڕن. دەبێت بزانین مەبەستی چییە! لە بیری ژن هێناندایە یان نە، لەوانەیە بیەوێت بمان خەڵەتێنێت.

زۆر خۆش بوو، ئیتر من و پەروانە خەریک بووین تێکەڵ بە یەکتر دەبووین، چ لە قسەکانمان چ لە ڕەفتارەکانماندا، بە گشتی سوودمان وەردەگرت.

– من ناتوانم، نازانم چی بنووسم، تۆ بینووسە.

– من؟! من نازانم، تۆ دارشتنت زۆر لە من باشترە، زۆر شیعریش دەزانیت.

– هەرچی بە بیرتدا دێت بینووسە، منیش دەنووسم، دوایی پێکەوە دادەنیشین و شتێکی دروست و باشی لێ دەردەکەین.

عەسر بە دەنگی هاتوهاواری ئەحمەد کە حەوشەکەی هەڵگرتبوو، لە شوێنی خۆم ڕاچڵەکیم:

– بیستم ئەو کچە جرپنە هەموو ڕۆژێ بۆ ئێرە دێت، مانای چییە؟ ئەی من نەمگوت ئەو کچەم بەو ڕەفتارانەیەوە خۆش ناوێت، کاری چییە هەموو کاتێ دێت بۆ ئێرە؟

– هیچ نییە دایە، تۆ بۆ خوێنی خۆت تاڵ ئەکەی؟ دێت وانەکانی مەعسووم دێنێ و دەڕوات.

– هەڵەی کرد، با پێتان بڵێم، ئەگەر جارێکی تر لێرە بیبینم بە شەق دەیکەمە دەرەوە.

ئارەزووم دەکرد دەستم بە عەلی بگات، چینێک دەمکوتا، ئێستا ئەم کرمە خەریک بوو قسەی دەگێڕایەوە، لەبەر خۆمەوە گوتم: ناتوانێت هیچ هەڵەیەک بکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت بە پەروانە بڵێم ئاگادار بێت و کاتێ بێت کە عەلی لە ماڵ نەبێت.

تەواوی ئەو ڕۆژ و شەوە نامەم نووسی و سڕیمەوە، پێشتریش هەندێ شتم بۆ نووسیبوو، بەڵام هەمووی بە دەستنووسی داهێنانی خۆمان بوو، ناوەڕۆکەکانیشی زۆر خۆماڵی و پڕ هەست بوون، نەدەکرا لە نامەیەکی فەرمیدا بنووسرێت. ئەو داهێنانی شێوازی نووسینەش بەرهەمێکی هەنووکەیی بوو، چونکە لە ماڵی ئێمەدا

شـتـی تایبــەت بوونی نەبـوو، من تەنانـەت یەک کـۆمــەدی تایبــەت بە خــۆمم نەبوو، پاشـان، من پێویسـتیم بەوە هەبوو کە بنووسم، نەمدەتوانی لەم کـارە خـۆم لابدەم، دەبوایە بیـر و بۆچوون، خـواست و ئارەزووەکانم بخـەمـە سـەر کـاغـەز، تەنیـا بەم شێوەیە بیرکردنەوەم ڕێکوپێک دەبوو و بەوردی دەمزانی چیم دەوێت.

بەڕاسـتی نەمدەزانی دەشـێت چی بنووسم، تـەنانەت نەیشم دەزانی لە نامـەکـەدا چ ناوێک لەو بنێم، بەڕێز؟ نە! زۆر فـەرمی بوو، هاوڕێـی ئازیز؟ نە شـوورەیییـە، بە پێش ناوەوە؟ زۆر خـۆمـانـی دەبوو. نیـوەڕۆی پێنجشـەممە، پەروانە لـە قـوتابخـانەوە یەکسـەر بۆ ماڵی ئێمە هات، من هـێشتـا تەنانەت یەک وشـەم نـەنووسیبـوو. پەروانە لە هەمـوو جـارەکانـی تر پڕ جـۆش و خـرۆشـتـر بوو، کـاتێک فـاتی دەرگـاکـەی لێی کردەوە، بەپێـچەوانەی هـەمـوو جارێ تەنانەت دەستـی بە سـەریشیـدا نەهێنا، بەپەلە لە پلیکانـەکانەوە ڕایکردە سـەرەوە و بە شـەلەشـەل خـۆم گـەیاندە بەردەم دەرگـاکـە، پەروانە جـانتـاکەی فڕێدایە ناو ژوورەکە و هەر لەلای دەرگاکەوە لەسـەر فـەرشـەکە دانیشت، بە دەم ئەوەی بەزۆر پێڵاوەکانی لە پێی دەردەهێنا بەپەلەپـەل دەسـتـی بە قسەکردن کرد:

ئێستـا کە دەگەڕامەوە بانگی کـردم، گوتی: (خانم ئەحمەدی دەرمـانەکانی باوکت ئامـادەن). باوکە دامـاوەکەم، دیار نـییـە چییـەتی وا ئەوەندە دەرمـانی پێ دەدەن، سـوپاس بۆ خـوا کـە ئیـتـر مـریەمـە خـۆ هەڵقـورتێنەرم لەگـەڵدا نەبوو، چوومـە ناو دەرمـانخـانەکە، بەسـتەیەکی پێ دام خـستـمـە ناو جـانـتاکەمەوە. خـێـراکە جـانتاکە بکەرەوە، ئەوەتا لە سەرەوەیە.

دڵم وەکـو سیـر و سرکە دەکوڵا، لەسـەر زەوییەکە دانیشـتم و جانتـاکەم کـردەوە. بەسـتـەیەکی بچکۆلە بوو، بە کاغـەزی سپی پێچـرابووەوە، کاغـەزەکەم بەپەلە دڕاند، پەڕتووکـێکی شـیـعـر بوو لە پەڕتووکی گـیـرفـان، لە نێـوان لاپەڕەکـانیدا قـەراخـەی زەرفێک دیـاربوو، تەواوی جەسـتەم لە ئارەقـەدا تەڕ بوو، نامەکە بە دەستـمەوە بوو، پاڵم دا بە دیوارەکەوە، دەتگوت بەیەکجاری هەموو وزەیەکم لە دەست داوە، پەروانە تازە لـە دەست پێـڵاوەکـانی ڕزگـاری بـووبوو، لەســەر هـەردوو دەست و پێی هـاتە لامەوە و گوتی:

– ئێستا مەبووورێرەوە کاتم نییە، جارێ بیخوێنەرەوە و دوایی.

هەر لەو کاتەدا فاتی هاتە ژوورەکەوە، خۆی بە منەوە نووساند و گوتی:

– دایە دەڵێت، پەروانە خانم چایی دەخوات بۆی بێنم؟

– نە! نە...! زۆر سوپاس، من دەبێت زوو بڕۆمەوە ماڵ.

ئینجا دەستی فاتی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کوڵمی ماچ کرد و گوتی:

– بڕۆ، ئێستا بڕۆ سوپاسی دایکت بکە، ئافەرین کچی باش.

فاتی دووبارە خۆی بە منەوە نووساند، نەیدەویست بڕوات. زانیم ڕاسپێردراوە بەتەنیا جێمان نەهێڵێت. پەروانە نوقڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە فاتی دا و گوتی:

– ئافەرین بڕۆ، ئێستا دایکت لەم پلیکانانەوە دێتە سەرەوە، ڕاکە، پێی ئێشێت، بڕۆ پێی بڵێ من چاییم ناوێت.

بە ڕۆیشتنی فاتی پەروانە نامەکەی لە دەستم ڕفاند و لە کاتێکدا کە دەیگوت:

– خێراکە هەتا کەسی تر نەهاتووە. نامەکەی کردەوە. بەیەکەوە دەستمان بە خوێندنەوە کرد:

مەدمۆزێلی بەڕێز،

– تەماشای یەکترمان کرد......؟! هەردووکمان قاقا پێ کەنین، پەروانە گوتی:

– چەنێ خۆشە، مەدمۆزێل چییە؟

– باشە بەدڵنیاییەوە نەیویستووە لە یەکەمین نامەوە خۆمانە بێت، خانمیشم لێ نایەت، بە ڕاستی منیش هەر هەمان کێشەم هەیە، نازانم چۆن دەست پێ بکەم.

– واز بێنە، دەی چی ماوە بیخوێنەرەوە.

مەدمۆزێلی بەڕێز،

هێشتا ڕێگەم بە خۆم نەداوە لە پەڕەی نامەکەدا ناوتان بهێنم، ڕۆژانە هەزاران جار لە دڵی خۆمدا بانگت دەکەم، هەرگیز ناوێک بەو شێوەیە گونجاو و هاوئاهەنگی دەموچاوی خاوەنەکەی نەبووە، پاکی و سەرڕاستیی نیگا و دەموچاوی تۆ یەکەمین تایبەتمەندییە کە بەرچاو دەکەوێت. من بە دیداری ڕۆژانەی تۆ ڕاهاتووم، بەڕادەیەک کاتێ ئەم بەهرەیەم لێ دەسەندرێتەوە، نازانم لە ژیاندا چی بکەم؟

سنگم

ئاوێنەی تەمیی خەمە،

بە زەردەخەنەیەک

ئەو تەمە بڕەوێنە

ئەم ڕۆژانە کە لە دیدارتان بێ بەشم، ونبوویەکی سەرگەردانم، بە قسەیەک، پەیامێ، یادێک لەم تەنیاییەی من بکەرەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆم بدۆزمەوە. بەهەموو بوونمەوە ئاواتی چاکبوونەوەتان دەخوازم، بۆ خاتری خوا ئاگاتان لە خۆتان بێت.

سەعید

کاتێک عەلی هاتە ژوورەوە، هەردووکمان گێژ و مەست، لە وشە جوانەکانی نامەکەدا بە بێدەنگی لە خەوندا بووین، بەپەلە نامە و پەڕتووکەکەم لەژێر پێم شاردەوە. بە نیگایەکی نەیارانە و بە دەنگێکی دڕەوە گوتی:

– دایە دەڵێت ئەم پەروانە خانە بۆ نانی نیوەڕۆ دەمێنێتەوە؟

– وای نە، زۆر سوپاس، من خەریکم دەڕۆم.

– زۆر باشە، لەژێر لێوەوە بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

– ئیتر ئێمە. دەمانەوێت نان بخۆین.

لە ژوورەکە چووە دەر، ئەوەندە تووڕە و شەرمەزار بووم، نەمدەزانی چی بڵێم، پەروانەش بەتەواوەتی سەرنجی ساردوسڕیی ماڵی ئێمەی دابوو، گوتی:

– من زۆر هاتوومەتە ئێرە، وا دیارە هەموو لێم بێزار بوون، تۆ کەی دێیتەوە قوتابخانە؟ ئەمڕۆ دە ڕۆژە نووستووی، ئیتر بەسە، مردم لە دەست ئەم نمایشکردنە.

– منیش ئیتر خەریکە شێت دەبم، زۆر ماندوو بووم، شەممە بۆ قوتابخانە دێم.

– دەتوانی؟ قەیناکا؟

– نە، زۆر باشترم، تاکو شەممەش وەرزش دەکەم.

– باشە ڕزگارمان دەبێت، بەخوا چیی تر لە ڕووم هەڵنایەت تەماشای دایکت

بکەم، شەممە سەری سەعات حەوت و نیو دێمە شوێنت.

بەپەلە ماچی کردم و بێ ئەوەی قەیتانەکانی پێڵاوەکەی ببەستێت، لە پلیکانەکان چووە خوارەوە، گوێم لێ بوو لە حەوشەکە بە دایکمی گوت:

– داوای لێبووردن دەکەم، ناچار بووم بێم، ئاخر شەممە تاقیکردنەوەمان هەیە، دەبوایە بە مەعسووم بڵێم وانەکانی ئامادە بکات، سوپاس بۆ خوا لەوە دەچێت پێیشی باشترە، شەممە دێمە شوێنی هێدی هێدی بۆ قوتابخانەی دەبەم.

– پێویست ناکات، هێشتا پێی چاکەوە نەبووە.

– ئاخر تاقیکردنەوەمان هەیە!

– با هەتانبێت، زۆریش گرینگ نییە، وا عەلی دەڵێت مانگێکی ماوە بۆ تاقیکردنەوەکان.

پەنجەرەکەم کردەوە و گوتم:

– نە دایکە گیان دەبێت بڕۆم تاقیکردنەوەی ئەزموونییە، لەگەڵ تاقیکردنەوەی سەرەکی کۆدەبێتەوە.

دایکم بەتوورەییەوە پشتی لە من هەڵکرد و چووە چێشتخانەکەوە، پەروانە سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد، چاوێکی داگرت و ڕۆیشت.

هەر لەو ساتەوە دەستم بە ڕاهێنانی ڕۆیشتن کرد. هەرکە پێم دەیەشا، دادەنیشتم و پێم دەخستە سەر سەرینەکە، لە جیاتی یەک زەردێنەی هێلکە بە دوو زەردێنە و ڕۆنەکانی تر پێم دەپێچایەوە. لەو نێوەندەشدا هەر کاتێک بوارم بۆ بڕەخسایە، نامەی ئازیزترین و بەنرخترین کەسی ژیانم دەخوێندەوە. بە خۆمم دەگوت: بۆچی دەبێت ئەو سینەی ئاوێنەیەک بێت لە تەمی خەم، دیارە کێشەی زۆری هەیە لە ژیاندا، ئاشکرایە، بەرپرسیارێتیی ژیانی دایک و سێ خوشک، خوێندن و کارکردن ئاستەمە، لەوانەبوو ئەگەر ئەم هەموو بەرپرسیارەتییەی نەبوایە و باوکی بمایە، هەر ئێستا بهاتبایە بۆ خوازبێنیم، ئاغای دوکتۆر گوتوویەتی خێزانێکی ئابروومەندن، من ئامادەم لەگەڵ ئەودا لە ژوورێکی شێداریشدا بێت، ژیان بەسەر بەرم، بەڵام ئەوەی کە نووسیویەتی ناو و دەموچاوم لەگەڵ کەسایەتیمدا دەگونجێن، دڵتەنگم دەکات، ئەی باشە وەرگرتنی ئەم نامانە بەڵگەی ناپاکیی من نین؟ ئاخۆ ئەگەر من بە ڕاستی پاک بوومایە، ئاشق دەبووم؟

بەڵام بەخوا ئەمە بەدەستی خۆم نەبوو، زۆر هەوڵم دا بیر لەو نەکەمەوە، کە دەیبینم دڵەکوتێم نەبێت، دەموچاوم سوور نەبێتەوە، بەڵام نەمتوانی ڕێگری لە هیچ کامیان بکەم، نەمتوانی بەرگری بکەم.

شەممە لە هەموو ڕۆژێ زووتر لە خەو هەستام، لە ڕاستییدا هەموو شەوەکە بەخەبەر بووم، جلم لەبەر کرد، نوێنەکەم هەڵگرت بۆ ئەوەی بۆ هەموویان بسەلمێنم کە چیی تر نەخۆش نیم، گۆچانەکەی نەنکم کە ئەم ڕۆژانە زۆر فریام کەوت خستمە لاوە، دەستم گرت بە مەحجەرەی قەراخی پلیکانەکە و هاتمە خوارەوە. لە لای خوانی بەیانی دانیشتم. باوکم گوتی:

– ئێستا دڵنیای دەتوانی بۆ قوتابخانە بڕۆی؟ ئەگەر دەتەوێت لە پشت ماتۆڕەکەی مەحموود دانیشە با بتبات.

مەحموود لەژێر چاوەوە مۆڕەیەکی لە باوکم کرد و گوتی:

– باوە ئەم قسانە چییە؟ ئیتر هەر ئەوەی ماوە بێ حیجاب لە پشت ماتۆڕی پیاوێکەوە سوار بێت.

– نە بابە، سەرپۆشی لە سەردایە، وا نییە؟

– بێگومان، تا ئێستا کەی من بێ سەرپۆش چوومەتە قوتابخانە؟

– تۆ برایت، پیاوی نامەحرەم نیت.

– ئەستەغفیروڵڵا! باوە دەڵێی ئەم تارانە تۆشی لە ڕێ دەرکردووە!

من خۆم تێ هەڵقورتاند و گوتم:

– نا باوکە پەروانە دێتە شوێنم، یارمەتیم دەدات، پێکەوە دەڕۆین.

دایکم لەژێر لێوەوە بۆڵە بۆڵێکی کرد، بەڵام دیار نەبوو چی دەڵێت، ئەحمەدی برام بە تووڕەییە هەمیشەییەکەی و چاوە ئاوساوەکانیەوە کە لە ئەنجامی ئارەق خواردنەوەی دوێنێ شەو بوو، گوتی:

– هاها، کێ، پەروانە؟ ئێمە دەڵێین نابێت لەگەڵ ئەم کچە بڕۆی، خانم دەیکاتە گۆچانی دەستی!

– بۆچی، بۆ چییەتی؟

– چی نییە؟ جرپنە، هەڵبەز و دابەز دەکات، دامەنەکەی کورتە، بە ناز دەڕوات.

سوورەوە بووم و گوتم:

- كـوێی دامــەنەكـەی كـورتە، لە قـوتابخـانـە لە هـی هـەمـوویـان شـۆڕترە، ئەو وەرزشكاریشـە و لەو نازومازكەرانەش نییـە، پاشان تۆ بۆ ئەوەندە تـەماشای كچی خەڵكی دەكەیت وا دەزانیت ناز دەكات؟

- لاڵ بە، دەنا وەها دەدەمە ناو دەمت هـەموو ددانەكانت بكەون، دایە چاوت لێیە چەند بێ شەرم بووە.

باوكم بە بێزارییەوە گوتی:

- بەسە، كۆتاییی پێ بێنن، من ئاغای ئەحمەدی دەناسم، پیاوێكی زۆر شـەریفە. زۆر پیـاوێكی ڕۆشنبیـر و تێگەیشـتووە، مـامـۆ عـەباس لە كێشـەیەكیـدا كە لەگەڵ ئەبولقاسـم سـەوڵەتی هـەیبـوو لەسـەر دوكـانەكەی تەنیـشـتییـەوە، ئـەمی كردبوو بە دادوەر، هیچ كەسێک قسە لەسەر قسەیەوە ناكات، هەموو لێی ڕازین.

ئەحمەد، لە كاتێكدا لە تووڕەییدا سوورەوە بووبوو، ڕووی كردە دایكم و گوتی:

- فـەرمـوون، ئینجـا دەڵێن كـچـەكـە بۆ وا ڕوودار بووە، كـاتێك هـەمـوو ئاوها بەرگـری لێ بكەن، ئیـتـر بۆ بێ شـەرم نـەبێت، بڕۆ، دادە بـڕۆ، ئەسـڵـەن ئەو كـچـە پەیكەری نەجابەتە، بڕۆ نەریتی ئابڕوودارییی لەوەوە فێر ببە.

هەر لەو كاتەدا دەنگی زەنگەكە هات، بە فاتیم گوت:

- پێی بڵێ ئێستا دێت.

بۆ كـۆتاییـهێنان بە بشـێـوی لەگـەڵ ئەوانی تردا، بە هـەرچی خێـراییـیـە كـە لە توانامـدا هـەبوو سـەرپۆشـەكەم بەست و بەپەلە، بە شـەلەشـەل مـاڵئـاواییم كرد و لە دەرگاكە چوومە دەرەوە.

هەوا ساردەكەی شەقام بەر دەموچاوم كەوت، چەند خولەكێ وەستـام تا هـەست بەو هـەوا پاكـە بكەم و هـەڵی بمژم، هەوا بـۆنی گـەنجی، ئەشق و شـادی لێ دەهات. پاڵم دا بە پەروانەوە، هێشـتـا پێم دەیەشـا، بەڵام گرینگ نـەبوو، هەوڵم دا سـەلیقـەم چالاک بكەمــەوە و هێــدی و ئارام بـەرەو قـوتـابخــانە بـەڕێ كـەوتـین. لە دوورەوە سەعیدم بینی لەسـەر پێپلكەی دووەمی دەرمـانخانەكە وێستابوو، سـەری دەكێشا. كـاتێک ئـەویش ئێمـەی بینـی، دوو پێپلكەی كـردە یەک و بۆ پێشـوازیمان هات، من لێوم گەست، ئەو تێ گەیشت كە كارێكی دروستی نەكردووە، گەڕایەوە و جارێكی

تر له سـەرووی پلیکانەکـان وەسـتـا. کـاتـێ چاوە تـاسـە ئامـێـزەکـانـی بە پێـیـە پێچراوەکەم و ڕۆیشتنە لەنگەکەم کەوت، ڕەنگی بزڕکاو و خـەمی لێ نیشت، دڵم لە قووڵاییی سنگمـەوە بـەرەو لای ئەو باڵی گرتەوە. دەتگوت سـاڵانێکە ئـەوم نەبینیوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دوا دیداردا هەسـتم بە نزیکبوونەوەیەکی پتر دەکرد. ئێستا باشـتر دەمناسی، دەمزانی ئەویش هەسـتی بۆ مـن چۆنە و زیاتر لە هەمـوو کـاتێک خۆشم دەویست. کە گەیشتینە بەردەم دەرمانخانەکە پەروانە گوتی:

– ماندوو بووی، کەمێک بوەستین.

دەسـتم بە دیوارەکەوە گرت و لەژێر لێوەوە وەڵامی سـڵاوەکـەیم دایەوە، بەئارامی گوتی:

– پێت زۆر دێشێت؟ دەتەوێت دەرمانێ، ئارام بەخشێک، شتێکتان پێ بدەم؟

– سوپاست دەکەم، گرینگ نییە، ئێستا زۆر باشترە.

پەروانە بەشڵەژاوییەوە گوتی:

– وریابە، عەلیتان خەریکە دێت.

بەپەلە ماڵئاواییمان کرد و بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتین.

ئەو ڕۆژە وانـەیەکـی وەرزشـــمـــان هـەبـوو، وانـەیـەکـیـش نـەچـووینـە پۆلـەوە، خـــوا دەزانێت چی قـسـەگـەلێکی نەوتراو لە سنگمـاندا پـەنگی خـواردبووەوە. کـاتێک بەڕێوەبەر لە حـەوشـەکە دەگـەڕا خۆمـان لە ئاودەسـتەکە شـاردەوە، پاشـتر لە پشت هۆڵی نانخواردنـەکە لەژێر خۆرەتاوی بێ تینی مـانگی ڕەشـەمێ دانیـشتین، دووبارە و سێ بـارە بە نامـــەکـــەدا ڕۆیشـــتـیـنـەوە، باسی بـاشی، مـیـــهـرەبانـی، ڕەوشت، دەستوخەتی، داڕشتن و ڕۆشنبیریی ئەومان کرد و چێژمان بینی. گوتم:

– پەروانە پێم وابێت تووشی نەخۆشی دڵ بوومە.

– وەی! بۆ؟

– ئاخر لێدانی دڵم ئاسایی نییە، بەردەوام دڵەکوتێم هەیە.

– کاتێک دەیبینی یان کاتێک نایبینی؟

– کە دەیبینم دڵم هێند بەخێرایی لێ دەدات کە هـەناسـەم دەبڕێت، بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەمە هی نەخۆشیی دڵ نییە گیانە، ئەمە هی نەخۆشی ئەوینداریيە، منێک کە هیچ کـارەم، کـاتێ پیـاوێک لـە بەردەمم سـەوز دەبێت، دڵم بەخـێـرایی دەکـەوێتـە خوارەوە و دڵەکوتێ دەگرم، وەی بە حاڵی تۆ.

– پێت وایە کە هاوسەرگیریش بکەین هەروا بم؟

– تۆ چەنێ گەوجی! ئەگەر ئەو کاتەش هەرئاوها بووی بەدڵنیایییەوە برۆ بۆ لای دوکتۆری دڵ، ئیتر ئەو کاتە بەڕاستی نەخۆشی دڵت گرتووە.

– وای، دەبێت بەلای کـــەمـــەوە دوو ســـاڵی تریش بوەســـتم، تاکـــو ئەویش خوێندنەکەی تەواو دەکات، دیارە خراپیش نییە، هەتا ئەو کاتە منیش دیپلۆمەکەم وەردەگرم.

– بەڵام دوو ساڵیش سەربازیی هەیە، مەگەر ئەوەیە ئەگەر زووتر ڕۆیشتبێت.

– نە بڕوا ناکەم، بۆچی ئەو چەند ساڵانە؟ پێم وابێت هەر پێویستیش نەکات بۆ ســەربازی بڕوات، چونکە تاقـە کـوڕە، بـاوکـیـشی مـردووە، ئەویش ســەرپەرشـتی بنەماڵەکەیەتی.

– لەوانـەشــە، بەڵام باشــە، دەشــێت کـار بـدۆزێتــەوە، لـەو باوەڕەدایت بتــوانێ خەرجی دوو خێزانی پێ بدرێت؟ دەرمانسازەکان داهاتیان چەندە؟

– نازانم، بـەڵام ئەگـەر پێـویست بکات من دەچم لەگـەڵ دایک و خـوشکەکـانی دەژیم، بۆ ئەوەی خەرجی زۆر نەبێت.

– واتا ئامـادەی بچیـتـە شـارۆچکە، لەگەڵ خـەسـوو و خـوشکی مێـرددا بژیت؟ ئەویش سێ دانە، ئینجا زمانیشیان تورکی بێت و تۆش تێ نەگەی چی دەڵێن!

– بەڵێ، دیارە کـە ئامـادەم، لـەگەڵ سـەعـیـددا ئـامـادەم بۆ دۆزەخـیش بڕۆم، هەر شـوێنێ ئەو پێی خـۆش بێت، خـۆ ورمـێ شـارێکـی زۆر باشــە، باسی دەکـەن چەند خۆش و پاکە.

– واتا لە تارانیش باشتر؟

– هیچ نەبێت ئاوو هەواکەی لە قوم باشترە، من خۆم لە قوم گەورە بووم، ناشێ لە بیرت چووبێتەوە؟

چ خەونگەلێکی شیرین، هەروەکو کچانی ڕۆمانسی تەمەن پازدە و شازدە ساڵە،

ئامادە بووم لەگەڵ ئەودا بۆ هەموو شوێنێ برۆم، هەر کارێک ئەو دەیەوێت بیکەم. ماوەیەکمان بە خوێندنەوەی وەڵامی نامەکانی کە نووسیبوومان بەسەربرد، پێکەوە پیایاندا دەچووینەوە، هەوڵمان دەدا لە نێوان ئەوانەدا نامەیەکی دروست و چاک بنووسین، بەڵام نەدەبوو، دەستەکانم تەزی بوون و نووسین لەسەر جانتاکەم دەستوخەتمی زۆر ناشیرین دەکرد. بریار بوو شەو نامەکەم پاکنووس بکەم و رۆژی دوایی بە سەعیدی بدەم.

ئەو بەیانییەی زستان لە خۆشترین و گەرمترین رۆژەکانی ژیانم بوو، هەستم دەکرد دنیا لە ناو دەستی مندایە، هەموو شتێکم هەبوو، هاورێی باش، ئەشقێکی راستەقینە، گەنجی، جوانی، داهاتوویەکی روون، هێندە بەختەوەر بووم، تەنانەت ئازارەکەی پێیشم خۆشدەویست کە بەهۆی دانیشتن لەبەر سەرما سات لە دوای سات پتر دەبوو. ئاخر ئەگەر پێم وەرنەگەرابایە ئەو نامە دڵگیرانەم پێ نەدەگەیشت.

پاش نیوەرۆ ئاووهەوا دووبارە ناخۆشی کرد، بەفرێکی پەرش و بڵاو دەستی بە بارین کرد، مەچەکی پێم دەیزریکاند، بەرێوەچوونم زۆر دژوار بوو، لە رێگەی گەرانەوەدا قورسایی خۆم بەتەواوەتی خستبووە سەر پەروانە، هەر چەند هەنگاوێ رادەوەستاین و هەناسەیەکی تازەمان هەڵدەکێشا، هەرچۆنێک بێت گەیشتینە دەرمانخانە، سەعید بە بینینی ئەو دۆخەی من بەرەو رووم رای کرد و ژێر باڵی گرتم، یارمەتی دام لە پلیکانەکان سەرکەوتم، لەسەر قەنەفەی ناو دەرمانخانەکە کەوتم. ژوورەوەی دەرمانخانەکە گەرم و رووناک بوو، جادەکە لە پشت پەنجەرە بەرز و هەڵم گرتووەکەوە تاریک و سارد دەهاتە بەرچاو، دوکتۆر لەگەڵ ئەو نەخۆشانە سەرقاڵ بوو کە لە بەردەم مێزەکە وەستابوون، دانە دانە بانگی دەکردن و سەبارەت بە دەرمانەکانیان روونکردنەوەی دەدا، هەموو هۆشیان بەلای ئەوەوە بوو، کەس سەیری ئێمەی نەدەکرد کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبووین، سەعید لەسەر زەوییەکە لە بەردەم من دانیشت و پێمی بەرز کردەوە و خستییە سەر مێزەکەی بەردەم قەنەفەکە، بەوریاییەوە دەستی دا لە مەچەکە پێچراوەکەم، دەست لێدانی ئەو تەنانەت لەسەر ئەو هەموو پارچە و بەندەوە وەکو دەست بەرکەوتنی تەزووی وایەری رووتی کارەبا وابوو، موچورکی بە هەموو جەستەمدا هێنا، سەیر لەوەدا بوو کە ئەم موچورکە بەویش گەیشت، بەمیهرەبانییەوە

تەماشایەکی کرد و گوتی:

– هێشتا ئاوساوییەکەی زۆرە، نەدەبوا لەسەری بڕۆیشتایەی، من مەرهەمێک و هەندێک ئارام بەخشم بۆ داناوی، مەرهەمەکە لە پێت هەڵسوو.

چووە پشت بوفییەکەوە، بە نیگا شوێنی کەوتم، بە پەرداخێک ئاو و حەبێکەوە گەڕایەوە، حەبەکەم خوارد، کاتێک کە پەرداخەکەم دایە دەستییەوە نامەیەکی تریشی پێ دام، نیگاکانمان بەیەکەوە گرێدران، هەموو شتێک لە چاوەکانیدا ڕەنگی دایەوە، پێویستیمان بە قسەکردن نەبوو. ئێشەکەم لەبیر چووەوە، لەو بەولاوە هیچ کەسێکی ترم نەدەبینی، هەموو دەوروبەر لەناو خەرمانەیەکی تەمدا نوقوم بووبوون، دەنگەکان لێڵ و ناڕوون بوون، لە دنیایەکی تردا پیاسەم دەکرد، چەند دۆخێکی خۆشم هەبوو، لە پڕ بە ئەنیشک لێدانەکەی پەروانە بەخۆدا هاتم.

– ها چییە! چی بووە؟

– ئەوێ، ئەوێ!

بە برۆکانی ئاماژەی بە پشتی پەنجەرەکە کرد. نائاگە ڕێک دانیشتم، دڵم کەوتە تەپەتەپ، عەلی لە پشت پەنجەرەکە وەستابوو، دەستەکانی بە هەردوولای دەموچاوییەوە گرتبوو، سەیری ناوەوەی دەکرد. پەروانە ئاوڕی دایەوە لای من و گوتی:

– چیتە؟ ئێستا بۆ وا وەکو زەردەچەوەت لێ هاتووە.

هەستا و لە دەرمانخانەکە چووە دەرەوە و بانگی کرد:

– عەلی، عەلی، وەرە، وەرە هاوکاری بکە، دیسان پێی مەعسووم ئازاری هەیە، ئێشی زۆرە، ناتوانم بە تەنیا بیبەمە ماڵەوە.

عەلی تەماشایەکی نەیارانەی پەروانەی کرد و تێی قوچاند، پەروانە گەڕایەوە، شانەکانی بەرزەوە کرد و گوتی:

– چۆن تەماشای دەکردم، دەیویست سەرم هەڵبکەنێت.

پاش ئەوەی بە هەزار بەدبەختی گەیشتینە بەر دەگای ماڵەوە ڕۆژ ئاوابوو و تا ڕادەیەک دنیا تاریک بوو، هێشتا دەستم بە زەنگەکە نەگەیشتبوو، دەرگا کرایەوە یەکێک ڕایکێشامە ژوورەوە، پەروانە نەیزانی چی بووە، ویستی بەشوێن مندا بێتە ژوورەوە، دایکم هەڵمەتی بەرەو لای ئەو برد و پاڵی نایە دەرەوە و گوتی:

– ئیتر نامەوێت لەم ناوە بتبینم، هەرچییەک دەکێشین بە بۆنەی تۆوەیە!

دەرگاکەی بەقایمی لە ڕووی داخست. من لە پلیکانەکانی بەردەم دەرگاکەوە کەوتمە ناوەڕاستی حەوشەکە، عەلی قژمی لە دەوری دەستی ئالاندبوو و منی بۆ ناو ژوورەکە ڕادەکێشا، بەلاّم من بیرم لە لای پەروانە بوو، لە شەرمەزاریدا ئاواتم دەخواست ببمە دڵۆپێ ئاو، قیژاندم:

– گەوجەی نەفام، وازبێنە.

دایکم هاتە ژوورەکە لە کاتێکدا کە نەفرەتی دەکرد و دژوێنی دەدا، نوقورچێکی قایمی لە بازووم گرت:

– چی بووە؟ چیتانە، بۆچی هەموو شێت بوون؟

– کچێ دەتویست چی بێت، هەی بێ ڕەوشت، ئێستا ئیتر بە بەرچاوی هەموو کەسێکەوە لەگەڵ پیاوێکی نامۆ چاوبڕکێ دەکەیت؟

– کامە پیاوی نامۆ؟ پێم دەیەشا، دوکتۆرەکەی دەرمانخانە سەیری پێی کردم و دەرمانی پێدام، هەر ئەوە بوو. خەریک بوو لەبەر ئازار دەمردم، خۆ دوکتۆر مەحرەمە.

– دوکتۆر....! دوکتۆر! ئەمە لە کەیەوە هەر شاگردە دوکانێک بووەتە دوکتۆر؟ وا ئەزانی من کەرم نازانم، تازە بەتازە زیخ چووەتە پێڵاوەکەتەوە؟

– توخوا دایە ئەم قسانە چییە دەیکەیت؟

عەلی کە دەمارەکانی ملی ئاوسابوو، لە کاتێکدا من لەسەر زەوییەکە دانیشتبووم، شەقێکی لێ دام و گوتی:

– ئەرێ بە گیانی خۆت، خۆم هەموو ڕۆژێ دەکەومە شوێنتان، ئەو کوڕە بوودەڵەیە لە بەردەم دەرگای دوکانەکە دەوەستێت، هەر سەرەتاتکێ دەکات تاوەکو ئەم خانمانە دێن، هەموو هاوڕێکانیشم دەزانن، دەڵێن خوشکەکەت و هاوڕێکەی لە تەک ئەم کوڕەن.

دایکم کێشای بە سەر خۆیدا:

– خوا بکات لەسەر تەنەشۆری ماڵ بتبینم، بزانە چ ئابڕوو چوونێکت بۆمان نایەوە؟ ئێستا چۆن وەلاّمی باوک و براکانت بدەمەوە؟

نوقـورچێکی تری لـه بازووم گـرت. لەو کـاتدا دەرگـای ژوورەکـه کـرایەوە سـەر پشت، ئەحـمـەد بە چاوە سـوورەوەبـووەکـانی و مـشـتـە گـڵـۆڵە کراوەکەیەوە سـەیری دەکردم، دیاربوو گوێی لە قسەکان بووبوو، بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

– ئاخـری کـاری خـۆت کرد؟ فـەرمـوو دایە وەری گرە! مـن لە سـەرەتاوە دەمـزانی ئەمـە پێی بگاتە تاران و هـەمـوو ڕۆژێک خـۆی برازێنـێـتـەوە و لەگـەڵ ئەو کـچـە بە شـەقـامەکـاندا بڕوات، ئـابڕوومان دەبات، فـەرمـوو، ئـیـتـر بـە چ ڕوویەکەوە لە بەردەم دەر و دراوسـێ سـەر بەرز دەکەیتەوە؟

– قیژاندم:

– بۆچـی چیم کــردووە؟ بە گــیــان باوکم خـــەریک بـوو لە ناوەڕاست جــادەکــە دەکەوتم، بردیانمە دەرمانخانەکە حەبێکی ئارام بەخشیان دامێ.

دایکم تەمـاشـایەکی پـێی کردم. وەکو سـەرین ئـاوسـا بوو، هـات دەسـتی لێ بدات، زریکەم بەرز بووەوە.

– وازی لێ بێنە، بەم هـەموو ئابڕووبەرییەی ناویەتەوە هێشتا دەتەوێت بیگۆڕی؟

– دیســـان دەڵێی ئابـڕووبردن، مـن ئابڕووم بـردوون یان تۆ؟ هـەمـــوو شــــەوێ بە مەستی دێیتە ماڵەوە، لەگەڵ ژنێکی مێرددارد‌ا دەستت تێکەڵ کردووە.

ئەحـمەد بازی دایە ناوەڕاسـتی ژوورەکە و بە پشت دەسـتی وەهـای کێشـا بە ناو دەممدا کە تامی سوێری خوێن ناو دەمی پڕکردم. شێت بووبووم، هـاوارم کرد:

– بۆچی درۆ دەکـەم؟ خـۆم بینـیم، مـێـردەکـەی لە مـاڵ نەبوو، بـەهێـواشـی چووە ماڵیانەوە، ئەمەش یەکەم جاری نییە.

– مـشـتـێکی تـری بەر ژێر چاوم کـەوت، ســەرم گێـژی خـوارد، ئەسـتـێـرەکـانی بەرچاوم درەوشـانەوە، بۆ ساتێ وام دەزانی کوێر بووم، دایکم قیژاندی:

– کچێ لاڵ بە، شـەرم بکە.

– باشـە، ئەگەر بە مێردەکەیم نەگوت!

– دایکم هات و دەمی گرتم و گوتی:

– ئەرێ ناڵێیم لاڵ بە!

– ئەمجـارەش سـەرم لەژێر دەسـتی دەرهێنا و بەتووڕەییـیەکەوە کـە بێ دەسـەڵاتیم

چەندان هێندەی کردبووەوە، هاوارم کرد:

– ئەی ئێوە نازانن هەموو شەوێ بەمەستی دێتە ماڵەوە، تاکو ئێستا لەبەر چەقۆکێشان دوو جار براوەتە بنکەی پۆلیس. ئەمانە ئابڕووچوون نین؟ بەڵام منی داماو حەبێکم لە دەرمانخانە خواردووە ئابڕووتانم بردووە.

دوو هورووژمی یەک لە دوای یەک، هەتا ناو گوێچکەمی هێنایە ئێش، بەڵام بە دەستی خۆم نەبوو، نەمدەتوانی ئارام ببمەوە.

– کچێ دەمت داخە، ئیشەڵلا وەناق بگری، ئەو پیاوە، بەڵام تۆ کچی!

دای لە گریان و دەستی بەرەو ئاسمان بەرزەوە کرد و گوتی:

– ئەی خوایە فریام کەوە، پەنا بۆ کێ بەرم، یاخوا کچەکە ئاگرت تێ بەربێت، یاخوا لەتوکوت بی....!

بەبێ هۆشی لە گۆشەیەکی ژوورەکە کەوتبووم، هەستم بە بێ چارەییەکی ئێجگار سەیر دەکرد، فرمێسک لە چاوەکانمدا قوڵپیان دەدا، عەلی لەگەڵ ئەحمەد لە حەوشەکەدا چپە چپیان دەکرد، دەنگە بوغزگرتووەکەی دایکم لە چێشتخانەکەوە قسەکانیانی بڕی.

– عەلی ئیتر بەسە، لاڵ بە!

بەڵام وا دیار بوو عەلی وازی نەدەهێنا، نازانم ئەم هەموو هەواڵانەی چۆن کۆکردبووەوە، جارێکی تر دایکم بەتووڕەییەوە گوتی:

– عەلی بەسە، ڕاکە بڕۆ لەسەر کۆڵانەکە نان بکڕە.

هەرچۆنێک بێت بەزۆرەملێ ئەوی نارده دەرەوە.

دەنگی یائەڵڵاکەی باوکمم گوێ لێ بوو، هەرگیز کۆتا بەم خووەی نەدەهات، هەرچەندە لە خۆمان زیاتر ژنی تر لە ماڵەکەدا نەبوو، ئەو هەر بەم شێوەیە ئامادەبوونی خۆی ڕادەگەیاند.

– ئێی! سلاو ئاغا مستەفا، زوو هاتیتەوە...؟

– بەم سەرمایە هیچ کەس بۆ کڕین نایەت، گوتم با زووتر دایخەم، چیتە؟ شڵەژاوی، ئەوە ئەحمەدە لە قەراخ حەوزەکە دانیشتووە، باشە ئەویش هاتووەتەوە، ئەی مەحموود؟

– نە، جاریٚ مەحمموود نەگەیشتووە، باشە ئیتر، منیش هەرئەوە دەڵێم. هەموو کاتێک مەحمموود پێش تۆ دەهاتەوە.

– بارودۆخی سەر شەقامەکان باش نییە، ماتۆڕەکەشی نەبردووە، دەبێت بە ئۆتۆمۆبێل بێتەوە، وا دیارە ئۆتۆمۆبێلی دەست نەکەوتبێت، ئەم بەفر و سەهۆڵبەندانەشمان لە کۆڵ نابێتەوە، دەڵێی ئەمساڵ زستان نیازی نییە تەواو بێت... چییە خانم وابزانم ئەمشەو مسیۆش دایخستووە وا هەندیٚ کەس هاتوونەتە ماڵەوە؟

باوکم زۆر کەم لەگەڵ ئەحمەد قسەی دەکرد، تانە و تەشەرەی وەهای فریٚ دەدا، بووکیٚ بە تۆمە خەسوو گوێت لیٚ بێت.

– نە، هەتاوەکو پێگەی خۆمی لەم ماڵەدا بۆ دیاری نەکەم ناڕۆم.

باوکم دەستی بەم لا و ئەولای دەرگاکەوە گرت و خەریکی داکەندنی پێڵاوەکانی بوو، ڕووناکی گڵۆپی ڕێڕەوەکە لایەکی ژوورەکەی ڕووناک دەکردەوە، من لە تاریکییدا لە تەنیشت کورسییەکەوە کەوتبووم و ئەو نەیدەتوانی بەباشی بمبینێت، بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– سەیرە، لە جیاتی ئەوەی ئێمە دۆخی خۆمان لەگەڵ بەڕێزی یەکلا بکەینەوە، بەڕێزی خەریکە دەستپێشخەری دەکات.

– لەگەڵ تۆ نا، لەگەڵ ئەو کچە بەد ڕەفتارەت.

باوکم ڕەنگی وەکو گەچ سپی هەڵگەڕا.

– ئاگەت لێیە چی دەڵێیت؟ ئابڕووی خوشکەکەت ئابڕووی تۆیە، شەرم ناکەی قسەی وا دەکەیت؟

– برۆ بابە! ئەمە چیی تر ئابڕووی پێمان نەهێشتووە، سەرت لەژێر ئەم بەفرە دەرکە باوە، کەم بە منەوە بئاڵیٚ، تەشتی ڕیسواییت لە سەربانەوە بەربووەتەوە، لە هەموو شوێنێک دەنگی داوەتەوە، ئەوە هەر تۆی پەمووت خستووەتە گوێت بۆ ئەوەی گوێت لیٚ نەبێت.

باوکم بە ئاشکرا دەلەرزی، دەمارەکانی ناوچەوانی وەها ئاوسابوون لە دوورەوە دەبینران. دایکم بە پاڕانەوە و ترسێکی زۆرەوە گوتی:

– ئەحـمـەد گـیـان ئەحـمـەد! خـوا بمکاتە قـوربانت، یاخـوا دەرد و بـەڵات لە من بکەوێ، ئەم قسـانە مەکە، باوکت خەریکە دەکەوێت ها...! ئێستـا هیچ نەبووە، پێی ئێشاوە و دەرمانیان پێ داوە.

باوکم تازە هاتبووەوە سەرە خۆی گوتی:

– ژنەکە لێی گەڕێ بابزانم چی دەڵێت؟

– لەو نازدارەت بپرسە.

– نیگای باوکم لەگەڵ ئاماژەکەی دەستـی ئەحمەد بەرەو لای من وەرگەڕا، منیش یەک تەخت لە تەنیشـت کورسـیـیـەکەوە کەوتبووم، وا دیار بوو بەباشـی نەیدەبینی، گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساند. نازانم ڕووخسـارم چی بەسـەر هاتبوو کە باوکم بە سامناکییەوە گوتی:

– یا قەمەر بەنی هاشم! چییان لێت کردووە؟

هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی من دانیشێنێت، دەستەسرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خـوێنەکـەی لای لێـومی پاک کـردەوە، دەسـتـەسـڕەکەی بـۆنی فـێنکیی گـوڵاوی لێ دەهات، جارێکی تر پرسی:

– کێ ئەم بەڵایەی بەسەرت هێناوە؟

خێراییی بارینی فرمێسکەکانم پتر بوو.

– نامەردی بێ شەرەف، دەسەڵاتت بەسەر کچاندا دەشکێت؟

– فـەرمـوو! پیـاوخـراپیش بووین، ئێـمـە نامـووس و مـامـووسـمـان هـەر نیـیـە، بە دۆزەخ ئەکەوێتـە دەست هـەر کـەس و ناکـەسـێ، دەشێ لەمـەولا کڵاوی بێ غـیـرەتی لەسەر بکەین.

نەمزانی کەی مەحمـوود هاتبووە ماڵەوە کەوا بەپەشۆکاوی لە نێوانی ژوورەکە و حەوشەکەدا وەستاوە، تەماشای منی دەکرد، دایکم ڕۆڵەکەی بە دەستەوە گرت و لە کاتێکدا چارشێوەکەی بە دەوری ملییەوە دەپێچایەوە گوتی:

– ئیـتر بەسـە! ئیتر بەسـە سـەڵەوات لێ بدەن، دەمـەوێت نانی ئێـوارە دابنێم، بڕۆ ئەولاوە، تۆیش ئەم سفرەیە بگرە و لەوێ داینێ، فاتی، فاتی، لە کوێی جوانەمەرگ؟

بە درێژاییی ئـەم مـاوەیە فـاتی لەوێ بوو، بـەڵام هیـچ کـەس هـەسـتـی بە بوونی ئەو

نەدەکرد، لە سێبەری پشت نوێنەکە جیا بووەوە، بە ترسێکی زۆرەوە بەرەو لای چێشتخانەکە ڕای کرد، قاپەکانی لە دەستی دایکم وەرگرت، هێنای و بە ئارامی لەسەر کورسییەکە داینا، جارێ باوکم تازە لە تیمارکردنی برینەکانی لای لێو، چاوە شینەوەبووەکانم و لووتە پڕ خوێنەکەم بووبووەوە، پرسیاری کرد:

– کێ ئەم کارەی کردووە؟ ئەحمەد؟ دەستی بشکێت، ناپیاو، بۆچی من مردووم وا لەگەڵ ژن و منداڵم ڕەفتار دەکات، شەمەریش وای بە ژن و منداڵی خەڵکی نەکرد.

– وەی وەی! ئێستا ئیتر خانم بوو بە پاک و خاوێن و ئێمە بووین بە شەمەر زول جەوشەن، باوکە گیان کچەکەت ئابڕووی بۆت نەهێشتووە، ئەگەر بەلای تۆوە گرینگ نییە، بەلای منەوە گرینگە، ئێمە هێشتا لە ناو خەڵکدا ئابڕوومان هەیە، با عەلی بێت، لێی بپرسە چی بینیوە، خانم لەگەڵ شاگردی دەرمانخانەکە، بە بەرچاو ئەم هەموو خەڵکەوە چاوبڕکێ دەکات.

– باوە گیان! باوە گیان بەخوا درۆ دەکات، بە گیانی تۆ، بە قەمەری بەنی هاشم، بە قەبری نەنکم، من پێم دەیەشا، جارێکی تر وەکو ڕۆژی یەکەمی لێ هاتەوە، خەریک بوو لە ناوەڕاستی جادەکە بەربیمەوە، پەروانە بە زەحمەت منی بردە ناو دەرمانخانەکەوە، لەوێ پێمیان خستە سەر مێزەکە و دەرمانیان پێ دام، خۆ عەلیش لەوێ بوو، پەروانە هەرچەندە پێی گوت وەرە یارمەتیم بدە با بیبەینە ماڵەوە، نەهات و هەڵهات، ئینجا هێشتا هەرکە نەگەیشتبووم، ئەمانە کەوتنە گیانم.

بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد. دایکم لە ناو ژوورەکەدا خەریکی دانانی قاپەکان بوو، مەحموود لەسەر ئەنیشکی پاڵی بە تاقەکەوە دابوو و بە دیار سەری منەوە وەستابوو، بەئارامییەکی زۆر سەیرەوە تەماشای ئەم بشێوییەی دەکرد. ئەحمەد وەکو دڕندەیەک خۆی گەیاندە دەرگەی ژوورەکە، هەردوو لای گرت و هاواری کرد:

– دە بڵێ، بڵێ، کێ پێی خانمی دەشێلا و خەریکی بوو؟ بڵێ تۆیش بۆی پێ دەکەنیت، نازت بۆ دەکرد، بڵێ هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێیەکەت دەوەستێت و سلاوت لێ دەکات و خۆی بە نۆکەرت دەکات.

مەحموود ڕەنگورووی گۆڕا، بەتووڕەییەوە لەبەرخۆیەوە هەندێ شتی گوت، من تەنیا ئەستەغفیروڵلاکەی تێ گەیشتم، باوکم بە نیگایەکی پڕ پرسیارەوە چاوی لە من بڕی.

– باوە، باوە، بەم بەرەکەتە (لەو کاتەدا عەلی بە نانی تازەوە هاتە ژوورەوە و بۆنی نان ژوورەکەی پڕ کرد) درۆ دەکات، بە نووری ئەو گڵۆپە تۆمەتبارم دەکات، لەبەرئەوەی من دەزانم بە دزییەوە دەچێتە ماڵی پەروین خانم، ئەم قسانەم بۆ دروست دەکات.

جارێکی تر ئەحمەد هەڵمەتی بۆ هێنام، باوکم دەستی لە بەردەمم ڕاگرت و گوتی:

– دەستت بێنە خوارەوە، ئەم قسانە لە مەعسووم ناوەشێتەوە، بەڕێوەبەرەکەیان گوتی، لە قوتابخانەکەماندا لەم نەجیبتر و خانمترمان نییە.

– ئێ.... کەوابێت قوتابخانەکەیان نەجیبخانەیە.

– لاڵ بە بزانە چی دەڵێی.

عەلی بە دەنگێکی نیمچە بەرزەوە گوتی:

– ڕاست دەکات باوە، من خۆم بینیم، خۆم بینیم، پێی خستە سەر مێزەکە و دەیشێلا.

– نە بەخوا باوە، پێڵاوەکانمی گرتبوو، ئەوەندەش پێچڕابووەوە و پارچە بە دەورییەوە بوو دەستی کەسی پێ نەدەگەیشت، خۆ دوکتۆر نامەحرەم نییە، ئەی وانییە باوە، تەنیا پرسیاری کرد کوێی پێت دێشێت؟

– بەڵێ، هەر ئەوەندە! تۆ وتت و ئێمەش بڕوامان کرد، توخوا تەماشاکە چۆن بە گەوجییەکی بیست کیلۆییەوە لەسەر پەنجە دەمانخولێنێتەوە، ئێمە خۆمان لە حەوت لە ئاومان داوە، مەگەر بەو قسانە تەنیا باوکت کەر بکەی.

– لاڵ بە ئەحمەد! دەنا هەر ئا ئاوها دەکێشم بەناو دەمتدا.

– وەرە، وەرە، چاوەڕێی چی دەکەی؟ هەر دەتوانی لە ئێمە بدەیت، عەلی بۆ وا لاڵ بووی، وەرە ئەو شتانەی کەوا بە منت وت بەمانیشی بڵێ.

– خۆم بینیم، ئەم شاگردی دەرمانخانەیە هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێگەیان

دەوەستێت تاوەکو دێن و سڵاویان لێ دەکات، ئەمانیش وەڵام دەدەنەوە، پێکیشەوە چپە چپ دەکەن و پێ دەکەنن.

– درۆ دەکات، من ئەمە دە ڕۆژە بۆ قوتابخانە نەڕۆیشتووم، ئەم قسانە چییە دەری دەکەیت، بەڵێ، ئەو هەرکاتێ پەروانە ببینێت سڵاوی لێ دەکات، باوکی پەروانە دەناسێت، دەرمانەکانی بۆ ساز دەکات دەیداتە پەروانە.

دایکم لە کاتێکدا بە سینگیدا دەکێشا گوتی:

– ئاگر لە قەبری ئەم پەروانەیە بەربێت، پەروانە چییە؟ بایەقوش، هەرچییەک هەیە لە ژوور سەری ئەودایە.

– ئەی بۆچی ڕێگەی دەدەیت بێت بۆ ئێرە، ئەی من نەمگوت نەیەت.

– چی بکەم ڕۆڵە، دێن پێکەوە کتێبەکانیان دەخوێننەوە.

عەلی دەستی ئەحمەدی ڕاکێشا و شتێکی بە گوێیدا چرپاند.

– بۆچی بە دەنگی نزم دەیڵێیت، بە دەنگی بەرز بیڵێ با هەموویان گوێیان لێ بێت.

– کتێب نییە دایە، شتی ترە، ئەو ڕۆژە، هەرکە من چوومە ژوورەوە کاغەزەکانیان لەژێر پێیاندا شاردەوە، وا ئەزانن من منداڵم.

– هەستە، هەستە نێوان کتێبەکانی بگەڕێ بزانە دەیدۆزیتەوە؟

– هێشتا نەهاتبووەوە گەڕام، نەبوو.

جارێکی تر ترپەی دڵم زیادی کرد، وای، گەر جانتاکەمیان بدۆزیبایەتەوە، هەموو شتێ لە دەست دەردەچوو، بەئەسپایی بە چاو بەدوایدا گەڕام، لە پشتمەوە کەوتبوو، بەئارامی پاڵم نایە ژێر لێفەی کورسییەکەوە، دەنگە ساردەکەی مەحموود ئەو بێدەنگییەی تێک دا کە چەند خولەکێکی خایاند:

– هەرچییەک هەیە لە ناو جانتاکەیەتی، خستییە ژێر لێفەی کورسییەکەوە.

دەتگوت سەتڵێک ئاوی ساردیان بەسەر سەرمدا ڕشت، هەستم کرد لە یەک خولەکدا هەموو ئاوی جەستەم وشکەوە بوو، زمانم بەسترا .... عەلی بە هەڵمەتێک جانتاکەی لەژێر کورسییەکە ڕاکێشایە دەرەوە، هەرچییەکی تێدابوو هەمووی هەڵڕشتە سەر کورسییەکە، نەمدەتوانی هیچ بکەم، سەرم گێژی خوارد،

بەتەواوەتی ئیفلیج بووبووم، نامەکانی نێوان کتێبەکان کە بەتوندی ڕایدەتەکاند، کەوتنە سەر زەوی، ئەحمەد بە یەک ڕاپسکان هەمووی هەڵگرت و، بەپەلە یەکێکیانی کردەوە، چەندە خۆشحاڵ بوو دەتگوت گەورەترین دیاری دنیا بەو دراوە، دەنگی لە جۆش و خرۆشیدا دەلەرزی، فەرموو، فەرموو باوە گوێ بگرە و خۆشحاڵ بە، بە ئاوازێکی گاڵتەجاڕییەوە دەستی بە خوێندنەوە کرد:

– مادمۆزێلی بەڕێز، هێشتا ڕێگەم نەداوە بە خۆم....

خەریک بوو لە شەرم، ترس و تووڕەییدا خۆم لوول دەدا، زەوی و زەمان بە دەوری سەرمدا دەخولایەوە. نەیدەتوانی هەندێ شوێنی بخوێنێتەوە، لە ناوەڕاستی نامەکەدا بوو کە دایکم پرسی:

– یانی چی دایە؟

– یانی کاتێک دەڕوانێتە نیگا عاشقانەکەی یارۆ، وەکو ناوەکەی مەعسووم بێ خەتایە، بە گیانی نەنکی!

– وای خوایە بمکوژی!

– ئێستا گوێ بگرە، ئا ئێرە، سینگم نازانم چی و چییە، بە تەمێک لە خەمی تۆ، بە زەردەخەنەیەک لەم ئاوێنەیە.... ئەی بێ شەرەف، دایە.... زەردەخەنەیەکی پێ نیشان دەدەم، لەوەی کە خۆی حەزی لێ دەکات، عەلی گوتی:

– سەیرکە سەیرکە، ئەمەش هەیە، ئەمە وەڵامەکەیەتی. ئەحمەد نامەکەی لە دەستی ڕفاند.

– وەی وەی خانم وەڵامیشی داوەتەوە.

مەحموود بە ڕووخسارە سوورەوە بووەکەی و، ملە دەمار بەرزەوە بووەکەیەوە هاواری کرد:

– نەمگوت! نەمگوت! ئەگەر کچێک هەموو ڕۆژێ خۆی برازێنێتەوە، بێ حیجاب بەسەر جادەکاندا بکەوێتە ڕێ، لەم قوتابخانە خراپانەی تاراندا کەوا ئەم هەموو گورگە نوستووەی تێدایە، تەندروست نامێنێتەوە، هەر وتم بە مێردی بدەن، وتیان نە، با بڕوات بۆ قوتابخانە، بەڵێ بڕوات بۆ قوتابخانە فێری نووسینی نامەی عاشقانە بێت.

بواری هیچ بەرگرییەکم نەبوو، بەتەواوەتی چەکم دامالّی و خۆم بە دەستەوە دابوو. بەترس و نیگەرانییەوە تەماشای باوکم کرد، هێند ڕەنگی بزرکا بوو و لێوەکانی دەلەرزین وامدەزانی لە هەر ساتێکدا بێت دەکەوێتە سەر زەوی و دەمرێت. نیگا تاریک و ماتەکەی بڕییە چاوم، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانم دەکرد، تووڕەیی نەبوو، بەڵکو خەمێکی قووڵ بوو کە لە بریسکەی فرمێسکێکی نەتکاودا شەپۆلی دەدا، لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەمە پاداشتەکەم بوو؟ باش پەیمانەکەت بردەسەر، چاک ئابڕوومت پاراست. ئەم نیگایە و ئەم وشانە لە هەموو ئەو تێ هەڵدانانە بەئازارتر بوون، وەکو خەنجەرێک دڵی لەت کردم، فرمێسک بە دەموچاومدا دەهاتە خوارەوە، بە دەنگیکی نووساو و لەرزیوەوە گوتم:

– بەڵام بەخوا من هیچم نەکردووە.

پشتی لێم هەڵکرد و گوتی:

– ئیتر بەسە، لاڵ بە.

بێ پالّتۆ لە مالّ چووە دەر. لە مانای چوونە دەرەوەی ئەو باش تێ دەگەیشتم، چیی تر بەرگریم لێ ناکات، ئەو منی بە دەستی ئەوان سپاردبوو. ئەحمەد هێشتا هەر نامەکانی سەروژێر دەکرد، دەمزانی ناتوانێت بە دروستی بیخوێنێتەوە، بەتایبەتیش کە سەعید بە خواروخێچی دەینووسی، بەڵام ئەو وەهای نیشان دەدا هەموو شتێ تێ دەگات، هەولّی دەدا خۆشحالّییەکەی لە پشت دەمامکی تووڕەییدا بشارێتەوە. ڕووی لە مەحموود کرد و گوتی:

– ئێستا کە ئەم پەڵەی شەرمە بەرۆکی گرتووین، چی بکەین؟ حەرامزادەیە وادەزانێت ئێمە لەو جۆرە کەسانەین، بوەستە دەبێت دەرسێکی پێ بدەم خۆشی نەزانێت، هەتاوەکو خوێنی نەڕێژم واز ناهێنم، ڕاکە عەلی، بڕۆ چەقۆکەمم بۆ بهێنە، خوێنی حەڵاڵە، نەزەری لە ناموسمان کردووە، مەحموود وانییە؟ ئەمەیش بەڵگە و سەنەد بە دەستوخەتی خۆی، ڕاکە عەلی، لە کۆمۆدەکەی سەرەوە دامناوە....

جارێکی تریش گەرم داهاتم و بەهەراسەوە هاوارم کرد:

– نە، کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت ئەو هیچی نەکردووە.

ئەحمەد بە پێکەنین و ئارامییەکەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو بەوەوە نەمبینیبوو، ڕووی لە دایکم کرد و گوتی:

– چاوت لێیە، چاوت لێیە دایە چۆن بەرگری لە هەوەسبازەکەی دەکات، خۆ خوێنی ئەمیش حەڵاڵە، وا نییە مەحموود؟

دایکم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەسەری خۆیدا کێشاو گوتی:

– وای خوایە، دیوتە چی قوڕێکم بەسەردا کرا؟ کچەکە خوا بکات ئاگرت تێ بەربێت، ئەم بێ ئابڕووییە چی بوو؟ خۆزگە تۆ لە جیاتی زەری دەمردی، بزانە چیت بەسەرم هێنا.

عەلی بە چەقۆکەیەوە ڕای کردە خوارەوە، ئەحمەد وەکو یەکێ بۆ کاری ئاسایی بڕوات، هەستایە سەرپێ، پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و چەقۆکەی وەرگرت و زوانەکەی ڕاکێشا، نووکی چەقۆکە لەژێر ڕووناکیی گڵۆپەکەدا شەوقی دایەوە، چەقۆکەی هێنایە بەردەمم و گوتی:

– دەتەوێت کوێیت بۆ بهێنم؟

پێکەنینێکی ناخۆشی کرد. قیژاندم:

– نە! نە!

خۆم بەسەر پێیدا خست، پێیم لە باوەشدا گرتبوو و لێی دەپاڕامەوە:

– توخوا، تو گیانی دایە، کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت.

هەر بەو شێوەیەی کە بەپێیەوە ئاوێزانەوە بووبووم بەرەو لای دەرگاکە دەڕۆیشت.

– تو قورئانی پیرۆز، مەڕۆ، هەڵەم کرد.

بە چێژێکی نائینسانییەوە گوێی لە قسەکانم دەگرت، کە گەیشتە لای دەرگاکە بە جوێنێکی نزم پێی بە توندی تەکان دا و خۆی لە دەست من قورتار کرد، عەلی، لە کاتێکدا بە شوێنیدا ڕای دەکرد بە شەقێکی قایم منی لە سەرووی پلیکانەکانی بەر دەرگاکەوە فڕێدایە ناوەڕاستی حەوشەکە. ئەحمەد هاواری کرد:

– سییەکانیت بۆ دەهێنمەوە.

ئینجا دەرگەکەی بەتوندی داخست. هەستم دەکرد ددانەکانم وردوخاش بوون،

هەناسەم گیرابوو، بەڵام ئازارە ڕاستەقینەکە لە دڵمدا بوو، بیرم لەوە دەکردەوە داخۆ چۆن لەگەڵ سەعیددا ڕووبەڕوو دەبنەوە و چی بەسەر دێنن؟! حەزم دەکرد دڵم بوەستێت، بە دەنگی بەرز دەگریام، دەنگم گیرابوو. لەسەر سەهۆڵە ڕەقەکەی قەراخ حەوزەکە دانیشتبووم، ئازای جەستەم دەلەرزی، بەڵام هەستم بە سەرما نەدەکرد، بۆ پێشگرتن لە ئابڕووچوونی پتر، دایکم مەحموودی بانگ کرد بۆ ئەوەی من بەرێتە ژوورەکەوە، کەچی مەحموود ئامادە نەبوو دەستم لێ بدات، ئێستا ئیتر من لە دیدی ئەودا گڵاوێکی ڕاستەقینە بووم. سەرئەنجام بە وریاییەکی سەیرەوە جلەکەمی گرت و بە زۆر منی لە بەلوعەی حەوزەکە جیا کردەوە، لە دوو پێپلیکانەی حەوشەکەوە ڕای کێشامە سەرەوە و فڕێی دامە ناوەڕاستی ژوورەکە، سەرم کێشای بە لێواری دەرگاکە و هەستم بە گەرمیی خوێنەکەی سەر دەموچاوم کرد. دایکم بە مەحموودی گوت:

– بڕۆ بە دوای ئەحمەد، بەڵایەک بەسەر خۆیدا نەهێنێت!!

– مەترسە، مافی خۆیەتی هەرچییەک بکات، تازە دەبێت ئەمیش بکوژێت.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوانەشدا، ماڵەکە بێدەنگی دایگرت، دایکم لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆیدا هەندێ شتی دەوت و دەگریا. من لە بەرامبەر مافدا نەمدەتوانی مافی خۆم وەرگرم، فاتی لە گۆشەی ژوورەکە وەستابوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و هاوکات کە نینۆکەکانی خۆی دەکرۆشت، چاوی لە من بڕیبوو. هەستم بە سەرەگێژەیەکی سەیر دەکرد، ئاگام لە بەسەرچوونی کات نەبوو، نازانم چەندی برد، بە دەنگی دەرگاکە بە هۆش خۆمدا هاتمەوە، بە ترسێکی زۆرەوە ڕاچڵەکیم، ئەحمەد بە چاوە سوورەوەبووەکانی و پێکەنینە ناحەزەکەیەوە لە ناو دەرگاکە وەستابوو، چەقۆ لە خوێن هەڵکێشراوەکەی لەبەرچاوم ڕاگرت و گوتی:

– وەرە باش سەیری بکە، ئەمە خوێنی هەوەسبازەکەتە.

ژوورەکە لە بەرچاومدا سووڕایەوە، دەموچاوی ئەحمەد چەوتوچێڵەوە بوو، وردە وردە پەردەیەکی ڕەش بەسەر چاومدا هاتە خوارەوە، خەریک بووم دەکەوتمە چاڵێکی قووڵەوە، دەنگەکەی دەوروبەرم هەڵگەڕایەوە بە غەڵبەغەڵبێکی ناڕوون، هەتا دەهات بەرەو خوار دەبوومەوە، هیوای خۆگرتنەوە بەدی نەدەکرا.

زەری خەریک بوو دەمرد، ڕووخساری ڕەنگێکی سەیری هەبوو، بەدژواری

هەناسەی دەدا، قرخەقرخی دەکرد، سینگ و سکی بەرز و نزم دەبوونەوە، من لە پشت نوێنەکەوە تەماشام دەکرد و نینۆکەکانم دەکرۆشت، دەنگەدەنگی ناو حەوشەکە ترسەکەمی پتر دەکرد:

– ئاغا مستەفا، بەخوا دۆخی زۆر خراپە، برۆ دوکتۆری بۆ بهێنە.

– باشە، باشە، مەیکە بە هەراهەرا، دڵی کوڕەکەمت بەردایەوە، هیچی لێ نایەت داپیرە، حەوت دەرمانەکەم ناوەتە سەر دەم بکێشێت، ئێستا پێی دەدەم هەتاوەکو دەگەڕێیتەوە چاک دەبێتەوە، برۆ لێرە مەوەستە، دە.. برۆ داپیرە، بێ خەم بە، کچان نامرن.

زەری دەستی گرتبووم، لەناو تونێڵێکی تاریکدا رام دەکرد، ئەحمەد بە چەقۆیەکەوە کەوتبووە شوێنمان، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا لێمان نزیکتر دەبووەوە، لەوە دەچوو بفڕێت، ئێمە دەمانقیژاند، بەڵام دەنگی پێکەنینی ئەحمەد و هاوارەکەی لە ناو تونێڵەکەدا دەنگی دەدایەوە کە دەیگوت:

– خوێن، خوێن، سەیرکە خوێن.

نەنکم دەیویست بە زۆر حەوت دەرمانەکە بە قوڕگی زەرییدا بکات، دایکم سەری لەسەر کۆشی دانابوو، بە پەنجەکانی هەردوو لای دەمی پاڵ دەنا، زەری زۆر بێ هێز بوو، هیچ تەقەلایەکی نەدەدا، داپیرە حەوت دەرمانەکەی دەرخواردی دەدا، بەڵام نەدەچووە ناو دەمییەوە، دایکم فووی لە دەموچاوی کرد، زەری هەناسەی گیرا، دەست و پێی تەکان دا، بە دەنگێکی سەیر هەناسەی دا.

دایکم بە دەم گریانەوە گوتی:

– عوزرا خانم وتی دەبێت بیبەین بۆ دوکتۆرەکەی نزیکی حەرەم.

– هەڵەی کرد، هەستە برۆ نانی شێوانەکەت لێ بنێ، ئێستا مێردەکەت و کوڕەکانی دێنەوە.

نەنکم لە ژوورسەر زەری دوعای دەکرد، زەری ڕەنگی شینەوە بووبوو، دەنگی

---

* جوشوندە: حەوت دەرمانە، تێکەڵەیەکە لە چەندان جۆر گژ و گیا، دەکوڵێنرێت و وەکو دەرمان بەکاردەهێنرێت، لە کوردەواریدا چەندان جۆری تری هەیە پێی دەڵێن حەوت دەرمانە.

سەیروسەمەرە لە قورگییەوە دەهاتە دەر، نەنکم ڕای کردە حەوشەکە و هاواری کرد:

– تەیبە، تەیبە هەڕاکە دوکتۆرەکە بیهێنە.

دەستی زەریم گرت، قژەکەیم لاواندەوە، ڕەنگی بە لای ڕەشبوونەوەدا دەچوو، پێڵووەکانی لێک بوونەوە، چاوەکانی چەند گەورە بووبوونەوە، سپێنەکانی پڕ لە خوێن بوون، دەستی منی گوشی، لە چاوەکانی ترسام کە خەریک بوون دەردەپەڕینە دەرەوە، لە سەرینەکە جیا بووەوە، ئینجا سەری کەوتە سەر زەوی.

بەزۆر دەستم لە ناو دەستی دەرهێنا، ڕام کرد و لە پشت نوێنەکە خۆم شاردەوە، دەست و پێی تەکانیان دەدا، گوێچکەکانم گرت و سەرم لە ناو سەرینەکەدا نوقوم کرد.

نەنکم ئاگردانەکەی ناو حەوشەکەی تێک دەدا، ئاگردانەکە هەتا دەهات گەورەتر و گەورەتر دەبوو، ئەوەندەی هەموو حەوشەکە دەبوو، دەنگی داپیرە لە گوێمدا دەزرینگایەوە:

کچان نامرن، نامرن.

زەری خەوتبوو، قژەکەیم دەلاواندەوە، دەموچاویم بە لادا خست، بەڵام ئەو سەعید بوو، سەری لەسەر سەرینەکەوە خلۆر بووەوە و کەوتە سەر زەوی، قیژاندم، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات.

زریانە خەونەکانم کۆتاییان نەبوو، چەند جارێ لە دەنگی هاواری خۆم و خوساو لە ئارەقەدا بەخەبەر دەهاتمەوە و دیسانەوە دەکەوتمەوە بنکەی چاڵەکە، نازانم ماوەی چەنێک لەو دۆخەدا بووم، ڕۆژێ لەبەر کزانەوەیەک لە پێمدا بەئاگا هاتمەوە، سەرلەبەیانی بوو، هەستم بە هیچ ئەندامێکی جەستەم نەدەکرد، بۆنی ئارەقە ژوورەکەی داگرتبوو، یەکێک منی هەڵگەڕاندەوە و گوتی:

– بەئاگە هاتووەتەوە، دایە سەیرکە بەخوا هەستاوە، تەماشام دەکات.

هێشتا وێنەکان لێڵ بوون، بەڵام دەنگەکانم بە باشی دەناسییەوە.

– یا باب ئەلحەوائیج! هەرخۆت فریامان کەوە.

– خانم وا بەئاگە هاتووەتەوە، شۆربایەکی سووک لێ بنێ و هەرچۆنێک بووە

دەرخواردی بدەن، نزیکەی هەفتەیەکە هیچی نەخواردووە، گەدەی لاوازە، دەبێت ورده ورده خواردنی پێ بدەن.

چاوەکانم نووقاند، نەمدەویست هیچ کەس ببینم.

– هەرئێستا فرووجاوەکە ئامادە دەبێت، هەزار جار لە خوا بەزیاد بێت، لەم ماوەیەدا هەرچییەکم بە دەمیدا کردووە هەڵی هێناوەتەوە.

– لە دوێنێکەوە کە تایەکەی نزمەوە بوو، زانیم بەئاگە دێتەوە، بەستەزمانە چی کێشا، نازانم ئەم هەموو تا و ورێنەیە لە کوێوە ڕژایە گیانی ئەم منداڵەوە؟

– وەی پەروین خانم، ئاگات لێیە چ چارەڕەشییەک دەکێشم؟ لەم چەند ڕۆژەدا منیش سەد جار لەگەڵ ئەم منداڵە مردم و زیندوو بوومەوە، لە لایەکەوە جگەرگۆشەکەم بە بەرچاومەوە پەڕوباڵ دەوەشێنێ لە لایەکی تریشەوە ئەم ئابڕووچوونە و سەرکۆنەکردنی براکانی کە پێم دەڵێن چ کچێکت خستووەتەوە، ئاگرم تێ بەردەدەن.

هیچ ئێشێکم نەبوو، سست و بێ هێز لە ناو جێگەکەمدا کەوتبووم، نەمدەتوانی بجووڵێمەوە، کاتێک دەمویست دەستم لەژێر لێفەکەوە دەربهێنم، دەتگوت کێوێک هەڵدەکۆڵم، لاوازییەکی زۆر سەیر بوو، خۆزگە هەر بەوشێوەیە لاوازتر و لاوازتر دەبوومەوە تاکو دەمردم، بۆچی بەخەبەر هاتمەوە؟ من لەم دنیایەدا هیچ کارێکم نەبوو.

ئەو کاتەی جارێکی تر هاتمەوە هۆش خۆم، دایکم سەرمی لەسەر ئەژنۆی دانابوو و دەیویست بە زۆر شۆرباکە بکاتە دەممەوە، لەژێر گوشاری دەستەکانیدا کە هەردوولای ڕوومەتی گرتبووم و بەرەنگاری دەبوومەوە و سەرم ڕادەتەکاند.

– خوا بمکاتە قوربانت، هەر یەک کەوچک، بزانە کەوتیتە چ ڕۆژێکەوە؟ بخۆ، یاخوا دەرد و بەڵات لە سەرم کەوێ.

ئەمە یەکەمین جار بوو ئەم قسانەم لە زمانی ئەوەوە دەبیست، نایەتە بیرم قوربان و ساقەی من بووبێت، هەموو کاتێک یان سەرقاڵی منداڵەکانی دوای من بوو، یانیش ئاگای لە برا گەورەکانم بوو کە لە گیان خۆی پتر خۆشی دەویستن، من لەو نێوەندەدا ون بووبووم، نە یەکەمین و نە دوا منداڵ بووم و نە کوڕیش، ئەگەر زەری نەمردبایە، بەدڵنیاییەوە هەتا ئێستا فەرامۆش کرابووم، وەکو فاتی کە

زۆربەی کات لە گۆشـەیەکدا شـاردراوەتەوە و کـەس ئەو نابـینێت. هـەرگـیـز لە بیـرم ناچێتەوە ئەو کاتەی لە دایک بوو، هەرکە بە داپیرەیان وت منداڵەکە کچە، لە هۆش خۆی چوو، تازە ئەو کێشـەیەکی تریشی هەیە، دەڵێن (سـەرەخۆرەیە)، چونکە دایکم لە دوای ئەو دوو کوڕی لە بار چوو، نازانم دایکم لە کوێوە زانیبووی منداڵەکان کوڕ بوون، ئەو لە مـاڵەکەمـاندا وەکو تـارمـایـیـەک وایە. شـۆرباکە ڕژایە سـەر لێفـەکە، دایکم هـەستایە سـەرپێ و بە بۆڵەبۆڵ لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

پاش نیوەڕۆ بـوو، چاوەکانم کردەوە، فـاتی لە تەنیشـتـمـەوە دانیشـتبوو، بەدەسـتـە بچووکەکانی قژمی وەلاوە دەنا، چەندە بێ گوناه و چەند تەنیا بوو، تەماشایم کرد، خـۆم بـووم لە لای سـەر زەری، هەسـتـم بە گـەرمـی فـرمـێـسـکەکـانم کـرد بـەسـەر گۆناکانمەوە، فاتی گوتی:

– دەمزانی بەخەبەر دێیتەوە، توخوا نەمری ها...!

– دایکم خەریک بوو دەهاتە ژوورەکەوە، چاوەکانم نووقاند.

شەو بوو، گوێم لە دەنگی هەموویان بوو، دایکم گوتی:

– ئەم بەیانییە چاوی کردەوە، ئاگای لە خـۆی بوو، بەڵام هـەرچییـەکم کرد کـەمێ فـڕووجـاو بکەمـە دەمـییـەوە، نەیهێـشت، ئەمـە هێـزی تێدا نیـیـە لە شـوێن خـۆی بجووڵێتەوە، کەچی نازانم ئەم هەمـوو توانایەی لە کوێوە هێنا؟ ئەم بەیانییە پەروین خـانم دەیگوت، نابێت لەوە زیاتر بـە حەب و دەرمـان ڕایگرین، ئـیتر ئەگـەر خـواردن نەخوات دەمرێت.

دەنگی باوکم گوتی:

– لە سـەرەتاوە دەمزانی، داپیرە ڕاستی دەکرد، ئێمـە کچمان پێوە نایەت، گیرام چاکیشەوە بوو بەم ئابڕووچوونەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مردوودا نییە.

ئیـتر گوێم لە هیـچ نەبوو، دەتگوت بە دەسـتی خـۆم بوو، هـەر کـاتێک بمویسـتـایە دەمـبـینی و دەمـبـیـست، هـەرکـاتێکیش نـەمـویسـتـبـایە وەکـو ئـەوەی ڕادیۆیەک بکوژێندرێتـەوە نوقـمی بێـدەنگی دەبووم، بەڵام زریانـەخـەوەکـان بە دەسـتی خـۆم نەبوون، وێنەکان لە پشت چاوە داخراوەکانمەوە سەمایان دەکرد.

ئەحمەد بە دەسـتێکی چەقۆیەکی لە خـوێن هەڵکێشراو و بە دەسـتەکەی تریشی قژی فـاتی گرتبـوو، کـە ئەوەندەی بووکەشـووشـەیەکی لـێ هـاتبـوو، بەلای مندا ڕای

دەکرد کە لەلای هەڵدێرگەکە وەستابووم، فاتی بۆ لای من فڕێ دا، هەوڵم دا بیگرمەوە، بەڵام لە دەستم دەرچوو و کەوتە ناو هەڵدێرگەکەوە، سەیری خوارەوەم کرد زەری و سەعیدی بەسەر یەکتردا شکاو و خەڵتانی خوێن، لەوێ بوون، بە دەنگی هاواری خۆم بەئاگە هاتم، هەموو سەرینەکەم تەڕ بوو، هەستم بە وشکییەکی ناخۆش لە دەممدا دەکرد.

چیتە ڕۆڵە؟ دووبارە دەستت پێ کردەوە، گەر هێشتت شەوێ وەکو خەڵکی بخەوین؟ ئاوەکەی ڕژانە دەممەوە، بێ خواستی خۆم دڵۆپە ئاوەکانم قووت دەدا.

لە دەنگەدەنگەکەی دەمەوبەیان خەبەرم بووەوە، خەریک بوون نانی بەیانییان دەخوارد.

– دوێنێ شەو دیسانەوە تایەکەی بەرزەوە بوو و وڕێنەی دەکرد، قیژاندی، گوێتان لە دەنگی بوو؟

مەحموود گوتی:

– نەخێر... ئەحمەد بەردەوام بوو:

– دایە واز دێنی، دەهێڵی ئەم پارووە زەهرەمارە بە قوڕگماندا بچێتە خوارەوە یان نە؟

دەنگی ئەحمەد وەکو خەنجەرێک لە دڵم دەچەقی، خۆزگە توانام هەبوایە هەڵدەستام و پارچە پارچەم دەکرد، قینم لە هەموویان بوو، پشتم لێیان هەڵکرد، دەموچاوم لە سەرینەکە چەقاند، خۆزگە لە زووترین کاتدا دەمردم و لە بوونم لەگەڵ ئەم مرۆڤە خۆپەرست و دڵڕەقانە ڕزگارم دەبوو.

لە کزانەوەی چزووی دەرزییەکە، بێ خواستی خۆم چاوەکانم کردەوە.

– باشە ئیتر بەئاگە هاتیتەوە، لە خۆتەوە چاوەکانت دامەخە، بیستم هێشتا هیچت نەخواردووە، دەتەوێت ئاوێنەت بۆ بهێنم خۆت ببینی؟ هەروەکو کۆتەڵت لێ هاتووە، سەیرکە چوومە لە شیرینییەکەی کاروان پسکویتم بۆت کڕی، لەگەڵ چاییدا زۆر بە تامە... خانم گیان... خانم سادقی...! مەعسووم بەخەبەر هاتووەتەوە چایی دەوێت، لە پەرداخدا چاییی بۆ بهێنن.

بە چاوی پڕ کەسەرەوە سەیریم کرد، هەرگیز تێ نەگەیشتم ئەم ژنە چ جۆرە مرۆڤێکە، هەموو لە پشتە ملەی قسەیان دەکرد، دەیانگوت بە دزی مێردەکەیەوە

لەگەڵ پیاواندا پێوەندی هەیە، زۆر پیس دەهاتە بەرچاوم، بەڵام نازانم بۆچی کە دەمبینی ئەو هەستی قین و بێزارییەم لێی نەبوو، شتێکم لەو بێ ڕەوشتییە لە بوونیدا بەدی نەدەکرد، تەنیا ئەوەندەم دەزانی کە نەمدەویست پێوەندیم لە گەڵی هەبێت، دایکم بە پەرداخێکی لێوانلێو لە چایی هاتە ژوورەوە.

– شوکور بۆ خوا، دەیەوێت چایی بخواتەوە؟

– بەڵێ، بڕیارە چایی بە پسکویتەوە بخواتەوە، هەستە خانمەکەم، هەستە.

هەر لەو کاتەشدا دەستی بە پشتمەوە نا و بەرزی کردمەوە، دایکم چەند سەرینێکی لە پشتمەوە دانا و پەرداخە چایەکەی لە دەمم نزیک کردەوە، ڕووم هەڵگێڕایەوە، دەمم توند بەست، دەتگوت هەموو هێزەکەم بۆ ئەو کارە کۆبووبوەوە.

– نابێت...، ناهێڵێت، ئەوەندە دەمی ناکاتەوە تا هیچ نەبێت هەمووی بچێتە دەمییەوە.

– بێ ئومێد مەبن، من پێی دەدەم. هەتا نیوەڕۆ هەر لێرە دادەنیشم هەتا نەیخوات ناڕۆم، تۆ بڕۆ فریای کارەکانی خۆت بکەوە، ئاسوودەبن.

دایکم هەر بەو بۆڵەبۆڵەوە لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

– باشە کچێ، باشە ئێستا بۆ من بەرد مەکەرە سەهۆڵ، دەمت بکەرەوە و کەوچکێک بخۆ، توخوا حەیف نییە ئەو پێستە جوانەت کە دەڵێی پەڕەی گوڵە، ئاوها وەکو زەردەچەوەی لێ هاتووە، هێندە لاوازەوە بووی وا بزانم هەر ئەوەندەی فاتیت ماوە، تۆ کچێکی بەو جوانییە، ئێستا، ئێستا دەبێت بژیت، ئەگەر خواردن نەخۆی دەمری ها...!

نازانم لە نیگاکەمدا شتێکی بەدی کرد، یان لەو زەردەخەنە گاڵتەجاڕانەیەوە کە بێ خواستی خۆم کەوتبووە سەر لێوەکانم..! چی لەخۆ گرتبوو کە وای کرد بێدەنگ بوو، مۆڕەیەکی لێ کردم و پاشان وەکو یەکێ شتێکی مەزنی دۆزیبێتەوە گوتی:

– بەڵێ... تۆ هەر ئەوەت دەوێت... تۆ دەتەوێت بمری، تۆ بەم شێوەیە خەریکی خۆت دەکوژی، وای من چەند کەرم، بۆچی زووتر نەمزانی؟ ئەرێ، تۆ دەتەوێت بمری، بەڵام ئاخر بۆ؟ بۆچی تۆ ئاشق نیت؟ لەوانەشە پێی بگەی، لای خوا چییە؟!! لەبەرچی دەتەوێت خۆت بکوژی؟ دوایی سەعید خەمبار دەبێت ها...

بە بیستنی ناوی سەعید بێ خواستی خۆم ڕاچڵەکیم و چاوەکانم کرانەوە.

پەروین خانم تەماشایەکی کردم و گوتی:

– تۆ چیتە؟ ناشێ وابزانی خۆشتی ناوێت؟ مەترسە، ئیتر خۆشی ئەویندارى بەو شتانەوەیە.

دەستی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی چایەکە بکاتە دەممەوە، بە هەمـوو توانامـەوە دەستیم گرت و کەمێک گورم دایە خۆم.

– ڕاستم پێ بڵێ سەعید ماوە؟

– وای بەدڵنیاییەوە، بۆچی پێت وایە مردووە؟

– ئاخر ئەحمەد...

– ئەحمەد چی..؟

– ئەحمەد بە چەقۆ لێی دا.

– باشـە، بەڵێ، بەڵام هیـچی لێ نەهات... ئەها... تۆ لەو کـاتەوە کـە چەقـۆ خوێناوییەکەت بینی ئیتر ئاگات لە خۆت نەما هەتاکو ئێستا...! ئەم زریانە خەو و قـیـژەی شــەوانەش هەر هی ئەوەیە، منی دامــاو دیواری ژوورەکــەم لە پاڵ ئەم ژوورەوەیە، هەمـوو شـەوێ گـوێم لە دەنگت دەبوو، دەتگوت: نە! نە! دەتقـیـژاند، سەعید، سەعید دایکت بەری دەمی دەگرتی، ڕەنگبێ پێت وابوو ئەحمەد سەعیدی کوشتووە، وابوو؟ دەبڕۆ بابە گیان ئەحمەد ئەو بوێرییەی نییە، بۆچی دەبێت یەکێک بڕوا زەلامێ بکوژێت و ڕاستـە و ڕاست بگەڕێتەوە و بێتەوە ماڵەوە؟ مەملەکەتەکە یاسای هەیە، بۆچی هەر بەو سادەییـەیە؟ نە گیانەکەم، ئاسـوودە بە، ئەو شـەوە هەر کەمێک دەستی ڕووشـاندبوو، تۆزێکیش دەموچاوی، دوایی دوکاندارەکان و ئاغای دوکتۆر لێکیانی کردبووەوە، تەنانەت سەعید نەشچووبوو بۆ بنکەی پۆلیس سکاڵا بکات، حاڵیشی زۆر باشە، خۆم بۆ بەیانییەکەی لە بەردەم دەرمانخانەکە بینیم.

دەتگوت دوای ئەم هەفتـەیە ڕێگەی هەناسـەم کـرایەوە، چاوەکـانم نـووقـاند، لە ناخی دڵەوە گوتم:

– سوپاس خوایە.

خۆم خستە سەر سەرینەکان، سەرم تیایدا نوقوم کرد و بە دەنگی بەرز گریام.

تا جەژن، کەمێک گەڕامەوە باری ئاسایی خۆم، پێم بەتەواوەتی چاکەوە بووبوو، بەڵام هێشتا هەر زۆر لاواز بووم. هیچ ئاگام لە قوتابخانە نەبوو، تەنانەت بواری قسەکردن لەو بارەیەوە نەبوو. سەرلەبایەنییان کەمێک لەناو ماڵەکە دەهاتم و دەچووم، تەنانەت بۆ گەرماو چوونیش نەمدەتوانی لە ماڵ بڕۆمە دەر. دایکم ئاوی گەرم دەکردەوە و دەیشۆردم. کەشێکی سارد و تاڵ بەسەرمدا زاڵ بوو، من بە هیچ شێوەیەک حەزم نەدەکرد قسە بکەم. بەگشتی ئەوەندە خەمناک و نوقمی بیرکردنەوە بووم سەرنجی دەوروبەرم نەدەدا. دایکم ئاگای لەوەبوو کە لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە نەدوێت. هەرچەندە نەیدەتوانی و جارجارە شتێکی دەگێڕایەوە کە دڵی ئازار دەدام، باوکم هەر سەیریشی نەدەکردم، دەتگوت هەر بوونم نییە، لەگەڵ ئەوانی تریشدا زۆر کەم قسەی دەکرد، هەموو کاتێ مات و تووڕە بوو، پیرتر دەهاتە بەرچاوم. ئەحمەد و مەحمود هەوڵیان دەدا بەپێی توانا لەگەڵ مندا ڕووبەڕوو نەبنەوە، بەیانییان بەپەلە نانەکەیان دەخوارد و دەڕۆیشتن، شەوانە ئەحمەد لە جاران خراپتر و درەنگتر دەهاتەوە و یەکسەر دەچووە سەرەوە و دەخەوت. مەحموودیش بەپەلەپەل شتێکی دەخوارد و بۆ مزگەوت دەڕۆیشت، یان تاکو نیوەشە و لە بەردەم ژوورەکەی دوعا و نوێژی دەکرد. من ڕازی بووم لەوەی کە نەیانمدەبینی، تەنیا عەلی بێزارکارێکی بەردەوام بوو. ئازاری دەدام و هەندێ جاریش قسەی ناپەسندی دەکرد، من گوێم پێ نەدەدا، بەڵام دایکم شەڕی لەگەڵدا دەکرد، تاقە دڵگەرمی و بوونەوەرێکی خۆشەویستی ماڵەکە فاتی بوو. کە لە قوتابخانە دەهاتەوە، ماچی دەکردم و بە بەزەیییەکی سەیرەوە تەماشای دەکردم، هەرچییەکی دەخوارد بۆ منیشی دەهێنا و بەزۆر پێی دەدام، تەنانەت جارجارە پارەکەی کۆدەکردەوە و شوکولاتی بۆ دەکڕیم، هێشتا هەر لە خەمی مردنی مندا بوو.

دەمزانی ئیتر چوونە قوتابخانە بۆ من خەونێکی مەحاڵە، بەڵام ئومێدەوار بووم لە دوای جەژن بهێڵن جارێکی تر بڕۆمەوە بۆ خولی دروومان. هەرچەندە هیچ شێوەیەک خولیای بەرگ دوورینم نەبوو، بەڵام ئەمە تەنیا کلاوڕۆژنەی ئومێدی ئازادی و هەنگاونان بوو بۆ دنیای دەرەوەی ئەم چوار دیوارە. زۆر بیری پەروانەم دەکرد، خۆشم نەمدەزانی زیاتر حەزم دەکرد چاوم بەو بکەوێت یان سەعید، سەیربوو، وێڕای ئەو هەموو دەردەسەرییانەی کە بەسەرمدا هاتبوون، ئەو هەموو

ڕووداوه ناخۆش و قێزەونانەی کە لە پێوەند لەگەڵ من و سەعیددا ڕوویان دا، وێڕای ئەو هەموو ئابڕووچوونە، هێشتا لەوەی پەشیمان نەبووم کە لە نێوان من و سەعیددا هەبوو، نەک تەنیا هەستم بە ئۆباڵ نەدەکرد، بەڵکو پاکترین و ڕاستەقینەترین هەستی دەروونیم، ئەو ئەوینە بێ سنووره بوو کە لە ناخمدا بوو.

پەروین خانم ورده ورده بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە، باسی کرد کە چۆن پەرەی سەندووە و تا بەوەش گەیشتووە کە دامێنی خێزانە بەڕێزەکەی پەروانەشی گرتووەتەوە، نازانم هەر ئەو شەوە دەبێت کە من لە هۆش خۆم چوومە یان شەوی دوای ئەو، ئەحمەد بەسەرخۆشی دەچێتە بەر دەرگای ئەوان و دەست بە جوێندان دەکات و بە باوکی پەروانە دەڵێت:

– لە خەو هەستە، چاوت بکەرەوە، وەزعی کچەکەت خراپە، خەریک بوو کچەکەی ئێمەشی لە ڕێ دەردەکرد.

ئەمە و هەزاران قسەی ناپەسندی تر، کە بیری لێ دەکەمەوە هەموو جەستەم لە ئارەقەدا دەخوسێت، من ئیتر بە چی ڕوویەکەوە بتوانم بروانمە دەموچاوی پەروانە و دایک و باوکی؟ وای، چۆن توانیویەتی ئەو قسانە بەو پیاوە بەڕێزە بڵێت؟.

بێ هەواڵی خەریک بوو شێتی دەکردم، سەرئەنجام لە پەروین خانم پاڕامەوە تاکو سەرێ لە دەرمانخانەکە بدات و هەواڵێکی سەعید بزانێت، پەروین خانم سەری لەگەڵ ئەم ئیشانەدا خۆش بوو، هەرچەنده سڵی لە ئەحمەد دەکردەوە، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ڕۆژێک دابێت و پەروین خانم ببێتە جێگەی ڕازم، دیاره هێشتا هەر خۆشم نەدەویست، بەڵام چارم نەبوو، لەو ساتەدا تاقە پەیوەستم بە دنیای دەرەوە ئەو بوو، سەیر لەوەدا بوو کە هیچ کەسێکیش ناڕازی نەبوو.

بۆ ڕۆژی دوایی پەروین خانم هاتە سەردانم، دایکم لە چێشتخانەکە خەریکی چێشت لێنان بوو، بە نیگەرانی و جۆش و خرۆشێکەوە پرسیارم کرد:

– چی بوو پەروین خانم؟ ڕۆیشتی؟

– بەڵێ ڕۆیشتم، ئەمانەم کڕی و لە دوکتۆرم پرسی:

– ئەی کاک سەعید لە کوێیە؟ گوتی:

– چووەتەوە بۆ شارەکەی خۆی، ئیتر ئێره جێگەی ئەو نەبوو، ئەو کوڕە داماوە، ئابڕوویان برد، لە ڕاستیدا گیانی لە مەترسیدا بوو، پێم گوت، ئەگەر لە نیوەشەودا

له تاریکیدا چەقۆیەک هاتە دەر و لە ناوی بردی چی دەکەیت؟ بۆ گەنجێکی ئاوها حەیف بوو، بەو برا شێتەیەوە کچەکەشیان پێ نەدەدا، ئێستا وازی لە خوێندن هێناوە و ڕۆیشتووەتەوە بۆ ورمێ بۆ لای خێزانەکەی.

فرمێسکەکانم دەموچاویان دەشۆردم.

– بەسە، جارێکی تر دەست پێ نەکەیتەوە ها! لە بیرت نەچێتەوە تۆ واتزانی مردووە، ئێستا برۆ سوپاسی خوا بکە کە زیندووە، ماوەیەک چاوەڕوان بە هەر کاتێ ئاو لە ئاسیاو کەوت بەدڵنیاییەوە کارێک دەکات، بەڵام من پێم وابێت وا باشترە لە بیر خۆتی بەریتەوە، لەو باوەڕەدا نیم ئەمانە بەوت بدەن، واتا، ئەحمەدە کە بەهیچ شێوەیەک نایەتە ژێر بارەوە، مەگەر ئەوەی هەیە کە باوکت ڕازی بکەی، هەرچۆنێ بووە ئێستا دەبێت چاوەڕوان بین بزانین جارێ لەوەوە هەواڵێک دەبێت یان نا.

تاقە باشییەکی جەژنی ئەوساڵە ئەوەبوو کە دوو جاریان لە ماڵ بردمە دەرەوە، جارێکیان بۆ چوونە گەرماوی شەوی جەژن، بەیانییەکەی هێندە زوو کاتی گەرماویان گرتبوو بەنی بەشەرمان لەسەر جادە نەبینی، جارەکەی تر بە مەبەستی جەژنە پیرۆزە، بۆ ماڵی مامۆ عەباسم ڕۆیشتین. بینینی جادەکان لە دوای چەندان هەفتە، خۆشییەکی تایبەتی هەبوو. هەواکەی هێشتا سارد بوو، بەهاری ئەو ساڵەش دواکەوت، بەڵام بۆن و بەرامەی جەژن کەشەکەی داگرتبوو. هەوای دەرەوە بە ڕادەیەک پاکتر و ڕووناکتر بوو هەناسەدانی ساناتر دەکرد، ئامۆژنم پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دایکمدا نەبوو و کچەکانیشی لەگەڵ ئێمەدا نەدەسازان. سورەیای کچە گەورەی مامم گوتی:

– مەعسووم باڵای بەرز بووە، ئامۆژنم هەڵیدایە ناو قسەکەی و گوتی:

– بەڵام لاواز بووە، لە ڕاستیدا من ترسام، ناشێ نەخۆشییەک یا شتێکی هەبێت؟

– نە بابە هی خوێندنی زۆرە، باوکم دەڵێ تۆ زۆر دەخوێنی و قوتابی یەکەمی.

سەرم داخست و نەمدەزانی چی بڵێم، دایکم فریام کەوت و گوتی:

– پێی شکابوو بۆیە ئەوەندە لاواز بووە، خۆ ئێوە هەواڵی کەس ناپرسن.

– بۆ نا، بەڕێک کەوت باوکم باسی کرد، منیش وتم برۆین بۆ هەواڵپرسین، بەڵام

گـوایە مـامم وتوویەتی دۆخی باش نییـە، پێـویست ناکـات بێن. بـاشـە بۆچی پێت شکا؟

– لەسـەر بەفر کەوتم. دایکم بۆ گۆڕینی قسەکە گوتی:

– سورەیا خانم دیپلۆمەکەی وەرگرتووە، بۆچی نایدەنە شوو؟

– ئۆی، دەبێت بخوێنێ، دەبێت بچێتە زانکۆ، جارێ زووە.

– زووە؟ ئەمە چ قسەیەکە، درەنگیشە، وا دیارە شووی دەست ناکەوێت.

– بەپێـچـەوانەوە زۆریشی دەست دەکـەوێت، تۆ لـە سـەری سـەگ بدەی شـوو دەردەپەڕێت، بەڵام کـچی وەکو سـورەیا هـەمـوو کـەسێ پەسـەند ناکـات، بنەمـاڵەی منیش هـەمـوو خـاوەن بڕوانـامـەن، چ ژنیـان چ پیـاویان. لەگـەڵ بنەمـاڵەی شارۆچکەکان جیاوازن، سورەیاش دەیەوێت وەکو کچە میمکەکانی بخوێنێ و ببێتە دوکتۆر.

مـەحاڵ بوو دیدارە خێزانییەکانمان بێ هەست بریندارکردن، کینە و هەڵچوون بەسـەربەرین، دایکم بەو هەسـتیاری و زمـانە زبرەیەوە هەموویانی بڵاوە پـێ دەکرد، لە خـۆڕا نەبوو پوورم دەیگوت، زمـانی دایکت دڕکی پێـوەیە. لە کـاتێکدا من زۆرم حـەز دەکـرد لەگـەڵ ئەواندا پێـوەندییـەکی تـوندوتۆڵـتـر پێک بهـێنم، بـەڵام ئەم دوژمنـایەتیـیـە پێـشـینەدارەی کـە من لە بنـاغـەکـانی بێ ئاگـە بووم، هـەرگـیـز نەیدەهێشت.

پشـووی جـەژنیش بەسـەرچوو، منیش هـەروا لەمـاڵەوە بـووم، گـفـتـوگـۆی پۆلی دروومـانیش بـە ئەنجـام نەگەیشت. ئەحـمـەد و مـەحـموود بە هیـچ شـێـوەیەک ڕازی نەدەبوون من لـەژێر هیـچ ناوونیـشـانێک لە مـاڵ بچـمـە دەر، باوکم خـۆی تێ نەدەگـلاند، بەلای ئەوەوە من مـردبووم، لە مـاڵەوە بێـزار دەبووم، کـە ئیش و کـاری مـاڵەوە تـەواو دەبوو، دەچوومـە ژووری مـیـوان و لە پەنجـەرەکـەوە تەمـاشـای ئەو بەشـەی کۆڵانەکەم دەکرد کـە دیاربوو، تەواوی پێـوەندیم بە دنیـای دەرەوە تەنیـا لەو نیـوە پـەنجـەرەیەوە بوو، ئـەویش بە نـهێنی، چونکـە ئەگـەر براکـانم بیـانزانیـبـایە بەدڵنیـاییـیـەوە ئەویشـیـان بـە گڵ دەگرت. هـەمـوو ئارەزوویەکم بینینی پەروانـە یان سـەعـید بـوو لەم دەرگـۆکـەیەوە. ئیـتـر زۆر بـاش دەمـزانی کـە تاقـە ڕێگـەی چوونە دەرەوەم لەم مـاڵە، ڕۆیشتنی یەکجـارەکییە لەگـەڵ پیـاوێکدا بە ناوی مێردەوە. لەوە

دەچوو ئەمە تاقە چارەسەرێک بوو بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکەی من، کە بە ڕێک کەوتنی هەموو لایەک پەسند کرابوو. لە هەموو گۆشەکانی ئەم ماڵە بێزار بووم، بەڵام نەمدەویست بۆ ئازادبوون لەوێ ئەم جەستەیە بخەمە زیندانێکی ترەوە لەگەڵ سەعیدی ئازیزم ناپاک بم، دەمویست تا کۆتاییی ژیانم چاوەڕوانی بم، تەنانەت ئەگەر لە خاچیشم بدەن.

یەکەمین دەستەی خوازبێنیکار سێ ژن و پیاوێک بوون. دایکم بە جیدی سەرقاڵی ماڵ پاککردنەوە و ڕێکخستنی کەلوپەل بوو، مەحموود تاقمێ قەنەفەی تازەی بە ڕووپۆشی سوور بۆ ژووری میوان کڕی، ئەحمەد میوە و شیرینی هێنا، هاوکارییە بێ وێنەکەی ئەوان زۆر سەیر بوو، ڕوون دەبووەوە کە بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت ئەم خوازبێنیکارانەیان لە کیس بچێت، لە خنکاوێ دەچوون کە بۆ هەموو تەختە شکاوێک پەل دەهاوێژن، بە بینینی ئەوان بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی لە تەختە شکاوێک بەولاوە هیچی تر نەبوون. خوازبێنیکار، پیاوێکی خڕ و قەڵەو بوو، قژی پێشەوەی سەری وەریبوو، نزیکەی سی ساڵێک دەبوو، لە بازاڕ هاوکاری مەحموود بوو. کاتێک میوەی دەخوارد دەنگی ملچە ملچەکەی دەهات. خۆش بەختانە ئەوان بە دوای ژنێکی خڕ و خەپانەدا دەگەڕان، منیان بە دڵ نەبوو. ئەو شەوە بە خۆشی و ئاسوودەیی خەوتم. بەیانییەکەی دایکم چیرۆکی خوازبێنییەکەی بەچێژ و خوێوە بۆ پەروین خانم دەگێڕایەوە، لەوەی حەسرەتی دەخوارد، پێکەنینم دەهات.

– زۆر حەیف بوو، ئەم کچە چارەڕەشە شانسی نییە، هەم دەوڵەمەند بوو هەمیش خێزانەکەی باش بوون، پێشتریش ژنی نەهێنابوو، گەنجیش بوو (پێکەنین گرتمی، پیاوێ دوو عومری منی هەبوو، کەچی بەلای دایکمەوە بەو سەرە کەچەڵ و ورگە ناشیرینەیەوە گەنج بوو)، پەروین خانم ئێستا خۆمانین، دیارە مافی خۆشیان بوو، ئەم کچە زۆر لاواز و بێ گیان بووە، دایکی کوڕەکە وتی: خانم کچەکەتان تای لێیە؟ هەڵەم نەکردبێ، سەگ بابە شتێکی کردبوو کە پتر وەکو نەخۆشێک دیار بێت.

– وای خانم گیان وەها دەڵێی گەنج دەتگوت گەنجێکی بیست ساڵە بوو، خۆم لە کۆڵان بینییانم، باشتر پەسندیان نەکرد، توخوا حەیف نەبوو دەتویست مەعسووم

بدەی بەو کوڵەبنە ورگ زلە.

– چی بڵێم پەروین خانم بۆ ئەم کچە ئارەزووی زۆرمان هەبوو، ئەوە من هیچ، باوکی دەیگوت دەبێ مەعسووم ببێتە ژنی پیاوێکی زۆر پیاوانە، بەڵام پاش ئەو ئابڕووچوونە، ئیتر کێ دەیەوێت، یان دەبێت ژنی دووەم بێت یا کەسانێک کە هاوشانی خۆی نەبن.

– ئەم قسانە چییە خانم گیان، لێ گەڕێن ئاو لە ئاسیاو بکەوێت، خەڵکی بیریان دەچێتەوە.

– چییان بیر دەچێتەوە، خەڵکی دەکۆڵنەوە، دایک، خوشک کوڕێکی باش و تەواو، بۆچی دەهێڵن کوڕەکەیان کچە چارە ڕەشەکەی من بهێنێت کە هەموو گەڕەک ئاگایان لە بەدکارییەکانیەتی!

– ئێوە هەدا بدەن، لە بیر دەچێتەوە، ئێستا بۆ ئەوەندە پەلەتانە؟

– براکانی ناهێڵن، دەڵێن تاوەکو ئەو لەماڵەوەیە ئێمە ئاسوودەییمان نییە، ناتوانین سەرمان لە نێوان خەڵکدا بەرزبکەینەوە، بۆچی خەڵک لە بیریان دەچێتەوە؟ گەر سەد ساڵی تریش بێت، لە دەرودراوسێ بپرسن ئەم کچە چۆنە؟ هەموو نهێنییەکان دەکەونە سەرئاو، ئێستا مەحمووديش دەیەوێت ژن بهێنێت، دەڵێت هەتاوەکو ئەم کچە لە ماڵەوەیە نابێت، پشتی پێ نابەسترێ، لەوانەیە ژنەکەی منیش لە ڕێ دەربکات.

– ئەم قسانە چییە! خوا نەکات، ئەم منداڵە لە ساوایەکیش پاکترە، ئەویش شتێکی ئەوەندە گرینگ نەبوو، هەموو کچێ لەم تەمەنەدا ئەویندارێک دەدۆزێتەوە، خۆ نابێت هەموو کچەکان بسووتێنرێن کە بۆچی ئەو کوڕە تۆی خۆش ویستووە... خۆ هەڵە لەمیشەوە نەبوو.

– بەڵێ دایە، من کچی خۆم باش دەناسم، ناڵێم نوێژ و ڕۆژووی زۆر ڕێکوپێکە، بەڵام لە دڵەوە خواپەرستە، پێرێ دەیگوت ئاواتی زیارەت دەخوازم، بابڕۆین بۆ حەزرەتی عەبدلعەزیم، کاتێک لە قوم بووین هەموو هەفتەیەک دەچووە زیارەتی حەزرەتی مەعسوومە، نازانم چ خواز و نیازێکی دەکرد. هەمووی لەژێر سەر ئەم پەروانەیە بوو، گەر وا نەبوایە کچی من و ئەم کارە چی!!

– ئێوە جارێ چاوەڕوان بن، لەوانەیە هەر ئەو کوڕە هات و خواستی، ئیتر

هەموو شتێک بە باشی و خۆشی بەکۆتا دێت، ئەویش کوڕێکی خراپ نەبوو، هەموو ستایشی دەکەن، لە پاش ماوەیەکیش دەبێتە دوکتۆر، یەکتریشیان دەویست.

– ئەوە چی دەڵێی پەروین خانم، براکانی دەڵێن، بە ئیزرائیلی دەدەین بەوی نادەین، ئەویش نەهات بەسەرمان بکاتەوە، هەرچییەکیش خوا بیەوێت هەر ئەوە دەبێت، بەش و چارەنووسی هەموو کەسێکیش لە یەکەم ڕۆژەوە لە ناوچەوانی نووسراوە. پشکی ئەویش دانراوە.

– کەواتە ئێوەش پەلە مەکەن، لێ گەڕێن بەش و چارەنووس کاری خۆی بکات.

– ئاخر براکانی دەڵێن هەتا شوو نەکات نەنگییەکانی لە ئەستۆی ئێمەدایە، هەرکە شووی کرد ئیتر بەرپرسیارێتیی لەسەر ئێمە نییە، پێت وایە هەتا کەی دەتوانن لە ماڵەوە زیندانی بکەن، لەوە دەترسن جارێکی تریش باوکیان جەرگی بسووتێت و کورت بێنێ.

– ئاخر ئەم منداڵە گوناهە، زۆر جوانە، بهێڵن ئاهێکی وەبەردا بێتەوە، بەتەواوەتی چاکەوە بێت، بابزانین کێگەل دەیخوازن.

– بەخوا هەموو ڕۆژێ پلاو و مریشکی بۆ لێ دەنێم، شۆربای سەوزی، حەلیماو، عەلی دەنێرم بۆ نانی بەیانییان سەروپێی بۆ بهێنێت، بەڵکو تۆزێک قەڵەو بێت و لەم ڕووخساری نەخۆشییەی بێتە دەر، خوا بکەم پیاوێکی دروست پەسندی بکات.

کەوتمەوە یاد چیرۆکەکانی منداڵیم، کاتێ خێوێک منداڵێ دەدزێت، بەڵام لەبەرئەوەی لاواز بوو، کەڵکی خواردنی نەبوو، ئیتر دێوەکە زیندانی کرد و بەردەوام خواردنی باش و جۆرەوجۆری بۆ دەهێنا بۆ ئەوەی زووتر قەڵەو بێت و خواردنێکی باش و چەوری پێ لێ بنێت، بنەماڵەی منیش دەیانویست هەرچی زووترە من قەڵەو بکەن و لە بەردەم دێوەکەم دابنێن.

ئەو ڕۆژگارە داری هەڕاجیی منیان لێ دابوو، خوازبێنیکار، تاقە بەرنامەیەکی جیدی ماڵی ئێمە بوو، هەموو ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان لەگەڵ بنەماڵەکەماندا هەبوو ڕاسپێردرا بوون مێرد بۆ من بدۆزنەوە، هەموو جۆرە کەسێ دەهات، هەندێکیان هێند نالەبار بوون تەنانەت ئەحمەد و مەحموودیش پەسندیان نەدەکرد. هەموو شەوێک لە سەر نوێژەکەم نزام دەکرد کە سەعید دەربکەوێت، لە پەروین خانم دەپاڕامەوە و بەلای کەمەوە هەفتەی جارێک

دەمناردە دەرمانخانەکە بەڵکو لە سەعیدەوە هەواڵێکی دەست بکەوێت، بەڵام هیچ هەواڵێک نەبوو، ئاغای دوکتۆر وتبووی تەنیا یەک جار لە ورمێوە نامەیەکی ناردووە، کەچی وەڵامەکەی دوکتۆر گەڕاوەتەوە، گوایە ناونیشانەکە هەڵە بووە. بەڕاستی ئەو بووبوو بە ئاوو بە زەمیندا ڕۆ چووبووە خوارەوە. هەندێ جار شەوانە بۆ نوێژکردن و ڕاز و نیاز دەچوومە ژووری میوانەکە، دوای ئەوە ماوەیەکیش دەچوومە بەر پەنجەرەکە و تەماشای ئەو سێبەرانەم دەکرد کە بە کۆڵانەکەدا تێ دەپەڕین. چەند جارێک سێبەرێکم بینی لەژێر تاقیماڵەکەی بەرامبەر وەستابوو، لەبەرخۆمەوە دەمگوت لەوانەیە ئەوە سەعید بێت، بۆ بینینی من لەوێ وەستاوە، بەڵام کە پەنجەرەکەم دەکردەوە هیچ کەسێک نەبوو. تەنیا خەونەکانی ژیانم شەوانە منی لەگەڵ خۆیدا دەبردە ناو نوێنەکەم، لە سایەی ئەو ژیانە پڕ ئازار و مەینەتی و بێزارییە، ڕۆژێکی ترم بە فەرامۆشی دەسپارد. ئەویش ژیان لەگەڵ سەعیددا بوو، لە ماڵێکی بچووک و خۆشدا، هەر شەوە و شێوازی ماڵەکە، ڕازاندنەوەی ژوورەکان و کەلوپەلەکەم بە شێوەیەک لە مێشکی خۆمدا وێنا دەکرد، ماڵێکی خنجیلانە کە بەلای منەوە بەهەشت بوو، منداڵەکانمانم دەهێنایە بەرچاو، چەندە جوان و تەندروست و بەختەوەرن. لە خەونەکانمدا لەوپەڕی ئەڤین و خۆشبەختیدا بووم، سەعید مێردێکی نموونەیی، پیاوێکی لەسەرخۆ، هەڵسوکەوتی باش، دڵفراوان، تێگەیشتوو و ژیر، هەرگیز شەڕی لەگەڵمدا نەدەکرد، سووکایەتیی پێ نەدەکردم، وای.. چەند خۆشم دەویست! ئاخۆ هەرگیز ژنێک هەبووە ئەوەندەی من ئاشقی سەعیدم، هاوسەرەکەی خۆی خۆشویستبێت؟ خۆزگە دەتوانرا تەنیا لە خەوندا بژین.

ناوەڕاستی جۆزەردان لەگەڵ تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان، ماڵی پەروانە باریان کرد و لە گەڕەکەکەی ئێمە نەمان، دەمزانی دەیانویست ماڵەکەیان بگۆڕن، بەڵام نەک بەم نزیکانە، دواتر بیستم ویستوویانە زووتر بڕۆن، بەڵام لەبەر قوتابخانە تاکو ئێستا چاوەڕوان بوونە، ماوەیەکی زۆر بوو باوکی دەیگوت، ئەم گەڕەکە ئیتر زۆر خراپ بووە و بە کەڵکی ژیان نایەت، ئەو ڕاستی دەکرد، حەیف بوو ئەوان لەم گەڕەکەدا بن، ئەم گەڕەکە بۆ کەسانێکی وەکو براکانی من باش بوو.

سەرلەبایەنییەکی گەرم بوو، خەریک بووم ژوورەکەم گسک دەدا، هێشتا پەردە حەسیرییەکانم دانەنابوو کە دەنگی پەروانە هاتە بەر گوێم، بەرەو لای دەرگاکە ڕام

کرد، بەڵێ، پەروانە بۆ ماڵئاوایی هاتبوو، فاتی دەرگاکەی کردەوە، دایکم پێش من گەیشت، دەرگاکەی بە نیوەونیوە داخراوی هێشتەوە، لە کاتێکدا ئەو نامەیەی کە لە دەستی فاتی بوو بە پەروانەی دەدایەوە، گوتی:

– زوو برۆ، زوو برۆ، ئێستا براکانی دێنەوە. دیسانەوە ئابڕووچوونێکی تر دەنێنەوە، جارێکی تریش لەم جۆرە شتانە مەهێنە. پەروانە بە تووڕەییەوە گوتی:

– بەڵام خانم لە نامەکەدا تەنیا ماڵئاواییم کردووە و ناوونیشانی ماڵە تازەکەم نووسیوە، خۆت بیخوێنەرەوە.

– پێویستی نەدەکرد!!

بە هەردوو دەستم خۆم بە پشتی دەرگاکەوە نووساند، دەمویست بە هێز دەرگاکە بکەمەوە، دایکم بە قایمی دەرگاکەی گرتبوو و بە پێی منی فرێدایە لاوە، هاوارم کرد:

– پەروانە، پەروانە.

پەروانە بە پاڕانەوە گوتی:

– توخوا ئەوەندە ئازاری مەدەن، بەخوا هیچی نەکردووە.

دایکم دەرگاکەی بەقایمی داخست. من لەسەر زەوییەکە دانیشتم و بەکوڵ گریام، هەستم دەکرد دوا پەنام، هاوڕێ و هاوڕازەکەشم لە دەست چوو.

خوازبێنیکارەکەی تر هاوڕێی ئەحمەد بوو، بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ ئەمانە ئەم پیاوە ورد و درشتانە چۆن دەدۆزنەوە! بۆ نموونە، ئەحمەد چۆن بە ڕەفیقەکەی دەڵێت کە خوشکێکی ئامادەی هەیە بۆ شووکردن؟ ئاخۆ جارم بۆ دەدەن؟ ئاخۆ مەرج و پەیمان دادەنێن، یان وەکو دوو کەسی مامەڵەچی لەبارەی منەوە گفتوگۆ دەکەن؟ بەڵام ئەوەم دەزانی هەرچییەک هەیە ناپەسندە.

ئەسغەر ئاغای قەساب لە ڕووی تەمەن، ڕەفتار، هەڵسوکەوتە نەفامانەکەیەوە هەر وەکو ئەحمەد وابوو، خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو. دەیگوت:

– پیاو دەبێت بە هێزی بازووی نان بخوات، نەک وەکو عەریزە نووسەکان لە لایەکەوە دانیشێت و هەر کاغەز ڕەش بکاتەوە.

ئەحمەد دەیگوت:

– هەم دەوڵەمەندە هەمیش دەتوانێت جڵەوی ئەم کچە بگرێت.

سەبارەت بە لاوازییەکەی منیش دەیگوت:

– قەیناکا ئەوەندە کلک و مایچەی پێ دەدەم، لە یەک مانگدا خۆی بگرێتەوە.

دایکیشی پرێژنێکی بەد ڕواڵەت بوو، بە ڕادەیەک هەر لە دانیشتنی یەکەمدا بەردەوام قسەی کرد و پشتیوانیی لە قسەکانی کوڕەکەی کرد. ئەم خوازبێنیکارە لەلایەن هەمووانەوە پەسند کرا، دایکم لەوە خۆشحاڵ بوو کە گەنجە و پێشتر ژنی نەبووە، ئەحمەد، لەبەرئەوەی لە شەڕەکەی چایخانەی جەمشیددا کەفالەتی کردبوو، نەیهێشتبوو بچێتە زیندان، پێی وابوو زۆر بە ماریفەتە و پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرد، باوکم، لەبەر ئەوە ڕازی بوو چونکە دوکانی قەسابیی هەیە و دەرامەتی باشە. مەحموود دەیگوت:

– باشە، ئیشکەرە، بەغیرەتیشە دەتوانێت دەرەقەتی ئەم کچە بێت و نەهێڵێت پێی خوار دابنێت، هەرچەند زووتر کارەکەی تەواو بکەن، باشترە.

بەلای هیچ کەسێکەوە گرینگ نەبوو من چ بۆچوونێکم هەیە، منیش بە کەسیانم نەوت چەند بێزارم و قێز دەکەمەوە لە ژیان لەگەڵ سەرسەرییەکی بێ هەست، چەپەڵ و نەزانێکی ئاوهادا کە تەنانەت ڕۆژی خوازبێنییەکەش بۆنی بۆگەنی گۆشت و چەوریی لێ دەهات.

سەرلەبەیانی پەروین خانم بەپەلە هات بۆ ماڵمان و گوتی:

– بیستوومە دەتانەوێت مەعسووم بە ئەسغەری قەساب بدەن، توخوا ئەم کارە مەکەن، ئەم پیاوە چەقۆکێشە، ئارەقخۆرە، مێبازە، هەر هیچ نەبێت لێکۆڵینەوەیەک بکەن.

– پەروین خانم لە خۆتەوە قسە مەکە، تۆ باشتر دەیناسی یان ئەحمەد، خۆی هەموو شتێکی پێمان وتووە، پیاو پێش ئەوەی ژن بهێنێت هەزار شت دەکات، بەڵام کە دەکەونە ژێر باری ئەرکی ژن و منداڵەوە، ئیتر واز لە هەموو شتێک دەهێنن، سوێندی بۆ باوکی خواردووە و ڕێگەی ناڕوونی نەهێشتووەتەوە کە لە دوای گواستنەوەشی لە پەیمانەکەی خۆی لا نەدات. لەمەش چاکتر بۆ مەعسووم دەست ناکەوێت، گەنجە، ژنی یەکەمییەتی، دەوڵەمەندە، دوو دوکانی قەسابی هەیە، بەغیرەتە، ئیتر چیمان دەوێت.

پاش ئەمە، پەروین خانم وەها بەداخ و بەزەیییەوە تەماشای دەکردم، دەتگوت سزادراوێک بە مەرگ دەبینێت، ڕۆژی دواتر گوتی:

– من زۆر لە ئەحمەد پاڕامەوە ئەم کارە نەکات، بەڵام تێ ناگات (ئەمە یەکەم جاری بوو دان بە پێوەندییە نهێنییەکەی لەگەڵ ئەحمەددا دەنا)، دەڵێت دروست نییە لەمە زیاتر لە ماڵەوە ڕای بگرین، بۆچی خۆت کارێ ناکەیت؟ دەڵێی نازانیت خەریکە چ بەڵایەکت بەسەردێ؟ بەڕاستی ئامادەیت ببیتە ژنی ئەم ناپیاوە؟

– جیاوازی چییە؟ لێ گەڕێ هەرچییەکیان دەوێت با بیکەن، با وا بزانن من بە شوو دەدەن، لە سەعید بەولاوە، هەر پیاوێکی تر، دەتوانێت تەنیا دەست لە لاشەکەم بدات.

– وەی بمرم، نەکەی ئیتر لەم قسانە بکەی ها؟ ئەمە یاخیبوونە، دەبێت لەم جۆرە بیرکردنەوانە لە مێشکت دەرکەی، هیچ پیاوێ بۆ تۆ نابێت بە سەعید، بەڵام هەموو پیاوان بەو خراپییەش نین، بوارێک وەربگرە، بەڵکو خوازبێنی باشتر پەیدا بێت.

شانەکانم بەرز کردەوە.

– هیچ جیاوازییەکی نییە.

بەنیگەرانییەوە چووە دەرەوە، لە بەردەرگای چێشتخانەکە هەندێ شتی بە دایکم گوت. دایکم بە دەموچاویدا کێشا. لە پاش ئەوە چاودێرییەکی زۆرتر لە من کرا، دەرمانەکانیان کۆکردەوە، نەیاندەهێشت دەست لە چەقۆ و گوێزان بدەم، کاتێک دەچوومە نهۆمی سەرەوە، یەکسەر یەکێکیان بە شوێنمدا دەنارد، پێکەنینم دەهات، چەندە سادە و ساکار بوون، وایان دەزانی من ئەوەندە نەفامم لە شوێنێکی ئەوەندە نزمەوە خۆم دەخەمە خوارەوە، من پلانی باشترم هەبوو.

خێراییی گفتوگۆی مارەبڕین و زەماوەندەکە، بەهۆی نەبوونی خوشکی زاواوە تەگەرەی تێ کەوت، خوشکەکەی شووی کردووە و لە کرماشان دەژی، تاوەکو دە ڕۆژی تر نەیدەتوانی بۆ تاران بێتەوە، ئاغا ئەسغەر گوتبووی:

– هەتاکو دادەم پەسندی نەکا و مۆڵەتم نەدا سەر ناگرێ، مافی دایکایەتیی بەسەرمەوەیە.

کاژێر یازدەی بەیانی بوو، لە کاتێکدا حەوشەکەم گسک دەدا، یەکێک بەخێرایی لە دەرگای دەدا، من بۆم نەبوو دەرگا بۆ کەس بکەمەوە، فاتیم بانگ کرد، دایکم لە

ناو چێشتخانەکەوە هاواری کرد:

– قەیناکا، ئەمجارە بیکەرەوە، بزانە کێیە سەری دەرهێناوە؟ هێشتا دەرگاکەم بە تەواوەتی نەکردبووەوە، پەروین خانم خۆی هاوێشتە ناوەڕاستی حەوشەکەوە.

– کچەکە بەختت بەرزە، نازانی چ خوازبێنیکارێکم بۆت دۆزیوەتەوە، چەپکێ گوڵ...

من کاس و حەپەساو تەماشام دەکرد، دایکم لە چێشتخانەکەوە هاتە دەرەوەو گوتی:

– پەروین خانم چییە؟

– خانم گیان مژدە، خوازبێنیکارێکم بۆ دۆزیوەتەوە دەڵێی مانگە، پیاو، خانەدان، خاوەن بڕوانامە، بەخوا تاڵە موویەکی سەدی وەکو ئەم لات و لووتانە دێنی، پێیان بڵێم ئێوارە بێن؟

– بوەستە بزانم چی دەڵێی؟ لەسەرخۆتر، ئەمانە کێن؟ لە کوێ دۆزیانتەوە؟

– خەڵکێکی باشن، من دە ساڵە دەیانناسم، بۆ هەموویان، بۆ دایک و کچەکان جلم دووریوە، کچە گەورەکەی دەمێکە شووی کردووە، بە یەکێ لە موڵکدارەکانی تەورێز، هەر لەوێ دەژی، مەنسوورە کچی دووەمییەتی دەچووە زانکۆ، پێش دوو ساڵ شووی کرد، ئێستا کوڕێ جوان و خڕ و خەپانی هەیە، کچە سێیەمیان هێشتا لە قوتابخانەیە، هەم خواپەرستن، هەمیش سەردەمیین، باوکیان خانەنشینە، شتێکیشیان هەیە نازانم کارخانەیە، نەک ئەوەی کەوا کتێبی لێ دەردەچێت، ناوی چییە؟

- خودی کوڕەکە چییە؟

– وەی باسی کوڕەکە مەکە، کوڕێکی زۆر باشە، لە زانکۆ خوێندیویەتی، نازانم چی خوێندووە، بەڵام کار دەکات، هەر لەو شوێنەی باوکیدا، کتێب دروست دەکەن، تەمەنی نزیکەی سی ساڵانە، لە ڕواڵەتیشدا باشە، من بۆ پراوەی جلی دایکەکە ڕۆیشتبووم، سەرپێیی بینیم، ماشەڵڵا قەد و باڵاشی باشە، چاو و برۆ ڕەش و کەمێک ئەسمەر....

– باشە ئەی مەعسوومیان لە کوێ بینیوە؟

– نەیانبـینیوە، من باسم کـردووە. وتم کـچێکی چەند چاکە، جوانە، خـانەدانە. دایکی زۆر حەز دەکات کوڕەکەی ژن بهێنێت، زۆر جاریش بە منی وتبوو، سۆراغی کچێکی باش نازانی؟ ئێستا پێیان بڵێم ئێوارە بێن؟

– نە بابە... ئێمە لەگەڵ ئەم ئەسغەر ئاغایە مەرج و پەیمانمان بەستووە، بڕیارە هەفتەیەکی تر خوشکەکەی لە کرماشان بێتەوە.

– خانم گیان وازبێنە، هێشتا هیچ هەنگاوێکتان نەناوە، خەڵکی وا هەیە لەسەر مارەبڕین تێکی دەدەن، خۆ ئێوە هیچتان نەکردووە.

– ئەی ئەحـمـەد؟ خـوا دەزانێت چ بەزمـێک بنێـتـەوە، مـافی خـۆیەتی، ئابڕووی دەچێت، هـەرچییـەک بێت پـەیمانی لەگـەڵیـاندا بەسـتـووە ناتوانێت لێی پاشگەز بێتەوە.

– خەمت نەبێت ئەحمەد لەسەر من؟

– وای شەرم داتگرێت، ئەم قسانە چییە؟ لا ئیلاهە ئیلەڵا.

– بیرت بۆ شتی خراپ نەچێت خانم گیان، ئەحمەد و حاجی هاوڕێن، بە قسەی دەکات، پێی دەڵێم ئەو بکەوێتە نێوانەوە، بیرێ لەم کچە بەستەزمانە بکەنەوە. من دەزانم ئەم ناپیاوە دەستی لێدانی هەیە، کە ئارەق دەخـواتەوە ئیتر ئاگای لە خۆی نامـێنێت، هەر ئێسـتـایش دانـەیەکی هەیە، دڵی لای ئەوە، پێتـان وایە دەسـتی لێ هەڵگرێ؟ مەحاڵە!

– چی هەیە؟ ئەمەیان چییە؟

– هیچ بابە، یانی لەگەڵ ژنێکدایە، بەڵێنی پێ داوە.

– ئەی ئەمەی بۆ چییە؟

– دەیەوێت ئەمی هەبێت منداڵی لێ ببێ، ئەویان منداڵی نابێ.

– تۆ ئەمانە لە کوێ دەزانیت؟

– خانم من ئەم جۆرە پیاوانە دەناسم.

– لە کوێ دەیانناسی؟ بۆچی تۆ چیت؟ ئەم قسانە گوناهیان هەیە.

– ئاه.... تۆیش هەمـوو کـاتێ هـەر بیـر لـە شـتی خـراپ دەکـەیتـەوە، براکـەی خـۆمیش ئاوها بـوو، من لەگـەڵیـان گـەورە بووم، توخـوا ئێـوە مـەیەڵن ئەم دامـاوە لە

چاڵێ دەربێت و بکەوێتە چاڵێکی ترەوە، ئێستا بهێڵن ئەمانە بێن و ئێوە بیانبینن، بزانن مرۆڤەکان چەندە لە یەکتر جیاوازن.

– سەرەتا دەبێت من لەگەڵ باوکی قسە بکەم، بزانم چی دەڵێ، باشە ئەگەر ئەمانە ئەوەندە باشن بۆچی ناچن لە تایەفەکەی خۆیان ژن بهێنن؟

– وەڵا من چوزانم، لەوانەیە ئەمەش شانسی مەعسووم بێ، خوا خۆشی دەوێت.

بە سەرسوڕمان و دوودڵییەوە، لە شادمانی و پێداگری پەروین خانم دەڕوانی، بەڕاستی کارەکانی ئەم ژنەم بۆ هەرس نەدەکرا، لێکنەچوونێک لە ڕەفتارەکانیدا هەبوو، ڕوون نەبوو بۆچی ئەوەندە نیگەرانی چارەنووسی منە؟ یان وتم، ئەم ماستە موویەکی تێدایە.

بەدرێژاییی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دایک و باوکم پێکەوە گفتوگۆیان کرد، مەحموودیش کەمێک بەشداری کرد، لە کۆتاییدا وتی قیروسیا هەرچییەک دەکەن بیکەن، بەمەرجێ هەتا زووە ڕەوانەی بکەن و بینێرنە سەر ماڵ و ژیانی خۆی، با ئێمەش مێشکمان ئاسوودە بێت. لە هەمووی سەیرتر ئەحمەد بوو، ئەو شەوە زۆر درەنگ هاتەوە. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر کە دایکم بابەتەکەی لەگەڵ باس کرد، هیچ بەرەنگارییەکی نەکرد. شانەکانی بەرز کردەوە و گوتی: چوزانم، خۆتان دەزانن. بەڕاستی پەروین خانم کاریگەرییەکی سەیری لەسەر هەبوو.

ڕۆژی دواتر، خوازبێنکارانی نوێ هاتن. ئەحمەد نەهاتەوە، کاتێک مەحموودیش زانی هەموویان ژنن و حیجابی تەواویان نییە، بە هیچ شێوەیەک نەهاتە ژوورەکەوە، دایک و باوکم بە چاوی کرپار لێیان ورد دەبوونەوە، هەموو کارەکان لە دەستی پەروین خانم بوو، ئەو لەو نێوەندەدا دەهات و دەچوو، کوڕەکە خۆی نەهاتبوو، دایک و خوشکەکانی هاتبوون، دایکەکە چارشێوێکی ڕەشی لەسەردا بوو، بەڵام خوشکەکانی بێ حیجاب بوون، بەڕاستی ئاسمان و ڕێسمان لەو خوازبێنیکارانەی تاوەکو ئەو ڕۆژە هاتبوون، جیاواز بوون. پەروین خانم بازاڕەکەی گەرم دەکرد، کە من چاییم هێنا گوتی:

– دەبینن چەند جوانە، ئەی ئەگەر بزۆی هەڵگرێت، چی لێ دەردەچێ؟ هەر لەبەر تا و هەڵامەت ئەو هەفتەیە کەمێک لاواز بووەتەوە.

من بە سەرسوڕمان و تووڕەییەوە تەماشام کرد، خوشکە گەورەترەکە گوتی:

– لاوازی مودێله، ئێستا هەموو خۆیان دەکوژن بۆ ئەوەی لاواز ببنەوە، براکەم ئەوەندە قینی لە ژنی قەڵەوە.

بریسکەی خـــۆشی لە چاوەکـــانی دایکم درەوشــــایەوە، پەروین خـــانم زەردەخەنەیەکی کرد و بە فیزەوە سەیری دایکمی کرد، دەتگوت بەودا هەڵدەدەن، من بەپێی فەرمانی دایکم لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دانیشتم. پێداویستیی چاییەکەشیان هێنابووە سەرەوە، بۆ ئەوەی من ناچار نەبم سەر و خوار بکەم و بێ ئابڕووییەک بنوێنم. پەلەپەل قسەیان دەکرد و بە خێرایی شتەکان بەرەو پێش دەچوو. گوتیان:

– کوڕەکەیان تا ساڵی کۆتایی بەشی یاسا (حقوق)*ی خوێندووە بەڵام هێشتا بڕوانامەکەی وەرنەگرتووە.

دایکم گوتی:

– وای بۆچی مووچەکەی (حقوق)* وەرنەگرتووە؟

باوکم چاوێکی داگرت و گوتی:

– نە خانم ئەو وانەی ڕشتەی حقوق دەخوێنێت.

دایکم زانی قسەیەکی هەڵەی کردووە بێدەنگ بوو.

– ئێستا خەریکی کارکردنە لە نووسینگەی بڵاوکردنەوەی کتێب، لە ڕاستیدا ئەم نووسینگەیە نیوەی هی باوکیەتی، مووچەکەشی خراپ نییە، دەتوانێت ژیانی ژن و منداڵەکەی هەڵسووڕێنێت، خانووشی هەیە، دیارە هی خۆی نییە، خانووی دایە گەورەیەتی، دایە گەورە لە خوارەوە دادەنیشی، سەرەوەشمان بۆ حەمید گیان بنیات نا، خۆتان دەزانن کوڕ حەز دەکات زوو سەربەخۆ بێت، ئەمیش تاقە کوڕە، هەرچییەکی بوێت باوکی بۆی جێبەجێ دەکات.

باوکم بە منگە منگەوە گوتی:

– باشە ئێستا جەنابیان لە کوێ تەشریفیان هەیە، کەی دەتوانین سەردانیان بکەین؟

– وەڵا مەسەلەکە ئەوەیە، کوڕەکەم هەموو شتێکی بە دەستی من و خوشکەکانی

* لە فارسیدا حقوق هەردوو مانای یاسا و مووچەیش دەدات.

سـپـاردووه، وتوویەتی ئێـوە پـەسندی بکەن وەکـو ئەوە وایـە خـۆم پـەسندم کـردبێ، ئێستایش بە ڕاسپاردە بۆ سەفەر ڕۆیشتووە.

باوکم گوتی:

– باشە ئیشەڵڵا کەی دەگەڕێنەوە؟

خوشکە بچووکەکە خۆی تێ هەڵقورتاند:

– ئیشەڵڵا بۆ مارەبڕین.

دایکم بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

– ئێ...!؟ یانی هـەتا مـارەبڕین نابێت زاوا ببینین؟ ئـەمـەیان چۆنە؟ یـانی خـودی زاواکەش نایەوێت چاوێکی بە بووکەکەی بکەوێت؟ بینینێک حەلاڵە...

خـوشکە گـەورەکـە هـەوڵی دەدا بـەئارامی قـسـە بکات، بۆ ئەوەی دایکم هـەمـوو شتەکان بەباشی تێ بگات گوتی:

– وەڵا کێشەکە حەلاڵ و حـەرامی نییـە، کێشەکە ئەوەیە کە حەمید ئێستا لێرە نییـە، ئێمـە وێنەکەیمان هێناوە کـچـەکە بیـبینێت، ئیـمـەش کـچـەکەمـان بینیـوە، بۆچوونی حەمیدیش هەروەکو بۆچوونی ئێمەیە.

– وای....؟! ئـاخـر، بۆچـی دەبێت؟ لەوانـەیە زاواکـە خـەوش و نـەخـۆشـیـیـەکی هەبێت.

– ئای... خـانم ئاگات لە دەمت بێت، کوڕەکەم دەڵێی چڵـە سنەوبەرە، خـوا نەکا خەوشێکی هەبێت، وا نییە پەروین خانم؟ پەروین خانم بینیویە.

– بەڵێ! بەڵێ! مـن بینیم، مـاشـەڵڵا هـیچ خـەوش و نەخـۆشـیـیـەکی نییـە، زۆریش قۆزە، بێگومان بە چاوی خوشکایەتی.

خوشکەکەی وێنەیەکی لە جانتـاکەی دەرکرد و دایە دەست پـەروین خانم، پەروین خانم وێنەکەی بە بەرچاو دایکمەوە بەرزەوە کرد و گوتی:

– سەیرکەن ماشەڵڵا چ پیاوێکە.

– باشـە وێنەکە نیـشانی کـچەکە بدەن. ئەگەر پەسندی کرد تاکو هەفتـەیەکی تر کارەکانی تەواو دەکەین.

باوکم گوتی:

– تکا دەکەم خانم، من هەتاکو ئێستاش بەتەواوەتی هۆی ئەم پەلەکردنە تێ نەگەیشتم، بۆچی چاوەڕوان نەبین تاکو خۆیان بێنەوە؟

– ئاغای سادقی، چی بێ و لە تۆ نهێنی بێت، ئێمە کاتمان نییە، ڕاست و ڕەوان ئەوەیە، هەفتەی داهاتوو من و باوکی نیازی مەکەمان هەیە، دەمانەوێت کارەکانمان کردبێت، تاقە خەمم حەمیدە، کە بە هیچ شێوەیەک بیر لە خۆی ناکاتەوە، ئەگەر ئەویش ژنی هەبێت، من بە بیرێکی ئاسوودەوە دەڕۆم، لە کۆنەوە وتوویانە ئەو کەسانەی بۆ حەج دەڕۆن نابێت کاری نیوە و نیوە چڵێیان هەبێت، دەشێ هەموو شتێک یەکلا بکەنەوە، کاتێک قسە لەسەر کچەکەی تۆ کرا، فاڵم گرتەوە، باش دەرچوو، تا ئێستا بۆ هیچ کچێک ئەوەندە باش دەرنەهاتبوو، بەمە زانیم کە پێش ڕۆیشتنەکەم دەشێت کارەکە تەواو بکەم، لەوانەیە ئیتر نەگەڕێمەوە.

دایکم هەستا و وێنەکەش بە دەستییەوە گوتی:

– خۆزگەم بە جەنابتان، خۆزگە بە نسیبی ئێمەش بێت و بڕۆین بۆ ماڵی خوا.

هاتە ژوورەکەی تەنیشتەوە و وێنەکەی لە بەردەمم ڕاگرت.

– وەرە سەیرکە، هەرچەندە هاوشانی ئێمە نییە، بەڵام دەزانم تۆ زۆرتر حەزت لەم جۆرە کەسانەیە، دەڵێی شانست هەستاوە.

وێنەکەم بە دەستم لابرد.

هەموو قسەکان بەخێرایی گوتران، لە ڕووکەشدا باوکم بەتەواوەتی بەوە ڕازی بوو کە ئامادەبوونی زاوا زۆر پێویست نییە، زۆر سەیر بوو، ئەوان هەر بەڕاستی دەیانویست لە ماوەی یەک هەفتەدا زەماوەندەکە بەڕێ بخەن، تاقە نیگەرانی دایکم ئەوە بوو کە لەم ماوە کورتەدا چۆن هەموو کارەکان ڕابگات؟ پەروین خانم دەستی یارمەتی درێژ بۆ کرد و هەموو شتەکانی لە ئەستۆ گرت.

– ئێوە بە هیچ شێوەیەک خەمتان نەبێت، سبەی دەڕۆین بۆ بازاڕ، خۆم هەر لە دوو ڕۆژدا جلەکانی دەدرووم، کاری دروومانی تریشتان هەر لەسەر من.

– بەڵام ئەی جیازییەکەی چی دەبێت؟ دیارە من بۆ کچەکانم هەر لەو ڕۆژەوەی لە دایک دەبن جیازیان بۆ دەکڕم و دایدەنێم، بەڵام هێشتا شتەکان هەر کەموکوڕییان هەیە، زۆربەی شتەکانیشی لە قومە! دەبێت بڕۆین بیهێنین.

– خانم، خەمت نەبێ، با جارێ بڕۆنە ماڵەکەیان، کە هاتینەوە تەختی خەویان بۆ

دەکرین، هەتا ئەو کاتە بوارمان هەیە کەموکورییەکەیان پڕ بکەینەوە، بەڵام حەمیدیش هەندێ شتومەکی هەیە.

ڕۆژی دواتر، بەرنامەی کڕینی ئەڵقەیان دانا و، داوەتمانیان کرد هەر شەوێک ئێمە و براکانم کاتمان هەبوو بڕۆینە ماڵیان، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ژیانیان ببینین و هەمووومان یەکتر بناسین. دڵم کەوتە خورپە. داستانەکە بووبوو بە ڕاست، باوەڕم نەدەکرد، بۆچی بەم خێراییە دەبێت؟ بێ خواست خۆم گوتم، وای سەعید فریام کەوە، دەبێت چۆن لە بەردەم ئەمانەدا بوەستمەوە؟ هەستم بە تووڕەیییەکی زۆر کرد لە پەروین خانم، دەمویست سەری هەڵبکەنم. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان قسە و گفتوگۆ دەستی پێ کرد:

– سبەی من ناڕۆم بۆ ئەڵقە کڕین، ئەویش دایکی نایەت. نابێت مەعسوومیش بەتەنیا بڕوات، پەروین خانم تۆ لەگەڵیان بڕۆ.

– بەسەرچاو، دەشێ پارچەی جلەکانیشی بکڕین، بەڕاست لە بیرتان بێت، دەبێت ئێوەش بۆ زاوا ئەڵقە بکڕن.

– تا ئێستا ناتوانم تێ بگەم، ئەم زاوایە بۆ خۆی نەهاتە پێشەوە.

– شتی خراپ بە دڵتاندا نەیەت کاکە، بەخوا من دەیانناسم، ئێوە نازانن چەند خەڵکێکی باشن.

– ئێستاش بۆ ئەوەی مێشکتان ئاسوودە بێت، خۆ ناوونیشانی ماڵەکەیان داوە، بڕۆن لێیان بکۆڵنەوە.

– ئاغا مستەفا بۆ جیازییەکەی چی بکەین؟ تۆو کوڕەکان دەبێت سەفەرێکی قوم بکەن، مسەکان، قابلەمە چینییەکان و چەند دەستەیەک نوێنی هەیە لەژێر زەمینەکەی ماڵی خوشکەکەت دامناوە، ئەی بۆ ئەوانەی تر چی بکەین؟

– خۆتان تەنگاو مەکەن، خۆیان گوتیان گرینگ نییە، ئۆباڵ لە ئەستۆی خۆیانە ئەوەندە بەپەلەن، چاکتر وایە ئێوەش هەرچی کەموکورییەک هەبوو بیخەنە ئەستۆی ئەوان.

باوکم بەبێزارییەوە گوتی:

– من کچەکەم بە ڕووت و قووتی نانێرمە ماڵە مێرد، هەندێ شتومەک هەیە،

ئەوانەی تریش هەفتەی داهاتوو دەکڕین، هەرچی مایەوەی کە بوارمان هەبوو دەیکڕین.

تەنیا کەسێک کە لەم گفتوگۆیانەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، نە بۆچوونێکی دەردەبڕی، نە پرسیارێکی هەبوو و نەیش بۆچوونەکانی بەلای کەسەوە گرینگ بوون، من بووم. سەرتاسەری شەوەکە بەخەبەر بووم، پەرێشانی و خەم بوونمیان هێنابووە لەرزە، لە خوام دەخواست بمکوژێت و لەم هاوسەرگیرییە سەپێندراوە ڕزگارم بکات.

بەیانییەکەی بارودۆخم زۆر خراپ بوو، خۆم کردە خەو تاکو هەموویان لە ماڵ چوونە دەر، گوێم لە دەنگی باوکم بوو کە لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد، دەیویست ئەو ڕۆژە هەموو تواناکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە وەگەڕ بخات و بۆ سەر کار نەدەڕۆیشت، دواییش گوتی:

– خانم پارەم لە تاقەکە داناوە بۆ ئەڵقە، بزانە بەش دەکات.

دایکم پارەکەی ژمارد و گوتی:

– بەڵێ، پێم وانییە لەمە زۆرتر بێت.

باوکم و عەلی ڕۆیشتن. خۆشبەختانە لە سەرەتای هاوینەوە باوکم عەلی لەگەڵ خۆیدا بۆ دوکان دەبرد، هەر بۆیە ئێمەش بێ قرە بووین، گەر وا نەبوایە و ئەو لە ماڵ بوایە، خوا دەزانێت چیم بەسەر دەهات. دایکم هاتە ژوور سەرمەوە و گوتی:

– هەستە، دەی هەستە، دەبێت خۆت ئامادە بکەیت، هێشتم ئەمڕۆ بخەوی بەڵکو کەیف خۆش بی.

لەسەر جێیەکەم دانیشتم، ئەژنۆکانم لە باوەش گرت، بە پێداگرییەوە گوتم:

– من ناڕۆم! کە پیاوەکان لە ماڵ نەدەبوون، دەبوومە شێر.

– هەستە ناز مەکە.

– من بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم.

– هەڵەت کرد، ئێستاکە شانست هاتووە، بۆچی دەهێڵم لەقە لە بەختت بدەی؟

– کام شانسە؟! بۆچی ئێوە دەزانن ئەمانە کێن؟ بۆچی دەزانن کوڕەکە کێیە؟ تەنانەت ئامادە نییە خۆشی نیشان بدات.

لەو کـــاتەدا دەنگی زەنگی دەرگــا هات، پـەروین خـــانم بـە ئارایشت کــراوی و دڵخۆشییەوە، بە چارشێوێکی ڕەشەوە هاتە ژوورەوە و گوتی:

– وتم با زوو بێم بزانم کارێکتان نییە، بەڕاست مۆدێلێکی جوانی جلی بووکم دۆزییەوە، دەبێت بەپێی ئەوە پارچە بکڕین، دەتانەوێت مۆدێلەکەی ببینن؟

– پەروین خانم دەستم دامێنت، ئەم کچە دیسانەوە سەرکێشی دەکات، وەرە بیخەرە سەر ڕێگە.

پەروین خـانم پێـڵاوە پاژنە بەرزەکـانی دەرهێنا و هاتە ژوورەوە و بە پێکەنینەوە گوتی:

– سـڵاو بووکە خـان، هەستە، هەستە دەست و دەموچاوت بشۆرە، ئێستا دێن، دوایی دەڵێن بووکێکی چەند تەمەڵمان هەیە.

بە بینینی پەروین خانم تووڕەیی لە جەستەمدا بڵێسەی دایەوە، هاوارم کرد:

– بە تۆ چی! ئەسـڵەن تـۆ چ کـارەی؟ چەندت لێـیـان وەرگـرت بـۆ ئەوەی دەڵاڵی بکەیت؟

دایکم کێشای بە دەموچاویدا و گوتی:

– وای، قوڕی دنیا بە سەرم، کچێ لاڵ بە، ئەم کچە بەتەواوەتی شەرمی لێ بڕاوە و حەیای لەبەر هەڵگیراوە.

بەرەو لای من هەڵمەتی هێنا، پەروین خانم بە دەستی پێشی لێ گرت:

– قەیناکا تووڕەیە، من خۆم قسەی لەگەڵدا دەکەم، ئێوە بڕۆنە دەرەوە، هەتا نیو کاژێری تر ئامادە دەبین، ئێوە بفەرموون.

دایکم ڕۆیشت، پەروین دەرگـاکـەی داخـست، پاڵی بـە پشـتی دەرگـاکـەوە دا، چارشێوەکەی خزا و کەوتە سەر زەوی، چاوی لـە من بڕی، بەڵام بەڕوونی دیاربوو کــە من نابینێت، تەمـــاشـــای شـــوێنێکی زۆر لەم ژووره دوورتری دەکـرد، چەند خولەکێک بە بێدەنگی تێ پەڕی، بەسەرسوڕمـان و وردەکۆڵییەوە سـەیریم دەکرد، کـاتێک دەســتی بە قـســەکـردن کـرد، دەنگی بۆم نائاشنا بوو، ئەو زرینگانەوە هەمیشەییەی تێدا نەبوو، خەمبار و داگیراو بوو.

کاتێک باوکم دایکمی لە ماڵ دەرکرد، من دوازدە ساڵان بووم، لە پۆلی پێنجەم

بووم، له پڕ بووم به دایکی سێ خوشک و برایەکی بچووکتر له خۆم، ئەوەندەی دایکێکی ڕاستەقینه چاوەڕوانییان لێم هەبوو، دەبوایه هەموو ماڵەکه به ڕێوەبەرم، خواردنم لێ دەنا، جلم دەشۆرد، گسکم دەدا، به منداڵەکاندا ڕا دەگەیشتم، کە باوکیشم ژنی هێنا شتێکی له ئەرکەکانی من کەم نەکردەوه، باوەژنەکەم وەکو هەموو ژنەکانی تر بوو، ناڵێم ئازاری دەدام یان برسیی دەکردم، بەڵام منداڵەکانی خۆی له ئێمه زیاتر دەویست، ڕەنگبێ مافی خۆیشی بێت. له منداڵییەوه بە منیان وتبوو ناوکتیان به ناوی ئەمیر حوسێنەوه بڕیوه، بۆ ئەو مامەیەم کە هەر له سەرەتاوه منی به بووکه جوانەکەم بانگ دەکرد. نازانم له کەیەوه، بەڵام ئەوەندەی به بیرمدا بێت عاشقی ئەمیر بووم، له پاش نەمانی دایکم هەموو ئومێد و دڵخۆشییەکم ئەو بوو، ئەمیریش منی زۆر خۆشدەویست، به هەر بیانوویەک بوایه دەهاته ماڵمان، له قەراخ حەوزەکه دادەنیشت و سەیری کارەکانی دەکردم. دەیگوت، هێشتا دەستەکانت زۆر بچووکن، چۆن ئەم هەموو جلانە دەشۆریت؟ منیش سەختترین کارەکانم دەهێشتەوه لە بەردەم ئەو دەمکرد، لەوەی کە بەو هەموو دڵسۆزییەوه سەیری دەکردم، چێژم دەبرد، ئەویش بۆ مام و ئامۆژنم باسی دەکرد کە من چ سەختییەک دەچێژم. هەرکاتێک مامم دەهاته ماڵمان بە باوکمی دەگوت:

– ئەم منداڵه گوناهه، مردووه، تۆ غەدری لێ دەکەی، تۆ و ژنەکەت شەڕتان دەبێت، ئەم چاره ڕەشه چی کردووه کە دەبێت باجەکەی بدات، له کەلی شەیتان بێره خوارەوه، بڕۆ دەستی ژنەکەت بگره و بیهێنه ماڵەوه.

– نه کاکه به هیچ شێوەیەک نابێت. ئیتر ناوی ئەو ژنه لە بەردەمم مەهێنن، سێ به سێ تەڵاقم داوه بۆ ئەوەی ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەی نەبێت.

– کەواته بیرێکی لێ بکەرەوه، ئەم کچه خەریکه له ناودەچێت.

– له کاتی خواحافیزیدا، ئامۆژنم له ئامێزی دەگرتم و سەری دەخستمە سەر سینەیەوه، بۆنی دایکمی لێ دەهات، نازانم بۆچی فرمێسکەکانم به بێ خواستی خۆم دەهاتنه خوارەوه، وابزانم نازم دەکرد. له کۆتاییدا باوکم بیرێکی لێ کردەوه، چوو ژنێکی هێنا کە له مێردی یەکەمی دوو منداڵی هەبوو، ئیتر ماڵەکەمان هەروەکو باخچەی ساوایانی لێ هاتبوو، بووین به شەش منداڵی سەروبن کە

گـەورەکــەیان مـن بووم، ناڵێم مـن هـەمــوو کــارەکــانی مــاڵەوەم دەکــرد، بەڵام هـەردووکمـان لە بەیانییـەوە تاکو شـەو هـەڵدەهـاتین، هێشـتا هـەر کـاری نیـوەچڵمـان هەبوو، بەتایبەتیش کە باوەژنم لەگەڵ پاکوتەمیزی سەری خۆش بوو. بێجگە لەوەش زۆری ڤین لـە مـــامم و ئامـــۆژنم بوو، ئـەوانی بـە لایەنگری دایکم دەزانـی. لە پێش هەموو شتێکەوە پێی ئامۆزاکەمی لە ماڵمان بڕی، بە باوکمی گوت:

– مـانـای نیـیـە، کـوڕێکی نێـرەکـەر هـەمـوو کـاتێک بێت بۆ ئێـرە دانیـشـێ و تەماشامان بکات، کچەکەش گەورە بووە و دەبێت شەرم بکات.

سـاڵێک دوای ئـەوە بە فـەرمی پێـوەندیمان لـەگەڵ مـاڵی مـامم پچـڕا، زۆر بیـریانم دەکرد، تاقە ڕێگەی بینینیان چوونە ماڵی پوورم بوو، لـە کچەکانی مامم دەپاڕامەوە کـە شـەو گلم بدەنەوە، بـۆ ئـەوەی کـە بـاوەژنم نەبۆڵێنێت نـاچار دەبووم خـوشک و براکانیشم لەگەڵ خۆمدا بهێڵمەوە، سـاڵێکی تریش بەو شێوەیە بەسەرچوو، جار دوای جـار ئـەمـیـر حـسـێنم دەبینی بالای بەرزتر دەبوو، نازانـی چەند قـۆز بوو، برژانگەکـانی وەکو سـایەبان سێبەری دەخسـتـە سـەر چاوەکـانی، شیـعری بۆم دەنووسـیم، ئەو بەیتـانەی بۆ دەکـرێیم کە خـۆی حـەزیان لێ دەکـات، دەیوت دەنگت خۆشـە ئەمـە لەبەرکـە و بیـڵێ. لەڕاسـتیـدا من خـوێندەوارییـەکی ئـەوتۆم نەبوو، لەو کـاتەوەش کـە بۆ قـوتابخـانە نەدەچووم، ئەوانەی دەشـمـزانی لە بیـرم چووبوونەوە، دەیگوت خـۆم وانەت پێ دەڵێمـەوە، وای چ ڕۆژگارێک بوو؟ ورده ورده پووریشـم لەوە مــاندوو بـوو کــە دەچووین و دەمــاینەوە، مــێـردەکــەشی تـۆزێ بۆڵەبـۆڵی دەکـرد، ناچاربووین کەمتر یەکتر ببینین. جەژنی سـاڵی دواتـر، لە باوکم پاڕامەوە بەڵکو بۆ دیداری مامم بڕۆین، باوکم خەریک بوو ڕازی بێت، بەڵام باوەژنم گوتی:

– پێم ناخەمە ماڵی ئەو نەفرەتییە، نەگریسە.

نازانم لە نێـوان باوەژنم و ئامـۆژنم چی ڕووی دابـوو وا ئـەوەندە ڤینیـان لە یەکتـر دەبووەوە، من دامابووم، لەو نێوەندەدا گیرم خواردبوو. دواجار کە بینییانم جەژنی ئەو سـاڵە بوو لە مـاڵی پوورم، پـوورم بەرنامـەکـەی وەهـا ڕێکخسـتـبـوو کـە باوکم و مـامم یەکتر ببـینن، دەیویست ئـاشتیـان بکاتەوە، هـەمـوو لە ژووری مـیوانخـانەکەی نـهـۆمی سـەرەوە دانیـشتـبـوون و ئێـمـەیان لە ژوورەکە کردە دەرەوە، من و ئـەمـیـر لە ژوورەکـەی خـوارەوە دانیـشـتین، منداڵەکـان لە حـەوشـەکـە کـایەیان دەکـرد، کـچی

پوورەکانم لە چێشتخانەکە چاییان تێ دەکرد، ئێمە تەنیا بووین، ئەمیر دەستی گرتم، هەموو جەستەم گەرم داهات، دەستەکانی ئەویش گەرم و شێدار بوون، گوتی:

– من و باوکم قسەی خۆمان کرد، بڕیار وایە ئەمساڵ پاش ئەوەی دیپلۆمەکەم دەگرم بێمە خوازبێنیت، باوکم وتوویەتی مارە دەبڕین پاش ئەوە، دەچم بۆ سەربازی.

لە دڵەوە دەمویست خۆم بخەمە ئامێزی و لە خۆشیدا بگریم، هەناسەم گیرابوو گوتم:

– واتا هەر ئەم هاوینە؟

– بەڵێ، ئەگەر من تاقیکردنەوە دووپات نەکەمەوە، قوتابخانە تەواو دەبێت.

– توخوا تاقیکردنەوە دووپات مەکەرەوە.

– بەڵێنت پێ دەدەم، لەبەر خاتری تۆیش بووە ئەمساڵ بە باشی بخوێنم.

دەستی گوشیم، دەتوت دڵمی لەناو دەست گرتووە و دەیگوشێ، گوتی:

– چیی تر تاقەتی دووریتم نییە.

– ئاه...! بڵێم چی، هێند ئەم ڕووداوەم لەگەڵ خۆمدا دووبارە کردووەتەوە، بە ڕادەیەک هەموو ساتەکانی وەکو فیلمی سینەمایی لە بەرچاومن، هێندە لە دنیای خۆماندا نوقوم بووبووین، ئاگامان لێ نەبوو کەی شەڕ دەستی پێ کرد، کاتێ پێ ڕاگەیشتین، باوکم و ژنەکەی خەریک بوون بە شەڕە جوێن لە پلیکانەکانەوە دەهاتنە خوارەوە، ئامۆژنم لە قەراخ پەرژینەکە ئاوڕی دابووەوە وەڵامی جوێنەکانی باوەژنمی دەدایەوە، پوورم بە شوێن باوکمدا ڕای دەکرد و دەپاڕایەوە:

– وا مەکەن، شەرمە، ئێوە لەم ساڵە تازەیەدا ناخۆشییەکان وەلا بنێن، یەکتر ماچ بکەن و ئاشت ببنەوە، بیکەن بە خاتری گۆڕەکەی دایکمان، بیکەن بە خاتری ڕوحی باوکمان دەست هەڵگرن، دەبێت پشتی یەکتر بگرین، لە کۆنەوە وتراوە ئەگەر دوو برا گۆشتی یەکتریش بخۆن ئێسقانەکەی فڕێ نادەن.

باوکم خەریک بوو نەرمەوە دەبوو کاتێک کە ژنەکەی گوتی:

– نابینیت چیمان پێ دەڵێن ئەمە چی برایەتییەکە؟

– تۆش کۆتاییی پێ بێنە ئەقدەس خانم، چاکەت نییە، هیچیان نەوتووە، برای گەورەترە ئەگەر شتێکیشی وتبێت ئێوە لە دڵی مەگرن.

– گەورەترە! با گەورەتر بێت، هەر لەبەرئەوەی گەورەترە دەبێت هەرچی لە دەمیان هاتە دەرەوە بیڵێن؟ ئەمیش برایەتی، خۆ نۆکەری نییە، ئەسڵەن بەمان چی وا خۆیان لە ژیانی ئێمە هەڵدەقورتێنن؟ ئەو ژنەی بەو چاوە زەقانەیەوە لە خۆی زیاتر کەس نابینێت، ئێمە خزمایەتیی وامان نەویست.

ئینجا دەستی منداڵەکەی ڕاکێشا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. ئامۆژنم بە دوایدا هاواری کرد:

– بڕۆ سەیری چارەی خۆت بکە، ئەگەر باش بوویتایە بە دوو منداڵەوە دەریان نەدەکردی و تەڵاقیان نەدەدایت.

خەونە جوانەکانم، تەنانەت یەک کاژێریش بەردەوام نەبوو، وەکو بڵقێ تەقی و لەناو چوو. لە پاش ئەوە باوەژنم دوا بڕیاڕی خۆی دا، خۆی وتەنی داخی من بە دڵیانەوە بنێت، دەیگوت، گوایە کاتێک خۆشی لە تەمەنی مندا بووە منداڵێکیشی هەبووە، دەیوت، چیی تر تاقەتی بوونی هەوێیەکی وەکو منی لە ماڵدا نییە، هەر لەو کاتەدا حاجی هاتە خوازبێنی، خزمایەتییەکی دووری لەگەڵ باوەژنمدا هەبوو، هەتاکو ئەو کاتە دووجار هاوسەرگیری کردبوو، دەیگوت:

– چونکە منداڵیان نەبووە تەڵاقیانم داوە.

ئەمجارەیان دەیویست ژنێکی گەنج و تەندروست بهێنێت، بەڵکو منداڵی ببێت، گەوجە! ئامادە نەبوو تەنانەت بۆ یەک چرکەش گومانی ئەوە بکات کە لەوانەیە کێشەکە لە خۆیدا بێت. ئاخر نابێت خۆ پیاوان خەوش و عەیبیان نییە، جا ئەویش پیاوی دەوڵەمەند. ئەو دەمە چل ساڵان بوو، واتا بیست و پێنج ساڵ لە من گەورەتر، باوەژنم دەیگوت:

– دنیایەک مڵک و سەروەتی هەیە، لە بازاڕدا چەند زنجیرە دوکانی هەیە، هەموو زەوی و خانووبەرەی دەوروبەری قەزوین.

کورتییەکەی بەتەواوەتی ئاو زایە دەمی باوکم، دەیگوت:

– ئەگەر منداڵی ببێت لە پارەدا نوقمی دەکەم.

– کاتێک ویستیان من بهێننە سەر سفرەی مارەبڕین، بارودۆخم لەمانەی تۆ

خراپتر بوو.

چاوی بریبووه خاڵێکی نەناسراو و دوو دڵۆپە فرمێسک لەسەر برژانگەکانییەوە تکانە خوارەوە.

– بۆچی هەر ئەو کاتە خۆت نەکوشت؟

– پێت وایە ئاسانە، ئەو بوێرییەم نەبوو. تۆش بیر لەم شتە بێ خۆیانە مەکەرەوە. هەرچۆنێک بێت هەرکەسەو چارەنووسێکی هەیە، ناتوانێت لە گەڵیاندا بەشەڕ بێیت، خۆکوشتنیش گوناهێکی مەزنە، خوات چۆن ناسیوە، لەوانەیە خێر و سازش هەر لەوەدا بێت.

دایکم بە مشت لە دەرگاکەی دا و وتی:

– پەروین خانم چی دەکەیت؟ درەنگ دەبێت ها!! کاژێر نۆ و نیوە.

پەروین خانم فرمێسکەکانی سڕییەوە و وتی:

– مەترسە خانم، لەسەری کاتدا ئامادە دەبین.

لە تەنیشتمەوە دانیشت.

– ئەمانەم پێت وت نەوەکو وا بزانی نازانم لە چی بارودۆخێکدای.

– ئەی بۆچی دەتەوێت منیش داماو بکەیت؟

– هەرچۆنێک بووە ئەمانە تۆ دەدەنە شوو، نازانیت ئەحمەد چ پلانێکی بۆت داناوە، بەڕاست ئەحمەد بۆ لەگەڵ تۆ ئەوەندە خراپە؟

– چونکە باوکم منی لەو زیاتر خۆشدەوێت.

لە پڕ، ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە لەو قسەیەمدا بوو کە بێ خواستی خۆم کردم، هیچ کاتێک بەو شێوەیە ئاگاداری ئەو ڕووداوە نەبووم. بەڵێ باوکم منی لەو زیاتر خۆشدەویست. یەکەمین دەربڕینێک لەو سۆزەی ئەو کە لە یادمدا مابێت، پێوەندی بەو ڕۆژەوە هەبوو کە زەری مرد، باوکم لە کار هاتەوە، لەناو چوارچێوەی دەرگاکەدا وشکەوە بووبوو، دایکم شیوەنی دەکرد، نەنکم، قورئانی دەخوێند، دوکتۆرەکە سەری بادەدا و بە نەفرەت و تووڕەییەوە لە دەرگاکەوە دەچووە دەرەوە کاتێک سینەی بەر سینەی باوکم کەوت. بە تووڕەییەوە وتی:

– ئەم منداڵە بەلای کەمەوە سێ ڕۆژە گیان دەدا، ئێستا دوکتۆر ئاگادار

دەکەنەوە؟! ئەگەر لە جیاتی ئەم کچە بەستەزمانەت یەکێ لە کوڕەکانت بوایە هەر ئاوهات دەکرد؟

باوکم ڕەنگی وەکو گەچ سپییەوە بوو، خەریک بوو دەکەوت، چوومە بەردەمی، بە دەستە بچووکەکانم پێیەکانیم لە باوەش گرت و نەنکمم بانگ کرد. لەسەر زەوی دانیشت و توندوتۆڵ منی لە ئامێز گرت، سەری خستە ناو قژمەوە و بەدەنگی بەرز گریا، نەنکم گەیشت:

– هەستە کوڕم هەستە، تۆ پیاوی نابێت وەکو ژن شیوەن بکەی، خوا خۆی داویەتی و هەر خۆیشی دەیباتەوە، مرۆڤ نابێت لە بەردەم ویستی خوادا بوەستێت.

باوکم هاواری کرد:

– تۆ وتت هیچی نییە، چاکەوە دەبێت، نەتهێشت بڕۆم دوکتۆر بێنم.

– ئەوکاتەش هیچ نەدەگۆڕا، گەر ڕۆژی لە دنیادا بوایە دەمایەوە، کەمیش نەبوو، ئەگەر گالینۆسی حەکیمیشت بۆ بهێنایە هیچ سوودێکی نەدەبوو، لە ڕاستیدا ئەمە بەشی ئێمەیە، کچمان پێوە نەهاتووە.

– ئەمانە قسەی پووچن، هەمووی خەتای تۆیە.

یەکەمین جار بوو دەمبینی باوکم بەسەر دایکیدا دەیقیژاند، لە ڕاستیشدا زۆرم پێ خۆش بوو. لە پاش ئەوە تاکو ماوەیەکی زۆریش باوکم منی لە باوەش دەگرت و بەبێدەنگی فرمێسکی دەڕشت، من لە هەڵتەکاندنی شانەکانی دەمزانی. پاشتر ئەو پشکی سۆز و چاودێرییەی بۆ زەری کورتی هێنا، بەمن گەیشت، ئەحمەد هەرگیز ئەو جیاوازبینییەی فەرامۆش نەکرد و لێی نەبوورا. هەر لە منداڵییەوە بەردەوام ئەو نیگا تووڕە ئامێزەی بە شوێنمەوە بوو، هەرکە باوکم لە ماڵ دەچووە دەر، منی بە کوتەک دادەگرت، ئێستا ئەحمەد بە ئارەزووی خۆی گەیشتووە، من لەبەرچاو باوکم کەوتووم، ناپاکیم لە متمانەکەی کردووە، ئەو بێ ئومێد و ڕەنجاو وازی لە من هێنا، ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ ئەحمەد بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەم هەموو ساڵانەم لێ بکاتەوە. دەنگی پەروین خانم منی هێنایەوە سەرخۆم:

– خۆشت ئاگات لێ نەبوو خەریک بوو چ بەڵایەکت بەسەردا بێت، نازانی ئەو سەگبابە مرۆڤێکی چەند پیسە، لەو بڕوایەدا مەبە کەس فریات بکەوتبایە، نازانی

چەند ڕۆژم بینی، چەندە زمان لووسیم کرد، هەتا ئەحمەدم ڕازی کرد بەو ناپیاوە وەڵامی نەرێ بداتەوە و بهێڵێت ئەم خوازبێنیکارانە بێن، دڵم بۆت ئاگری تێ بەربووبوو، تۆ هەروەکو پازدە بیست ساڵەی خۆمی. بینیم ئەمانە سوورن لەسەر ئەوەی تۆ بەشوو بدەن، لەو سەعیدە ترسنۆکەیشەوە هیچ هەواڵێک نییە، وتم هەر هیچ نەبێت شوویەک بکەی کە دواڕۆژ لەژێر کوتەک شینت نەکاتەوە، مرۆڤ بێت، بەڵکو ئیشەڵڵا ئارەزوومەند بی پێیەوە، ئەگەریش نەبوو تۆش بتوانیت بە ڕێگەی خۆتدا بڕۆی.

بە توانجێکی تاڵەوە وتم:

– وەکو تۆ؟

بە سەرزەنشتەوە سەیری کردم:

– نازانم، هەرچۆنێک خۆت پێت خۆشە. هەرکەسە و بە شێوازێک تۆڵە لە ژیان دەکاتەوە، بە جۆرێکیش بارودۆخەکە بۆ خۆی دەگونجێنێت کە بتوانێت بەرگەی بگرێت.

هەرچۆنێک بێت ئەو ڕۆژە، من بۆ کڕینی ئەڵقە نەڕۆیشتم، وتیان سەرمای بووە، پەروین خانم ئەو ئەڵقە زیوەی کە لە دەستمدا بوو دەری هێنا و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەوەی ئەڵقە و پارچە و شتەکانی تر بکڕێت. دوو ڕۆژ دوای ئەوە، باوکم لەگەڵ مەحموود و عەلی ڕۆیشتن بۆ قوم و بە ئۆتۆمۆبێلێکی گەورەی شتومەک و کەلوپەلەوە گەڕانەوە، لە ناو دەرگاکە، دایکم وتی:

– ڕاوەستن، ڕاوەستن ئەمانە مەهێننە ژوورەوە، یەکسەر بیبەنە ماڵەکەی خۆی، پەروین خانم لەگەڵتاندا دێت و نیشانتان دەدا، هەستە کچێ، هەستە تۆش لەگەڵیان بڕۆ ماڵەکەت ببینە، سەیرکە، بزانە چ کەموکوورییەکی هەیە، شتەکانت چۆن دابنێین، هەستە، ئافەرین.

شانم بەرزەوە کرد و بە ڕقەوە گوتم:

– پێویست ناکات، بڵێ با هەر ئەو پەروین خانمە بڕوا، من بەتەمای شووکردن نیم، ئەوە زیاتر پەلەیەتی.

سبەینێی ئەو ڕۆژە پەروین خانم جلەکانی بۆ تاقیکردنەوە هێنا، هەرچییەکی کرد ئامادە نەبووم لەبەری بکەم، وتی:

– قـەیناکـا، من ئەندازەکـانی تۆم هـەیە، بـەگوێرەی جلەکانـی ترت دەیدرووم، بە دڵنیاییەوە باش دەبێت.

نەمــدەزانـی دەبێت چـی بکـەم، بەدرێژاییی کــاتەکــە نـاخم لـە هەڵچــووندا بوو، نەمـدەتوانی نەخـواردن بـخـۆم و نە بخــەوم، ئەگـەریش چـەند کـاژێرێک دەچوومـە خەوەوە بە زریانەخـەو و پەریشـانییـەوە بوو، کە بەخەبـەر دەهاتمەوە، ماندووتر بووم لە کـاتی پێش خـەو، وەکو مـەرگ بەسـەردا سـەپێندراوێک وا بووم، سـات لە دوای سـات لە مەرگ نزیکتر دەبوومـەوە. سەرەڕای ئەوەی زۆر سـەخت بوو، سەرئەنجام، بڕیارم دا لـەگەڵ باوکم قسـە بکەم، دەمـویست بکـەومـە سـەرپێی و ئەوەنـدە بگریم تاوەکـو دڵی نەرم دەبێـتـەوە، بەڵام هـەمــوو وریا بوون، تـەنانەت یەک خــولـەکـیش بواریان نەدەدا لەگەڵ ئەودا بەتەنیا بم، خۆیشی بەئاشکرا لە دەستم ڕای دەکرد. لە خۆمـەوە بە هیـوای پەرجـوویەک بـووم، وام دەزانی لە دوا خولەکدا دەسـتێک لە ئاسـمـانەوە دەمرفێنێت، بەڵام هیچ نەقـەومـا، هەمـوو شـتێک بەپێی بەرنامـە بەرەو پێش چوو، ڕۆژی وادەدراو هات، دەرگای ماڵەوە لە بەیانییەوە خرابووە سەر پشت، ئەحـمـەد و مـەحـمـوود و عـەلی بەردەوام دەهاتن و دەڕۆیشـتن. کورسـییـان دانا و میوەکانیان شۆرد، شیرینییەکانیان دانا، دیارە ژمارەی میوانەکان زۆر کەم بوون، دایکم ڕایسـپاردبوو بەهیـچ کەسـێک لـە خزمان نـەوترێت، نەوەکو یەکێ بۆ مـاڵمـان بێت و سـەرنجی بارودۆخـە پەشـێـوەکـەی من بدات، بە پووریشـمـیـان گـوتبـوو زەماوەندەکە یەک دوو هەفتەیەکی ترە و بۆ کاتی خۆی ئاگادارتان دەکەینەوە، بەڵام نەدەبوو بە مامۆ عەباسم نەوترێت، لە ڕاستییدا لە خێزانی ئێمە لەو بەولاوە کەسی تری لێ نەبوو، ئەوانیـتـر چەند خـێزانێک لە خـزمـەکانی زاوا و چەند کەسـێک لە هاوسێ و دراوسێکان بوون. هەرچییەکیـان کرد ئامادە نەبووم بڕۆم بۆ ئارایشتگە، پەروین خـانمیش بەوە ڕازی بوو و خۆی دەمـوچاو و ژێر برۆمی هەڵگرت، لوولەی لە قژم دا، بە درێژاییی ئەو کاتەی کە دەموچاوی چاک دەکردم فرمێسک لە چاوەکانم دەڕژا، ئامۆژنم کە لە بەیانییـەوە بۆ یارمـەتی هاتبوو، یان وەکو دایکم دەیگوت بۆ خۆ تێ هەڵقورتان، گوتی:

– وای چەند نـازنازۆکی، خـۆ دەمـوچاوت مـووی پێـوە نییـە ئـاوهـا فـرمـێـسک دەڕێژی.

– ڕۆڵەکەم، ئێستا لەبەرئەوەی ئەوەندە لاواز بووە هێزی تێدا نەماوە.

پەروین خانمیش چاوی پڕ لە فرمێسک بوو، جارجارە بە بیانووی گۆڕینی پەتەکەوە فرمێسکەکانی وشک دەکردەوە. بڕیار وابوو کاژێری پێنج کە هەوا کەمێک فێنک دەکات بێن مارە ببڕن. کاژێر چوار خێزانی زاوا هاتن و سەرەڕای ئەوەی ئاووهەوا زۆر گەرم بوو، پیاوەکان هەر لەو حەوشە تازە ئاوڕشێن کراوەکەدا، لەژێر سێبەری دار تووە بەرزەکە دانیشتن و ژنەکان بۆ ژوورەکەی سەرەوە ڕۆیشتن، سفرەکەیان هەر لە ژوورەکەی خوارەوە دانابوو و من لە ژوورەکەی پشتەوە بووم، دایکم بە پەلەپەل ڕای کردە ژوورەوە و گوتی:

– هێشتا جلت لەبەر نەکردووە؟! زووکە، هەتا کاژێرێکی تر باوکت دێت!

هەموو جەستەم دەلەرزی، خۆم خستە سەر پێی، لێی پاڕامەوە ئەم کارە نەکەن و گوتم:

– من نامەوێت شوو بکەم، من هەر نازانم ئەم پیاوە کێیە؟ توخوا مەهێڵە، بە قورئان خۆم دەکوژم ها... بڕۆن هەڵی وەشێننەوە، لێ گەڕێ با بڕۆم لەگەڵ باوکم قسە بکەم، من ناڵێم بەڵێ، ئێستا سەیرکە! یا خۆتان تێکی بدەن یان من لە بەردەم هەموویان دەڵێم کە من ڕازی نیم.

– وای مەرگ! بێدەنگ بە ئەم قسانە چییە؟ هەمدیسان دەستت پێ کردەوە، ئەمجارە دەتەوێت لە بەردەم ئەم هەموو خەڵکە ئابڕوومان بەری؟ ئینجا براکانت لەت لەتت دەکەن، لە بەیانییەوە تا ئێستا ئەحمەد چەقۆکەی لە گیرفانی داناوە، وتی هەرکاتێک یەک وشەی هیچ و پووچی کرد، هەر لێرە کۆتاییی پێ دێنم، تۆزقاڵێک بیر لە ئابڕووی باوکە داماوەکەت بکەرەوە، هەر لەوێ دڵی ڕادەوەستێ و دەمرێت ها...!

– نامەوێت، بۆچی بە زۆرە؟

– لاڵ بە، دەنگت بەرز مەکەرەوە، گوێیان لێ دەبێت.

هاتە لامەوە، ڕامکردە ژێر تەختە دارینییەکە و لە دوورترین خاڵدا گرمۆڵە بووم، لوولەکانی قژم کرانەوە و لە ژوورەکەدا بڵاوبوونەوە.

– بێرە دەرەوە جوانەمەرگ، یاخوا لەسەر تەنەشۆری ماڵ بتبینم، ئیلاهی ئاگرت تێ بەربێ، وەرە دەرەوە، سەرئەنجام تۆ من دەکوژیت.

یەکێک لە دەرگای دەدا، باوکم بوو لە پشت دەرگاکەوە گوتی:

– خانم چی دەکەی ئێستا مەلا دێت!

– هیچ، هیچ، خەریکە جل لەبەر دەکات، هەر ئەوەندە بە پەروین خانم بڵێ با زوو خۆی بگەیەنێتە ئێرە.

بە دەنگێکی نزم پێی گوتم:

– دەوەرە، دەرەوە، مـردارەوە بـوو، وەرە تا نەمکوشـتـووی، ئـەوەندە بێ حـەیایی مەکە.

– نامـەوێت، من شـوو ناکـەم، تو گـیانی مـەحمـوودی برام، تو گـیانی ئەحمـەد وا ئەوەندە خۆشت دەوێت، شاییەکە هەڵبوەشێنەوە، بڵێن پاشگەز بووینەوە.

دایکم نەیدەتوانی بێتە ژێر تەختەکە، دەستی درێژ کرد و چنگی کرد بە قژما، بە یارمەتی قژەکەم منی لەژێر تەختەکە هێنایە دەرەوە، لە هەمان کاتدا پەروین خانم هاتە ژوورەوە.

– قوڕ بەسەرم ئەوە چی دەکەی؟ قژت بەسەرییەوە نەهێشت.

لە کاتێکدا کە دایکم بەتوندی هەناسەی دەدا گوتی:

– بزانە چی دەکات؟ لەم دوا دواییە دەیەوێت ئابڕوومان بەرێت!

هەر بەو شـێـوەیەی کـە خـۆم گـرمـۆڵە کـردبوو بـە قـینەوە تەمـاشـام دەکـرد، لە دەستیدا مشتێ لە قژ مابوو، نەفرەتم لە هەموویان هەبوو.

هەرگـیـز بە بیرمـدا نایەت لـە ڕێوڕەسـمی مـارەبڕینـەکـەدا وتبێـتـم (بەڵێ)، دایکم مەچەکمی توند دەگوشی و هەر دەیگوت:

– بەڵێ، بڵێ بەڵێ.

سـەرئەنجـام یەکێک بەڵێیەکی گوت و هەموو چەپڵەیان لێ دا. مەحمـوودی برام و چەند کەسێک لەو پیاوانـەی کە لە ژوورەکەی پشـتەوە دانیـشـتبوون سـەڵەواتـیان لێ دا، هەنـدێ شـتـی تر ئاڵوگـۆڕ کـرا، بـەڵام من لێـی تێ نەگـەیشـتم. پەردەیـەک لە بەرچاوەکانم بوو. هەموو شتێکم دەبینی لە ناو تەمومژدا مەلەیان دەکرد، دەنگەکان لە غەڵبـە غەڵب دەچوون و واتایان نەبوو. وەکو دەبەنگ لـە خـاڵێک ورد دەبوومـەوە. هەرگـیـز بەلامـەوە گـرینگ نەبوو ئەو پیـاوەی کـە لە تەنیـشـتـمـەوە دانیـشـتـووە و

ئێستاکە هاوسەری منە، کێیە! ڕووخساری چۆنە؟ هەموو شتێک تەواو بوو و سەعید نەهات. خەون و خەیاڵەکانم بە ئاکامێکی تاڵ گەیشتبوو، ئاه سەعید چیت پێ کردم؟

کاتێک بەخۆدا هاتمەوە، لە ماڵی ئەو پیاوە، لە ژووری نووستنەکەدا بووم. ئەو پشتی لێم بوو، لەسەر تەختی خەوەکە دانیشتبوو، خەریک بوو کەراواتەکەی دەکردەوە، دیار بوو هەرگیز پێی ڕانەهاتبوو و زۆریش ئازاری دەدا، خۆم بە سێ گۆشەی ژوورەکەوە نووساندبوو، چارشێوێکی سپی، کە بۆ هاتنم بۆ ئەم ماڵە بەسەریاندا دابووم، بە سینەمەوە نووساند. وەکو گەڵا لەرزانی بەر بای پایز هەڵدەلەرزیم. ئۆقرەم لێ بڕابوو، هەوڵم دەدا دەنگم نەیەت بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو بە بوونم لە ژوورەکەدا ڕانەکێشم. لە بێدەنگییەکی ڕەهادا فرمێسکەکانم دەتکانە سەر سینەم. خوایە ئەمە چ نەریتێکە؟ ڕۆژێ لەبەر گۆڕینەوەی چەند وشەیەک لەگەڵ پیاوێکدا کە دوو ساڵ بوو دەمناسی، زۆر شتم لەبارەیەوە دەزانی، خۆشم دەویست و ئامادە بووم هەتا ئەوپەڕی دنیا لە گەڵیدا بڕۆم، دەیانویست بمکوژن و ئەمڕۆ دەیانەوێت لەگەڵ پیاوێکی نامۆدا بچمە ناو جێگەوە کە هیچ شتێ لەبارەیەوە نازانم، و لە پەنایدا لە ترس بەولاوە هیچ هەستێکم بۆی نییە. لە بیری ئەوەی دەستی بەر جەستەم دەکەوێت، تۆقی بووم، هەستم دەکرد خەریکە دەستدرێژیم دەکرێتە سەر و هیچ کەسێک نییە فریام بکەوێت. ژوورەکە نیمچە تاریک بوو. دەتگوت مۆرەکەی من پشتی ملی سووتاند، ئاوڕی لێ دامەوە، تۆزێک بە حەپەساوییەوە تەماشای کردم، پاشان بە دەنگێکی داگیراوە و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– چیتە؟ لە چی دەترسی...؟ لە من؟ بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە بەردەوام بوو: تکایە بەو شێوەیە سەیرم مەکە، مرۆڤ دەخەیتە بیر بەرخێکەوە کە چاوی لە قەسابەکەی بڕیوە...

ویستم شتێک بڵێم بەڵام زمانم بەسترابوو.

– ئارام بە، مەترسە دەنا دڵت دەوەستێت، بێ خەم بە، هیچت لێ ناکەم، خۆ ئاژەڵ نیم!

– دەمارە کرژەوە بووەکانم تۆزێ نەرمەوە بوون، هەناسەم، کەوا نازانم لە کەیەوە

لە سینەمدا پەنگی خواردبووەوە، ئازاد بوو. بەڵام ئەو لەسەر جێگەکەی خۆی هەستا. من دیسانەوە خۆم کۆکردەوە و پاڵم دا بە سووچی دیوارەکەوە.

– کچەکە گیان سەیرکە، لە ڕاستییدا من ئەمشەو کارم هەیە، دەبێت بڕۆم بۆ لای هاوڕێکانم. وا خەریکم دەڕۆم. وەرە جلی ناومال لەبەرکە و بۆ خۆت بخەوە، بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەریش گەڕامەوە لێت ناپرسمەوە. بەڵێنی شەرەف دەدەم. پێڵاوەکانی هەڵگرت و لە کاتێکدا دەستەکانی لە شێوەی خۆ بەدەستەوەدانەوە بەرز کردبووەوە گوتی: سەیرکە من ڕۆیشتم.

کاتێک دەنگی داخستنی دەرگاکە هات، وەکو سپرینگ کرامەوە و لەسەر زەوییەکە دانیشتم. هێندە ماندوو بووم پێیەکانم نەیاندەتوانی کێشی جەستەم هەڵگرن. شاخێکم هەڵگرتبوو. ماوەیەک هەر بەو شێوەیە بووم تاوەکو هەناسەم ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە، وێنەکەم لە ئاوێنە بڵندەکەی مێزی توالێتەکە چەوت و چێڵ دەبوو، ئاخۆ بەڕاستی ئەمە من بووم؟ قژە پەرش و پەریشان و بڵاوەکەم بەشێوەیەکی سەیر بەلایەکەوە کەوتبوو، سەرەڕای بوونی پاشماوەی ئارایشتێکی چڕ و ناشیرین، بەڕوونی هەست بە ڕەنگە پەڕیوەکەم دەکرا، بەتووڕەیییەوە تۆڕەکەم لەسەرم کردەوە، نەمدەتوانی دوگمەی پشتەوەی کراسەکەم بکەمەوە، یەخەی کراسەکەم ڕاکێشا تا دوگمەکان پسان، بەپەلە دەمویست جلەکان لەبەرم دابکەنم و لە هەموو شتێک کە نیشانەیەکی لەم هاوسەرگیرییە گاڵتەجاڕەی پێوەیە ڕزگارم بێت، بەشوێن جلێکی پان و پۆڕدا دەگەڕام، لەسەر تەختی خەوەکە کراس خەوێکی سووری ئاڵیان دانابوو، بە کۆڵێ تۆڕ و کەشکەشەوە. لەبەر خۆمەوە وتم ئەمەیش لەو شتانەیە کە پەروین خانم کڕیویەتی، تەماشایەکی دەوروبەرم کرد، جانتاکەمم لە سووچێکی ژوورەکەدا ناسییەوە، گەورە و قورس بوو، بە زەحمەت جووڵاندمەوە و سەرەکەیم هەڵدایەوە، یەکێک لە جلەکانی ناومالم لەبەر کرد، لە ژوورەکە هاتمە دەر، نەمدەزانی دەستشۆرەکە لە کوێیە، هەموو گڵۆپەکانم داگیرساند و هەموو دەرگاکانم کردەوە تا گەیشتمە دەستشۆرەکە، سەرم خستە ژێر ئاوە گەرمەکە و چەند جارێ دەموچاوم بە سابوون شۆرد، لە قەراخ دەستشۆرەکە شتومەکی ڕیش تاشینی پیاوە نامۆکەی لێ بوو، چاوم لە گوێزانەکە بڕی، بەڵێ، تاقە ڕێگەی ئازادی هەر ئەوە بوو، دەبوایە خۆم ڕزگار بکردبایە، لە خەیاڵدا بینیم لاشە بێ گیانەکەم لەسەر زەویی گەرماوەکە دەدۆزنەوە، بێگومان

پیـاوه نامـۆکـه یەکـەمین کـەس دەبێت کـە لاشـەکـە دەبینێت و دەترسـێت، بەڵام بەدڵنیـاییـەوە خەمبـار نابێت. بەڵام دایکم، کاتێک بزانێت مردووم شیوەن دەکات، بە بیـری دێتـەوە چۆن قـژی ڕاکـێشـام و لـەژێر تەخـتـەکـە ڕایکێشـامـە دەرەوە، دەکــەوێتــەوە یـادی چۆن دەپـاڕامــەوە، دەبێت چـەند ئـازاری ویژدان بـچــێــژێت، هەسـتـێکـی فـێنک و خـۆشـیـیـەکی تایبـەتم بە دڵدا دەهات، ئاخـۆ بـەردەوامـیم بە ئەندێشەکانم دا:

– باوکم چـی دەکـات؟ دەست بـە دیوارەکـەوە دەگـرێت، سـەری دەخـاتە سـەر و دەگری، بە بیـری دێتـەوە چەند ئارەزووی خـوێندنم هەبوو، چـەندم خـۆش دەویست، نەمــدەویست شــوو بکەم، ئـازار دەچێـژێت لەو غــەدرەی لـە منی کــردووە ئازار دەچێـژێت، لەوانەشــە نەخـۆش بکەوێت، لـە ئاوێنەکـەدا زەردەخــەنـەم لێ دەدا، چ تۆڵەیەکی دڵگیرە!

باشە ئەوانی تر چی دەکەن؟

– سـەعـید ئـاهـ سـەعـیـد، دڵـی دادەخـورپـێ، هاوار دەکات، فـرمـێسک دەڕێژێت، نەفـرەت لە خـۆی دەکـات کـە بۆچی لە کـاتی خـۆیدا نـەهاتە خـوازبێنیم؟ بـۆچی لە شـەوێکی تاریکدا منی نـەڕفاند و هـەڵنەهات، هەتا کۆتاییی ژیانی لە پەشیـمـانی و خـەمدا دەژی، نەمـدەویست هـێندە خـەمبـار بێت، بەڵام خـۆ کـەمکاری خـۆی بوو، بۆچی ون بوو؟ بۆچی ئیتر نەهاتە سۆراغم؟

ئەحـمـەد...! ئەحـمـەد خـەمبـار نەدەبوو، بەڵام هەسـتی بە گـوناهـ دەکرد، کـاتێ هەواڵەکە دەبیستێت ماوەیەک بە حەپەساوی دەمێنێتەوە، شەرمەزار دەبێت، ئینجا بەرەو مـاڵ پەروین خـانم ڕادەکات، هەتا هەفتـەیەک شـەو و ڕۆژ ئارەق دەخـواتەوە. پاشـان دەبێت هەمـوو شـەوگارەکانی بە مـەستی لەژێر نیگا سـەرزەنشـتبـارەکانی مندا بەسـەر بەرێت، مۆتەکەی من هەرگیز ناهێڵێت ئاسوودە بێت.

مـەحـمـوودی برام سـەری بادەدا و دەڵێت، ئەی بـەدبەخت گوناح لە دوای گوناح، ئاخۆ ئێستا لە ناو کام ئاگردا دەسـووتێت، کەچـی تۆسقـاڵێکیش خۆی بە کـەمکار نازانێت، ئینجـا چەند سـوورەتێک قورئانم بۆ دەخوێنێت، چەند شـەوێکی هەینیش نوێژ دەکات، شانازیی بە خـۆی و مـوسڵـمانێتـییـەکەیـەوە دەکات کە چەند برایەکی لێبووردە و میـهرەبان بووە، هەرچەندە من کچێکی خراپ بووم، هێشتا هەر داوا لە

خوا دەکات کە لێم ببورێت و بەم نوێژانەی لە قورسی ئازارەکانم کەم دەکاتەوە.

ئەی عەلی...؟ ئەو چی دەکات؟ بێگومان ئەویش خەمبار دەبێت و کەمێک بەخۆیدا دەچێتەوە، بەڵام هەرکە منداڵانی گەڕەک هاتنە شوێنی و سەرگەرمی یاریکردن بوو، هەموو شتێکی بیر دەچێتەوە.

بەڵام فاتییە بچکۆلە بەستەزمانەکە، تاقە کەسێکە دوور لە هەستکردن بە تاوان، تەنیا و تەنیا بۆ من فرمێسک دەڕێژێت، ئەو هەمان بارودۆخەکەی منی دەبێت ئەو کاتەی زەری مرد، لە داهاتووشدا هەمان چارەنووسی منی تووش دەبێت. بەداخەوە لەو کاتەدا من نیم تا یارمەتی بدەم، ئەویش بەبێ هیچ یار و یاوەرێک بە تەنیا دەمێنێتەوە.

پەروین خانم ئافەرینم لێ دەکات لەوەی کە مەرگم لە ژیانێکی پڕ شەرمەزاری بەلاوە باشتر بوو، داخی ئەوە دەخوات کە بۆچی ئەویش لە کاتی خۆیدا بوێری ئەو کارەی نەبووە و ناپاکی لەگەڵ ئەشقە مەزنەکەی کردووە.

پەروانە زۆر درەنگ ئاگەداری مردنی من دەبێت، بە دەم گریانەوە هەموو یادگارییەکانی من لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و بۆ هەتا هەتایە بە خەمباری دەمێنێتەوە. ئاه... پەروانە! چەندت بیر دەکەم، چەند پێویستیم پێتە و دەستم بە گریان کرد.

خەونەکانی تۆڵە کردنەوەم بالایان دەکرد، گوێزانەکەم هەڵگرت و لە مەچەکی دەستمم گیر کرد، زۆر تیژ بوو، دەبوایە پاڵی بنێم، دڵم نەدەهات، دەترسام، هەوڵم دەدا ڕق و تووڕەیی و نائومێدییەکەم بە بیر خۆمدا بهێنمەوە، یادی ئەو زامانەم کردەوە کە ئەحمەد لە سەعیدی کردبوو، وتم یەک، دوو، سێ و گوێزانەکەم چەقاند، کزانەوەیەکی زۆر بوو بە هۆی ئەوەی کە گوێزانەکە لە دەستم بەربێتەوە، خوێن پژا، بە ڕەزامەندییەوە وتم باشە ئەمە یەکێکیان، ئێستا چۆن لە دەماری دەستەکەی ترم بدەم؟ ئەم دەستەم بەڕادەیەک دەکزایەوە کە نەمدەتوانی گوێزانەکەی پێ بگرم، وتم قەیناکا، ماوەیەکی زۆرتر دەخایەنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو خوێنی جەستەم هەر لەم دەستەوە دێتە دەرەوە. دیسانەوە نوقمی خەونەکانم بوومەوە، ئازاری دەستم کەمەوە بوو، سەیریم کرد خوێنەکە گیرسابوو، زامەکەم فشاردا، ئێش لە ناخمەوە هەڵسا، چەند دڵۆپە خوێنێک ڕژایە ناو دەستشۆرەکە، کەچی دووبارە

وێستایەوە، سوودی نەبوو، زامەکە هێندەی پێویست قووڵ نەبوو دیاربوو لە دەمارم نەدابوو، جـارێکی تر گـوێزانەکـەم هـەڵگرتـەوە، برینەکـە ئازاری زۆر بـوو، چۆن دەمـتـوانی دیسـانەوە هـەمـان شـوێن ببڕمـەوە؟ خـۆزگـە ڕێگەیەکـی تر دەبوو ئەوەندە ئێش و خوێنڕژانی تێدا نەدەبوو. لەسەر بنەمایەکی غەریزەیی هزرم کەوتە بەرگری کردن، قسەکانی خانم جەلەسـەیی بە بیرمدا هاتەوە کە لە خەتمەی ئەنعامدا باسی دەکرد، لە ناحـەزی و گوناهی خـۆکوشـتن دەدوا، لەوەی کـە خـوا هـەرگـیـز لە یەکێ نابوورێ کە کارێکی لەو شێوەیە دەکات، و ئەو کەسە دەبێت هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخـدا، لە تـەنیـشـت ئەو مـارانـەدا بمێنێـتـەوە کـە چـزووی ئاگـرینیـیـان هـەیە و ڕاسـپێـردراوەکانی ئەشکەنجـە کە بـە قامـچی لە لەشە سـووتاوەکەی مـرۆڤ دەدەن، لێی دەگـەڕێن لەو ئاوە پیس و بۆگـەنە بخۆنەوە کـە تاقـە خـواردنەوەیەکی دۆزەخـە، و بەرگـەی ئەو شـیشـە داخـانە ناگرن کە دەیچـەقێننە جـەسـتـەیانەوە، دێتـەوە بیـرم لە پاش بیـسـتنی ئەم قسـانە مـاوەی هـەفـتـەیـەک زریانەخـەوم دەبینی و شـەوانە لەناو خەودا دەمزریکاند. نە، من نەمدەتوانی بەرگەی دۆزەخ بگرم، ئەی کەواتە چۆن تۆڵە لە دەوروبەرم بکەمەوە؟ چۆن جەرگیان بسووتێنم؟ چۆن تێیان بگەیەنم کە ستەمیان لێـم کـرد؟ نـە، من ئەگـەر ئەم کـارە نەکـەم شـێـت دەبم، دەبێت ئازاری ئـەوان بدەم هـەروەکـو چۆن ئـازاری منیـان دا، دەبێت هـەتا کـۆتاییـی تەمـەنیـان خـەمـبـار و ڕەشـپـۆشـیـان بکەم، بەڵام ئـاخـۆ ئەوان هەر بەڕاسـتی تا کۆتاییی تەمـەنیـان بۆ من دەگرین؟ بۆچی چەنێ بۆ زەری گریان؟ خـۆ ئەو هیچیشی نەکردبوو، ئێسـتا ساڵە و ساڵیش نایەتەوە بیریان، هێشتا هەفتەیەک بەسەر مردنەکەیدا تێنەپەڕیبوو، هەموو کۆبوونەوە و وتیـان خـواسـتی خـوای لەسـەر بوو، نابێت لـە بەردەم خـواسـتی ئەودا چەند و چۆن بکرێت، دەبێت بە ڕەزایەتی ئەو ڕازی بن، ویسـتی خـوایە، ناشـوکور مـەبن، خـوا خـەریکە ئێـوە تاقی دەکـاتەوە، بەنـدەی باش لەم تـاقـیکردنەوەیە بە سـەربـەرزی دەردەچێت، خـۆی داویەتـی، خـۆیشی دەیبـاتەوە، ئێـوە تەنیـا ئـامـرازن، داواکـار نین، سـەرئەنجـام هـەمـوو بەوە ڕازی بوون کـە ویسـتی ئەو بووە و ئەوان لەو ڕووداوەدا هیـچ گوناه و ڕۆڵێکیـان نەبووە. بۆ منیش هـەر بـە هـەمـان شـێـوە دەبێت، پاش چەند هـەفـتـەیـەک ئارام دەگرن، ئەوپەڕی دوای دوو سـاڵ لە بیریان دەچێتـەوە، کەچی هەتا هەتایە مـن لە ئەشکەنجەیەکی هـەمیشـەییدا دەبم، خـۆ من نەماوم تا بـە بیـریان بهـێنمـەوە کـە چییـان بەسـەرم هێنا، لەم نێـوەندەدا تەنیـا ئەو کەسـانەی

بەڕاستی منیان خۆشدەویست و بە نیازی هاودەمی و پشتیوانیم بوون، بەتەنیا دەمێننەوە.

گوێزانەکەم فرێ دا، ئەم کارە لە دەستی من نەدەهات، دەبێت منیش وەکو پەروین خانم لە بەردەم چارەنووسی خۆم چۆک دادەم. خوێنەکەی دەستم گیرسابووەوە، دەستەسرێکم خستە سەری و گەڕامەوە بۆ ژووری نووستنەکە، چوومە ژێر لێفەکە و بە دەنگی بەرز گریام، دەبوایە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەم کە سەعیدم لە دەست داوە، یا بە دەستەواژەیەکی تر، ئەو منی نەویست، وێنەی یەکێ کە ئازیزترین کەسی بە خاک دەسپێرێت، من سەعیدم لە قووڵترین گۆشەی دڵدا ناشت، چەندان کاژێر لە سەر مەزارەکەی گریام، ئێستا دەبوایە دەستبەرداری بم و لێ گەڕێم تێپەڕبوونی ڕۆژگار ساردی و لەبیرکردنەوە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و، ئەوم لە بیر بەرێتەوە، ئاخۆ قەت ڕۆژی ئاوها دێت؟

٢

بەرزیی خۆرەتاو، نیشانەی ئەوە بوو کە چەند کاژێرێک لە ڕۆژ تێ پەڕیوە، لە خەوێکی بێ خەون و سەنگین بە ئاگە هاتم، گێژ و سەرگەردان تەماشای دەوروبەرم کرد، هەموو شتێک نامۆ بوو، من لە کوێ بووم؟ چەند خولەکێک بەسەرچوو تا هەموو ئەو شتانە بە بیر خۆمدا بهێنمەوە کە بە سەرم هاتبوون، من لە ماڵی ئەو پیاوە نامۆیە بووم، لە شوێن خۆم ڕاچڵەکیم، سەیری دەوروبەرم کرد، دەرگای ژوورەکە کرابووەوە، بەڵام بێدەنگییە قووڵەکە نیشانەی ئەوەبوو کە لە خۆم بەولاوە کەسی تر لە ماڵ نییە، هێمن بوومەوە، هەستێکی سەیرم هەبوو، جۆرە گوێ پێ نەدان و ساردوسڕییەک بە سەرتاپای بوونمدا بڵاو بووبوەوە، ئەو تووڕەیی و یاخیبوونەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بە بەردەوامی لەگەڵمدا بوون، کپ و خەمناک دەهاتنە بەرچاو، هیچ جۆرە خەم و دڵتەنگییەکم بۆ ماڵ و خێزانەکەم نەبوو کە لێیان جیا بووبوومەوە، هیچ پێوەندییەکی دیاریکراویش بەم ماڵەوە لە ناخمدا بوونی نەبوو، تەنانەت هەستم بە قینیش نەدەکرد، دڵم وەکو پارچە سەهۆڵێک بە ڕێکوپێکی و بە ناچاری لێی دەدا، بیرم لەوە کردەوە کە ئاخۆ هیچ شتێ هەیە لەم دنیایەدا جارێکی تر شادمانم بکات؟

لە جێگەکەم هەستام، ژوورێکی گەورەتر لە ژوورەکەی دوێنێ شەو دەهاتە بەرچاو، تەختی خەو و مێز توالێتێکی ئەوەندە تازە بوو هێشتا بۆنی ڕەنگ و بۆیەی دارەکەی لێ دەهات، بێگومان هەر ئەمانەن کە پێرێکە باوکم دەیگوت کڕیویەتی، جانتای جلەکانم کراوە و بەسەر یەکدا ڕژاو بوو، سندووقێکیش لە سووچی ژوورەکە

دەبینرا، دەرگـاکـەیم کـردەوە چـەند چەرشـەف و ڕووسـەرین و دسـتگیـرەیەک، چەند خـاولییـەک و هـەندێ وردەواڵەی تێدا بوو، دیاربوو کـاتیـان نەبووە ڕێکوپێکی بکەن، لەو ژوورەوە چوومـە ناو هـەیوانێکی چوارگۆشـە، لە بەرامـبـەرمـدا ژوورێکی تری لێ بوو کـە لە ڕووکـەشـدا نیگاری کـۆنی لـەسـەر بوو، بەلای دەسـتی چەپدا، دەرگـایەکی شووشـەییی گەورە بە پەنجەرەی تۆڕدارەوە، لە بەرامـبـەریدا چێشتخـانە و ئاودەسـتی لێ بوو، زەویی هـۆڵەکـە بـە فـەرشـێکی سـووری ئاڵ داپۆشـرا بوو، لە هـەردوولا پشـتی جۆری فەرشیان دانابوو، چەند دۆلاپێک بە دیوارەکـەوە نووسابوو کە پڕیان لە کتێب بوو، لایەکی دەرگـا شـووشـەییـیـەکـەش چـەند چاوەیەکی هـەبوو، گـوڵدانێکی کـۆن و پەیکەری سـەلکی پیـاوێکی لەسـەر بوو، دیارە مـن نەمـدەناسـی، دیسـانەوە چـەند کتێبێکی پەرش و بڵاوی لەسـەر بوو، سـەرم کێشایە ناو چێشتخـانەکە، شـوێنەکە تا ڕادەیەک بچـووک بـوو، سـەکـۆیەکیش کـە لە خـشت دروست کـرابوو، لـەسـەر لایەکی سەکـۆکە چرایەکی سێ فتیلەییی ڕەنگ نیللی دانرابوو، لەلایەکـەی ترەوە تەباخێکی دووچاوەی نوێ بوو، کەپسوولەی گازەکەیان لەژێر سـەکـۆکە دانابوو، لەسـەر مێزێکی تەختـەی بچـووک، قـاپـی شـووشـەیی بە گـوڵی سـوور نەخشـێنراویان لەسـەر یەکتـر دانابوو کـە باشم دەنـاسـینـەوە، کـاتێک بچـووک بووم، لە سـەفـەرێکدا کـە بۆ تاران هـاتبـووین، ئەوانەیان بۆ جـیازی من و زەری کـڕی، کارتۆنێکی گەورە لە ناوەڕاسـتی چێشتـخـانەکەدا بوو مـەنجەڵی مسـیی ئەندازەی جۆرەوجـۆر و کەوگیـر و تەشتێکی گەورە و قورسـی تێدا بوو، هـەمووشیـان سپی کرابوونەوە، لەوە دەچوو نەیانتـوانیبوو شـوێنێکی گونجـاویان بۆ بدۆزنەوە، زۆر بـە ڕوونی دیار بوو هـەرچی شتی نوێیـە هـی منە و ئەوانی تر هـی پیاوە نامۆکـەیە. لە ناوەڕاستی جیازییەکدا وەسـتابووم کە هـەر لە سـەرەتای لە دایکـبـوونەوە بۆم ئامـادە کـرابوو، شـتومـەکـی چێشـتـخـانە و ژووری نووسـتن، هـەمـوو ئامـانجـەکـانی ژیانی من لـە ناو ئەم شـتـانەدا دەبینـران، هـەر ئەم شتانە نیشـانیان دەدا کە تاقـە چاوەڕوانییەک لە ژیاندا لە منیان هـەیـە، کارکردنە لە چێشـتـخـانـە و خـزمـەتکردنە لە ژووری نووسـتندا. چ ئەرکگەلێکی قـورسـە! ئاخـۆ دەتوانم بەرگەی کارە مـاندوو ئامێزەکانی چێشتخانەیەکی ئاوهـا بەسـەر یەکدا ڕژاو و ئەرکی دژواری ژووری نووسـتن لەگەڵ پیاوێکی غەریبەدا بگرم...؟

دڵم لە هـەمـوو شـتێک هـەڵدەشێوا، کەچی توانای خۆخواردنەوە و هـەڵچـوونیـشـم نەبوو.

له بەردەوامی بەرنامەی دۆزینەوەکەمدا، دەرگا شووشەییەکەم کردەوە، یەکێک لە فەرشەکانمان لەوێ کەوتبوو، لەسەر تاقی ژوورەکە دوو دانە لالە بە بەردەملوانەکی سووری ئاڵەوە داندرابوون، ئاوێنەیەکیشی لێ بوو بە قەراخەیەکی بێ ڕەنگەوە. بەدڵنیاییەوە ئەمانە ئاوێنە و شەمدانەکانی منن، هیچ نایەتەوە یادم ئەمانەم لەسەر سفرەی مارەبڕینەکە بینیبێت. مێزێکی لاکێشەییش لە سووچێکی ژوورەکە بوو، ڕوومێزێکی ڕەنگ و ڕوو کاڵ و کرچەوەبوویان لەسەری دانابوو، ڕادیۆیەکی گەورەی قاوەییشی لەسەر بوو بە دوو پێچی ئێسقانییەوە کە وەکو دوو چاوی ناشیرین سەیریان دەکردم، لە تەنیشتییەوە سندووقێکی شێوە چوارگۆشەی لێ بوو، سەیر هاتە بەرچاوم، چوومە پێشەوە، لەسەر مێزەکە چەند پاکەتێکی گەورە و بچووک دەبینران کە وێنەی تیپی مۆسیقایان لەسەر بوو، سندووقەکەم ناسییەوە، ئەمە گرامافۆن بوو، لەمانە بوون کە ماڵی پەروانە هەیانبوو، کردمەوە، بە چەند هێڵێکی خڕو ڕەش یەکتریان دەبڕی، دەستم بەسەریدا هێنا، بەداخەوە نەمدەزانی چۆن بیخەمە سەر. سەیری کارتۆنی قەوانەکانم کرد، سەیرە! ئەم پیاوە نامۆیە گوێ لە گۆرانی بیانیش دەگرێت، ئەگەر مەحموودی برام بزانێ.... لەم ماڵەدا تەنیا گرامافۆن و کتێبەکان بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون. لەبەر خۆمەوە وتم، خۆزگە بۆ هەتا هەتایە منیان لەگەڵ ئەم شتانەدا بە تەنیا جێ دەهێشت. ئیتر لە سەرەوە هیچی تری لێ نەبوو، دەرگای نهۆمەکەم کردەوە. هەیوانێکی بچکۆلە لە بەرامبەرم بوو، لەلایەکییەوە ڕێگەکە بە پلیکانە گیرابوو کە لایەکی بۆ حەوشەکە و لایەکەی تریشی بۆ لای پشتی سەربانەکە دەڕۆیشت. چوومە خوارەوە، لە ناوەڕاستی حەوشە خشت ڕێژکراوەکەدا حەوزێکی بازنەیی ڕەنگ شینی کاڵەوەبووی لێ بوو، دیار بوو تازە ئاوەکەی گۆڕدرا بوو، دوو باخچەی باریک و درێژ لە هەردوولای حەوزەکەوە بوون، لەناو یەکێکیاندا دار گێلاسێکی تا ڕادەیەک بەرزی وەستا بوو، ئەوی تریان دارێکی لێ بوو، لە پایزدا زانیم داری خورماڵووە، لە تەنیشت دیوارەکەوە دارمێوێکی پیر و ماندوو پاڵی بە تەختە دارێکی کۆنەوە دابوو، چەند گوڵدانێکی گوڵەباخ لە هەردوولای دارەکان داندرابوون، گەڵاکانیان تۆزاوی و تینوو دیاربوون.

خانووەکە و دیواری حەوشەکە لە خشتی بەهمەنی سوور دروست کرابوون، پەنجەرەی ژووری نووستن و ژووری میوان لە حەوشەکەوە دیار بوو. لەلای

خوارووی حەوشەکەوە ئاودەستێکی کۆنی لێ بوو، لەوەی کە لە قومیشدا هەمانبوو و من هەمیشە لێی دەترسام. ئەم حەوشەیە، بە چەند پلیکانەیەک لە هەیوانە سەرتاسەرییەکەی نهۆمی خوارەوە جیادەبووەوە کە پەنجەرەی بەرز بەسەریدا دەیڕوانی. هەوڵم دا لە پەنجەرەکانەوە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە ببینم، هەموو ژوورەکان پەردەی کرکرەیان هەبوو و لە سەرووی پەنجەرەکاندا کۆکرابوونەوە، پەردەی یەکێک لە ژوورەکان کرابووەوە، دەستەکانم لە دەوری دەموچاوم داناو سەیری ژوورەوەم کرد، فەرشێکی شەرابی، چەند پشتییەک لە چواردەوری ژوورەکە، دەسێک نوینی کۆکراوە کەلوپەلە سەرەکییەکانی ژوورەکەی پێک دەهێنا. لەلای یەکێ لە پشتییەکانەوە، سەماوەر و تاقمی چاییی لێ بوو، دەرگای چوونە ژوورەوەکە کە لە دەرگاکەی سەرەوە کۆنتر دیار بوو قفڵێکی گەورەیان لێ دابوو، بێگومان ئێرەش ماڵی دایە گەورەی پیاوە نامۆکەیە. وا دیارە ئێستا بۆ میوانی ڕۆیشتووە، تارماییی پیرێژنێکی کەمێک کۆمەوەبووم بە بیرهاتەوە، کە لە ڕێوڕەسمی مارەبڕینەکەدا چارشێوێکی سپی گوڵ وردی ڕەشی لەسەردابوو، شتێکی خستە دەستمەوە، لەوە دەچوو لیرە بێت، وادیارە ئەویان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ ئەوەی بووک و زاوا چەند ڕۆژێک بە تەنیـــــا بن، بووک و زاوا؟! زەردەخەنەیەکم لێ دا و لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە، سەیرێکی پلیکانەکانی ژێرزەوییەکە و دەرگا داخراوەکەم کرد، پەنجەرە تەسکەکانی ژێر هەیوانەکە کڵاوڕۆژنەی ژێرزەوییەکە بوون، لەوێوە تەماشام کرد، زۆر تاریک، بەسەریەکدا ڕژاو و تۆزاوی بوون، دیاربوو ماوەیەکی زۆر بوو کەس نەڕۆیشتبووە ژوورەوە، ویستم بگەڕێمەوە، چاوم بە گوڵەباخە تۆزاوییەکان کەوت، دڵم سووتا، ئاوپاشەکەم لە حەوزەکە پڕکرد و گوڵەکانم ئاودا.

نزیکەی یەکی پاش نیوەڕۆ بوو. هەستم بە برسێتی دەکرد، چوومە چێشتخانەکەوە، پاکەتێک لە شیرینییەکانی زەماوەنەکەی لێ بوو، دانەیەکم خستە دەممەوە زۆر وشک بوو، ئارەزووی شتێکی فێنکم دەکرد، یەخەچاڵێکی کۆن، کورت و زلی سپی لە تەنیشت چێشتخانەکەوە بوو، دەرگاکەیم کردەوە، کەمێک پەنیر، کەرە، هەندێ میوە و شتی تریان لە یەخەچاڵەکەدا دانابوو. شووشەیەک ئاو و قۆخێکم هەڵگرت، لە لێواری پەنجەرەی چێشتخانەکە دانیشتم، هاوکات کە قەپم لێ دەگرت سەیری دەوروبەرم کرد، چەند چێشتخانەیەکی شێواو و ناڕێکە،

هەستام، کتێبێکم هەڵگرت و چوومە سەر تەختی خەوە بەسەریەکدا شێواوەکەم، ڕاکشام، بیرم لای خۆم نەبوو. چەند دێڕێکم لە کتێبەکە خوێندەوە، بەڵام هیچ تێ نەدەگەیشتم، کتێبەکەش سەرنجڕاکێش نەبوو. ئەوم خستە لاوە، هەوڵم دەدا بخەوم بەڵام نەمدەتوانی. بەردەوام شتێک لە مێشکمدا سەمای دەکرد کە: دەبێت ئێستا چی بکەم؟ واتا، هەر بەڕاستی ماوەی ژیانم لەگەڵ ئەم پیاوە نامۆیەدا بەسەر دەبەم؟ بەڕاست، بەو نیوەشەوە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ بێگومان بۆ ماڵ دایک و باوکی ڕۆیشتووە، لەوانەشە سکاڵای لە من کردبێ، ئەی ئەگەر دایکی بێت و شەڕم لەگەڵدا بکات، کە بۆچی کوڕەکەیم لە ماڵ دەرکردووە، چی بڵێم؟ ماوەیەک بە بیرکردنەوەی جۆرەوجۆر لەملاوە بۆ ئەولا دەخولامەوە هەتا سەعید هەموویانی لە مێشکم سڕییەوە، ویستم خۆمی لێ لابدەم، خۆم بە ئاگە هێنایەوە، وتم نابێت بیر لەو بکەمەوە، مادام نەمتوانی خۆم بکوژم دەبێت ئاگام لە ڕەفتارم بێت، پەروین خانمیش هەر لێرەوە دەستی پێ کردووە کەوا ئێستا بەو سادەییە ناپاکی بەرامبەر بە مێردەکەی دەکات. گەر دەمەوێت وەکو ئەو نەبم دەبێت بیر لە سەعید نەکەمەوە. بەڵام، یادی ئەو لە کۆڵم نەدەبووەوە، سەرئەنجام تاقە ڕێگەی چارەسەری کە بە مێشکم گەیشت ئەوەبوو وردە وردە دەست بە کۆکردنەوەی حەب بکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر بینیم بەرگەی ئەم ژیانە ناگرم و خەریکە بە لارێدا دەڕۆم کەرەستەیەکی ئاسان و بێ ئازار بۆ خۆکوشتن لەبەردەستمدا هەبێت. بێگومان خواش ئاگەدار دەبێت کە بۆ ڕزگاربوون لە گوناح ئاوهام کردووە و ئەو ئەشکەنجە ترسناکەم نادات. پێم وابوو چەند کاژێرێکە لەناو جێگەی نووستنەکەم بوومە و تەنانەت سەرخەوێکیشم شکاندووە، بەڵام کە هاتمە هۆڵەکە و سەیری سەعاتە گەورە و بازنەییەکەی دیوارەکەم کرد، بینیم تازە سێ و نیوە. نەمدەزانی دەشێ چی بکەم! زۆر بێ تاقەت بووم، لەبەر خۆمەوە گوتم: باشە ئەم پیاوە نامۆیە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ بەڕاست، دەیەوێت چیم لەگەڵ بکات؟

خۆزگە وا دەبوو، بێ ئەوەی کارێکی بە من هەبێت، بمتوانیبایە لەم ماڵەدا بژیم. لەم ماڵەدا کتێب هەبوو، مۆسیقا هەبوو، ڕادیۆ هەبوو، لەمانەیش گرینگتر ئاسوودەیی، تەنیایی و ئازادیم هەبوو، ئەوەندەی سەرە دەرزییەک ئارەزووی بینینی بنەماڵەکەمم نەدەکرد، من و پیاوە نامۆکە، دەمانتوانی هەریەکە و بۆ خۆمان لەم ماڵەدا ژیانێکی سەربەخۆمان هەبێت. ئاااھ ئەگەر ڕازی دەبوو! هەموو کاری

ماڵەوە من دەیکەم و هەرکەسە و بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات. کەوتمە یادی پەروین خانم، ئەویش دەیگوت لەوانەیە هۆگری بیت، بۆ ئەوەی گەر واش نەبوو، تۆ بتوانی بە ڕێگەی خۆتدا بڕۆی، دڵە لەرزەم گرت، زۆر باش لە مەبەستی ئەم ڕستەیە تێ دەگەیشتم. هەروا بە ئاسانی دەیتوانی بەرەو ڕێگەیەکی ئاوها ترسناک هەنگاو بنێت، بەڵام، ئاخۆ هەر بەڕاستی ئەو گوناهبارە یان گەر من ئەم کارە بکەم ناپاکم، ناپاکی بەرامبەر بە کێ؟ لە چی؟ بەڕاستی کامەیان ناپاکییە؟؟ خەوتن لەگەڵ پیاوێکی نامۆدا کە نە دەیناسم، نە خۆشم دەوێت و ناشمەوێت دەستم بۆ بەرێ و لەسەر بناغەی چەند وتەیەک کە کەسانی تر خوێندیانەوە و بە زۆر من گوتوومە بەڵێ، لەوانەیشە یەکێکی تر لە جیاتیی من گوتوویەتی بەڵێ، یان ئەشق بەخشین بە پیاوێک کە خۆشم دەوێت، بۆ من هەموو شتێکە، ئارەزووی هاوژیانیی لەگەڵیدا دەکەم، کەچی هیچ کەسێک ئەو چەند وتەیەی بۆمان نەخوێندەوە.

سەرم ئاوسا بوو، چ بیرکردنەوەیەکی سەیروسەمەرە لە مێشکمدا دەخولایەوە. دەبوایە شتێک بکەم، دەبێت خۆم سەرقاڵ بکەم، دەنا شێت دەبم. ڕۆیشتم ڕادیۆکەم بە دەنگی بەرز داگیرساند. پێویستیم بەوە بوو کە بێجگە لە دەنگی خۆم دەنگێکی تریشم گوێ لێ بێت. چوومە ژووری نووستنەکە و بە پەلە تەختی خەوەکەم ڕێکوپێک کرد، جلی نووستنە سوورەکەم لوول کرد و لە ژێرەوەی سندووقەکەی ئەوێ دامنا، جلەکانی ناو دۆڵابە بەسەریەکدا کەوتوو و ناڕێکوپێک بوون، زۆربەیان لە عەلاگە تەختەییەکانەوە کەوتبوونە خوارەوە، هەموویم هەڵڕشتە دەرەوە، جلەکانی خۆیشمم لە جانتاکە دەرکرد و دۆڵابەکەم کردە دوو بەشەوە، جلەکانی خۆمم لەلایەک و جلەکانی پیاوە نامۆکەم لە لایەکەی تری دانا، لە چەکمەجەکانی مێز توالێتەکە شوێنێکم بۆ خرتەوپرتەکانی سەر مێزەکە کردەوە و ڕووەکەیم ڕێکوپێک کرد. سندووقە قورسەکەم ڕاکێشایە سووچێکی ژوورەکەی بەرامبەر کە تەنیا چەند کارتۆنێ کتێبی لێ بوو و شتومەکە زیادەکانم لە ناوی دانا. ئەوێشم ڕێکوپێک کرد. هەتا ئەم دوو ژوورەم بەتەواوەتی کۆکردەوە دنیا تاریک بووبوو، ئێستا شوێنی شتەکانم دەزانی. دیسانەوە هەستم بە برسێتی کرد، دەستم شۆرد و چوومە چێشتخانەکە. وەی ئەوێ چەند شێواو و بەسەریەکدا ڕژاو بوو، بەڵام ئیتر تاقەتم نەمابوو، ئاوم کوڵاند و چایەکم دەم کرد. نانیش لە ماڵەکەدا نەبوو، تۆزێ پەنیر و کەرەم لەسەر شیرینییە وشکەکە داناو بە چاییەوە خواردم.

هاتمە سەر کتێبەکان، هەندێکیان ناوی سەیروسەمەرەیان هەبوو کە لێی تێ نەدەگەیشتم، هەندێکیان کتێبی یاسایی بوون، دیاربوو کتێبی خوێندنی پیاوە نامۆکە بوون، چەند کتێبێکی چیرۆک و شیعریشی لێ بوو، شیعرەکانی مەهدی ئیخوان سالس، فەروخی فەروخزاد و چەند کۆمەڵە شیعرێکی تر کە زۆر خۆشحاڵیان کردم. کەوتمە یادی کتێبی شیعرەکەم کەوا سەعید پێی دابووم، کتێبە بچکۆلەکەم، وێنەی گوڵدانەکەی سەری گوڵێکی نیلوفەری تێدابوو و بە ڕەنگی ڕەش بۆیە کرابوو، بیرم نەچێت، هەر دەبێت ئەو کتێبە بهێنم، کتێبی دیل (اسیر) ی فەروخم کردەوە، وای ئەم ژنە چەند بوێرە، بێ پەروا هەموو هەستەکانی خۆی دەربڕیوە، پڕ بە دڵ هەستم پێیان دەکرد، دەتگوت خۆم ئەو شیعرانەم وتووە، نیشانەم لە چەند شیعرێک دا بۆ ئەوەی لە دەفتەرەکەمدا بینووسمەوە، بە دەنگی بەرز خوێندمەوە:

دەڵێم خۆزگە،

ئەوەندەی چاوترووکانێک بشێ بفڕم

لە تەیمانی کپی زیندان

بزەم بێتێ بە یاساوڵ،

لەگەڵ تۆ بێمەوە نێو ژیان

جارێکی تر خۆم بە ئاگە هێنایەوە، شەرم داتگرێ! ئەو کاتەی کتێبێکم هەڵگرت و چوومە سەر تەختی خەوەکە، سەعات لە دە تێپەڕیبوو، زۆر ماندوو بووم، کتێبەکە ناوی مۆزەشینە (خرمگس) بوو، لە چ ڕووداوگەلێکی زۆر خراپ و ترسناک دەدوا، نەمدەتوانی لەسەر زەوییەکە داینێم، چونکە یارمەتیی دام لەماڵی پیاوە نامۆکەدا بیر لە تەنیایی خۆم نەکەمەوە و نەترسم، نازانم کەی خەوم لێ کەوت، کتێبەکە لە دەستم کەوتبووە خوار و گڵۆپەکە بە داگیرساوی مابووەوە.

کاتێک بە ئاگە هاتمەوە نزیکی نیوەڕۆ بوو، هێشتا ماڵەکە لە بێدەنگییەکی قووڵی تەنیاییدا نوقوم بووبوو، لە دڵ خۆمەوە وتم، چ بەختەوەرییەکە گەر بەبێ بێزارکەر بژی! دەتوانم تا بمەوێت بخەوم. دەست و دەموچاوم شۆرد، چاییم دەم کرد، دیسانەوە لە شیرینییەکانم خواردەوە، وام دەزانی ئەمڕۆ شەممەیە، دوکانەکان کراونەتەوە، گەر پیاوە نامۆکە نەگەڕێتەوە دەبێت خۆم بڕۆم و هەندێ شت بکڕم،

بەڵام کـوا پارە؟ بەڕاست، ئەگـەر ئەو نـەیەتەوە من چی بـکەم؟ بێگومـان ئەمـڕۆ بۆ سـەر کـار ڕۆیشـتـووە و ئیـشـەڵڵا دوای نیـوەڕۆ دەگـەڕێتـەوە، پێکەنیـنم هات، وتم ئیشەڵڵا، یانی حەز دەکەم بگەڕێتەوە؟ ئاخۆ بەڕاستی ئەو بایەخێکی تایبەتی بۆ من هەیە؟ یەکێ لە چیرۆکەکانی (ژنی ئەمرۆ) هاتەوە یادم کە تیایدا کچێک وەکو من بەزۆر بەشوو دەدرێت، لە شـەوی زەماوەنەکەدا بە مێردەکەی دەڵێت، گوایە یەکێکی تری خۆش دەوێت و ناتوانێت ببێتە هاوسـەری ئەم، مێردەکەشی سوێندی بۆ دەخوا دەسـتی بۆ نـەبات، پاش تێـپـەڕبوونـی چەند مـانگێک، ژنـەکـە وردە وردە لایـەنە باشـەکانی ئەو پیـاوەی بۆ دەردەکەوێت، ئەویندارە پێشووەکەی لە بیر دەچێتـەوە و هاوسـەرەکەی خۆی خۆشدەوێت، کەچی هاوسـەرەکەی ئامادە نابێت سوێندەکەی لە بیر بچێتەوە و هـەرگیز دەستی بۆ ژنەکە نەبرد. کەواتە، لەوانەیە ئەویش سوێندێکی لەو شـێوەیەی خواردبێت؟؟ چ باشـتر! لە ناخی مندا، هیچ هەسـتێک بۆ ئەم پیـاوە نامـۆیە بوونی نەبـوو، هـەر دەمـویست بێتـەوە، یەکـەم: بۆ ئەوەی لەم دۆخـە نادیارە ڕزگـارم بێت. دووەم: بۆ بەردەوامی ژیان پێویسـتیم بە پـارە بوو. سـێیـەم: بە هیچ شـێوەیەک مـەیلی گـەڕانەوەم بۆ مـاڵە باوک نـەبوو. ڕاسـتیـیـەکەشـی ئەوەبوو کە بە دۆزینەوەی ئەم پەناگا نوێیە و ژیانی بێ کوێخاییە چێژم دەبرد.

ڕادیۆکەم داگیرساند و دەنگیم بەرز کردەوە، سەرقاڵی کار بووم، زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژەم لە چێشتـخـانەکە بەسـەرچوو، چەند دۆڵاپێکی بچـووکم پاک کـردەوە کـە دەرگـای ئاسنینیـان هەبوو، ڕۆژنامـەم لەسـەر ڕەفـەکـانی ڕاخسـت و قـاپ و شـتـە وردەواڵەکانم لەسەری ڕیزکرد، مەنجەڵە مسەکانم لەژێر ئەو سەکۆیە دانا کە چرا سێ فتیلەییەکە و تەباخەکەی لەسەربوو، لەو سندووقەدا کە دەستگرەکانم تیایدا دۆزییـەوە، هەندێ تیکە پارچەم دۆزییـەوە، چەند روومـێـزێکی ئەندازە جیـاوازم دووری، لەبەرئـەوەی مـەکینـەی درووم‌ـانم نەبوو، دامـەنەکـانیـانم سـەردوور کـرد، دانەیەکیم لەسـەر سـەکۆکە و ئەوانی ترم لەسـەر مێزەکان و چاوەی کەوانتـەرەکە دانا، سەماوەرێکی نوێ، وادیار بوو لە ناو جیازییەکەم بووە، لەگەڵ هەموو تاقمی چاییەکە لەسـەر یەکێ لە ڕەفەکان ڕیزم کرد، چرا سێ فتیلـەکە و یەخەچاڵەکە زۆر پیس بوون، هـەردووم شـۆرد و زەویی چێـشـتـخـانەکـەم چەند جـارێک سـڕییـەوە تا پاکەوە بوو. چەند دانە ڕوومێزێکی بە گوڵ چنراو لە ناو شتومەکەکانمدا هەبوون، ئەوانەم لەسـەر تاقی ژووری میـوانەکە لەژێر ڕادیۆکە و گرامـافۆنەکە و کتێبەکان

ڕاخست، قەوانەکان و کتێبەکانم بە ڕێکوپێکی بەپێی گەورە و بچووکییان ڕیز کرد، کەمێک خەریکی گرامافۆنەکە بووم بەڵام دانەگیرسا، سەیری دەوروبەرم کرد، ماڵەکە شێوازێکی تری لەخۆ گرتبوو، ئەمەش چێژی پێ بەخشیم. دەنگێک لە حەوشەکەوە منی بە لای پەنجەرەکدا ڕاکێشا، کەچی هیچ نەبوو، باخچەکان زۆر وشک و تینوو دیاربوون، ڕۆیشتمە خوارەوە و ئاویانم دا، حەوشە و پلیکانەکانم شۆرد، کاتێک لە کار بوومەوە دنیا تاریک بووبوو، زۆر ماندوو بووم و ئارەقەیەکی زۆرم کردبوو، کەوتە بیرم، لە ماڵەکەدا گەرماومان هەیە، هەرچەندە ئاوەکە سارد بوو و ئاو گەرمکەرێکی نەوتی درێژ لە گەرماوەکەدا هەبوو، بەڵام نەمدەزانی دایگیرسێنم، هەر باش بوو، دوای شۆردنی گەرماو و ئاودەستەکە هەر بەو ئاوە سارده خۆم شۆرد، سەرم بەپەلە شۆرد و بە سابوون لەشم شۆرد و هاتمە دەرەوە، کراسە گوڵدارەکەی ناوماڵم لەبەرکرد کە پەروین خانم بۆی دووریبووم، قژم لە دواوە بەست، لە ئاوێنەکە سەیرێکی خۆمم کرد، وەها هاتە بەرچاوم کە زۆر گۆڕاوم، چیی تر منداڵ نەبووم، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێندەی چەند ساڵێک گەورە بووبووم.

دەنگێک لە حەوشەکەوە دڵی داخورپاندم، چوومە لای پەنجەرەکە، دایک، باوک و خوشکی پیاوە نامۆکە لەگەڵ دایە گەورە هاتنە ژوورەوە، خوشکەکەی ژێر باڵی دایە گەورەی گرتبوو و یارمەتی دەدا لە پلیکانەکانی حەوشەکەوە سەربکەوێت، باوکی ڕۆیی قفڵی دەرگاکان بکاتەوە، بە دەنگی پێی دایکی پیاوە نامۆکە لە دەم پلیکانەکە و نکەنکەکەیدا وا دیاربوو دەیویست بە زووترین کات خۆی بگەیەنێتە ماڵمان، دڵە کوتێکەم خێراتر بووبوو و دەست و پێم دەلەرزین، دەرگاکەم کردەوە و دوای هەناسەیەکی قووڵ سڵاوم کرد:

– بە بە، سڵاو بووکە خان، چۆنی؟ شازاوا لە کوێیە؟

پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە هاتە ژوورەوە و بانگی کرد:

– حەمید، کوڕم حەمید لە کوێی؟

هەناسەیەکی پشووم هەڵکێشا، کەوابێ ئەوان نازانن حەمید لەو شەوەوە ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە، بە ئارامی گوتم:

– لە ماڵ نییە.

– ئێ...! بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

– گوتی کەمێک دەچمە لای هاوڕێکانم.

سەری بادا و سەرقاڵی تەماشاکردنی ماڵەکە بوو، سەری لە هەموو شوێنێکی ماڵەکە دا، نەمزانی ئەو سەربادانەی بۆ چی بوو! دەتگوت مامۆستایەکی توندوتیژ سەیری ئەنجامی ئەزموونەکەم دەکا، لە دڵەڕاوکێدا بووم و چاوەڕوانی دوا سەرنجی بووم. دەستێکی بەسەر لایەکی پارچە بە گوڵ چنراوەکەدا هێنا کە لەسەر تاقەکە دامنابوو و گوتی:

– خۆت چنیوتە؟

– نە.

چووە ژووری نوستنەکە و دەرگای دۆڵابی جلەکانی کردەوە، خۆشم لە ڕێکوپێکییەکەی خۆشحاڵ بووم، دیسانەوە سەری بادا، لە ناو دەرگای چێشتخانەکە سەیری قاپەکانی ناو کەوانتەرەکەی کرد، یەکێکیانی هەڵگەڕاندەوە و گوتی:

– مەسعوودە؟

– بەڵێ!

سەرئەنجام، پشکنینەکەی کۆتایی پێ هات، گەڕایەوە هۆڵەکە و دانیشت، پاڵی دایە پشتییەکەوە، من ڕۆیشتم چایی دەم بکەم، هەندێ شیرینیم خستە ناو قاپێکەوە و هاتمەوە.

– وەرە کچم، وەرە دانیشە، ئافەرین، پێم خۆش بوو، هەر وەکو ئەوەی پەروین خانم وتی، جوان، پاکوتەمیز و بە سەلیقە، باشە لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئێرەت خستووەتە سەر ڕەوت، دایکت دەیگوت دەبێت دوای دوو ڕۆژ بڕۆین یارمەتی بدەین بۆ ئەوەی ماڵەکەی پاک بکەینەوە، کەچی وادیارە پێویست ناکات، دەرکەوت چ کەیبانوویەکی، ئیتر بێ خەمم، باشە دایکە وتت حەمید بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

– بۆ لای هاوڕێکانی.

– سەیرکە کچم، ژن دەبێت ژنایەتیی خۆی هەبێت، دەبێ بتوانێت مێردەکەی لە ناو مشتیدا ڕابگرێت، دەستەمۆی بکات، ئاگات لە خۆت بێ، ئەم حەمیدە گوڵەی

من دڕکی هەیە، دڕکـەکـانی هـەر ئەو هاوڕێیـانەین، دەبێت کـارێک بکەی لەوان دابـبـڕێت، دەبێت تۆش بزانی، هاوڕێکانی کـەسـانێکی سـەر ڕاست نین، هەمـوو کەسێک دەیگوت، ئـەگەر دەسـتی ببـەسـتنەوە، گەر گیـرۆدەی ژن و مـنداڵ بێت لەم سەروسـەودایە دەکەوێت. ئێسـتـا ئیتر ئەمەیـان ئەرکی تۆیە، دەشێ وەها بە خۆتەوە سـەرقـاڵی بکەی خـۆشی نەزانێت کاتەکانی چۆن بەسـەر دەچێت، نۆ مـانگی تریش یەکـەمین منداڵ دەخـەیتـە باوەشـیـیـەوە، نـۆ مـانگی پاش ئەوەش منداڵی دووەم، بەکورتی، دەبێت دەوروبەری هێند قەرەباڵغ بکەیت لەم بیر و خەیاڵانە بێتە دەر، من هیـمـەتی زۆرم کـرد، بە هـەر دامـاوییـەک بـووە، چ بە گـریان و بوورانـەوە چ بە ڕووکردن لە قیبلە، سەرئەنجام ژنم بۆی هێنا، ئێستا ئیتر لەمەولا نۆرەی تۆیە.

لە پڕ دەتگوت پەردەیەک لە بـەرچاوم لاچوو. ئاااە... پیاوە نـامۆ بەسـتـەزمانەکە، کـەوابێ ئەویشـیـان هـەروەکو مـن بە ناچاری هێنابووە سـەر سـفـرەی مـارەبڕین. ئەویش بەهـیچ شـێوەیەک ئەم ژیانەی لەگەڵ مندا ناوێت. لەوانەیە ئەویش یەکـێکی تری خـۆش بوێت. ئەی بـاشـە، ئەمـانە وا بەم شـێـوەیە بایەخ بـە کـوڕەکـەیان و داواکارییـەکانی دەدەن، بۆچی بۆیان نەهێنا؟! خۆ ئەو وەکو مـن نەبوو چاوەڕوانی خـوازبێنیکار بێت، دەیتـوانی هەر کـەسێ خـۆی دەیەوێت هـەڵی بژێرێ. باوک و دایکیشی کە ئـەوەندە ئارەزووی ژنهێنانی ئەویان دەکرد، بێگومـان لە قسـەی دەر نەدەچوون. لەوانەشە ئەو هەر لە بناغەوە دژی ژنهێنان بووبێت و نەیویستبێ خۆی بخـاتە ژێر ئەم بارەوە. بەڵام بـۆچی؟ ئەو تـەمـەنێکی هـەیە، یانی تەنیـا لەبەر هاوڕێکانی بووە؟ دەنگی دایکی منی لە غایلەکانم هێنایە دەرەوە:

– ئەمـڕۆ سـەوزی قـاورمـەم* لێ نابوو، حـەمـید زۆری حـەز لێیـە، دڵم نەهات ئەو نەیخـوات، مـەنجـەڵێکم بۆتان هێنا، ئەزانم تۆ ئێسـتـا کـاتی پاککردنەوەی سـەوزەت نییە...

بەڕاست برنجتان هەیە؟

بە سەرسوڕمانەوە شانەکانم بەرزکردەوە.

– لەژێر زەمـینەکـەیە، هـەر لەو پێـشـەوەیـە، هەمـوو سـاڵێ کـە باوکی برنج بۆ خـۆمـان دەکـڕێت، چەند گـۆنییـەک بۆ داپیـرە و حـەمـیـدیش دەکـڕێت، بۆ شـەو

* سەوزی قاورمە: چێشتێکی ئێرانییە.

قـوبوولّـیـیـەک لیّ بنیّ، حـەمـیـد حـەز لە پلاو ناکـات، پتـر حـەزی لە قـوبـوولّـیـیـە، لەبەرئـەوەی ئێمـەش سـبـەی شـەو دەڕۆین، بۆیە داپیـرەمـان هێنایەوە، هـەرچەندە دەمـویست چەند ڕۆژێکی تـریش لەلامـان بمێنێـتـەوە، ژنێکـی بیّ ئازارە، جـارجـارە سەرێکی لیّ بدە، هەرخۆی ئیش و کـار و چێشت لێنانی خـۆی دەکات، بەلام ئـەگەر تۆش هەندیّ جار یارمەتی بدەیت و خواردنی بۆ ببەی خراپ نییە، خێرە.

لەم کاتەدا مـەنیژە و باوکی هـاتنە ژوورەوە، من هـەسـتـام و سـلاوم کرد. باوکی بە نیگایەکی گەرم و زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە گوتی:

– سلاو کچم، ئەحوالّت چۆنە، ڕاست ئەکەی لە ڕۆژی زەماوەنەکەی جوانترە.

سـەیرکە بە یەک ڕۆژ چ مـالّێکی بۆ ژیان ڕێک خسـتـووە، چۆن هەمـوو شـوێنێکی پاک و ڕێکوپێک کردووە، ئیدی دەبێت ئەم کوڕە چ بیانوویەکی هەبێت!

مەنیژەش سەری بە هەموو شوێنێکدا کێشا و گوتی:

– باشە بزانم تۆ چەنـیّ کاتت هەبوو؟ بێگومان دوێنـیّ هەموو ڕۆژەکە خـەوتبوون، دەبوایە بڕۆیشتنایە بۆ دایە خان سەلام.

– دەبوایە بۆ کویّ بڕۆین؟

– دایە خـان سـەلام، دایە وا نییە، دەبێت ڕۆژی پاش زەمـاوەند بڕۆن بۆ دایە خـان سەلام؟

– بەلّی، دەبوایە بڕۆن، بەڕاست نەڕۆیشتن؟

– نە، ئێمە نەماندەزانی!

هەموویان پیّ کەنین.

– ئاشکرایە، حەمید ئاگای لەم داو و نەریتـە نییە، ئەم منداڵەش لە کویّ بزانێت؟ بەلام ئێستا ئیتر زانیتان، دەبێت بڕۆن، چاوەڕوانتانن.

– بەلّیّ، دیاریشـتـان دەدەنیّ، لە بیـرتە دایکە،ئەلا، بە مـەنسـوورە چ دیارییـەکیـان دابوو؟

– بەلّیّ لە بیرمـە... بەڕاست، دەتەویّ چیت لە مـەککەوە بۆ بـهێنـم؟ شـەرم مـەکـە، بلّیّ.

– هیچ.

– بڕیاربوو لە دوای گەڕانەوەشمان کۆمەدی تەختی خەوتان بۆ بکڕین، بیری لێ بکەرەوە هەتا سبەی کاتت هەیە، ئەگەر شتێکت ویست پێم بڵێ.

– خانم هەستە، پێم وانییە ئەم حەمیدە بێتەوە، زۆر ماندووم، ئیشەڵڵا حەمید سبەی سەرمان لێ دەدا، لەوانەشە بێتە فرۆکەخانە، باشە کچم، لە جیاتیی سبەینێش، خواحافیز.

دایکی باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم، لە کاتێکدا دڵی پڕبوو گوتی:

– ئامانەتی تۆ و حەمیدم، توخوا ئاگەت لێی بێ، نەهێڵی بەڵای بەسەر بێت، سەریش لە مەنیژە بدە، هەرچەندە مەنسوورەیش ئاگای لێیەتی.

بە ڕۆیشتنی ئەوان هەناسەیەکی پشووم هەڵکێشا، پیاڵە و پێش دەستییەکانم کۆکردەوە، ڕۆیشتمە خوارەوە ئەوەی برنجەکە بدۆزمەوە، دڵم خاو دەبووەوە، داپیرە بانگی کردم، سڵاوم کرد، ئەویش بە باشی سەرنجی سەر تا پێمی دا و گوتی:

– سڵاو لە ڕووخساری مانگت، ئیشەڵڵا بەخت ڕوون بی ڕۆڵە، بەڵکو ئەو کوڕەیش بهێنیتەوە سەر ڕێ.

– ببوورە، کلیلی ژێر زەوییەکە لای تۆیە؟

– نە ڕۆڵە، وا لەسەر دەرگاکەیە.

– ئێستا نانی شێوان لێ دەنێم.

– ئافەرین، لێی بنێ، لێی بنێ.

– بۆ تۆیش دێنم، پێویست ناکات هیچ لێ بنێیت.

– نە ڕۆڵە، من نانی شێوان ناخۆم، تەنیا ئەگەر سبەی نانت کڕی بۆ منیشی بکڕە.

– بە چاوان.

لەبەرخۆمەوە وتم، ئەگەر پیاوە نامۆکە نەیەتەوە چۆن نان بکڕم؟ بۆنی قوبووڵی و سەوزی قاورمەکە زۆر ئیشتیامی کردبووەوە، بە بیرم نایەت دوا جار کەی بوو خواردنێکی ڕێکوپێکم خواردبێت. نزیکی کاژێر دە خواردن ئامادە بوو، کەچی پیاوە نامۆکە هیچ دەنگی نەبوو، نە دەمتوانی و نەیش دەمویست چاوەڕوانی بم، نانی شێوانم بە هەڵپە خوارد، قاپەکانم شۆرد و خواردنە ماوەکە بەشی چوار

ژەمی تری دەکرد، خستمە ناو یەخەچاڵەکەوە. کتێبەکەم هەڵگرت و چوومە سەر تەختی خەوەکە، بە پێچەوانەی شەوی ڕابردوو، زوو خەو بردمییەوە.

کاژێر، هەشتی شەو بوو کاتێک بەخەبەر هاتمەوە، وردە وردە خەریک بوو بەرنامەی خەو و هەڵسانم ڕێکوپێک دەبوو، چیی تر ژوورەکە بەلامەوە نامۆ نەبوو. ئەو ئاسوودەیییەی کە لەم ماوە کورتەدا لەم ماڵەدا بە دەستم هێنابوو، هەرگیز لە ماڵە قەرەباڵخ و نائاسایشەکەی خۆماندا نەم بوو. ماوەیەک لە ناو نوێنەکەمدا خۆم تلاندەوە، هێدی هێدی هەستام و جێگەکەم ڕێکوپێک کرد و هاتمە دەرەوە، لە پڕ وشکەوە بووم، پیاوە نامۆکە لە هۆڵەکە لەسەر یەکێ لە پەتوەکانی تەنیشت پشتییەکان خەوتبوو، هەڵوەستەیەکم کرد، دیار بوو لە خەوێکی قووڵدا بوو. بە هیچ شێوەیەک دوێنێ شەو ئاگام لە هاتنەوەی نەبووە، کەمێکی تر چوومە پێشەوە، قەد و باڵای بەو درشتییە نەبوو کە پێشبینیم کردبوو، باسکی لەسەر نێوچەوان و چاوەکانی دانابوو، سمێڵێکی درێژ و پڕی هەبوو نەک هەر لێوی سەرووی بەڵکو بەشێکی لێوی خوارەوەشی داپۆشیبوو، قژێکی لوولی هەبوو لەسەر سەرینەکە پەرشوبڵاو بووبووەوە، تا ڕادەیەک سەوزە و باڵا بەرز دیاربوو، لەبەرخۆمەوە وتم ئەم پیاوە هاوسەری منە؟ خۆ ئەگەر لە جادە بمبینیایە نەمدەناسییەوە، بەڕاستی گاڵتەجارییە! بەبێ دەنگەدەنگ دەست و دەموچاوم شۆرد، سەماوەرەکەم داگیرساند، ئەی بۆ نان چی بکەم؟ سەرئەنجام شتێک بە مێشکمدا هات، چارشێوی نوێژەکەم بەسەر سەر دا و بەهێمنی لە دەرگاکە هاتمە دەرەوە، داپیرە خەریک بوو ئاوپاشەکەی لە حەوزەکە پڕ دەکرد، سڵاوم کرد.

– سڵاو بووکە خان، هێشتا حەمیدە تەمەڵ لە خەو هەڵنەستاوە؟

– نە، دەمەوێ بڕۆم نان بکڕم، هێشتا تۆ بەرچاییت نەخواردووە؟

– نە ڕۆڵە پەلەم نییە.

– نانەواخانەکە لە کوێیە؟

– لە دەرگاکە ڕۆیشتیتە دەرەوە بەلای دەستی ڕاستدا بڕۆ، کە گەیشتیتە سەر کۆڵانەکە بەلای دەستی چەپدا پێچ بکەرەوە، سەد هەنگاو بڕۆ دەگەیتە بەردەم نانەواخانەکە.

تۆزێ ئەم پێ و ئەو پێم کرد و گوتم:

– ببـووره پارەی وردەت هەیە؟ نامـەوێت حـەمـیـد لە خـەو هـەسـتـێنم. دەترسم نانەواخانەکە پارەی وردەی نەبێت.

– بەڵێ داپیرە هەمە، برۆ لەسەر تاقەکە هەڵی بگرە.

کاتێک گەڕامـەوە حەمید هێشتا خـەوتبوو، چاییم دەم کرد، گەڕامـەوە بۆ ئەوەی پەنیـرەکـە لە یەخـەچاڵەکـە دەربکەم، لـە ناو دەرگـای چێـشـتـخـانەکـە ڕووبەڕووی غەریبەکە بوومەوە کە لە ناو دەرگاکە وەستابوو، ڕاچڵەکیم و یەکسەر گوتم:

– وەی...!

بەپەلە خـۆی خـسـتــە لاوە، ئەمــجـارەش هەردوو دەسـتـی لـە شـێـوەی خـۆ بەدەستەوەدان بەرز کردەوە و گوتی:

– نە! نە! توخوا مـەترسـە، بۆچی من پیاوخۆرم؟ لە خـۆم بێ ئومـێد بووم، بۆچی من ئەوەندە ترسناکم؟

پێکەنینم هات، بە بینینـی پێکەنینەکـەم ئـارامـەوە بـوو و دەسـتـی بە سـەرووی دەرگاکەوە گرت و گوتی:

– دەڵێی ئەمڕۆ بارودۆخت باشترە.

– بەڵێ سوپاس، کەمێکی تر بەرچایی ئامادە دەبێت.

– هـەی هەی ! نـانی بـەیانی! ئێــرەشت پاکـــەوە کـــردووە، دایکم لە خـــۆیـەوە نەیدەگوت ئەگەر ژن لە ماڵەکەدا بێت هەموو شتێ ڕێکوپێک دەبێت، هەر خوا بکات بتوانم شتەکانم بدۆزمەوە، لەگەڵ ئەم ڕێکوپێکییە ڕانەهاتووم.

بۆلای دەستشۆرەکەوە ڕۆیی، لە پاش چەند خولەکێک گوێم لە دەنگی بوو گوتی:

– خاولی گەرماوەکە لێرە بوو، لە کوێ داتناوە؟

ڕۆیشتم خاولییە قەد کراوەکەم هێنا، سەری لە لایەکی دەرگەکەوە هێنایە دەرەوە و گوتی:

– بەڕاست ناوت چییە؟

سـەیربوو بەلامـەوە، تەنانەت نـاویشم نازانێت، خـۆ لەسـەر سـفرەی مـارەبڕینەکە چەند جـارێک ناومیـان برد، چەند بەلایەوە بێ بایەخ بوو، یان تا چ ڕادەیەک نوقمی ئەندێشەکانی خۆی بووە کەوا بەو سادەییە بیری چووەتەوە، بە ساردییەوە گوتم:

– مەعسووم!

– ئەها مەعسوومە! باشە ئێستا مەعسوومەیە یان مەعسووم؟

– هیچ جیاوازییەکی نییە، هەموو پێم دەڵێن مەعسووم.

وردتر سەیری دەموچاوی کردم و گوتی:

– ئەها... باشە... لێت دێ.

دڵم تەنگ بوو، ئەویش هەر وای وت، بەڵام ئەوین و خۆشەویستی ئەو لە کوێ و گرینگی نەدانەکەی ئەم لە کوێ؟ ئەو، وەکو خۆی دەیگوت، ڕۆژی هەزار جار ناوی منی دووبارە دەکردەوە، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک، گەڕامەوە چێشتخانەکە، شتومەکی بەرچاییم بۆ هۆڵەکە برد و سفرەکەم ڕاخست.

پیاوە نامۆکە بە قژە لوول و تەڕەکەیەوە، خاولییەکەی لە ملی ئاڵاندبوو ڕاستە و ڕاست هاتە لای سفرەکە، چاوێکی ڕەشی میهرەبان و شادی هەبوو، ئەو هەستی ترسەی کە لە دڵمدا بوو بەتەواوەتی ڕەوییەوە.

– بە بە! چ بەرچاییەک، نانی تازەشمان هەیە، ئەمەشیان یەکێ لە بەهرەکانی ژنداربیە.

هەستم کرد ئەمەیانی بۆ دڵدانەوەی من گوت، لەبەرئەوەی ناوەکەمی لە بیر نەمابوو دەیویست بە شێوەیەک داوای لێبووردن بکات. چایەکەم لە بەردەمی دانا، چوارمشقی دانیشت و لە کاتێکدا پەنیرەکەی لە سەر نانەکە دادەنا گوتی:

– دەی بۆم باس بکە، بۆ ئەوەندە لە من ترسای؟ من ترسناکم یان هەر کەسێکی تر ئەو شەوە بە ناوی مێردەوە بهاتایەتە ژووری نوستنەکەت سام دەیگرتی؟

– جیاوازی نەبوو، هەرکەسێکی تریش بوایە دەترسام.

لە دڵی خۆمەوە بەردەوام بووم، تەنیا سەعید نەبێت، گەر ئەو بوایە بە هەموو بوونمەوە خۆم دەخستە ئامێزی.

– ئەی بۆچی شووت کرد؟

– ناچار بووم.

– بۆ؟

– بنەماڵەکەم پێیان وابوو کاتی شووکردنمە.

– بەڵام جارێ تۆ زۆر گەنجی، خۆشت پێت وابوو کاتی هاتبوو؟

– نە! من دەمویست بخوێنم.

– باشە بۆ نەتخوێند؟

– دەیانوت بۆ کچ بڕوانامـەی پۆلی شـەشـەم بەسـە، ئەم چەند سـاڵەش بە پاڕانەوەیەکی زۆرەوە چەند ساڵێک زیاترم خوێند.

– کەواتە تۆیان ناچار کرد لەسەر سفرەی مارەبڕین دانیشی، نەیانهێشت بۆ قوتابخانە بڕۆی، کە داواکارییەکی یاسایی خۆت بوو؟

– بەڵێ.

– ئەی بۆ بەرگریت نەکرد؟ بۆچی ڕووبەڕوویان نەبوویتەوە؟ بۆچی مانت نەگرت؟ ڕەنگی کەمێ سوور هەڵگەڕابوو.

– ئەگەر بە زۆریش بوایە دەشیا مافی خۆت وەربگرتایە، ئەگەر بەو ئاسانییە کـەس نەدەچووە ژێر باری زۆردارییـەوە ئەو هەمـوو زۆردارە لە دنیـادا دروست نەدەبوو، هەر ئەم ستەمانە دەبنە بناغەی بەهێز چەوساندنەوە.

بە سەرسوڕمانەوە سەیریم کرد، لەوە دەچوو زۆر لە ڕاستییەکانەوە پەرتەوازە بێت. پێکەنینم هات، بە هەمان زەردەخەنەوە کە تۆزێ گاڵتە ئامێزیش بوو گوتم:

– ئەی تۆ بۆ چوویتە ژێر باری زۆردارییەوە؟

حەپەسا، بێدەنگ بوو، بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

– کێ؟ من دەڵێی؟

– بەڵێ، تۆشیان بە زۆر لەسەر سفرەی مارەبڕین دانا، ئەی وا نییە؟

– کێ قسەی وای کردووە؟

– زۆر ئاشکرایە، خۆ ناتوانی بڵـێیت بە تاسـەی ژن هێنانەوە چرکە ژمێریت دەکرد، دایکە داماوەکەت چ زەحمـەتێکی کێشـا، هەتا ڕازی بوویت ژن بهێنیت، چەندان جار بووراوەتەوە و دڵی خاو بووەتەوە.

– ئەمانە دایکم پێی وتی، وا نییە...؟ دیارە ڕاستی کردووە، دەزانی حەقی خۆتە، منیش ناچار بووم، هەموو کاتێ زۆرداری کوتەک و شەڕ و ئەشکەنجە نییە، هەندێ جـار بە بەکـارهێنانی ئەشـق و خـۆشـەویسـتی زۆر دێن و دەست و پێی مـرۆڤ

دەبەستنەوە، بەڵام، لەبەرئەوەی من بۆ دڵخۆشیی دایکم ڕازی بووم ژن بهێنم، لەو باوەڕەدا نەبووم هیچ کچێک بەو مەرجانەوە ئامادە بێت ببێتە ژنم.

ماوەیەک بە بێدەنگی لە بەرچایی خواردن بەردەوام بووین، پاشان کوپە چاییەکەی گرتە دەستەوە، پاڵی دایە پشتییەکەوە و گوتی:

– بەڵام تۆش زۆر زیتەڵە و زیرەکی ها...، پێم خۆش بوو، لە هەلی گونجاودا مرۆڤ شەرمەزار دەکەیت.

ئینجا دەستی کرد بە پێکەنین و منیش پێ کەنیم.

– دەزانی بۆچی نەمدەویست ژن بهێنم؟

– نە! بۆ؟

– چونکە مرۆڤی ژن و منداڵدار خاوەن ژیانی خۆی نییە، دەست و پێی دەبەسترێتەوە، گیرۆدە دەبێت، ناتوانێت بیر لە بیروباوەڕەکانی خۆی بکاتەوە و بەدوویان بکەوێت، یەکێک هەیە دەڵێت، پیاو کە ژن دەهێنێت دەوەستێت، کاتێک منداڵی یەکەم دێتە دنیاوە بەسەر ئەژنۆدا دەکەوێت، بۆ منداڵی دووەم کڕنووش دەبات لەگەڵ منداڵی سێیەمدا ئیدی تیادەچێت، یان شتێکی لەو شێوەیە. دیارە منیش پێم ناخۆش نییە بەرچاییم ئامادە بێت و ماڵەکەم خاوێن بێ، یەکێک هەبێت پێم ڕابگات، کارەکانم بکا و جلەکانم بشۆرێت، بەڵام ئەمە بەرهەمی خۆپەرستی مرۆڤە و دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی سەقەتی پیاوسالاری ئێمە. من باوەڕم وایە کە نابێت سەبارەت بە ژن بەو شێوەیە بیر بکرێتەوە، بە بۆچوونی من ژنان یەکێک لە ستەمدیدەترین توێژەکانی مێژوون، ژنان یەکەمین کۆمەڵێک بوون کە لەلایەن کۆمەڵێکی ترەوە چەوسێندرانەوە، هەموو کاتێ لەژێر ناوونیشانی ئامرازی بەکارهێنانەوە بەکارهێنراون و هەتاکو ئێستاش هەر بەکار دەهێنرێن.

هەرچەندە قسەکانی کەمێک کتێبی بوون و مانای هەندێک لە وشەکانی وەکو (چەوسێندرانەوە)م بە باشی نەدەزانی، بەڵام زۆرم پێ خۆش بوو، ئەو ڕستەیەی کە ژنان ستەمدیدەترین توێژی مێژوون، لە مێشکمدا چەسپا.

– بۆیە نەتدەویست ژن بهێنیت؟

– بەڵێ، نەمدەویست گیرۆدە بم، چونکە ئەمە تایبەتمەندییەکی جیانەکراوەی توانا بەسەردا نەشکاوی هاوسەرگیری نەریتیانەیە، ئەگەریش ئێمە هاوڕێ و

هاوئامانج و هاوبیر بووینایە، ئەوە شتێکی تر بوو.

– ئەی باشە بۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی هاوئامانجی خۆتدا نەکرد؟

– کچەکانی ئێمە بەو سادەییە خۆیان لە هاوسەرگیری نادەن، ئەوان خۆیان بۆ مەبەستەکەیان تەرخان کردووە، دایکیشم نەفرەتی لێیانە، دەیوت ئەگەر یەکێ لەوانە بخوازی، خۆم دەکوژم.

– تۆ خۆشیانت دەویست؟

– چیم خۆش دەویست...؟ ئۆە... نە! بەهەڵەدا مەچۆ، مەبەستم ئەوە نییە کە، بۆ نموونە من ئاشقی یەکێکیان بووم و دایکم نەیهێشت، یا لەم قسە پووچانە، نە! لە نێوان ئێمەگەلدا لەم قسانە بوونی نییە، چونکە ئەوان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە من ژن بهێنم، منیش دەمویست هاوسەرگیرییەک بکەم لەناو ئەو گرووپەدا، بۆ ئەوەی رێگری لە چالاکییەکانم نەکات، کۆتاییش بەو ورتە و بۆڵەیە بهێنم، بەڵام دایکم دەستمی خوێندەوە.

– لەناو ئەو گرووپەدا؟ مەبەستت کام گرووپەیە؟

– گرووپێکی تایبەت نییە، هەر ئەو کەسانەی کە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی چالاکییەکی گرینگ ئەنجام بدەن، چالاکیگەلێک کە بە قازانجی خەڵکی هەژار بێت، سەرئەنجام هەموو کەسێ لە ژیاندا بیروباوەڕ و ئامانجێکی هەیە و بەرەو ئەو ئامانجە دەبزوێت. تۆ ئامانجت چییە؟ بەرەو کام ئاراستە دەتەوێت بجووڵێیتەوە؟

– پێشتر ئامانجم خوێندن بوو، بەڵام ئێستا... نازانم.

– ناشێ بتەوێت هەتا ماوی ئەم ماڵە بساوی؟

– نە...!

– ئەی چی؟ ئەگەر ئامانجت خوێندنە، باشە بخوێنە، بۆ وازی لێ دەهێنیت؟

– ئاخر قوتابخانە رێگە نادات بە یەکێ شووی کردبێ.

– یانی تۆ نازانی کە رێگەی تریش هەیە بۆ خوێندن؟

– چ رێگەیەک بۆ نموونە؟

– باشە، بۆ قوتابخانەی شەوانە برۆ، تاقیکردنەوەی دەرەکی بدە، خۆ مرۆڤ نابێت هەر بۆ قوتابخانە بڕوا.

– ئەوە دەزانم، بەڵام ئەی لە لایەن تۆوە هیچ کێشەیەک نییە؟

– نە، کێشەی چی؟ زۆریش باشە، من بەلامەوە باشترە لەگەڵ کەسێکدا سەروکارم هەبێت کە خوێندەوار و ژیر بێ، لە ڕاستیدا ئەمە مافی خۆتە، من کێم تا ڕێگەت لێ بگرم؟ خۆ من زیندانەوانی تۆ نیم.

حەپەسا بووم، لە ڕاستیدا کە گوێم لەو قسانە دەگرت، باوەڕم نەدەکرد، ئەمە چ جۆرە پیاوێکە؟ چەند جیاوازە لەو پیاوانەی تاکو ئێستا ناسیومن، هەستم کرد چرایەک بە ئەندازەی خۆرێ لە ژیانمدا داگیرساوە، لە خۆشییاندا زمانم بەسترا، بێ خواستی خۆم وتم:

– بەڕاستتە؟ ئاخ ئەگەر بهێڵی بخوێنم...

بەو دۆخەی من پێکەنینی دەهات، بە دڵفراوانییەوە وتی:

– ئاشکرایە بەڕاستمە، ئەمە مافی خۆتە، پێویست ناکات سوپاسی کەس بکەی، دەبێت هەموو مرۆڤێ بتوانێت هەر کارێ کە پێی خۆشە و پێی وایە دروستە بیکات، هاوسەر ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگر بێت لە بەردەم چالاکییەکانی لایەنی بەرامبەر، بەڵکو دەبێت پشتیوانی لێ بکات، وانییە؟

بە هەموو بوونمەوە سەرم ڕادەوەشاند و قسەکانیم دەسەلماند، لە مەبەستیشی تێ گەیشتبووم، نەدەبوا منیش تەگەرە بخەمە بەردەم کارەکانی ئەووەوە.

پاشتر، ئەم لە یەکتر گەیشتنە بوو بە یاسای نەنووسراوی ژیانمان، هەرچەندە بەپێی ئەو یاسایە من بەشێ لە مافە ئینسانییەکانم بە دەست هێنا، بەڵام لە کۆتاییدا بە قازانجی من نەبوو.

ئەو ڕۆژە، ئەو بۆ سەر کار نەڕۆیشت، دیارە منیش نەمپرسی بۆچی! بۆ نانی نیوەڕۆ بۆماڵی دایک و باوکی ڕۆیشتین، چونکە شەو نیازی سەفەریان هەبوو. ماوەیەک بۆ جل لەبەرکردن لە ژوورەکە وەستام، نەمدەزانی چی لەبەر بکەم! لەبەرخۆمەوە وتم هەروەکو هەموو جارێ سەرپۆشەکەم لەسەر دەکەم، ئەگەر وتی بۆچی، چارشێو بەسەردا دەدەم، کاتێک لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، سەیرێکی سەرپۆشەکەمی کرد و گوتی:

– ئەمە چییە؟...ئەشێ هەبێت؟

– لەو ساتەوەی کە باوکم ڕێگەی داوە بەردەوام سەرپۆشم پۆشیوە، ئێستا

ئەگەر تۆ پێت ناخۆشە چارشێو بە سەردا دەدەم.

– ئۆه نا!... نە! ئەمەش زۆرە، دیارە کەیفی خۆتیشە، هەرچۆنێکت پێ خۆشە جل لەبەرکە، ئەویش مافی ئینسانی خۆتە.

لە پاش ماوەیەکی ئێجگار زۆر، ئەو ڕۆژە هەستم بە خۆشی کرد، هەستکردن بە پشتیوانێکی دڵنیا، هەستکردن بە گەیشتن بەو خەونانەی چەند ساتێ پێشتر بەدینەهاتوو دەهاتنە بەرچاو، بە ئاسودەییەوە لە تەنیشتییەوە هەنگاوم دەنا. قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. زۆربەی کات ئەو قسەی دەکرد، هەندێ جار قسەکانی زۆر وێژەیی و کتێبی دەبوون و وەکو مامۆستایەک دەدوا کە بۆ قوتابییەکی گەوج قسە دەکات، بەڵام بەلای منەوە ناحەز نەبوو، بەڕاستی ئەو ڕۆشنبیر بوو، لە ڕووی ئەزموون و ڕۆشنبیرییەوە من بە قوتابییەکیشی نەدەژمێردرام، سەرمەستی وتەکانی بووم، لەم پێوەندییە چێژم وەردەگرت.

لە ماڵی ئەواندا، هەموو لە دەورمان کۆبوونەوە، منیرە خانمی خوشکە گەورەی لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی لە تەورێزەوە هاتبوون، کوڕەکان جۆرێ لە نامۆییان تێدا بوو، لەگەڵ دەوروبەردا زۆر نەدەگونجان، پتر لە نێوان خۆیاندا بە تورکی قسەیان دەکرد، خودی منیرەخانمیش زۆر لە خوشکەکانی تری جیاواز بوو، زۆریش لەوان گەورەتر دیاربوو، لە ڕوانگەی منەوە زیاتر لە پووریان دەچوو وەک ئەوەی خوشکیان بێت، بەوە دڵخۆش بوون کە دەیانبینی من و حەمید پێکەوە باشین و قسە دەکەین. حەمید بەردەوام لەگەڵ دایک و خوشکەکانی گاڵتەی دەکرد، قسەی بۆیان فڕێ دەدا، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو کە ئەوانی ماچ دەکرد، زۆر پێکەنین دەیگرتم و سەرم سوڕدەما. لە ماڵی ئێمەدا پیاوەکان لەگەڵ ژنەکاندا زۆر قسەیان نەدەکرد، تا بگات بە گاڵتە و پێکەنین، لە کەش و هەوای ماڵەکەیان چێژم دەبینی. ئەردەشیری کوڕی مەنسوورە گاگۆڵکێی دەکرد، زۆر جوان و نازدار بوو، بێ ئەوەی هەست بە نامۆیی بکات خۆی فڕێدایە باوەشم، هەستێکی باشم هەبوو، لە ناخی دڵەوە پێ دەکەنیم. دایکی گوتی:

– باشە ئەلحەمدولیللا، بووکەکەمان پێکەنینیش دەزانێت، ئیمە تاکو ئێستا پێکەنینیمان نەبینیبوو.

مەنسوورە کۆتاییی قسەکەی هەڵگرتەوە:

– خۆ بەو چاڵانەی سەر گۆناکانیەوە کە پێ دەکەنێ زۆر جوانترە، بەخوا ئەگەر من لە جیاتی تۆ بوومایە هەموو کاتێ پێ دەکەنیم.

سوور بوومەوە و سەرم داخست. مەنسوورە بەردەوام بوو:

– کاکە خۆشحاڵ بووی؟ بینیت چ کچێکی جوانمان بۆت دۆزییەوە؟ دەبڵێ دەستان خۆش بێ.

حەمید بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەستتان خۆش بێت.

مەنیژە نێوچەوانی دا بە یەکداو گوتی:

– ئەوە چیتانە، بۆچی وەکو نەدی و بدی ڕەفتار دەکەن؟

لە ژوورەکە چووە دەرەوە. دایکی گوتی:

– وازی لێ بهێنن، هەرچۆنێک بێت ئەو هەموو کاتێک نازداری براکەی بووە. من زۆر دڵخۆشم، ئێستاش کە پێکەوە دەتانبینم ئیتر بیرم ئاسوودە بوو، هەزار جار شوکور بۆ خوا، ئێستا ئیتر دەتوانم لە ماڵی خوا نەزرەکەم بدەم.

لەم کاتەدا باوکی هاتە ژوورەوە. ئێمە هەستاین و سڵاومان کرد، باوکی نێوچەوانی هەردووکمانی ماچ کرد، من سوور هەڵگەڕام. بە سۆزەوە گوتی:

– باشە بووکە خان، ئەحواڵت چۆنە؟ خۆ کوڕەکەم ئازارتی نەداوە؟!

– سەرم داخست و گوتم: نە خێر!

– هەر کاتێک ئازاری دای وەرە بە خۆم بڵێ، وەها گوێی ڕادەکێشم کە چیی تر بێزارت بکا.

ئینجا بە گاڵتە گوێی حەمیدی ڕاکێشا. حەمید پێ کەنی و گوتی:

– ڕایمەکێشە بابە گیان، تۆ ئەوەندە گوێت ڕاکێشام تا بووم بە گوێدرێژ.

لە کاتی ماڵئاواییدا، جارێکی تر دایکی منی بردە گۆشەیەک و گوتی:

– لە کۆنەوە وتوویانە، بەزمانی شیرین مار لە کون دێتە دەر، هەر لە ئێستاوە بە پێداگرییەوە لە ڕووی بوەستە، نە ئەوەی شەڕی لەگەڵدا بکەی ها...، بە ڕەفتاری خۆش، خۆت شێوازەکەی دەدۆزیتەوە، سەرئەنجام تۆ ژنی، عیشوەیەک، نازێ، تۆرانێ، تکایەک، بەکورتی مەهێڵە شەوانە درەنگ بێتەوە، بەیانییان لە کاتی خۆیدا

بینێره بۆ سـەر کار، دەبێت پێی هاوڕێکانی له ژیانت ببڕی، ئیشەڵڵا زوویش بهێڵە منداڵت بێت، بەدوای یەکـدا، بواری مــەدەرێ، ئەگــەر دوو سێ منداڵ دەوروبەری بگرن ئیتر ئەم شتە پووچانەی لەسەر دەردەچێت، با بزانم چ جەربەزەیەکی.

له کاتی گەڕانەوەماندا حەمید پرسی:

– ئەرێ دایکم چی دەگوت؟

– هیچ، دەیگوت ئاگام له تۆ بێت.

– بەڵێ دەزانم، ئاگات لـه من بێت بۆ ئەوەی لـەگەڵ هـاوڕێکانم هـاتوچۆم نـەبێت، وابوو؟

– ئەی...

– تۆ چیت گوت؟

– هیچ، چی بڵێم؟

– دەبوایـە بتگوتایە مـن کـاربەدەســتی دۆزەخ نیم تـا ژیانی لـێ بکەم بـه ژەهری مار.

– من چۆن دەتوانم له یەکەم ڕۆژەوە قسەی وا بـه خەسووم بڵێم؟

– ئامـان له دەست ئەم ژنه پیرانە، بەهیچ شێوەیەک له ناوەڕۆکی هاوسـەرگیری تێ نەگەیشتوون، ژن بـه زنجیرێ دەزانن بۆ بەستنەوەی دەست و پێی پیاوی داماو، له کـاتێکدا نـاوەڕۆکی پرۆســەی هـاوســەرگـیـری واتا پێکەوەبوون، لێکگەیـشتن، پێشـوازیکردن له داخـوازییـەکانی هەردوولا و یـەکسـانی له مـافدا، پێت وایه لەمـه زیاترە؟

– نە، بەتەواوەتی مافی خۆتە.

له دڵەوە ستایشی ئەم هەموو دڵفراوانی و هۆشمەندییەیم کرد.

– هێنده ڕقم لەو ژنانه دەبێـتـەوە کـه دایمه له مـێـردەکـانیـان دەپرسن له کـوێ بووی؟ لەگـەڵ کێ بووی؟ بـۆ درەنگ هـاتیـتـەوە؟ بۆ نەهاتی؟ لەلای ئێـمـه ژن و پیـاو مـافی دیاریکراو و یەکسـانییـان هەیە، هـیچ کـامیـانیش مـافی ئەوەیان نییـه ئەوی تریان ببـەسـتـێـتـەوە تامـردن یان هـانـی بدات بۆ کـارێ کـه پێی خـۆش نیـیـە، یا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.

– چەنێ باشە..!

پەیامەکەم بەتەواوەتی و بەڕوونی پێ گەیشت. هەرگیز نابێت بپرسم بۆچی، کەی و لە کوێ...! بەڕاستیش هەروا بوو، لەو دەمەشدا بەلامەوە گرینگییەکی ئەوتۆی نەبوو، لەبەرئەوەی یەکەم، ئەو بە چەند پلەیەک لە من گەورەتر و خوێندەوارتر و بە ئەزموونتر بوو، بە دڵنیاییەوە لە من باشتر دەیزانی چۆن بژی. دووەم، ئەسڵەن بە من چی ئەو چی دەکا؟ هەر ئەوەندەی بەوە قایلە ئەو هەموو مافە بە ژن بدرێت، مۆڵەتم دەداتێ بخوێنم و ئەو کارانە بکەم کە خۆم پێم خۆشە، نەک تەنیا بەسمە بەڵکو لە سەریشمەوە زیاد بوو.

دەم درەنگانێ گەیشتینە ماڵەوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێت سەرین و لێفەیەکی هەڵگرت و سەرقاڵی ئامادەکردنی جێ خەوەکەی بوو، ویژدانم ئازاری دەدام، نەمدەزانی دەبێت چی بکەم! شەرم ئاوەر بوو من لەسەر تەخت بخەوم و کارێک بکەم، ئەو بەو هەموو میهرەبانی و دڵنەرمییەوە لە شوێنێکی ناخۆشدا بخەوێ، کەمێک ئەم پاو ئەوپام کرد و سەرئەنجام گوتم:

– ئاوها زۆر خراپە، تۆ باش ناخەوی، وەرە لەسەر تەختی خەوەکە بخەوە و من لە خوارەوە دەنووم.

– نە، گرینگ نییە، من لە هەموو شوێنێ دەتوانم بخەوم.

– ئاخر... من ڕاهاتووم لەسەر زەوی بخەوم.

– منیش هەروەها.

چوومە ژووری نووستنەکە، لەبەرخۆمەوە بیرم دەکردەوە، هەتاکەی دەتوانم بەم شێوەیە بژیم؟ هەست و نەستم لە بارێکی شێواودا بوو، هیچ جۆرە تەقەلایەکی ئەویندارى یا حەزێکی سروشتی لە ناخمدا بوونی نەبوو، بەڵام من خۆم بە قەرزار دەزانی، ئەو منی لەو ماڵە ڕزگار کرد و دەیویست بە بوار ڕەخساندنم بۆ خوێندن، مەزنترین نەرمونیانیم لەگەڵدا بنوێنێت، چیی تر ئەو هەستی بێزارییەم نەمابوو کە لە ڕۆژی یەکەمدا لە بەرکەوتنی دەستی لە جەستەم هەمبوو. چوومە هۆڵەکە و لە ژوور سەری وەستام و گوتم:

– زەحمەت نەبێ وەرە لەسەر جێگەکەی خۆت بخەوە.

بە نیگایەکی تیژ، پرس ئامێز و وردەکۆلانە، بۆ چەند خولەکێک چاوی لە

دەمــوچاوم بڕی، بە زەردەخـــەنەیەکی نادیار دەســـتی پێ دام، یارمــەتیم دا لە جێگەکەی هەستا و بەم شێوەیە لەسەر جێگەی هاوسەرییەتیدا گیرسایەوە.

ئەو شــەوە، پاش ئەوەی ئەو چووە خـەوێکی قـووڵـەوە، چەندان کـاژێر گـریام و لە ناو ماڵەکە هاتوچۆم دەکرد، نەمدەزانی چیمە، بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوم نەبوو، تەنیا دڵم تەنگ بوو.

لە پاش چەند ڕۆژێ پەروین خانم بۆ سەردانم هات، بەپەرۆشەوە گوتی:

– هەر چاوەڕوان بووم خــۆت بێی، کــەچی نەهاتی، بینیم لەمــە زیاتر خــۆم بۆ ناگیرێ، گوتم بابێم و بزانم لە چ دۆخێکدای؟

– باشم! خراپ نیم.

– بۆم باس بکە، چۆنە؟ خۆ ئازارتی نەداوە؟ ئادەی پێم بڵـی، شـەوی یەکـەم چیت بەسەرهات، بەو حاڵەوەی تۆ هەتبوو، وتم لەناو دەچی.

– بەڵی زۆر خـراپ بووم، بەڵام ئەو تێ گـەیشت، کـاتێک بارودۆخی منی بینی لە ماڵ چووە دەر، بۆ ئەوەی من باش بنووم.

– وای...! چ مرۆڤێکی نازدارە؟! سوپاس بۆ خـوا! نازانی چ دڵخۆرییـەکم هەبوو، بینیت چ مـرۆڤێکـی وشـیـارە، ئێسـتـا ئەگـەر ژنی ئەسـغـەری قـەسـاو بوویتـایە خـوا ئەزانێ چ بەڵایەکی بەسەرتدا دەهێنا، دە ئێستا پێم بڵـی، بەگشتی لێی ڕازیت؟

– بەڵی، زۆر کوڕی چاکە، خێزانەکەشی باشن.

– ئەلحەمدوللا، دیوتە لەگەڵ خوازبێنیکارەکانی ترت چەند جیاوازییان هەیە.

– بەڵێ، لـەمـەیـاندا قـەرزاری تۆم، ئێـسـتـا دەزانم تۆ چ هـاوسـۆزییـەکی مـەزنت لەگەڵمدا کرد.

– نە بابە... من هـیـچم نەکردووە، خـۆت بـاش بووی، بۆیە ئەمـانە تۆیـان پەسـەند کرد، ئێسـتاش شوکور بۆ خوا کە تۆ ئاسـوودەی، بەختی خۆت بوو، منی چارەڕەش لەم جۆرە دەرفەتانەم بۆ نەڕەخسا.

– خۆ تۆ لەگەڵ حـاجی ئاغـا هیـچ کێشـەیەکت نییـە، دامـاوە کـاری بە سـەرتەوە نییە.

– بەڵێ...بەڵێ...! تۆ ئێسـتـای دەبینی، ئێستـا! کـە پیـر بووە و پەڕوباڵی وەریوە،

نازانی کاتی خۆی چ گورگێ بوو، لە شەوی یەکەمدا چۆن هەڵمەتی بۆ هێنام، کاتێکیش دەگریام و هەڵدەلەرزیم چ کوتەکێکم بەدەستییەوە خوارد. لەو ڕۆژگارەدا هێشتا دەوڵەمەند بوو، وای دەزانی گرفتەکە لە ژنە بۆیە منداڵی نابێ، بەگشتی ئەمــلا و ئەولای هەبوو، خــوای نەدەناسی. بەلاگــەلێکی بەســەر هێنام هەر باس ناکرێت، کە دەنگێک دەهات و دەمزانی وا هاتە ماڵەوە چوارپەلم دەلەرزی. ئاخر لەبەرئەوەی منداڵ بووم لێی دەترسام، بەڵام شوکور بۆ خوا کە مایە پووچ بوو و هەموو سەروەت و سامانی لە دەست دا، پاشتریش کە دوکتۆرەکان پێیان ڕاگەیاند کە گرفت لە خۆیەتی و هەرگیز ناتوانێ منداڵی ببێ، دەتوت دەرزییان لە میزەڵدان داوە، هەوا و فیزەکەی دامرکا و لە پڕ ئەوەندەی بیست ساڵ پیر بوو، هەموو کەسەکانیشی وازیان لێ هێنا و ڕۆیشتن، منیش گەورەتر و بەهێزتر بووبووم، زمانیشم درێژ بووبوو، دەمتوانی ڕووبەڕووی ڕاوەستم یانیش جێی بهێڵم و بڕۆم، ئێستاش دەترسێت منیش لە دەست بدات، بۆیە کاری بەسەرمەوە نییە، ئینجا ئێستا نۆرەی هێرش و دەسەلاتی منە، بەڵام لە پاش چی؟ گەنجی و لەش ساغی لێ سەندم، ناتوانم ئەوانە بگێڕمەوە... کەمێ بێدەنگ بوو، بەشێوەیەک سەری ڕاتەکاند گوایە دەیەوێت لە یادەکانی ڕابردوو دوور بکەوێتەوە، بەردەوام بوو، بەڕاست، ئەوە بۆچی بۆ سەردانی دایک و باوکت نایەی؟

– بۆچی بێم؟ چ گوڵێکیان لەسەرم داوە؟

– وای... بۆچی وا دەبێت؟ هەرچییەک بن دایک و باوکتن.

– ئەوانە منیان لە ماڵ دەرکرد، من ئیتر بۆ ئەوێ نایەم.

– ئەم قسانە مەکە، گوناهن، زۆر چاوەڕێت دەکەن.

– نە پەروین خانم ناتوانم بێم، ئیتر هەر باسیشی مەکە.

زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر ژیانی هاوسەریماندا تێ پەڕیبوو کە سەرلەبەیانییەک زەنگی ماڵەکەمان لێ درا، بەلامەوە سەیر بوو، من کەسم نەبوو بێتە سەردانم، ڕام کرد و دەرگاکەم کردەوە، دایکم و پەروین خانم لە بەردەم دەرگاکەوە وەستابوون، حەپەسام، بە ساردوسڕییەوە سڵاوم کرد.

– سڵاو خاتوون، وادیارە زۆر خۆشت لێ ئەبووری وا ئەم ماوە دوور و درێژە تێپەڕی و ئاوڕێک نادەیتە دواوە، ئەوەندەی نەمابوو دایکت لە داخاندا سوێی

دەبووەوە، گوتم، وەرە بڕۆین و بیبینە، ماشەڵڵا زۆر باشە.

– لە کوێی کچم، هێندی نەمابوو لە دڵخۆریدا دەمردم، سێ هەفتەیە چاومان بە دەرگاکەوە وشک هەڵاتووە، هیچ هەواڵێکت نەبوو، ناڵێی دایکێکت هەبوو، باوکێکت هەبوو؟ داوێ هەیە، نەریتێک هەیە؟

– سەیرە! کام داوونەریتە؟ پەروین خانم بەسەری ئاماژەی کرد کە قسە نەکەم و گوتی:

– ئەی! دە هیچ نەبێ فەرمووییەک بکە، ئەم دامـاوە بەم گـەرمـایە ئەم هەمـوو ڕێگەیە هاتووە، ناشێ نەتەوێ ڕێگەمان بدەی بێینە ژوورەوە؟

– زۆر باشە فەرموون.

دایکم هەر بەدەم بۆڵە بۆڵەوە لە پلیکانەکان سەردەکەوت، گوتی:

– ڕۆژی دوای زەمـاوەندەکـە تـا دەمـەوبەیان دانیـشـتین، بە ناخـێـری گـیـانمان زاواکەمـان بێتە سـەردانمان، کە دەنگتـان نەبوو، وتمان لەوانەیە ڕۆژی دواتر بێن، وتمان بەدڵنیـاییـیـەوە ئەم هەینییـە دێن، هەینی هـەفتـەی دواتر، ئیدی وتم وا دیارە کچەکە مردووە، بەڵایەکی بەسەر هاتووە، چۆن دەبێ یەکێ لە ماڵە باوک بڕواتە دەر و ئاوڕێک نەداتە دواوە، دەڵێی نە دایکێ، نە باوکێکی هەبووە مافێکیان بەسەریەوە بێت!

گەیشتبوومە ناوەڕاستی هۆڵەکە، ئیتر تاقەتم سەرچوو، هاوارم کرد:

– مـافتـان هەیە؟ کـامە مـاف؟ چ مـافێکتـان بەسـەرمـەوەیە؟ تەنیـا ئەوە نەبێت کە منتان دروست کرد؟ بۆچی من دەمویست دروستم بکەن وا منەتم بەسەردا دەکەی؟ ئەوە بۆ خـۆشی خـۆتان بووە، کـاتێکیش زانیـتـان کـچـە کـۆڵێ خـەفـەتتـان خـوارد و پەشـیـمـان بوونەوە، لەمـە زیاتر چ مـافێکی ترتان هەیە؟ چیتـان بۆ کردم؟ ئەوەندە پاڕامەوە، لێ گەڕێن بخوێنم، هـێشتتان؟ دنیایەک پاڕامەوە بە مێردم نەدەن، بهێڵن یەک، دوو سـاڵی تریش لـەو مـاڵە وێرانەدا بمێنمـەوە، هێشـتـتـان؟ چەندتان لێ دام؟ چەند جار هەتا کەناری مەرگ ڕۆیشتم؟ چەند مانگ زیندانی بووم؟

دایکم لووشکە لووشک دەگریا، پەروین خانم بە حەپەساوییەوە تەماشای دەکردم و بە دەسـتـی ئامـاژەی بۆ دەکـردم کـە بێدەنگ بم، بەڵام تازە دەرگـای گـرێکەی دڵم کرابووەوە، نەمدەتوانی دایخەم.

– هێندەی بیرم دێ، خۆتان هەموو کاتێک دەتانوت کچ بۆ خەڵکە، دواتر بە زۆر داتانمە دەستی خەڵکەوە، بەو شێوەیە دەتانویست لە کۆڵ خۆتانم بکەنەوە، تەنانەت بەلاتانیشەوە گرینگ نەبوو بە کێم دەدەن، ئەی ئەوە تۆ نەبووی کە لەژێر تەختەکە ڕاتکێشـامـە دەرەوە بۆ ئەوەی زووتر لە مـاڵ دەرمکەی؟ ئەی تۆ نەبووی دەتگوت دەبێت تۆ زوو لەم مـاڵە بڕۆیتـە دەرەوە بۆ ئەوەی مـەحـمـوود بتـوانێت ژن بهـێنێ؟ باشـە، منیش ڕۆیشـتم، واتا ئێـوە منتـان دەرکـرد، کـەواتە ئیـدی مـوڵکی خـەڵکم، ئێستایش چاوەڕوانن بێمە دەست ماچکردن؟ وەڵا بابە بەڕاستیی.....!

– مەعسووم بەسـە، شەرم بتگرێ، ئەم قسانە چییە؟ بزانە چیت بـەم ژنە داماوە کرد؟ هەرچییەک بن دایک و باوکتن، ئەرکت بەسـەریانەوە بووە تا گەورەیان کردی، پێت وایە هەر لە خۆتەوە بەم باڵا و قەبارەیە گەیشتی؟ باوکت کەم خۆشی دەوێی؟ هەموو شتێکی بۆ تۆ دەویست؟ کەم خەمیان بۆت خوارد؟ من شایەدم ئەو ماوەیەی نەخـۆش بووی ئەم ژنە چی چەشت، شـەو تـا بەرەبەیان بـە دیارتەوە دادەنیـشت و فـرمـێـسکی دەڕشت. چەن نـەزر و قـوربـانی بۆت دا؟ تۆ کـچـێکی بێ چاو و ڕوو نەبووی، هەموو دایک و باوکەکان مـافیـان بەسـەر منداڵەکانیـانـەوە هەیە، تەنانەت خـراپـترینەکـانیشـیـان، جارێ ئەمـان زۆر خـاتری تـۆیان دەوێت، بەخـوا کـاتێ من شـووم کرد و ڕۆیشـتم، ئەگەر سـەد سـاڵی تریش نەڕۆشـتمایە بۆ مـاڵی باوکم، هیچ کـەس نەدەهاتە سـۆراغم، بتـەوێ و نەتەوێ ئـەرکیان بـەسـەرتـەوەیە و دەبێت بەجێی بهێنی، دەنا خوا پێی ناخۆش دەبێت و دەتگرێ!

ئارام بووبوومـەوە، هەسـتم بە سـووکـبوونەوە دەکرد، ئەو قین و نەفـرەتەی وەکو دوومـەڵێکی کـیم کـردوو بـە درێژاییی ئەم مـاوەیـە ئازاری دەدام، تـرەکـیـوە و فرمێسکەکانی دایکیشم وەکو هەتوانێک بوو، زامەکانمی سارێژ دەکرد.

– ئەرکی دایک و بـاوکایەتیی؟ باشـە.... من ئەرکی خـۆم بە جێ دەهێنم، ئـەگـەر کارێکتان هەبێ بۆتانی دەکەم، نامەوێ لە ئەنجامدا من گوناهبار و بەدکاربم، بەڵام داوام لێ مەکەن لە بیرم بچێتەوە چیتان پێ کردم.

گریانەکەی دایکم بە کوڵتر بوو و وتی:

– برۆ ئەو چەقـۆیە بێنە و ئەو دەسـتـەم ببـڕەوە کـە قـژی ڕاکـێـشـای، بەخـوا بەوشـێـوەیـە کـەمـتـر ئـازار دەچێژم و ئـاسـوودەتر دەبم، ڕۆژی هـەزار جـار بە خـۆم

دەڵێم یاخـــوا ژنەکـــە دەســـتت بشکێ، چۆن لە دڵت هات ئەئاوها لەو منداڵە بەستەزمانە بدەی...! بەڵام کچم دەزانی ئەگەر ئەو ڕۆژە وام نەکردبایە دەبوو بە چ ئابڕووچوونێ. براکانت لەت لەتیان دەکردی، هەر لە بەیانییەوە ئەحمەد دەیگوت، ئەگــەر ئەم کــچــە ئەمــلاو ئەولا بکا و ئابڕوومــان بەرێ، ئاگــری تێ بەردەدەم، لەولاشەوە باوکت سەرتاسەری هەفتەکە دڵی دەیەشا، ئەو ڕۆژە بە حەپ و دەرمان لەسەر پێ وەستا بوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، هەر لەوە دەترسام دڵی بوەستێ. منی داماو لەو نێوەندەدا دەبوایە چیم بکردبایە، بەخـوا دڵم وەکـو کـەبابی لێ هاتبوو، بەڵام نەمدەزانی دەبوایە چی بکەم.

– یانی خۆت حەزت نەدەکرد من بدەیتە شوو؟

– بۆچی نا... ڕۆژی هەزار جـار لە خـوا دەپاڕامـەوە یەکـێکی باش پەیدا بێ، دەستت بگرێ و لەو مـاڵە ڕزگارت بکا، پێت وایە من نەمدەزانـی تۆ چەنێ خـەفەت دەخـــۆی، لەو زیندانـەدا ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبووی و ڕەنگت زەردتر دەبووەوە، بەخـوای کە سـەیرم دەکردی دڵم دەبوو بە کـەباب، هێندەم نـەزر و نیـاز دەکرد بۆ ئەوەی مـێـردێکی باشت بۆ پەیدا بێ و ڕزگـارت بـێ، خـەمی تۆ خـەریک بوو منی دەکوشت.

بەو گەرمییەی ئەم وتە پڕ سـۆزە، هێدی هـێدی بەسـتەڵەکی قین و سـەرکەشیم دەبوو بە ئاو، گوتم:

– ئیتر مەگری.

هەسـتـام و ڕۆیشـتم شـەربەتم هێنا. پەروین خـانم بـۆ ئەوەی کـەشـەکـە بگۆڕێ گوتی:

– تەمــاشــا، چ مــاڵ و ژیانێکی ڕێکوپێکت هـەیە، بە ڕاست، تەخــتی خــەو و دۆڵاپەکانت پێ جوان بوو؟ ئەوە من هەڵم بژاردبوو ها....

– بەڵێ پەروین خـانم، تۆش ئەو مـاوەیە ئەرکی زۆرت کـێشـا، ئێمـە هەمـوومـان سوپاست دەکەین.

– منیش هەروەها.

– وای توخوا وا مـەڵێن، شەرمەزار دەبم، چ ئەرکێ خانم گیان؟ هێندم پێ خۆش بوو، هەرچییەکم هەڵدەبژارد باوکت نەیدەگوت نە، تا ئێستا ئەوەندەم شت نەکڕیوە،

گەر بموتایە تاقمی پاشایشی بۆ بکڕین دەیکڕی، دیارە باوکت زۆری خۆش دەوێی، دایمە ئەحمەد شەڕی دەکرد، دەیگوت بۆ ئەم هەموو خەرجە بە باوکم دەکەی، بەڵام ئەو خۆی پێی خۆش بوو، هەموو کاتێ دەیگوت دەمەوێ ڕێزدار بێ، لەناو ماڵە خەزووران سەربەرز بێ، دوو ڕۆژی تر نەیکێشن بە ڕوویدا کە جیازی نەبووە.

دایکم بە هەنسکە هەنسکێکی نەرمەوە گوتی:

– ئێستاش ئەو تاقمی قەنەفەیەی کە بۆتی داوەتەکردن تەواو بووە، چاوەڕوانە بزانێت تۆ کەی کاتت هەیە بۆتی بنێرێ.

ئاهێکم هەڵکێشا.

– باشە، ئەی ئێستا چۆنە؟

– چی بڵێم ڕۆڵە؟ زۆر باش نییە.

بە چمکی سەرپۆشەکەی چاوەکانی سڕییەوە و بەردەوام بوو:

– منیش دەمویست ئەوەت پی بڵێم، ئەگەر حەزیش ناکەی من بیبینی قەیناکا، بەڵام باوکت خەریکە لە خەفەتا سوێی دەبێتەوە، چیی تر لەگەڵ کەس قسە ناکات، دیسانەوە دەستی کردووەتەوە بە جگەرە کێشان، ئەمجارەیان بە دوای یەکدا جگەرە دەکێشێ، بە بەردەوامیش دەکۆخێ، دوور لە گیانی دەترسم بەڵایەکی بەسەردا بێت، ئەگەر لەبەر خاتری ئەویش بووە سەرێ لە ماڵەوە بدە، دەترسم نەیبینیتەوە و دوایی پاشگەز دەبیتەوە ها...

– وەی خوا نەکا! نوقرانەی خراپ لێ مەدە، دێم، هەر لەم هەفتەیەدا دێم، بابزانم حەمید کەی کاتی دەبێت، گەر ئەویش کاتی نەبوو من هەرخۆم دێم.

– نە ڕۆڵە گیان، وا نابێ، دەبێت پابەندی مێردەکەت بیت، نامەوێت ئەویش بێزار بێت.

– نە بابە، بێزار نابێ، بێ خەم بن خۆم ڕێکی دەخەم.

حەمید، جارێکی تریش بۆی ڕوون کردمەوە کە نە کات و نە حەوسەڵەی هاوەڵیی منی هەیە بۆ سەردان و چاوپێکەوتنی خێزانی، بە پێداگرییەوە داوای لێم کرد کە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ بۆ خۆم بنیات بنێم، ژمارەی هێڵی پاسەکان، ڕێگە و بانەکانی بۆم ڕوون کردەوە و باشترین ڕێگەی تەکسی گرتنیشی فێرکردم.

منیش لە پاش چەند ڕۆژێک و دوای نیوەڕۆیەکی مانگی خەرمانان، دەمزانی ئەو شەوە حەمید نایەتەوە، خۆم گۆڕی و بۆ ماڵیان ڕۆیشتم، سەیر بوو! لەو ماوە کورتەدا ماڵ بووبوو بە ماڵی ئەوان و چیی تر ماڵی من نەبوو، ئاخۆ هەموو کچەکانی تریش بەو خێراییە بە ماڵە باوک نامۆ دەبن؟ جاری یەکەم بوو کە بە تەنیا لە ماڵ بڕۆمە دەرەوە، ڕێگەیەکی نیمچە دوورم بە پاس بڕی، وێڕای ئەوەی نیگەران بووم، کەچی چێژم لەم سەربەخۆییەم دەبینی و هەستم بە کەسایەتیی خۆم و گەورەیی دەکرد. کاتێک گەیشتمە گەڕەکەکەی خۆمان هەستگەلێکی جۆرەوجۆر لە ناخمدا ئاوێتەی یەکتری بوون، یادی سەعید دڵتەنگی کردم، بە تێپەڕبوونم بە بەردەم ماڵی پەروانەدا هێندەی تر بیرم کرد، لە ترسی ئەوەی نەبادا لەو ناوەڕاستی جادەیەدا فرمێسکم بێتە خوار، خێراتر بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم، بە نزیکبوونەوەم پێیەکانم سست دەبوون، حەزیشم نەدەکرد خەڵکی ئەو گەڕەکە ببینم، شەرمم لە هەموویان دەکرد.

پێشوازییە گەرمەکەی فاتی کە خۆی هاوێشتە ئامێزمەوە و بە کوڵ گریا، چاوەکانمی پڕ لە فرمێسک کرد، تکای دەکرد بگەڕێمەوە ماڵەوە یاخۆ ئەویش لەگەڵ خۆمدا بەرم. عەلی لە شوێن خۆی جووڵەی نەکرد، هەر ئەوە نەبێ کە قیراندی بەسەر فاتیدا و گوتی:

– نەڕەنەڕ، ئەی نەمگوت بڕۆ گۆرەوییەکانم بێنە.

دەمەو ڕۆژئاوا ئەحمەد هاتەوە، هێند مەست بوو، گێژ و وێژ تەماشای کردم، دەتگوت هەر ئەویش نییە کە نزیکەی مانگێکە نەیبینیوم، شتێکی جێ هێشتبوو، هات هەڵی گرت و ڕۆیی. مەحموود لەژێر لێوەوە وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە و بە ڕووگرژییەوە بە پلیکانەکاندا چووە سەر.

– چاوت لێیە دایە، نەدەبوو بۆ ئێرە بێم، ئەگەر ساڵی جارێکیش بێم ئەمانە هەر پێیان ناخۆشە.

– نە ڕۆڵە، لە دڵی مەگرە، نارەحەتییەکەی لە شوێنێکی ترەوەیە، ئەمە هەفتەیەکە لەگەڵ کەس قسە ناکات.

– بۆ؟ چی بووە؟

– ئاگات لێ نییە؟ ئەو هەفتەیە خۆمان پێچایەوە، شیرینی و میوە و پارچەمان

کـرِی، بۆ قـوم بۆ مـاڵی پوورت ڕۆیشـتین بۆ ئەوەی سـەبارەت بە مـەحبـووبە قسـە بکەین.

– ئێ؟

– هیچ ڕۆڵە گـیـان، دەرکـەوت قسـمـەت نییـە، هەفتـەی پێـشـووتر بەرێخسـتنی مەحبووبە بووە، لە قینی ئەوەی کە بۆ زەماوەندی تۆ بانگمان نەکردوون، ئەوانیش هەواڵیـان بە ئێـمـە نەدا، باشـتـر، من هەر لە سـەرەتاوە ڕازی نەبووم، خـۆی و ئەو دایکە دەڵەی کە هەر مەحبووبە مەحبووبەی بوو.

هەسـتی شادمـانییـەکی تایبەت سـەراپای بوونی پۆشیم. پڕ بە هەمـوو خانەکانی جەسـتەم لە مانای (دڵم فێنکەوە بوو) تێ گەیشـتم، بە خۆمم گوت تۆ چەند خراپی! بەڵام دەنگێ لە ناخمدا دەیگوت: شایانیەتی! با ئەویش بیچێژێت.

– ئەگـەر دەزانی پوورت چۆن پۆزی زاواکـەی بەسـەرمـاندا دەفرۆشت، گـوتی: نەوەی ئـایەتوڵایـە، بەڵام زانـکـۆشـی تـەواو کـردووە و پێـشـکەوتـووە، جـا چ مـاڵ و سـەروەتێکی هـەیە! مـەحـمـوودی بەسـتـەزمـانیش چەقـۆت لێ بدایە خـوێنی دەرنەدەچوو، ئەوەندە سـوورەوە بووبوو ترسـام دڵی بوەسـتـێ، کەمێ توانج بارانی کردین و گـوتی ئیشـەڵڵا بۆ زەماوەندەکـەی مـەحـبووبە حـەوت شـەو و حـەوت ڕۆژ ئاهەنگ دەگـێڕن و چراخـان هەڵدەخـەن، مـرۆڤ دەبێت بەشـانازییـەوە کچ بە شـوو بدات، نـەوەکـو بـەپەلە پرووزێ و بـە دزییـەوە، ئەگـەر پوور لە زەمـاوەندی برازایدا نەبێت ئەی کەی دەبێت هەبێ، بەکورتی کۆڵێ لەم گلەییانەی کرد.

کـاتێک بـاوکم هات مـن لە ژوورەکـە بووم، خـۆم دایە پاڵ دیوارەکـەوە بۆ ئەوەی نەمبـینێ، ژوورەکـەیش لـە چاو دەرەوە تاریک بوو، باوکم بە دەسـتێکی دەرگـەکەی گـرت و پێـیـەکی خـسـتـە سـەر ئـەژنۆکـەی تری و سـەرقـاڵی کـردنەوەی قـەیتـانی پێڵاوەکەی بوو. بە دەنگێکی نزم گوتم:

– سڵاو.

پێـی داکـەوت و لە ژوورە نـیـمـچـە تـاریکەکـەدا بە دوای دەنگەکـە گـەڕا، هـاتمە پێشـەوە، بۆ چەند خولەکێک بە زەردەخـەنەیەکی پڕ سۆزەوە تەماشـای کردم، پاشـان هاتەوە سـەرخـۆی، دیسـانەوە پێـی خـسـتـە سـەر ئەژنۆی و سـەرقـاڵی کـردنەوەی قەیتانەکەی بوو و بە دەنگێکی بەرزتر گوتی:

– ئەوە چۆن بوو! بیرت کردین؟

– بێگومان، هەموو کاتێ لە بیرمن.

سەری ڕاوەشاند، سەرپاییەکانی لە پێ کرد. هەروەکو جاران خاولییەکەم بە دەستییەوە دا، بە چاوێکی پڕ لە گلەییەوە سەیرێکی کردم و گوتی:

– لەو باوەڕەدا نەبووم ئەوەندە بێ وەفا بی.

قین بیناقاقای گرتبووم، ئەمە پڕ سۆزترین قسە بوو کە باوکم دەیتوانی بیڵێ.

لەسەر نانی شێوان هەموو شتێکی دەخستە بەردەستم. بە پەلەپەل قسەی دەکرد، هەرگیز نەمبینیبوو ئەوەندە زۆر قسە بکات. مەحموود نەهاتە سەر سفرەی نانی شێوان. باوکم بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەی قسەمان بۆ بکە، شێوان و نیوەڕوان چی بۆ مێردەکەت لێ دەنێی؟ ئەزانی چێشت لێبنێی؟ یا نە! بیستوومە دەیەوێت سکاڵات لێ بکات!

– کێ، حەمید؟ ئەو داماوە قەت لە خواردن سکاڵا ناکات، هەرچییەک بخەمە بەردەستی دەیخوات، هێشتا خۆی پێم دەڵێ پێویست ناکا کاتی خۆت بە چێشت لێنان بەسەربەری!

– چی! ئەی چی بکەی؟

– دەڵێ دەبێت بەردەوامی بە خوێندنەکەت بدەی.

بێدەنگییەک دانیشتنەکەی داپۆشی، هەموو لێم ڕامان، بریسکەیەک لە چاوەکانی باوکم درەوشایەوە. دایکم گوتی:

– ئەی ماڵ و حاڵەکەت؟

– هیچ نییە، دەکرێت فریای هەمووی بکەوم. حەمید خۆی دەڵێ نانی نیوەڕۆ و شێوان و ماڵداری بۆ من هیچ گرینگ نییە، دەبێت تۆ ئەو کارانە بکەی کە خۆت پێت خۆشە، بەتایبەتیش دەبێت وانەکانت بخوێنی، ئەوەیش ئەرکێکی زۆر پێویستە!

عەلی گوتی:

– دەبڕۆ بابە! ئیتر قوتابخانە ڕێت پێ نادا!

– بۆچی نا! ڕۆیشتم قسەم لە گەڵیان کرد، بڕیارە بچمە قوتابخانەی شەوانە.

ئەزموونەکانیشم بە شێوەیەکی جۆرەوجۆر دەدەم، لەوانەشە تا کۆتاییی شەهریوەر گەلاوێژ لەگەڵ ئەوانەی دووپاتکردنەوەیان هەیە ئەزموون بدەم. بە ڕاست بیرم نەچێت کتێبەکانم بەرمەوە.

باوکم بە دڵخۆشییەوە گوتی:

– سوپاس بۆ خوا.

دایکم بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد.

– کتێبەکانم لە کوێن؟

– هەموویم کۆکردەوە و خستمە ناو جانتا شینەکە، لەژێر زەمینەکەیە، عەلی، هەستە کوڕم، بڕۆ بیانهێنە.

– بە من چی؟!! بۆچی خۆی دەست و پێی نییە؟!

باوکم بە تووڕەیی و پێداگرییەکی بێ وێنەوە ئاوڕی بەلایدا دایەوە، لە کاتێکدا دەستی بە ئاماژەی بەسەر دەمدا کێشان بەرزکردبووەوە گوتی:

– بێدەنگ بە! جارێکی تر نامەوێت بتبینم بەم شێوەیە لەگەڵ دادەت قسە بکەیت ها... ئەگەر جارێکی تر لەم جۆرە هەڵانە بکەی لێت دەدەم و ددانەکانت ورد و خاش دەکەم.

هەموومان بە حەپەساوییەوە چاومان لە باوکم بڕیبوو. عەلی بە ترسێکی زۆر و تووڕەیییەوە هەستاو بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت. فاتی خۆی دایە پاڵ من و زەردەخەنەیەکی مەستانەی لێ دا، هەستم بە فێنکبوونەوەی دڵی ئەویش کرد. لە کاتی ماڵئاوایییدا، باوکم خواحافیزی لێ کردم و لەبەر دەرگاکە بێ ئەوەی کەس بیبیستێ بە چرپەوە پرسی:

– کەی دێیتەوە؟

بۆ ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و بەشداریکردن لە ئەزموونە جۆرەوجۆرەکان درەنگ بوو، سەرئەنجام بۆ خوێندنی وەرزی پایز خۆم ناونووس کرد، بە بێ ئۆقرەیییەوە لە چاوەڕوانیدا مامەوە. لەم ماوەیەدا سوودم لە زۆری کاتی دەستبەتاڵیم وەرگرت بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لە ماڵەوە هەبوون، دیارە کەم نەبوون، لە چیرۆکەکانەوە دەستم پێ کرد، دوای ئەوە کتێبی شیعرەکانم بە وردی خوێندەوە،

له پاش ئەوە نۆرە بە کتێبە فەلسەفییەکان گەیشت کە زۆر قورس و ماندووئامێز بوون. لە ئاکامدا لەبەر بێ کاری ناچار بووم کتێبەکانی خوێندنی حەمیدیش بخوێنمەوە. وێڕای ئەوەی کە چێژێکی زۆرم لەم خوێندنەوە هەمیشەییە وەردەگرت و سەرقاڵی دەکردم، بەڵام ئەوەندە نەبوو بۆ ئەوەی ژیانم پڕ بکاتەوە، حەمید هیچ شەوێ زوو نەدەهاتە ماڵەوە، جاری واش هەبوو بۆ چەند ڕۆژێک نەمدەبینی، لە سەرەتاوە خواردنی شێوانم لێ دەنا و خوانم ئامادە دەکرد و دادەنیشتم چاوەڕێم دەکرد، چەندان جاریش بە دیار سفرەکەوە خەو دەیبردمەوە، کەچی ڕۆژێکی تریش هەر دووبارەم دەکردەوە، نەفرەتم لە نانخواردنی تەنیایی بوو. جارێکیان لە نیوەشەودا هاتەوە و خەوبردنەوەی منی بە دیار سفرەکەوە بینی بە هەراسانییەوە بانگی کردم و بە تووڕەییەوە گوتی تۆ لە چێشت لێنان و کات بە فیڕۆدان بەولاوە کارێکی ترت نییە؟ لە پڕ لە خەو ڕاچڵەکیم و بە دڵ ڕەنجاوییەوە لە ئاکارەکەی ئەو گەڕامەوە سەر جێی نووستنەکەم، بەدەم گریانێکی بێدەنگەوە خەو بردمییەوە. سەرلەبەیانی وەکو وتەبێژێ کە بۆ کۆمەڵێک خەڵکی نەفام قسە بکات، لێدوانێکی دوور و درێژی سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا پێشکێش کرد، بە تووڕەییەکی شاردراوەوە گوتی:

– هەوڵ مەدە بە ڕەفتارەی ژنانی نەریتی و نەخوێندەوار یان باشتر بڵێم چەوساوە ڕستێک لە ئەشق و خۆشەویستی گێلانەم پێ بدەی بۆ ئەوەی دەستەمۆم بکەی.

بەخەمباری و ڕەنجاوییەوە، بە دەنگێکی پڕ لە قینەوە گوتم:

– من هیچ مەبەستێکم نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە دوای نیوەڕوان لە تەنیایی بێزار دەبم، حەزیش ناکەم بە تەنیا نان بخۆم، دواییش بیرم کردەوە کە تۆ نیوەڕوان لە ماڵ نیت و نازانم چی دەخۆی، هیچ نەبێت شەو نانێکی تێروتەسەل بخۆی.

– لەوانەیە ئەوە مەبەستت نەبووبێ، بەڵام ناڕاستەوخۆ ئامانجت هەر ئەوەیە، ئەمە لە تەڵەکە کۆنەکانی ژنانە کە دەیانەوێت لە ڕێگەی ورگەوە پیاو گرفتار بکەن.

– دەبڕۆ بابە!! کێ دەیەوێت تۆ گرفتار بکا؟ من پێم وابوو هەرچییەک بێ ژن و مێردین، ڕاستە ئێمە ئەویندارى یەکتر نین، بەڵام خۆ دوژمنی یەکتریش نین، حەزم

دەکرد قسـەت لەگەڵدا بکەم، شتت لێ فێـر بم، لە ماڵەکەدا، لە دەنگی خـۆم بەولاوە گوێم لە دەنگێکی تریش بێت، تۆش هـیچ نەبێ ژەمێ خـواردنی گەرمـوگـوڕ بخـۆی، خۆ ئەمـەشـیـان بە پێـداگریی دایکت بوو، کـە دایمە لە خـەمی خـواردن و خـۆراکی تۆدایە.

– ئەها...! بینیت؟ خـۆم زانیم... گوتم دەبێت شـوێن پێی دایکم لەم مـەسـەلەیەدا بدۆزمەوە، دەزانم ئەمـە تاوانی تۆ نییـە بڕیارەکان لە دایە خـانمەوە دەردەچێت، دەنا تۆ هـەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە ئەقڵ و لۆجیک بەوە ڕازی بوویت هەرگیز ڕێگری ژیان و ئیش و کـار و بیروباوەڕی من نەبیت. کەواتە لە زمانی منـەوە بە دایکم بڵێ، هیچ خـەمی نانخـواردنی من نەبێ، ئێمـە هـەمـوو شـەوێک، کـاتێ کـە کۆبوونەوەمـان هـەیە چەند هـاوڕێیـەکمـان بەرپرسـی چێشت لێنان دەبن، خـواردنی خـۆشـیـشـمـان بۆ لێ دەنێن.

ئیـــتـــر لەوە بـەدوا هـیـچ شـــەوێک چاوەڕوانـی نـەبـووم، ئەو ژیانـی لەگـــەڵ چـەند هـاوڕێیـەکی نادیاردا بـەسـەر دەبرد، لە کـەشـێکدا کـە مـن هـیچ دیدێکیـم لەبارەیەوە نـەبوو، هـاوڕێگەلێک من نـەمـــدەزانی کـــێن! چۆن بیـــر دەکـــەنـەوە! لە کـــوێن و بیروباوەڕەکەیان کە هێند شـانازی پێوە دەکەن و لە بارەیەوە دەدوێن، چییـە؟ تەنیا ئەوەم دەزانـی کـــە کـــاریگەریی ئەوان بـەســـەر حـــەمـــیـــدەوە ســـەد ئەوەنـدەی مـن و کەسوکارەکەیەتی.

لەگـەڵ دەسـتـپـێکردنی خـوێندنەکـەم، بەرنـامـەیەکی ڕێکوپێک لە ژیانمـدا هـاتە کایەوە، زۆربـەی کاتەکانم بە خوێندن بەسـەر دەچوو، بەڵام تەنیایی و خەڵوەتی ژیانم ئازاری دەدام، بـەتایبــەتیش لـە هـەنگاوی پێــشــوەخــتی شـــەوانی تـاریکیی پـایزدا، کـاتێک بێـدەنگی و سـەرمـاشی لەگـەڵ خـۆیدا دەهـێنا. ژیانمان لـەسـەر بنـاغـەی ڕێزگـرتن لە یەکـتـر، بێ کـێـشـە و ئازار و شــەڕ، بێ جـۆش و خـرۆش، بەوپەڕی بێدەنگییەوە بەسـەر دەچوو. تەنیا گەشت و گەڕانی من ڕۆژانی هـەینی بوو، کاتێ حـەمیـد بە هـەر چۆنێک بوایە خـۆی دەگـەیاندە مـاڵ و سـەردانی مـاڵی دایکیـمـان دەکرد، من بـەو دەرفەتە زۆر کورتەی بـوونم لەگەڵیدا قـایل بووم، هێدی هێدی زانیم حـەز لە سـەرپۆشـینەکەم ناکات، پێی خـۆش نییە من بە سـەرپۆشـەوە هاوەڵی بکەم، ئەویشـم بەلادا خـــست، وتم بەڵکو زیاتر لەگـــەڵ خـــۆیدا بمبـــاتە دەرەوە، بـەڵام

هاوڕێکانی هیچ کاتیان بۆ ئەو نەهێشتبوو و لەبەر هەستیارییە سەیرەکەی لەو بارەوە، تەنانەت ئاماژەیەکیشم بەوان نەدەکرد. تاقە هاودەمێکم داپیرە بوو، خواردنم پێ دەدا و خزمەتم دەکرد، ژنێکی زۆر میهرەبان و بێدەنگ بوو، بەڵام گوێی زۆر لەوە گرانتر بوو کە من لە سەرەتاوە پێشبینیم دەکرد، کە دەمویست باسی شتێکی بۆ بکەم هێندەم دەقیراند لە کۆتاییدا ماندوو دەبووم و لە خێری دەگوزەرام. هەموو بەیانییەک دەیپرسی، ڕۆڵە دوێنێ شەو حەمید زوو هاتەوە؟ منیش دەمگوت بەڵێ! بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە باوەڕی دەکرد، هەرگیز نەیدەپرسی ئەی بۆ من نایبینم؟ بەوەی کە گوێیەکانی نەیدەبیست وەهای دەنواند کە چاوەکانیشی باش نابینن، لەبارەی هەموو شتێ کە لە دەوروبەریەوە ڕووی دەدا دەیپرسی، هەتاوەکو من بە هەزار دەردەسەری ڕووداوەکەم بە گوێیە کەڕەکەی نەگەیاندایە، تێ نەدەگەیشت. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر کەیفی ساز بوایە باسی ڕابردووی بۆم دەکرد، باسی حاجی ئاغای مێردی بۆ دەکردم کە پیاوێکی باش و خواناس بووە، لە پاش مردنی ئەو تەنانەت هاوینانیش دەروونی ساردوسڕە و گەرم دانایەت، باسی منداڵەکانی دەکرد کە زۆر کەم سەری لێ دەدەن و هەموو گرفتاری ماڵ و ژیانی خۆیانن، جارجارەش باسی منداڵی و هاڕوهاجی باوکی حەمیدی دەکرد کە گەورەترین و ئازیزترین منداڵیەتی، هەندێ جاریش سەبارەت بە کەسانێک قسەی بۆ دەکردم کە من نایانناسم و زۆربەیان مردبوون، لە ڕووکەشدا وا دیار بوو کە لە سەردەمی خۆیدا ژنێکی بەختەوەر بووە، بەڵام لەوە دەچوو ئێستا ئیتر هیچی بۆ نەمابێتەوە تەنیا چاوەڕوانی مەرگ نەبێت، خۆ ئەوەندەش پیر نەبوو، سەیر لەوەدا بوو کە دەوروبەریش هەر هەمان چاوەڕوانییان هەبوو، نەک بەوەی کە شتێک بڵێن یا پشتگوێی بخەن و بێ بایەخی نیشان بدەن بەڵکو ڕەفتارەکانیان ئەو چاوەڕوانییەی دەنواند.

تەنیایی بووە مایەی ئەوەی کە خووە دێرینەکەم، قسەکردن لەگەڵ ئاوێنەدا، سەرلە نوێ دەست پێ بکەمەوە. چەندان کاژێر لە بەردەم ئاوێنەدا دادەنیشتم و لەگەڵ وێنەکەی خۆمدا دەدوام. لە منداڵیدا عاشقی ئەم خووە بووم، چەند براکانم لەبەر ئەم کارەم گاڵتەیان پێ دەکردم و بە شێت بانگیان دەکردم! کۆششێکی زۆرم کرد هەتا دەستم لەم خووە هەڵگرت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هەرگیز ئەم خووەم لێ نەبووەوە، بەڵکو لە ناخمدا خۆی حەشار دابوو، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ

هاودەمم نەبوو، سەری هەڵدابووەوە، ئیدی هۆکارێک نەمابوو بۆ پەنهانکردنی هیچ کارێک. قسەکردن لەگەڵ ئەودا، یان لەگەڵ خۆمدا، هەر ناوێکی لێ بنێین، مێشکی ڕێک دەخستم، جارجارە پێکەوە بە بیرەوەرییەکاندا دەچووینەوە و فرمێسکمان دەڕشت. پێم دەگوت چەند بیری پەروانە دەکەم! گەر بمتوانیبایە بیدۆزمەوە قسەی ئێجگار زۆرمان هەبوو بۆ یەکتری باس بکەین. ڕۆژێک بڕیارم دا شوێن پێیەکی بدۆزمەوە، بەڵام چۆن؟ دەبوایە ئەمجارەیش داوای یارمەتیم لە پەروین خانم بکردایە. ڕۆژێکیان بۆ ماڵی دایکم ڕۆیشتبووم، سەرێکی ئەویشم دا، تکام لێ کرد لە گەڕەکەکە هەواڵ بپرسێ و بزانێ کێ ناوونیشانی بنەماڵەی ئەحمەدی هەیە، خۆم لە ڕووم نەدەهات لەگەڵ خەڵکی ئەو گەڕەکە قسە بکەم، وام دەزانی هەموویان بە چاوێکی تر لێم دەڕوانن. پەروین خانم ئەم کارەی کرد، بەڵام هیچ کەس هەواڵی نەدەزانی، یانیش ئامادە نەبوون ناوونیشانی ئەوان بە پەروین خانم بدەن، لەبەرئەوەی هەموو دەیانزانی لەگەڵ ئەحمەددا ئەم سەر و ئەوسەری هەیە، تازە یەکێ لەوانە گوتبووی، دیسانەوە چی بووە دەیانەوێ جارێکی تر چەقۆکێشیان بۆ بنێرن؟ ڕۆژێکیش سەرێکم لە قوتابخانە دا، کەچی فایلەکەی پەروانەیان بردبوو، لەو قوتابخانەیە نەمابوو. مامۆستای وێژەکەمان بە بینینی من دڵخۆش بوو، کە پێم گوت دەمەوێت بەردەوامی بە خوێندنەکەم بدەم، دڵگەرمییەکی زۆری پێ بەخشیم.

لە یەکێ لە پاش نیوەڕۆ درێژ و سارد و تاریکەکانی سەرەتای زستاندا، کاتێک هیچ کارێکم نەبوو بە جێی بێنم و تاقەتم نەمابوو، خوا دەزانێت لەبەر چی حەمید زوو گەڕایەوە ماڵەوە و شانازیی پێ دام کە نانی شێوان لە ماڵەوە بخوات، نەمدەزانی لە خۆشییاندا چی بکەم، خۆشبەختانە هەر بەیانی ئەو ڕۆژە دایکم هاتە دیدەنیم و ماسی بۆ هاوردبووم، گوتیشی: باوکت ماسی کڕیوە بەڵام بە گەڵویدا نەدەچووە خوارەوە، منیش بەشەکەی تۆم هێنا بۆ ئەوەی ئەویش ئاسوودە بێت.

ماسییەکەم خستە یەخچاڵەکەوە، چونکە تاقەتی ئەوەم نەبوو بە تەنیا بۆ خۆمی لێ بنێم. کە زانیم حەمید بۆ نانی شێوان لە ماڵەوە دەبێت، دەست بە کار بووم و بەو سەوزییەی کە لە ماڵەوە هەمبوو، پلاوی سەوزیم لێنا، هەرچەندە جاری یەکەمم بوو، بەڕاستیش هەموو توانا و هونەرەکەم خستە کار، کەچی خراپ دەر نەهات. بۆنی ماسی سوورەوە کراو ئیشتیای حەمیدی کردەوە و لە چێشتخانەکە بەدەورمدا دەخولایەوە و پەنجەی لە خواردنەکان دەژەنی، منیش کە لە ناخی دڵەوە

پێ دەکەنیم شەرم لەگەڵیدا دەکرد. یەکەم جار چێشتەکەی داپیرەم بە حەمید دا بۆی بەرێت، ئینجا سفرەکەم ڕاخست و هەرچییەکم لە ماڵەوە هەبوو لەسەر سفرەکە ریزم کرد، دەتگوت میوانداریيەکی گەورەم لە ماڵ و لە دڵیشدا هەیە، وای کە بەختەوەرکردنی من چەند سانا بوو، بەڵام چۆنیش درێخییان لێ دەکردم! حەمید بەپەلە دەستەکانی شۆرد و هاوکات دەیگوت:

– پلاوی سەوزی و ماسی دەبێت بە دەست بخورێت، دوایی نەڵێی مێردەکەم بێ ئەدەبە.

ئینجا سەرقاڵی دەرکردنی ئێسکی ماسییەکە بوو بۆ هەردووکمان. بە ڕاشکاوی گوتم:

– وای... شەوێکی چەند خۆشە، گەر تۆ نەبوویتایە لە تەنیایی و تاریکی و سەرمادا شێت دەبووم...

لە پاش کەمێک بێدەنگی گوتی:

– بەقورسی مەگرە! سوود لە کاتەکەت وەربگرە، خوێندنت هەیە، ئەم هەموو کتێبەش لێرەیە، هەڵی بگرە و بیخوێنەوە، ئارەزووی من ئەوەبوو کاتم هەبوایە، دادەنیشتم و کتێبم دەخوێندەوە.

– کتێب نەماوە نەیخوێنمەوە، هەموویانم خوێندووەتەوە، هەندێکیانم چەند جارێک خوێندووەتەوە.

– بەڕاستتە؟! کامانەت خوێندووەتەوە؟

– هەمووی، تەنانەت کتێبەکانی خوێندنی تۆش.

– گاڵتە ئەکەی! شتێکیان لێ تێ گەیشتی؟

– باش بوو، هەندێکیان زۆر باش تێ نەگەیشتم، بەڕێکەوت هەندێ پرسیاریشم لەلا دروست بووە کە دەمویست لێت بپرسم، هەر کاتێک بوارت هەبوو لێت دەپرسم.

– سەیرە...! ئەی کتێبی چیرۆکەکان؟

– وای... ئەوانە هەر زۆر خۆشن، هەرکاتێ دەیانخوێنمەوە دەگریم، چەند خەمناکن، چ ڕەنج و ئازار و بەڵاگەلێکی سەیروسەمەرەیان بەسەر هاتووە.

– ئەمانە گۆشەیەکی ڕاستەقینەی ژیانە، هەموو کاتێ سیستەمە حکوومەتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سەرمایەیەکی زۆرتر لە هێزی خەڵکی بێ چارە و بێ پشت و پەنا کاریان کێشاوەتەوە و ڕەنجی بازووی ئەوانی هەڵڕشتووەتە گیرفانە پان و بەرینەکەیانەوە، لە ئاکامی ئەم جۆرە سیستەمانەدا نایەکسانی، ئازار، بەدبەختی و هەژاریی بۆ خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

– زۆر ناخۆشە، کەی ئەم بەدبەختییانە کۆتاییان دێت؟ چی دەکرێت؟

– خەبات...! دەبێت ئەو کەسەی کە وریا دەبێتەوە و تێ دەگات ڕووبەڕووی ستەم بێتەوە، ئەگەر هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز دژ بە نایەکسانی خەبات بکات، دەسەڵاتەکە سەرنگون دەبێت، ئەمە ڕەوتی مێژووە، سەرئەنجام چەوساوەکانی دنیا یەک دەگرن و ئەم هەموو نایەکسانی و ناپاکییانە لە ناو دەبەن، ئێمە دەبێت کارێک بکەین هەرچی زووترە زەمینەی یەکگرتن و شۆڕش ئامادە بێت.

بە دیار قسەکانیەوە واقم وڕمابوو، چ جوان قسەی دەکرد، هەرچەند زۆر کتێبی بوون و وەکو ئەوە وابوو کە نووسراوێک دەخوێنێتەوە، بەڵام، بەلای منەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

ڕاشکاوانە گوتم:

– ئەگەر تۆ ڕاپەڕی

من ڕاپەڕم

هەموو ڕادەپەڕن

گەر تۆ دانیشی... منیش دانیشم

کێ ڕاپەڕێ

کێ لەگەڵ دوژمن بجەنگێ

– ئەی ئەی! ئافەرین، وا دیارە تۆش هەندێ شت تێ گەیشتووی، جارجارە قسەگەلێک دەکەیت بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ تەمەن و ئاستی خوێندنەکەت ناگونجێن، وا دیارە دەکرێت تۆیش بێیتە ڕیزەوە.

نەمدەزانی قسەکانی بە پیاهەڵدان وەرگرم یان بە سووکایەتی پێکردن، هەرچۆنێک بێت بە ڕووی خۆمدا نەهێنا، چونکە نەمدەویست هیچ تاریکە تەمێ ئەو

شــەوە گەرمــەمــان لێ تێک بدات. لە دوای نانـی شـێـوان پاڵی دایە ســەرینەکـەوە و گوتی:

بە ڕاســتی بـە تام بـوو، چەند زۆرم خــوارد، مــاوەیەکـی زۆر بوو خــواردنـی وا خـۆشم نەخـواردبوو، نـازانم هـاوڕێ دامـاوەکـانم ئەمشــەو چیـیـان دەست کـەوتووە بیخۆن، وا دیارە دیسانەوە هەر نان و پەنیرەکە دەخۆنەوە.

بە سوود وەرگرتن لەم ئاماژەیە و خۆش خوڵقی ئەو وتم:

– بۆچی شەوێ هاوڕێکانت بۆ نانی شێوان داوەت ناکەی؟

هاوکـات کـە بیـری دەکـردەوە لێم ڕامـا، خـەریک بوو هەندێ شـتی لە مـێـشکی خـۆیدا لێک دەدایەوە، بەڵام ڕوو گـرژ نەبوو، پشـتیـوانییەکی دەروونیم بۆ ڕەخسا و بەردەوام بووم:

– بۆچی وانییـە کە هەر شەوەی یەکێ بەرپرسـی ئامادەکردنی خـواردنە، باشە با شــەوێکیش من بـەرپرسی خــواردن بم، چی دەبێت؟ با شــەوێکیش ئەو دامــاوانە چێشتێکی ڕێکوپێک بخۆن.

– بە ڕێکەوت شارەزادیش ماوەیەک پێش ئێستا دەیوت، حەز دەکات تۆ ببینێت.

– شارەزاد؟

– بەڵێ، یـەکێ لە هـاوڕێ زۆر بـاشـەکـانە، ڕۆشنبـیـر، بوێر، خـاوەن بیـروباوەڕ، زۆربەی مەسەلەکان لە ئێمە باشتر شی دەکاتەوە.

– کچە؟

– یانی چی؟ دەڵێم شارەزاد، بۆچی کوڕیشمان هەیە ناوی شارەزاد بێ؟

– نا، مەبەستم ئەوەیە شووی کردووە یا تەنیایە.

– ئەها... ئێـوەش بەو شـێـوە قسـە کردنەتان! بـەڵێ شـووی کـردووە، ناچاربوو، چونکە دەبوایە بـە جـۆرێک لە دەســەڵاتـی خـێـزانەکـەی ڕزگـاری بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هەمـوو کـات و وزەی بخـاتە خـزمـەتی ئامـانجـەکەیەوە، بەداخـەوە ژن لەم مـەملەکـەتەدا لە هەر پلە و پـایەیەکدا بێت، هێـشـتـا هەر ناتوانێ لە کـۆتی داو و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕزگاری بێت.

– ئەی باشە مێردەکەی پێی ناخۆش نییە ئەو لەگەڵ ئێوەیە؟

– کێ... مەهدی؟ نە بابە، ئەویش هەر لە خۆمانە، هاوسەرگیری ئەوان هاوسەرگیرییەکی ڕێکخراوەیی بوو، خۆمان بڕیارمان دا، چونکە لە زۆر لایەنەوە بە قازانجی ئارمان و کۆمەڵەکەمان بوو.

هەر لە خۆمەوە دەمزانی بچووکترین پەرچەکرداری توند و گەوجانە لەلایەن منەوە دەبووە هۆی دووبارە بێدەنگکردنەوەی، دەبێت گوێگرێکی باش بم، تەنانەت سەبارەت بە بابەتێکی تا رادەیەک بەم نامۆییەیش، دەبوایە بەئارامی بمێنمەوە، چونکە ئەمە یەکەمین جار بوو کە لەبارەی هاوڕێ و کۆمەڵەکەیانەوە قسەی بۆ دەکردم.

– منیش پێم خۆشە ئەو شارەزادە ببینم، دەبێت مرۆڤێکی سەرنجڕاکێش بێت، توخوا ڕۆژێک داوەتیان بکە.

– دەبێت بیری لێ بکەمەوە، ڕاوێژ بە هاوڕێکانم بکەم، بزانم ئەنجامەکەی چی دەبێت.

سەرئەنجام، لە دوای دوو هەفتە ئەم بەختەوەرییە ڕووی لێم کرد، بڕیار وابوو شەممەیەک کە ڕۆژی پشووی گشتی بوو، هەموو هاوڕێکانی حەمید بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بۆ ماڵی ئێمە بێن. سەرانسەری هەفتەکە سەرقاڵ بووم، هەموو دەرگا و پەنجەرە و پەردەکانم شۆرد، چەندان جار جێگۆڕکێم بە قەنەفەکان کرد، مێزی نانخواردنمان نەبوو، حەمید گوتی:

– ئەی باوکە! ئەمانە مێزیان بۆ چییە؟ لەسەر زەوییەکە سفرەکە ڕاخە باشترە، جێی هەموویان دەبێتەوە و بۆ ئەوانیش ئاسانترە.

تەنیا هاوڕێ نزیکەکانی بانگ کردبوو کە دوازدە کەس بوون، نەمدەزانی چی لێ بنێم، دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەبوو، چەند جارێکیش لە حەمیدم پرسی، گوتی:

– هەرچییەک خۆت پێت خۆشە، ئەوەندە گرینگ نییە.

– با گرینگە، پێم خۆشە شتێک لێبنێم ئەوان حەزی لێ بکەن، تۆ بڵێ کێ حەزی لە چییە؟

– من چوزانم؟ باشە هەریەکە و حەزیان لە شتێکە، خۆ نابێ تۆ هەمووی لێ بنێیت.

– باشە هەموویان نا، بەڵام بۆ نموونە شارەزاد حەزی لە چییە؟

– سەوزیی قاورمە، بەڵام مەهدی ئاشقی چێشتی قیمەیە، ئەکبەر هێشتا هەر بیـر لەو پلاوی سـەوزی و مـاسـییـە دەکـاتەوە کـە بۆم باس کـرد و حـەسـرەتی بۆ دەکـێشێ، پاش نیـوەڕوان کـە سـارد دەکـات، هەمـوو ئارەزووی ئاشی هەڕشـتـە دەکەن، بـەکورتی هەمـوو شـتێ، ئیـتر پێـویست ناکـات ئەوەندە بە قـورسی بگری، هەرچیت بەلاوە ئاسانترە، ئەوە لێ بنێ.

لە ڕۆژی سـێ شـەممـەوە دەسـتـم بە شت کـڕین کـرد، هەوا سـاردی کـردبوو و بەفـرێکی سـووکـیش دەباری، بە وریاییـیـەوە دەڕۆیشـتـم نەوەکـو بکەوم و میـوانداریيەکەم بشـێوێ، هێندەم شت کڕیـوو و کیسـەی قورسم بە پلیکانەکاندا سەروخوار پێکرد، بەڕادەیەک داپیرەش هاواری لێ هەستا و وتی:

– ڕۆڵە خەڵکی بۆ میوانداریتی حەوت دەوڵەتیش ئەم هەموو شتە کۆناکەنەوە.

ڕۆژی پێنجشـەممە بەشێک لە چێشتـەکانم لێنا، ڕۆژی هەینیش کـەمێ زووتر لە ماڵی باوکی حەمید گەڕاینەوە و دیسان سەرقاڵی چێشت لێنان بوومەوە. ئەوەندەم چێشت لێنابوو کە هەر گەرمەوە کردنیان بەیانی تا نیوەڕۆیەکی کات دەویست، بۆ سبەی بەیانی تەنیا برنجەکە مابوو لێی بنێم، خۆشبەختـانە هەواش سارد بوو، ئیـتر بێ خـەم هـەمـوو خـواردنەکـانم لە هەیوانەکـە ڕیزکرد. دوای نیـوەڕۆ حـەمـید ڕۆیشت و وتی:

– ئەگەر کارەکەم درێژەی کێشا ئەوا لەوێ دەمـێنمەوە و سـبەینێ، نزیک نـیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانم دێمەوە.

بەیانی زوو لە خـەو هەسـتـام، جـارێکی تریش تۆزی هەمـوو شـوێنێکم سـڕییـەوە، برنجـەکەم شـۆردەوە و خـوساندم، کە کارەکانم تەواو بوو بە پەلە دوشـێکم گرت، بەڵام قژم تەڕ نەکرد، چونکە شەوی پێشتر شتبووم و لوولم کردبوو، باشترین جلم، کـە کـراسـێکی زەرد بوو، لـەبەرم کـرد، ئارایش و سـووراوم لێ دا، قـژم کـردەوە و شـانـەم کـرد، لەبەرئەوەی لوولیـیـەکی شـەپۆلداری جـوانی گـرتبـوو، لە پشـتـەوە بەرمـدایەوە. دەمـویست هیچ کـەمـوکـووڕییـەکم نەبێت بـۆ ئەوەی بۆ حـەمـیـد نەبمە مـایەی شـەرمـەزاری، دەمـویست ئەوەندە ڕێکوپێک بم چیی تر وەکو منداڵێکی کەم ئەندامی نایاسایی لـە ماڵەوە نەشاردرێمـەوە، بەشێوەیە بم هاوڕێکانی بە کـەسێکی شـایسـتـەی چوونە ناو کۆمـەڵەکـەیانم بزانن، نزیکی سـەعـات دوازدە دڵم بە دەنگی

زەنگی دەرگاکە داخوڕپا، ئەم زەنگە بۆ بە ئاگەهێنانەوەی من بوو، دەنا حەمید کلیلی هەبوو، بە پەلە بەروانکۆشەکەم لێ کردەوە و بە ڕاکردن ڕۆیشتم بۆ لای پلیکانەکان بۆ پێشوازییان، کزەیەکی ساردی دەهات بەڵام من گوێم پێ نەدا، هەر لە سەرووی پلیکانەکان حەمید هەموویانی پێ ناساندم، چواریان ژن و ئەوانی تر پیاو بوون، تا ڕادەیەک هەموویان هاوتەمەن بوون. لە ژوورەوە پاڵتۆکانیانم وەرگرت و وردەکۆڵانە تەماشای ژنەکانم دەکرد، لەگەڵ پیاوەکاندا ئەوەندە جیاوازییان نەبوو، هەموو پانتۆڵ و بلووزی فراوانیان لەبەربوو، زۆربەی جلەکانیان کۆن بوون و هیچ لەگەڵ ڕەنگی جلەکانی تریان ڕێک نەدەکەوت، قژیان یا هێندە زۆر بوو یان هێندە کورت بوو کە لە دواوە لەگەڵ پیاوەکان جیانەدەکرانەوە، یانیش لە دواوە بە لاستیک بەسترا بوو، هیچ جۆرە ئارایشتێکیان نەبوو. لە شارەزاد بەولاوە کەسیان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدام، هەرچەندە هەموویان ڕەوشت بەرز و بێ فیز دیاربوون. شارەزاد تاقە کەس بوو کە ماچی کردم، چاوێکی بە سەرتاپامدا خشاند و گوتی:

– بەبە! حەمید، چ ژنێکی جوانت هەیە، نەتگوتبوو ژنەکەت ئەوەندە نازدار و ڕێک پۆشە، هەموو ئاوڕیان دایەوە و ئەمجارە بە نیگایەکی وردترەوە سەیریان کردم، هەستم بە زەردەخەنەیەکی ناڕوون و گاڵتەئامێزم لەسەر لێوی هەندێکیان کرد، هەرچەندە هیچ قسەیەکی خراپیان نەکرد، بەڵام نازانم چ شتێک لە ئاکاریاندا بوو بە هۆی ئەوەی، نەک تەنیا هەر من شەرمم کرد و سوور هەڵگەڕام، بەڵکو حەمیدیش شەرمەزار دەهاتە بەرچاو. هەوڵی دا قسەکە بگۆڕێ، گوتی:

– ئیتر بەسە، بڕۆنە ژوورەکە با چاتان بۆ بهێنم. هەندێکیان لەسەر قەنەفەکە و هەندێکی تریشیان لەسەر زەوییەکە دانیشتن، نیوەیان جگەرەیان دەکێشا، حەمید بەپەلە گوتی:

– تەپڵەکی جگەرە! دەتوانی تەپڵەکی جگەرەم پێ بدەیت.

ڕۆیشتم بۆ چێشتخانەکە و تەپڵەکی جگەرەم بە حەمید دا و بەشڵەژاوییەوە سەرقاڵی چا تێکردن بووم. حەمید جارێکی تر گەڕایەوە چێشتخانەکە و بەتووڕەییەوە گوتی:

– ئەمە بۆ وات لە خۆت کردووە؟

– بۆچی چیم کردووە؟

– ئەم جلە چییــە لــەبەرت؟ هەر دەڵێی بووکــەڵەی بیــانیت، بـڕۆ جلێکی ســادە لەبـەرکـە، پانتــۆڵ و بلووزێ، دامــەنێ، شــتێ، دەمــوچاویشت بشــۆرە، قــژیشت کۆبکەرەوە.

– خۆ من ئارایشم نەکردووە، هەر سووراوێکم لێ داوە، ئەویش کاڵە.

– من چوزانم چیت کردووە؟ بەڵام شتێ بکە ئەوەندە ڕووخسارت دەرنەکەوێ.

– خەڵووز لە دەموچاوم بسووم؟

– بیسووا!

چاوم پڕ بوو لە فـرمـێـسک، نەمــدەزانی چ شـتـێک لە دیدی ئەودا باشــە و چی خراپە! لە پڕ هەستم بە مـاندووییەکی ئێجگار زۆر کـرد، دەتگوت ماندووبوونەکانی سـەراپای هەفتە لەو سـاتەدا هێرشیـان بۆ هێنام، ئەو هەڵامـەتەی کە هەفتـەیە بوو دەسـتـی پێ کردبوو و لە بیر خـۆمم بـردبووەوە، لە ناکاو تینی پەیدا کـرد و سـەرم گێژی خوارد. گوێم لە دەنگی یەکێکیان بوو گوتی:

– ئەرێ ئەم چایە بوو بە چی؟

کاتێک بە خـۆدا هاتمەوە ئاوی کولاوم بەسـەر پیاڵە نیو لە چاییـەکاندا دەکرد، حەمید چاییەکەی بردە ژوورەکەوە و منیش بۆ ژووری نوستنەکە ڕۆیشتم، جلەکەم داکەند و کەمێک لەسـەر تەختی خـەوەکە دانیشـتم، شـتێکی تایبـەت لە مێشکمدا نەبوو تەنـیـا، ئەوە نەبێت کە خـەمبـار بووم، دامـەنێکی چینداری درێژ کە هەمـوو کاتێک لە مـاڵەوە دەمپـۆشی، لەبەرم کـرد، یەکەمین بلووزیش هاتـە دەسـتم، لەبەرم کرد و قژم بەلاستیکێ لە دواوە کۆکردەوە، بە پارچە پەموویەک ماوەی سووراوەکەم لە لێـوم سـڕییــەوە کـە هیـچی وەهایشی پێـوە نەمـابوو، هەوڵم دەدا خـۆم هێـور بکەمەوە، دەترسام لە ئاوێنەکەدا چاوم بە خۆم بکەوێت و فرمێسکەکانم بێنە خوار، تێ دەکـۆشـام بیــرم بە لاڕێدا بـەرم، بە بیــرمـدا هاتـەوە کـە ئاو و ڕۆنم بـەســەر برنجـەکەدا نەکردووە، لە ژوورەکە هاتمە دەر و لەگەڵ یەکێ لـە کچـەکان کە ئەویش لەو ژوورەکە دەهاتە دەرەوە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە، کە بینیمی گوتی:

– ئێ...! ئەوە بۆ دیکۆرەکەت گۆڕی؟

هەمــوو لە ژوورەکــەوە ســەرێکیــان کــێـشــا و تەمــاشــایان کــردم، تەنـانەت

گوێیەکانیشم سوورەوە بوون، حەمیدیش کە لە چێشتخانەکەوە سەری دەرهێنابوو گوتی:

– ئاوها جوانترە.

بە درێژاییی کاتەکە لە چێشتخانەکە بووم، هیچ کەس کاری بە من نەبوو. سەرئەنجام کاژێر دوو بوو کە سفرە ڕاخرا، هەموو چێشتەکان ئامادە بوون، سەرەڕای ئەوەی کە دەرگای ژووری میوانم داخستبوو، بۆ ئەوەی بتوانم جوانتر سفرەکە لە هۆڵەکە برازێنمەوە، کەچی لەبەر دەنگی بەرزیان، قسەکانیانم دەبیست. لە نیوەی قسەکانیان تێ نەدەگەیشتم، دەتگوت بە زمانێکی تر دەدوێن، ماوەیەک لەبارەی شتێ بە ناوی دیالێکتیک قسەیان کرد، بە بەردەوامی وشەکانی جەماوەر و خەڵکیان بەکاردەهێنا. نازانم بۆ نەیاندەگوت مەردوم، سەرئەنجام نانی نیوەڕۆ ئامادەبوو. کەمەرم زۆر دەیەشا، هەستم دەکرد قوڕگم دەکزێتەوە. حەمید، لە پاش ئەوەی چاوێکی بە سفرەکەدا خشاند، بانگی میوانەکانی کرد کە بۆ نانخواردن بفەرموون. هەموویان لە چەند جۆری و ڕەنگ و بۆنی خواردنەکان سەریان سووڕما، بە تامەزرۆوە سەرقاڵی نانخواردن بوون. بەردەوام لە دەست و پوختەکەم دەدوان. ڕێنوێنیی یەکتریان دەکرد لە کام چێشت بخۆن خۆشترە. شارەزاد پێی ناخۆش بوو لەوەی ئەوەندە ئەرکم کێشاوە و گوتی:

– ماندوو نەبی، بەڕاستی ئەرکی زۆرت کێشاوە، ئێمە بەوە ڕازی نەبووین، ئێمە بە نان و پەنیریش تێر دەبووین، پێویستی نەدەکرد ئەوەندە کار بکەیت.

یەکێ لە پیاوەکان گوتی:

– ئەرێ بابە ئێمە هەموو ڕۆژێ هەر ئەوە دەخۆین، یەک جار هاتینە ماڵی ئەم بورژوازادەیە، با بزانین ئەمان چی دەخۆن.

هەموو پێکەنین، بەڵام پێم وابێت حەمید ئەم قسەیەی پێ خۆش نەبوو. دوای نانخواردن هەموویان گەڕانەوە ژووری میوان، حەمید دەستەیەک لە پێش دەستییەکانی هێنایە چێشتخانەکە و بە تووڕەیییەوە گوتی:

– دەبوایە ئەم هەموو چێشتە لێ بنێیت؟

– بۆ؟ خراپ بوو؟

– نە، بەڵام ئیتر دەبێ هەتاهەتایە وەڵامی تانە و تەشەرەکانیان بدەمەوە.

یەک، دووجار حەمید چاییی برد، منیش سفرەکەم کۆکردەوە، قاپەکانم شۆرد، چێشتەکانم جێبەجێ کرد و چێشتخانەکەم پاک کردەوە، کات لە چوار و نیو تێ پەڕیبوو. ناوقەدم زۆر دەیەشا هەستم دەکرد تام لێیە، کەس هەواڵێکی منی نەدەپرسی، فەرامۆش کرابووم، ئەوەم باش دەزانی کە لەو نێوەندەدا پینەیەکی نەگونجاوم. هەستی قوتابییەکم هەبوو کە بۆ میوانی مامۆستاکانی ڕۆیشتووە، نە هاوتەمەنی ئەوانم، نەش خوێندەواری و ئەزموونی ئەوانم هەیە، نەمدەتوانی وەکو ئەوان قسەوباس بکەم. تەنانەت لە ڕوویشم نەدەهات قسەکانیان پێ ببڕم و بپرسم پێویستیتان بە چییە؟ ڕیزێ چاییم تێ کرد و لەگەڵ شیرینی خامەداردا بردمە ژوورەوە، ئەمجارەش هەموویان دووبارە سوپاسیان کردم، شارەزاد گوتی:

– ماندوو بووی، ببوورە یارمەتیمان نەدای، ڕاستییەکەی ئێمە زۆر لەو کارانە نازانین.

– زۆر سوپاس، شتێکی ئەوتۆم نەکردووە.

– چۆن هیچت نەکردووە؟ ئێمە توانای لێنانی یەک دانەش لەو چێشتانەمان نییە، ئیتر وەرە دانیشە، وەرە لای من.

– بەسەرچاو، ئێستا دێم، بەڵام پێش ئەوەی کاتەکەی بەسەر نەچووە، ڕێگەم بدەن با نوێژەکەم بکەم و ئینجا بێ خەم بێم دابنیشم.

ئەمجارەش هەموویان بە سەرسوڕمانەوە سەیریان کردم، حەمیدیش دەموچاوی گرژەوە کرد. نەمدەزانی ئەمجارەش چ شتێکی سەیر و نائاساییم گوت، ئەکبەر کە پێشتر حەمیدی بە بورژوا ناوبرد، هەستم دەکرد کەوا کێبڕکێیەک یا کێشەیەک لە نێوان خۆیاندا هەیە، گوتی:

– بە بە ! بۆچی تائێستا مرۆڤی نوێژکەر ماوە! زۆر دڵخۆشم، خانم کە تۆ تا ئێستا بیروباوەڕی باووباپیرانت پاراستووە دەتوانیت پێمان بڵێی بۆ نوێژ ئەکەی؟

به تووڕەیی و شپرزەییەوە گوتم:

– بۆچی؟ لەبەرئەوەی موسڵمانم و هەموو موسڵمانێکیش دەبێ نوێژ بکات، ئەمە فەرمانی خوایە.

– چۆن ئەم فەرمانەی بە تۆ دا؟

– نەک هەر بە من، بەڵکو بە هەموو کەسێکی داوە، لە ڕێگەی پەیامبەرەکەیەوە

کە قورئانی بۆ دابەزیوە.

– واتا یەکێک لەو سەرەوە دانیشتووە و فەرمانەکانی دەنووسێت و دەیخاتە باوەشی پێغەمبەر؟

سات دوای سات سەرم زۆرتر گێژی دەخوارد و زیاتر هەڵدەچووم، بە نیگایەک داوای یارمەتیم لە حەمید کرد، بەڵام لە ڕوانینەکەی ئەودا تەنیا تووڕەیی بەدی دەکرا، هیچ جۆرە سۆز و هاودەمییەکی تێدا نەبوو. یەکێک لە کچەکان گوتی:

– باشە ئەگەر نوێژ نەکەی چی دەبێ؟

– گوناه دەکەم.

– ئەگەر یەکێک گوناه بکات چی ڕوو دەدا؟ بۆ نموونە ئێمە کەوا نوێژ ناکەین و وەکو خۆت دەڵێی گوناه دەکەین، چیمان بەسەر دێت؟

ددانەکانم جیڕ کردەوە و گوتم:

– لە پاش مردن تووشی ئەشکەنجە دەبی، دەچیتە دۆزەخەوە.

– ئەهاااا... دۆزەخ! ئادەی بڵێ بزانم دۆزەخ چۆن شوێنێکە؟

ئازای جەستەم دەلەزری، ئەوان گاڵتەیان بە هەموو بیروباوەڕەکانی من دەکرد. بە زمانێکی گیراوەوە گوتم:

– دۆزەخ لە ئاگر دروست کراوە.

– بێگومان مار و دووپشکیشی هەیە؟

– بەڵێ.

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد، تکاکارانە تەماشای حەمیدم کرد، پێویستیم بە پشتیوانی هەبوو، بەڵام ئەو سەری داخستبوو، هەرچەندە وەکو ئەوانی تر پێنەدەکەنی، بەڵام هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد. ئەکبەر ڕووی لە حەمید کرد و وتی:

– تۆ هێشتا نەتتوانیوە ژنەکەی خۆت وشیار بکەیتەوە، چۆن دەتوانی خەڵک لە خورافە ڕزگار بکەیت؟

بە تووڕەیییەوە وتم:

– من باوەڕم بە خورافە نییە؟

– نا گیانەکەم تۆ وای، ئەوەش خەتای خۆت نییە، ئەم شتانەیان ئاوها

دەرخواردی مێشکت داوە، وەهات لێ هاتووە کە باوەڕیان پێ بێنی، خورافە هەر ئەو شتانەیە کە باسیان دەکەیت و کاتیان پێ دەکوژی، کارگەلێک کە هیچ بایەخێکی بۆ خەڵک نییە، ئەمانە وات لێ دەکات پشت بە کەسێکی تر ببەستی، ئەمانەیان بۆ ترساندنی تۆ بنیات ناوە، بۆ ئەوەی هەر بەو شتانەی قایل بیت کە هەتە و بۆ بەدەستهێنانی پتر لەوە شۆڕش نەکەی، بەو هیوایەی لەو دنیا هەموو ئەو شتانەت پێ دەدرێ، تۆ بە شتگەلێک باوەڕت هەیە کە بۆ بەکارهێنانی تۆ دروست بووە، ئا ئەوانە خورافەتن.

هەستم دەکرد دڵم تێک ئەشێوێت و سەرم گێژ دەخوا، بە تووڕەییەوە گوتم:

– کفر مەکە.

– هاوڕێیان دەبینن چۆن مێشکی مرۆڤ دەشۆنەوە؟ ئەمە خەتای خۆیان نییە، هەر لە منداڵییەوە ئەم بیروباوەڕانە لە مێشکیاندا دەنێژن، بزانن ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم (ئەفیونی خەڵکە) چ ڕێگەیەکی پڕ لە کێشە و گرفتمان لە بەردەمدایە، هەر بۆیە دەڵێم با خەباتیش دژ بە مەزهەب بخەینە ناو بەرنامەی کارمانەوە، لەبەر ئەمەیە.

چیی تر گوێم لە قسەکانیان نەدەبوو، هەموو ژوورەکە لە بەرچاوم دەسووڕایەوە، پێم وابوو ئەگەر یەک خولەکی تر لەوێ بوەستم، دەکەوم، بەپەلە بەرەو لای دەستشۆرەکە ڕام کرد، دڵم بە یەکدا دەشێوا، هاوکات لە باری دەروونییەوە زۆرم بۆ هاتبوو، ئێشێکی ئێجگار سەیر لە دەوری کەمەر و ژێر دڵم دەگەڕا، هەستم کرد پێیەکانم تەڕ بوون، بە سەرسوڕمانەوە سەیری ژێر پێم کرد، هەموو ئاودەستەکە پڕ لە خوێن بووبوو.

خەریک بوو لە گەرما بسووتێم، چەند گەرم بوو! سەیری خوارەوەم کرد، بڵێسەکانی ئاگر منیان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا، هەوڵم دەدا هەڵبێم، کەچی پێیەکانم نەدەبزوان، جادووگەری ناشیرین و ناقۆڵا چنگاڵی درێژیان بە سکمدا دەکرد و منیان بۆ لای ئاگرەکە ڕادەکێشا، مارگەلێ سەری مرۆڤیان پێوە بوو، دەوریان دابووم و پێم پێ دەکەنین. بوونەوەرێکی دزێو دەیویست ئاوێکی پیس بە دەممەوە بکات.

بە ساوایەکەوە کە بە باوەشمەوە، زیندانیی کرابووم، ژوورەکە لە ئاگردا

دەسـووتا، بـەرەولای دەرگـا زۆرەکـانی ژوورەکـە ڕام دەکـرد، کـەچی هـەر دەرگـایەکم دەکردەوە ڕووبـەڕووی بڵێسـەی ئاگر دەبوومەوە، تەمـاشـای سـاواکـەمم کـرد، نوقـمی خوێن بووبوو.

لە ژوورێکـی سـپی و نـامـۆدا چـاوم کـردەوە، کـزەی سـەرمـایـەک بە جـەسـتـەمـدا دەگـەڕا، چـاوەکـانم داخـست. هەڵدەلەزریم، خـۆم کـۆکـردەوە، یەکـێ پەتووەکـەی پێم دادا، دەسـتێکـی گەرمی خسـستـە سـەر نێوچـاوانم، یەکـێ گوتی:

– مەتـرسـییەکە ڕەویوەتەوە، تاکەی نیشـتـووە، تا ڕادەیەک خوێن بەربوونەکەشی وەستاوە، بەڵام بە گشتی کچێکی لاوازە و دەبێت کەمێک خۆی بەهێز بکا.

دەنگی دایکم گوتی:

– دەبینی حـەمـیـد! ڕێگەی بدە هیچ نەبێ هەفـتـەیەک بۆ مـاڵ بێت، هەتاکـو کـەمێ دێتەوە سەرەخۆی.

پێنج ڕۆژیش لـە مـاڵ دایکم لە ناو جێگە کەوتم، فـاتی وەکـو پـەروانە بە دەورمـدا دەخـولایەوە، باوکم هـەر خـەریکی کـڕینی شـتـومـەکی سـەیروسـەمـەرە بوو، بە وتەی خـۆی هێـزئاوەر بوون، هەرکـە چـاوم دەکـردەوە دایکم شـتـێکـی دەرخـواردم دەدا، پەروین خـانم هـەر لـە بەیانییـەوە بە دیارمـەوە دادەنیشـت و قسـەی بۆ دەکـردم، من هیچ هێـزم نەبوو، حـەمـیـد هەمـوو پاش نیـوەڕۆیەک دەهاتە دیدەنیم، ڕووخسـاری خـەمـۆک و شـەرمـەزار دەهاتە بەرچاو، حـەزم نـەدەکـرد تەمـاشـای بکـەم، دیسـانەوە قسـەکردن لەگەڵ دەوروبەر بۆم ببـوو بە کێشـە، خەمێکی قـووڵ ناخی داگرتبـووم، دایکم دەیگوت:

– ڕۆڵە، دەتزانی دووگیانی بۆ پێت نەگوتم؟ بۆ ئەوەندە خـۆت مـاندوو کـرد و کارت کـرد، بۆ نەتهـێـشـت بۆ یارمـەتیت بێـم، بۆ هێـشـتـت ئاوها نەخـۆش بکەوی؟ ئاخـر هەندێ شت هەن دەبێت مـانگەکـانی یەکـەم ڕەچاوی بکەی، ئێسـتـایش هیچ نەبووە، خـەڵکی نابێت بۆ سـاوایەکی لە بـارچوو ئەوەندە خـەفـەت بخـوا، ئەزانی مـن چەند منداڵم لەبار چوو؟ ئەمـەشیان حیکمەتی خوایە، دەڵێن ئەو منداڵەی کە لەبار دەچێ گرفـتێکی هـەیە، دەنا منداڵی تەندروست هەروا بەئاسـانی ناکـەوێ! بڕۆ شـوکری خوا بکە، ئیشەڵڵا منداڵانی دوای ئەم تەندروست دەبن.

لە کـاتی گـەڕانەوەمـدا، حـەمـیـد بە ئۆتۆمـۆبێلـەکـەی مـەنسـوورە بۆ شـوێنم هـات،

باوکم ملوانکەیەکی (وان یکاد) ی لە ملم کرد، ئەو شێوازێکی تری نەدەزانی بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیم بۆ دەرببڕێت، زۆر باش هەستم بەوە دەکرد، بەڵام تاقەتی قسەکردن و سوپاسگوزاریم نەبوو، تەنیا فرمێسکەکانم دەسڕییەوە. حەمید دوو ڕۆژ لە ماڵ مایەوە و خزمەتی کردم، دەمزانی، بەلای خۆیەوە پێی وابوو بەو کارەی قوربانییەکی زۆر گەورەی داوە، بەڵام من هیچ هەستێکی پێزانینم بەرامبەری لەلا پێک نەهاتبوو، دایکی و خوشکەکانی بۆ سەردانم هاتن، دایکی گوتی:

– منیش منداڵی دووەمی دوای منیرە خانم لەبار چوو، کەچی لە دوای ئەو سێ منداڵی باش و تەندروستم بوو، هەر لە خۆوە خەفەت مەخۆ، کات زۆرە و ئێوەش گەنجن.

ڕاستییەکەی ئەوەبوو، من نەمدەزانی ئەم خەمۆکییە قووڵەم لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ! بێگومان هۆیەکەی تەنیا منداڵ نەبوو، چونکە وێڕای ئەوەی کە لە دوا هەفتەدا هەستم بە گۆڕانکارییەکی دەروونی کردبوو، کونجێکی هزرم دەیزانی چی ڕووی داوە، بەڵام، تەنانەت لەگەڵ خۆیشمدا دانم بەوەدا نەدەنا کە لە دۆخی دوو گیانیدام، هێشتا وێنایەکی ڕوونم لەبارەی منداڵ و منداڵداری و گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ منداڵدا نەبوو، هەتا ئێستاش خۆم بە کچە قوتابییەکی قوتابخانە دەژمارد کە ئەرکی یەکەمی خوێندنە. زویربوونەکەم جمکی هەستکردنم بوو بە گوناهێکی خەم ئامێز، درزێک کەوتبووە پایەکانی بڕوامەوە، لەو کەسانە بێزار و دڵ ڕەنجاو بووم کە بڕوامیان هێنابووە لەرزە، لەو دوودڵییە هەراسم هەبوو کە جەستەمی تەنیبوو و خۆمم بە بەرەپیرەوەچووی کفر دەزانی، هەر لە تۆڵەی ئەو دوودڵییەدا بوو کە منداڵەکەمم لە دەست دا.

حەمید گوتی:

– بۆچی بە منت نەگوتبوو دووگیانی؟

– خۆمیش بە تەواوەتی نەمدەزانی، لەو بڕوایەشدا نەبووم تۆ بە بیستنی ئەو هەواڵە شادمان بیت.

– بۆ بەلای تۆوە منداڵداری ئەوەندە گرینگە؟

– نازانم...!

– من دەزانم، کێشەی تۆ تەنیا منداڵ نییە، شتی تریش ئازاری داوی، بە ورێنەکانتدا دەرکەوت. من و شارەزاد و مەهدی لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە زۆر قسەمان کرد، ئەو ڕۆژە تۆ بە هەموو شێوەیەک کەوتیتە ژێر پاڵەپەستۆوە، هەم لەبار جەستەیییەوە زۆر ماندوو بووی، هەمیش سەرمات بووبوو و زۆر نەخۆش بووی، پاشانیش قسەکانی هاوڕێیان دوا مستەکۆڵەیان لێ وەشاندی.

چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک.

– تۆش هیچ بەرگرییەکت لێ نەکردم، ئەوان سووکایەتییان بە من کرد، پێم پێ کەنین، وەکو نەفامێک ڕەفتاریان لەگەڵم کرد، تۆیش لە پشت ئەوان بووی.

– نە...! بڕوا بکە هیچ کامیان مەبەستێکی تایبەتیان نەبوو، تۆ نازانی ڕۆژی دواتر شارەزاد چ شەڕێکی لەگەڵیان کرد، بەتایبەتیش ئەکبەر، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە شێوازی دروستی بانگەشەی وشیارکردنەوە بخرێتە بەرنامەی کارمانەوە، شارەزاد بە هاوڕێکانمانی گوت، ئێوە بەو تەرزی قسەکردنە بێزاری و ڕقی خەڵک هەڵدەستێنن و لە خۆتانی دەتارێنن. ئەو ڕۆژەش تەواوی ڕۆژەکە لەگەڵ مندا لە نەخۆشخانە مایەوە و بە دیارتەوە بوو. دەیگوت، ئێمە بووینە مایەی ئەوەی ئەو کچە بەستەزمانە تووشی ئەم ڕۆژە بێت، هەموو خەمی تۆیانە، ئەکبەر دەیەوێت بێت و داوای لێبووردنت لێ بکات.

ڕۆژی دواتر شارەزاد و مەهدی بە خۆیان و پاکەتێک شیرینییەوە هاتنە دیدەنیم، شارەزاد لە تەنیشت تەختەکە دانیشت و گوتی:

– زۆر شادمانم کە تەندروستیت باشترە، ئێمەت زۆر ترساند.

– ببوورن بە دەست خۆم نەبوو.

– نە، قسەی وا مەکە، تۆ دەبێت لە ئێمە ببووری، هەمووی خەتای ئێمە بوو، کەمکارییەکە لە ئێمەوە بوو، ئێمە ئەوەندە بە توندی قسەوباس دەکەین و نوقمی بیرکردنەوەی خۆمان دەبین، ئیتر ئاگامان لەوە نامێنێت کە دەوروبەر لەگەڵ ئەم شێوازە هەڵسوکەوتانە ڕانەهاتوون و دڵگران دەبن، ئەم ئەکبەرەش هەموو کاتێک کەرانە قسەوباس دەکات، بەڵام ئەویش مەبەستی نەبوو، دواتریش زۆر دڵتەنگ بوو، ئێستاش دەیویست بێت، من وتم پێویست ناکات، ئێستا سەر و گوێلاکی تۆ ببینێ جارێکی تر بارودۆخی تێک دەچێت.

– نە، خەتای ئەو نییە، خەتای خۆمە، ئەوەندە لاوازم بە چەند وشەیەک باوەڕم دەشێوێت و ناتوانم بەرێکوپێکی وەڵام بدەمەوە.

– بەڵام تۆ هێشتا زۆر گەنجی، کە لە تەمەنی تۆدا بووم، لە ڕووم نەدەهات لەگەڵ باوکیشم قسەوباس بکەم، هەنگاو بە هەنگاو گەورەتر و بە ئەزموونتر دەبیت، بیروباوەڕەکانت بنەمای بەهێزتر پەیدا دەکات، بنەماگەلێ کە لە ئەنجامی خوێندنەوە و تێگەیشتن و زانیاریی خۆتە، نەک وتەی تووتی ئاسای خەڵکی تر. بەڵام ڕێگەم بدە دان بە شتێکدا بنێم، زۆر بایەخ بە قسەی ئەم ڕۆشنبیرانە مەدە، زۆریش قسەکانیان بە جیدی وەرمەگرە، ئەوانیش لە ناخیاندا بڕوایەکیان هەڵگرتووە و لە ساتی تەنگانەدا بە شێوەیەکی ڕەمەکی پەنا بۆ خوا دەبەن و لێی دەپاڕێنەوە.

حەمید کە بە سینییە چایەکەوە لە بەردەم دەرگاکە وەستابوو، پێکەنی، شارەزاد ئاوڕی دایەوە، تەماشایەکی کرد و گوتی:

– وانییە حەمید؟ خۆ ئێستا خۆمانین، تۆ توانیوتە بەتەواوەتی بیروباوەڕە ئاینییەکەت لە بیرخۆت بەریتەوە؟ خوا لە بڕوای خۆت دوور بخەیتەوە؟ لە هیچ هەلومەرجێکدا ناوی ئەو نەبەی؟

– نە، هەر بە پێویستیشی نازانم، ئەوە هەر ئەو بابەتی قسەوباسانەی ڕۆژی پێش هاتن بۆ ماڵی ئێمە بوو، کە ئەکبەر بەو شێوەیە درێژەی پێ دا. من تێ ناگەم بۆ هاوڕێیان ئەوەندە پێداگری لەسەر ئەو بابەتە دەکەن؟ بە بۆچوونی من ئەو کەسانەی کە بیروباوەڕی ئاینییان هەیە لەسەرخۆتر و ئومێدەوارترن، کەمتر خۆیانیان پێ وێڵە و هەست بە تەنیایی ناکەن.

– کەواتە تۆ گاڵتە بە نوێژ و بیروباوەڕی من ناکەی و بە خورافاتی دانانێیت؟

– نە...! تەنانەت هەندێ جار کە دەبینم بەو ئارامی و دڵە ئاسوودەیەوە نوێژ دەکەی ئیرەییت پێ دەبەم.

شارەزاد بە زەردەخەنەیەک قسەکەی سەلماند و گوتی:

– هەر ئەوەت لە بیربێ لە کاتی نوێژکردندا بۆ ئێمەش نزا بکەیت.

یەکسەر لە ئامێزم گرت و ماچم کرد.

لە پاش ئەو ڕووداوە، دیدارەکانم لەگەڵ هاوڕێکانی حەمید زۆر سنووردار

بوونەوە، ئەو پێوەندییە لاوازەش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خۆی دەبینییەوە، ئەوان ڕێزیان لێم دەگرت، بەڵام منیان بە بەشێک لە خۆیان نەدەزانی، هەوڵیان دەدا لە بەردەم من باسی ئاین و خوا نەکەن، ئامادە بوونی من بۆ ئەوان ئاسان نەبوو، منیش چیی تر پێداگریم لەسەر بوونم لەگەڵ ئەواندا نەدەکرد، تەنیا شارەزاد و مەهدی جارجارە بە ناوی هاوڕێیەتییەوە سەردانیان دەکردین، بەڵام من هەر شەرمم لەوان دەکرد، بەرامبەر بە شارەزاد هەستێکی ئاوێتە لە ڕێز و خۆشەویستی و تاسەم هەبوو، ژنێکی سەرە، هەموو کەسێک ڕێزی لێ دەگرت، تەنانەت پیاوەکانیش، ڕۆشنبیر، تێگەیشتوو و سەروزمان شیرین، سڵی لە کەس نەدەکردەوە، نە تەنیا چاوەڕوانی پشتیوانی کەسی نەدەکرد، بەڵکو بە تەنیا خۆی بە پشت و پەنای هەموو کۆمەڵەکەیان دادەنرا، لە هەمووی خۆشتر ئەوەبوو، سەرەڕای ئەو هەموو تایبەتمەندییە بەهێزانە، هەستێکی ناسک و پاراوی هەبوو، لە بەردەم هەندێ لە کارەساتە مرۆییەکاندا یەکسەر چاوە ڕەش و درشتەکانی پڕ لە فرمێسک دەبوون، پێوەندیشی لەگەڵ مەهدیدا بۆ من پێوەندییەکی ناڕوون بوو، هەرچەندە حەمید وتبووی ئەوان لەبەر بەرژەوەندیی ڕێکخراوەییی ژیانی هاوسەرییان پێک هێناوە، بەڵام لە نێوان ئەواندا پێوندییەکی زۆر لەوە مرۆییانە تر هەبوو، مەهدی پیاوێکی زۆر ژیر و کەمدوو بوو، کەم جار لە ناو گفتوگۆکاندا قسەی دەکرد، زانیاری و تواناکانی دەخستە ڕوو، وەکو مامۆستایەک گوێی لە کاردانەوەی قوتابییەکانی دەگرت، وتار و ڕەفتاری هەموویانی دەخستە ژێر چاودێرییەوە و خۆیشی بێدەنگ دەبوو. زۆر زوو زانیم کە شارەزاد ڕۆڵی قسەکەری ئەو دەگێڕێت، لە هەموو گفتوگۆکاندا نیوە نیگایەکی شاراوەی لەسەر ئەو بوو، سەر ڕاوەشاندنێکی مەهدی مۆری پشتیوانی و درێژەپێدان بوو بە قسەکانی، جارجارەیش هەڵتەکاندنی برۆیەک ئەوی لە نێوان قسەوباسەکاندا لە دۆخی بیرکردنەوەدا دەیهێشتەوە. نە... مەحاڵ بوو، ئەم لێک گەیشتنە بەبێ ئەشق بە دەست بێت، دەمزانی ژنی خەونەکانی حەمیدیش ژنێکی لە شێوەی ئەو بووە، نەک من، هەستی ئیرەییم بەرامبەری نەبوو، لەبەرئەوەی پێگەیەکی زۆر لە خۆی بالاترم پێ دابوو، بەڕادەیەک کە خۆم بە شایستەی ئیرەیی نەدەزانی، تەنیا ئەوە نەبێت لە ناخەوە ئارەزووم دەخواست وەکو ئەوبم.

لە کۆتاییی بەهار و هاوکات لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی پۆلی دەیەمدا، لە ئەنجامی

هەستکردنم بە لاوازی و خەواڵوویی و دڵ تێکەڵهاتنەکانم، زانیم کە دووگیانم، هەرچۆنێک بووە تاقیکردنەوەکانم بە باشی تەواو کرد و ئەمجارەیان بە وریاییەوە چاوەڕوانی لە دایکبوونی منداڵەکەمم دەکرد، ئەو منداڵەی کە هەر نەبێ دەیتوانی لەم تەنیاییە بێ کۆتاییە ڕزگارم بکات. بنەماڵەی حەمید بە هەواڵی سکپڕییەکەم زۆر دڵشاد بوون، ئەمەیان بە ئاماژەی هاتنە سەر ڕێگەی حەمید لێک دەدایەوە، منیش کارێکم کرد بەوە بڕوا بهێنن کە پێیان خۆشە، چونکە دەمزانی ئەگەر بێمە زمان و سکاڵای لە ماڵ نەبوونە دوور و درێژەکانی حەمید بکەم، ئەوا هەم ناپاکیم لەگەڵ حەمیددا کردووە و ئەوم بۆ هەتا هەتایە لە دەست دەدا، هەمیش خۆمم وەکو کەمکارێکی سەرەکی لە بەردەم کەسوکاری حەمید دەناساند، لەبەرئەوەی دایکی حەمید لەو بڕوایەدا بوو و، هەموو جارێ بە هەر بیانوویەک بوایە ئەوەی دەهێنایەوە یادم کە ژنی بوێر دەتوانێت مێردەکەی پابەندی ماڵ و خێزانی بکات، نموونەی زیندوویشی لە خۆی دەهێنایەوە، باسی لەوە دەکرد کە چۆن لە گەنجیدا مێردەکەی لە داوی حزبی تودە دەرهێناوە.

هاوینی ئەو ساڵە مەحموود، ئیحتیرام ساداتی میمزامی خواست، من لە خۆم ڕانەدەبینی هیچ کارێ بکەم، خۆشبەختانە سکپڕییەکەشم بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەوەی هیچ کەسێ چاوەڕوانیی هاوکاریم لێ نەکات، ڕاستییەکەشی ئەوەبوو من هیچ کامیانم خۆش نەدەویست، کەچی دایکم هەتا بڵێی دڵخۆش بوو، بەردەوام باڵادەستیەکانی بووکەکەی بە بەراورد لەگەڵ مەحبووبەدا دەژمارد، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ میمکمدا کە نەیدەزانی ئاگای لە حیجابە توندوتۆڵەکەی بێت یان کار بکات و سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بوو. مەحموود بەو دەموچاوە عەبووس و گرژەیەوە دەتگوت بۆ پرسە داوەت کراوە! سەری داخستبوو و لەگەڵ هیچ کەسێک چاک و خۆشی نەدەکرد. زەماوەندەکە لە ماڵی باوکم و پەروین خانم بەڕێوەبرا، پیاوەکان لە ماڵی ئێمە و ژنەکان لە ماڵی پەروین خانم بوون، بە پێچەوانەی ئەو قسانەی کە گوتران، مەحمموود تەنانەت یەک ڕۆژیش لە ماڵی باوکم نەمایەوە. ماڵێکی لە نزیک بازاڕەکە بە کرێ گرت و شەو بووکەکەیان بۆ ئەو ماڵە برد. چەندان زنجیرە گڵۆپیان بە دەرگا و دیوار و نێوانی درەختەکانەوە هەڵواسی، چەند لۆکسێکی بنکە بەرزیان لە بەر دەرگا دانا بوو، لە لایەکی حەوشەکەی ماڵی پەروین خانم کە گەورەتر بوو چێشتیان لێ دەنا، بەڵام دەنگی ساز و ئاواز نەدەهات،

لەبەرئەوەی مەحموود و باوکی ئیحتیرام سادات مەرجی ئەوەیان دانابوو کە هیچ کەسێ بۆی نییە لەم جۆرە کارانەی دژ بە شەرع بکات، من لەگەڵ هەموو ژنەکانی تردا لە حەوشەکەی ماڵی پەروین خانم دانیشتبووم و خۆم باوەشێن دەکرد، ژنەکان هەر قسەیان دەکرد و میوە و شیرینییان دەخوارد. بەلامەوە سەیربوو، ئاخۆ پیاوەکان چی دەکەن؟ لە حەوشەکەی تر هیچ دەنگێک نەدەهات، تەنیا جارجارە بە فەرمانی یەکێک سەڵەواتێکیان لێ دەدا. لە ڕاستیدا هەموو چاوەڕوانی نانی شێوان بوون، بۆ ئەوەی ئەرکەکەیان بەجێ بهێنن و لەو دۆخە بێدەنگە ڕزگاریان بێت. پەروین خانم هەر بۆڵەی دەهات:

– ئەمە چ زەماوەنێکە؟ هەر لە شەوی سالانەکەی باوکم دەچێت.

بەڵام چاو زیتەوەکردن و ئەستەغفیروڵڵاکانی میمکم بێدەنگیان دەکرد. میمکم وای دەزانی هەمووو کەسێ گوناهکارە هەر خۆی نەبێ، نوێژ و ڕۆژووی هیچ کەسێکی بەلاوە دروست نەبوو، بەڵام ئەوەندەی قینی لە پەروین خانم بوو و بۆڵەی بەسەر دایکمدا دەکرد و دەیگوت:

– ئەم ژنە لێرە چی دەکا؟

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێرە ماڵی خودی پەروین خانم نەبوایە، ئێستا دەری کردبووە دەرەوە، ئەو شەوە ئەحمەد بە هیچ شێوەیەک دەرنەکەوت، دایکم زوو زوو لە دەرگاکەوە عەلی بانگ دەکرد و دەیپرسی:

– ئەحمەدی برات هات؟

ئینجا دەستێکی بەسەر دەستەکەی تریدا دەکێشا و دەیگوت:

– چاوت لێیە! هەر نالێی زەماوەنی براکەیەتی، باوکە داماوەکەت بە تەنیا ماوەتەوە، لەبەر هاوڕێ هیچ و پووچەکانی بیر لە کەسی تر ناکاتەوە، دەڵێی ئەگەر شەوێ لەگەڵ ئەوان نەڕوا ئیتر ئاسمان دەڕووخێت. پەروین خانمیش سەری خەمەکانی دڵی کرایەوە و چپاندی بە گوێمدا و گوتی:

– دایکت هەقییەتی! لەو ڕۆژەوە تۆ ڕۆیشتووی ئەحمەد خراپتر بووە، سەری ناوەتە سەر کۆمەڵە کەسێکی سەیروسەمەرە، خوا ئاخری خێر کات.

– هەقییەتی، یەکێ ئەوەندە نەفام بێت، شایستەی ئەوەیە هەموو بەڵایەکی بەسەر بێت.

– وەی، وا مەڵێ مەعسووم، چۆن دڵت دێ، لەوانەبوو ئەگەر ئێوەش کەمێ ئاگاتان لێ بوایە وای لێ نەهاتایە.

– باشە چیمان بکردایە؟

– نازانم، بەڵام ئەوەش دروست نییە کە بەو شێوەیە وازتان لێی هێناوە، باوکت ئامادە نییە تەنانەت سەیریشی بکات.

پوورم ئەو شەوە بە تەنیا بۆ شاییەکە هات. دایکم، کە هەتا ئەو کاتە، هەر چەند خولەکێ جارێک دەیگوت، چاوتان لێیە پوورێکی چەند بێ ئاکارتان هەیە، بۆ شاییی برازا گەورەکەی نەهات! کەچی بە بینینی پوورێ لێوی هەڵقرتاند و گوتی، تەشریفیان هێنا، بۆ ئەوەی وەها نیشانی بدات کە ئاگای لە هاتنی ئەو نەبووە، خۆی سەرقاڵی کارێک کرد. پوورێ لە تەنیشت منەوە دانیشت و گوتی:

– وەی لەم ڕێگەیە مردم! ئۆتۆمۆبێلەکە تێکچوو و دوو کاژێر چاوەڕوان بووین، خۆزگە شاییەکەتان لە قوم بەڕێوە ببردایە، خزم و کەس هەموو لەوێن، هێندەش ڕەنجی ئەم ڕێگە و بانەمان نەدەکێشا.

– وای پوورە گیان! بە خوا نەماندەویست ئەم هەموو ئەرکە بکێشن.

– چی، ئەرکی چی؟ بۆچی خەڵکی چەند جار برازا گەورەی ژن دێنێ کە نەتوانێت دوو هەنگاو ڕێگەیش بێ؟

– سڵاو خانم، سەیرکە خۆ سەرئەنجام هاتن، ئەمە لە جیاتی بەخێر هاتنتە؟

– ئاخر ئەمە کاتی هاتنە، وەکو بێگانە...؟

بۆ گۆڕینی قسەکە گوتم:

– بەڕاست پوورێ، مەحبووبە چۆنە، زۆری بیر دەکەم، خۆزگە دەهات.

دایکم چاوێکی لێ زیتەوە کردم.

– ڕاستت دەوێ پوورە گیان، مەحبووبە لێرە نییە، داوای لێبووردنیشی کرد، دوێنێ لەگەڵ مێردەکەی بۆ سوریە و بەیروت ڕۆیشتن، نازانی ماشەڵڵا چ مێردێکی هەیە، لە پێناو مەحبووبەدا دەمرێ.

– چ سەیرە! باشە بۆ سوریە و بەیروت؟

– ئەی بۆ کوێ بڕۆن؟... دەڵێن زۆر خۆشە، بووکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

دایکم بە قینەوە گوتی:

– ئێ خۆ هەموو کەسێ ناتوانێت وەکو خاڵۆت بۆ هەندەران بڕوا.

– بەڕێککەوت، زۆر باشیش دەیانتوانی، بەڵام مەحبووبە پێی خۆش بوو بڕوا بۆ شوێنێ کە زیارەتگای لێ بێت، خۆ دەزانی ئەمانە حەجیان لە سەرە، بەڵام لەبەرئەوەی تا ئەو کاتە مەحبووبە پێ دەنێتە مانگی خۆیەوە، ئیتر مێردەکەی وتی با جارێ بۆ سەردانی حەزرەتی زەینەب بڕۆین جا ئەو کاتە ئیشەڵڵا بۆ حەجی عومرەش دەڕۆین.

– وەڵا ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە دەبێت مرۆڤ هەموو ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت و ژیانی سەر و سامان بگرێ، ئینجا بۆ حەجی عومرە بڕوا!

– نە تەیبە خانم، ئەمە بیانووی ئەو کەسانەیە کە ناتوانن بڕۆن، دەنا خەزوورەی مەحبووبە کە ماشەڵڵا خۆی زانا و موجتەهیدە و خەرجی سەد قوتابی دەدا، گوتی، هەر کاتێک مرۆڤ باری ئابووری باش بێت، دەبێت بڕوا.

دایکم هەروەکو ئەسپەندەر لەسەر ئاگر هەڵدەقرچا، زۆر باش شارەزای ئەم دۆخەی بووم، هەر کاتێک نەیتوانیبایە وەڵامی گونجاو بدۆزێتەوە ئاوهای لێ دەهات، سەرئەنجام وەڵامێکی دۆزییەوە و گوتی:

– نەخێر، برای مێردی خوشکەکەم، واتا مامی بووکەکەمان کە زۆریش زاناترە دەڵێت، بۆ مەککە ڕۆیشتن بەو سادەییەیش نییە، کۆڵێ مەرج و یاسای هەیە، خێزان لەولا بوەستێ، دەبێت حەوت دراوسێی ئەملا و حەوت دراوسێی ئەولایش حەوجەدار نەبێت، جا بگەیەت بە ئێوە کە کوڕەکەتان بێ کارە.

– چی! کێ بێ کارە؟ هەزار کەس منەتی پێ دەبات، باوکی دەیویست دوکانی بۆ بکاتەوە، بەڵام خۆی نەیویست، دەڵێت حەزم لە بازاڕ و کاسبی نییە، دەمەوێ بخوێنم و ببم بە دوکتۆر، مێردەکەی مەحبووبەش کە خۆی خاوەن بڕوانامەیە دەڵێت، ئەم منداڵە زۆر بەهرەدارە، بەڵێنیشی لە ئێمە وەرگرتووە کە لێی گەڕێین هەتا دەچێتە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی.

لەو کاتەدا دایکم خەریک بوو شتێک بڵێت، من خۆم تێ هەڵقورتاند بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕم، لەوە دەترسام کە ئەم بگرە و بەردەیە درێژە بکێشێت و شایییەکە ببێتە مەیدانی شەڕ. گوتم:

– بەڕاست پووریّ، مەحبووبە سکی چەند مانگە؟ بێزووی نەدەکرد؟

– نە ڕۆڵە، زۆر کەم، ماشەڵڵا زۆر باشە هیچ ناڕەحەتییەکی نییە، تەنانەت دوکتۆر مۆڵەتی سەفەریشی پێ دا.

– بەڵام دوکتۆر پێی گوتم نابێ زۆر بڕۆم، ناشتوانم زۆر دانەوم.

باشە ڕۆڵە وا بکە، دەبێت مانگەکانی سەرەتا زۆر ئاگات لە خۆت بێت، تۆ لاوازی، یاخوا بمرم بۆت، وا دیارە ئەوەندەش یارمەتیت نادەن، من هەر لە سەرەتاوە نەمدەهێشت مەحبووبە بجووڵێتەوە، هەر ڕۆژەی جۆرە خواردنێکی بەلەزەتم بۆی لێ دەنا و بۆ ماڵیانم دەنارد، ئا ئەمانە ئەرکی دایکن، بزانە ئاشێکی تێروتەسەلیان بۆ لێ نای؟

وەی لە پوورم، نەیدەویست ئاگرەکە دابمرکێنێتەوە، بەپەلە گوتم:

– بەڵێ پوورە گیان، ئەوان هەر خواردنم پێ دەدەن، بەڵام خۆم ئارەزووم لێ نییە، بە هیچ شێوەیەک خواردن بە قوڕگما ناچێتە خوارەوە.

– نە ئازیزەکەم، حەتمەن خراپی لێ دەنێن، باخۆم چێشتێکی بەتامت بۆ لێ بنێم پەنجەکانتی پێوە بخۆیت.

دایکم لە تووڕەییدا لێوەکانی شین هەڵگەڕابوون، لە کاتێکدا دەیویست وەڵام بداتەوە پەروین خانم بانگی کرد و وتی دەبێت بۆ پیاوەکان چێشت ئامادە بکەن. بە ڕۆیشتنی دایکم ئاهێکم پێدا هاتەوە و پووریشم وەکو گڕکانێک کە لە پڕ لە ئاور پرژان دەکەوێت دامرکایەوە، کەمێ سەیری دەوروبەری کرد و بە دانەواندنی سەری سڵاوی لە هەندێک لە میوانەکان کرد، دیسانەوە ڕووی لە من کرد و گوتی:

– ماشەڵڵا ڕۆڵە جوان بوویتە، کۆرپەکەت کوڕە، دە ئێستا پێم بڵێ لە مێردەکەت ڕازیت؟ خۆ ئێمە ئەم شازادەیەمان هەر نەبینی، وەها تۆیان بە پەلەپەل بەشوو دا، دەتگوت چێشتی داخە و دەترسان بەر دەم بکەوێت، باشە هەر بەڕاستی وا بوو؟

– وەڵا پووریّ گیان چی بڵێم، خراپ نییە، باوک و دایکی نیازی مەککەیان هەبوو، کاتیان نەبوو، دەیانویست پێش سەفەرەکەیان هەموو کارەکانیان تەواو بکەن و بێ خەم بن، بۆیە کارەکە پەلەی تێدا کرا.

– ئاخر بەبێ هیچ پرس و لێکۆڵینەوەیەک؟ بیستم هەتا سەر سفرەی مارەبڕین زاوات نەبینیبوو، ڕاستە؟

– بەڵێ، بەڵام وێنەکەیم بینیبوو.

– وای ڕۆڵە! خۆ مرۆڤ شوو بە وێنە ناکات، واتا هەر بەو وێنەیە پێی وابەستە بوویت و بڕیارت دا ببێ بە هاوسەری ژیانت؟ وەڵا ئێستا لە قومیش کچ بەو شێوەیە بە شوو نادرێت، هەر ئەم مەحبووبەیە کە خەزوورەکەی مەلایە، بەڵام نەک لەم مەلا هیچوپووچانە، ڕوحانییەکی زۆر بەڕێزە، لە هەموو خەڵکی قومیش زیاتر گرینگی بە حەڵاڵ و حەرام دەدا، کاتێک بۆ خوازبێنی هات گوتی: کچ و کوڕەکە دەتوانن لەگەڵ یەکتردا قسە بکەن، هەتا ئەو کاتەی دڵنیا بوون یەکتریان دەوێت، ئەو کاتە وەڵاممان بدەنەوە، مەحبووبە نزیکەی پێنج جار لەگەڵ موحسن ئاغا قسەی کرد چەند جارێ ئێمەیان بۆ نانی شێوان بانگ کرد، ئێمەش چەند جارێ ئەوانمان داوەت کرد، وێڕای ئەوەی کە هەموو قوم ئەوانی دەناسی و پێویستی بە لێکۆڵینەوە نەدەکرد، ئێمە هەر پرسیاری خۆمان کرد، خۆ خەڵکی کچەکانیان لەسەر ڕێگە هەڵنەگرتووەتەوە تا بەو شێوەیە بیدەنە دەست پیاوێکی نەدیو و نەناسیو.

– پوورێ گیان نازانم، ڕاستییەکەی من ڕازی نەبووم، براکانم زۆریان پەلە بوو.

– هەڵەیان کرد، بۆچی تۆ جێگەی ئەوانت سەغڵەت کردبوو؟ ئەم دایکەت هەر لە سەرەتاوە زۆر نازی کوڕەکانی دا، ئەم مەحموودەی کە هەر خەریکی بەرماڵ لە ئاو کێشانە، ئەو ئەحمەدەی کەوا کەس نازانێ لە کوێیە.

– بەڵام پوورێ گیان من ئێستا ناڕازی نیم، ئەمە بەشی خۆمە، حەمید پیاوێکی باشە، بنەماڵەکەشی باشن، زۆر لە خەمی مندان.

– باری ئابووری چۆنە؟

– خراپ نییە، ناهێڵن کەموکووڕیم هەبێت.

– باشە، ئیشی چییە؟

– بنکەیەکی چاپکردنی کتێبیان هەیە، نیوەی هی باوکییەتی، ئەویش لەوێ کار دەکات.

– خۆشی دەوێی؟ بەختەوەرن؟ تێ دەگەی مەبەستم چییە؟

کەوتمە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، هەرگیز لە خۆم نەپرسیبوو خۆشم دەوێ یان خۆشی دەوێم، ئاشکرایە کە خۆشەویستی ئەو لە دڵمدا هەبوو، ئەو خۆی

مرۆڤێکی خۆشەویست و دڵنشین بوو، تەنانەت باوکیشم کە کەم ئەوی بینیبوو، خۆشی دەویست، بەڵام ئەو ئەشق و خۆشەویستییەی کە لە ناخمدا بۆ سەعیدم هەبوو، هەرگیز لە نێوان ئێمەدا نەبوو، تەنانەت پێوەندی ژن و مێردایەتیشمان زیاتر بۆ بەجێهێنانی ئەرکێک و پێویستییەکی سروشتی بوو، نەک ئەشق و خۆشەویستیی ڕاستەقینە.

– باشە ڕۆڵە گیان، چی بوو وا کەوتیتە بیرکردنەوە، سەرئەنجام خۆشتی دەوێ یا نا؟

– ئاخر پووریێ گیان ئەزانی، ئەو پیاوێکی باشە، پێم دەڵێ بخوێنە، دەڵێ دەتوانی هەرچییەکت پێ خۆشە بیکەی، دەتوانم بۆ سینەما، میوانی، گەڕان برۆم، داماوە ڕێگەم لێ ناگرێ.

– ئەگەر بتەوێ هەر لە بازاڕەکان بگەڕێی، ئەی کەی فریای چێشتی نیوەڕۆ و شێوان دەکەوی؟

– ئۆی پووریێ... هەتا بتەوێت کات هەیە، خۆ حەمید دەڵێ خواردنی نانی نیوەڕۆ و ئێوارە هەر گرینگیش نییە، ئەگەر یەک هەفتەش نان و پەنیری بخەمە بەردەست دەنگی لێوە نایەت، پیاوێکی زۆر بێ ئازارە.

– بەڕاستی شتی ئاوهام نەبیستووە، پیاوی بێ ئازار...؟ ئەمە چی دەڵێی، مرۆڤ نیگەران دەبێ.

– ئێ، بۆچی پووریێ؟

– کچم سەیرکە، خوا پیاوی بێ ئازاری دروست نەکردووە، ئەم پیاوە یا ئەوەتا شتێک لە ژوورسەریەتی و دەیەوێ سەرقاڵت بکات بۆ ئەوەی ڕێگری بەرنامەکانی نەبیت، یانیش ئەوەندەی خۆش دەوێیت کە ناتوانێ پێت بڵێ نە، دیارە ئەمەشیان زۆر دوورە لە باوەڕ پێکردنەوە، ئەگەریش وا بێ ئەوا ماوەکەی زۆر کورتە، با ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕێ، جا بزانە چ کلکێ دەردەهێنێت.

– وەڵا چووزانم!

– ڕۆڵە گیان، من ئەم پیاوانە دەناسم، مێردی مەحبووبەی خۆمان، هەم پیاوێکی باوەڕدارە هەم خوێندەوار و شارستانییە، مەحبووبەشی زۆر خۆش دەوێت، هەر چاوی لەسەریەتی، لەو کاتەوە کە زانیویەتی دوو گیانە، وەکو منداڵ تەڕو وشکی

دەکات، بەڵام دیارە چاوێکیشی لێ کردووە بە چوار، ئاگەی لێیەتی بۆ کوێ دەڕوا، لە کوێوە دێ. بەینی خۆمان بێت هەندێ جاریش بتەوێ و نەتەوێ ئیرەیی پێ دەبات، سەرئەنجام ئەویندارییە، دەبێت ئیرەییەکیشی تێدا بێت، بەدڵنیاییەوە مێردەکەی تۆیش ئیرەیی تێدایە، وانییە؟

حەمید و ئیرەیی؟! ئەویش بە من! دڵنیا بووم کە بە هیچ شێوەیە ئیرەیی لە بوونیدا نییە، گەر هەر ئێستا پێی بڵێم نیازم هەیە وازی لێ بێنم، زۆریشی پێ خۆش دەبێت، چونکە بەلای ئەوەوە ژیانی ژن و مێردایەتی گرفتارییە، وەکو زنجیرێکە بە دەست و پێوە، هەرچەندە ئەو لە ئازادییەکی ڕەهادا ژیان بەسەر دەبات، هەرکاتێ بیەوێت دەڕوات و کەی بیەوێت دێتەوە، من هەرگیز نەموێراوە سەبارەت بە تەنیاییەکانی شەو و ڕۆژیم یەک سکاڵا بکەم، کەچی ئەو هێشتا هەر بە دەست کۆت و بەندەکانی خێزانداریییەوە دەناڵێنێت، لەوە دەچێت گۆشەیەکمان لە مێشکی بە خۆمانەوە سەرقاڵ کردووە، گەر وا نەبێت ئەو گۆشەیەش بۆ خزمەتی ئامانجەکانی ئازاد دەبێت، نە، حەمید هەرگیز ئیرەیی بە من نابات.

لە کاتێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە وەکو برووسکە بە مێشکمدا تێ دەپەڕین، چاوم بە فاتی کەوت، بانگم کرد:

– فاتی گیان وەرە ئەم قاپانەی سەر مێزەکە کۆ بکەرەوە. دایە خەریکی ئامادەکردنی نانی شێوانە؟ پێی بڵێ ئێستا دێم سۆس بەسەر زەڵاتەکەدا دەکەم.

بەم بیانووەوە پوورێم جێ هێشت کە ئاوێنەیەکی بێ بەزەییانەی خستبووە سەر ژیانم، بەڵام دڵم بە شێوەیەکی سەیر گیرابوو.

لەگەڵ دەستپێکی پایزدا بارودۆخم زۆر باشتر بوو، وردە وردە سکم گەورەتر دەبوو، ناوی خۆمم لە پۆلی یانزەیەمی قوتابخانەی شەوانە نووسی، پاش نیوەڕوانە بە پێ بۆ قوتابخانە دەڕۆیشتم، سەرلەبەیانیانیش پەردەکانم هەڵدەدایەوە و لە بەردەم خۆرەتاوەکە کە تا ناوەڕاستی ژوورەکە دەکشا، دادەنیشتم، پێیەکانم دادەکێشا و بەدەم خواردنی لەواشەکانی پوورە گیانەوە وانەکانم دەخوێند، دەمزانی دواتر کاتێکی زۆرم بۆ خوێندن نابێت.

ڕۆژێکیان حەمید کاژێر دەی سەرلەبەیانی هاتەوە، خەریک بوو لە سەرسوڕماندا شاخم دەردەهاورد، دوو شەو بوو نەهاتبۆوە، پێم وابوو نەخۆش بێت، یانیش لە

خەمی مندا بووبێ؟

– چی بووە بەم بەیانییە هاتییەوە؟

بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەگەر پێت خۆش نییە دەگەڕێمەوە.

– نە... تەنیا نیگەران بووم، خۆ باشی؟

– بەڵێ بابە باشم، ئەمڕۆ هەواڵیان پێ دام کە بۆ ڕاکێشانی هێڵی تەلەفۆن دێن، منیش دەستم بە تۆ نەدەگەیشت، دەشمزانی پارەت پێ نییە، ناچار بووم بێم.

– تەلەفۆن! بەڕاستتە؟ دەیانەوێت تەلەفۆنمان بۆ دامەزرێنن؟ وای چ باشە.

– بۆچی نەتدەزانی؟ من دەمێ بوو پارەم دابوو.

– چوزانم؟ خۆ تۆ هیچ قسەیەکم بۆ ناکەی، بەڵام زۆر باشە ئیتر دەتوانم لەگەڵ هەموو کەسێک قسە بکەم، کەمتر هەست بە تەنیایی دەکەم.

– نەخێر، ئەمەیان نابێ مەعسوومە خانم، تەلەفۆنی ماڵەوە بۆ کارە پێویستەکانە، بۆ چەنەبازیی ژنانە نییە، من بۆ هەندێ پێوەندیی پێویست دەبێت تەلەفۆنم هەبێت، ئەویش دەبێت داخراوبێت، ئێمە زیاتر لە دەرەوەوە تەلەفۆنمان بۆ دەکرێت، لە بیریشت نەچێت ژمارەکە بە کەس نەدەیت.

– یانی چی؟ یانی دایک و باوکیشم ژمارەکەمانیان نەبێت؟ منیش وام دەزانی ئاغا نیگەرانی من بووە وا تەلەفۆنی کڕیوە، وەکو کە خۆی نییە دەیەوێت هیچ نەبێ بە تەلەفۆن ئاگای لێم بێت، یانیش ئەگەر لە پڕ ژانم کرد بتوانم یەکێ ئاگادار بکەمەوە!

– دەباشە، ئێستا دڵگران مەبە، خۆ دیارە دەتوانیت لە کاتی زەروریدا تەلەفۆن بکەیت.

مەبەستم ئەوەبوو بیست و چوار کاژێر بە دیار تەلەفۆنەوە دانەنیشیت و هێڵەکە قاڵ نەکەیت.

– کەی من لە ڕووم دێ تەلەفۆنی پێ بکەم؟ حەزیشی لێ ناکەم، خۆ ماڵی دایکیشم تەلەفۆنیان نییە، دەبێت لە ماڵی پەروین خانمەوە تەلەفۆن بکەن، دەمێنێتەوە دایک و خوشکەکانی خۆت.

– نە...نە! نەکەی بەوان ژمارە بدەی؟ ئینجا دەیانەوێت بیست و چوار سەعاتە لە

هەبوون و نەبوونی من بکۆڵنەوە.

هەرچۆنێک بووە، تەلەفۆن کێشرا و جارێکی تر پێوەندی من بە دنیای دەرەوە دەستی پێکردەوە کە بەهۆی قورسبوونی خۆم و سەرمای زستان سنووردار بووبوو. هەموو ڕۆژێ لەگەڵ پەروین خانم قسەم دەکرد، زۆربەی جارەکان دایکیشمی بانگ دەکرد، ئەگەر دەستی نەگیرابایە دەهات، ئەگەریش نەیتوانیبایە و فاتی لە ماڵ بوایە دەهات و قسەی لەگەڵ دەکردم. سەرئەنجام دایکی حەمیدیش بە سەرگوزەشتەی تەلەفۆنی زانی و بە کوڵێک دڵ ئێشان و گلەییەوە ژمارەکەی وەرگرت، وای دەزانی من نەمویستووە ژمارەکەی پێ بدەم، منیش نەمدەتوانی بڵێم کە ئەوە فەرمانی کوڕەکەی بووە. دواتر بەلای کەمەوە ڕۆژی دوو جار تەلەفۆنی دەکرد، وردە وردە کاتی تەلەفۆنەکانیم زانی، کە دڵنیا دەبووم ئەوە، وەڵامم نەدەدایەوە، ئەوەندە بە درۆ گوتبووم حەمید خەوتووە یان چووەتە دەرەوە شتێک بکڕێ، یانیش لە گەرماو و ئاودەستە، ئیدی شەرمم دەکرد.

لە یەکێک لە شەوە ساردەکانی زستاندا، یەکەمین بریسکەی ژانی منداڵبوون ڕووی لێ کردم، ترس و نیگەرانی هەموو بوونمی گرتەوە، چۆن حەمید ئاگادار بکەمەوە؟ هەموو شتێک لە مێشکمدا تێکەڵ بە یەکتر بووبوو، دەبوایە جڵەوی خۆم بگرتایە، هەوڵم دەدا قسەکانی پزیشکەکە بهێنمەوە یادی خۆم، خۆم کۆ بکەمەوە، دەبێت میانەی ژانەکان بنووسمەوە و ئینجا حەمید بدۆزمەوە، تاقە ژمارەیەکی کە پێم دەزانی ژمارەی شوێنی کارەکەی بوو، هەرچەندە دەمزانی بەو شەوە درەنگە کەس لەوێ نییە هەر تەلەفۆنم کرد. ئاسایی بوو کە کەس وەڵامی نەدایەوە. ژمارەی هیچ هاوڕێیەکیم نەبوو، ئەو بە پێداگرییەکی سەیرەوە وریای ئەوە بوو کە هیچ نووسراوەیەک، ژمارە و ناونیشانێک لە هیچ شوێنێ نەنووسێت و هەوڵی دەدا هەمووی لە مێشکی خۆیدا بپارێزێت، دەیگوت بەم شێوەیە هەست بە ئاسایشێکی زۆرتر دەکەم. هیچ ڕێگە چارەیەکم نەبوو، دەبوایە بۆ ماڵی پەروین خانم تەلەفۆن بکەم، شەرمیشم دەکرد بەو شەوە درەنگە لە خەو هەڵیانبسێنم، بەڵام پاڵەپەستۆی ژان هەموو ئەو لێکدانەوانەی خستە لاوە. ژمارەکەم لێ دا، دەنگی زەنگەکە لە گوێمدا دەزرینگایەوە، کەچی کەس هەڵی نەدەگرت. دەمزانی مێردەکەی گوێی گرانە و خۆشی خەوی قورسە، دەستم ماندوو بوو و تەلەفۆنەکەم دانا. دووی شەو، چاوم بڕیبووە ژماردنی خولەکەکانی سەعاتەکە، میانەی ژانەکان تا ڕادەیەک

ڕێکوپێک بوون، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە بیرم لێ دەکردەوە، سات لە دوای سات ترسەکەم زیاتر دەبوو، کەوتە بیرم کە بۆ دایکی حەمید تەلەفۆن بکەم، بەڵام چی بڵێم؟ چۆن بڵێم حەمید لە ماڵ نییە، سەرەتای شەو گوتم هاتووەتەوە و ڕۆیشتووە سەر لە داپیرە بدات، دواتر نازانم حەمید لە کوێوە تەلەفۆنی کرد منیش پێم گوت کە بۆ دایکی تەلەفۆن بکات و بڵێت لەلای داپیرە بووە، ئەگەر ئێستا تەلەفۆنم بکردایە و بمگوتایە کە ڕۆیشتووە و نەهاتووەتەوە، دایکی شێت دەبوو، هەم لەگەڵ من شەڕی دەکرد و هەمیش لە نیگەرانییدا دەکەوتە ڕێ و سەری لە نەخۆشخانەکان دەدا. خەمی ئەو بۆ حەمید وەکو بیمارییەک لە هیچ بەڵگە و لۆجیکێکدا نەبوو. ئەم بیرکردنەوە گەوجانەیە مێشکی پڕ کردبووم، دەستەکانم بە سکمەوە گرتبوو، پانی و درێژی ژوورەکەم دەپێوا، ئەوەندە بار و دۆخم ئاڵۆز بوو خەریک بوو دڵم هەڵدەشێوا، کە ژانەکە دەستی پێ دەکرد ئیتر لە هەر شوێنێک بوومایە وشک دەبوومەوە، لە سەرەتادا هەوڵم دەدا دەنگەدەنگ نەکەم، کەچی دواتر بە بیرمدا هات کە ئەگەر هاواریش بکەم خۆ کەس گوێی لێ نابێت، داپیرە لەبەر گرانیی گوێی خەوێکی ئارامی هەبوو، خۆ ئەگەر بە ئاگەیشم بهێنایەتەوە نەیدەتوانی هیچم بۆ بکات، پوورمم بە بیردا هاتەوە کە دەیگوت کاتێک مێردەکەی مەحبووبە زانی ژانەکانی منداڵبوونیی ژنەکەی دەستی پێ کردووە، چۆن شڵەژا بوو و لە دەوری ژنەکەی دەگەڕا و قوربان و ساقەی دەبوو، تا دەهات هەستی بێزاری و نەفرەت لە بوونمدا پتر دەبوو، مەرگ و ژیانی من و ئەم منداڵە بەلای حەمیدەوە بەهای دوو قڕانی قەڵبی نەبوو، سەیری سەعاتەکەم کرد سێ و نیو بوو، جارێکی تریش تەلەفۆنم بۆ ماڵی پەروین خانم کرد، ماوەیەکی زۆر گوێشییەکەم ڕاگرت کەچی بێ وەڵام مایەوە. بیرم لەوە کردەوە کە جلەکەم لەبەر بکەم و خۆم بگەیەنمە شەقامی سەرەکی خۆ هەر ئۆتۆمۆبێلێک پەیدا دەبێت بمگەیەنێتە نەخۆشخانە. جانتاکەی خۆم و منداڵەکەمم دەرهێنا کە دە ڕۆژ بوو ئامادەم کردبوو، هەرچییەکی تێدا بوو هەڵمڕشت و بە دوای ئەو پێڕستە دەگەڕام کە پزیشکەکە و مەنسوورە بۆیان نووسیبووم، جارێکی تر جلەکانم دەق کرد و خستمەوە ناو جانتاکە و سەرەکەیم داخست، چەند جارێکی تر ژانم بۆ هات، بەڵام لەوە دەچوو ماوەکانی نێوانیان وەکو یەک نەبوون، لەسەر تەختی خەوەکە پاڵ کەوتم، هەستم کرد خەریکە بەهەڵەدا دەچم، دەبوایە جلەوی هەستەکانم بگرمەوە،

چاوم لە سەعاتەکە بڕی، کات چوار و بیست چرکە بوو، ئەمجارەیان لە تاو پاڵەپەستۆی ژان ڕاچڵەکیم، کاژێر شەش و نیوی سەرلەبەیانی بوو. لەوە دەچوو ژانەکە بۆ ماوەیەک ئارام بووبوو و خەوم لێ کەوتبوو، جارێکی تریش نیگەرانی دەستی پێ کردەوە، بەپەلە بەرەو لای تەلەفۆنەکە ڕۆیشتم و بۆ ماڵی پەروین خانم تەلەفۆنم کرد، بڕیارم دابوو گوێشییەکە دانەنێم هەتاوەکو یەکێک وەڵام دەداتەوە، ڕەنگبێ دوازدە جار زەنگەکە لێی دا تا دەنگە خەواڵووەکەی پەروین خانم لەو سەرەوە گوتی بەڵێ، بە بیستنی دەنگی مرۆڤێکی تر قینە پەنگ خواردووەکەم تەقییەوە و بە دەم گریانەوە گوتم:

– پەروین خانم فریام بکەوە، خەریکە منداڵم دەبێت!

– وەی بمرم! بڕۆ بۆ نەخۆشخانە، بڕۆ وا ئێمەش هاتین.

– چۆن بەم بارو کەلوپەلەوە بڕۆم؟

– ئەی حەمید لەوێ نییە؟

– نە بابە لێرە نییە، دوێنێ شەو نەهاتووەتەوە، لە دوێنێ شەوەوە سەد جار تەلەفۆنم بۆ کردی، باش بوو تا ئێستا منداڵەکەم نەبووە.

– تۆ خۆت ئامادە بکە، ئێستا ئێمە دێین، تۆ جلەکانت لەبەر بکە.

لە دوای قسەکردن لەگەڵ پەروین خانم، سەرەڕای ئەوەی ژانەکانم توندتر بوون، بەڵام زۆر ئاسوودەتر بووم. لە نەخۆشخانە، هەرچەندە ئازاری زۆرم دەکێشا، کەچی دوکتۆرەکە دەیگوت جارێ زووە، دایکم دەستەکانی گرتم و گوتی:

– ژنی دووگیان لە بەرە ژاندا هەر نزایەک بکات گیرا دەبێت، دوعا بکە خوا لە گوناهەکانت خۆش بێت.

گوناهەکانم؟ بۆچی من چ گوناهێکم کردووە؟ تاقە گوناهێکم ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێکم خۆش دەویست، ئەمەش خۆشترین یادگارییەکانی ژیانم بوو، نەمدەویست هیچ کەسێک ئەوانە بسڕێتەوە.

کاژێرێک لە نیوەڕۆ تێ پەڕی، کەچی منداڵەکەم هەر نەبوو، دەرزی و دەرمانیان پێ دام، بەڵام هیچ سوودێکیان نەبوو، پەروین خانم کە دەهاتە ژوورەکەوە بە هەراسەوە تەماشای دەکردم و هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێ بۆ چەندەمین جار دەیپرسی:

– ئاخر باشە ئەم ئاغا حەمیدە لە کوێیە؟ با بۆ ماڵی دایکی تەلەفۆن بکەم، لەوانەیە ئەوان بزانن لە کوێیە.

بە دەم ناڵەوە و بە پچڕپچڕی دەمگوت:

– نە، ئەوەیان نەکەی ها، هەرکاتێک خۆی هاتەوە تەلەفۆن دەکات.

دایکم لە تووڕەییدا خوێن خۆی دەخواردەوە، گوتی:

– یانی چی؟ ئەی باشە سەرئەنجام نابێ دایکی بێت و بزانێت چی بەسەر بووک و نەوەکەی دێت؟ ئەمانە بۆچی هیچ کامێکیان بەلایانەوە گرینگ نییە؟

بە بۆڵە بۆڵە بەردەوامەکانی زیاتر تووڕەی دەکردم. ئیتر کاژێر چواری پاش نیوەڕۆ نیگەرانی لە دەموچاوی دایکمدا شەپۆلی دەدا، دەنگی باوکم لە پشت دەرگاکەوە دەهات کە دەیگوت:

– ئەی ئەم دوکتۆرە لە کوێیە؟ یانی چی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ ڕەوشی نەخۆشەکەدایە، دەبێت خۆی بەدیارییەوە بێت، دایکم دەیگوت:

– بە قوربانی مامانەکانی خۆمان بم، هەر لە بەیانییەوە تا ئێستا منداڵەکەم ئازار دەچێژێت، کارێکی بۆ بکەن.

جارجارە لە تاو ژان لە هۆش خۆ دەچووم. وردە وردە هێزی ناڵاندنیشم نەما، پەروین خانم ئارەقەکەی دەموچاومی دەسڕییەوە و دەیگوت:

– خانم مەگری، هەرچۆنێک بێ منداڵبوون هەر ئازاری هەیە.

– نە، تۆ نازانیت، من خۆم بە دیار منداڵبوونی سەدان کەسی خزم و کەسوکار بوومە، خوشکەکەم خوا لێی خۆش بێ هەر ئاوها بوو کە لە کاتی منداڵبووندا مرد، کە مەعسوومە دەبینم هەر دڵێی مەرزییەیە و لەوێ پاڵ کەوتووە و ئازار دەچێژێت.

زۆر سەیر بوو، سەرباری ئەو هەموو ژانەم ئاگام لە هەموو شتێ بوو، دەنگەکانم بە باشی دەبیست، لەبەر خۆمەوە گوتم: کەواتە منیش دەڕۆم، دایکم بەردەوام لە لێکچوونی من و مەرزییە دەدوا و منیش سات لە دوای سات بێ ئومێدتر و بێ هێزتر دەبووم.

کاتێک حەمید هات کاژێر لە پێنج تێپەڕیبوو، دەتگوت بە بینینی ئەو پشت و پەنایەکم پەیدا کرد و وزەم وەبەر هاتەوە، بەڕاستی سەیرە، نزیکترین و باشترین

پەنای ژن لە ساتە سەختەکاندا، مێردەکەیەتی، تەنانەت گەرچی بێ بەزەییش بێت، نەمزانی دایک و خوشکەکانی کەی هاتن، نەخۆشخانە قەرەباڵغ بوو، دایکی لەگەڵ برینپێچەکە شەڕی دەکرد دەیگوت:

– ئەی ئەم دوکتۆرە لە کوێیە؟ منداڵەکە خەریکە لەناودەچێت.

دەمزانی خەمی ئەو بۆ نەوەکەیەتی نەک من. برینپێچەکە لە کاتێکدا منی دەپشکنی دەیگوت:

– وای وای، چ بەزمێکیان ناوەتەوە، خانم، دوکتۆرەکە گوتوویەتی ئەگەر کاتی خۆی هات دێم.

یانزەی شەو بوو، چیی تر توانای هەناسەدانیشم نەبوو، بردیانم بۆ ژوورێکی تر، لە قسەکانیان تێ گەیشتم کە هەناسەدانی منداڵەکە تووشی کێشە بووە، دوکتۆرەکە بەپەلە دەستکێشەکانی دەکردە دەستی و بەسەر برینپێچەکەدا هاواری دەکرد، ئەویش نەیدەتوانی دەمارەڕەگێ بدۆزێتەوە. چیی تر هیچ تێ نەگەیشتم.

کاتێک بە ئاگا هاتمەوە، ژوورەکە پاک و ڕۆشن بوو، دایکم لە ژوور سەرمەوە دانیشتبوو، خەوەنووچکێی بوو، ئازارم نەبوو، بەڵام هەستم بە ماندووبوون و لاوازییەکی زۆر لە هەموو جەستەمدا دەکرد. گوتم:

– منداڵەکە مرد؟

– وای... ڕۆڵە، وا مەڵێ، خوا نەکات، بەچکەکەت کوڕێکە دەڵێی دەستە گوڵە، نازانی کە گوتیان کوڕە چەند دڵخۆش بووم، چەند لە بەردەم خەسووت سەربەرز بووم!

– کەمئەندام نییە؟

– نە خوا نەکا.

کە جارێکی تر چاوم کردەوە، حەمید لە ژوورەکە بوو، پێ کەنی و گوتی:

– پیرۆزە، زۆر دژوار بوو، وا نییە؟

بێ خواستی خۆم فرمێسکم هاتە خوار و گوتم:

– تەنیاییەکەی دژوارتر بوو.

سەری لە ئامێز گرتم و قژەکەمی لاواندەوە، هەموو دڵ ئێشان و تەنیاییەکانم لە

بیر کرد.

– منداڵەکە تەندروستە؟

– بەڵێ، بەڵام زۆر بچکۆلەیە.

– بۆچی چەند کیلۆ بوو؟

– دوو کیلۆ و حەوسەد گرام.

– پەنجەکانیت ژمارد، تەواون؟

بە پیکەنینێکی بەرزەوە گوتی:

– دیارە کە تەواون.

– ئەی بۆچی نایهێنن ببینم؟

– چونکە لەناو ئامرازە، بەهۆی دژواری و درێژی ماوەی لەدایکبوونی خستیانە ناو ئامرازێکەوە بۆ ئەوەی هەناسەی ئاسایی بێتەوە، بەڵام دیارە زۆر شەیتانە، لە ناو ئەو ئامرازەشدا هەر دەست و پێی دەوەشێنێت و نقە نق دەکات.

بۆ ڕۆژی دواتر، بارو دۆخم زۆر باشتر بوو، منداڵەکەیان هێنا، بەستەزمانە هەموو دەموچاوی شوێنی ڕووشان و زام بوو، وەکو دەڵێن، شوکرانەی دەویست، زۆر سوپاسی خوام کرد کە هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووە، بەڵام هەر دەگریا، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو مەمکەکەم بگرێ، خەریک بوو لە ماندوویيدا لەسەرەخۆ دەچووم. لە پاش نیوەڕۆدا ژوورەکەم خرۆشا بوو، هەریەکەو ساواکەی بە شێوەیەک دەبینی، دایکی حەمید دەیگوت هەر لە حەمید دەچێت، بەڵام دایکم پێی وابوو کە چووەتەوە سەر خاڵۆکانی. دایکم لە حەمیدی پرسی:

– بەڕاست بیرتان لە ناوەکەی کردووەتەوە؟ ناوی دەنێن چی؟

– ئاشکرایە، ناوی سیامەک دەبێت...

بە نیگایەکی تایبەت تەماشای باوکی کرد. باوکی پێ کەنی و سەری ڕاوەشاند، من ڕاچڵەکیم. ئێمە هەرگیز سەبارەت بە ناوی منداڵەکە قسەمان نەکردبوو و ئەمەش تاقە ناوێک بوو کە هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو و لە پێرستە دوور و درێژەکەمدا بەرچاو نەدەکەوت.

– چیت گوت، سیامەک؟ من ناوی زۆر خۆشم دۆزیوەتەوە، باشە بۆچی سیامەک؟

دایکیشم درێژەی پێ دا:

– سیامەک چییە؟ دەبێت خەڵکی ناوی ئیمام و پیاوچاکان لە منداڵیان بنێن، بەڵکو پاشەڕۆژێکی باشی هەبێت.

باوکم بە ئاماژەیەک بە دایکمی گەیاند کە بێدەنگ بێت و خۆی تێ هەڵنەقورتێنێت.

حەمید بە پێداگری و سووربوونەوە گوتی:

– نە، سیامەک باشە.

– ئاخر کوڕەکەم بەم سپێتییە لە قوتابخانە بە سیا بانگی دەکەن.

وەکو هۆشمەندێک کە بڕوانێتە گەمژەیەک، تەماشایەکی کردم و گوتی:

– پێویستە مرۆڤ ناوی خەڵکی مەزن لە منداڵەکەی بنێت.

دایکم بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە سەیرێکی کردم، منیش شانەکانم بە واتای نازانم هەڵتەکاند. دواتر زانیم کە زۆربەی هاوڕێکانی ئەمان منداڵەکانیان لەم جۆرە ناوانەیان لێ نراوە، بە وتەی خۆیان ناوی کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکانە.

لە دوای هاتنە دەرەوەم لە نەخۆشخانە، بۆ ماڵی دایکم ڕۆیشتم، دە ڕۆژیش لەوێ بووم تاوەکو هێدی هێدی توانیم هەستمە سەرپێ و فێری کاروباری منداڵەکە بووم، ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە. ساواکەم تەندروست بوو، بەڵام دایمە دەگریا، شەوم دەدایە دەم ڕۆژەوە، سەرلەبەیانیان ئەو بە پچڕپچڕی دەخەوت، بەڵام من هەزار کارم هەبوو دەبوایە بە جێم بهێنابایە. دەتوانم بڵێم پەروین خانم هەموو ڕۆژێ سەری لێ دەدام، هەندێ جاریش لەگەڵ دایکم دەهات، زۆر یارمەتی دەدام، زۆربەی کارەکانی بازاڕی بۆ دەکردم، چونکە من هەرگیز نەمدەتوانی لە ماڵ بڕۆمە دەر، حەمیدیش بە هیچ جۆرێک هەستی بە بەرپرسیارێتی نەدەکرد، تاقە گۆڕانکارییەک کە لە بەرنامەکانیدا هاتبووە کایەوە ئەوەبوو کە ئەو شەوانەی وادەهاتە ماڵەوە لێفە و سەرینەکەی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت لە ژووری میوانەکە دەخەوت، دوایش گلەییی دەکرد کە باش نەخەوتووە و لەم ماڵەدا ئاسوودە نییە، چەند جارێ لەگەڵ پەروین خانمدا منداڵەکەمان بۆ لای دوکتۆر برد. دوکتۆریش دەیگوت، سروشتی ئەو منداڵانەی کە بە دژواری دێنە دنیاوە، هەروا تووڕە و نائارام دەبن، دەنا کێشەیەکی ئەوتۆی نییە و منداڵەکەم بە شێوەیەکی گشتی تەندروستە. دوکتۆرێکی

تر وتی لەوانەیە برسی بێت و شیرەکەم بەشی ناکات و شیری قوتووی پێ دام. ماندوویی، لاوازی، کەم خەوی، گریانی بەردەوامی ئەم منداڵە و لە هەموویشی گرینگتر تەنیایی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر تووشی خەمۆکی دەکردم، نەشمدەتوانی بەلای کەسەوە دەردە دڵ بکەم، بڕوام بەوە هێنابوو کە کەمکاری لەلایەن منەوەیە وا حەمید ئارەزووی هاتنە ماڵەوەی نییە، بە تەواوەتی هەستی بڕوا بە خۆبوونم لە دەست دابوو، قینم لە هەموو کەسێک دەبووەوە، خەم و نشوستییەکانی ڕابردووم بێ پەروا خۆیان دەنواند، هەستم دەکرد دنیای من کۆتایی پێ هاتووە، هەرگیز لەم باری بەرپرسیارێتی و ڕەنجە ڕزگارم نابێت. زۆربەی کاتەکان لەگەڵ گریانی ساواکەدا فرمێسکەکانی خۆشم دەهاتنە خوارەوە. حەمید هیچ ئاگای لە من و منداڵەکە نەبوو، بەرنامەکانی شەو و ڕۆژی خۆی بەدوای یەکدا بەسەردەبرد، چوار مانگ بوو تەنیا بۆ دوکتۆر بردنی منداڵەکە نەبێت ئیتر لە ماڵ نەچووبوومە دەر، دایکم دەیگوت:

– هەموو کەسێک دەبێتە خاوەن منداڵ، بەڵام هیچ کەس وەکو تۆ خۆی گرفتار و خانەنشین ناکات.

لەگەڵ گەرمتر بوونی ئاووهەوا و گەورەتر بوونی منداڵەکە، بارودۆخی خۆمیش کەمێ باشتر بوو، ئیدی لە خۆم و لەم بێ حەوسەڵەیی و خەمۆکییەم دڵم بە یەکدا دەهات، سەرئەنجام لە ڕۆژێکی خۆشی مانگی گوڵاندا، توانای بڕیاردانم بە دەست هێنایەوە و بە خۆمم گوت: دەبێت هەستمە سەرپێ، من دایکم و بەرپرسیارێتی منداڵەکەمم لە ئەستۆدایە، دەبێت بەهێز بم، لەسەر پێی خۆم بوەستم و منداڵەکەم کە خەریکە دەمناسێتەوە لە کەشێکی شاد و تەندروستدا گەورە بکەم. بەم بڕیارەم هەموو شتێک ڕووی لە گۆڕان کرد، وزەی ژیان بە دەروونمدا کەوتەوە گوزەر، دەتگوت منداڵەکەم ئاگای لەم بڕیارەم بوو، کەمتر دەگریا، تەنانەت هەندێ جاریش بە بینینم پێدەکەنی و دەستەکانی بۆ لای منەوە درێژ دەکرد، لەم کاتانەدا سەراپای خەمەکانم لە بیر دەکرد، هێشتا هەر زۆربەی شەوەکان تا بەیانی نەیدەهێشت بخەوم، بەڵام ڕاهاتبووم و بە دۆخەکە قایل بووبووم. هەندێ جار دادەنیشتم و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەیریم دەکرد، هەر جووڵانەوەیەکی بەلامەوە مانایەکی تایبەتی هەبوو، دەتگوت دنیایەک بوو تازە خەریک بووم دەمدۆزییەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبووم، ڕۆژ بە ڕۆژیش پتر خۆشم دەویست، دەتگوت ئەوینی دایکایەتی

خەریکە بەرە بەرە دەخزێتە ناو هەموو شانەکانی جەستەمەوە. لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئەمڕۆ چەند لە دوێنێ زیاتر خۆشم دەوێت! خۆشەویستی لەمە پتر نابێت، کەچی ڕۆژی دواتر هەستم دەکرد لە دڵمدا ئازیزترە وەک لە ڕۆژی پێشووتر. چیی تر پێویستی بەوە نەدەکرد لەگەڵ خۆمدا قسە بکەم، قسەم بۆ ئەو دەکرد، گۆرانیم بۆ دەگوت، بە چاوە گەشەکانی و بە ژیرییەکەی تێی دەگەیاند پتر کام هۆنراوەیە حەز دەکات، لەگەڵ هۆنراوە ئاهەنگدارەکانم چەپڵەی لێ دەدا. هەموو پاش نیوەڕۆیەک بە گالیسکە لە کۆڵانەکانی دەوروبەری ماڵەکەمان پیاسەمان دەکرد لەو کۆڵانانەی کە دار و درەختی کۆنی لێیە، ئەو زۆری حەز لەم گەڕانە بوو. فاتی بە هەر بیانوویەک بووایە خۆی دەگەیاندە ماڵمان و سیامەکی لە ئامێز دەگرت، لەگەڵ دەستپێکردنی پشووی قوتابخانەدا هەندێ جار شەوانەش لەلای من دەخەوت، مانەوەی ئەو بەلای منەوە هاوکارییەکی گەورە بوو. دیسانەوە بەرنامەی نانخواردنی ڕۆژانی هەینی لە ماڵ باوک و دایکی حەمید دەستی پێ کردەوە. هەرچەندە سیامەک منداڵێکی ڕووخۆش نەبوو و بە ئاسانی نەدەچووە باوەشی هەموو کەسێک، بەڵام بەڕاستی بنەماڵەی حەمید ئەویان زۆر خۆشدەویست و هیچ بیانوویەکی تێکدانی بەرنامەی ڕۆژانی هەینییان لێم قبووڵ نەدەکرد. لە هەمووی خۆشتر و جوانتر پێوەندیی باوکم و سیامەک بوو، ئەو لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا بە هەموویەوە تەنیا سێ جار بۆ ماڵمان هاتبوو، ئێستا هەفتەی یەک دوو جار لە دوای داخستنی دوکانەکەی سەرم لێ دەدات، لە سەرەتادا هۆیەکی بۆ سەردانەکانی دەدۆزییەوە، بۆ نموونە بۆ هێنانی شیر یان خواردنی منداڵەکە، کەچی لەم دواییانەدا ئیتر پێویستی بە هیچ بیانوویەک نەبوو، دەهات کەمێک لەگەڵ سیامەک یاری دەکرد و دەڕۆیشت. بەڵێ، سیامەک ڕەنگ و بۆنێکی تازەی بە ژیانم دابوو، بە بوونی ئەو، کەمتر هەستم بە نەبوونی حەمید دەکرد، هەموو ڕۆژەکەم بە خواردن دان بەو، شۆردنی و گۆرانی وتن بۆ ئەو بەسەر دەبرد، ئەویش زیرەکانە تەنانەت بۆ ساتێکیش مۆڵەتی ئەوەی نەدەدام لێی بێ ئاگە بم. ئەم چاپوکە چکۆڵە و بزێوە، ئارەزوومەندانە سەرتاپای هۆش و هەست و ئەوینی منی دەویست. خوێندن و تاقیکردنەوەکانم بە یەکجاری وەلا نابوو. ئامێرێکی سەرنجڕاکێشی تریش کە لەم ڕۆژگارەدا سەرگەرمی کردبووم، تەلەڤزیۆن بوو، باوکی حەمید بە ناوی دیارییەوە بۆ سیامەکی کڕیبوو.

له کۆتاییی‌ه‌کانی هاویندا، بۆ هه‌فته‌یه‌ک له‌گه‌ڵ دایک و باوکی حه‌مید بۆ گه‌شت ڕۆیشتین. چ په‌رجوویه‌ک! چه‌ند هه‌فته‌یه‌کی دڵگیر بوو! حه‌مید به ته‌واوه‌تی له به‌رده‌م دایکیدا چۆکی دادابوو، هه‌زار بیانووی بۆ نه‌هاتن دۆزییه‌وه، که‌چی هیچ کامیان سه‌ری نه‌گرت. یه‌که‌مین جار بوو بۆ باکوری تاران ده‌ڕۆیشتم، وه‌کو منداڵ شاگه‌شکه و دڵخۆش بووم. به بینینی ئه‌م هه‌موو جوانی و سه‌وزه‌ڵانییه و شه‌پۆله خرۆشاوه‌کانی ده‌ریا، مات و سه‌رسام له جێگه‌ی خۆم وشکه‌وه بووبووم، ده‌متوانی چه‌ندان کاژێر له قه‌راخ ئه‌و ده‌ریا بێ سنووره دانیشم و له‌و هه‌موو جوانییه چێژ وه‌رگرم. له‌وه ده‌چوو سیماکیش حه‌زی له‌م که‌ش و کۆبوونه‌وه خێزانییه‌مان ده‌کرد، هه‌ر خۆی ده‌خسته باوه‌شی حه‌مید، ته‌نانه‌ت بۆلای منیش نه‌ده‌هات، مه‌گه‌ر زۆر برسی بووایه و شیری بویستبایه، له‌م کاتانه‌شدا به ده‌سته بچووکه‌کانی ده‌سته‌کانی حه‌میدی ده‌گرت. دایک و باوکیشی پڕ به دڵ به بینینی ئه‌م هه‌ڵسوکه‌وته‌ی نه‌وه‌که‌یان سه‌رمه‌ست ده‌بوون. جارێکیان دایکی به‌دڵشادی و فره‌زانییه‌وه به گوێچکه‌مدا ده‌یچرپاند:

– چاوت لێیه؟ بۆچی ئیتر حه‌مید ده‌توانێت ده‌ستبه‌رداری ئه‌م منداڵه بێت و به شوێن ئه‌و کارانه‌یدا بڕوات؟ هه‌تا زووه دووه‌میشی بخه‌ره باوه‌ش، سوپاس بۆ خوا.

حه‌مید کڵاوێکی حه‌سیری کڕی بوو، هه‌وڵمان ده‌دا سیماکه له‌ژێریدا بپارێزین، بۆئه‌وه‌ی پێسته ناسکه‌که‌ی به‌ر خۆره‌تاو نه‌که‌وێت، به‌ڵام من وه‌کو مس سووره‌وه بووبووم. جارێکیش ئاگام لێ بوو دایکی حه‌مید به گوێی حه‌میددا ده‌چرپێنێ و حه‌میدیش هه‌ر ئاوڕ ده‌داته‌وه و ته‌ماشام ده‌کات، خۆم کۆکرده‌وه. ماوه‌یه‌کی یه‌ک جار زۆر بوو که سه‌رپۆش و چارشێو له‌بیر کرابوون، دیاره زۆر ڕه‌چاوی جل پۆشینه‌که‌مم ده‌کرد، به‌ڵام جلی ئه‌و ڕۆژه‌م قۆڵ کورت و تا ڕاده‌یه‌ک ته‌نک و یه‌خه کراوه بوو، هه‌رچه‌نده به به‌راورد له‌گه‌ڵ ئه‌و مایۆیانه‌ی که ژنه‌کان له به‌ریان کردبوو جل و به‌رگێکی پۆشته‌تر ده‌هاته به‌رچاو، به‌ڵام هێشتا هه‌ر بۆ من زۆر بوو. له‌به‌رخۆمه‌وه وتم هه‌قیانه چه‌نده پڕ ڕوو بوومه. کاتێک حه‌مید هاته ته‌نیشتمه‌وه به نیگه‌رانییه‌وه پرسیم:

– ئه‌وه دایکت چی ده‌گوت؟

– هیچ!

– چۆن هیچ، من زانیم هەندێ شت سەبارەت بە من دەڵێت، پێم بڵێ با منیش بزانم بە چی شتێکی من قەڵسە!

– ئای باوکە...! هەر بەڕاستی ئەم ئەفسانەی بووک و خەسووەیان لە مێشکتاندا چاندووە! بە هیچ شێوەیەک قەڵس نەبوو، تۆ بۆچی لە خۆتەوە بەدبینی؟!

– دەباشە، بڵێ چی گوت؟

– هیچ، دەیگوت ئێستا ژنەکەت کە ئاوها سوورەوە بووەتەوە، زۆر جوانتر بووە و لەم جۆرە قسانە.

– بەڕاستتە؟! باشە، ئەی تۆ چیت گوت؟

– من؟! چی بڵێم؟!

– مەبەستم ئەوەیە، ئەی بۆچوونی تۆ سەبارەت بە من چییە؟

سەرتاپامی خستە ژێر بزەنیگایەکی تیژ و ستایش ئامێزەوە و گوتی:

– ڕاست ئەکەن، تۆ زۆر جوانی، ڕۆژ بە ڕۆژیش جوانتر دەبیت.

لە دڵەوە هەستم بە خۆشییەکی تایبەتی کرد، زەردەخەنەیەکم لێ دا. ئەم ستایشەم زۆر پێ خۆش بوو، ئەمە یەکەمین جار بوو ڕاستەوخۆ ستایشی دەکردم. بە سادەییەوە گوتم:

– نە بابە...! ئەوە هی خۆرەتاوەکەیە، دەنا من زۆر بێ ڕەنگم، ئەی بیرت نایەت پار پێت وتم لە نەخۆش دەچی؟!

– لە نەخۆش نا، زۆرتر شێوازت منداڵانە بوو، ئێستا گەورەتر بووی و کەمێکیش قەڵەو بووی، لە بەردەم ئەم خۆرەتاوەدا زۆر جوان دیاری، قژ و چاوەکانت دەدرەوشێنەوە و زۆر گەشن، بەکورتی خەریکی دەبیتە ژنێکی تەواو.

ئەو هەفتەیە، خۆشترین ڕۆژگاری ژیانم بوو، یادی ئەو ڕۆژگارە گەرم و هەتاوییە دڵگیرە، شایانی بەرگەگرتنی زۆرێک لە شەوگارە سارد و تاریکەکانی ژیانم بوون.

سیامەکی من منداڵێکی وریا، زۆر زیرەک، بزێو و جوان بوو، یا لە دیدی مندا جوان بوو، حەمید پێ دەکەنی و دەیگوت:

– قسەیەکی نەستەقی بیانی هەیە دەڵێت، هەر یەک منداڵی جوان لە دنیادا

هەیە، ئەویش منداڵی هەموو دایکێکە!

زۆر زوو کەوتە سەرپێ، بە وشەی پچڕپچڕ و دەنگی تایبەتەوە مەبەستەکانی خۆی دەگەیاند. دەتوانم بڵێم لەو کاتەوەی کە کەوتبووە سەرپێ، تەنانەت یەک خولەکیش دانەدەنیشت و ئارامی نەبوو، هەرچییەکی دەویست بەزۆر بە دەستی دەهێنا، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوایە دەیقیژاند و تووڕە دەبوو، هەتا بە ئامانجەکەی نەگەیشتبایە دەگریا. سەرتاسەری کاتەکەم پێ بەخشیبوو و هەوڵم دەدا هەموو داواکارییەکانی بە جێ بهێنم. بە پێچەوانەی پێشبینییەکەی دایکی حەمید، خۆشەویستی و داخوازییەکانی ئەم منداڵەش نەبوو بە هۆی ئەوەی حەمید پابەندی ژیانی خێزانی بکات. لە پاش ساڵێک، جارێکی تر کەوتمەوە سەودای خوێندن، بەلام، بۆچی منداڵەکەم دەیهێشت! سیامەک تەمەنی دوو ساڵان بوو کە سەرئەنجام توانیم جارێکی تر تاقیکردنەوەی پۆلی یازدەم بدەم، ئێستا ئیتر تەنیا ساڵێکی ترم مابوو بۆ ئەوەی دیپلۆمەکەم وەربگرم و بە ئارەزووە هەمیشەییەکەم بگەم، کەچی چەند مانگێ لە دوای ئەوە زانیم کە جارێکی تر دووگیانم، دەمزانی حەمید بە بیستنی ئەم هەواڵە دڵخۆش نابێت، بەلام چاوەڕوانی پەرچەکردارێکی بەو هەموو تووڕەیی و بێزارییەم نەدەکرد. شەڕێکی دوور و درێژی لەسەر ئەوە بەرپاکرد کە بۆچی حەبەکانم بە ڕێکوپێکی نەخواردووە، هەرچی دەمگوت حەبەکانم پێ ناکەون و نارەحەتم دەکەن پتر تووڕە دەبوو و هاواری دەکرد:

– نەخێر، ئەمە پێوەندی بە تەرزی بیرکردنەوە نەفامانەکەتەوە هەیە، هەموو حەب دەخۆم، بۆچی هەر بە تۆ ناکەوێت؟ بڵێ پێم خۆشە ببمە ئامێری بەرهەمهێنانی جووجەڵە، گیان بە گیانتانەوە بکەن هەر ئەو کارە بۆ خۆتان هەڵدەبژێرن، وا ئەزانی ئەگەر هەر ساڵەی منداڵێکت ببێت بەو شێوەیە دەتوانی ئەوەندە گرفتارم بکەی کە دەستبەرداری خەباتەکەم بم.

– دەڵێی بۆ ئەم منداڵە زۆر زەحمەتت کێشاوە و کاتت بۆی تەرخان کردووە؟ دەترسی منداڵی دووەم بێت و ناچاربی کاتێکی زیاتری پێ بدەی! کەی تۆ لە خەمی ژن و منداڵەکەتدا بووی تا بە هاتنی منداڵی دووەم خەمەکانت پتربن؟

– هەر بوونتان دەست و پێ دەگرێت، خنکاندمت، چیی تر تاقەتی زاک و زریکی، دووەمیشم نییە، هەتا زووە برۆ بیرێکی بنەڕەتی لێ بکەوە.

– یانی چۆن بیرکردنەوەیەک؟

– برۆ کورتاژی بکە، من دوکتۆرێکی ئاشنام هەیە.

– یانی منداڵەکەم بکوژم، منداڵێکی وەکو سیامەک؟

– ئەم زۆربلێیییەی تۆ تێکم دەدا، منداڵ چییە؟ ئێستا تەنیا چەند خانەیەکە، تۆوێکە، وەها دەڵێ منداڵەکەم دەڵێی بە چوار دەست و پێوە لە بەردەمی دانیشتووە و بوونی هەیە؟

– ئەی چی بوونی هەیە، مرۆڤە، یا ڕوحی مرۆڤێکە.

– کێ فێری ئەم قسە هیچ و پووچانەتی کردووە؟ میمکە خان یان باجییەکانی قوم؟

بە گریان و تووڕەیییەوە گوتم:

– من منداڵەکەم ناکوژم، خۆ ئەوە منداڵی تۆیشە، چۆن دڵت دێ؟

– ڕاست دەکەیت، کەمکاری منە، هەر لە سەرەتاوە نەدەبوایە دەستم بەرت بکەوتایە، ئەگەر ساڵی جارێکیش نزیک ببمەوە لێت سکت پڕ دەبێ، چیی تر ئەم هەڵەیە ناکەم، بەڵێنت پێ دەدەم. تۆش هەر هەڵەیەکت پێ خۆشە بیکە، بەڵام لە ئێستاوە پێت دەڵێم ئیتر هیچ حیسابێکم بۆ مەکە، نابێت هیچ چاوەڕوانییەکت لێم هەبێ.

– ئێستاش هیچ چاوەڕوانییەکم لێت نییە، تۆ چیت بۆ کردووم؟ چ ئەرکێکت بەجێ هێناوە تاوەکو چاوەڕوانی هی دوای ئەو بم؟

ئەمجارەیان ئەرکەکەم ڕوون بوو، هەموو ئامادەکارییەکانم لەبەرچاو بوو، پەروین خانم هێڵێکی تەلەفۆنی بە ماڵی دایکم دابوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی پێوەندییان پێوە بکەم و، وەکو جاری پێشوو تووشی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە نەبم، بە خۆشحاڵییەوە منداڵبوونەکەم دەکەوتە کۆتاییەکانی هاوین، ئەو کاتەی کە وەرزی پشووی قوتابخانەکان بوو. بڕیار وابوو یەک دوو هەفتەی کۆتایی فاتی لە ماڵی ئێمە بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ناچار بووم لە ناکاو بۆ نەخۆشخانە بڕۆم، سیامەک بە تەنیا نەبێت. کەلوپەلی ساواکەشم ئامادە کردبوو، هەرچەندە شتی زۆریشی نەدەویست لەبەرئەوەی هێشتا کەلوپەلەکانی سیامەک بە کەڵکی بەکارهێنان دەهاتن. دایکم هەموو کاتێ دەیپرسی:

– بۆچی حەمید ئاغا نییە؟ تۆ بۆ ئەوەندە نیگەرانی؟

– ئاخر بەرنامەی حەمید ڕوون نییە، دەبێت هەندێ شەو لە چاپخانە بمێنێتەوە، زۆر جاریش لە پڕ کارێکی بۆ دێتە پێش دەبێت سەفەر بکات.

بە پێچەوانەی جاری پێشوو، ئەمجارەیان هەموو شتێک بەباشی و بەپێی بەرنامە بەڕێوە چوو، کاتێک دڵنیا بووم کە دەبێت تەنیا پشت بە خۆم ببەستم، هەموو شتێکم بەوردی و ڕێکوپێکی ڕێکخست، ئیتر هیچ دڵەڕاوکێ و پەریشانییەکم نەبوو، هەر وەکو ئەوەی چاوەڕوان بووم، حەمید لە کاتی ژاندا لەماڵ نەبوو و دوو ڕۆژیش لە دوای منداڵبوونەکەم ئاگای لە هیچ نەبوو. دایکم زۆر دڵخۆر بوو، هەر دەیپرسی:

– یانی چی؟ خۆ لە نەریتی ئێمەشدا نەبووە لە کاتی منداڵبووندا مێردەکانمان بە دیارمانەوە بن، بەڵام لە پاش منداڵبوون سەرێکی لێمان دەدا، دەستێکی بە سەر ژن و منداڵەکەیدا دەهێنا، مزگێنی دەدا، بەڵام ئەم مێردەی تۆ ناخۆشی کردووە ئیتر گەیاندوویەتییە ئەوپەڕی.

– دایە گیان وازبێنە چ تاقەتێکت هەیە؟ چ باشتر لێرە نییە، ئەویش هەزاران کار و گرفتاری هەیە.

بە بەراورد لەگەڵ جاری پێشوودا، چەند بەهێزتر و بە ئەزموونتر بووم! منداڵبوونەکە بە شێوەیەکی سروشتی بوو، هەرچەندە ژانەکان زۆر و درێژخایەن بوون، بەڵام لە کاتی لە دایکبوونی ساواکە ئاگام لە خۆم بوو. بە بیستنی دەنگی گریانەکەی هەستێکی سەیرم لەلا دروست بوو، دوکتۆرەکە گوتی:

– پیرۆزە، ئەمیش کوڕێکی خڕوخەپان!

ئەمجارەیان پێویستیم بە کات نەبوو بۆ ئەوەی هەستی دایکایەتی بناسمەوە، ئەم ئەشقە لە هەموو گەردیلەکانی بوونمدا ڕەگیان داکوتابوو. بە پێچەوانەی جاری پێشوو هیچ شتێکی ساواکەم بەلاوە سەیر و نائاسایی نەبوو. بە گریانەکانی سەرم لێ نەدەشێوا، لە کۆکە و پژمەکانی نەدەترسام، لە شەونخوونییەکانم سکاڵام نەدەکرد، دیارە ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر لە سیامەک ئارامتر و بە پشووتربوو. مەزاج و خووی منداڵەکانم چ لە کاتی لە دایکبوونیاندا چ لە کۆرپەییشیاندا، بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی خۆم بوون. ئەمجارە لە پاش هاتنە

دەرەوەم لە نەخۆشـخـانە یەکسـەر ڕۆیشـتـمـەوە بۆ مـاڵی خـۆمـان، بەم شـێـوەیە بۆ منداڵەکانیشم خۆشتر بوو، هەر لە سەرەتاشەوە هەموو ئەرکەکانی ماڵیشم گرتە ئەستۆی خۆم، ئیش و کاری ماڵ، پاک کردنەوە، چاودێری کردنی دوو منداڵی لە زمان حاڵی نەبوو و بە پێداویستییە جیاوازەکانیشیانەوە. دەمزانی نەدەبوایە هیچ هیوایەکم بە حەمید هەبێت، ئەو بیانووەی کە چەند ساڵێک بوو بەدوایدا دەگەڕا، بە دەسـتـی هـێنا بوو، ئەویش بە هەڵەکـار ناسـاندنی من بوو. بـەم شـێـوەیە خـۆی ئاسوودە کرد و تەواوی بەرپرسیارێتییە جێماوەکانی خۆیشی خستە ئەستۆی من، بە شـێـوەیەکیش ڕەفـتـاری دەکـرد دەتگوت قـەرزی بەلامـەوەیە. شـەوانە کـەمـتـر دەهاتەوە، ژووری خـەوەکـەی جـیاکـردبووەوە و کـاری بەسـەر ئێـمـەوە نەبوو. شکۆم ڕێگەی نەدەدام داوای هیچ شـتـێکی لێ بکەم، لەوانـەیش بوو دەمـزانـی کـە بێ سـوودە. گـەورەترین کێشـەی من لەم مـاوەیـەدا سـیـامـەک بوو، ئەو منـداڵێکی وەهـا نەبوو کە ڕکەبەرێکی بۆ بهێنم و بەو ئاسانییە لێم ببوورێت. کاتێک بە منداڵەکەوە لە نەخۆشخانەوە گەڕامەوە و هاتمە ماڵەوە، دەتگوت گەورەترین ناپاکیم لەگەڵیدا کـردووە، نەک تەنیـا خـۆی بە دامـێنمـەوە ئاوێزان نەکـردەوە و لێم نزیک نەبووەوە، بەڵکو هـەلات و لە پشت تەخـتی خـەوەکـە خـۆی شـاردەوە، سـاواکـەم بە فـاتی دا و کـەوتمە شـوێنی، بە هـەزاران قـوربان و سـاقـە و پەیمان و بـەڵێن لە باوەشم گـرت، مـاچم کرد و پێم گوت کـە چەندە خـۆشم دەوێت، ئۆتۆمـۆبیلـێکیش، کـە زووتر بۆم کڕیبوو و شـاردبوومەوە، بە دەستیم دا و گوتم کە برا بچووکەکەی بۆی کڕیوە، بە دوودڵییەوە تەماشایەکی کرد و بە نابەدڵییـەوە ئامادەبوو بێت و منداڵەکە ببینێت، کەچی ئامادەکارییە پێشوەختەکانی من کاریگەرییـەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ خـراپـتـر دەبوو و بە تووڕەییـیـەکی زۆرترەوە هەڵسـوکـەوتی دەکـرد، چیی تر قسەی نەدەکرد، وشەکانی بە شێوەیەکی هەڵە بەکار دەهێنا و جێگەی وشەکانی دەگۆڕییـەوە، لە کاتێکدا کە لە دوو ساڵییـەوە تا ڕادەیەک بەتەواوەتی قسـەی دەکرد و بەباشی دەیتوانی داواکـارییـەکـانی خۆی بەیان بکات، تەنانەت هەندێ جـاریش خـۆی تەڕ دەکـرد، بە مـەرجـێک نزیکەی سـاڵێ بـوو ئیـتـر بـە پەرۆ نەمـدەپێـچـایەوە، ناچار بووم جارێکی تر دەست پێ بکەمەوە، بە شێوەیەک خەمگین و دڵ ڕەنجاو بوو کە بە نیمچە نیگایەکی ئێشی لە دڵم هەڵدەستاند. لەژێر باری ئەم خـەمەدا، شـانە چکۆڵەکانی ئەم منداڵە سێ ساڵەیە لاوازتر دەهاتنە بەرچاو، نەمدەزانی چی بکەم،

دوکتـۆر وتبـووی هەوڵ بدەن بە بەرچاوی ئەوەوە منداڵەکە لە باوەش نەگـرن، با ئەویش هاوکاری لە کاروباری منداڵەکەدا بکات، بەڵام، بۆچی دەبوو؟ نە من کەسم هەبوو لە کاتی لە باوەش گرتنی کۆرپەکە و شیر پێدانیدا ئەوم لێ دوور بخاتەوە، نە ئەویش بەوە قایل دەبوو لە منداڵەکە نزیک بێتەوە، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە لێی بدا و ئازاری بدات، جا بگەیەت بە هاوکاریکردن لە کاروبارەکانیدا. بە چاوی خۆم دەمبینی ڕۆژ بە ڕۆژە لاواز دەبێتەوە، نەمدەتوانی بە تەنیا خۆم بۆشاییەکانی ژیان پڕ بکەمەوە، وای... چەند لەم کاتەدا پێویستی بە باوکی هەبوو...!

مانگێک تێ پەڕیبوو، هێشتا ناومان بۆ منداڵەکە دەستنیشان نەکردبوو، جارێکیان دایکم لەگەڵ پەروین خانم بۆ ماڵمان هاتبوو گوتی:

– ئەم باوکە بێ غیرەتەی نایەوێت لەم منداڵەی ناو بنێت؟ بۆچی بیرێکی لێ ناکەیتەوە؟ دەنا گوناهە ها...! خەڵکی بۆ ناولێنانی منداڵەکەیان ئاهەنگ دەگێڕن، هەزار نەزرونیاز دەگرن، ئێوە هەر بە خەیاڵیشتاندا نایەت.

– ئێستاش درەنگ نییە.

– چۆن درەنگ نییە؟ خەریکە دەبێتە چل ڕۆژ، خۆ دەبێت بە ناوی بانگی بکەی، تاکەی دەتەوێت بە نینی بانگی بکەی؟

– نە بابە... من بە نینی بانگی ناکەم.

– ئەی باشە بە چی بانگی دەکەی؟

– ڕاشکاوانە وتم: سەعید...!

– پەروین خانم بە نیگایەکی تیژەوە چاوی لێ بڕیم، نیگەرانی و خەرمانە فرمێسکێک لە چاوەکانیدا درەوشایەوە. دایکم بێ ئاگە لە هەموو شتێک، گوتی:

– خراپ نییە، ناوێکی خۆشە، لەگەڵ سیماکیش ڕێک دەکەوێت.

کاژێرێک دواتر لە ژووری خەوەکە سەرقاڵی شیردانی منداڵەکە بووم، پەروین خانم هات لە تەنیشتمەوە دانیشت و گوتی:

– ئەم کارە مەکە.

– کام کارە؟

– ناوی منداڵەکەت مەنێ سەعید.

– بۆچی، پێت وایە ناوێکی خۆش نییە؟

– باش دەزانی چی دەڵێم، ئەو ڕێگەیە مەگرە بەر، بۆ دەتەوێت کارێک بکەی جارێکی تر یادگارییە ناخۆشەکان بۆ خۆت زیندوو بکەیتەوە؟

– نازانم، لەوانەیە بمەوێت لە بەستەڵەکی ئەم ماڵەدا ناوی ئاشنایەک بانگ بکەم، تۆ نازانی چەند تەنیام و پێویستیم بە خۆشەویستی هەیە. ئاخ... تەنیا ئەگەر ئەوەندەی سەرە دەرزییەک ئەشق لەم ماڵەدا دەبوو، تەنانەت ناویشم لە بیر دەکرد.

– بەڵام بەم کارەت لەگەڵ هەر بانگ کردنێکیدا دەکەوێتە بیرت و ژیانت لە ئێستا دژوارتر دەبێت.

– دەزانم.

– کەواتە ناوێکی تری لێ بنێ.

چەند ڕۆژێ دوای ئەوە، سوودم لە بوارێکی ڕیزپەڕ وەرگرت و بە حەمیدم گوت:

– لە بیری ئەوەدا نیت ناسنامە بۆ ئەم منداڵە دەربهێنیت؟ سەرئەنجام دەبێت ناوێکی لێ بنێین؟ هیچ بیرت لەمە نەکردووەتەوە؟

– ئاشکرایە کە ناوی روزبەیە.

ئیدی ئەمەم دەناسی، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبووم جارێکی تر ناوێکی سەپێنراو لە منداڵەکەم بنێم، ناوی قارەمانێک یان ناپاکێک بەلامەوە هیچ جیاوازییەکی نەبوو، دەبێت منداڵەکەم ناوی خۆی هەبێت و بە کەسایەتیی خۆیەوە مانا بە ناوەکەی ببەخشێت.

– هەرگیز...! ئیتر ئەمجارەیان ناهێڵم ناوی بتەکانی خۆت لە منداڵەکەم بنێی، حەز دەکەم منداڵەکەم ناوێکی هەبێت کە لە کاتی بانگ کردنیدا چێژ لە ناوەکەی بەرم، نەک ئەوەی کە هەرکەسێک ناوەکەی بیست بکەوێتە یادی مردوویەک یان مەرگێکی بە ئازار.

– مردوو...؟ ئەو قارەمانێکی شۆڕش و بەرگری بوو.

– خۆش بێت، من نامەوێت منداڵەکەم قارەمانی شۆڕش و بەرگری بێت، دەمەوێ ژیانێکی ئاسایی هەبێت و بەختەوەر بێت.

– بەڕاستی نەفامی! هیچ تێگەیشتنێکت بۆ بەها شۆڕشگێڕییەکان و

قارەمانەکانی ڕێگەی ئازادی نییە، هەر بیر لە خۆت دەکەیتەوە.

– توخوا بەسە، چیی تر تاقەتی دارِشتنەکانی تۆم نییە، بەڵی من نەخوێندەوار و خۆپەرستم، تەنیا بیر لە خۆم و منداڵەکانم دەکەمەوە، لەبەرئەوەی کەسمان نییە بیرمان لێ بکاتەوە، خۆ تۆیش هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەم منداڵە لە ئەستۆ ناگری، ئەوە چۆن بوو لە کاتی ناو لێنانەکەیدا بە بیرت هاتەوە کە باوکی؟ نەخێر، ئەمجارەیان من ناوی منداڵەکەم هەڵدەبژێرم، ناوی مەسعوودە.

سیامەک سێ ساڵ و چوار مانگ بوو و مەسعوود هەشت مانگان بوو کاتێک حەمید ون بوو، دیارە لە سەرەتادا هیچ بەدگومانییەکم لە ڕۆیشتنەکەی نەبوو، ئەو بە منی گوت:

– بۆ یەک دوو هەفتە لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ ورمێ دەڕۆین.

– ورمێ؟ چۆنە ئەوێ؟ بەدڵنیاییەوە بۆ تەورێزیش دەڕۆی و سەرێکیش لە منیر خانم دەدەیت؟ وا نییە؟

– نە بابە... ئەوە چی دەڵێی؟ هەر نامەوێت ئەوان بزانن من لە کوێم؟

– سەرئەنجام باوکت لە ڕێگەی چاپخانەکەوە دەزانێت کە تۆ لێرە نیت.

– بەڵێ، کێشەکە ئا لێرەدایە، ناچار بووم بڵێم دەمەوێت بڕۆم لەگەڵ یەکێکدا گفتوگۆ بکەم کە کتێبی کۆنی هەیە، هەندێکیان دەفرۆشێت، دەیەوێت هەندێکیشی دووبارە چاپ بکاتەوە، ئێستا جارێ دە ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتووە با بزانم دوایی چۆن دەبێت.

– یانی ماوەی سەفەرەکەت ڕوون نییە؟

– نە، تۆش مەیکەرە هەرا هەرا، ئەگەر سەرکەوتوو بێت زیاتر دەمێنینەوە، گەر وا نەبێت لەوانەیە لە هەفتەیەک زووتر بگەڕێینەوە.

– بۆچی لەوێ چی هەیە؟ لەگەڵ کێ دەڕۆی؟

– تۆ چەند دەکۆڵیتەوە!؟ دەوری مرۆڤ بە پرسیار دەتەنی.

– ببوورە، هەر پێویستیش ناکات بڵێی بۆ کوێ دەڕۆیت، ئێمە کێین تا ئاگامان لە بەرنامەی کاری تۆ بێت!

– باشە ئیتر پێویست ناکات زویربی، هەر ئەوەندەت لە بیر بێ کە نەیکەیتە

قەرەباڵخی، هەرکەسێک پرسیاری کرد بڵێ، بە کاری ڕاسپاردە ڕۆیشتووە، ئیشی بەڕێوەبەرایەتی هەبوو، بەتایبەتیش دەبێت لەگەڵ دایکم بە شێوەیەک ڕەفتار بکە کە خاترجەم بێت و لە خۆیەوە تووشی دڵهورە نەبێت.

دوو سێ هەفتەی یەکەم بە ئارامی تێ پەڕی، ئێمە لەگەڵ نەبوونی حەمید ڕاهاتبووین بە بێ ئەویش تووشی هیچ کێشەیەک نەدەبووین، هێندەی خەرجی مانگێک پارەی بۆم دانابوو، خۆشم هەندێکم هەبوو. لە پاش مانگێ دایک و باوکی دەستیان بە نیگەرانی کرد، کەچی من هەموو جارێک هەر ئارامیانم دەکردەوە و دەمگوت ئاگام لێیەتی، تازەیی تەلەفۆنی کردووە، بارودۆخی باشە و دەڵێ کارەکەی کەمێ درێژەی کێشاوە و لەم شێوە درۆیانە.

لە سەرەتای مانگی جۆزەردان، لە پڕ ئاووهەوا گەرمی کرد. پەتایەکی تایبەتی لە نێوان منداڵەکاندا بڵاو بووبووەوە، دەیانگوت وەکو وەبایە و من بەو هەموو چاودێریکردنەوە نەمتوانی منداڵەکانم لەم بەڵایە بپارێزم، لە ناکاو هەردووکیان زۆر نەخۆش کەوتن، هەرکە ئاگاداری نیمچە تایەک و ئازاری گەدەی مەسعوود بووم، ئیتر چاوەڕوانی کەسم نەکرد، نەشدەکرا بۆ هەموو ئیشێ پەروین خانم بێزار بکەم. بە هەزار دەردەسەری هەردووکیانم بۆ دوکتۆر برد، دەرمانەکانم کڕی و گەڕامەوە، لە کۆتاییەکانی شەودا هەر هێور نەدەبوونەوە، هەر دەرمانێکم پێیان دەدا هەڵیاندەهێنایەوە، سات لە دوات سات تایەکەیان بەرزتر دەبووەوە، بارودۆخی مەسعوود خراپتر بوو. وەکو چۆلەکە هەناسکە بڕکێی بوو، سک و سینگە بچکۆلەکەی بەرزو نزم دەبووەوە، سیامەک بە لێوە سوورەکانییەوە بەردەوام دەیویست بۆ ئاودەستی ببەم، بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە، پێیەکانیانم بە ئاوی سارد دەشۆرد، دەستەسڕی تەڕم لەسەر ناوچەوانیان دادەنا، کەچی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، لێوەکانی مەسعوود سوور و وشک هەڵگەڕابوون، دوا قسەی دوکتۆرەکە کەوتە بیرم کە وتی: (ئاوی جەستەی منداڵ زۆر بە خێراییتر لەوە تەواو دەبێت کە بیری لێ دەکەیتەوە و دەبێتە مایەی مەرگ)، دەنگێک لە ناخمەوە گوتی، ئەگەر یەک خولەکی تر بوەستم منداڵەکانم لە دەست دەدەم، بۆ چەند خولەکێک مێشکم لە کار کەوت، تەماشای سەعاتەکەم کرد دوو و نیوی شەو بوو، نەمدەزانی چی بکەم، لە ترسا نینۆکەکانم خستبووە دەممەوە، فرمێسکەکانم دەتکانە سەر دەستەکانم، منداڵەکانم، منداڵە ئازیزەکانم، تاقانەکانم لە دنیادا، دەبێت فریایان

بکەوم، دەبێت شتێ بکەم. دەبێت بەهێز بم، بۆ کێ تەلەفۆن بکەم؟ بەڵام تاوەکو ئەو کەسانە خۆیانمان پێ دەگەیەنن کات لە دەست دەچێت، کاتی چاوەڕوانی نەماوە، دەمزانی نەخۆشخانەیەکی منداڵان لە شەقامی تەختی جەمشید هەیە، دەبێت پەلە بکەم، تەنانەت کاتی جل لەبەرکردنیشم نەبوو، هەریەکەو پانتۆڵێکی نایلۆنم لە پێیان کرد، هەرچی پارەم هەبوو لە ماڵەوە خستمە ناو جانتاکەم، مەسعوودم لە باوەش گرت و دەستی سیامەکم گرت و لە ماڵ هاتمە دەر. باڵندەش لە شەقامەکەدا نەبوو، سیامەکە بەستەزمانەکەم تەنیا سێ ساڵ و نیو بوو، بەو لاوازی و تایەوە نەیدەتوانی بڕوات بەڕێوە، هەوڵم دەدا هەردووکیان لە باوەش بگرم، بەڵام بەو جانتا قورسەوە گەلێک ئاستەم بوو، ناچار بووم لە دوای هەر چەند هەنگاوێ سیامەک لە زەوی دابنێم، منداڵە بێ تاوانەکانم تەنانەت توانای گریانیشیان نەبوو، ڕێگەی ماڵەکەمان تاکو سەر جادەکە تا دەهات درێژتر دەبووەوە، هەر دەڕۆیشتم و نەدەگەیشتم، سیامەک خەریک بوو دەبووڕایەوە، دەستیم ڕادەکێشا، پێی بەسەر زەویدا ڕادەکێشا، هەستم دەکرد مێشکم ئاوساوە، ئەگەر هەر بەڵایەک بەسەر منداڵەکانمدا بێت، خۆم دەکوژم، ئەمە تاقە شتێ بوو کە بە وشیارییەوە بە مێشکمدا دەهات، ئۆتۆمۆبێلێکی تایبەتی لە بەردەمم وەستا، بێ ئەوەی یەک وشەش بڵێم دەرگاکەم کردەوە و جێی منداڵەکانم کردەوە و گوتم:

– نەخۆشخانەی تەختی جەمشید، توخوا خێراکە.

شوفێرەکە پیاوێکی بەڕێز بوو، لە ئاوێنەکەوە تەماشای کردم و گوتی:

– چی بووە؟

– دوای نیوەڕۆ کەمێک بارودۆخیان تێک چوو و سکچوونیان هەبوو، بەڵام ئێستا زۆر زیادی کردووە، تایەکەشیان بەرزەوە بووە، توخوا خێراکە.

دڵم بە خێرایی لێی دەدا، لە تاوا هەناسەبڕکێم تێ کەوتبوو، ئۆتۆمۆبێلەکە بەو نیوەشەوە بەخێرایی بە شەقامە چۆڵەکاندا دەڕۆیی، پیاوەکە گوتی:

– بۆچی بە تەنیای؟ ئەی باوکیان لە کوێیە؟ خۆ تۆ ناتوانیت بە تەنیا منداڵەکان لە نەخۆشخانە بخەوێنی.

– با دەتوانم، من ڕاهاتووم، واتا دەبێت بتوانم، دەنا منداڵەکانم لە دەست دەدەم.

– باشە ئەمانە باوکیان نییە؟

– نه، نییانه.

و به قینەوه رووم وەرگێڕا.

له بەردەم نەخۆشخانەکە، پیاوەکە له ئۆتۆمۆبێلەکە دەرپەڕی و سیامەکی له باوەش گرت و منیش به مەسعوودەوه خۆم به نەخۆشخانەکەدا کرد. دوکتۆری فریاکەوتنەکە کە منداڵەکانی بینی ناوچەوانی بەیەکدا دا و وتی:

– بۆ ئەوەندە درەنگ هاتی؟

مەسعوود کە بە تەواوەتی بێ هۆش بوو لە باوەشمی وەرگرت، بە دەم پاڕانەوه وتم:

– دەستم دامێنت دوکتۆر کارێک بکە منداڵەکانم ڕزگار بکە.

– هەر کارێکمان له دەست بێت دەیکەین، ئێوه بڕۆن بۆ ژووری پێشوازی و کارەکانتان جێبەجێ بکەن و بیدەنە دەست خواوه.

شوفێرەکە بەخەم و دڵسۆزییەوه تەماشای دەکردم، چیی تر نەمدەتوانی پێش له فرمێسکەکانم بگرم، لەسەر نیمکەتەکە دانیشتم، سەرم له نێوان دەستەکانمدا گرت، به دەم گریانەوه چاوم به پێیەکانم کەوت، وای... سەرپاییم له پێدایە، بێ هۆ نەبوو کە سەد جار خەریک بووم له کۆڵانەکەدا بکەوم.

بۆ خەواندنی منداڵەکان له نەخۆشخانە پێویستیم به پاره بوو، شوفێرەکە وتی من پارەم پێیە، بەڵام من نەمهێشت، هەرچی پاره له جانتاکەمدا هەبوو دام و وتم، ئەوی تریش سبەینێ له یەکەمین بواردا دەیدەم. بەرپرسە خەواڵووەکەی پێشوازی له سەرەتادا کەمێ بۆڵە بۆڵی کرد، بەڵام له کۆتاییدا ڕازی بوو. له شوفێرەکە پاڕامەوه کە بڕوات، به پەله گەڕامەوه بۆ بەشی فریاکەوتن، منداڵەکانم لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە بچکۆڵەتر و لاوازتر دیاربوون. سێرومیان بۆ سیامەک پێوەند کردبوو، بەڵام دەمارەڕەگی مەسعوودیان نەدەدۆزییەوه، هەموو جەستەی دەرزیاژن کرابوو، کەچی نووزەیەک له ڕۆڵە بێ هۆشەکەمەوه بەرز نەدەبووەوه. لەگەڵ هەر دەرزییەکدا دەتگوت خەنجەرێک له دڵم دەدەن، به دەستم بەردەمم گرتبوو بۆ ئەوەی به دەنگی گریانەکەم سەر له دوکتۆرەکە و برینپێچەکان نەشێوێنم، له پشت پەردەی فرمێسکەوه مەرگی لەسەرەخۆی جگەرگۆشەکەمم دەبینی، خۆشم نازانم چیم کرد کە سەرنجی دوکتۆرەکەم ڕاکێشا، به ئاماژەی

سـەر بە برینپێچەکەی گەیاند کە لە ژوورەکە بمکاتە دەرەوە، برینپێچەکە دەستی خستە سەر شانم و بەزۆر بەڵام بە بەزەیییەوە لە ژوورەکە بردمییە دەر.

– چی بووە خانم؟ کوڕەکەمم لە دەست دا؟

– نە خانم، خۆت دڵتەنگ مەکە، نزا بکە پەنا بە خوا چاک دەبێتەوە.

– توخوا ڕاستییەکەم پێ بڵێ، ڕەوشی زۆر خراپە؟

– دیارە ڕەوشی باش نییـە، بەڵام ئەگـەر بە زوویی دەمـارەڕەگێک بدۆزینەوە و سێرومی پێوە پێوەند بکرێت ئەوە جێی ئومێدە.

– یانـی بەم هەمـوو برینپـێچ و دوکـتـۆرەوە ناتوانن دەمـارەڕەگی ئەم منداڵە بدۆزنەوە؟

– ئاخـر خـانم دەمـارەڕەگی منداڵەکـە زۆر باریکە، کـە تای هەبێت و ئەم هـەمـوو ئاوەیش لە لەشی ڕۆیشتبێ دژوارتر دەبێت.

– خوایە من چی بکەم؟

– هیچ گیانەکەم، هەر لەوێ دانیشە و نزا بکە.

من بە درێژاییی ئەم هەمـوو کـاتە لەگەڵ هەر لێدانێکی دڵمدا وتبـووم خـوایە! کـەچی تـاوەکـو ئەم سـاتـەش نەمـتـوانیـبـوو ڕسـتـەیەکی تەواو دەربڕم و نـزایەکی دیاریکراو بکەم. پێـویسـتـیم بـە هەوایەکی ئـازاد و بینینـی ئاسـمـان هـەبوو، گـەر سـەیری ئاسـمـانم نەکردبایە نەمدەتوانـی لەگەڵ خـوا قسـە بکەم، دەتوت تەنیـا بەم شـێـوەیـە لە بەردەم ئەودا دەوەسـتــام، لە دەرگـایەکـەوە چـوومـە دەرەوە و سـروەی فێنکی دەمەوبەیان بەر دەموچاوم کەوت، سەیرێکی ئاسـمانم کـرد، هێشتـا تاریکی لە ڕووناکی زیاتر بوو، هەندێ لە ئـەسـتـێـرەکان دەبینـران، پاڵم بە دیوارەکـەوە دا، پێیەکانم لەژێر بارگرانیی جەستەمدا دەلەرزین، نیگام لە ئاسـۆ بڕی، گوتم: خوایە، نازانم بۆچی منت بۆ ئەم دنیایە ناردووە؟ هەموو کاتێک هەوڵم داوە بە خواستی تۆ ڕازی بم، بەڵام ئەگەر منداڵەکانم لێ بستێنی، ئیـتـر هیچ شـتێکم بۆ نامـێنێتـەوە. تکات لـێ دەکەم ئەوانم لـێ مـەسـێنـە، ئەوانم پێ ببـەخـشـە. نـەمدەزانی چـی دەڵێم، بەڵام دڵنیـا بووم ئەو دەزانێت و لێم تـێ دەگـات. جـارێکی تر گـەڕامـەوە هـۆڵەکـە، دەرگـای ژوورەکەم کـردەوە، سێروم بە پێی مەسعـوودەوە پێوەند کـرابوو و پێیـان لە گەچی سپی گرتبوو.

– وەی، چی بووە، پێیشی شکاوە؟

دوکتۆرەکە پێ کەنی و گوتی:

– نە گیانە لە گەچمان گرتووە بۆ ئەوەی نەجووڵێتەوە.

– ئێستا چۆنە، چاکتر دەبێتەوە؟

– ئێستا دەبێت چاوەڕوان بین.

لەلای ئەم قەرەوێڵەیەوە دەچوومە لای ئەو قەرەوێڵەیە، دەنگی ناڵە کزەکەی سیامەک و جووڵانەوەی سەری مەسعوود هیوایان پێ دەبەخشیم، هەشت و نیوی بەیانی منداڵەکانیان بردە بەشی گشتی. دوکتۆرەکە گوتی: سوپاس بۆ خوا تا ڕادەیەک قۆناغی مەترسییان تێ پەڕاندووە، بەڵام دەبێت زۆر ئاگادار بین کە سێرومەکە لە دەستی سیامەک و پێی مەسعوود دەرنەچێت. چاودێریکردنی سێرومەکەی سیامەک زۆر ئاستەم بوو.

دایکم، پەروین خانم و فاتی بەپەلە خۆیان کرد بە ژوورەکەدا، دایکم بە بینینی منداڵەکان دایە پرمەی گریان، سیامەک دەینالاند و دەبوایە یەکێ دایمە دەستی بگرتایە، بەڵام مەسعوود هێشتا هەر بێ ئاگا بوو، کاژێرێ دواتر باوکیشم گەیشت، هێندە بەخەمبارییەوە تەماشای سیامەکی دەکرد کە دڵی تەنگ کردم، بە بینینی باوکم سیامەک دەستی بۆ لای ئەو درێژ کرد و دەستی کرد بە گریان، بەڵام لە پاش چەند خولەکێک بە دڵنەوایییەکانی باوکم هێور بووەوە، باوک و دایکی حەمید لەگەڵ مەنسوورە و مەنیژە هاتنە ژوورەوە. دایکم بە نیگایەکی ناحەزانە و پلار و توانج هاوێشتنی جۆرەوجۆر پێشوازی لێ کردن. ناچاربووم بە ڕوانینێکی تیژ و وشیاریدان ڕێگری لێ بکەم. ئەوان خۆیان ئەوەندەی پێویست خەمبار و شەرمەزار بوون. مەنسوورە، فاتی، پەروین خانم و مەنیژە داوایان کرد لەگەڵ مندا بمێننەوە، بەڵام من پەروین خانمم پێ باشتر بوو، فاتی خۆی منداڵ بوو، مەنسوورە منداڵی هەبوو، مەنیژەش پێوەندییەکی ئەوەندە باشی لەگەڵ مندا نەبوو.

سەرتاسەری شەو من و پەروین خانم بە خەبەر بووین، ئەو دەستی سیامەکی گرتبوو، منیش لەسەر قەرەوێڵەکەی مەسعوود خۆم گرمۆڵە کردبوو و بە شێوەیەک لە باوەشم گرتبوو کە سێرومەکە لە پێی جیا نەبێتەوە. ئەویش لە دوای نیوەڕۆوە دەستی بە بێ ئۆقرەیی کردبوو.

له پاش سێ ڕۆژی دژوار و تاقەت پڕووکێن گەڕامەوە ماڵەوە، هەرسێکمان برێکی زۆری کێشمان لە دەست دابوو، چوار شەو بوو نەخەوتبووم، کە لە ئاوێنەکە سەیری خۆمم کرد، ئەڵقەیەکی ڕەش دەوری چاوەکانمی گرتبوو و گۆناکانم چاڵ بووبوون، بە قەولی پەروین خانم شێوەی تلیاکییەکانم لێ نیشتبوو، فاتی و پەروین خانم لەلام مانەوە. منداڵەکانم شۆرد و خۆشم بۆ ماوەیەک لەژێر دوشەکە وەستام، دەمویست ئەو ڕەنجە لە جەستەم دەرکەم کە ئەم چەند ڕۆژە کێشاومە، بەڵام دەمزانی کە ئەم یادە بۆ هەتا هەتایە لە مێشکمدا دەمێنێتەوە و هەرگیز لە حەمید نابوورم لەبەرئەوەی کە لەم کاتە هەستیارەدا لەگەڵمان نەبوو.

له دوای دوو هەفتە، تا ڕادەیەک هەموو شتێ گەڕایەوە سەر باری ئاسایی، سیامەک بە هەمان بزێوییەوە، سەرکێشی و بەدفەڕییەکانی دەستی پێ کردەوە، ماوەیەک بوو بە بوونی مەسعوود قایل بووبوو، دەهاتە باوەشم، کەچی نازانم بۆ هەستم دەکرد لە دڵەوە لێم ڕەنجاوە. مەسعوود نەرمونیان و ڕووخۆش بوو، خۆی لە ئامێزی هەموو کەسێ دەهاوێشت، لەگەڵ هیچ کەسێکدا هەستی بە نامۆیی نەدەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر و خوێن شیرینتر دەبوو، دەستەکانی لە گەردنم دەئاڵاند و گۆناکانی ماچ دەکردم، بەو چەند ددانە بچووکانەی دەموچاوی دەگەستم، دەتگوت لە خۆشەویستیدا دەیویست قووتم بدات، دەربڕینی ئەو خۆشەویستییەی گەلێ بەلامەوە دڵگیر بوو، هەرگیز نەدەهاتە بیرم کە سیامەک بەو کارامەییە گوزارشتی لە خۆشەویستیی خۆی بۆ من کردبێت، تەنانەت کە زۆر منداڵیش بوو، هەموو کاتێک لەو دەربڕینانەدا بەپارێز بوو. چۆن دوو منداڵ لە خێزانێکدا دەتوانن بەو شێوەیە لە یەکتر جیاوازبن؟!

دوو مانگ بەسەر ڕۆیشتنی حەمیددا تێ دەپەڕی و هیچ هەواڵێکیمان نەدەزانی، دیارە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە خۆی پێی دابووم، نیگەران نەبووم، بەڵام دایک و باوکی جارێکی تر دەستیان بە بێ ئۆقرەیی کردەوە. ناچار بووم بڵێم تەلەفۆنی کردووە، باشە و وتی دیار نییە کارەکەم چەندی پێ دەچێت، دایکی بەتووڕەیییەوە گوتی:

– ئاخر ئەمە چ کارێکە؟ ئاغا یەکسەر برۆ بۆ چاپخانە و بزانە ئەویان بۆ کوێ ناردووە؟ بۆچی ئەوەندە زۆری پێ دەچێت؟

دوو هەفتەی تریش تێ پەڕی، ڕۆژێ پیاوێک تەلەفۆنی بۆماڵمان کرد و گوتی:

– ببوورە کاتتان لێ دەگرم، دەمویست بزانم ئێوە هەواڵێکی شارەزاد و مەهدی دەزانن؟

– شارەزاد، نە، ئێوە کێن؟

– من برای ئەوم، زۆر نیگەرانین، ئەوان بۆ سەفەرێکی یەک هەفتەیی بۆ مەشهەد ڕۆیشتبوون، دوو مانگ و نیوە هیچ هەواڵێکیان نازانین، دایکم زۆر نیگەرانە، شەوو ڕۆژی بۆ نییە.

– مەشهەد؟

– بەڵێ، بۆچی بۆ شوێنێکی تر دەڕۆیشتن؟

– نازانم، من پێم وا بوو بۆ ورمێ ڕۆیشتوون.

– ورمێ؟ چ پێوەندییەکی بە مەشهەدەوە هەیە؟

لە قسەکەم پاشگەز بوومەوە، بە پەشۆکاوییەوە گوتم:

– نە، من هەڵە بووم. باشە تۆ ژمارەکەی ئێمەت لە کوێ بوو؟

– مەترسە، شارەزاد خۆی ئەم ژمارەیەی پێ دام، وتی، لە کاتی پێویستدا ئەمە تەنیا ژمارەیەکە لەوانەیە وەڵام بداتەوە، بۆچی ئەوێ ماڵی حەمید سوڵتانی نییە؟

– بۆچی نا، بەڵام منیش هیچ نازانم.

– کەواتە تکات لێ دەکەم ئەگەر هەر هەواڵێکتان پێ گەیشت، ئەگەر بە ئەرک نەبێ بەم ژمارەیە تەلەفۆنمان بۆ بکەن، دایکم لە خەفەتدا نەخۆش کەوتووە، گەر ناچار نەبوومایە ئێوەم نەدەخستە ئەزییەتەوە.

ورده ورده خەریک بوو نیگەران دەبووم، دەبێ ئەمانە بۆ کوێ ڕۆیشتبێتن؟ دەبێت لە کوێ بن وا ناتوانن تەلەفۆنێکیش بکەن و خێزانەکانیان لەم دڵەوڕەییە ڕزگار بکەن! لەوانەیە نیگەرانی ئێمە بۆ حەمید زۆر گرینگ نەبێت، بەڵام لەوە نەدەچوو شارەزاد ئەوەندە بێ خەم و نائاگە بێت، ناشێ بەڵایەکیان بەسەر هاتبێت، ماوەیەک بوو هیچ پارەم لە ماڵەوە نەمابوو، نەک تەنیا ئەو پارەیەی کە حەمید پێی دابووم، بەڵکو هەموو پاشەکەوتەکەم و هەندێکی تریش کە لە باوکمم قەرز کردبوو، هەموویم بە نەخۆشخانەی منداڵەکان دابوو. نەمدەویست بە باوکی حەمید شتێ

بڵێم کە ببێتە مایەی نیگەرانیی زیاتریان، جارێکیش لە پەروین خانم قەرزم کرد بوو، بەڵام لەوەش هیچ نەمابوو، باشە حەمید هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئاخۆ ئێمە چۆن بژین؟ یان هەر بەڕاستی شتێکی لێ قەوماوە؟

سێ مانگ بەسەرچوو. چیی تر نەماندەتوانی دایکی ئارام بکەینەوە، منیش نەمدەتوانی درۆیەکی تازە ساز بکەم، چونکە خۆشم ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانتر دەبووم. دایکی هەردەم دەگریا و دەیگوت:

– دەزانم، کوڕەکەم بەڵایەکی بەسەر هاتووە، دەنا هەر تەلەفۆنێکی بۆ دەکردم، یا دوو دێڕ نامەی بۆ دەنووسیم.

هەوڵی دەدا شتێک نەڵێ ببێتە مایەی دڵڕەنجانی من، بەڵام دەمزانی بەشێوەیەک من بە کەمکار دەزانێت، هیچ کاممان نەماندەوێرا بڵێین لەوانەیە گیرابن، مەنیژە گوتی:

– با هەواڵەکە بە بنکەی پۆلیس بدەین. من و باوکی بە هەراسەوە وتمان، نە نە! خراپتر دەبێت و تەماشای یەکترمان کرد. دایکی هەر دژوێنی بە هاوڕێ نارەسەنەکانی دەداو نەفرەتی لێ دەکردن.

باوکی گوتی:

– مەعسووم گیان تۆ ناوونیشانێ، ژمارە تەلەفۆنێکی هاوڕێکانیت نییە تا پرسیارێ بکەین؟

– نە، لەوە دەچێ هەموویان پێکەوە ڕۆیشتوون، ماوەیەک پێش ئێستا یەکێ تەلەفۆنی کرد و گوتی برای شارەزادە، ئەویش نیگەران بوو و هەواڵی دەویست، بەڵام قسەیەکی سەیری کرد، وتی شارەزاد و مەهدی بۆ مەشهەد ڕۆیشتوون، کەچی حەمید بە منی گوت دەچن بۆ ورمێ.

– سەیرە، لەوانەیە هەموویان پێکەوە نەبن، ڕاسپاردەی جیاوازیان هەبێت.

– ڕاسپاردە؟

– چوزانم، شتێکی لەو بابەتە.

پاشان باوکی بە بیانوویەکەوە منی بردە پەنایەکەوە و گوتی:

– نەکەی سەبارەت بە دیار نەمانی حەمید بە کەس بڵێی.

– بەڵام هەموویان دەزانن کە بۆ سەفەر ڕۆیشتووە.

– بەڵێ، بەڵام سەبارەت بە ونبوونەکەی قسە مەکە، بڵێ هێشتا هەر لە ورمێیە و کارەکەی زۆری پێ چووە و بەردەوام لەگەڵ تۆدا لە پێوەندیدایە، نەوەکو بڵێی ئاگام لێ نییە و بەدگومانی سەرنجی یەکێ ڕاکێشێ، من خۆم بۆ ورمێ دەڕۆم و سەروگوێیەک بە ئاودا دەدەم، بابزانم چی بووە. بەڕاست تۆ پارەت هەیە، حەمید ئەوەندەی پێویست پارەی بۆتان داناوە؟ سەرم داخست و گوتم:

– نە، هەرچییەکم هەبوو نەخۆشخانەی منداڵەکان تەواوی کرد.

– ئەی بۆ قسەت نەکرد؟

– نەمویست قەڵس بی، لە دایک و باوکمم وەرگرت.

– وەی چ کارێکی خراپت کردووە، دەبوایە بە من بڵێی.

هەندێ پارەی دەرکرد و پێی دام و گوتی:

– زوو بڕۆ قەرزەکانت بدەرەوە و بڵێ حەمید ناردوویەتی.

لە پاش هەفتەیەک، باوکی ماندوو و سەرکاس، لە سەفەرە بێ ئاکامەکەی گەڕایەوە. لەگەڵ هاوسەرەکەی مونیرە خانمدا هەموو ئازەربایجان هەتاوەکو سنوورەکانیش گەڕابوون، کەچی هیچ وەڵامێکیان دەست نەکەوتبوو. ئیدی بەڕاستی نیگەران بووم، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئاوها بۆ حەمید نیگەران و پەریشان بم، ئەو هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوە ڕای هێنابووم، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو، ماوەکەی زۆر درێژخایەن و هەلومەرجەکانیش گوماناوی و مایەی نیگەرانی بوون.

لە نیوەشەوێکی ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژدا، بە دەنگێکی نارِوون لە خەو ڕاچڵەکیم، هێشتا هەوا گەرم بوو، هەموو پەنجەرەکان کرابوونەوە. جوان گوێم گرت، دەنگەدەنگێکی نارِوون لە حەوشەکەمانەوە دەهات، بەهەراسەوە بیرم لێ کردەوە، دز هاتووە! هەرگیز داپیرە لەم کاتی شەوەدا نایەتە حەوشە، سەیری سەعاتەکەم کرد سێ خولەک لە سێ تێ دەپەڕی، چەند هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، ورەم وەبەرخۆ دا و بەبێدەنگی و لەسەرەخۆ چوومە پەنای پەنجەرەکە، دەتوانرا سێبەری ئۆتۆمۆبێلێک و سێ پیاو لە حەوشەکەدا لەژێر ڕووناکییە کزەکەی مانگەشەودا ببینرێت، خەریک بوون بەپەلە هەندێ شتیان دەگواستەوە،

ویستم بقیژێنم، بەڵام دەنگم گیرا و چاوم داچەقاندبوو، هێدی هێدی وردبوومەوە کە ئەوان هیچ شتێک لە ماڵی ئێمەوە نابەنە دەرەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەندێ شت لە ئۆتۆمۆبێلەکەوە بۆ ژێر زەوییەکە دەگوێزنەوە. نە، ئەوان دز نەبوون، زانیم کە دەبێت ئەوپەڕی توانام بخەمە کار بۆ ئەوەی بێدەنگی و ئارامی بپارێزم. لەپاش دە خولەک کارەکەیان تەواو بوو، پیاوی چوارەمیش لەژێر زەوییەکەوە هاتە دەرەوە و بۆ لای ئەوان ڕۆیشت، تەنانەت لەو تاریکییەیشدا چاکم دەناسییەوە، ئەوە حەمید بوو، بەبێ دەنگەدەنگ پاڵیان بە ئۆتۆمۆبێلەکەوە نا و لە حەوشەکە بردیانە دەرەوە. حەمید دەرگای ماڵەکەی داخست و لە پلیکانەکانەوە هاتە سەرەوە، هەستگەلێکی ناکۆک و سەیرم هەبوو، بە گەڕانەوەی، قین و تووڕەیی و دڵخۆشی ئاوێتەی یەکتر بووبوون، هەستی دایکێکم هەبوو کە لە پاش دۆزینەوەی کوڕە ونبووەکەی یەکەم جار شەپازلەیەکی چاک لە پەنا گوێی دەدا و پاشان بە گریانەوە ڕایدەکێشتە ئامێزی. هەوڵی دا دەرگای ماڵەکە بە بێدەنگی بکاتەوە و لەسەرەخۆ بێتە ژوورەوە، حەزم دەکرد ئازاری بدەم، هەرکە پێی نایە ژوورەوە گڵۆپەکەم داگیرساند، بەتوندی ڕاچڵەکی و بە هەراسەوە بۆمی ڕوانی، لە پاش کەمێک بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

– بە خەبەری؟

– بەڵێ، چەند سەیرە ڕێگەت ون کردووە؟

– بە بە، لەم پێشوازییە گەرمە؟!

– چاوەڕوانی پێشوازیشی؟ وەڵا بابە چاوڕوویەکی سەیرت هەیە! ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بووی، تەنانەت ئەرکی تەلەفۆنێکیشت نەگرتە ئەستۆ، دەمردی ئەگەر پەیامێ، نامەیەکی کورتت بناردبایە؟ بیرت لەوە نەکردەوە ئێمە لە نیگەرانی و پەرێشانیدا دەمرین؟

– بەڵێ، دیارە دڵت چەند پەریشان و نیگەرانی منە؟

– بەڵێ، بەداخەوە منی گەوج نیگەران بووم، ئەوە من هیچ، ئەی بیرت لەو دایک و باوکە داماوەت نەکردەوە کە نیوە عومر بوونە؟

– خۆ من پێم وتبووی بە کەس نەڵێی لەوانەیە زۆرمان پێ بچێت.

– بەڵێ، دەکرا پازدە ڕۆژ، مانگێک بەرێ، نەک چوار مانگ، ئەو پیرەمێردە بێ چارەیە هەموو شوێنێک گەڕا، دەترسام بەڵایەکی بەسەر بێت.

– گەڕا؟ کوێ گەڕا؟

– هەموو شوێنێک، نەخۆشخانەکان، دوکتۆری یاسایی، بنکەی پۆلیسەکان!

بە هەراسەوە لە شوێن خۆی ڕاپەڕی:

– بنکەکانی پۆلیس؟!!

بزێوییەک لە دەروونمدا قوڵپی دەدا، منیش دەمویست ئازاری بدەم، گوتم:

– بەڵێ، لەگەڵ براکەی شارەزاد و خێزانی هەموو هاوڕێکانی ترت وێنەکانتانیان بە ڕۆژنامە دا.

ڕەنگی وەکو گەچ سپی هەڵگەڕا و گوتی:

– ئێوە چ شێتێکن، نەتانتوانی ئەم کارە بچووکەش بکەن و ئێرە بەڕێوەبەرن؟ بەدبەخت بووین.

بەپەلە دەستی بە لەپێکردنی پێڵاوە تۆزاوییەکانی کرد.

– ئێستا بۆ کوێ دەڕۆی؟ خۆم ئاگاداری بنکەی پۆلیس دەکەمەوە کە بە دەست پڕەوە گەڕاونەتەوە.

بەنیگایەکی ئەوەندە هەراس ئامێز و نیگەرانییەوە تەماشای کردم کە پێکەنین گرتمی.

– ئەم قسانە چییە دەیکەی؟ دەتەوێت هەمووومان بدەیت بە کوشتا؟ ئیتر ئێرە ئاسایشی تێدا نەماوە، دەبێت هەواڵەکە بە هاوڕێکانم بدەم، با بزانین چ قوڕێک بکەین بەسەرماندا؟

دەرگاکەی بۆ ڕۆیشتن کردبووەوە کە گوتم:

– پێویست ناکات، درۆم کرد بنکەی پۆلیسمان ئاگادار نەکرووەتەوە، ئەوەندە نەبێ باوکت بۆ ورمێ ڕۆیشت و گەڕایەوە، کەچی هیچیشی دەست نەکەوت.

هەناسەیەکی هێمنی هەڵکێشا و گوتی:

– ئەوە نەخۆشی؟ خەریک بوو دڵم بوەستێ.

– دەردت بێ...! بۆ هەر دەبێ ئێمە نیوە عومر بین؟

نوێنەکەیم بۆ ژووری میوانەکە برد. گوتی:

– هەر لە ژوورەکەی خۆم، ژوورەکەی پشتەوە دەخەوم.

– ئەوێم کردووە بە ژووری منداڵەکان.

هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو و ئەویش نەگەیشتبووە سەر سەرینەکە، هەر بەو جلە تۆزاوییەوە چووە خەوێکی قووڵەوە.

٣

مـانگەکـان، بە خـێـرایی تێ دەپەڕین و منداڵەکـان ڕۆژ بـە ڕۆژ گـەورەتر دەبوون و جیاوازیی کەسـایەتییان بە ڕوونی دەردەکەوت. سیامەک کوڕێکی بەفیز و شەڕانی، بزێو و هـەڵچـــوو بوو، شـــەرمـــێکی تـایبـــەتیش لـە دەربڕینی هـەســـتـــە پڕ لـە خۆشەویستییەکەیدا هەبوو، کەچی بە کەمترین تووڕەیی سـەری لێ دەشێوا و دەیویست هەموو بەربەستێک بە چنگ وردوخاش بکات. بەپێچەوانەی مەسعوودی هێـمن، بەســـۆز، ڕووخـــۆش و بەپشـــوو کـــە بـە دەوروبەر و تەنانەت بە تەن و سروشتیش ئەوینی دەبەخشی، لاواندنەوەکانی هەموو گرێکانی کەماسی ئەشقی لـە دەروونی منـدا ســـاڕێژ دەکـــرد، ئەم دوو منداڵە بە شـــێـــوەیەکی ســـەیر لـە پێوەندییەکانیاندا پێکەوە تەواوکەری یەکتری بوون، سیامەک فـەرمانی دەدا و مەسعوود جێبەجێی دەکرد، سیامەک چیرۆکی خەیاڵیی دەگێڕایەوە و داستانبێژی دەکرد و مەسعوودیش باوەڕی پێ دەکرد، سیامەک گاڵتەی دەکرد و مەسعوود پێ دەکەنی، سـیـامـەک دەسـتی دەوەشـاند و مـەسـعـوود لێدانی دەخـوارد، زۆربەی کاتەکان دڵم پێی دەسووتا، دەترسام کەسایەتییە هێمن و میهرەبانەکەی مەسعوود لە ناو چنگە شـەڕانگێـزە بەهێزەکەی سـیـامـەکدا وردوخـاش بێت، بەڵام هەرگـیـز نەمدەتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرگری لە مەسعوود بکەم، لەبەرئەوەی تەنیا ئامـــاژەیەک بەس بـوو بۆ ئەوەی قـین و ئیـرەیی سـیـامـەک بتـەقـێنێـتـەوە و بە شـەڕوشـۆڕی زیاتر بەکـۆتا بێت، تاقـە چارەسـەرییـەک بۆ ڕێگە گـرتن لەم شـێـوە ڕووبەڕووبوونەوەیە سـەرنجـڕاکێشـانی بوو بۆ شـتێکی تر و سـەرقـاڵکردنی بوو بە ڕووداوێکی سـەرنجڕاکێشتـر، لە هەمان کاتدا سیامەک لە بەرامبەر کەسـانی تردا

بۆ مەسعوود وەکو قەڵغانێکی نەبڕ دەژمێردرا، ئەگەر یەکێک بە ئاستەم مەسعوودی بێزار بکردایە یان کێشەی بۆ بنایەتەوە، سیامەک شێت دەبوو و بە شێوەیەک هێرشی بۆ دەبرد کە خودی مەسعوود بە هەزار تکا و پاڕانەوە دوژمنەکەی لەژێر دەستی براکەی دەردەهێنا. دوژمنی ڕاستەقینە هەموو کاتێک غولامەلی کوڕی مەحموود بوو کە تەمەنی ڕێک لە نێوان سیامەک و مەسعووددا بوو. نازانم بۆچی ئەم منداڵانە هەرکە بەیەکتر دەگەیشتن دەستیان بە شەڕ و ململانێ دەکرد! حەمید لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمە جۆرە یارییەکی کوڕانەیە و زۆر جار کوڕان بەم شێوەیە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، بەڵام من وای لێ تێ نەدەگەیشتم.

هەرچەندە مەحموود ساڵێک لە دوای من ژنی هێنابوو، سێ منداڵی سەروبنی هەبوو، یەکەمین منداڵی ئەم غولامەلییە بوو، منداڵی دووەمی (زارا) بوو کە ساڵێک لە مەسعوود منداڵتر بوو و کوڕی سێیەمی غولامحوسەین بوو کە تەمەنی لە ساڵێک زیاتر نەدەبوو. مەحموود هەر وەک هەمیشە ڕووگرژ و گۆشەگیر بوو، ئەو دڕدۆنگییەی کە لە سەروەختی گەنجیدا هەیبوو ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوو، هەموو کاتێک ئیحتیرام سادات گازەندەی لە دەستی دەکرد و لەلای دایکم بۆڵە بۆڵی دەکرد و دەیگوت:

– بەم دواییانە وڕ و گێژتر بووە، چەند جارێک نوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە، کەچی هێشتا هەر دڵنیا نییە کە نوێژەکەی بە دروستی کردبێت.

بەڵام بە بۆچوونی من ئەو هیچ گرفتێکی تازەی نەبوو، زۆریش ئاگای لە خۆی بوو، بەتایبەتیش لە کار و مەسەلەی پارەدا، بەوپەڕی وشیارییەوە کاری دەکرد و سەرکەوتوو بوو. لە بازاڕدا بۆ خۆی دوکانێکی گرتبوو و جیا بووبووەوە، دەیانگوت کە فەرشناسێکی عەیارە تەواوە، هەرگیز لە کارە بازرگانییەکانیدا تووشی دوودڵی و دڕدۆنگی نەدەبوو، ڕۆڵی ئاین لە ژیانی بازرگانیی ئەودا هەر ئەوەندە بوو کە لە کۆتاییی هەموو مانگێکدا هەموو داهاتەکەی بۆ قوم دەبرد بۆلای مامی ئیحتیرام، ئەویش هەندێ پارەی هەڵدەگرت و ئەوەی تری پێ دەدایەوە، بە قسەی خۆیان بەم دەستاودەست کردنە پارەکەی مەحموود حەڵاڵ دەبوو و ئیتر هیچ شتێک بۆ ئەو نەدەبووە مایەی نیگەرانی.

ئەحمەد، ماوەیەکی دوور و درێژ بوو کە لە ئەندامێتیی خێزانەکە هاتبووە دەر، هیچ کەسێک ئەوەندەی پەروین خانم خەمی نەدەخوارد، هەموو کاتێک دەیگوت:

– دەبێت شتێکی بۆ بکەن، ئەگەر هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە ناو دەچێت.

کێشەی ئەو چیی تر هەر خواردنەوەی شەوانە و نەعرەکێشانی سەر جادەکان نەبوو. پەروین خانم دەیگوت ئەو شتی تریش بەکار دەهێنێت، بەڵام دایکم نەیدەویست بڕوا بکات و هەوڵی دەدا بە دوعا و نوشتە و جادوو لە شەیتان و هاوڕێ خراپەکانی قورتاری بکات، باوکم بە تەواوەتی لێی بێ هیوا بووبوو.

عەلی گەورە بووبوو، بەڵام هەروەکو براکانی تری نەیتوانی دیپلۆم وەربگرێت، ماوەیەک لە کارخانەیەکی دارتاشیدا لەلای ئەحمەد کاری دەکرد، باوکم چیی تر ئەمەی بە شیاو نەزانی و هەموو تواناکانی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی لە ئەحمەدی دوور بخاتەوە. دەیگوت:

– ئەگەر وازی لێ بهێنم و ئێستا پێشی لێ نەگرم هەروەکو ئەوی تر لە دەست دەردەچێت و ئیتر توانایم بەسەریدا ناشکێت.

عەلی خۆیشی وردە وردە لە ڕەفتارەکانی ئەم دوایییانەی ئەحمەد نائومێد بووبوو، ئەو پەیکەرێکی لە هێز و توانا بۆ ئەحمەد دروست کردبوو، لە بێ توانایی و بێهێزیی ئەو ڕۆژ بە ڕۆژی تووشی ئازارێکی زۆر دەبوو، وا دیار بوو ئەم پەیکەرە ئەو کاتە بە تەواوەتی تێک شکا کە یەکێ لە ملهوڕەکانی قاوەخانەی جەمشید کاتێک ئەم مەست و گێژ دەبێت، زۆری لێ دەدا و لەسەر جادەکە فڕێی دەدا، ئەحمەد نەیتوانیبوو تەنانەت پەنجەیەکیش بەرز بکاتەوە و بەرگری لە خۆی بکات، لە کارخانەشدا ئەو هاوکارانەی کە لە ڕابردوودا شانازییان پێوە دەکرد و خۆیان پێوە هەڵواسیبوو و لەیەکتریان دادەبڕی، ئەمڕۆ کردوویانە بە گاڵتەجاڕی خۆیان و شەڕیان پێ دەفرۆشت، هەرچۆنێک بێت ئەمانە هەمووی یەکیان گرت و بوون بە هۆی ئەوەی عەلی لە دڵەوە ئارەزوومەندانە، بەڵام لە ڕووکەشدا لەژێر زەبری باوکم لە ئەحمەد جیابووەوە و بۆ دووکانەکەی مەحموود ڕۆیشت، بۆ ئەوەی ئەویش لە داهاتوودا بازرگانێکی خواناس و پارە پەیداکەری لێ دەرچێت.

فاتی کچێکی لەسەرخۆ، هەستیار، شەرمن و بە سروشت ناسکی لێ دەرچووبوو، هەتا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێند و دواتر هەروەک ئەوەی کە بۆ

کـچـێکی خـانەدان و شـێـاوە، بۆ قـوتـابخـانـەی دروومـان ڕۆیشـت، خـۆشی هـیچ پێداگرییەکی لەسەر تەواوکردنی خوێندن نەدەکرد.

هەرچۆنێک بوو، سیامـەکم ساڵێک زووتر لـە کاتی یاسـاییی خـۆی خسـتـە بەر خـوێندن، دەمـزانی لە ڕووی هـزرییـەوە توانـای خـوێندنـی هەیە، دەمـویست زووتر بچێتە قوتابخانە بەڵکو ڕێکوپێکی بەسەر ڕەفتـاریدا زاڵ بێت، وزە بێ سنوورەکەی لەگەڵ هـاوتەمـەنەکانی خـۆیدا بەکاربـهێنێت و کەمـتـر لە مـاڵەوە ئازار بگەیەنێت، بەڵام چوونە قـوتابخـانـەکـەشـی هەروەکـو هەمـوو کـارەکـانی تری دژوار بوو، لەسـەرەتاوە ناچار بووم لەگەڵی بچمە پۆلەوە، ئەو کاتـەی کەمێ ڕاهـات و هێشـتی برۆمـە دەرەوە، دەبوایە چەندان کـاژێر لە حـەوشـەکـەدا بە شـێـوەیـەک بوەسـتـم کـە بتـوانێت لە پەنجـەرەکـەوە بمبـینێت، دەمـزانی دەترسـێت، بەڵام ترسـەکـەی بە توندوتیژی دەردەبڕی. ڕۆژی یەکەم کە بەرێوەبەرەکە دەستی گرت بۆ ئەوەی بیباتە پۆلەکە، دەستـی بەرێوەبەرەکەی گەست، کـاتێک دەگەیشـتـە لووتکەی تووڕەیی تاقـە ڕێگەیەک بۆ هێورکردنەوەی ئەوەبوو کە لە بـەردەم شەپۆلە خرۆشـاوەکانی پەستیی ئەودا بوەسـتـم، لە ئـامـێـزم دەگـرت و بەرگـەی شـەق، تێ هەڵدان و مـسـتـەکـۆڵە چکۆڵەکانیم دەگرت، تاوەکو هێور دەبووەوە و دەستی بە گریان دەکرد، ئەم ساتانە هەر ئەو کاتانە بـوون کە دەمتوانی لە باوەشی بگرم، ماچی بکەم و بیلاوێنمەوە، لە کاتەکانی تردا نەیدەهێشت لەو کارانە بکەم و هەوڵی دەدا وەهـای نیشـان بدات کە خوازیاری خۆشەویستی نییە، بەڵام من دەمزانی چەندە تینووی سۆز و چاودێرییە، زۆر دڵم پێی دەسـووتـا، دەمـزانی ئەو جـەسـتـە بچکۆلەیە خـەمـێکی گـەورەی هەڵگرتووە، کەچی نەمدەزانی بۆچی؟ دەمزانی ئەو ئاشـقی باوکییـەتی و نەبوونیی ئەو ئازاری دەدا، بەڵام بۆچی لەگەڵ ئەم دۆخـە ڕانەدەهات؟ ئاخـۆ دەکرێت نەبوونی باوک ئەم هـەمـوو کـاریگەرییـەی هەبێت؟ هەمـوو کـاتێک کـتـێـبی دەروونناسـیم دەخوێندەوە و سـەرنجی هەڵسوکەوتیم دەدا. کاتێک حـەمید لە ماڵ دەبوو ڕەفتـاری سیامەک دەگۆڕدرا، تەنیا قسـەی ئەوی لە گوێ دەگرت، کەچی لە دۆخـی ئاساییدا سـاتێکیش ئـارامی نەدەگرت، بەڵام دەیتـوانی مـاوەیەکی زۆر لە بـاوەشی حـەمـیـد دانیـشـێت و گـوێی لـێ بگرێت. زۆر درەنگ زانـیم هۆی شـەونخـوونیـیـەکـانی ئەو چاوەڕوانیـیـەیە کـە بۆ باوکی دەیکێشـێت، کـاتێک حـەمـید لـە مـاڵ بوو و لە کـاتی خـەوتنیـدا دەسـتـێکی بە سـەریدا دەهێنا، سـەرمـەست و ئـارام دەچووە خـەوێکی

قــووڵەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو ناوی حـــەبی خـــەویشم لە حـــەمـــیـــد نـابوو. خۆشبەختانە بوونی باوکم و ئەو خۆشەویستییە زۆرەی کە لە نێوان ئەم دووانەدا پێک هاتبوو، تا ڕادەیەک بۆشاییەکەی حەمیدی پڕ دەکردەوە، هەرچەند حەزی نەدەکرد خۆی بە کەسەوە بچەسپێنێت، کەچی کە باوکم دەهات دەور و خولی دەدا و لە فرسەتێکی گونجاودا لە باوەشی دادەنیشت. باوکم لەگەڵ ئەودا بە هێمنی و ڕێزەوە قسەی دەکرد، وەکو پیاوێکی گەورە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد و سیامەک قسەکانی ئەوی بە بێ چەند و چۆن قبووڵ دەکرد، بەڵام خۆشەویستی ئەم دووانەی بە مەسعوود ڕەوا نەدەبینی، ئەو بەوە قایل بوو کە کەسانی تر تەنانەت بە منیشەوە خۆشەویستییەکەمان لە نێوان ئەو و براکەیدا دابەش بکەین، یان سۆزێکی پتریش بە مەسعوود ببەخشین، بەڵام پێوەندی و خۆشەویستیی باوک و باپیرەی تەنیا بۆ خودی خۆی دەویست و نەیدەتوانی بەرگەی هیچ ڕکابەرێک بگرێت، سەبارەت بە حەمید کێشە نەبوو چونکە ئەو هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی بە مەسعوود نەدەدا، بەڵام باوکم بەپێی ئەو تێگەیشتنە دروستەی کە لەم منداڵە هەیبوو، هەوڵی دەدا لەبەرچاو سیامەک خۆشەویستیی خۆی بۆ مەسعوود دەرنەبڕێ، دەتگوت ئەم کارەی لەلایەن سیامەکەوە فرەتر و فرەتر ستایش دەکرا و ڕێژەی خۆشەویستییەکەی پتر دەبوو.

سەرئەنجام سیامەک چوونە قوتابخانەی قبووڵ کرد و لەگەڵی ڕاهات، بەڵام مانگ نەبوو لەسەر شەڕکردن لەگەڵ منداڵەکانی تردا بۆ قوتابخانە بانگ نەکرێم. بە ڕێکوپێک بوونی بەرنامەی سیامەک منیش دووبارە کەوتمەوە سەروسەودای وانەکانم، بەوە نارازی بووم کە هێشتا نەمتوانیبوو دیپلۆم وەربگرم و بە نیوە و نیوەچڵ وازم لە کارێکی بەو گرینگییە هێنابوو. لەگەڵ هەڵکەوتنی یەکەمین هەلدا دەستم پێ کردەوە، بەیانییان زوو هەڵدەستام کارەکانم دەکرد، بە ڕۆیشتنی سیامەک، مەسعوود سەرقاڵی کایەکانی خۆی دەبوو، هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەودا نەبوو، چەندان کاژێر بە پێنووسە ڕەنگاوڕەنگەکانی وێنەی دەکێشا، ئەگەر ئاووهەوا خۆش بوایە لە حەوشەکەدا بە پاسکیلە سێ تایەکەی خەریکی پاسکیل لێخورین دەبوو، منیش دەمتوانی لە ئارامیدا بە وانەکانم ڕابگەم، زۆرم پێویست بە چوونە پۆل نەبوو. پاش نیوەڕوان هەرکە سیامەک دەهاتەوە دەتگوت بوومەلەرزە ڕوو لە ماڵەکە دەکات، ئەمجارە ئیتر نووسینەوەی ئەرکەکانیشی چووبوونە پاڵ

کێشـەکانی تری. هەتاوەکو ڕاهێنانەکانی تەواو دەکرد گیانی دەکێشام. وردە وردە بۆم دەرکـەوت کـە هـەرچەندە هـەسـتـیـاریم دەردەبڕی ئەو سـەرکـێـشـتـر دەبوو، لە ئەنجامـدا دانم بە خۆمدا دەگرت و هەوڵم دەدا خۆم لە کـارەکانی هەڵنەقـورتێنم، ئینجا لە کۆتایی شـەودا یا ڕۆژی دواتر سـەرلەبەیانی، بەپەلە دەسـتی بە نووسین دەکرد.

ڕۆژێ بەیانـی زوو لەگـەڵ مـەسـعـوود لە مـاڵەوە بووم، پـەروین خـانم بۆ دیدەنیم هـات، وا دیاربوو کەمێک دڵی خۆشە، زانیم هەواڵێکی پێیە، ئەو حـەزی دەکرد خۆی هەواڵە تازەکانم پێ بگەیەنێت، هەواڵە ئاساییـەکانی بە تەلەفۆن پێ دەگوتم، کەچی گەر شـتێکی تایبـەت هـەبوایە، خۆی دەهـات و بە ترش و خـوێوە بۆی باس دەکردم و چاوەڕوانیش دەبوو بۆ ئەوەی پەرچەکردارەکەم بە چاوی خۆی ببینێت. گوتم:

– دەی باسـی بکە، چی بووە؟

– چی بووە؟ کێ گوتوویەتی شتێک بووە؟

– بارە نائاسـاییـیـەکـەت، هەڵسوکەوتت، ڕووخسـارت، هـەمـوو هـاوار دەکـەن کـە هـەواڵێکی تازەت پێیە!

بە زەوقەوە دانیشت و گوتی:

– بەڵێ! تۆ نازانی زۆر سـەرنجڕاکێشـە، جـارێ بڕۆ چایییـەکم بۆ بهێنە، قـوڕگم وشک بووەتەوە.

ئەمـەش یەکـێک لە خـووەکانی بـوو، دیقی بە مرۆڤ دەکرد تـا دەیگوت چی بووە، هـەرچیی هـەواڵەکـە گـەرمـوگـوڕتر بـووایە دەمی پـتـر ئاوی تێ دەزایی. ڕۆیشـتـم کترییەکەم خستە سەر تەباخەکە و گەڕامەوە:

– دەی قسە بکە! زۆری پێ دەچێت تا چاییەکە پێ دەگا.

– ئەرێ باوکم من خەریکە لە تینوویێتیدا دەخنکێم، هەر ناتوانم قسەش بکەم.

بە توورەیییەوە چوومە چێشتخانەکە و پەرداخێک ئاوم بۆ هێنا و گوتم:

– دەباشـە! قسـە بکە!

– دە بهێڵە با چاییەکەشمان بخۆین.

– ئاه....! دەپێویست ناکات باسی بکەی، نامەوێت هەواڵەکە بزانم.

ئینجا وەکو دڵشکاوێک چوومە چێشتخانەکە، کەوتە شوێنم و گوتی:

– دەباشە زویر مەبە، ئەگەر دەزانی ئەمڕۆ سەرلەبەیانی کێم بینی؟

دڵم داخورپا، چاوەکانم ئەبڵەق بوون، گوتم:

– سەعید؟

– دەبڕۆ بابە! تۆ هێشتا وازت نەهێناوە، وام ئەزانی بە دوو دانە منداڵەوە ناوەکەیشیت لە بیر نەماوە.

شەرمەزار بووم. منیش هەر وام دەزانی، بە دەست خۆم نەبوو ئەو ناوەم لە زار دەرچوو، کەواتە ئەو هێشتا هەر کرۆکی مێشکی داگیر کردووم؟ گوتم:

– نە بابە، هەروا گوتم، باشە کێت بینی؟

دایکی پەروانە!

– توخوا بە ڕاستتە؟ لە کوێ بوو؟ قسەت لەگەڵی کرد؟

– یەک، یەک، ئاوەکە کوڵاوە چاییەکە لێ بنێ، کارەکەت بکە، منیش بە درێژی بۆت باس دەکەم. ئەمڕۆ ڕۆیشتم بۆ پشت باخی سپاسالاری پێڵاو بکڕم، لە ناکاودا لە پشت شووشەی دوکانەکەوە خانمێکم بینی هەر لە خانمی ئەحمەدی دەچوو، سەرەتا بە گومان بووم، ڕاستییەکەی زۆر شکابووەوە، بە ڕاست چەند ساڵە نەیانمانبینیوە؟

– نزیکەی حەوت ساڵە.

چوومە ناو دوکانەکەوە، تەماشایم کرد، خۆی بوو، سەرەتا منی نەناسی، کەچی بیرم کردەوە کە ئەگەر لەبەر خاتری تۆش بووە دەبێت هەر قسەی لەگەڵدا بکەم. سەرئەنجام بە بیریدا هاتەوە، بەگشتی چاک و خۆشیمان کرد و هەواڵی هەموو دراوسێکانی پرسی.

– هەواڵی منیشی پرسی؟

– لە ڕاستیدا نە، بەڵام من خۆم گفتوگۆکەم بەلای تۆدا برد و وتم کە هەموو جارێ تۆ ئەبینم، مێرد و منداڵت هەیە. سەرئەنجام گوتی:

– لەو ماڵەدا تەنیا ئەو کچە شایانی ئەوە بوو پێوەندی لەگەڵدا بگری. دیارە ئەحمەدی دەڵێت کە باوکیشیان پیاوێکی بە شەرەف و باشە، بەڵام هەرگیز ئەو

بەڵایەم لە بیر ناچێتەوە کە براکەی بەسەرمانیدا هێنا، لە گەڕەکەکەدا ئابڕووی بۆمان نەهێشت. تاوەکو ئەو دەمانەش هیچ کەسێک بەو شێوەیە لەگەڵ ئەحمەدی قسەی نەکردبوو، نازانی چ تاوانگەلێکی خستە پاڵ پەروانەی داماو، ئەحمەدی خەریک بوو دڵی بوەستێت، چیی تر نەماندەتوانی لەو گەڕەکە سەر بەرز بکەینەوە، لەبەر ئەوەبوو بەو پەلەپەلە ماڵمان گواستەوە، بەڵام پەروانە گیانی دەکردە قوربانی ئەو کچە، هەر نازانی چەند فرمێسکی بۆ ڕشت، هەر دەیگوت ئەمانە مەعسوومە دەکوژن، چەندان جار بۆ ماڵیان ڕۆیشت، کەچی دایکی نەیهێشت بیبینێت، منداڵە بەستەزمانەکەم چ گورزێکی بەرکەوت.

– جارێکیان خۆم لەوێ بووم کاتێک هاتە بەر دەرگا، دایکم نەیهێشت بیبینم، بەڵام ئاگاداری جارەکانی تر نیم.

– ئەرێ، لەوە دەچێت هاتووە بۆ شاییەکەی بانگت بکات و کارتی بۆ هێناوی.

– بەڕاستتە...؟!! پێیان نەدام، خوایە لە دەست ئەمانە چی بکەم، بۆچی پێیان نەوتووم؟

– بەدڵنیاییەوە دایکت ترساوە دیسانەوە بکەویتەوە سەر هەوەس.

– بکەومەوە سەر هەوەس؟ بە دوو منداڵەوە؟ بوەستە دەگەمە خزمەتییان، هێشتا هەروەکو منداڵ لەگەڵم هەڵسوکەوت دەکەن.

– ئوووە...! ئەو کاتە تۆ مەسعوودت نەبوو، ئەم داستانە زۆر دەمێکەیە، لەوانەیە چوار ساڵ پێش ئێستا بێت.

– یانی پەروانە چوار ساڵە شووی کردووە؟

– ئێ دیارە، دەنا ناچار دەبوون ترشیاتی پێ بگرنەوە.

– وای... ئەم قسانە چییە، بۆچی چەند ساڵانە؟

– ئێ هاوتەمەنی تۆیە، ئەوە حەوت ساڵە تۆ شووت کردووە.

– منی چارەڕەشیان ناچار کرد، وا زوو خستیانمە چاڵەکەوە، خۆ خەڵکی تر ناچار نین، باشە شووی بە کێ کردووە؟

– بە نەوەی پووری باوکی، دایکی دەیگوت لە دوای ئەوەی کــــە دیپلۆمی وەرگرتووە کۆمەڵێ خوازبێنیکاری هەبوو، سەرئەنجام بەم کوڕە دوکتۆرە شووی

کردووه و ڕۆیشتووه، له ئەڵمانیا دەژی.

– یانی ڕۆیشتووه له ئەڵمانیا دەژی؟

– بەڵێ، له دوای زەماوەندەکەی ڕۆیشتووه، زۆربەی هاوینەکان بۆ دیدەنی دێتەوه.

– منداڵیشی هەیه؟

– بەڵێ، دەیگوت کچێکی سێ ساڵەی هەیه. منیش گوتم که تۆ چەند به دوایدا گەڕای، چەندیش بیری دەکەیت، براکەیشت دامرکاوه، چیی تر مەترسیی بۆ کەس نییه، تەنیا بۆ خۆی نەبێت، سەرئەنجام ژماره تەلەفۆنی ماڵەکەیم وەرگرت، هەرچەنده له بەردەستیدا نەبوو.

گەڕامەوه بۆ حەوت ساڵ لەمەوبەر، پێکەوه بوون، هاوزمانی و ئەو هاوڕێیەتییه قووڵەی که له نێوان من و پەروانەدا هەبوو، هەرگیز لەگەڵ کەسی تردا پێک نەهات، دەمزانی تا کۆتاییی ژیانم هاوڕێی وەکو ئەوم نابێت، شەرمم دەکرد تەلەفۆن بۆ دایکی بکەم، بەڵام سەرئەنجام کردم، به بیستنی دەنگی دایکی پەروانه دڵم پڕ بوو، خۆم ناساند و وتم نازانم به چ ڕوویەکەوه قسەت لەگەڵدا بکەم، وتم پەروانه تاکه هاوڕێ و ئازیزترین هاوڕێم بووه و هەیه، وتم شەرمەزارم، له من و بنەماڵەکەم ببوورن، وتم ئارەزووی دووباره بینینەوەی پەروانه دەکەم، باسم کرد که ئێستایش چەندان کاژێر لەگەڵ ئەودا قسه دەکەم و ڕۆژ نییه بیری نەکەم و ژمارەی تەلەفۆنەکەم پێ دا که هەرکاتێک هاتەوه با پێوەندیم پێوه بکات.

خوێندن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی، به دوو منداڵی بزێوەوه و هەزاران کار و گرفتارییەوه، سانا نەبوو. ناچار بووم شەوانه له دوای خەوتنی منداڵەکان وانەکانم بخوێنم و له کاتەکانی پشوو و خەوتنم سوود وەرگرم. دەمەو بەیان که حەمید دەهاتەوه و منی دەبینی که دەخوێنم، سەری سووڕ دەما و دەیگوت سەیره ئەوەنده کۆشش دەکەیت؟ سەرئەنجام له دوای تاقیکردنەوەکانی سیامەک، منیش بەشداریی تاقیکردنەوەکانی کۆتاییم کرد و بەو ئارەزووه گەیشتم که چەندان ساڵ بوو ئاواتم بۆی دەخواست، ئارەزوویەکی ساده و مافێک که کچانی هاوتەمەنی من چەندان ساڵ پێشتر بێ ئەوەی هێنده بەلایانەوه گرینگ بێت و بیری لێ بکەنەوه، به دەستیان هێنابوو.

چالاکییەکانی حەمید ڕۆژ بە ڕۆژ خۆتاکتر و ترسناکتر دەبوون، هەرچەندە هیچ زانیارییەکم لەبارەی بەرنامەکانی ئەوەوە نەبوو، بە شێوەیەکی سروشتی هەستم بەو ترسە هەمیشەییە لە دەوروبەرم دەکرد، لە پاش ئەو سەفەرە گرینگەیان، ڕێکخراوەکەیان پێکەوە گرێدراوەتر و ئامانجەکانیان ڕوونتر و کارەکانیشیان ڕێکوپێکتر بووبوو، هەندێک ڕووداویش کە لە ئاستی کۆمەڵگەدا ڕوویان دەدا، هەستم دەکرد بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندی بەوانەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاگام لە هیچ شتێک نەبوو و نەیشمدەویست کە بزانم، ئەم بێ ئاگاییەم بۆ بەرگەگرتنم لە ژیانی ئاسایی باشتر بوو و ترسەکەشمی بەتایبەتیش لەسەر منداڵەکان کەمتر دەکردەوە. حەمید لە ماڵەوە سیستەمێکی پارێزگاریی لە خۆ دروست کردبوو و ڕێگەگەلێکی بۆ هەڵاتنی ناکاو ئامادە کردبوو.

کاژێر شەشی سەرلەبەیانییەکی هاوین زەنگی مەترسی لێی دا، حەمید لە پێش مندا خۆی بە تەلەفۆنەکە گەیاند، تەنانەت دوو وشەش ئاڵوگۆڕ نەکرایەوە، ڕەنگی حەمید زۆر بزرکا و بەهەراسەوە تەلەفۆنەکەی لەسەر زەوی دانا، نزیکەی خولەکێکی پێ چوو تاوەکو کەمێک هاتەوە سەر باری ئاساییی خۆی، بە هەراسەوە تەماشام دەکرد، نەمدەوێرا پرسیار بکەم، بەپەلە هەندێ شتی پێویست و هەرچەند پارە لە ماڵەوە هەبوو کۆی کردەوە و خستیە جانتایەکەوە، هەوڵم دەدا بەئارامی و بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕەفتار بکەم و ئەوەندەی تر شڵەژاوییەکەی پتر نەکەم. بەهێواشی گوتم:

– حەمید ناپاکیتان لەگەڵدا کرا؟

– وابزانم...، ڕوون نییە چی ڕووی داوە، یەکێ لە هاوڕێکانیان گرتووە، هەموو خەریکن شوێنی خۆیان دەگۆڕن.

– کامیانیان گرتووە؟

– تۆ نایناسی، تازە هاتووەتە ناو کۆمەڵەکەوە.

– ئەو تۆ ئەناسێت؟

– بە ناوی خۆمەوە نامناسێت.

– ماڵمان دەناسێت؟

– خۆشبەختانە نە، چونکە ئێمە هیچ کاتێک لێرە کۆبوونەوەمان نەبووە، بەڵام

لەوانەیە ئەوانەی تریشیان گرتبێت، یان بیانگرن، تۆ ئاگات لە هیچ نییە، خۆت مەشڵەژێنە، ئەگەر پێت وایە هەست بە تەسکینی دەکەیت برۆ بۆ ماڵی باوکت.

سیامەک لە دەنگەدەنگەکەی ئێمە بە خەبەر هاتبوو، نیگەران و هەراس، وەکو سێبەر کەوتبووە شوێن باوکی، هەموو شڵەژاوییەکەی ئێمە بۆ ئەو گوێزرابووەوە.

– ئێستا تۆ بۆ کوێ دەڕۆی؟

– نازانم، دەبێت ئێستا بڕۆم، شوێنەکەم نادیارە، هەتاکو هەفتەیەکیش هیچ پێوەندییەک ناکەم.

سیامەک خۆی بە پێیەکانی حەمیدەوە نووساندبوو و بە دەم پاڕانەوەوە گوتی منیش دێم. حەمید لە کاتێکدا ئەوی لە خۆی جیا دەکردەوە بەردەوام بوو:

– ئەگەر هاتن بۆ ئێرە، هەرچییەکیان لە ماڵەکە دۆزییەوە بڵێ هی ئێمە نییە، خۆشبەختانە تۆ شتێکی ئەوتۆ نازانی کە ببێتە مایەی مەترسی.

دیسانەوە سیامەک خۆی پێوە نووساند و گوتی:

– منیش دێم.

بە توورەییەوە ئەوی لە پێی دوورخستەوە و گوتی:

– منداڵەکانت کۆ بکەرەوە، ئاگەتان لە خۆتان بێت، ئەگەر پارەت ویست لە باوکم داوا بکە، بۆ هیچ کەسێکیش لەسەر ئەمە قسە مەکە.

لە پاش ڕۆیشتنی ئەو تا ماوەیەکیش لە شوێنی خۆمدا تاسا بووم، دڵم لە خرۆشاندا بوو. بیرم لەو چارەنووسە دەکردەوە کە چاوەڕوانمان دەکات، سیامەک بەوپەڕی قین و توورەییەوە خۆی بە دەرگە و دیواردا دەدا، کە بەرەو لای ڕام کرد، خەریک بوو بەرەو لای مەسعوود دەڕۆیشت، ئەویش تازە خەبەری بووبووەوە و لە ئامێزم گرت، هەوڵی دەدا بە شەق و مستەکۆڵە خۆی لە دەستم ڕزگار بکات، وێڕای ئەوەی وەهام نیشان دەدا کە هیچ ڕووی نەداوە و هەموو شتێک پارێزراوە و لە ئاسایشدایە، بێ سوود بوو، ئەم منداڵە وشیار و هەستیارە لە هەموو هەناسەیەکمدا هەستی بە نیگەرانی دەکرد، بە گوێیدا چرپاندم:

– سیامەک گوێ بگرە، ئێمە دەبێت هێور بینەوە و ئەم نهێنییە بە هیچ کەسێک نەڵێین، دەنا بۆ بابە حەمید زۆر خراپ دەبێت.

له پڕ بێدەنگ بوو و گوتی:

– چی نەڵێین؟

– ئەوەی کە بابە حەمید ئەمڕۆ ناچار بوو ئاوها بڕوات، بە کەس نەڵێیت، ئاگات لێ بێ با مەسعوودیش تێ نەگات.

بە سەرسووڕمان و هەراسەوە سەیری کردم.

– ئێمە نابێت بترسین، دەبێت ئازا و چاونەترس بین، بابە حەمیدیش زۆر بەهێزە، باش دەزانێ چی دەکات، کەس ناتوانێت بیدۆزێتەوە بێ خەم بە، ئێمەش سەربازی ئەوین دەبێت بەوریاییەوە ئاگامان لە نهێنییەکە بێت، ئەو پێویستی بە یارمەتی ئێمەیە، باشە؟

– بەڵێ.

– کەواتە وەرە پەیمان ببەستین کە نە لەگەڵ کەس قسە بکەین، نەش بیکەینە هەرا هەرا، باشە؟

– باشە.

دەمزانی سەری لە قسەکانم دەر نەکرد، بەڵام گرینگ نەبوو، ئەو بە هزرە داهێنەر و منداڵانەکەی خۆی هەر کەموکووڕییەکی هەبووایە، بە سەلیقەی خۆی لایەنە قارەمان ئامێزەکانی ئەم چیرۆکەی فراوانتر دەکرد. ئێمە چیی تر لەسەر ئەم بابەتە قسەمان نەدەکرد، هەندێ جار کە من بیرم دەکردەوە، ئەو بێدەنگ دەبوو، دەهاتە لام، دەستەکانی دەگرتم و بە بێدەنگی تەماشای دەکردم، لەو کاتانەدا هەوڵم دەدا نیگەرانی لە خۆم ڕا دووربخەمەوە، زەردەخەنەیەکی پڕ لە دڵنیاییم دەخستە سەر لێو و بە گوێیدا دەمچرپاند خەمت نەبێت، لە جێیەکی ئاسایشدایە... ئینجا بە دەنگەدەنگە هەمیشەییەکەیەوە هەر لەو شوێنەوەی کە یارییەکەی ڕاگرتووە، دەستی پێ دەکردەوە، وەکو باهۆز دەپەڕییە پشت قەنەفەکە و بە تفەنگە شینەکەیەوە و بەو دەنگە سەیروسەمەرەیەی کە بە دەم دروستی دەکرد، دەوروبەری خۆی گولله باران دەکرد، بەڕاستی، ئەم هەموو گۆڕینەوەی دۆخە لە یەک ساتدا، هەر لە خۆی دەهات.

ئەو ڕۆژگارە پڕ لە هەراسانییە، درێژتر لە کاتی ئاساییی خۆیان دەهاتنە بەرچاو، هەوڵم دەدا کارێکی گەوجانە نەکەم، بە هیچ کەسێکم نەگوت چی ڕووی

داوە، کەمێک پارەم لە جانتاکەمدا هەبوو، هەوڵم دەدا شتی ڕۆژانەمان بەوە پڕبکەمەوە، بەردەوام لە خۆمم دەپرسی، ئەگەر ئەو بگرن چی بە سەر دێن؟ ئاخۆ ئەوان هیچ هەنگاوێکیان ناوە، ناشێ ئەو کارە تێکدەرانانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا دەینووسن کاری ئەوان بێت! لە هیچ کاتێکدا هێندەم هەست بە خۆتاکی و نزیکبوونەوەی ترس نەکردبوو، لە سەرەتادا کۆبوونەوەکانیانم وەکو یارییەکی ڕۆشنبیرانە دەهاتە بەرچاو کە تەنیا بۆ بەسەربردنی کات و خۆ بە قارەمان زانینێکی منداڵانەیە، بەڵام ئێستا هەموو شتێک گۆڕابوو، یادی ئەو شەوەی هاوین و ئەو شتانەی کە لە ماڵەکەماندا شاردبوویانەوە، ترس و هەراسەکەمی پتر دەکرد، لە دوای ئەو شەوە قفڵێکی گەورە لە دەرگای پشتەوەی ژێر زەوییەکە درا و ئیتر چیی تر من ژوورەوەم نەبینی، چەندان جار نارەزایەتیم بۆ حەمید دەردەبڕی، کەچی هەموو جارێ دەیگوت:

– تۆ چەند بۆڵەبۆڵ دەکەی، ئەمانە چ پێوەندییەکیان بە تۆوە هەیە؟ تۆ ئەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ سەرت لەو ژێر زەوییە نەدەدا، خۆ جێگەی لە تۆ نەگرتووە.

– بەڵام من دەترسم، ئەمانە چین، ناشێ مەترسی بۆ ئێمە پێک بهێنن؟!

بەڵام ئەو دڵنیای دەکردمەوە کە نیگەران نەبم و ئەوانە شتی مەترسیدار نین. حەمید لە کاتی ڕۆیشتنیدا وتی، ئەگەر شتێکیان دۆزییەوە بڵێ، هینی ئێمە نییە، ئاگات لێ نییە، کەواتە، بەدڵنیاییەوە شتگەلێکن کە نابێت بدۆزرێنەوە.

لە پاش هەفتەیەک، لە نیوەشەودا، بە دەنگ دەرگەکەمان لە خەوە قورس و ئاسوودەکەم ڕاچڵەکیم، خۆم گەیاندە هۆڵەکە و یەکسەر گڵۆپەکەم داگیرساند، حەمید بەهێواشی گوتی:

– بیکوژێنەوە، بیکوژێنەوە!

ئەو بە تەنیا نەبوو، دوو خانمی چارشێوبەسەر کە قەڵافەتێکی سەیریان هەبوو، بە دەموچاوێکی پەچەدارەوە لە پشت حەمید وەستابوون، یەکسەر چاوم بە پێڵاوە پیاوانە و زلەکانیان کەوت. هەرسێکیان بۆ ژووری میوانەکە ڕۆیشتن، حەمید دەرگەکەی داخست و گەڕایەوە لای من و گوتی:

– ئێستا ئەو گڵۆپە بچکۆلەیە داگیرسێنە و هەواڵەکانم پێ بڵێ.

– هیچ هەواڵێک نییە، لێرە هیچ ڕووی نەداوە.

– ئەمەیان دەزانم، بەڵام تۆ هیچ شتێکی گوماناویت بەدی نەکرد؟

– نە...!

– لە ماڵ چوویتە دەرەوە؟

– بەڵێ، تا ڕادەیەک هەموو ڕۆژێ.

– هەستت نەکرد کەس بکەوێتە شوێنت؟ ئۆتۆمۆبێلێکی نامۆت لە گەڕەکەکە نەبینی؟ دراوسێکان گۆڕانکارییان بەسەر نەهاتووە؟

– نە، من هیچم نەبینی.

– دڵنیایت؟

– نازانم، من هەستم بە هیچ شتێکی گوماناوی نەکردووە.

– باشە، ئێستا ئەگەر ئەتوانی بڕۆ شتێکمان بۆ بهێنە بیخۆین، چایی، نان و پەنیر، خواردنی دوێنێ شەو، هەرچی هەیە.

ڕۆیشتم کترییەکەم خستە سەر، هەستی شادییەکی تایبەتم هەبوو، سوپاس بۆ خوا ئەو تەندروستە، هەرچەندە دەمزانی کە ئێستایش مەترسی لە دەوریدا دەخولێتەوە. هەرکە چاییەکە دەمی کێشا، هەرچی نانێکمان لە ماڵەوە هەبوو لەگەڵ پەنیر، سەوزە، کەرە و ئەو مرەبایەی کە تازە دروستم کردبوو، خستمە سەر سینییەکە و بە هێواشی لە دەرگەکەم دا و حەمیدم بانگ کرد، دەمزانی نابێت بچمە ژوورەوە. حەمید بەپەلە سینییەکەی لێ وەرگرتم و وتی، زۆر سوپاس، تۆ بڕۆ بخەوە. وەهام هاتە بەرچاو کە لاواز بووەتەوە، ڕیشی بەلای گەنم و جۆییدا دەڕۆیشتن، حەزم دەکرد ماچی بکەم. بۆ ژووری خەوەکە ڕۆیشتم و دەرگەکەم بەباشی داخست، بۆ ئەوەی ئەوان بێ خەم بتوانن بۆ گەرماو و ئاودەستەکە بڕۆن. دووبارە سوپاسی خوام کرد کەوا جارێکی تریش بەزیندوویی و تەندروست دەیبینم. بەڵام هێشتا نیگەرانی بوونمی هەراسان دەکرد، لە بیرکردنەوە تەمومژاوییەکاندا نغرۆ بووم، سەرئەنجام چوومە خەوێکی نائارامەوە.

کاتێک خەبەرم بووەوە، تازە هەوا ڕۆشنەوە بووبوو، کەوتە بیرم کە نانمان نییە، جلم لەبەر کرد، دەست و دەموچاوم شۆرد، سەماوەرەکەم داگیرساند و هاتمە دەرەوە، کە گەڕامەوە منداڵەکان لەخەو هەستابوون، بەڵام دەرگای ژووری میوان هێشتا داخرا بوو، سیامەک بە دوامدا هاتە چێشتخانەکە و بە شێوەیەک کە

مەسعوود گوێی لێ نەبێت گوتی:

– بابە هاتووەتەوە؟

ڕاچڵەکیم، بە سەرسووڕمانەوە گوتم:

– چۆن زانیت؟

– ئێرە جۆرێکە، دەرگەی ژووری میوان داخراوە، لەودیوی پەنجەرەکەوە چەند سێبەرێک دەبینم. (شووشەی پەنجەرەی ژوورەکە لێڵ و گوڵدار بوو).

– بەڵێ ئازیزەکەم، بەڵام پێویست ناکات کەس بزانێت، نابێت ئێمەش خۆمانی لێ بگەیەنین.

– تەنیا نییە... وا نییە؟

– نە، بە باوکتەوە سێ کەسن.

– من ئاگەدارم، با مەسعوود نەزانێت.

– ئافەرین کوڕە جوانەکەم، تۆ پیاوی، مەسعوود منداڵە لەوانەیە لە شوێنێ قسەیەک بکات.

– بەڵێ دەزانم، نایەڵم بڕواتە لای دەرگەی ژووری میوانەکە.

ئیدی ئەوەندە بەدڕدۆنگییەوە چاودێریی ژووری میوانەکەی دەکرد، کارێکی کرد مەسعوود وردەکۆڵ بوو و دەیویست بزانێت چی لەوێ هەیە. خەریک بوو ببێت بە شەڕیان کاتێک حەمید لە ژوورەکەوە بە دەرکەوت، مەسعوود بە حەپەساوییەوە لە شوێنی خۆی وشکەوە بوو و سیامەک بەرەولای ڕای کرد و پێیەکای لە ئامێز گرت، هەردووکیانی ماچ کرد و نازی کێشان.

– دانیشە منداڵەکان لە باوەش بگرە تاوەکو بەرچایی ئامادە دەکەم.

– باشە، با دەموچاوم بشۆرم، تۆیش بەرچایی بۆ هاوڕێیان ئامادە بکە.

کاتێک هەرچوارمان بە دیار سفرەکەوە دانیشتین، یەکسەر خەم دایگرتم و گوتم:

– سوپاس بۆ خوا! دەترسام ئیتر هەرگیز پێکەوە نەبین.

حەمید بە نیگایەکی پڕ سۆزەوە گوتی:

– تا ئێستا هیچ ڕووی نەداوە، خۆ تۆ لەگەڵ کەس قسەت نەکردووە؟

– نە، تەنانەت بە دایک و باوکتیشم نەوتووە، هەرچەندە وردەکۆڵیی زۆریان دەکرد و هەواڵتیان دەپرسی، لە بیرت نەچێت، هەر دەبێت تەلەفۆنیان بۆ بکەی دەنا هەروەکو خۆت دەڵێی وتەوت دەست پێ دەکات.

– بابە منیش بە کەسم نەوتووە، وریا بووم، ئەمیش نەزانێت.

حەمید، بەسەرسوورِمانەوە سەیری کرد، بەسەر ئاماژەم پێ دا کە نیگەران نەبێ و گوتم:

– بەڵێ، سیامەک هاریکارییەکی باشی کرد، ڕازپارێزێکی باشە.

مەسعوود بە شێوازە منداڵانە شیرینەکەیەوە گوتی:

– منیش ڕازدارم، منیش ڕازدارم.

– دەبڕۆ بابە، تۆ منداڵی، نازانی.

– من منداڵ نیم، دەزانم.

– بێدەنگ بن، مەعسووم گوێ بگرە، بۆ نیوەڕۆ شتێکمان بۆ لێ بنێ و بڕۆ بۆ ماڵی باوکت، هەر کاتێک کە تەلەفۆنم کرد، وەرەوە.

– کەی تەلەفۆن دەکەیت؟ ناشێ ناچار بم لەوێ بمێنمەوە.

– هەر دەبێ ئەمشەو لەوێ بمێنیتەوە.

– ئاخر چییان پێ بڵێم، وادەزانن تۆراوم.

– قەیناکا، با وا بزانن تۆراوی، بەڵام هەتاوەکو من تەلەفۆن نەکەم نابێت بە هیچ شێوەیەک بێیتەوە، تێ دەگەی؟

– بەڵێ، بەڵام سەرئەنجام ئەم کارانەی تۆ شتێکمان بەسەر دەهێنێت، خوا ڕەحم بکات، ئەمە هەفتەیەکە من لە نیگەرانیدا شەو و ڕۆژم نەبووە، توخوا ئەگەر شتێکت لە ناو ئەم ماڵەدا هەیە بیبەرە دەرەوە، زۆر دەترسم.

– تۆ ماڵەکە چۆل بکە، ئێمەش وا دەکەین.

سیامەک بە زیزی و خەمخۆرییەوە گوتی:

– بابە، بهێڵە من بمێنمەوە.

بە سەر ئاماژەم بۆ حەمید کرد کە قسەی لەگەڵ بکات، من و مەسعوود بۆ چێشتخانەکە ڕۆیشتین، ئەوان لەبەرامبەر یەکتر دانیشتن، حەمید بەجیددی و

ئارام قسەی دەکرد و سیامەک بە وردی و وشیارییەوە گوێی دەگرت، ئەو ڕۆژە، هەڵسوکەوتی سیامەکی شەش ساڵ و نیوەی من وەکو پیاوێکی گەورە و بەرپرسیار بوو کە دەیزانی ئەرکێکی لەسەر شانە، ئەو جانتا قورسەی کە پێچابوومەوە بەقورسی هەڵی گرت، ماڵئاواییمان لە حەمید کرد و بۆ ماڵی باوکم ڕۆیشتین. سەرتاسەری ڕێگەکە، سیامەک بێدەنگ و ئارام بوو، نەمدەزانی چ شتێک بەناو سەرە بچکۆلانەکەیدا تێ دەپەڕێت. لە ماڵی باوکیشمدا نە یاری دەکرد نەش دەنگ و سەدای دەردەچوو، لە قەراخ حەوزەکە دانیشتبوو و سەیری ماسییە سوورەکانی دەکرد، تەنانەت پاش نیوەڕۆش کە ئیحتیرام سادات هاتەوە، بە بینینی غوڵامەلیش نەبزوا و نە شەڕی کرد و نەیش کاری تێکدەرانە، باوکم بە ئاماژەی سەر پرسیاری کرد:

– چییەتی؟

– هیچ باوکە گیان، گەورە بووە، بووەتە پیاو!

ئینجا بە زەردەخەنەیەکەوە سەیریم کرد، سەری بەرزەوە کرد و بزەیەکی بۆ کردم، چ ئاسوودەیی و سەنگینییەک لە ڕووخساریدا هەبوو! ئێستا ئیتر من و حەمید و سیامەک ڕازی هاوبەشمان هەبوو، ئەویش ڕازێکی ئێجگار گرینگ، ئێمە خێزانێکی بە دڵ لە یەکتر نزیک بووین و مەسعوود منداڵە بچکۆلەی هەموومان بوو.

وەکو ئەوەی چاوەڕوانیم دەکرد، دایکم سەری لە هاتنی ناوەختی ئێمە سووڕما، بە درێژاییی ڕێگەکە بیرم لەوە دەکردەوە، کە چی پێ بڵێم و چ بیانوویەک بۆ نەڕۆیشتنەوەم بهێنمەوە! هەرکە ئێمەی بینی گوتی:

– خێرە ئیشەڵڵا، چی بووە وا ڕێگەتان کەوتووەتە ئەم ناوە؟ ئەویش بەم بنەوبارەوە.

– حەمید میوانی پیاوانەی هەبوو، هەموو هاوڕێ و کرێکارەکانی چاپخانەکە دەهاتن بۆ ئەوێ، ئەویش وتی ئەگەر من لە ماڵەوە نەبم، بۆ ئەوان خۆشترە، هەندێکیشیان لە لادێوە هاتبوون و شەو دەمێننەوە، حەمید وتی، تاکو ئەمان لێرەن پێویست ناکات تۆ بێیتەوە، کە هەموویان ڕۆیشتنەوە، خۆم بۆ شوێنت دێم.

– سەیرە، نەمزانیبوو حەمید ئاغا ئەوەندە بە غیرەتە!

– ئێ باشە پیاوان کاتێک کۆدەبنەوە، دەیانەوێت ئازاد بن، قسەگەلێک دەکەن کە نابێت لە بەردەم ژن بیلێن، منیش چەند قەوارە پارچەیەکم هەبوو دەمویست فاتی بۆم بدوورێت، وتم ئەمە باشترین هەلە.

مانەوەم لە ماڵی باوکم دوو شەو و سێ ڕۆژ درێژەی کێشا، لەم ماوەیەدا، هەرچەندە نیگەرانیش بووم، بەڵام زۆر خۆشم بەسەر برد، پەروین خانم کراس و دامەنێکی زۆر جوانی بۆ درووم و فاتیش دوو کراسی ناومالی گولدار، کۆلێک قسەمان کرد و پێ کەنین، دایکم هەفتەی پێشوو لە قوم هاتبووەوە، دنیایەک هەواڵی تازەی خزم و دراوسێ و ناسیاوەکانی پێ بوو، هەر لەوێ زانیم کە مەحبووبەش کەوا کچێکی هەبوو، ئێستا سکی بە دووەمین منداڵ پڕە، دایکم دەیگوت:

– دیارە ئەمەشیان هەر کچە، لە ڕەوت و شێوەیدا دیارە، نازانێت کاتێک باسی کوڕەکانی تۆ و مەحمود دەکەم، چ ئاگرێک دەگرن، کچەکەی هەروەکو منداڵی خودی مەحبووبە، سپی و خوێن ساردە.

– وای دایە، مەحبووبە بە منداڵی بەو قژە ڕەش و لوولەیەوە، زۆر جوان بوو، لەم دەور و زەمانەشدا کچ و کوڕ جیاوازییان نییە، ئیتر پێویست ناکات ئیرەیی بە من و مەحمود بەرێت.

– وەی چۆن جیاوازیی نییە! ئێوە خۆتان هەر ئاوهان، شتی خۆتان بەلاتانەوە بەهای نییە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، تا حەزکەی بە فیز و لە خۆبایین، ئێستایش کە دەولەمەند بوونە بە سێبەرەکەیان دەلێن "برۆ ئەولاوە" کەچی کاتێ باسی کار و ژیان و داهاتی ئاغا مەحموودم دەکرد، خەریک بوون لە ئیرەییدا شەق بەرن.

– ئەرێ دایە گیان بۆچی ئیرەیی بەرن، خۆ تۆ دەلێیت ئەوان ئەوەندە و ئەوەندە دەولەمەندن؟

– با وا بن، هەر چاویان بە ئێمەدا هەلنایەت، دەیانەوێ ئێمە نەدار بین، بە ڕاست پوورت دەیگوت، ئەمسال مێردەکەی مەحبووبە دەیویست بیباتە فەرەنسا، کەچی مەحبووبە ڕازی نەبووە.

– وای بۆ!؟ چ کەرە!؟

– ئەرێ ڕۆڵە بڕوا لەوێ چی بکات، لەوێ هەموو شتێک گلاوە، چۆن نوێژ بکات؟

بە ڕاست ئەوەشت پێ بڵێم، بەڵام با لەلای خۆت بمێنێت، مامی ئیحتیرام ساداتییان گرتووە، مەحموود زۆر بە پەرۆشە، دەترسێت بۆ کار و پیشەکەی خراپ بێت.

– وای!؟ کێ گرتوویەتی؟

– دیارە پیاوانی ئاسایش، وادیارە لەسەر نییەر (مینبەر) هەندێک قسەی کردووە.

– بە ڕاستتە؟ ئافەرین، چەند ئازایە، لێی نەدەوەشایەوە، چەنێکە؟

– یەک دوو هەفتەیە، دەڵێن بە مقاش گۆشتی گیانی لەت لەت دەکەن.

لەرزێکم پێ دا هات، لە دڵ خۆمەوە گوتم، خوایە بەزەییت بە حەمیددا بێتەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێیەم، حەمید بە ئۆتۆمۆبێلێکی ژیانی* زەرد، هاتە شوێنمان، منداڵەکان بە بینینی ئەو و ئۆتۆمۆبێلەکە زۆر دڵخۆش بوون. بە پێچەوانەی هەموو جارێکەوە، پەلەی نەبوو، لەسەر تەختەکە دانیشت و لەگەڵ باوکم چایی خواردەوە و قسەی کرد، لە کاتی ماڵئاواییدا باوکم گوتی:

– سوپاس بۆ خوا، بیرم ئاسوودە بوو، پێم وابوو خوا نەخواستە شەڕتان بووە، خەمم بوو. بەڵام ئەوەش بڵێم کە ئەم سێ ڕۆژە بۆ من زۆر بە خۆشی تێ پەڕی، کاتێک ئێوەم لەم ماڵەدا بینی، ڕوحم نوێ بووەوە.

لەبەرئەوەی ئەو خەسڵەتە لە باوکمدا نەبوو، و هیچ کاتێک لەم جۆرە قسانەی نەدەکرد، بۆیە زۆر کەوتینە ژێر کاریگەریی قسەکانیەوە. لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا بەرەو ماڵەوە، هەواڵی هەندێ لە خزمانم بۆ حەمید باس کرد، بە تایبەتیش گرتنی مامی ئیحتیرام سادات، سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

– ئەم ساواکە بیژووە، چ گیانێکی وەبەردا هاتووە، کەوتووەتە گیان هەموو کۆمەڵەکان.

پێم خۆش نەبوو ئەم قسانە لە بەردەم سیامەک درێژەی هەبێت، گوتم:

– ئەم ئۆتۆمۆبێلەت لە کوێ بوو؟

* ژیان: ماشێنی Citroin فەرانسەییە، لە ئێران پێی دەوترێت ژیان.

– ئەمە ئێستا بە دەستی منەوەیە، دەبێت هەندێ شوێن پاکسازی بکەم.

– کەواتە، بە ئەرک نەبێت لە ماڵی خۆمانەوە دەست پێ بکە.

– ئەوێ تەواو بوو، سەبارەت بەوێ ئیتر بێ خەمم، ئەم هەفتەیە زۆرم خەم بوو، ئەگەر بۆ ئەوێ دەهاتن، هەموومان لە سێدارە درابووین.

– توخوا حەمید بەزەییەکت بەم منداڵە بێ گوناهانە بێتەوە.

– من تا ئەوپەڕی توانا وریا بووم، هەر بۆیەش ئێستا تاقە شوێنێکی ئاسوودە ماڵی خۆمانە.

وێڕای ئەوەی کە دەنگەدەنگی ماشێنەکە بەرز بوو و ئێمەش کە لە کورسییەکەی پێشەوە دانیشتبووین، بەهێواشی قسەمان دەکرد، کەچی سەرنجم دا سیامەک لە پشتەوە بەوپەڕی دیقەتەوە گوێ لە قسەکانمان دەگرێت.

– منداڵەکان وس بن...!

حەمید ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی سیامەکی کرد و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– ئەم چیی تر منداڵ نییە، پیاوێکە بۆ خۆی، بڕیاریش وایە لە کاتی نەبوونی مندا ئاگای لێتان بێت.

سەرتاپای بوونی سیامەک نوقمی خۆبەزلزانین بووبوو و چاوەکانی دەبریسکانەوە. هەرکە گەیشتینە ماڵ، چوومە ژێر زەمینەکە، قفڵی دەرگاکەی پشتەوە نەمابوو، بێجگە لە کەلوپەلی ئاسایی شتێکی ئەوتۆ نەدەبینرا، لەبەر خۆمەوە گوتم: دەبێت سبەی بەیانی، بە ڕۆژی ڕووناک پێداچوونەوەیەکی باش بکەم، نەوەکو شتێک بەجێ مابێت. سیامەک هەر بە دوای حەمیدەوە بوو، تەنانەت نەشیهێشت من بیشۆرم، گوتی:

– من بوومەتە پیاو، لەگەڵ باوکم بۆ گەرماو دەڕۆم.

من و حەمید، تەماشای یەکترمان کرد و پێ کەنین. لە دوای من و مەسعوود ئەوان خۆیان شۆرد، تا ڕادەیەک دەنگدانەوەی قسەکردنەکانیانم دەبیست کە لە فەزای گەرماوەکەدا دەنگی دەدایەوە، چەندە دڵگیر بوو، هەرچەندە حەمید زۆر کەم لە ماڵەوە لەگەڵ ئێمەدا دەبوو، کەچی بە ڕاستی پێوەندیی ئەم کوڕ و باوکە زۆر لە یەکترەوە نزیک بوو.

هەتاکو چەند ڕۆژی دواتر، حەمید کاری هەبوو و سەرقاڵ بوو، بەڵام لە پاش ئەوە زۆرترینی کاتەکەی لە ماڵەوە بەسەر دەبرد. لەوە دەچوو شوێنێکی ئەوتۆ نەبوو بۆی بڕوا، هاوڕێکانیشی دەنگیان نەبوو، وەکو هەموو پیاوانی تر سەرلەبەیانیان بۆ کارخانە دەڕۆیشت و دوای نیوەڕوان لە ماڵەوە دەمایەوە. ئەم دۆخە پەشێوی دەکرد، منیش سوودم لەو بارە وەرگرت و لەگەڵ منداڵەکاندا بۆ بازاڕ و پارکەکانم دەنارد، ئەو کارەی کە هەرگیز نەیکردبوو، پێم وابێت ئەو ڕۆژگارە یەکێک لە خۆشترین ڕۆژەکانی منداڵەکانم بوون، ئەزموونی هەبوونی دایک و باوک و ژیانێکی ئاسایی، کە لەوانەیە بۆ خەڵکی تر بە هیچ شێوەیەک شایانی سەرنج و سوپاسگوزاری نەبێت، کەچی بۆ ئێمە هێندەی دنیایەک بایەخدار بوو. هێدی هێدی ئەوەندە ڕوودار بووم، پێشنیاری ئەوەم بۆ حەمید کرد کە چەند ڕۆژێک بۆ سەفەر بڕۆین.

– با بڕۆین بۆ باکور، وەکو ئەو ساڵەی کە سیامەک تازە لە دایک بووبوو.

حەمید بە نیگایەکی خۆتاکەوە گوتی:

– نە، نابێت، من چاوەڕوانی هەواڵم، دەبێت یان لە ماڵەوە بم یانیش لە چاپخانە.

– تەنیا دوو ڕۆژ، ئەمە دوو مانگ و نیوە هیچ نەبووە، هەفتەیەکی تریش قوتابخانە دەکرێتەوە، وەرە با بڕۆین بۆ سەفەر، با وەکو یادگارییەکی خۆش بۆ منداڵەکان بمێنێتەوە، هیچ نەبێت جارێ لەگەڵ دایک و باوکیان سەفەریان کردبێت.

منداڵەکانیش ئاوێزانی بوون، مەسعوود، هەرچەندە نەیدەزانی سەفەرکردن چییە، دەپاڕایەوە. سیامەک قسەی نەدەکرد، بەڵام دەستی حەمیدی گرتبوو و بە چاوێکی پڕ ئارەزووەوە تەماشای دەکرد. دەمزانی کە هەر ئەو سەیرکردنە ئەوی نەرم دەکرد، دەبوایە بەردەوام بوایە.

– ئەزانی، مێردەکەی مەنسوورە، ڤیلایەکی لە باکور کڕیوە، هەموو جارێ دەڵێت، هەموویان بۆ ئەو ڤیلایە ڕۆیشتوون، هەر ئێوە نەبێت؛ ئەگەر حەز ئەکەیت دایک و باوکیشت لەگەڵ خۆماندا دەبەین، سەرئەنجام ئەوانیش مافی خۆیانە، ئاواتە خوازن لەگەڵ کوڕەکەیاندا بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژی بڕۆن، دەتوانین هەر بەو ئۆتۆمۆبێلەش بڕۆین.

– نە، ئەم ئۆتۆمۆبێلە بەرگەی چاڵ و چۆڵی جادە ناگرێت!

– باشــە، لە هەرازەوە* دەڕۆین، خـۆت گـوتت ئۆتـۆمـۆبێلەکـە تازەیە، بۆ بـەرگـە ناگرێ؟ لەسەرخۆ دەڕۆین.

منداڵەکـان هەر تکایان دەکرد، بە مـاچێکی سیـامـەک لەسـەر دەسـتی حـەمـید، کـارەکە بە ئەنجـام گەیشت و ئێمـە براوە بووین. باوک و دایـکی نەهـاتن، بەڵام بەوە دڵخـۆش بوون کـە ئێمـە پاش ئەم هەمـوو سـاڵە، وەکـو خـێـزانێکی ڕاسـتـەقـینە دەمانەوێت پێکەوە سەفەر بکەین.

مـەنسـووورە لە باکـور بوو، بـە تەلەفـۆن لەگـەڵ حـەمـیـد قـسـەیان کـرد و بە شـادمـانییـەوە ناوونیـشـانەکـەی پێ دا، سـەرئەنجـام، پاش ئەم هەمـوو پاڕانەوە و هەڵخراندنە کەوتینە ڕێ.

کـاتێک لە شـار بە دەر کـەوتین، دەتگوت پێ دەنێینـە دنیـایەکی ترەوە. منداڵەکان بە ڕادەیەک لـە ڕوانینی چیـاو دۆڵ و دەشـتـەکـاندا ون بووبوون بۆ مـاوەیەکی زۆر هـەریەکـەیان بە جامـێکی ماشـێنەکەوە چەسپا بوون، تەمـاشـای دەرەوەیـان دەکرد و دەنگیـان لێـوە نەدەهـات. حـەمـیـد لەبەرخـۆیـەوە ئاوازێکی دەگـوت و منیش لەگـەڵی دەمگـوتەوە. دڵم لێـوانلێـوی وزە و شـادی بـوو. بە دەم نزای سـەفـەرەوە لە خـوا پاڕامـەوە کە بەخـتـەوەری و پێکەوەییمـان لێ نەسـێنێت. مـاشـینەکە بەهێـواشـی سەرەو ژووری دەبڕی، بەڵام گرینگ نەبوو، ئاواتەخـواز بووم تا هەتایە ئەم سـەفەرە بەردەوام بێت. بۆ نـانـی نـیـوەڕۆ شـفـتـەم سـوورەوە کـردبـوو، لە شـوێنێکی خـۆش دیمەندا وەسـتاین و نانی نیوەڕۆمان خـوارد، بۆ ماوەیەک منداڵەکان ڕاوڕاوەکێیان کرد، دەنگی پێکەنینەکەیان دڵی دەلاواندمەوە، بە حەمیدم گوت:

– سـەیرە، هەڵسـوکـەوتی سیـامـەک زۆر گۆڕاوە، سـەرنجت داوە چـەندە هێـمن و ڕووخـۆش و گـوێڕایەڵ بووە! لە بیـرم نایـەت دوا شـەڕمـان کـەی بوو، کـەچی جـاران ڕۆژ نەبوو شەڕ و دەمەقاڵەیەکی ڕاستەقینەمان نەبێت.

– ئێسـتاش من نازانم بۆچی تۆ ئـەم هەمـوو کێشـەیەت لەگەڵ ئەم منداڵەدا هەیە، لە کاتێکدا من پێم وایە زۆر کوڕی چاکە، وا دیارە من لە تۆ زیاتر لێی تێ دەگەم.

– نە ئازیزەکەم، تۆ هـەر وای دەبینی کە خۆت لێرەیت، کەچی کە تـۆ لێرە نیت بە

---

* هەراز: ناوی جادەیەکی بەناوبانگە لە باکوری ئێران.

بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵەدا کە لەم دوو مانگەدا ڕۆژانە دەیبینی، کەسێکی ترە، لە زەوییەوە تا ئاسمان جیاوازییان هەیە، وابزانم تۆ بۆ ئەو وەکو حەبی ئارامکەرەوەی.

– ئاااااه... وا مەڵێ! نامەوێت کەس بەو شێوەیە هۆگری من بێت.

– بەڵام زۆر کەس هۆگری تۆیە، خۆ ئەمە بە دەست تۆ نییە.

– بیرکردنەوە لەمەش ئازارم دەدا، عەقڵم دەشێوێنێت.

– باشە با وازی لێ بهێنین، هەر باسیشی ناکەین، لەم ڕۆژە خۆشانە چێژ وەردەگرین، هەوڵ بدە بیری لێ نەکەیتەوە.

مەنسوورە، ژوورێکی دڵگیری بۆ ئامادە کردبووین کە پەنجەرەی ڕوو لە دەریای هەبوو، حەمید بە بەرچاوی ئەوانەوە نەیدەتوانی نوێنەکەی بۆ ژوورێکی تر بەرێت و ناچار بوو لەتەنیشتمەوە بخەوێت. هەموومان لە خۆرەتاو و دەریا چێژمان وەردەگرت، هەوڵم دا جارێکی تر لەبەر خۆرەتاوەکە بسووتێمەوە، قژم دەکردەوە، جلی ڕەنگ شاد، ئێخە کراوەم لەبەر دەکرد، کە تازە درووبووم، بۆ ئەوەی جارێکی تریش سەرنجی پەسندئامێزی حەمید بەلای خۆمدا ڕاکێشم، چەند پێویستیم بە خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەو بوو! تاوەکو سەرئەنجام، لە شەوی سێیەمدا پشووی بەسەرچوو و بەڵێنە چەند ساڵەکەی خۆی شکاند و لە ئامێزی گرتم.

ئەو سەفەرە خۆش و فەرامۆش نەکراوە، ئێمەی پتر و پتر لە یەکتر نزیک کردەوە. دەمزانی بێجگە لە خانەداری، ئەو چاوەڕوانیی تریشی لێم هەبوو، هێندەی بمتوانیبایە کتێبم دەخوێندەوە و لەبارەی ئەو شتانەی کە بە درێژاییی ئەم چەند ساڵە لە کتێبەکانی ئەو فێری بووبووم، دەمخستە بەر گفتوگۆ، هەوڵم دەدا لە ڕێگەی هاوبیری و گفتوگۆ سەبارەت بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، تا ڕادەیەک بۆشاییی دووری هاوڕێکانی قەرەبوو بکەمەوە. ئەو وردە وردە بەوە گەیشتبوو کە منیش وشیاری و زانیاریم لە چەمکە سیاسییەکاندا هەیە و تەنانەت باوەڕی بەوەش هێنا بوو کە زیرەک و بیرتیژم، چیی تر لە گۆشەنیگای ئەوەوە ژنێکی منداڵ یاخۆ دواکەوتوو نەبووم. ڕۆژێکیان بەشێکم لە کتێبێکی بۆ باس دەکرد کە خۆی لەبیری نەمابوو، گوتی:

– بەڕاستی جێگەی داخە، بەو هەموو زیرەکییەتەوە لەسەر خوێندن بەردەوام

نەبوویت، بەڕاست، بۆچی لە کۆنکور* بەشداری ناکەیت، دڵنیام ئەگەر بخوێنی زۆر پێش دەکەوی.

– پێم وانییە سەرکەوتوو بم، زمانی ئینگلیزییەکەم باش نییە، ئەی منداڵەکان چی لێ بکەم؟

– هەر ئەوە بکە کە بۆ وەرگرتنی دیپلۆمەکەت کردت، ئێستا منداڵەکانیش گەورەتر بوونە و ئەرکت کەمترە، بۆ پۆلی فێربوونی زمان برۆ، یا هەر بۆ پۆلێکی کۆنکور ناوی خۆت تۆمارکە، تۆ هەرچییەکت بوێت لە تواناتدا هەیە بەجێی بهێنیت.

لە پاش هەشت ساڵ بەدواوە، تازە خەریک بووم واتای ژیانی خێزانیم دەچێشت، بە هەموو بوونمەوە تامی ساتە دڵگیرەکانیم دەکرد. پایزی ئەو ساڵە، لە بوونی حەمید لە ماڵەوە سوودم وەرگرت و بۆ دوای نیوەڕوانەکانی ناوی خۆم لە پۆلێکی کۆنکور تۆمار کرد، نەمدەزانی تاکەی بەرنامەی ئەو بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، بەڵام هەوڵم دەدا لەو ڕۆژگارە بە نرخ و پڕ دەسکەوتە ئەوپەڕی سوود وەربگرم. لە دڵی خۆمەوە دەمگوت، لەوانەیە کۆمەڵەکەیان لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە و ئیتر دەتوانین بۆ هەتا هەتایە ژیانێکی خێزانیی ڕاستەقینە و دڵگیرمان هەبێت، هەرچەندە حەمید هەموو کاتێک تووڕە و نیگەران بوو و چاوەڕوانی تەلەفۆن بوو، بەڵام ئەم دۆخەش سەرئەنجام هەر کۆتاییی پێ دەهات. هێشتا من لەبارەی کۆمەڵەکەیانەوە هیچم نەدەزانی، جارێکیان لەمیانەی گفتوگۆ سیاسییەکانمان پرسیارێکم لەو بارەیەوە کرد، گوتی:

– نە! سەبارەت بە هاوڕێکانم و چالاکییەکانی ئێمە پرسیار مەکە، نەک لەبەرئەوەی کە بڕوام پێت نییە، یاخۆ تۆ تێ ناگەی، بەڵکو لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە زانیاریت کەمتر بێت، ئاسایشت پتر دەبێت و کەمتر لەژێر هەڕەشەدا دەبی.

چیی تر منیش لەو بارەوە وردەکۆڵیم نەدەکرد.

پایز و زستانی ئەو ساڵە بەهێمنی بەسەرچوو، بەرنامەی حەمید شێوازێکی

* کۆنکور: تاقیکردنەوەیەکی سەرتاسەرییە لە ئێران، کە بۆ ئامادەکاری دەدرێت بۆ ڕۆیشتن بۆ زانکۆ.

نوێی بە خۆوە گرت، هەفتەی جارێک یان دوو هەفتە جارێ، چەند تەلەفۆنێکی بۆ دەکرا، یەک دوو ڕۆژێ ون دەبوو. لە بەهاردا دڵنیای کردمەوە کە هیچ ترسێکیان لەسەر نەماوە، شوێن پێیان لە هیچ شوێنێکدا هەڵنەگیراوە، تا ڕادەیەک هەموویان لە شوێنی ئاسوودەدا جێی خۆیان گرتووە.

– یانی ئەم هەموو کاتە جێگە و ڕێگەیان نەبوو؟

– نە، ئەوان هەڵاتوو بوون، لە پاش گـــیـــرانی ئەو چەند کـــەســـە زۆربەی ناوونیشانەکان ئاشکرا بوون، ئیتر هاوڕێیان ناچار بوون ماڵەکان چۆڵ بکەن.

– یانی شارەزاد و مەهدیش ماڵەکەی خۆیان چۆڵ کرد؟

– ئەوان لە کەسە یەکەمەکان بوون، تەنیا توانییان نووسراوە و بەڵگەکان ڕزگار بکەن، هەموو ماڵ و حاڵیان فەوتا.

– کەلوپەلی زۆریان هەبوو؟

– ئوووە... کەسوکاری شارەزاد هێندەی کەلوپەلی دوو خێزان جیازییان بە شارەزاد دابوو، هەرچەندە بە درێژاییی ئەم ماوەیە زۆر شتی بەخشیبوو، بەڵام هێشتا هەر کەلوپەلی زۆریان هەبوو.

– لە دوای جێهێشتنی ماڵەکەیان بۆ کوێ ڕۆیشتن، بە بێ شتومەک چییان کرد؟

– ئوووە لەسەرەخۆ بە...! ئیتر مەچۆرە ناو وردەکارییەکانەوە.

لە بەهار و هاویندا، چەند جارێک حەمید بۆ سەفەری نیمچە درێژخایەن دەرۆیشت. باری دەروونیی باش بوو، وریا بووم کەس بە نەبوونی ئەو نەزانێت، لە پاڵیشەوە وانەکانم دەخوێند و خۆم بۆ کۆنکور ئامادە دەکرد. وەرگیرانم لە کۆنکور، ئەوەندەی کە من و حەمیدی دڵخۆش کرد، هێندەش بوو بەهۆی سەرسووڕمانی خێزانەکانمان، کاردانەوەکان زۆر لەیەکتر جیاواز بوون، دایکم گوتی:

– بۆچی بۆ زانکۆ دەڕۆی؟ بۆ دەتەوێت ببیتە دوکتۆر؟

(بە بۆچوونی ئەو خەڵکی تەنیا بۆ بوونە دوکتۆر بۆ زانکۆ دەڕۆیشتن). باوکم بەخۆشحاڵی، سەرسوڕمان و شانازییەوە گوتی:

– بەڕێوەبەرەکەتان گوتی چەند ئامادەییت تێدایە، من دەمزانی، خۆزگە هیچ نەبوایە یەکێک لەم کوڕانە وەکو تۆ بوونایە.

عەلی و مەحموود لەو باوەڕەدا بوون کە هێشتا دەستم لە نازونووز هەڵنەگرتووە و لەبەرئەوەی هاوسەرەکەشم ئەوەندە جەربەزە و پیاو نییە، بۆیە نەیتوانیوە پێشم لێ بگرێت. لە لووتکەی فریندا بووم، هەستم بە شکۆ و شانازی دەکرد، هەموو شتێک بەپێی خواستەکانی خۆم بوو. داوەتێکی گەورەم بەڕێ خست، پێی مەنیژەشم کردەوە، کە ماوەیەک بەسەر شووکردنەکەیدا تێپەڕیبوو و کاتی بانگکردنیانم نەبوو. لەم میوانییەدا، پاش چەندان ساڵ بنەماڵەی من و حەمید پێکەوە کۆبوونەوە، دیارە مەحموود و عەلی نەهاتن، بە بیانووی ئەوەی گوایە ژنی بێ حیجاب لە میوانداریيەکەدا هەیە، بەڵام ئیحتیرام سادات و منداڵەکان هاتبوون و ئەوەندەی پێویست قەرەباڵخیان کردبوو. من هێندە شاد و بەختەوەر بووم کە هیچ شتێک دڵتەنگی نەدەکردم و نەمدەتوانی زەردەخەنە لەسەر لێوم دووربخەمەوە.

ژیانم ڕەوتێکی نوێی لەخۆ گرت، ناوی مەسعوودم لە باخچەیەکی ساوایانی نزیک ماڵەکەمان تۆمار کرد، زۆربەی کارەکانم بە شەو دەکرد، بۆ ئەوەی بەیانییەکەی بە مێشکێکی ئاسوودەوە بۆ زانکۆ بڕۆم و هیچ کەموکوڕییەک ڕووبەڕووی حەمید و منداڵەکان نەبێتەوە.

ئاووهەوا ساردی کردبوو، بای پایزی چڵە وشکەکانی دارەکەی لە پەنجەرەکە دەدا، ئەو بارانەی لە دوای نیوەڕۆوە دەستی پێ کردبوو تێکەڵ بە بەفر بووبوو و بەخوڕ دەباری، حەمید تازە خەوی لێ کەوتبوو، لەبەر خۆمەوە گوتم: زستان لە پڕ هات، باش بوو جلی زستانەم دەرهێنا. کاژێر نزیکی یەک بوو، خەریک بووم خۆم بۆ خەو ئامادە بکەم کە دەنگی زەنگی دەرگەکە لە خاچی دام، دڵم داخورپا، تۆزێک ئارامم گرت، لەبەر خۆمەوە وتم: دیارە بە هەڵەدا چووم، بینیم حەمید سەرگەردان و پەشێو لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستاوە، چاومان لە یەکتر بڕی، بە دەنگێکەوە کە بەئاستەم لە قوڕگمەوە دەردەهات گوتم:

– تۆش گوێت لێ بوو؟

– بەڵێ...!

– ئێستا چی بکەین؟

لە کاتێکدا پانتۆڵەکەی لە سەر بیجامەکەوە لە پێ دەکرد، گوتی:

– هەتا پێت دەکرێت دوایان بخە، من لە ڕێگەکەی پشت سەربانەکەوە و ئەو

ڕێیانەی کە پێشتر دەستنیشانم کردووە، دەڕۆم، ئینجا تۆ دەرگاکە بکەرەوە، ئەگەر هەر شتێکی مەترسیدار ڕووی دا، هەموو گڵۆپەکان داگیرسێنە.

چاکەتەکەی بەسەر ژێر کراسەکەدا لەبەرکرد و بەرەو لای پشتی سەربانەکەوە هەڵات.

– ڕاوەستە، پاڵتاوێ، چاکەتێ، شتێک بەرە.

زەنگەکە بێ پشوو لێی دەدا.

– کات نییە، بڕۆ.

لە نیوە ڕێگەی پشت سەربانەکەوە، ئەو چاکەتەی کە لە دەستم بوو، بۆم هەڵدا. هەوڵم دا هێمن ببمەوە و خۆم خەواڵوو نیشان بدەم، پەتوویەکم لە خۆم پێچا و لە پلیکانەکە هاتمە خوارەوە، وەکو داربی دەلەرزیم، ئەمجارە ئیدی بە مشتەکۆڵەش لە دەرگەکەیان دەدا، گڵۆپەکەم داگیرساند بۆ ئەوەی حەمید لەوێوە باشتر بتوانێت چاوی لێ بێت و دەرگاکەم کردەوە، ئەو کەسەی کە لە دەرەوە بوو، بەپەلە پاڵی بە دەرگاکەوە نا، خۆی خستە ناو حەوشەکەوە و دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست، ژنێک بوو، چارشێوێکی گوڵداری لەسەر بوو، دیاربوو هی خۆی نەبوو چونکە تا قولەپێی داپۆشیبوو، بەهەراس و حەپەساوییەوە تەماشایم کرد، چارشێوە تەڕەکە کەوتە سەر شانی، یەکسەر گوتم: شارەزاد...! بە ئاماژەی بێدەنگبوون، پەنجەی لەسەر لووتی دانا و گوتی:

– گڵۆپەکە بکوژێنەوە، ئەرێ ئەوە ئێوە بۆچی لە پێش هەموو شتێ گڵۆپ دادەگیرسێنن؟

سەیرێکی سەربانەکەم کرد و گڵۆپەکەم کوژاندەوە، قژ و جلەکانیشی تەڕ بوون.

– وەرە ژوورەوە، سەرمات دەبێ.

– وس... بێدەنگ...

چەند خولەکێک، هەر ئاوها لە لای دەرگاکە وەستاین و گوێمان ڕاگرت ئەگەر دەنگێ لە کۆڵانەکەوە بێت، دەنگ لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات، پاش چەند خولەکێک، وەکو چۆن یەکێک هەرچی وزەی هەیە لە دەستی دەدات، هەر بەوشێوەیەی پاڵی بە دەرگاکەوە نابوو، ئاوەهایش لەسەر زەوییەکە دانیشت، چارشێوەکە کەوتە سەر زەوی و دەستی خستە سەر ئەژنۆی و سەری لە نێوان

مەچەکەکانیدا شـاردەوە. قژی ئاوی لێ دەچۆڕا، ژێر باڵیم گرت، بەقورسـی لە زەوی بەرز بووەوە، نەیدەتوانی بڕوا، چارشێوەکەم هەڵگرت و دەستیم گرت، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان بووم، دەسـتی زۆر گەرم بوو، بێ هێز و بێ ورە لە تەکما هات، لە پلیکانەکان سەرکەوتین.

– دەبێت خۆت وشک بکەیتەوە، تۆ نەخۆشـی، وانییە؟

بە سـەر ئاماژەی کرد کە وایە.

– ئاوەکە گەرمە، بڕۆ ژێر دووشـەکەوە، جلەکانت لەوێ دابنێ، جلت بۆ دێنم.

بە بێدەنگ چووە گەرمـاوەکە، مـاوەیەک لەژێر دووشـەکە وەسـتا، ئەو جـلانەم بۆی ئامــادە کــرد کــە پێم وابوو بۆی دەبێت، لە ژووری مــیــوانەکــە نوێنم بۆ دانـا، لە گەرمـاوەکە هاتـە دەرەوە و جلەکانی لـەبەر کـرد، هیـچی نەدەگوت، لـە نیگاکانـیدا وێڵبوونی منداڵی ونبوو و بێ ئومێدی دەبینرا.

– دیارە برسیتە.

بە سـەر ئاماژەی نەخێری کرد.

– شیرم بۆت گەرم کردووەتەوە، دەبێت بیخۆی.

ملی دا و بێدەنگ شـیـرەکەی خواردەوە، بردمـە ژووری مـیـوانەکە، وا بزانم پێش ئەوەی لە ناو نوێنەکە جێی خـۆی بگرێت، خـەوی لێ کـەوت، دامـپـۆشـی، دەرگـاکـەم داخـست و هاتمە دەرەوە، ئینجـا حـەمـیدم بە بیـرهاتەوە، تۆ بڵـێی هێـشـتـا هەر لە سـەرەوە بێت؟ بەهێواشـی بـە پلیکانەکاندا سـەرکەوتم، حـەمـیـد لە پاڵ کۆمـاکـە کـە تۆزێ سێبەری هەبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو.

– زانیت کێ بوو؟

– بەڵێ، شارەزاد.

– ئەی بۆ لێرە وەستاوی؟ خۆ شارەزاد ترسێکی لەسـەر نییە؟

– بە ڕێککەوت زۆریش ترسناکە، چاوەڕوانم بزانم کەس بە دووی کـەوتووە یا نا، پێت وایە چەند بەسەر هاتنیدا تێ پەڕیوە؟

– نیــو کــاژێر، نا سێ چارەک، گــەر بە دووی بکـەوتنایـە تا ئێــســتــا شــتــێک دەردەکەوت، وانییە؟

– نا، بۆ دەست بەسەرا گرتنی ماڵی دەستەیەک، ماوەیەک چاوەڕوان دەبن بۆ ئەوەی هەموویان کۆ ببنەوە، هەر لە خۆیانەوە و بە خۆڕایی نادەنە سەر ماڵاندا.

– جارێکی تریش هەموو گیانم کەوتە لەرزە، ئەگەر بەسەر ماڵماندا بدەن چی بکەین؟ ئاخۆ ئێمەش دەگرن؟

– مەترسە، خۆ تۆ هیچت نەکردووە، ئەگەر بشتگرن هیچ نازانیت، بەرت دەدەن.

– بەڵام چۆن دەزانن ئاگام لە هیچ نییە؟ بێگومان لە دوای هەزار جۆرە ئەشکەنجە...! ئەی منداڵەکان؟

– لە خۆتەوە وا بیر مەکەرەوە، بەم سادەییەش نییە، دەبێت بەهێز بیت، بەم جۆرە بیرکردنەوانە ورەت دەڕووخێت، دەی قسەم بۆ بکە، شارەزاد چۆنە؟ چی گوت؟

– هیچ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت قسە بکات، پێم وابێت زۆر نەخۆشە، وا دیارە زۆر سەرمای بووە.

– ئەوان وەکو گای قەش دەرکەوتن، دەستنیشان کران، لە پێش هەموو کەسێک بەسەر ماڵی ئەوانیان دا، ساڵ و نیوێکە لە خۆشاردنەوەدا دەژین، ماوەیەکی زۆر لە لادێ بوون، تاوەکو شوێنێکی ئاسوودەمان بۆیان پێکەوە نا و هاتن، دیارە ئەوێیش ئاشکرا بووە.

– یانی ساڵ و نیوێکە ئەم داماوانە ئاوارەن؟

– بەڵێ...!

– مێردەکەی لە کوێیە؟

– مەهدی؟ نازانم پێکەوە بوون، وا دیارە شتێک ڕووی داوە وا ناچار بوونە لە یەکتر جیا ببنەوە... لەوانەیە گیرابێت؟

دڵم داخورپا، یەکەمین شتێک بە مێشکمدا هات ئەوەبوو کە مەهدی ماڵی ئێمە دەناسێت.

ئەو شەوە تاکو بەیانی حەمید لە سەربان ئێشکی گرت، جل و چاییی گەرمم بۆ برد، سەرلەبەیانی تۆزێ زووتر منداڵەکانم لە خەو هەڵساند، بەرچاییم پێدان و هەردووکیانم بە قوتابخانە و باخچەی ساوایان گەیاند. لە ڕێگە بەوردی تەماشای

ئەملا و ئەولام دەکرد، بۆ ئەوەی بزانم شتێکی نائاسایی سەرنجم ڕادەکێشێت یا نە، بە دوای مەبەستی شاراوەی هەموو سەیرکردن و جووڵەیەکی خەڵک دەگەرام. هەندێ شتم کڕی و گەڕامەوە. حەمید لە سەربان هاتبووە خوارەوە، کە بینیمی وتی:

– نازانم دەبێت چی بکەم، بۆ چاپخانە بڕۆم یا نە؟

– بە بۆچوونی من باشتر وایە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕەفتار بکەین، بۆ ئەوەی کەس گومان نەکات.

– لە دەرەوە سەرنجی شتێکی تایبەتت نەدا؟

– نە، وابزانم هەموو شتێ ئاسایی بوو، لەوانەشە هەر ئەو ئاساییی بوونە نائاسایی بێت، دەیانەوێت ئێمە نەکەوینە گومانەوە.

– دەباشە ئیتر بەدواداچوونی خەیاڵی بۆ مەکە، وابزانم دەبێت بوەستم تاوەکو لەگەڵ شارەزاد قسە بکەم، با بزانم چی ڕووی داوە، ئینجا بڕۆم، لەوانەیە کاری پێم بێت، هەڵی ناستێنی؟

– نە، گوناهە، زۆر ماندوو و نەخۆشە، دەتەوێت تەلەفۆن بکەم بۆ چاپخانە بڵێم ئەمڕۆ ناڕۆی؟ تا ئەو لە خەو هەڵدەستێت، تۆش کەمێک پشوو بدە.

– نە، پێویست ناکات، ئەوان بە نەبوونی من ڕاهاتوون، هیچ کاتێکیش هەواڵیان نادەمێ.

شارەزاد، تاکو یەکی پاش نیوەڕۆ، بێ هۆش و بێ چرپە لەناو نوێنەکە کەوتبوو. ئاش شێلمێکی* خۆشم لێنا، کەمێکیش گۆشتم بۆ کەباب دانا، زۆر ڕوون بوو کە پێویستی بە خۆ بەهێزکردن هەیە، بە بەراورد لەگەڵ دوا جاردا کە بینیبووم، جەستەی نیوە بووبوو، هەندێک حەبی هێمنکەرەوە و شەربەتی سینگ و تام هەبوو. هاتنەوەی منداڵەکان نزیک بووبووەوە، ناچار بووم بڕۆم بۆ لای، بەئەسپایی دەستم خستە سەر ناوچەوانی، هێشتا تا بەری نەدابوو، بێ پەروا لە خەو ڕاچڵەکی و لە جێیەکەی ڕاستەوە بوو، چەند خولەکێک بە نیگایەکی نا ئاشنا لە من و دەوروبەری ڕاما، دیاربوو کات و شوێنی ون کردبوو.

---

* ئاش شێلم: شلە چێشتێکی ئێرانییە، لە هەندێ ناوچەی کوردستانیشدا لێ دەنرێ.

– مەترسە، هێمن بە، منم مەعسووم، ئاسوودە بە ئێرە ئاسایشە.

لە پڕ، دەتگوت هەموو شتێکی بە بیردا هاتەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و خۆی بە سەر سەرینەکەدا بەردایەوە.

– زۆر لاواز بووی، هەستە ئاشم بۆت لێناوە، حەب و دەرمانەکەشت بخۆ، ئینجا جارێکی تریش بنوو، خراپ سەرمات بووە.

چاوە درشت و تادارەکەی خەمی لێ نیشتبوو، لێوەکانی دەلەرزین، خۆم تێ نەگەیاند و لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، حەمید لە هۆڵەکە دەهات و دەچوو.

– لە خەو هەستا؟ دەبێت قسەی لەگەڵ بکەم.

– بوەستە، با کەمێک بێتەوە سەرخۆ، شتێ بخوا، ئینجا...

ئاش و دەرمانەکانم بردە ژوورەوە، لە ناو جێیەکە دانیشتبوو، ئەو خاولییەی کە دوێنێ شەو بەستمە سەرییەوە، کرابووەوە و هێشتا قژی کەمێک شێدار بوو.

– تۆ دەست بە نان خواردن بکە، من دەڕۆم شانە و بوروس دێنم.

کەوچکێک ئاشی خستە دەمییەوە، تامی کرد و گوتی:

– وای... چێشتی گەرم، جا ئەویش ئاش! دەزانی چەنێکە خواردنی گەرمم نەخواردووە؟

دڵم داگیرا، هیچم نەگوت و لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە. حەمید هێشتا بێ پەروا چاوەڕوان بوو، دەهات و دەچوو.

– چییە...؟ چەندت پەلەیە! کەمێک ڕاوەستە، هەتا نانەکەی نەخوا نایەڵم قسەی لەگەڵدا بکەیت.

شانەیەکم برد و گەڕامەوە ژوورەکە، قژە لێک ئاڵۆزاوەکەی بە قورسی شانە دەکرا. وتی:

– سەد جار ویستم بڕۆم قژم لە بنەوە ببڕم، بەڵام بوار نەبوو.

– چی؟ بۆچی ئەم قژە جوان و پڕە لە بنەوە ببڕی؟ ژنی کەچەڵ زۆر ناشیرینە.

بە دەم بیرکردنەوە گوتی:

–ژن...! بەڵێ، بەڕاست من ژنم، لە بیرم چووبووەوە.

بە گاڵتەجارییەوە پێ کەنی، ئاشەکە تەواو بوو.

– کەمێ کەبابیشم دروست کردووە، دەبێت بیخۆی، بۆ ئەوەی بەهێز بیت.

– نە، ئێستا نا، دوایی. ئاخر من چل و هەشت کاژێر بوو هیچم نەخواردبوو، دەبێت لەسەرەخۆ نان بخۆم، دوایی کەمێکی تر ئاشم بۆ بێنە، حەمید لەماڵە؟

– بەڵێ، چاوەڕوانە قسەت لەگەڵ بکات، وا بزانم ئیتر پشووی لێ بڕاوە.

– پێی بڵێ با بێت، من ئێستا زۆر باشترم، وا دیارە گیانم وەبەردا هاتەوە.

قاپەکانم هەڵگرت، دەرگای ژوورەکەم کردەوە و گوتم: وەرە ژوورەوە.

هێند بە ئەدەب و تاسە و ڕێزەوە سڵاوی کرد، هەستم کرد لەگەڵ سەرۆکەکەی قسە دەکات، دەرگاکەم داخست، زیاتر لە کاژێرێک بە دەنگی نزم قسەیان کرد، منداڵەکان لە قوتابخانە هاتنەوە، سیامەک، هەرکە هاتە ژوورەوە، وەکو چۆن سەگ هەست بە بۆنی شتێکی نامۆ دەکات، گوتی:

– دایە، کێ لێرەیە؟

– یەکێ لە هاوڕێکانی باوکت، بەڵام بە کەس نەڵێی ها!

– دەزانم...

ڕووداوەکانی بەوردی خستبووە ژێر سەرنجەوە، خۆی وا نیشان دەدا کە لە پشت دەرگای ژوورەکە سەرقاڵی یارییە، بەڵام دەمزانی، هەموو جەستەی بووەتە گوێ و دەیەوێت شتێ ببیستێ، بانگم کرد و گوتم:

– بڕۆ چەند شووشەیەک شیرمان بۆ بکڕە.

– نا، ئێستا ناڕۆم.

بەپەلە گەڕایەوە شوێنی یارییەکەی.

حەمید لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، ئەو کاغەزانەی کە لە دەستیدا بوو خستییە گیرفانی چاکەتە هەڵواسراوەکەیەوە، لە کاتێکدا پێڵاوەکانی لە پێ دەکرد گوتی:

– شارەزاد جارێ لێرە دەمێنێتەوە، دەبێت من بڕۆم، ئەگەر درەنگ هاتمەوە یانیش ئەمشەو نەهاتمەوە نیگەران مەبە، بەدڵنیاییەوە سبەی دوای نیوەڕۆ دێمەوە.

چوومە ژووری میوانەکە، شارەزاد ڕاکشا بوو، گوتم:

– حەبەکانت خوارد؟

بە شەرمەوە لە جێیەکەی هەستا و گوتی:

– بێزارم کردی، دەبێت بمبووری، هەوڵ دەدەم هەرچی زووترە بڕۆم.

– تکایە، تۆ دەبێت پشــوو بدەی، ئێرەش مـاڵی خـۆتـە، هەتا بەتەواوەتی چاکەوە نەبیت نایەڵم لێرە بڕۆی.

– دەترسم کـێشـەیەکتـان بۆ دروست بێت، بە درێژاییی ئەم چەند سـاڵە هەوڵی ئێمە ئەوە بوو ئەم ماڵە بۆ تۆ و منداڵەکان پارێزراو بێت، کەچی دوێنێ شەو من ئەو ئاسـوودەییـیـەم خسـتە مـەترسیـیەوە، دەبێت ببـووری، دوو شەو و ڕۆژ بوو سـۆراخـی ئەمـلا و ئەولام دەکـرد، لە شـانسـی منیـشـدا لە پڕ ئاووهەوا سـاردی کـرد و بەفر و باران دای کرد، دۆخم خراپ بوو، تام لێ هـاتبـوو، سـات لە دوای سـاتیش تایەکەم زیـاتر دەبـوو، دەترســـام لـە ناوەڕاسـت جـــادەکـــە بکەوم، هیـچ چارەم نـەبوو دەنـا نەدەهاتم.

– کـارێکی زۆر باشتـان کرد وا هـاتن، ئێستـاش بیر لە هیچ شـتێک مەکەرەوە و بنوو، ئاسوودەش بە، هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

– توخوا ئەوەندە فەرمی قسەم لەگەڵ مەکە.

– باشە!

بەڵام بـە دەست خـــۆم نەبوو، بـەتەواوەتی نـەمـــدەزانـی چی شـــتـــێک بـەلای ئەودا ڕامدەکێشێت. منداڵەکان وردەکۆڵانە لە درزی دەرگاکەوە تەماشـای ئەویان دەکرد، شارەزاد پێ کەنی و بە ئاماژەی دەست سڵاوی لێیان کرد و گوتی:

– ماشەڵڵا کوڕەکانی چەند گەورە بوون.

– بەڵێ، ئێسـتـا ئـاغـا سـیامـەک لە پۆلی سـێی سـەرەتاییـیـە و مەسـعـوودیش پێنج سالانە.

و پەرداخە ئاوەکە و حەبەکانم بە دەستییەوە دا.

– پێم وابێت نێوانی تەمەنیان کەمتر لەوە بوو.

– سـیامـەکمـان سـاڵێ زووتر لە قـوتابخـانە دانـا، وەرن... منداڵەکان وەرن سـڵاو لە شاز...!

لە پڕ نیگای شارەزاد سەرنجی ڕاکێشام، تێ گەیشتم، نەدەبووایە ناوی بەرم. لە

پاش دوودڵییەک گوتم: وەرن سڵاو لە پووره شەری بکەن.

شارەزاد بڕۆکانی هەڵتەکاند و زەردەخەنەیەکی جوانی کرد، لەوە دەچوو ناوەکە بەلایەوە گاڵتەئامێز بوو.

منداڵەکان سڵاویان کرد، سیامەک بەڕادەیەک وردبین و وردەکۆڵانە تەماشای دەکرد کە شارەزاد شڵەژا، تەنانەت سەیرێکی سینگی کرد نەوەکو کرابێتەوە، پێکەنینم هات، گوتم:

– باشە بەسە، بڕۆنە دەرەوە، پووریێ دەبێت پشوو بدات.

و لە پشت دەرگاکەوە وتم:

– ئاگادار بن، دەنگەدەنگ نەکەن، بە کەسیش نەڵێن پووریێ لێرەیە.

– من خۆم دەزانم.

– بەڵێ کوڕم، بەڵام ئێتر مەسعوودیش دەبێت ئەوە بزانێت، تێ گەیشتی ڕۆڵە، بە کەس نەڵێی ها، ئەمە نهێنییە.

بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– بەڵێ، باشە.

پاش چەند ڕۆژێک دۆخی شارەزاد تا ڕادەیەک باشتر بوو، تەنیا ئەوە نەبێت هێشتا کۆکەیەکی وشکی هەبوو کە شەوانە کێشەی بۆ خەوتنەکەی دروست دەکرد، هەوڵم دەدا بە لێنانی چێشتی بەتام و جۆرەوجۆر ئارەزووی بۆ خواردن بکەمەوە، بەڵکو کەمێک لە کێشە لەدەستچووەکەی بگەڕێتەوە، حەمید هەر لە هاتوچۆدا بوو، لە ژووره دەرگا داخراوەکەدا ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بە شارەزاد دەدا و بە بڕیارگەلی تازەوە دەگەڕایەوە، هەفتەیەک بەسەرچوو، شارەزاد بە ناو ژوورەکاندا پیاسەی دەکرد، بەڵام هەوڵی دەدا لە پەنجەرەکانەوە دیار نەبێت، لەم ماوەیەدا بۆ زانکۆ نەڕۆیشتم، مەسعوودیشمان بۆ باخچەی ساوایان نەدەنارد، چونکە لەوانەبوو لەخۆیەوە قسەیەک بکات، بەهێمنی و بێدەنگ لە ماڵەوە یاری دەکرد، بەو لێگۆیانەی حەمید تازە بۆی کڕیبوو ماڵی دروست دەکرد، نیگاری جوانی دەکێشا کە لە تەمەنی خۆی پێشکەوتووتر بوو، ئەمەش ئاماژەی ئەوەبوو کە بەهرەیەکی تایبەتی هەیە، لە رووی کەسایەتیشەوە ڕوحێکی ئافەرێنەر و زیندووی هونەرمەندێکی تێدا بەدی دەکرا، چاوی لە شتومەکەکان دەبڕی و هەندێ شتی

تێدا دەدۆزینەوە کە پێشتر سەرنجی ئێمەی ڕانەکێشابوو، کاتێک ئاووهەوا خۆش بوو دەیتوانی چەندان کاژێر لە باخچەکەدا بە گیا و گوڵەکانەوە سەرقاڵ بێت، خۆیشی هەندێک شتی دەناشت و سەیر لەوەدا بوو کە هەمووشی سەوز دەبوو، لە دنیایەکی تر دەژیا، دەتگوت کێشەکانی دنیا بە بای خەیاڵیدا نایەت، بە پێچەوانەی سیامەکەوە کە بە ئاسانی دەبوورا و بە هەموو هەلومەرجێک ڕازی دەبوو، بە هەموو بوونییەوە وەڵامی کەمترین سۆزی دەدایەوە، ئاگەی لە هەموو دۆخەکانی من بوو، ئەگەر بیزانیبایە ڕەنجاوم بە ماچێکی گەرم هەوڵی دەدا لە بیرمی بەرێتەوە. زۆر زوو پێوەندی لەگەڵ شارەزاددا بە گەرموگوڕییەکی ئاشقانە گەیشت، حەزیان دەکرد هەموو کاتەکانیان پێکەوە بەسەر بەرن، وەکو پاسەوان چاودێریی شارەزادی دەکرد، بەردەوام نیگاری بۆ دەکێشا و خانووی دروست دەکرد، شارەزادیش بەوپەڕی تاسەوە لە ئامێزی دەگرت و مەسعوودیش بێ بەرهەڵستی ماوەیەکی دوور و درێژ لە باوەشی دادەنیشت و بە زمانە منداڵانە شیرینەکەی باسی ئەو شتانەی بۆ دەکرد کە دروستی کردووە و چیرۆکی سەیروسەمەرەی بۆ دەگێڕایەوە، شارەزاد لە پێکەنینا دەبوورایەوە و ئەمەش زیاتر هانی مەسعوودی دەدا و بە خۆشحاڵییەوە لەسەر قسە خۆشەکانی بەردەوام بێت. بەڵام سیامەک هەروەکو هەڵسوکەوتی من و حەمید بە ئەدەب و پارێزەوە ڕەفتاری لە تەکدا دەکرد. هەوڵم دەدا لەگەڵیدا ئاسوودە بم و لێی نزیک ببمەوە، زۆریشم خۆش دەویست، کەچی نازانم بۆچی لە بەردەمی دەچوومە دۆخی منداڵێکی قوتابخانەوە، بەلای منەوە ئەو نموونەی توانا، وشیاریی سیاسی، ئازایەتی و لەخۆبوردەیی بوو، کۆبوونەوەی ئەم هەموو خەسڵەتانە لە ژنێکدا، ئەوی لە ڕوانگەی منداکردبووە مرۆڤێکی باڵاتر لە هەموو مرۆڤەکانی تر، ئەو هەموو کاتێک لەگەڵ مندا میهرەبان و خۆیی بوو، کەچی من نەمدەتوانی ئەوە لە یاد بکەم کە ئەو تەنانەت لە هاوسەرەکەشم پلەدارترە و فەرمانی پێ دەدا.

حەمید و شارەزاد بەردەوام لە گفتوگۆ کردندا بوون، منیش هەوڵم دەدا وردەکۆڵی نیشان نەدەم و بێزاریان نەکەم. شەوێکیان منداڵەکانم بۆ خەوتن بردبوو و خۆشم سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بووم، ئەوانیش وایاندەزانی منیش خەوتووم، لە هۆڵەکە دانیشتبوون و بە ئارەزووی خۆیان قسەیان دەکرد، حەمید گوتی:

– بە ڕاستی بەختێکی سەیر یاوەرمان بوو وا عەباس هیچ کاتێک بۆ ماڵی ئێمە

نەهاتبوو، ناپیاوە چل و هەشت کاژێریش بەرگری نەکرد.

– من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی مرۆڤێکی بێ توانایە، لە بیرتە لە خولی فێربوونەکە چەن قسەی دەکرد؟ وەکو رۆژی رووناک بۆ من روون بوو کە باوەڕێکی سستی هەیە.

– بۆچی بە مەهدیت نەگوت؟

– گوتم، کەچی دەیگوت، تازە ناتوانین دووری بخەینەوە، ئاگەی لە هەموو شتێکمانە، دەیگوت دەبێت دروستی بکەین، زەمینەی هەیە، بەڵام من هەموو کاتێک لە ناخی دڵەوە نارازی بووم.

– بەڵێ، لە بیرمە، تۆ تاکو سنووریش لەگەڵ بردنی ئەودا نەبووی.

– ئەوەش رەچاو کرابوو کە مەهدی هیچ کاتێک زانیاری زۆر گرینگی نەدەخستە بەردەستی، منیش هەتا لە توانامدا بوو هەوڵم دەدا چاوی بە کەمترین کەس بکەوێت، بۆ نموونە ئەوەی کە هیچ شتێک لەبارەی تۆوە نازانێت تەنانەت ناوی راستەقینەشت، ناوونیشانی ماڵ یان چاپخانە، ئەمانە بۆ ئێمە زۆر یاریدەدەر بوون.

– بەڵێ، بەڵام گەورەترین شانس ئەوەبوو کە دانیشتووی تاران نەبوو دەنا سەرئەنجام هەر دەیزانی.

– ناپیاوە، تەنیا ئەگەر چل و هەشت کاژێر بەرگری بکردبایە هەموو شتێکمان رزگار دەکرد، ئێستاش سوپاس بۆ خوا کە هەستەی ناوەندی و هاورێیانی تاران بەردەست نەکەوتن. لە چەکەکانیش هەر ئەوەی کە ماوەتەوە بەسە، گەر چالاکییەکان رێکوپێک و بەپێی پلان جێبەجێ بکرێن، دەتوانین دەست بەسەر چەکی دوژمنیشدا بگرین.

تەزوویەک بە بڕبڕەی پشتمدا هات، ئارەقەیەکی سارد نیشتە ناوچەوانم، بەڕاستی ئەمانە دەیانەوێت چی بکەن؟ لە کوێ بوون؟ خولی چییان بینیوە؟ چ بەرنامەگەلێکیان هەیە؟ خوایە من لە کوێ و لەگەڵ چ کەسانێکدا دەژیم؟ دیارە دەمزانی ئەمانە لە دژی رێژێم چالاکی دەکەن، بەڵام نەمدەزانی سنووری ئەم چالاکییانە تا ئەم ئاستە فراوان بوونە، هەموو کاتێک کارەکانیانم لە سنووری قسەکردنی رۆشنبیرانە، دەرکردنی بەیاننامە، بابەت، کتێب و لێدواندا دەبینی.

کاتێک حەمید بۆ نووستن هات، وتم کە گوێم لە قسەکانیان بووە، گریام و پاڕامەوە و داوام لێ کرد دەست لەم کارانە هەڵبگرێت و لە بیری ماڵ و منداڵەکانیدا بێت، گوتی:

– ئێستا ئیتر زۆر درەنگە، لە بنەماوە نەدەبوایە من خێزاندار بوومایە، ئەمەم بەهەزار زمان پێ گوتی، کەچی ڕازی نەبووی، من بۆ ئەو ئامانج و ئەرکانەم زیندووم، ناتوانم تەنیا لە بیری منداڵەکانی خۆمدا بم و هەزاران منداڵی بەدبەخت لە بیر خۆم بەرمەوە کە لەژێر ستەمی ئەم جەلادەدا دەژین، ئێمە سوێندمان بۆ ڕزگارکردن و ئازادیی خەڵک خواردووە.

– بەڵام ئەم بەرنامانەتان زۆر ترسناکن، بە ڕاستی لەو باوەڕەدان بەم چوار کەس و نیوە دەتوانن ڕووبەڕووی ئەم هەموو سوپا و شارەوانی و ساواکە ببنەوە، هەموویان لە ناو بەرن و خەڵکی ڕزگار بکەن؟

– ئێمە دەبێت کارێک بکەین کە دنیا بزانێت ئێرە دوورگەی سەقامگیری و ئارامی نییە، دەبێت پایەکانیان بهێنینە لەرزە، بۆ ئەوەی خەڵک ڕابن و ترسیان بشکێت، بڕوا بەوە بێنن کە ئەم دەسەڵاتەش شیاوی ڕووخانە، ئەوکاتە ئەوانیش وردە وردە پێوەندی بە ئێمەوە دەکەن.

– ئێوە زۆر ئیدیالیستن، لەو بڕوایەدانیم شتی وا ڕوو بدات، هەر ئێوە لە ناو دەچن، حەمید من زۆر دەترسم.

– لەبەرئەوەی تۆ خاوەنی بیروباوەڕ نیت، ئێستاش لە خۆتەوە گەورەی مەکەرەوە، ئەمانەیشی کە بیستت هەمووی لە سنووری قسەدایە، تا ئێستا سەد پلانی ئاوهامان داڕشتووە و هیچ کامی جێبەجێ نەکراوە، لە خۆتەوە ورەی خۆت و منداڵەکان مەشێوێنە، ئێستا بخەوە، نەکەی بۆ شارەزاد قسە بکەی.

دوای دە ڕۆژ هاتوچۆ، بردنی پەیام و فەرمان بۆ شوێنگەلێک کە من نایناسم، بڕیار درا هەتاوەکو ئاگەدارکردنەوەی داهاتوو شارەزاد لە ماڵی ئێمە نەڕواتە دەر، ئێمەش لەسەر ڕەوشی ئاساییی ژیانی خۆمان بەردەوام بین، تاقە کێشەیەک ئەوەبوو کە دەبوایە ئێمە کارێک بکەین تا دەتوانین کەس هاتوچۆی ماڵمان نەکات، هەرچەندە ماڵی ئێمە ماڵێک نەبوو کە هاتوچۆکەری زۆرمان هەبێت، بەڵام سەردانە وەخت و بێ وەختەکانی باوک و دایکەکانمان و پەروین خانم و فاتی لەوانە بوون

کێشە دروست بکەن، بڕیارمان دا زوو زوو سەردانی باوک و دایکی حەمید بکەین و داپیرەش لەگەڵ خۆماندا ببەین، نەوەکو بۆ سەردانی ئەو بۆ ماڵمان بێن، بە ماڵی خۆمانیشم گوت کە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەکە لە زانکۆم و هەر کاتێک بوارم بۆ ڕەخسا خۆم سەریان لێ دەدەم، هەندێک جاریش ئەگەر پاش نیوەڕوان قوتابخانەم هەبوو منداڵەکانیان لەلا دادەنێم، وێڕای ئەم قسانە ئەگەریش یەکێک بۆ ماڵمان بهاتبایە، شارەزاد لە ژووری میوانەکە دەمێنێتەوە و دەرگەکەی دادەخست و ئێمەش دەمانگوت کلیلەکە ون بووە و ناتوانین بۆ ئەو ژوورە بڕۆین.

بەم شێوەیە شارەزاد لەلای ئێمە مایەوە، هەوڵی دەدا لە کاروباری ماڵەوە یارمەتیم بدات، بەڵام هیچ شتێکی لەبارەی ماڵدارییەوە نەدەزانی و خۆی لە هەموو کەسێک زیاتر بە نەزانییەکانی خۆی پێ دەکەنی، لەلایەکی تریشەوە، بەتەواوەتی لەگەڵ منداڵەکاندا ڕێک کەوتبوو و تا ڕادەیەک زۆربەی کارەکانی مەسعوودی بە دڵ و بە گیان بەجێ دەهێنا، دوای نیوەڕوان کاتێک سیامەک لە قوتابخانە دەهاتەوە، لەگەڵی سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە دەبوو، وانەکانی لێ دەپرسییەوە و بە دەنگی بەرز بۆی دەخوێندەوە، منیش بە مێشکێکی ئاسوودەوە بۆ زانکۆ و پۆلی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل دەڕۆیشتم، چونکە بیریان لەوە کردەوە ئەگەر من بتوانم ئۆتۆمۆبێل لێ خوڕم ئەوا لە کاتی پێویستدا دەتوانم هاوکارییەک بکەم کە بۆ پاراستنی منداڵەکانیش کاریگەریی دەبێت. ئۆتۆمۆبێلی ژیانەکەش هێشتا هەر لە حەوشەکە لەژێر چادردا بوو، حەمید و شارەزاد پێیان وابوو ئەو ئۆتۆمۆبێلە هیچ گومانێکی لەسەر نییە و من دەتوانم بەکاری بهێنم.

مەسعوود لە شارەزاد دوور نەدەکەوتەوە، هەموو کاتێک خەریکی ئەوەبوو کارێکی بۆ جێبەجێ بکات، وێنەی ماڵێکی کردبوو و بە شارەزادی گوتبوو ئەمە ماڵی من و تۆیە کە گەورە بووم دروستی دەکەم، دەتهێنم و پێکەوە لەو ماڵەدا دەژین. شارەزاد ئەم وێنەیەی بە بزمار بە دیوارەکەدا هەڵواسیبوو، کاتێک بۆ شت کڕین لەگەڵم دەهاتە دەرەوە، ئەو خواردنانەی وا خۆی حەزی لێ دەکات، بۆ شارەزادی دەکڕی، ئەو ڕۆژانەی کە خۆرەتاو بووایە لە حەوشەکەدا بۆ شتی سەیر دەگەڕا، لەبەرئەوەی لەو وەرزەدا لە باخچەکە گوڵ نەبوو، لەو دەوەنە دڕکاوییەی کە بە دەگمەن گوڵی دەگرت، چەند خونچەیەکی لێ دەکردەوە و بە دەستە خوێناوییەکانی پێشکێشی پوورە شەری دەکرد، شارەزادیش وەکو شتگەلێکی

بەنرخ دەیپاراست.

هەرچی زۆرتر لەگەڵی دەژیام، زیاتر شارەزای تایبەتمەندییە مرۆڤدۆستانەکانی دەبووم، ژنێکی زۆر ساکار بوو، ناکرێت بڵێین زۆر جوان بوو، بەڵام دڵبەر و خوێن شیرین بوو. جارێکیان لە پاش خۆشتن لە گەرماو هاتبووە دەر و داوای لێ کردم قژی ببڕم، لە پاش قژ بڕینەکە گوتم:

– با سشواری بکەم جوان ڕادەوەستێت، وشکیش دەبێتەوە، دەنا دووبارە سەرمات دەبێت، نەیگوت نا.

بە درێژاییی ئەو کاتەی قژیم وشک دەکردەوە، مەسعوود بەوردی و سەرنجەوە تەماشای دەکرد، سەرسامی جوانییەکەی بوو، زۆری حەز لە ئارایشی ژنانە بوو، گەر کاڵترین سووراویشم لە لێوم بدایە سەرنجی دەدا و ستایشێکی شادەوەری دەکرد، بەڵام ئاشقی سووراوی ئاڵ بوو، کاتێک کارەکەم تەواو بوو، سووراوێکی هەڵگرت و گوتی:

– پوورە شەری لەمە لێ بدە.

شارەزاد بەدوودڵییەوە تەماشایەکی منی کرد.

– دە لێی بدە، خۆ چی دەبێت.

– نا، شەرم دەکەم.

– لە کێ؟ لە من و مەسعوود؟ بۆچی دەبێت نەنگ بێت؟

– نازانم! نەنگ نییە، بەڵام بۆ من شەرمە، تۆزێ نەگونجاوە.

– ئەم قسانە چییە؟ یانی تا ئێستا ئارایشت نەکردووە؟

– با، کاتێک گەنجتر بووم دەمکرد، پێشم ناخۆش نەبوو، بەڵام ئەمە چەندان ساڵە...

جارێکی تر مەسعوود پێداگری کرد، پوورە لێی بدە، لێی بدە، ئەگەر نازانی، با من بۆت لێ بدەم و سووراوەکەی لە لێوی شارەزاد هەڵسوو، پاشان کەمێ لە دوورەوە وەستا و سەیری کرد، پەسندکردن و دڵشادی لە نیگاکانیدا شەپۆلی دەدا، دواتر، هاوکات کە چەپڵەی لێ دەدا و پێ دەکەنی گوتی:

– چ جوان بوو...! سەیرکە چەند جوانە و خۆی فڕێ دایە باوەشی و ماچێکی

توندی گۆنای کرد.

من و شارەزاد زۆر پێ کەنین، شارەزاد لە پڕ بێدەنگ بوو، مەسعوودی لەسەر زەوییەکە دانا، بەوپەڕی سادەیی و داماوییەوە گوتی:

– ئیرەییت پێ دەبەم، تۆ ژنێکی بەختەوەری.

– بە کێ؟! بە من؟ تۆ ئیرەییم پێ دەبەی؟

– بەڵێ! لەوانەیە ئەمە یەکەم جار بێت هەستێکی بەو شێوەیەم لە لا دروست بووبێت.

– بە دڵنیاییەوە گاڵتە دەکەی، ئەوە منم کە دەبێت ئیرەییت پێ بەرم، هەموو کاتێک ئارەزووم ئەوەبوو وەکو تۆ بم. تۆ ژنێکی لە لووتکەدای، بەو هەموو ڕۆشنبیری و ئازایەتی و لێهاتوویی و توانای بڕیاردانەوە، هەموو کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە حەمید حەزی لە ژنێکی وەکو تۆ بووە، ئەو کاتە دەڵێی... ئۆە نا! دیارە گاڵتە دەکەی، ڕاستییەکەی ئەوەیە، دەبێت من ئیرەیی بە تۆ بەرم و خۆمیش بە شایستەی ئیرەیی نازانم، وەکو ئەوە وایە مرۆڤێکی ئاسایی ئیرەیی بە شاژنی بەریتانیا بەرێت.

– ئەم قسانە چییە؟ من هیچ نیم، تۆ زۆر لە من باشتر و پێگەیشتووتری، زۆر خانمی، هاوسەرێکی باش و خۆشەویست، دایکێکی میهرەبان و تێگەیشتوو، لە پاڵ ئەو هەموو ئارەزووەتەوە بۆ خوێندنەوە و فێربوون و خۆبەختکردن بۆ خێزانەکەت.

ئاهێکی هەڵکێشا و لەسەر کورسییەکە هەستا، هەستم دەکرد زۆر دڵتەنگە، هەستم کرد ئاواتی بینینی هاوسەرەکەی دەخوازێت.

– هەواڵی مەهدی ئاغا! دەمێکە نەتبینیوە؟

– بەڵێ! دەمێکە، نزیکەی دوو مانگە، دوو هەفتە پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، لە هەلومەرجێکی خراپدا ناچار بووین بەرەو دوو شوێنی جیاواز هەڵبێین.

– هەواڵی دەزانی؟

– بەڵێ، ئەو حەمیدە داماوە پەیامەکانمان بە یەکتر دەگەیەنێت.

– بۆچی شەوێ، نیوەشەوێ نایەت لێرە چاوتان بە یەکتر بکەوێت.

– ترسناکە، لەوانەیە هاتنەکەی ببێتە هۆی هەڕەشە لە ئاسایشی ئەم ماڵەش، دەبێت ئاگاداربین.

دڵم دایە دەم دەریاوە و بێ شەرمانە گوتم:

– حەمید دەڵێت هاوسەرگیرییەکەی ئێوە بڕیارێکی ڕێکخراوەیی بووە، بەڵام من باوەڕ ناکەم.

– بۆ...؟

– ئێوە وەکو ژن و مێرد یەکترتان خۆش دەوێت، نەک وەکو هاوکار.

– چۆن دەزانیت...؟

– من ژنم، ئەوین دەناسم، هەستی پێ دەکەم، تۆش ژنێک نیت شوو بە کەسێ بکەی خۆشت نەوێت.

– بەڵێ ڕاستە من هەموو کاتێک خۆشم ویستووە.

– لە ڕێگەی کاری ڕێکخراوەییەوە یەکترتان ناسی...؟ وەی ببوورە زۆر خۆم لێ هەڵقورتاند، وابزانە گوێت لێ نەبوو.

– نە...! کێشە نییە، من پێم ناخۆش نییە، دەزانی، من هاوڕێیەکم نەبوو قسەی دڵی خۆمی بۆ بکەم، دیارە خەڵکی تر هەبوو، کەچی هەموو کاتێک هەر من گوێگر بووم، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کاتێک ئەو ڕازەم هەیە، لەوانەیە بە درێژاییی ئەم ساڵانەی دوایی تۆ تاقە کەسێک بیت کە بتوانم باسی خۆمی بۆ بکەم.

– منیش لە ژیانمدا تەنیا یەک هاوڕێم هەبووە بە مانای هاوڕێی ڕاستەقینە، ئەویشم لە چەند ساڵی ڕابردوودا ون کرد.

– کەواتە ئێمە پێویستیمان بە یەکتر هەیە، بەڵام هەر من زیاتر، چونکە تۆ هیچ نەبێت خێزان و دەوروبەرت هەیە قسەیان لەگەڵ بکەیت، بەڵام من ئەوەشم نییە، تۆ نازانی چەند بیریان دەکەم و تاسەی قسەکانی پوورە زەنکی و هەواڵی خێزانەکەم دەکەم، قسەی ئاسایی، گرفتی ڕۆژانە، بۆچی دەشێ چەند باسی فەلسەفە و سیاسەت بکەین؟ هەندێک جار بیر دەکەمەوە، ئاخۆ لە ماڵەکەماندا چی ڕوو دەدات، کاتێک دەزانم ناوی هەندێ لە منداڵانی خزمانم لە بیر چووەتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوانیش منیان لە بیر کردووە، چیی تر من ئەندامی هیچ ماڵێک نیم.

– ئەی مەگەر ئێوە پێوەند نین بە هەموو خەڵک و خێزانی ڕەنجدەرانی دنیاوە؟

پێ کەنی:

– تۆش باش فێربووی ها ...! بەڵام بیری کەسوکارم دەکەم. بەڕاست پرسیاری چیت کرد؟

– پرسیم، لە کوێ یەکترتان ناسی؟

– لە زانکۆ، دیارە مەهدی دوو ساڵ لە پێش من بوو، توانایی بوونە سەرکردەی هەبوو و زۆریش تێگەیشتوو بوو، هەموو کەسێک ئەویان پێ پەسند بوو، کاتێک زانیم ئەو بەیاننامانەی کە بڵاودەبێتەوە و ئەو دروشمانەی جارجارە لەسەر دیواری بەشە ناوخۆکاندا دەنووسرێت، کاری ئەوە، لەبەرچاوم بوو بە پاڵەوان.

– خۆت ئەو کاتە بە دوای سیاسەتەوە نەبووی؟

– بۆ نا، بۆچی دەبێت قوتابییەکی زانکۆ کە خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانێت بەدوای سیاسەت نەکەوێ؟ دژایەتیکردنی دەزگاکان و چەپ بوون ئەرکێکی سەرەکی قوتابیانی زانکۆ بوو، تەنانەت ئەوانەشی کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان پێ نەبوو لەژێر ناونیشانی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریدا خۆیانیان بەو شێوەیە نیشان دەدا، خاوەن بڕوای وەکو مەهدی زۆر کەم بوو، هێشتا من وشیارییەکی ئەوتۆم نەبوو، بیروباوەڕم زۆر ڕوون نەبوو، مەهدی تەرزی بیر و بۆچوونەکانمی دیاری کرد، هەرچەندە ئەو لە خێزانێکی ئاینیدا پەروەردە بووبوو، بەڵام هەموو کتێبەکانی مارکس و ئەنگڵز و ئەوانی تری خوێندبووەوە و شیکار و لێکۆڵینەوەی باشی بۆ دەکردن.

– کەوابێت ئەو تۆی ڕاکێشایە ناو ڕێکخستنەوە؟

– ئەو کاتە هێشتا ڕێکخستن نەبوو، ئێمە دواتر بەیەکەوە پێکمان هێنا، بەڵام ڕاستە لەوانەیە ئەگەر ئەو نەبوایە من ڕێگەیەکی ترم دەگرت، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە کە هەرگیز لە سیاسەت دوور نەدەکەوتمەوە.

– ئەی چۆن بوو هاوسەرگیریتان پێک هێنا؟

– کۆمەڵەکە تازە خەریک بوو دادەمەزرا، منیش هەروەکو زۆربەی کچانی ئێرانی کچی خێزانێکی نەریتی بووم، نەمدەتوانی بێ هۆ لە ماڵ بێمە دەرەوە و شەو درەنگ بگەڕێمەوە، بۆ ئەوەی منیش بتوانم هەموو کاتێک لە خزمەتی هاوڕێیاندا

بم، یەکێک لە هاوڕێیان پێشنیاری ئەوەی کرد کە چاکتر وایە هاوسەرگیرییەکی ڕێکخراوەیی پێک بهێنم، مەهدییش پشتیوانیی ئەمەی کرد و وەکو خوازیارێکی ڕاستەقینە لەگەڵ خانەوادەکەی هاتنە ماڵمان.

– بەم پێوەندە شادمان بووی؟

– ئێ! چی بڵێم؟ لەوانەبوو حەزم بکردایە بەو شوو بکەم، بەڵام حەزم نەدەکرد هۆی هاوسەرگیرییەکەمان ڕێکخراوەیی بێت و بەو شێوەیە داوام لێ بکرێت کە شووی پێ بکەم...، لەو ڕۆژگارەدا هێشتا گەنج و ڕۆمانسی بووم و لەژێر کاریگەری وێژەی سەرمایەداریی گەوجدا بووم.

لە تاریکە شەوێکی سەهۆڵبەندانی مانگی ڕێبەنداندا، سەرباری ئەو هەموو مەترسییەی کە باسیان دەکرد، کاژێر یەکی شەو مەهدی خۆی بە ماڵماندا کرد، حەمید هێشتا کتێبی دەخوێندەوە، من تازە خەوم لێ کەوتبوو، بە دەنگی دەرگەکە ڕاچڵەکیم، حەمید بێ خەم سەرقاڵی خوێندنەوە بوو.

– حەمید گوێت لێ بوو، دەنگی دەرگەیە، یەکێ دەرگەکەی کردەوە.

– بڕۆ بخەوە، پێوەندی بە ئێمەوە نییە.

– یانی چی؟ تۆ ئاگەت لێ بوو؟ بڕیار بوو یەکێک بێت؟

– بەڵێ، مەهدییە، خۆم کلیلی ماڵەکەم پێ داوە.

– ئەی نەتگوت مەترسیدارە؟

– نە، ماوەیەکە شوێن پێیان ون کردووە، ئێمە ئاگەمان لە هەموو شتێکە، کاری بە شارەزاد هەبوو، ناکۆکیی بیر و بۆچوونیان هەیە، دەبوایە سەبارەت بە چەندان شت گفتوگۆیان بکردایە و بڕیاریان بدایە، منیش نەمدەتوانی لەوە زیاتر بیروڕاکان بگوێزمەوە، ناچار بووین دیدارێکیان بۆ سازبکەین.

پێکەنینم هات، چەند سەیرن؟ ژن و مێردێک بۆ بینینی یەکتر پەنا بۆ هەموو بیانوویەک دەبەن، تەنیا ئەشق و تاسەی یەکتر نەبێت کە سادەترین و باشترین بیانووە.

وا بڕیاربوو مەهدی دەمەو بەیانێکی زوو لە ماڵ بڕواتە دەر، کەچی نەڕۆیشت. حەمید گوتی ئەوان هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتوون، من پێکەنینم دەهات و

کـارەکـانی خـۆم دەکـرد. پاش نیـوەڕۆ کـاتێک حـەمـید هاتـەوە، چەندان کـاژێر هـەرسـێکیـان لە ژووره دەرگـە داخـراوەکەدا بـاس و گفـتـوگۆیان کـرد. دەمـوچاوی شـــارەزاد ســــوور هـەڵگەڕابـوو، پڕ وزە و بـەکـــەیف دەهـاتـە بـەرچاو، بـەڵام لـە تەمـاشـاکـردنی من خـۆی دوورەپەرێز دەگـرت و بە شـەرمی کـچـە گـەنجێکەوە کـە ڕازەکـەی بەلای خـەڵکەوە ئاشکرابووە، باسـەکـەی دەگـۆڕی. مـەهدی سێ شـەو لە مـاڵی ئێمـەدا مـایـەوە و سـەرئەنجـام لە نیـوەشـەوی چوارەمـدا هـەر بە هـەمـان ئەو بێـدەنگیـیـەی کـە هاتبـوو، ڕۆیشت، نازانم ئـەوان جـارێکی تر چاویان بە یەکـتـر کەوتبـوو یا نا، بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەو چەند ڕۆژە یەکێک لە خـۆشترین ڕۆژەکانی ژیانیان بوو، مەسعوودیش لەو نێوەندەدا دوو ڕێگەی هەبوو، لە باوەشـی مەهدییەوە خـۆی دەخـسـتـە ئامـێـزی شـارەزاد و هـەرچی قـسـەی خـۆش و زۆرزانی و ئەوەی دەیزانی بۆی دەکردن، ئەوانی لە ناخی دڵەوە دەهێنایە پێکەنـین، تەنانەت جارێکیان لە شـووشـە مـاتەکـەی پەنجـەرەی ژووری مـیـوانەکـەوە سـێـبـەری مـەهدیم بینی، مـەسعوودی سـوار پشـتی خـۆی کردبوو و بە دەوری ژوورەکەدا دەسـووڕایەوە. زۆر سەیر بوو بەلامـەوە، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم مرۆڤێک بەو هەموو جیدییەتەوەی کە تەنانەت زەردەخەنەیەکیشی بەزۆر لێ دەردەهات، بتوانێت بەو شـێوەیە لەگەڵ منداڵاندا پێوەندی ببەسـتێ. ئەوان لە ژووره دەرگـە داخـراوەکەدا خـودی خـۆیان بوون، خۆیانی ڕاستەقینە.

لە پاش ڕۆیشـتنی مـەهدی، دوو، سێ ڕۆژ شـارەزاد دڵتـەنگ و بێ حـەوسـەڵە بوو، بەردەوام خـۆی بـە خـوێندنـەوەی کـتـێب سـەرقـاڵ دەکـرد، هەمـوو کـتـێـبـەکـانی خوێندبووەوە، کـتێبی شـیـعـرەکـانی فروخی لەژێر سـەرینەکـەی دادەنا. سـەرەتای مـانگی ڕەشـەمێ بوو کە داوای لێ کردم چەند بلووزێک، دوو پانتـۆڵ و جـانتـایەکی گـەورەی دەسک توندوتۆڵی بۆ بکڕم. هـەر جـانتـایەکی ژنـانەم بۆ دەکـڕی، دەیگوت، بچووکە، سـەرئەنجام گوتم:

– کەواتە تۆ جانتای سەفەرت دەوێت نەک جانتای ژنانە!

– بەڵێ، ئـافـەرین، جـانتـایەکی زۆریش گـەورە نەبێت، سـەرنج ڕاکـێش نـەبێت، بەئاسانی هەڵبگیرێت و جێگەی هەموو شتەکانمی تێدا ببێتەوە.

لە دڵی خـۆمـەوە گوتم: چەکەکانیش. لە ڕۆژی یەکـەمـەوە دەمـزانـی چەکی هـەیە،

هەموو کاتێک ترسی ئەوەم هەبوو منداڵەکان بە شێوەیەک بیدۆزنەوە. بەم جۆرە ورده ورده ئامادەی ڕۆیشتن دەبوو، لەوە دەچوو تەنیا چاوەڕوانی بڕیارێک یان هەواڵێک بوو کە ئەویش لە دەوروبەری جەژندا گەیشت. جلە کۆنەکانی و جانتاکەی دانا و داوای کرد کە لە ناویان بەرم، هەموو شتێکی خستە ناو جانتا تازەکە، نیگارەکانی مەسعوودی لە بیخی جانتاکە لە تەنیشت چەکەکەوە دانا. دۆخێکی سەیری هەبوو، سەرەڕای مانەوەی لە ماڵەوە، ژیانێکی نهێنی و بێ جموجۆڵ، زۆر ماندوو بوو و تاسەی هەوایەکی ئازاد، بازاڕ، کۆڵان و خەڵکی دەکرد، کەچی ئێستا کاتی ڕۆیشتن هاتووە، خەمناک و دڵتەنگ دیاربوو، هەر مەسعوودی لە ئامێز دەگرت و دەیگوت: چۆن لەم جیا ببمەوە؟ ئەوی لە باوەش دەگوشی، چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی لەناو قژەکەیدا دەشاردەوە، دەمێک بوو مەسعوود هەستی بە نزیکبوونەوەی ڕۆیشتنی شارەزاد کردبوو، هەموو شەوێ لە کاتی خەودا و یان هەر کاتێ بیویستبایە بۆ شتێک لە ماڵ بچێتە دەر، بەڵێنی لێ وەردەگرت کە ئەگەر ئەو لە ماڵ نەبوو، ماڵەکە جێ نەهێڵێت و هەر بوارێکی بۆ ڕەخسایە دەیپرسی:

– دەتەوێ بڕۆیت؟ بۆچی دەتەوێت بڕۆی؟ بۆچی من بێزارت دەکەم؟ بەڵێنت پێ دەدەم بەیانییان نایەمە ئامێزت و لە خەو هەڵت بستێنم، گەر دەتەوێت بڕۆی منیش لەگەڵ خۆتدا بەرە، دەنا ون دەبی، تۆ ئەم ناوە ناناسی.

بەم قسانەی شارەزادی ڕاڕا و خەمبار دەکرد و نەک هەر دڵی ئەو، بەڵکو دڵی منیشی تەنگ دەکرد. شەوی کۆتایی شارەزاد لە تەنیشتییەوە خەوت، چیرۆکی بۆ گوت، بەڵام نەیتوانی بەر لە فرمێسکەکانی بگرێت، مەسعوودیش وەکو هەر منداڵێکی تر کە زۆربەی شتەکان بە چاوی دڵییان دەبینن و دەیناسنەوە، دەموچاوی شارەزادی بە هەردوو دەستە بچووکەکەی گرت و گوتی:

– دەزانم بەیانی کە لە خەو هەڵدەستم تۆ ڕۆیشتووی.

بەپێی بەرنامەی داڕێژراو، کاژێر دوازدە و نیوی شەو لە ماڵ چووە دەر. هەر لەو ساتەدا بیرم کرد و هەستم بە بۆشاییی شوێنەکەی کرد. لە کاتی ڕۆیشتنیدا، لە ئامێزی گرتم و گوتی:

– سوپاس بۆ هەموو شتێک، مەسعوودمت پێ دەسپێرم، ئاگات لێی بێت، زۆر هەستیارە، نیگەرانی دوارۆژیم.

و رووی کرده حەمید و گوتی:

– تۆ پیاوێکی بەختەوەری، نرخی ژیانت بزانە، ژنێکی باش و منداڵگەلێکی نازدارت هەیە، نامەوێت هیچ شتێ ئاسوودەیی و ئارامیی ئەم پێکهاتەیە هەڵبوەشێنێتەوە.

حەمید بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و گوتی:

– دەزانی خەریکی چی دەڵێیت؟ بابە وازبێنە وەرە با بڕۆین، درەنگە.

ڕۆژی پاشتر، لە کاتی پاککردنەوەی ژووری میوانەکە، کتێبەکەی فەڕوخم لە تەنیشت نوێنەکەیەوە هەڵگرت، پێنووسێک لە لای یەکێ لە لاپەڕەکانیدا بوو، کتێبەکەم کردەوە، لەژێر ئەم دێڕانەدا هێڵێکی ڕەنگ ئاڵی کێشابوو:

(... کام لووتکە، کامە ترۆپک؟

ئەی ژنانی سادە، بمپارێزن...)*

یەکسەر فرمێسک بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە، مەسعوود لەلای دەرگەکە وەستابوو، بە چاوێکی پڕ لە خەمەوە گوتی:

– ڕۆیشت...؟

– ئازیزەکەم سڵاو، بەیانیت باش، باشە دەبوایە ئەویش هەر بڕواتەوە ماڵی خۆی.

ڕای کرد و سەری خستە سەر شانم، دەستی کرد بە گریان. هەرگیز یادگارییەکانی پوورە شەرێی خۆشەویستی لە بیر نەچووەوە، تەنانەت ساڵانی دواتریش کە گەنجێکی تەواو بوو دەیگوت:

– خەو بەو ماڵەوە دەبینم کە بۆ ئەوم دروست کردووە و پێکەوە تیایدا دەژین.

لە دوای ڕۆیشتنی شارەزاد، تووشی زۆر کاری جۆرەوجۆر بووم، پاککردنەوەی شەوی جەژن، ئامادەکردنی شتومەکی پێویست، جلی جەژن بۆ منداڵەکان، دروونی چەرشەفی تازە، گۆڕینی پەردەی ژووری میوان، دەمویست بۆ منداڵەکان جەژن ڕاستییەکی دڵگیر و پڕ جۆش و خرۆش بێت، هەوڵم دەدا هەموو ڕێوڕەسمەکە بە ڕێوەبەرم و وێنەی یادگارێکی خۆشی سەردەمی منداڵی لەهزری منداڵەکاندا

* شیعرێکی فەڕوخی فەڕوخزادە. و.

بهێڵمەوە. سیامەک بەرپرسی ئاودانی ئەو سەوزییانە بوو کە ڕواندبووم، مەسعوود هێلکەکانی ڕەنگاوڕەنگ دەکرد، حەمید پێ دەکەنی و دەیگوت:

– ئەمە تۆ چی دەکەی؟ بۆچی چی بووە وا ئەوەندە خۆت خستووەتە ئەزییەتەوە؟

بەڵام دەمـزانی ئەویش لە ناخـەوە دڵی کـەوتووەتـە خـرۆش و بە هاتنی جـەژن گەشبینە. لەو ڕۆژگارەوە کە زۆربەی کاتە ئازادەکانی خۆی لەگەڵ ئێمەدا بەسەر دەبرد و بەناچاری تیکەڵ گـرفتـەکـانی ڕۆژانە دەبوو و هەرچۆنێک بوایە هۆگـری دەردەبڕی. یەکێکیشم بۆ هاوکاری هێنا، هەموو ماڵەکەمان، هەر لە سەربانەوە تاکو ژێر زەوییەکەی شۆردەوە و کارەبامان بۆ دانا، بۆن و بەرامەی جەژن کەشی ماڵەکەی داپۆشیبوو.

ئەو ساڵە وەکو خێزانێکی تەواو بۆ پیرۆزبایی جەژن ڕۆیشتین، بەشداری هەموو بەرنامەکانی نەورۆزمان کرد و تەنانەت لە سێزدە بەدەریشدا ڕۆژەکەمان لەگەڵ کەسوکاری حەمید لە دەرەوەی شار بەسەربرد. لە دوای تەواوبوونی پشوو، بە شادمانی و توانایەکی زۆرترەوە سەرقاڵی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی خۆم و سیامەک بووم، حەمید زۆرتر لە ماڵەوە بوو و چاوەڕوانی تەلەفون بوو، تووڕە و قەڵس بوو، بەڵام نەشیدەتوانی هیچ شتێک بکات، منیش گوێم پێ نەدەدا و بەوە قایل بووم کە لە ماڵەوەیە. لەگەڵ هاتنی هاوین و کۆتا پێهاتنی تاقیکردنەوەکاندا، بەرنامەی گەڕانم بۆ منداڵەکان داڕشت، دەمویست هەموو هاوینەکە پێکەوە بین، ئێستاش کە مۆڵەتی شوفێرییەکەم وەرگرتووە، بەڵێنم دابوو هەموو پاش نیوەڕۆیەک منداڵەکان بۆ پارک و سینەما و میوانی و ناوەندەکانی گەشت بەرم، منداڵەکان دڵخۆش و کامەران بوون و منیش لە ناخەوە هەستی بەختەوەرییەکی قووڵ لە دەروونمدا جێگیر بووبوو.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی کە منداڵەکانم لە پارک دەهێنایەوە، لە سەر ڕێگاکەم ڕۆژنامە و نان و هەندێ شتی ترم کڕی، هێشتا حەمید نەهاتبووە ماڵەوە، ئەو شتانەی کڕیبووم لە شوێنی خۆی دامنان و سەرقاڵی لەتکردنی ئەو نانە بووم کە لەسەر ڕۆژنامەکە دامنابوو، وردە وردە پیتە گەورەکانی ناوونیشانی ڕۆژنامەکە دەرکەوتن، بە پەلە نانەکەم خستە لاوە، وشەکان وەکو خەنجەر دەچوونە چاومەوە، بەتەواوەتی لێی تێ نەدەگەیشتم، وەکو تریشقە بەرکەوتوویەک وشکەوە بووم، لە

شـوێن خـۆمـەوە هەڵدەلەرزیم، نـەمـدەتوانـی چاوەکانم لـەسـەر ڕۆژنامـەکـە هەڵگرم، زریانێک لە مـێـشکـم و هـەڵچـوونێک لە دڵـمـدا بەرپابوو، دۆخـە نا ئاسـاییـیـەکـەم سـەرنجی منداڵەکانی ڕاکێشا و بەرەو لام هاتن، لە قسـەکانیان تێ نەدەگەیشتم، هەر لەو کاتەدا دەرگە بەتوندی کرایەوە و حـەمید پەشـۆکاو و بەپەلە هاتە ژوورەوە، نیگاکـانمان یەکیـان گرت، کـەواتە هـەواڵەکە ڕاست بوو، پێـویسـتی بە قـسـەکردن نەدەکرد، حەمید لەسـەر هـەردوو ئەژنۆی دانیشت، مـشتە گرمۆڵە کراوەکانی بەسـەر ڕانیدا دا و هـاواری کرد:

– نە...!

ناوچەوانی بـە زەویدا دا، بارودۆخی بەڕادەیەک خـراپ بوو کـە من خـۆمم لە بیـر چووەوە، منداڵەکـان وردەکۆڵ و تۆقیـو چاویان لـێـمـان بڕیبـوو، بەخـۆمـدا هـاتمەوە، ئەوانم بەزۆر نـاردە دەرەوە و وتم، بڕۆن لە حـەوشـەکـە یاری بکەن، لە کـاتێکدا کـە سـەیری دواوەیان دەکـرد، بێـدەنگ چـوونە دەرەوە. بۆلای حـەمـیـد ڕۆیشـتـم، وەکـو منداڵ، سـەریم خسـتە سـەر سـینەم و بە دەنگی بەرز دەسـتی بە گریان کـرد، نازانم بە جووتە چەندە فرمێسکمان ڕشت، حەمید بەردەوام دەیگوت:

– بۆ!؟ بۆچی بە منیان نەوت؟ بۆچی هـەواڵیان پێ نەدام؟

لە پاش کـەمێک، خـەم داگیراو، قـین و تووڕەیی ئەوی هێنایە جـووڵە، دەمـوچاوی شۆرد و وەکو شێت لە ماڵ ڕۆیشتە دەر، نەمدەتوانی پێشی لێ بگرم، هـەر ئەوەندەم گوت:

– وریا بە، لەوانەیە هەموو لەژێر چاودێریدا بن، ئاگات لێ بێ.

جارێکی تر هـەواڵەکەم خـوێندەوە، شارەزاد و چەند کـەسێکی تر لە کردەوەیەکی سـەربـازیدا گـەمـارۆ دران، بۆ ئەوەی دەسـتی سـاواک نەکـەون، بـە تەقـانـدنەوەی نارنجـۆک لەناو دەسـتیـاندا خـۆیان کوشـتبـوو، چـەندان جـار هـەواڵەکەم خـوێندەوە بەڵکو لـە نێـوان دێڕەکـانیـدا بە ڕاسـتـیی هـەواڵەکە بـگەم، کـەچی درێژەی بابـەتەکە دژوێن و نـەفـرەتی دووبارەکـراو بـوو لە ئاژاوەگـێـڕان و ناپاکـان، ڕۆژنـامـەکـانم شـاردەوە بۆ ئەوەی سـیامـەک نەیبینێت. لە نـیوەشـەودا حـەمید، مـاندوو و نائومـێد گەڕایەوە، هـەر بەو جلەوە خۆی خستە سەر تەختی خەوەکە و گوتی:

– هـەموو شتێک بە یەکدا شێواوە و سـەرتاپای هێڵەکانی پێوەندی پچڕاون.

– بەڵام ئەوان تەلەفۆنی تۆیان هەیە، ئەگەر پێویست بکات تەلەفۆنت بۆ ئەکەن.

– ئەی بۆچی لەم ماوەیەدا تەلەفۆنیان نەکرد؟ مانگێک تێ پەڕیبوو هیچ پێوەندییەک بە منەوە نەکرابوو، بەرنامەی چالاکییەکانم دەزانی و بڕیار وابوو منیشی تێدا بم، بۆ ئەم چالاکییە چووبوومە خولی فێربوونەوە، مەشقم کردبوو، نازانم بۆچی منیان خستە پەراوێزەوە، چی ڕووی داوە؟ لەوانەبوو منی تێدا بوومایە وای لێ نەهاتبایە.

– یانی تۆ بە تەنیا خۆت لەگەڵ ئەو هەموو هێزە سەربازییەی کە ئەوانی گەمارۆ دابوو شەڕت دەکرد و هەموویانت ڕزگار دەکرد؟ ئەگەر تۆیشی لێ بوویتایە دەکوژرایت؟

لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە، بەڕاست لەبەرچی بەویان نەوت؟ ئاخۆ ئەمە کاری شارەزاد نەبوو؟ ئاخۆ مەبەستی لە پەراوێزخستنی حەمید، پاراستنی خێزانەکەی نەبوو؟

دوو، سێ هەفتە بەسەرچوو، حەمید تووڕە و بێ خەو بوو، بەردەوام جگەرەی دەکێشا و لە چاوەڕوانیی هەواڵدا لەگەڵ لێدانی زەنگی تەلەفۆنەکە دەردەپەڕی، لە پێناو دۆزینەوەی مۆرە سەرەکییەکان و مەهدی خۆی بە ئاو و ئاگردا دەدا، بەڵام هیچ سەرە داوێکی دەست نەکەوت، هەر ڕۆژەی هەواڵی گرتنی کۆمەڵەیەک و دەستەیەک بڵاو دەکرایەوە، حەمید ڕێگەکەی پشت سەربانەکە و هەموو ڕێگەکانی تری هەڵهاتنی بەسەرکردەوە، وا دیار بوو کارگە و چاپخانەکەش پاکسازی کرابوون، کات بە ڕووداوەکان هەڵاوساو بوو، نەبوونی ئاسایش لەگەڵ هەوادا شەپۆلی دەدا، چرکەکان لە چاوەڕوانیی ڕووداوێک یان هەواڵێکدا تێ دەپەڕی. بە حەمیدم گوت:

– هەموو خۆیان شاردووەتەوە، لەوانەشە ڕۆیشتبن، وەرە تۆش بۆ ماوەیەک بۆ شوێنێک برۆ، هەر کاتێک ئاو لە ئاسیا و کەوت بگەڕێوە، هێشتا کەس تۆ ناناسێت، دەتوانیت لە وڵات بچیتە دەر.

– بە هیچ شێوەیەک بۆ هەندەران ناڕۆم.

– کەواتە هیچ نەبێت بۆ لادێیەک، شارۆچکەیەک، بۆ شوێنێکی دوور برۆ تاوەکو ئەم دۆخە هەڵاوساوە هێمن دەبێتەوە.

– من له نزیک تەلەفۆن و کارگەکە ناجوولێمەوە، لەوانەیە لە هەر چرکەیەکدا کارێکیان پێم بێت.

هەوڵم دەدا ژیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەسەر بەرم، کەچی هیچ شتێک ئاسایی نەبوو، رووحم پرسەدار بوو، زۆر نیگەرانی ژیان و سەلامەتی حەمید بووم. بۆ چرکەیەکیش رووخساری شارەزاد و یادگاریی ئەو چەند مانگەی کە پێکەوە بردبوومانە سەر، لە بەرچاوم ون نەدەبوون. رۆژی دوای رووداوەکە، سیامەک لە دوای گەرانێکی زۆر رۆژنامەکەی دۆزیبووەوە، بردبوویە پشت سەربانەکە و خوێندبوویەوە، من لە چێشتخانەکە بووم کاتێک کە بە رەنگێکی بزرکاوەوە رۆژنامەکەی لە دەستدا بوو، هات و لە بەردەمم وەستا، چوومە لایەوە و گوتم:

– خوێندتەوە؟

سەری خستە باوەشم و دەستی بە گریان کرد، گوتم:

– ئاگادار بە مەسعوود نەزانێت.

بەڵام مەسعوود هەر لە سەرەتاوە پەی بە رووداوەکە بردبوو، لە گۆشەیەک خەمبار دادەنیشت و نوقمی بیرکردنەوە دەبوو، چیی تر هیچی بۆ پوورە شەری خۆشەویستی دروست نەکرد، وێنەی نەکێشا، نەکەوتە شوێن هەواڵی و بیر پەشێو، هەوڵی دەدا ناوی نەهێنێت. لە پاش ماوەیەکی زۆر سەرنجی رەنگە تاریک و سروشتە سەیر و نادیاریی نیگارەکانیم دا، رەنگ و نیگارگەلێک کە هەرگیز پێشتر لە کارەکانیدا نەمبینیبوو، هیچ روونکردنەوەیەکیشی لە بارەیانەوە نەدەدا و چیرۆکەکانیشی نەدەگێرایەوە. ماوەیەکی ئێجگار زۆری برد تاوەکو خەمەکە لە دەروونیدا هەرس بوو، بەڵام هەرگیز لە بیری نەچووەوە. دەترسام ئەم خەمە کپکراوە ببێتە بەشێک لە کەسایەتییە شاد و گەرموگورەکەی، ئەو بۆ پێکەنین، سۆز بەخشین، خەم رەوێنی دروست بووبوو، نەک خەمۆکی و دڵتەنگی، بەڵام دەتوانرا چی بکرێت! بەداخەوە نەمدەتوانی منداڵەکانم لە بەردەم ئەزموونە ناخۆشەکانی ژیان بپارێزم، هەرچەندە زوو بوو بەڵام دەبوایە رووبەرووی راستییە تاڵەکانی ژیان بوونایەتەوە، ئەمەش بەشێک لە گەورە بوونیان بوو.

بارودۆخی حەمید لە منداڵەکان خراپتر بوو، سەرگەردان بە دەوری خۆیدا دەسوورایەوە، هەر دەهات و دەچوو، هەندێ جار بۆ چەند رۆژێک ون دەبوو، کەچی

له گەڕانەوەیدا هیچی لەو نائومێدییە کەم نەکردبووەوە، بەوەدا دەمزانی کە ئەوەی بۆی چووە دەستی نەکەوتووە. دوا جار، هەفتەیەک زیاتر ئێمەی بێ هەواڵ هێشتەوە، نەک هەر نەدەهاتە ماڵەوە، بەڵکو تەنانەت تەلەفۆنێکیشی نەدەکرد بۆ ئەوەی بپرسێت کەس پێوەندی پێوە کردووە یا نا؟ هەمیشە لە دڵهوره و نیگەرانیدا بووم، هەرچەندە لە دوای مردنی شارەزاد قینم لە کڕینی ڕۆژنامە دەبووەوە و دەترسام، کەچی هیچ ڕێگە چارەیەکم نەبوو، هەموو ڕۆژێ زووتر لە ڕۆژی پێشووتر خۆم دەگەیاندە لادوکانی ڕۆژنامەفرۆشەکە و چاوەڕوانی هاتنی ڕۆژنامەم دەکرد، بە ترس و لەرزەوە ڕۆژنامەکەم دەکردەوە، کاتێک دەمبینی هیچ هەواڵێک نییە، بەهێمنی بە پێ دەگەڕامە ماڵەوە، لە ڕاستیدا من ڕۆژنامەم بۆ دەستکەوتنی هەواڵ نەدەویست، بەڵکو ئامانجم دڵنیابوون بوو لە نەبوونی هەواڵ.

سەرەنجام، لە ناوەڕاستی جۆزەردانەدا ئەو هەواڵەی کە نەمدەخواست، لە ڕۆژنامەدا بینیم. هێشتا پەتی چەپکە ڕۆژنامەکانیان نەکردبووەوە کە سەردێڕە ڕەش و گەورەکەی لاپەڕەی یەکەم لە جێگەی خۆم لە خاچی دام، پێیەکانم دەلەرزین، هەناسەم گیرا، نایەتەوە بیرم، چۆنم ڕۆژنامەکە کڕی و خۆم گەیاندە ماڵەوە، منداڵەکان لە حەوشەکە یارییان دەکرد، بەپەلە لە پێپلیکانەکان سەرکەوتم، دەرگەکەم لە خۆم داخست و هەر لە پشت دەرگەکە ڕۆژنامەکەم لەسەر زەوییەکە ڕاخست، خەریک بوو دڵم لە دەممەوە بێتە دەر، هەواڵەکە سەبارەت بە تێکشکاندنی کۆمەڵێ لە سەرکردەکانی ڕێکخراوەیەکی تیرۆریست و ئاژاوەگێڕ دەدوا و موژدەی ئەوەی دەدا کە وڵاتە خۆشەویستەکەمان لە بوونی ئەم ئەندامە خاینانە پاک کراوەتەوە. ناوەکان بە بەرچاومەوە بە ڕیز دەڕۆیشتن، نزیکەی دە ناو بوون، هەندێکیانم نەدەهاتەوە یاد، بەڵام ناوی مەهدی بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی بەرجەستە هاتبوو، جارێکی تر ناوەکانم خوێندەوە، نە، ناوی حەمیدی تێدا نییە، دڵم خاو بووەوە، نەمدەزانی چ هەستێکم هەیە، بەداخ بووم بۆ ئەو کەسانەی لە نێوچوون، بەڵام تروسکەی هیوایەک لە دڵمدا درەوشایەوە، ناوی حەمید لە نێوانیاندا نییە، بێگومان هێشتا زیندووە، لەوانەیە هەڵهاتبێت، لەوانەیشە هەر نەناسرابێتەوە و بتوانێت بگەڕێتە ماڵەوە. ئۆی، سوپاس بۆ خوا! ئەی ئەگەر گیرابێت چی؟ گێژ و تاسا بووم، بەبێ هیواییەوە تەلەفۆنم بۆ کارگە و چاپخانە کرد، کەچی وەڵامیان نەدایەوە، هێشتا کاژێرێک بۆ داخستنی کارگە مابوو،

هەستم دەکرد ئەم هەموو پەشێوی و نیگەرانییە شێتم دەکەن، خۆزگە دەمتوانی لەگەڵ یەکێ قسە بکەم، خۆزگە هاوبیرێکم هەبوایە، خۆزگە یەکێ دڵی دەدامەوە. لەبەرخۆمەوە گوتم: دەبێت بەهێز بم، تەنانەت ئەو وتانەش کە بە ناخمدا تێ دەپەڕن دەتوانن بمدەنە بەر تەوژمی لەناوچوون.

دوو ڕۆژی تریش لە تاریکی و پەریشانیدا تێ پەڕی، وەکو شێت کارم دەکرد، لەوانەیە مێشکم سەرقاڵی شتێکی تر بێت. شەوی دووەم، ئەوەی کە چاوەڕوانی بووم ڕووی دا، نیوەشەو بوو، تازە خەریک بوو خەو دەچووە چاوم، نەمزانی چۆن لە پڕێکدا لە ناوەڕاست ماڵەکەماندا سەوز بوون. سیامەک زۆر ترسا، بەرەو لای من ڕای کرد، مەسعوود دەیقیژاند، یەکێ خستیە باوەشم، سەربازێک بە تفەنگ نیشانەی لە هەرسێکمان گرتبوو کە لەسەر تەختی خەوەکە وەکو بی دەلەرزین، نازانم چەند کەس بوون، بەڵام لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ماڵەکەدا بڵاوبوونەوە و هەرچییەکیان دەست دەکەوت فڕێیان دەدایە ناوەڕاستی ژوورەکە، دەنگی زریکە تۆقیوەکەی داپیرە کە لە خوارەوە دەهات، ئەوەندەی تر تووڕە و شێتی دەکردم، هەموو شتەکانی ناو دۆڵاپەکان، کۆمەدی چێشتخانەکە، کتێب و جانتاکانیان لەسەر زەوی هەڵڕشت، دۆشەک و لێفەکانیان بە چەقۆ هەڵدڕی، نەمدەزانی بۆچی دەگەڕێن! موژدەم بەخۆم دەبەخشی، کەواتا حەمید هێشتا ماوە و نەگیراوە، بۆیە بۆ ئێرە هاتوون، بە شوێن ئەودا دەگەڕێن، بەڵام لەوانەشە ئەویان گرتبێت و ئەم کتێب و نامە و لاپەڕانە بۆ سەنەد و بەڵگە کۆ دەکەنەوە. کێ ناوونیشانی ماڵەکەمانی پێ داون؟ ئەم بیرکردنەوەیە و هەزاران شتی تری ناڕوون بە مێشکمدا تێ دەپەڕین. مەسعوود بە منەوە نووسابوو، تەماشای ئەوانی دەکرد، سیامەک قنج لەسەر تەختی خەوەکە دانیشتبوو، دەستیم گرت، وەکو سەهۆڵ وا بوو و کەمێک دەلەرزی، تەماشای دەموچاویم کرد، هەموو جەستەی چاو بوو، هەموو جموجۆڵێکی ئەوانی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام لە نیگاکانیدا جگە لە ترس شتێکی تریش هەبوو کە ڕایچڵەکاندم، بڵێسەی تووڕەیی، قین و نەفرەت بوون لە چاوەکانی ئەم منداڵە نۆ ساڵەیەوە دەردەپەڕی و تا هەتایە لە یادمدا مایەوە. داپیرەم بەبیردا هاتەوە، لە دڵ خۆمەوە گوتم: ماوەیەکە دەنگی نایەت، ناشێ مردبێ، چی بەسەر هاتووە؟ لە پڕ ئێمەیان لەسەر تەختی خەوەکە هەستاند، ناو نوێنەکە گەڕان، چەقۆیەکیشیان لە دۆشەکەکە چەقاند، فەرمانیان دا جارێکی تر هەر لەوێ دانیشین.

دەمی ڕۆژ هەڵات بوو کاتێک ئەوان بە کۆمەڵێک لاپەڕە و کتێبەوە لە ماڵەکە چوونە دەر، نیو کاژێرێک دەبوو مەسعوود خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام سیامەک هەروا ڕەنگ بزڕکاو و بێدەنگ لە شوێن خۆیدا دانیشتبوو. ماوەیەکی پێ چوو تاوەکو وێرام بەهێمنی لەسەر تەختی خەوەکە هەستم. هەر وام دەزانی هێشتا یەکێکیان لە شوێنێکدا خۆی حەشارداوە و سەیرمان دەکات، بە ژوورەکاندا گەڕام، سیامەک بۆ هەموو شوێنێک بە دوامدا دەهات، دەرگەکەم کردەوە و ڕۆیشتمە دەرەوە، نە، کەسی لێ نەبوو، بەپەلە لە پلیکانەکانەوە هاتمە خوارەوە، دەرگەی ژوورەکەی داپیرە لەسەر پشت کرابووەوە و داپیرە لەسەر گازەرای پشت لە ناو نوێنەکەیدا کەوتبوو، گوتم: وەی مردووە، بەڵام کە چوومە لایەوە سەرنجم دا زۆر بەقورسی هەناسە دەدات، کەمێک نرکە نرکی لێوە دەهات، پەرداخێ ئاوم هێنا و هەوڵم دا بیکەمە دەمیەوە، دوو سەرینم لە پشتی دانا بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بدات. چیی تر بواری شاردنەوەی هیچ شتێک نەمابوو، نهێنییەک نەمابوو لە ئاشکرابوونی بترسم، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و زەنگم بۆ ماڵ باوکی حەمید دا، باوکی هەوڵی دەدا هێمنیی خۆی بپارێزێت، بەڵام هەستم کرد هەواڵەکە کتوپڕ نەبوو، لەوە دەچوو چاوەڕوانی شتێکی وابێت.

سەرم بە هەموو شوێنێکدا کرد، ماڵەکەیان وەها بەسەر یەکدا شێواندبوو هەستم دەکرد ئیتر هەرگیز جارێکی تر ڕێکوپێک نابێتەوە، ماڵەکەم وەکو وڵاتێکی داگیرکراوی پاش جێهێشتنی دوژمن وا بوو، وێران، سەرگەردان و بێ بەرهەم، ئاخۆ دەبێت لە پاش ئەمە چاوەڕوانی لاشەی کوژراوەکان بم؟

لە ژوورەکانی داپیرەدا، هێندە کەلوپەلیان کۆکردبووەوە بەلامەوە سەیربوو، ئەم هەموو شتە بێ کەڵکە چۆن لەم ژوورانەدا جێگەیان بووەتەوە؟ پەردەی کۆنە، ڕوون نەبوو لە کوێوە هێنرابوون، ڕوومێزی دەستکردی پەڵەدار کە بە چەندان شۆردن پاک نەبووبوونەوە، ڕووتەختی خەوی کۆن، لەتە پارچە کۆنەی گەورە و بچووکی پاشماوەی ئەو جلانەی کە چەندان ساڵ پێشتر دووراون، کۆن و فڕێدراو بوون، چنگاڵی تاک و تەرا و زەردەوەبوو، قاپ و قاچاخی لێوار پەڕیو و درز بردوو، لە چاوەڕوانی ئەو گاوکەرەی* کە هەرگیز نەهات، بەڕاست، داپیرە ئەمانەی بۆچی

* گاوگەر: شووشەبەند

هەڵگرتووە؟ لە ناو هەریەک لەمانەدا، بۆ کامە بەشی ژیانی خۆی دەگەڕێت؟

لەژێر زەوییەکەدا، هەر لە کورسی و مێزی شکاو، شووشەی بەتاڵی شیر و ساردی لە ناو خاک و خۆڵەکەدا بڵاو بووبوونەوە، تۆپەڵە بچووکی برنجی ڕژاو لە گۆنییە دەم هەڵچڕاوەکانەوە، بەڕاستی حەشرێک بەرپا کرابوو.

باوک و دایکی حەمید سەرسوڕماو و باوەڕنەکەردە، خۆیان بە ژووردا کرد، دایکی بە بینینی دۆخەکە قیژاندی و دەستی کردە گریان، هەر دەیگوت:

– کوڕەکەم چی بەسەرهاتووە؟ حەمید لە کوێیە...؟

واقم وڕمابوو، تەماشام دەکرد، لە ڕاستیدا دەبوایە بگریم، کەچی هەروەکو سەهۆڵ ساردوسڕ بووم، مێشکم هاودەمی ڕووداوەکەی نەدەکرد، لەوە دەچوو نەمدەویست لە کاریگەری کارەساتەکە تێ بگەم. باوکی بەپەلە داپیرەی سواری ئۆتۆمۆبێلەکە کرد و دایکی حەمیدیشی بە زۆر خستە ئۆتۆمۆبێلەکەوە. تاقەت و توانای یارمەتی و دڵدانەوە و تەنانەت وەڵامدانەوەی کەسیشم نەبوو، جەستەم لە هەموو هەستەکان بەتاڵ ببووەوە، هەر ئەوەندەم دەزانی کە ناتوانم لە شوێنێک ئۆقرە بگرم، هەر دەهاتم و دەڕۆیشتم، نازانم چەندی پێ چوو تا باوکی حەمید گەڕایەوە، سیامەکی لە باوەش گرت و دەستی بە گریان کرد، بێ هەست سەیریم دەکرد، دەتگوت فرسەخێک لێمەوە دوور بوو. لە پڕ دەنگی زریکە ترسناک و نەبڕاوەکەی مەسعوود بە ئاگەی هێنامەوە، بەرەو لای پلیکانەکان ڕام کرد، لە ئامێزم گرت، لە ئارەقەدا خوسابوو و دەلەرزی.

– هیچ نییە کوڕم، مەترسە، هیچ نییە.

– شتەکانتان کۆبکەنەوە، چەند ڕۆژێ لە ماڵی ئێمەدا دەمێننەوە.

– نە سوپاست دەکەم، ئێرەم پێ خۆشترە.

– ناتوانی لێرە بمێنیتەوە، دروست نییە.

– نە دەمێنمەوە، لەوانەیە هەواڵێک لە حەمیدەوە بێت، لەوانەیە کارێکی بە من بێت.

سەری ڕاوەشاند و بە سووربوونەوە گوتی:

– نە گیانەکەم، پێویست ناکات، کەلوپەلەکانتان کۆبکەنەوە، ئەگەریش ماڵی

باوکتت پێ خۆشترە بۆ ئەوێت دەبەم، ماڵی ئێمەش زۆر ئاسوودە نییە.

زانیم ئەو زانیاریی زیاتری لە لایە، بەڵام نەمدەوێرا بپرسم، نەمدەویست بزانم. لەو بشێوییەدا جانتایەکم دۆزییەوە، هەرچییەکم لە جلی منداڵەکان بەرچاو کەوت و هەندێ شتی خۆشم تێ خست، نەمدەتوانی جل بگۆڕم، چارشێوی نوێژەکەم لەسەر جلی خەوەکەوە بەسەر سەرمدا دا و لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە، باوکی حەمید دەرگەکانی داخست.

بە درێژاییی هەموو ڕێیەکە یەک وشەشم نەگوت، باوکی حەمید لەگەڵ منداڵەکان قسەی دەکرد و هەوڵی دەدا سەرگەرمیان بکات، لەسەر کۆڵانەکەوە منداڵەکان لە ئۆتۆمۆبێلەکە هاتنە خوارەوە، سەیرم کرد هێشتا هەر جلی خەویان لەبەردابوو، چەند بچووک و بێ دەرەتان بوون!

– کچم سەیرکە، دەزانم ترسای، دڵت داخورپا، ئەمە گورزێکی قورس بوو بۆ تۆ، بەڵام دەبێت بەهێزبیت، بە خۆتدا بێرەوە، هەتا کەی دەتەوێت ئاوها بێدەنگ و مات دانیشی و لە ڕاستییەکە هەڵبێی؟ منداڵەکانت پێویستییان پێتە، دەبێت ئاگات لێیان بێت.

سەرئەنجام فرمێسکەکانم هاتنە خوار، بە دەم گریانەوە پرسیم:

– حەمید، حەمید چی لێ هاتووە؟

باوکە سەری خستە سەر سووکانی ئۆتۆمۆبێلەکە و هیچی نەگوت.

– مردووە! وانییە؟ ئەویش وەکو ئەوانی تر کوژراوە؟ وایە؟

– نە بابە گیان زیندووە، ئەوە دەزانین.

– تۆ ئاگەت لێیەتی؟ پێم بڵێ، بەخوا بە هیچ کەس ناڵێم، لە چاپخانە خۆی شاردووەتەوە، وانییە؟

– نە گیانەکەم، دوو ڕۆژ پێش ئێستا ڕژانە ئەوێش، ژێر و ژووریان کرد و دایان خست.

– ئەی بۆ بە منتان نەوت؟ حەمیدیش لەوێ بوو؟

– نزیک بوو... هەر لەو دەوروبەرە بوو.

– ئێ...؟

– چی بڵێم، گیراوە.

– وەی...!

تا ماوەیەک نەمدەتوانی هیچی تر بڵێم، کەمێک بێدەنگ بووین، یەکسەر گوتم:

– کەواتە، لە ڕاستیدا ئەویش مردووە، لە گرتن پتر دەترسا وەک لە مردن.

– نە ئازیزم، وا بیر مەکەرەوە، بە هیوا بە، هەرچییەک لە دەستم بێت دەیکەم، لە دوێنێکەوە تا ئێستا بۆ هەزار شوێن ڕۆیشتووم، چاوم بە چەند کەسێ لە پیاوە سەر زلەکان کەوتووە، هەموو ناسیاوەکانم جێبەجێ کردووە، ئەمڕۆش لەگەڵ پارێزەرێکدا کاتم دیاری کردووە، هەموو دەڵێن دەبێت بە هیوا بین، من خۆشبینم، دەبێت تۆش یارمەتیم بدەیت، بەردەوام لە گەڵمان لە پێوەندیدابە، ئێستا تەنیا دەبێت سوپاسی خوا بکەین کە زیندووە، ئیشەڵڵا ئەوانی تریش جێبەجێ دەبێت.

سێ ڕۆژی تەواو لە ماڵی باوکم کەوتبووم، نەخۆش نەبووم، تام لێ نەبوو، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم نەمدەتوانی هیچ بکەم، دەتگوت دڵ داخورپان و نیگەرانییەکانی ئەم چەند مانگەی کۆتایی و ئەم دوا گورزەش هەموو وزە و تواناکانی لێ سەندبوومەوە. مەسعوود لە ژوور سەرم دادەنیشت و دەیلاواندمەوە، هەوڵی دەدا ناچارم بکات نان بخۆم، وەکو برینپێچێک چاودێری دەکردم. سیامەک بێدەنگ لە دەوری حەوزەکە پیاسەی دەکرد، نە لەگەڵ کەس قسەی دەکرد، نە شەڕی دەکرد، نە هیچی دەشکاند و نە یاری دەکرد، لە نیگا قووڵ و تاریکەکەیدا تیشکی نائومێدی دەدرەوشایەوە، ئەم دۆخەی ئەو منی لە ئاکارە توند و شەڕ و کێشەکانی زیاتر دەترساند، لە شەوێکدا دە، پازدە ساڵ گەورەتر بووبوو و لە پیاوە ڕووگرژ و تووڕەکان دەچوو.

ڕۆژی سێیەم، بڕیارم دا لە شوێن خۆم هەستم، چارەم نەبوو، دەبوایە بگەڕێمەوە ژیانی ئاسایی، هەرچەندە هێشتا هەر زۆر بێ هێز بووم. مەحموود تازە بە هەواڵەکەی زانیبوو، خۆی و ژن و منداڵەکانی هاتن، ئیحتیرام سادات هەر قسەی دەکرد و منیش هیچ تاقەتم نەبوو، مەحموود لە چێشتخانەکە لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد، دەمزانی بۆ وەرگرتنی هەواڵ هاتووە. فاتی سینییە چایەکەی لەسەر زەوی دانا و لە تەنیشتمەوە دانیشت لەو کاتەدا دەنگە تووڕەکەی سیامەک لە حەوشەکەوە بەرز بووەوە، دەتگوت باهۆز هەڵی کرد، دەرپەڕیمە لای پەنجەرەکە،

دەموچاوی سیامەک لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕابوو و دژوینی بە مەحموود دەدا، بەردی بۆ فڕێ دەدا، لە پڕ هەڵگەڕایەوە و غولامەلی داماوی بەهێزێکەوە کە لە توانای ئەو نەدەوەشایەوە، هەڵگرت و خستییە ناو حەوزەکە، و گوڵدانێکیش کە لە قەراخی حەوزەکەدا بوو، بە شەق فڕێیدا و شکاندی، نەمدەزانی چ شتێک بەو شێوەیە تووڕەی کردووە، بەڵام دڵنیا بووم بێ هۆ نییە، تەنانەت بەوەش قایل بووم، ئەو سەرەنجام لە دوای سێ ڕۆژ خەریک بوو بەو جۆرە خۆی بەتاڵ دەکردەوە، هاوکات عەلی دەیگوت دەمت داخە، سەگباب، دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بە ناو دەم سیامەکدا بدات، دنیا لەبەرچاوم تاریک و ڕەش بوو، قیژاندم و گوتم:

– دەستت داگرە.

و هەر لەو پەنجەرەیەوە خۆم خستە حەوشەکە، وەک شێرە دایکێک کە لە بەردەم دوژمنەکەیدا بەرگری لە منداڵەکەی دەکات، بۆ لای عەلی ڕام کرد و گوتم:

– ئەگەر دەستت بەر منداڵەکەم بکەوێت لەت لەتت دەکەم.

و سیامەکم کە لە تووڕەییدا هەڵدەلەرزی، لە ئامێزم گرت، هەموو بێدەنگ و سەرسوڕماو سەیریان دەکردم، عەلی حەپەسا و گوتی:

– من تەنیا دەمویست بێدەنگی بکەم، سەیرکە چ فەرتەنەیەکی ناوەتەوە؟ چی بەسەر ئەو منداڵەدا هێنا.

و ناوچەوانی غولامەلی کە وەکو مشکێکی لە ئاو هەڵکێشراو لە تەنیشت دایکییەوە وەستابوو، بەرز دەکردەوە و نیشانی دەدا.

– ئاگات لێ نەبوو چ قسەگەلێکی پڕوپووچی بە خاڵۆ گەورەکەی دەگوت؟

– دیارە شتێکتان گوتووە وا ئەم منداڵەی بەو شێوەیە تووڕە کردووە، دەنا خۆ سێ ڕۆژە لەم ماڵە دەنگی لێوە نەهاتووە.

مەحموود دەموچاوی گرژەوە کرد و گوتی:

– بۆچی ئەم بەچکە جنۆکەیە هی ئەوەیە ئێمە قسەی لەگەڵ بکەین؟ تۆش شەرم ناکەی برا گەورەکەت بە قسەیەکی منداڵەکەت دەفرۆشی، بەڕاستی هەرگیز نابی بە بەشەر.

کاتێک باوکم هاتەوە، بارودۆخی ماڵەکە ئارام بوو، بەڵام ئەو ئارامییەی کە لە

پاش ڕەشەبا بوار دەدات کە هەردوولا بە زیانەکانیاندا بچنەوە. مەحموود و ژن و منداڵەکانی ڕۆیشتبوونەوە، عەلی لە نهۆمی سەرەوە لە ژوورەکەی خۆی بوو، دایکم دەگریا، نەیدەزانی لایەنی من بگرێت یان کوڕەکانی، فاتی بە دەورمدا دەهات، یارمەتی دەدام لە کۆکردنەوەی شتومەکی منداڵەکان. باوکم گوتی:

– ئەوە چی دەکەی؟

– دەبێت بڕۆم، منداڵەکانم نابێت لەژێر دەستەییدا گەورەبن و سووکایەتی ببینن، ئەویش لە کەسە نزیکەکانیانەوە.

– بۆچی چی بووە؟

دایکم گوتی:

– بڵێم چی، مەحموودی داماو هات دڵسۆزی بکات، کاتێک لە چێشتخانەکەدا لەگەڵ من قسەی دەکرد، ئەم منداڵە گوێی لێ بوو، نازانی چ فەرتەنەیەکی نایەوە، خوشک و براش بەربوونە گیانی یەکتر.

باوکم گوتی:

– باشە ئێستا هەرچییەک بووە نایەڵم شەو بڕۆیتەوە ئەو ماڵە.

– نە باوکە گیان، دەبێت بڕۆمەوە، ناوی منداڵەکانم نەنووسیوە، هەفتەیەکی تر قوتابخانەکان دەکرێنەوە، هیچ کارێکم نەکردووە.

– زۆر باشە بڕۆ، بەڵام نەک بەم شەوە، ئەویش بە تەنیا.

– فاتیش لەگەڵم دێت.

– وەی وەی! چ پاسەوانێ، لەمە گەورەترت نەدۆزییەوە، مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت پیاوێکتان لەگەڵ بێت، لەوانەیە جارێکی تریش بێنەوە، نابێت دوو ژن بە تەنیا لەوێ بمێننەوە، سبەی هەمووومان پێکەوە دەڕۆین.

باوکم ڕاستی دەکرد، دەبوایە ئەمشەویش ئۆقرەمان بگرتبایە، لە دوای نانی شێوان، باوکم سیامەکی لە تەنیشت خۆیەوە دانا، وەکو سەردەمی منداڵییەکەی قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، لێی پرسی:

– باشە کوڕم، ئێستا بە جوانی بۆم بگێڕەوە، چی بوو وا ئەوەندە تووڕە بووی؟

ئەویش هەروەکو تۆمارکەری دەنگ کە هەموو قسەکانی تۆمار کردبێت، لاسایی

قسەکردنەکەی مەحموودی دەکردەوە، گوتی:

– خۆ گوێم لێ بوو بە دایکەی دەگوت، پیاوێکی گێرەشێوێنە، ئەمڕۆ نە سبەی لە سێدارەی دەدەن من هەر لە سەرەتاوە حەزم لە چارەی ئەمانە نەبوو، دەمزانی زیخێک لە ناو پێڵاوەکەیاندایە، خوازبێنیکاریێ پەروین خانم بیدۆزێتەوە لەمە باشتر نابێت. چەندە وتم بە حاج ئاغا ....ی بدەن (هەڵوێستەیەکی کرد) نازانم کێ.... ئاغا.

باوکم گوتی:

– بێگومان ئەبو زەری...

– بەڵێ، هەر ئەوبوو، گوتتان تەمەنی زۆرە، ژنی هەبووە، نەتانگوت لە بریدا پیاوێکی خوا پەرستە، لە دوکانەکەیدا کۆڵێک کەلوپەل هەیە، ئینجا داتان بەم جووجەڵە کۆمۆنیستە خوا نەناسە، چەپەڵە، پاداشتی خۆیەتی، هەر دەبێت لە سێدارەی بدەن.

باوکم سەری سیامەکی بە سینەیەوە نا و قژەکەی ماچ کرد و گوتی:

– تۆ گوێی مەدەرێ، ئەمانە عەقڵیان پێدا ناشکێت، باوکی تۆ پیاوێکی زۆر باشە، ئەرخایەنیش بە لە سێدارەی نادەن، ئەمڕۆ لەگەڵ باوە گەورەت قسەم کرد، دەیگوت پارێزەری گرتووە، ئیشەڵڵا کارەکەی جێبەجێ دەبێت.

هەموو شەوەکە بیرم لەوە کردەوە کە بێ حەمید چۆن بژین؟ ئەرکم لە بەرامبەر منداڵەکاندا چییە؟ چ فەرمانێکم هەیە؟ لە بەرامبەر قسەی خەڵکیدا چۆن بیانپارێزم؟

سەرلە بەیانی لەگەڵ باوکم، پەروین خانم و فاتی گەڕاینەوە ماڵە بەر شالاوکەوتووەکەمان، باوکم بە بینینی دۆخی ماڵەکە زۆر قەڵس بوو. لە کاتی ڕۆیشتنیدا گوتی:

– شاگردەکانی دوکانەکە دەنێرم هاوکاریتان بکەن، ئەمە بەتەنیا کاری ئێوە نییە.

هەندێک پارەی لە گیرفانی دەرکرد و بەردەوام بوو:

– با ئێستا ئەمەت لەلا بێت، هەر کاتێک پێویستیشت بوو قسە بکە.

– نە سوپاس، ئێستا پێویستیم پێ نییە.

بەڵام ئەم کارەی باوکم، لە نەبوونی حەمیددا منی خستە بیر دۆخی ئابووری خێزانەکەمان، بە ڕاست، دەبێت من چۆن خەرجیی ماڵەوە دابین بکەم؟ ئاخۆ دەبێت هەتاهەتایە سەرباری باوکم یان باوکی ئەو یا خەڵکی تر بم؟ جارێکی تر دڵەڕاوکێ دەستی پێ کردەوە، دڵی خۆم دەدایەوە: چاپخانەکە دەست بە کار دەکاتەوە، ئەو هێشتا هەر پشکێکی تێدا هەیە.

سێ ڕۆژی تەواو من، فاتی، پەروین خانم، سیامەک، مەسعوود، شاگردەکانی دوکانەکەی باوکم و جارجارەش دایکم کارمان کرد، هەتاوەکو سەرئەنجام ماڵەکە کۆبووەوە، دایک و خوشکەکانی حەمیدیش بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلەکەی داپیرە هاتن و ماڵەکەی ئەویان ڕێکوپێک کرد، داپیرە لە نەخۆشخانە هاتبووەوە، لە ماڵی ئەواندا کەوتبوو. هەرچی زبڵی ئەمبارەکە هەبوو ڕژانمە دەرەوە، فاتی پێ دەکەنی و دەیگوت:

– خوا خێری باوکی ساواکەکان بنووسێت بوونە هۆی ئەوەی بزانیت لە ماڵەکەدا چی هەیە و ماڵەکە بە باشی پاکەوە بکەیتەوە.

ڕۆژی پاشتر، بۆ ناونووسینی منداڵەکان چوومە قوتابخانە، مەسعوودە چکۆڵەکەم بە چ بارێکی دەروونییەوە بۆ پۆلی یەکەم ڕۆیشت! بەڵام بە پێچەوانەی سیامەکەوە هەوڵی دەدا هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نەکات. ڕۆژی یەکەم کاتێک گەیاندمە قوتابخانە، ترسێکم لەو کەشە نامۆیە لە چاوەکانیدا دەخوێندەوە، کەچی هیچی نەدەوت، لە کاتی خوا حافیزیدا گوتم:

– تۆ کوڕێکی باشی، زۆر زوو هاوڕێ دەدۆزیتەوە، بێگومان مامۆستاکەشت خۆشی دەوێی، من دڵنیام.

– دێیتە شوێنم؟

– بە دڵنیاییەوە دێمە شوێنت، پێت وابوو من کوڕە میهرەبان و ئازیزەکەم لە بیر دەچێت؟

– نە، دەترسم ون بی.

– من ون بم؟ نە ڕۆڵە گیان گەورەکان ون نابن.

– بۆ نا!! ون دەبن، کاتێکیش ون دەبن ئیتر نادۆزرێنەوە، بینیت شارەزاد و بابە

چۆن ون بوون.

یەکەمین جار بوو لە دوای مردنی شارەزاد ناوی بهێنێت، ئەویش بە ناوەکەی خۆیەوە نەک پوورە شەری وەکو هەموو جارێک دەیوت. نەمدەزانی چی بڵێم، ئەو لە مێشکە بچکۆلەکەی خۆیدا چۆن ڕۆیشتنی ئەوانی لێک دابووەوە؟ ڕام کێشایە ئامێزم و گوتم:

– نە کوڕم، دایکەکان ون نابن، ئەوان بۆنی منداڵەکانیان دەناسنەوە و بەرەو لایان دەڕۆن، لە هەر شوێنێک بن دەیاندۆزنەوە.

– کەواتە کاتێک من نەبووم نەگری ها...!

– نە ڕۆڵە گیان من ناگریم، کەی گریام؟

– هەموو کاتێک دەگری، کاتێک لە چێشتخانە بەتەنیای.

وای... ناتوانرێت هیچ شتێک لەم منداڵە بشاردرێتەوە، دڵم پڕبوو و گوتم:

– گریانیش شتێکی خراپ نییە، هەندێ جار پێویستە، بەو شێوەیە دەروونی مرۆڤ سووکتر دەبێتەوە، بەڵام چیی تر ناگریم.

دواتریش لەگەڵ ئەودا هیچ کێشەیەکم نەبوو، بە ڕێکوپێکی ڕاهێنانەکانی دەنووسییەوە، هەموو کارەکانی خۆی دەکرد، ئاگای لەوە بوو بە هیچ شێوەیەک نەبێتە هۆی بێزاریم، تاقە ئاسەوارێکی ئەو شەوە ترسناکەی لەودا مابووەوە و نەیدەتوانی لە منی بشارێتەوە، ئەو هاوارە ترس ئامێزە بوو کە هەندێ جار لە نیوەشەوەکاندا منی لە خەو ڕادەچڵەکاند.

دوو مانگ تێپەڕ بوو، زانکۆکان کرانەوە، بەڵام تەنیا شتێک کە بیرم لێ نەدەکردەوە چوونە زانکۆ بوو. هەموو ڕۆژێ لەگەڵ باوکی حەمید بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی جۆرەوجۆر دەڕۆیشتین، داوامان دەکرد و دەپاڕاینەوە، ناسیاومان دەدۆزییەوە و میوانداریمان ساز دەکرد، تەنانەت نامەمان بۆ نووسینگەی شاژن فەرەح نووسی بۆ ئەوەی لە سێدارەی نەدەن و لەژێر ئەشکەنجە دەری بهێنن و بۆ زیندانی ئاسایی بنێرن، چەند بەڵێنێکیشمان وەرگرت، بەڵام دیار نەبوو تا چ ڕادەیەک ئەم هەموو هەوڵانە کاریگەرییان هەیە و لە ڕاستیدا حەمید لە چ دۆخێکدایە. لە پاش ماوەیەک دادگەیییەکی ڕووکەش ساز درا و لەبەرئەوەی سەلمێندرابوو کە لە هیچ چالاکییەکی سەربازیدا بەشداریی نەکردووە، مەترسیی لە

سێدارەدانی لەسەر نەما و پازدە ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێندرا، تەنانەت دواتر مۆڵەتیان پێ داین خواردن و جلی بۆ بەرین و نامەی بۆ بنووسین، هەموو دووشەممەیەک بە جانتایەکی گەورەی خواردن، جل، کتێب، شتومەکی نووسین دەچوومە بەردەم زیندانەکە، زۆربەیان هەر لەوێدا دەگێڕرایەوە و لەوانەشی کە دەیانبرد نەمدەزانی سەرئەنجام چەندی دەگاتە دەست حەمید. یەکەمین جار کە جلە چڵکنەکانیان بۆ شۆردن پێ دام سەرم سوڕما، بۆنێکی سەیریان لێ دەهات، بۆنی خوێنی وشکەوەبوو، بۆنی کەڕوو، بۆنی بەدبەختی لێ دەهات، بە هەراسەوە سەیری یەک بە یەکیم کرد، پەڵەی خوێن و چرچ و لۆچییەکەی شێتی کردم، دەرگەی گەرماوەکەم داخست و بەلووعەی ئاوەکەم بەسەر تەشتەکەدا کردەوە و دەنگەدەنگێکی زۆرم نایەوە و بە دەنگی بەرز گریام. ئەو لەوێدا چی دەچەشت؟! ئاخۆ باشتر نەبوو ئەویش وەکو مەهدی و شارەزاد و ئەوانی تر بکوژرایە؟ ئاخۆ هەموو چرکەیەک ئاواتی مەرگ ناخوازێت؟ وردە وردە لەسەر جلەکانەوە شوێنی برینەکان و ئازارەکانیانم دەناسییەوە، دەمزانی کامەیان خراپترینە و کامەیان بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات.

کات بەسەر دەچوو، هیچ هەواڵی کردنەوەی چاپخانە و کارگە نەبوو، باوکی حەمید هەموو مانگێک هەندێک پارەی پێ دەدام، بەڵام ئەم دۆخە تاکەی دەکرا هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت؟ دەبوایە بڕیارێکی تەواوم بدایە، دەبوایە خۆم کارێکم بکردبایە، نە منداڵ بووم، نەش بێ دەسەڵات، ژنێک بووم بەرپرسیارێتیی دوو منداڵم لە ئەستۆدا بوو کە نەمدەویست بە بەزەیی و خێری ئەم و ئەو گەورە بن. دانیشتن، کڕووزانەوە، دەست پانکردنەوە لەم و لەو، لە من و منداڵەکان و بەتایبەتیش لە حەمید نەدەوەشایەوە. دەبوایە ئێمە بە شانازی و سەربەرزییەوە بژیاینایە، دەبوایە لەسەر پێی خۆمان بوەستاینایە، بەڵام چۆن؟ من دەمتوانی چی بکەم؟ یەکەمین کارێک کە بە مێشکمدا هات، جلدوورین بوو لەلای پەروین خانم و بە هاوکاری فاتی، هەرچەندە بێ وەستان دەست بە کار بووم، بەڵام ئەوەی قینم لێ دەبووەوە ئەوەبوو کە دەبوایە هەموو ڕۆژێک بۆ ئەم کارە بەتایبەت بۆ ماڵی دایکم و پەروین خانم بڕۆیشتبام و ڕووبەڕووی عەلی و هەندێ جار مەحموودیش دەبوومەوە، هەموو ڕۆژێکیش سەرکۆنەی دایکمم دەبیست کە دەیگوت:

– بینیت، دەمگوت جلدوورین لە هەموو شتێک پێویستترە، گوێت پێ نەدا، هەر

له خۆڕا چوویته قوتابخانه و خوێندت.

هەمــوو دوای نیـوەڕوانێک، ڕۆژنامــەکــانم دەخـوێندەوە و بەشــوێن ئاگــاداری کۆمپانیا و فەرمانگەکاندا دەگەڕام، زۆربەی کۆمپانیا تایبەتییەکان یاریدەدەریان دەویست، باوک حەمید سەبارەت بە کەشی کار و هەندێ شت لە کۆمپانیەکاندا وشیاری پێ دام کە زۆر بەجێ بوون و خۆم بەباشی هەستم پێ کرد، لە هەندێ شوێندا ئەوەندە بەچلێسی دیقەتیان دەدام دەتگوت دەیانەوێ دۆست هەڵبژێرن نەک فەرمانبەر، هەر لەم گەڕانانەدا بۆم دەرکەوت کە تەنیا دیپلۆم بەش ناکات بەڵکو هەندێ شتی تریش هەن دەبێت بیزانم، لە دوو دانیشتنی خولی تایپێستیدا ئامادە بووم، لە پاش فێربوونی بنەما سەرەتاییەکان، وازم لێ هێنا، چونکە نە پارەی مانگانەم هەبوو و نە کاتیشم هەبوو لەوێ بەسەری بەرم، باوک حەمید تایپێکی کــۆنی پێ دام، شــەوانە ڕاهێنانم لەســەری دەکــرد، خــۆشی منی بە یەکێ لە هاوڕێکانی ناساند کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی دەوڵەتی کاری دەکرد. ئەو ڕۆژەی کە بۆ چاوپێکەوتن ڕۆیشتم لە بەردەم پیاوێکی سی و یەک، دوو ساڵەدا وەستابووم، بەچاوێکی تیــژ و وریاوە وردەکــۆڵانە ســەیری دەکــردم، لە نێــوان پرســـیــارە جۆربەجۆرەکانیدا هەوڵی دەدا بگات بەو شتانەی کە دەرم نەدەخست، پرسی:

– لێرەدا نووسیوتە هاوسەرت هەیە، هاوسەرەکەت ئیشی چییە؟

کەمێک سڵەمیمەوە، وام ئەزانی لەبەرئەوەی باوکی حەمید منی ناساندووە، ئاگاداری هەلومەرجی منە، بەڵام وا دیاربوو نەیدەزانی، بە تەتەڵەوە گوتم: کاری سەربەخۆ دەکات، لە نیگا و زەردەخەنە گاڵتەئامێزەکەی تێ گەیشتم کە باوەڕی بە قسەکەم نەکرد، ماندوو و تووڕە بووم، گوتم:

– من کارم دەوێت، ئێوە کارتان بە مێردەکەم چییە؟

– بە ئێمەیان گوتبوو کە داهاتێکی ترت نییە.

– کێ گوتی؟

– ئاغای موعتەمەدی، یاریدەدەر، ئەوەی کە تۆی ناساندووە.

– باشــە ئەگەر داهاتێکی ترم هەبێت، ئێوە کارەکەم پێ نادەن؟ بۆچی ئێوە فەرمانبەرتان ناوێت؟

– بۆ نا خــانم دەمــانەوێت، بەڵام خــۆبەخــشکاری زۆرمــان هەیە کــە لە ڕووی

بڕوانامـەی خوێندن و ئەزمـوونـەوە هەلومـەرجـی لە تۆ باشـتـریان هـەیە، من نازانم ئاغای موعتەمەدی بۆچی تۆی ناساندووە و بەو هەموو پێداگرییەشەوە!!

نەمدەزانی چی بڵێم، باوک حەمید گوتبووی کاتێ سەردانی شوێنێک دەکەیت بۆ کار، مەڵێ هاوسەرەکەم زیندانییە، نەمیشدەتوانی درۆ بکەم، چونکە بە دڵنیاییەوە زوو دەستم ئاشکرا دەبوو، دەشیا ئەم کارەشم بەگیر بهێنایە، ئەم شوێنە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ من شیاو بوو، دابڕاو و بێ هیوا بووم، بە دەست خۆم نەبوو، دوو دڵۆپ فرمێسک ڕژایە سەر ئەژنۆم و بەدەنگێکەوە کە خۆشم بەقورسی گوێم لێ دەبوو گوتم:

– مێردەکەم زیندانییە.

نێوچاوانی بە یەکدا دا، چاوەکانی گرژەوە کرد و پرسی:

– لەبەر چی؟

– چالاکیی سیاسی.

بێدەنگ بوو، نەمدەوێرا هیچ شتێک بڵێم، ئەویش ئیتر هیچی نەپرسی، دەستی بە نووسین کرد، پاش ماوەیەک سەری بەرز کردەوە، داگیرابوو، نامەیەکی دایە دەستمەوە و گوتی:

– سەبارەت بە هاوسەرەکەت بە کەس مەڵێ، ئەم نامەیە بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە بەرە، بیدە بە خانمی تەبریزی، ئەوان ئەرکەکانتان پێ دەڵێن، لە سبەینێشەوە دەست بە کار دەکەیت.

هەواڵی کارکردنی من لە ماڵەوە وەکو تۆپ تەقییەوە، دایکم بە چاوی دەرپەڕیوەوە گوتی:

– یانی دەچیتە بەڕێوەبەرایەتی، وەکو پیاوەکان؟

– بەڵێ، چیی تر ژن و پیاو جیاوازییان نییە.

– وای! بمرم، ئەم قسانە چین؟ ئاخر زەمانە، پێم وانییە باوک و براکانت بهێڵن.

– پێوەندیی بەوانەوە نییە، کەس مافی ئەوەی نییە دەست وەربداتە ناو ژیانی من و منداڵەکانم، تا ئێستا هەرچی بەڵایەکیان بەسەرمدا هێناوە بەسە، ئێستا ئیتر هاوسەرم هەیە، خۆ هاوسەرەکەم نەمردووە، بڕیارمان بە دەست خۆم و ئەوە،

کەواتە با لەخۆیانەوە خۆیان سووک نەکەن.

بەو دوا وریاکـردنەوەیە دەمـی هەمـوویـان داخـرا، هەرچـەند لەو باوەڕەدا نـەبووم باوکم زۆر ناڕازی بێت، چونکە، چەندان جار خۆشحاڵی دەربڕیوە بەوەی کە لەسەر پێی خـۆم وەسـتـاوم و پشت بە براکانم نـابەسـتم. ئەم کـارە بۆ بەرزکردنەوەی ورەم کـاریگەرییـەکـی زۆری هەبوو. هەسـتم بە کەسـایەتیی خـۆم و ئاسـوودەیـی دەکرد، سـەرەڕای ئەوەی زۆر مـانـدوو دەبووم، بەڵام هەسـتم بە شـانـازی دەکرد لەبەرئەوەی پێویستیم بە کەس نەبوو.

لە بەڕێوەبەرایـەتییـەکەدا، ڕۆڵی یاریـدەدەر یان بەڕێوەبەری نووسـینگەم دەبینی، هەمـوو کارێکم دەکرد، تایپ، وەڵامـدانەوەی تەلەفۆن، ڕێکخسـتنی فـایل، پشکنینی هەندێ حیساب و کیتاب، تەنانەت هەندێ جار وەرگێڕانیش، لە سەرەتاوە شتەکانم زۆر دژوار دەهـاتنە بەرچاو، ئیش و کـارەکـانم زۆر پەرش وبڵاو و قـورس دەبیـنی، کـەچی دوو هەفـتـەی نەبرد توانایی تەواوم بەسـەر دۆزەکـاندا پەیدا کـرد. ئاغـای زەرگـەر کـە ئێـسـتـا بـووبوو بە بەڕێوەبەرم، بـەوردی و حـەوسـەڵەوە ڕوونکردنەوەی پێویستی دەدا و کارەکانم لەژێر چاودێریی ئەودابوون، بەڵام چیی تر سـەبارەت بە ژیانـی تایبــەتیم پرسـیــاری نەدەکـرد و هـیچ وردەکـۆڵیــیـەکـی ئەوتۆشی لەبارەی حەمـیدەوە نەدەکرد. ورده ورده دەستـم کرد بە هەڵەچنیی ڕێنووس و داڕشـتنی ئەو بابـەتانەی کـە بـۆ تایپکردن بە منیـان دەدا، هـەرچۆنێک بێت مـن قـوتابی زانکۆ، بەشـی وێژەی فـارسـی بـووم و لەم دە سـاڵەی ڕابـردوودا بەلای کـەمـەوە نیـوەی کاتەکەم بە خـوێندنەوە بەسـەرچووبوو، کاتێک بووم بە جێگەی سـەرنج و هاندانی بەڕێوەبەرەکـەم ورەی زیاترم پەیدا کـرد، ورده ورده باوەڕی بە کـارەکـەم بەڕادەیەک گـەیشت کە مـەبەسـتەکەی خۆی دەوت و داوای لێ دەکردم کـە ناوەڕۆکی نامەکە یا ڕاپۆرتەکە بنووسم. کارەکەمم زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام کێشەیەکی تازەم تووش بوو کە پێشتر بیرم لێ نەکردبووەوە، ئیتر نەمدەتوانی هەموو هەفتەیەک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ زیندان بـڕۆم، سێ هەفـتـە بوو هیچ ئاگـام لـە حـەمـیـد نەبـوو، تووشی دڵەڕاوکێ بووم، لە دڵ خـۆمەوە گوتم، هەرچۆنێک بووە دەبێت ئەم هەفتـەیە بڕۆم، لە ڕۆژی پێشـتـرەوە هەمـوو شـتەکانم ئامـادە کـرد، کەمێک چێشـتم لێ نا، شـیـرینی، مــیــوە، جگـەرە و پارەم دانـا، بەیانـی زوو خــۆم گــەیانـدە بەندیخــانـە، لـە بەردەم دەروازەکە، پاسەوانەکە بە گاڵتەجاڕی و بێ ئەدەبییەوە گوتی:

– چیتـە؟ دوێنێ شـەو خـەوت لێ نەکـەوتووە وا بەم بـەیانی زووە هاتـووی؟ من ئێستا هیچ شتێکت لێ وەرناگرم.

– تکات لێ دەکەم دەبێت من کاژێر هەشت لەسەر کار بم.

کەچی ئەو دەستی کرد بە گاڵتە و سووکایەتی پێکردن، گوتم:

– شەرم کە، ئەمە چ شێوەیەکی قسەکردنە؟

دەتگوت چاوەڕوانی ئەو ناڕەزایەتییـە بوو بۆ ئەوەی بـە ئارەزووی خـۆی هەمـوو قـسـەیەکی سـووک بە مـن و ئەو هاوسـەرە..... بدات، هـەرچەندە لەم مـاوەیەدا ڕووبەڕووی هەمـوو جـۆرە سـووکـایەتی و بێ ئـەدەبییـەک بووبوومـەوە، بـەڵام هیچ کەسێک بەو ڕادەیە دژوێن و ناو و نـاتۆرەی ناشیرینی پێ نەدابووین، لە تووڕەییدا سـەراپـای جـەسـتـەم دەلەرزی، دەمـویست لەتوپەتی بکەم، کەچی بوێری دەربڕینی یەک وشەشم نەبوو، دەترسـام ئەگەر شتێک بڵێم حەمید لەو هەموو کەلوپەل و نامە و خـواردنەی خـوا دەزانێت چەندی بە دەسـتی دەگـات، بێ بەش بێت. لـە کاتێکدا لێوەکانم دەکرۆشت و فرمێسکەکانم قووت دەدا، سووکایەتی پێکراو و تێکشکاو ڕۆیشتمەوە فەرمانگە، ئاغای زەرگەر بە تیژبینییەکەی خۆیەوە سەرنجی تێکچوونی بار و دۆخمی دا و بانگی کردمە ژوورەکەی، هـاوکات کـە نامـەیەکی دەدایە دەسـتم بۆ تایپکردن، پرسی:

– خانم سادقی چی بووە، ئەمڕۆ دۆخت باش نییە؟

فـرمـێسکەکـانی کـە ڕژابوونە سـەر گـۆناکـانم، بە پشـتی دەسـتم سـڕییـەوە و بەسـەرهـاتەکـەم بەکورتی گێڕایەوە، بەتـووڕەییـیـەوە سـەرێکی بادا و پـاش کـەمێک بێدەنگی گوتی:

– دەبوایە زووتـر ئەمـەت بـە من بووتبـایە، دەزانیت ئەگـەر لـەو چاڵە ڕەشـەدا ئەم هەفـتـەیەش هەواڵێکی تۆی پێ نەگات چ دۆخـێکی دەروونی دەبێت؟ زوو بڕۆ، هەتا کەلوپەلەکان نەدەیتە دەستیانەوە، نەگەڕێیتەوە، لەمەودواش هەمـوو دووشـەممەیەک دوای ئەوەی شتەکانت گەیاند ئینجا دێیتە فەرمانگە، تێ گەیشتی؟

– بەڵێ، بەڵام هـەندێ جـار تا نـیـوەڕۆ ئەخـایەنێت، بۆ دواکـەوتنەکـانم چی بکەم؟ نابێت ئەم کارەم لە کیس بچێت.

– تۆ خـەمـی کـارەکـەت نەبێت، من بە کـاری ڕاسـپـاردە بۆتی دەژمـێـرم، ئەمـە

کەمترین خزمەتە کە ئێمە بۆ ئەو لە خۆبردووانەی بکەین.

ئەم پیاوە چەند دلۆڤانە، دڵ ناسک و تێگەیشتوو، هەندێ لێکچوونم لە نێوان ئەو و مەسعوودمدا بەدی دەکرد، لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر مەسعوودیش گەورە بێت وەکو ئەو دەبێت.

ورده ورده لەگەڵ ڕەوتی ژیان تازە ڕاهاتین، منداڵەکان بەوریایی و دڵسۆزییەوە، بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵیان دەدا هیچ کێشەیەکی نوێم بۆ نەنێنەوە، سەرلەبەیانیان پێکەوە بەرچاییمان دەخوارد و ئامادە دەبووین هەر بەو ئۆتۆمۆبێلی ژیانەی کە لەم ماوەیەدا زۆر فریام کەوت، ئەوانم دەگەیاندە قوتابخانە، هەرچەندە قوتابخانەکەیان دوور نەبوو، نیوەڕوان خۆیان بە پێ دەگەڕانەوە، لەسەر ڕێگەکەیاندا نانیان دەکڕی و ئەو چێشتەی کە بە ئامادەکراوی بۆم دادەنان، گەرمیان دەکردەوە و کەمێکیشیان بۆ داپیرە دەبرد. داپیرەی داماو، لە پاش گەڕانەوەی لە نەخۆشخانە زۆر نەخۆش بوو، لە ماڵەکەی خۆیشی بەولاوە حەزی لە هیچ شوێنێکی تر نەدەکرد، لە ئەنجامدا دەبوایە ئێمە بەویش ڕابگەیشتینایە، دوای نیوەڕوان لەسەر ڕێگەکەمەوە بازاڕیشم دەکرد، سەرم لە داپیرە دەدا، قاپەکانم کۆ دەکردەوە و ژوورەکەیم ڕێک دەخست، کەمێ قسەم لەگەڵی دەکرد و پاشان دەڕۆیشتمە سەرەوە، ئینجا کاروباری ماڵەوە دەستی پێ دەکرد، شۆردن، پاککردنەوە، ئامادەکردنی چێشتی سبەی، نانی شێوانی منداڵەکان، پێڕاگەیشتن بە وانەکان، ڕێنووس وتنەوە و بەکورتی هەزار کاری تر کە هەموو جارێک تاوەکو سەعات دە، یازدەی دەخایاند و، دوای ئەوە هەروەکو لاشە دەکەوتم و خەوم لێ دەکەوت، پێم وانەبوو بەم دۆخەوە بتوانم بەردەوامی بە خوێندن بدەم، ساڵێکم لە کیس چووبوو، بەڵام وێ دەچوو چەند ساڵێکی تریش لە دەست بدەم.

ئەو ساڵە، ڕووداوێکی تری خێزانی بەخۆیەوە سەرقاڵی کردین، ئەویش شووکردنی فاتی بوو، کە لە پاش قسەوباس و ناتەباییی زۆری بۆچوونەکان سەری گرت، مەحموود بەو پەندەی کەوا لە شووکردنەکەی منەوە وەری گرتبوو، پێی وا بوو دەشێ فاتی بە پیاوێکی بازاڕی و خوناسی وەکو خۆی بە شوو بدات، فاتیش بەپێچەوانەی منەوە، بەش خوراو و تەنانەت ژێر چەپۆکەش بوو، سەرەڕای ئەوەی کە قینی لە خوازبێنیکارەکە دەبووەوە، کەچی بوێریی ڕەتکردنەوەی نەبوو، لەوە دەچوو ئەو تەمێیانەی کە بە من کرابوو، هێندە کاریگەری لەسەر ئەو دانابوو کە بۆ

هـەتا هـەتایە بڕوا بـە خـــۆبوون و دەربـڕینـی بیـــر و بۆچـوونی لـەو ســـەندبـووەوە، سـەرئەنجـام بەرگریکردن لەویش کـەوتە ئەسـتۆی من و نـاوونیـشـانی کـەڵەشـێری جـەنگی خێزان بە باڵامدا بڕا. ئەمجـارەیان بە ئاگاییـیەکی پترەوە کارم کـرد و بێ قسـەکردن لەگەڵ مەحـموود و دایکم، بەنهێنی لەگەڵ باوکم چوومە ناو بابەتـەکەوە، بۆچوونـی فـاتیم پێ وت و داوام لێ کـرد کـە بە بـەشـوودانێکی زۆرەملێ کـەلوپەلی بەدبەختیی کچەکەی تریشی ئامادە نەکات. هەرچەندە دواتر شوێن دەستی من لە دوا بڕیارەکەی باوکمدا دەرکەوت و ڕقی مەحمموودی زۆرتر و زۆرتر ورووژاند، بەڵام هەرچۆنیک بێت بەشـوودانەکە هەڵوەشـایەوە و فـاتی لەگەڵ خـوازبێنیکارێکی تردا کە مامۆ عەباس ناساندبووی و، فاتی پەسـەندی کردبوو، پەیمانی هاوسـەرگیرییان بەست. سادق، هاوسەرەکەی فاتی، گەنجێکی خوێندەوار، خۆش ئەندام، میهرەبان و لە خـێزانێکی مـام ناوەندی، ڕۆشنبیـر و بەڕێز بـوو، وەکو ژمـێریار لـە یەکێ لە کۆمپـانیـا دەوڵەتییـەکاندا کاری دەکرد، لەبەرئەوەی هەروەکـو مـەحـمـوود دەیگوت مووچەخۆر بوو، باری ئابوورییەکی درەوشاوەی نـەبوو، بەڵام فاتی ڕازی بوو، من و منداڵەکانیش خۆشمان دەویست، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستیی کوڕەکان بە باوک، زۆر دۆستانە لە تەکیاندا ڕەفتاری دەکرد و زۆربەی کاتەکان بەرنامەی گەڕانی بۆیان ڕێک دەخست و بۆ سەیرانی دەبردن.

ژیانمان کەوتبووە سەر نیمچە ڕەوتێکی دیاریکراو، کارەکەمم خـۆش دەویست، هەمـوو شـتێک بە دڵی خـۆم بوو، چەند هاوڕێیـەکی باشـیشم دۆزیبـووەوە کە کـاتی نانخـواردنی نیـوەڕوان یـان سـاتەکـانی دەست بەتاڵییـان بە گـاڵتـە و پێکەنین و قـسـەکـردن لەبارەی کـەسـانی ترەوە پڕ دەکـردەوە، لەم ڕێگەیەوە ئاشـنای هەمـوو فەرمـانبـەرەکـانی بەڕێوەبەرایەتییـەکانی تر دەبووم، بەڵام زۆربەی گفتـوگۆکانمان سەبارەت بە سـەرۆکی یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییـەکان بوو کە ناوی ئاغای شـیرازی بوو، ئەمـە هەر لە سـەرەتاوە قـینی لە من بوو، ڕەخنـەی لە هەمـوو کـارێکم دەگرت، هەموو دەیانگوت پیاوێکی زۆر هەستیـار و شـاعیرێکی زۆر باش و بەتوانایە. کەچی من لـە زبری و تووڕەبوون بـەولاوە هیـچم لـێ نەدەبینـی، وریابووم تـووشم نەبێت بە تووشـییـەوە و بیـانوویەک بە دەسـتـییـەوە نەدەم، هەمـوو کـاتێک توانجی لێ دەدا، دەیبـۆڵاند، بە تانە و تەشـەرەوە وای تـێ دەگەیـاندم کـە من بە پاڵپشت کـارم دەست کەوتووە و کـارامـەیی پێویسـتم نییـە. هـاوکارەکانم دەیـانگوت، دڵگران مـەبە خـۆی

ڕەوشــتـی بەو شـێــوەیەیە، بـەڵام من هەســتـم دەکـرد پتـر لەگـەڵ مندا بەدخــوویی دەنوێنێت، تەنانەت بیستبووم کە لە پاشملەم پێم دەڵێت دڵبەرەکەی ئاغای زەرگەر، زۆرم پێ ناخـۆش بـوو و پێی قـەڵس بووم، نەمـدەزانـی کێشـەکـەی لـە چیدایە! وردە وردە منیش ڕقم لێ بووەوە، بە هاوکارەکانم گوت:

– ئەوەی کە لێی نایەت شـاعیرییە، پتر لـە ئەندامی مافیا دەچێت، شـاعیر دەبێت ڕوحـێکی ناسکـی هەبێت، هـەڵکەوتوو و بەهـرەدار بێت، نەک ئـەوەندە لە خــۆ بایی، زبر و بەدفـەڕ، بەدڵنیـاییـیـەوە شـیـعرەکانی هـی خـۆی نین، بێگومـان شـاعیـرێکی داماوی زیندان کردووە و بە چەقۆ هەڕەشـەی لێ دەکات بۆ ئەوەی بە ناوی ئەمـەوە شیعر بڵێت. هەموو پێ دەکەنین.

وا بزانم ئـەم قـســانە بە خــۆیشی گـەیشــتـبــوو. ڕۆژێکیـان بە بیـانووی چەند هـەڵەیەکی بچکۆلەوە، بابەتێکی چاپکراوی دە لاپەڕەیی کـــە زۆر بـە وردی و زەحمەتێکی زۆرەوە تایپم کردبوو، دڕاندی و فڕێی دایە سەر مێزەکەم. شێت بووم، چیی تر نەمدەتوانی خۆم بۆ ڕاگیرێت، هاوارم کرد:

– ئاشکرایە تۆ چیتە؟ دایمە بەدوای ئەوەی بیانوو لە کارەکانم بگریت، بۆچی من چ خراپەیەکم لەگەڵ تۆدا کردووە؟

– ها ...! خــانم تۆ ناتوانـی خـراپەم لەگـەڵدا بکـەیت، چونکە من دەسـتـی تۆم بۆ خـوێندووەتەوە، واتدەزانی منیش زەرگـەر و مـوعتەمـەدیم تا بتـوانیت لەسـەر پەنجە بمخولێنیتەوە؟ من هاوشێوەکانی تۆ باش دەناسم.

لە تـووڕەییــدا ئازای ئەندامم دەلـەرزی، دەمـویست وەڵامی بدەمـــەوە کــە ئاغــای زەرگەر هاتە ژوورەکەوە و بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەوە چییە ئاغای شیرازی، چی بووە؟

– چی بـووە؟ کـار نازانێت، دوو ڕۆژە دوای خــســتــووە، ئینـجـا بـابەتەکــەی بەم هەمـوو هەڵەیـەوە داوەتە دەسـتم، ئیـدی ئاوهـایە کـاتێک کـەسی نـەخـوێندەوار هەر لەبەرئەوەی پاڵپشتەکەی بەهێز و دەست ڕۆیشتوو بووە، کاری پێ دەدەی و ئاوهـای لێ دێت و دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامەکەشی بیت.

– ئاگـەت لە قـسـەکردنت بێت، جلەوی خـۆت بگرە، فـەرمـوو وەرە ژوورەکەم کـارم پێتە.

و به دەست پاڵی پێوە نا و دایە پێش خۆی بۆ ژوورەکەی.

سەرم بە دەستم گرتبوو و هەوڵم دەدا پێش لە ڕشتنی فرمێسکەکانم بگرم، هاوکارەکانم لە دەورم کۆبوونەوە، هەریەکە و بە شێوەیەک دڵنەوایی دەکردم، عەباسەلی، کارمەندی نهۆمەکەمان کە زۆر لایەنگری لێم دەکرد، شەکراوی بۆ هێنام. خۆم سەرقاڵی کار کرد، لە دوای کاژێرێک ئاغای شیرازی هاتە ژوورەکەم، ڕووم لێ وەرگێڕا، لە بەردەم مێزەکەم وەستا، هەوڵی دەدا چاوی بە نیگام نەکەوێت، بە کینەوە گوتی:

– ببورە! بمبوورە.

بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەر، حەپەساو و سەرسوڕماو بە نیگایەکی پڕ پرسیارەوە تەماشای ئاغای زەڕگەرم کرد کە لە لای دەرگەکەوە وەستابوو، پرسیم:

– چی بوو...؟

– هیچ، تۆ لە بیری خۆتی بەرەوە، ئەو هەر وایە، پیاوێکی باش و دڵپاکە، بەڵام تووڕەیە و بە هەندێ شت هەستیارە.

– بۆ نموونە بە من؟

– نەک هەر تۆ، بە هەر کەسێ کە دەزانێت مافی یەکێکی تری خواردووە.

– بۆچی من مافی کێم خواردووە؟

– بەجیدی وەری مەگرە، دەزانیت لە پێش هاتنی تۆ، ئەم پیاوە یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی کە تازە لیسانسی وەرگرتبوو، بۆ وەرگرتنی کار بە ئێمەی ناساند، تا ڕادەیەک کارەکانی تەواو بووبوو کە داواکارییەکەی تۆ هات، هەرچەندە لە پێش چاوپێکەوتنەکەی تۆ بەڵێنم بە شیرازی دا کە ناچمە ژێر باری ڕاسپاردەکەی موعتەمەدییەوە، بەڵام ئیدی کارمان بە تۆ دا، بە بۆچوونی ئەو، ئەمە ناپیاوی بوو، ئاساییە کە بەو ڕووحە هەستیارەوە نەیدەتوانی هەروەکو خۆی دەڵێت، بەرگەی ئەو نایەکسانییە بگرێت، لەوەودوا بوو بە دوژمنی من و تۆ، پێشتریش لەگەڵ موعتەمەدیدا هەر دوژمن بوو، لەبەرئەوەی ئەو بە گشتی دوژمنی سروشتی و سەرۆک و ئەو جۆرە کەسانەیە.

– لەوە دەچێت مافی خۆشی بووبێت، چونکە بەڕاستی من مافی یەکێکی ترم خوارد، بۆچی بەم هەلومەرجانەوە کارتان بە من دا؟

– ئەی باوکە...! وا دیارە ئێستا پیاوخراپ بووین، من پێم وابوو ئەو بەو هەلومەرجانەوە دەتوانێت لە شوێنێکی تر کار بدۆزێتەوە، هەرواش بوو، لە دوای هەفتەیەک کاری پەیدا کرد، بەڵام تۆ لە بارودۆخێکدا بوویت، دژوارتر کارت دەست دەکەوت. هەرچۆنێک بێت، بە داوای لێبووردنەوە، ناچاربووم مەسەلەی هاوسەرەکەتی بۆ باس بکەم، خەمت نەبێت، پیاوێکە شایانی پشت پێ بەستنە، ئەمەش لەلای خۆت بمێنێتەوە، خۆشی هەموو تەمەنی گرفتاری پرسی سیاسی بووە.

ڕۆژی دواتر، ئاغای شیرازی ڕەنگ بزرکاو و خەمناک، بە دوو چاوی مات و سوورهەڵگەڕاو، هاتە ژوورەکەم، دیاربوو نازانێ چی بڵێت، سەرئەنجام گوتی:

– دەزانی، بە دەستی خۆم نییە.

لە کوورەی ڕقی دەروونداا وەکو پشکۆی سوورهەڵگەڕاو

دەشت و دەر نامگرێتە خۆی، وەکو گورگی بێچوو خوراو*

– من بەرامبەر بە تۆ خراپەم کرد، ڕاستیشت دەوێ کارەکانت زۆر باشن، من بەئاستەم دەمتوانی هەڵەکان بدۆزمەوە، کەچی لە دوو دێڕی نامەیەکی ئەم بەڕێوەبەر و سەرۆکانەدا هەزار هەڵە دەکرێت.

پاشتر، بوو بە یەکێک لە گرینگترین بەرگریکار و هاوڕێکانم، ئەم بە پێچەوانەی ئاغای زەرگەر بوو، سەبارەت بە دۆخی خەباتی حەمید، ڕێکخراوەکەی و چۆنیەتی گرتنەکەی وردەکۆڵ بوو و هەر بوارێکی بۆ بڕەخسایە چەندان پرسیاری لەو بارەیەوە دەکرد، تامەزرۆیی و پەرۆشیی ئەو بۆ گوێگرتن لە منێکی کە هیچ مەیلی چوونە ناو ئەو بابەتەم نەبوو، دەیهێنامە قسەکردن، هاوخەمییەکەی وەهای خستبووە ناو دۆخێکی پڕ لە قین و تووڕەیییەوە کە منی دەتۆقاند. جارێکیان لە نێوان گفتوگۆکانماندا سەرنجی دەموچاوە تووڕە ئامێزەکەیم دا، ڕەنگی بەرەو شین بوونەوە دەچوو، بە نیگەرانییەوە پرسیم:

– ئەحواڵت باشە؟!

– نە باش نیم، بەڵام تۆ نیگەران مەبە، من زۆر جار ئەم دۆخەم هەیە، تۆ نازانی

* ئەم شیعرە و هەموو شیعرەکانی ئاغای شیرازی هی شاعیری ڕەوان شاد فەخرەدینی موزارعییە. بەڕێز مامۆستا ناسری حوسامی بە سوپاسەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

چی بە ناخمدا تێ دەپەڕێت.

– چی تێ دەپەڕێت؟ لەوانەیە منیش وا بم، بەڵام نەتوانم قسە بکەم.

دەزانی تۆ، دەروونی من تینووی هاتنی کام ڕۆژە؟

کە شارێک هەموو ڕەشپۆشە دوای قڕکردنی بە کۆمەڵ

تینووم بە خوێنی کەسێک، لە گەرمەی تووڕەیی و ڕقدا

وەک لە گەرمای نیوەڕۆدا، ڕۆژووەوان تینووی ئاون

– نە، من گورزی پترم خواردووە، بەڵام هەرگیز هەڵچوون و مەینەتیی وا خراپم نەبووە. جارێکیان سەبارەت بە شەوی هێرشەکەی ماڵمان پرسیاری کرد، بەکورتی ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە ڕووی دابوو، لە پڕ جڵەوی خۆی لە دەست دا و بێ ترس هاواری کرد:

لەم قەومە کە داوێنی خەڵک دەگرن، شار بوو بە سەگستان

ئەرێ شێرەکان چی دەکەن، ئێستا بۆ بێدەنگن لە نێو لان؟

تۆقیم و ڕاپەڕیم دەرگەی ژوورەکەم داخست، پاڕامەوە و گوتم:

– بیکە بە خاتری خوا ئاغای شیرازی، گوێیان لە دەنگت دەبێت، ساواکەکە هەر لەم نهۆمەیە.

ئەو ڕۆژگارە نیوەی هاوکارەکانمان بە ساواک لە قەڵەم دەدا، بەهەراس، بێزاری و پارێزەوە ڕەفتارمان لە تەکیاندا دەکرد. لەوەو دوا ئەو شیعرانەی بۆ دەگوتم کە هەریەکەیان بەس بوو بۆ لە سێدارەدانی ئەو کەسەی لەلای بوو یان دەیگوت، من بە دڵ و گیان لێی تێ دەگەیشتم و لەبەرم دەکرد. ئەو لەو خەڵکەی پاشماوەی هەرەسە سیاسییەکانی پاش ساڵەکانی پەنجا بوو، ڕووحە گەنج و هەستیارەکەی ئەو لەو سەردەمەدا وردوخاش بووبوو و هەموو ژیانی بەرەو تاڵی و نەهامەتی بردبوو، بەنیگەرانییەوە بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ ئەزموونە تاڵەکانی منداڵی و گەنجێتی هێندە درێژخایەنن؟ وەڵامەکەم لە شیعرێکدا وەرگرتەوە کە وەسفی ڕۆژی بیست و هەشتی جۆزەردان* و ئاکامەکانی بوو، دەیگوت:

---

* بیست و هەشتی جۆزەردان: ئەو ڕۆژە بوو کە حەمەڕەزا شای ئێران، کودەتای سەربازی کردە سەر حکومەتی موسەدەق. و.

دوای ئەو ساتە، بۆ من بە درێژایی ژیان
ئاسمان شەلاڵی خوێن بووە لە بەرچاوان
مانگ و خۆریش لەو کاتەوە بە ڕۆژ و شەو
لە پشت بریقەی چەقۆوە دەدرەوشان

ئاشناییم بەو، منی نیگەرانی سیامەک کرد، ئەو برووسکەی قین و نەفرەتەی هێنایەوە یادم کە ئەو شەوە لە چاوەکانیدا بینیبووم، ئاخۆ ئەویش ئاوها دەبێت؟ ئاخۆ ئەویش لە جیاتیی هیوا، شادی و بینینی جوانییەکانی ژیان، خۆی دەداتە دەست بێزاری، قین، خەم و تەنیاییەوە؟ ئاخۆ پرسە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان، ئەوەندە کاریگەریی درێژخایەن دەخەنە سەر رووحە هەستیارەکەی؟ وەی...! کوڕەکەم، دەبوایە شتێکم بۆی بکردایە.

کۆتاییەکانی هاوین بوو، نزیکەی ساڵێک بەسەر گرتنەکەی حەمیددا تێ دەپەڕی، بەو بڕیارەی کە دادگە دابووی، دەبوایە ئێمە چواردە ساڵی تر بە بێ ئەو بەسەر بەرین، هیچ ڕێگەچارەیەک نەبوو، دەبوایە لەگەڵ ئەم تەرزەی ژیان ڕابهاتاینایە، دوا ئامانجی ژیانمان چاوەڕوانی بوو. کاتی ناونووسین لە زانکۆ نزیک دەبووەوە، دەشیا بڕیارم بدایە، یان هەتا هەتایە لە بەردەوامیدان بە خوێندن دەستم هەڵگرتبایە و ئەم ئارەزووە دێرینەم ببردایەتە ژێر گڵەوە، یانیش دەبوایە بە قبووڵکردنی دژواری و گوشارێکی زۆر لەسەر خۆم و منداڵەکان، ناو خۆم بنووسیبایە.

دەمزانی وانەکان هەموو وەرزێک قورستر دەبوون و منیش بەم بوارە کەمەوە ناتوانم کاتی خوێندن بە شێوەیەک ڕێک بخەم کە گورز لە کارەکەم نەوەشێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەوانیش هیچ شتێک نەڵێن، من مافی ئەوەم نییە سۆزی بەڕێوەبەرەکانم بەخراپی بەکار بهێنم، لەلایەکی ترەوە کاری بەڕێوەبەرایەتی پتر و پتر پێداویستی خوێندنی بۆ دەردەخستم، کاتێک دەمبینی هەندێ کەس تەنیا لەبەر هەبوونی بڕوانامە، فەرمانی ئەرێ و نەرێیان بەسەرمدا دەدا و هەڵەکانی خۆیان دەخستە ئۆباڵی من، داخم لێ دەهات و ئارەزووی چوونە زانکۆ لە ناخمدا بڵێسەی دەدا، لە پاڵیشەوە، لەو کاتەوەی لەوە گەیشتبووم کە دەبێت هەتاهەتایە بەتەنیایی ژیان بەڕێوەبەرم، لە پێناو داهاتی باشتردا، لە بیر ڕێگەیەکی ئەوتۆدا بووم کە

بتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستی ئایندەی منداڵەکانم بێت، بێگومان بە لیسانسەوە بارودۆخم زۆر دەگۆڕا.

هەروەکو ئەوەی کە چاوەڕوانیم دەکرد، بنەماڵەی خۆم بەگشتی لەو باوەڕەدا بوون کە دەشێ لە زانکۆ چاوپۆشی بکەم، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە بنەماڵەی حەمیدیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، باوکی حەمید بە بەزەییەوە دەیگوت:

– تۆ زۆر لەژێر گوشاردای، پێت وا نییە هەڵگرتنی دوو شووتی کێشە بێت؟

دایکی بەخەمخۆرییە بەردەوامەکەیەوە گوتی:

– هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە فەرمانگەیت، وا دیارە نیازت وایە نیوەڕوانیش بڕۆی بۆ زانکۆ، ئەی ئەم منداڵانە؟ بیر لە تەنیایی ئەم منداڵە بەستەزمانانە ناکەیتەوە؟

مەنیژە کە دوا مانگەکانی دووگیانی بەسەر دەبرد و چەندان ساڵ لە کۆنکور دەرنەچوو بوو، تاکو سەرئەنجام شووی کرد، بەخۆبادانە بەردەوامەکەیەوە گوتی:

– هەمووی چاولێکەرییە، ئەوە لەبەرئەوەیە مەنسوورە چووەتە زانکۆ.

زۆرم هەوڵدا جڵەوی خۆم بگرم، بەڵام لەم دواییانەدا زۆر بێ حەوسەڵە بووبووم و، چیی تر ئەو کچە شارۆکەییە بێ دەسەڵاتە نەبووم کە بچمە ژێر باری هەموو قسەیەکی زبر و تانە و تەشەرێکەوە و کە خواست و ئارەزووی هیچ گرینگییەکی نەبێت. توورەیییەک لە ناخمدا هەڵقوولا کە دوودڵییەکانمی شۆردەوە و ئەو ترسەی لە دەروونمدا ڕەواندەوە کە دەستی بەسەر بوونمدا گرتبوو، گوتم:

– ئێستا دەبێت من هەم ڕۆڵی دایک و هەم ڕۆڵی باوکیش بۆ منداڵەکانم ببینم و ژیانیان هەڵسووڕێنم، ناچارم بیر لە داهاتی فرەتر بکەمەوە، ئەم مووچەیەم بەشی دابینکردنی داواکارییەکانی دوارۆژیان ناکات، بەتایبەتیش ڕۆژ بە ڕۆژ خەرجییان زیاد دەکات. سەبارەت بە بەرنامەی ژیانیشیان ئێوە خەمتان نەبێت، نەوەکانتان بێ سۆز و پشتگوێ ناخرێن، من بیرم لە هەموو شتێک کردووەتەوە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە من هیچ بیرم لێ نەکردبووەوە. شەو لەگەڵ منداڵەکان دانیشتم و ویستم بیانخەمە ناو بابەتەکەوە و هاوکارییان بەدەست بهێنم. لە سەرەتادا بەوردی گوێیان لە قسەکانم گرت، لایەنە چاک و خراپەکانی چوونە زانکۆم بۆیان ژمارد، کاتێک وتم کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە ناچار دەبم

دوای نیوەڕوان درەنگ بێمە ماڵەوە، سیامەک بە نواندنی جووڵەیەکی ئۆتۆمۆبێلە دەنگ بەرزەکەی نیشانی دا کە چیی تر گوێ لە قسەکانم ناگرێت، زانیم بە هیچ شێوەیەک نایەوێت لەمە زیاتر بەتەنیا بێت، بێدەنگ بوو و بە چاوێکی پڕ پرسیارەوە سەیری مەسعوودم کرد، مەسعوود بە نیگا پڕ سۆزەکەیەوە لە دەموچاوم ورد دەبووەوە، هاتە پێشەوە، قژەکەمی لاواندەوە و گوتی:

– دایە، تۆ زۆر حەز ئەکەی بچیتە زانکۆ؟

– سەیرکە ئازیزەکەم، چوونە زانکۆی من سوودی بۆ هەموومان هەیە، لەوانەیە کەمێک بەقورسی لەسەرمان تێ پەڕێت، بەڵام تەواو دەبێت، لە بریدا مووچەکەم پتر دەبێت، دەتوانین باشتر بژین.

– نە... من دەڵێم تۆ حەز دەکەیت بڕۆی؟

– ئا... بەڵێ، من بۆ چوونە زانکۆ زۆرم زەحمەت کێشا.

– کەواتە بڕۆ، تۆ ئەگەر پێت خۆشە بڕۆ، ئێمە خۆمان کارەکانمان دەکەین، شەوانەش بۆ ئەوەی نەترسین دەڕۆینە لای داپیرە، بەڵکو تا ئەو کاتەش بابە بێتەوە و چیی تر بەتەنیا نەبین.

سیامەک ئۆتۆمۆبێلەکەی دەستی فڕێ دا و گوتی:

– چ منداڵێکی گەوجی، بابە لە کوێیە تا بێتەوە؟ بۆچی دەتوانێت؟

– ئازیزەکەم سەیرکە، دەبێت ئێمە خۆشبین و هیواداربین، هەر ئەوەندەی بابە زیندووە، جێگەی سوپاسە، سەرئەنجام ئەویش هەر دێتەوە.

– ئەوە چی دەڵێی؟ دەتەوێت منداڵەکە بخەڵەتێنی؟ بابە گەورە وتوویەتی دەبێت پازدە ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە.

– بەڵام لەوانەیە لەم پازدە ساڵەدا زۆر هەڵکەوت ڕوو بدات، ئینجا هەموو ساڵێکیش لەبەر ڕەفتاری چاکییان لێیان دەبوورن، ماوەی زیندانیبوونەکەیان کەم دەبێتەوە.

– بەڵێ، ئەو کاتە دەبێتە دە ساڵ، سوودی چییە، ئەو کاتە من بیست ساڵانم ئیدی باوکم بۆ چییە؟ من ئێستا باوکمم دەوێت، هەر ئێستا...

جارێکی تریش دوودڵی بەسەرمدا زاڵ بوو، هاوڕێکانم لە فەرمانگە لەو بڕوایەدا

بوون کە نابێت ئەم هەلە لە دەست خۆم بدەم، ئاغای زەرگەر دڵگەرمی دەکردم و دەیگوت، کارێک دەکات کە لە کاتی کارەکەمدا برۆم بۆ خوێندن بە مەرجێک ئەو کارانەم کە دەمێننەوە لە دەرەوەی کاتی کارکردنەکەم بە ئەنجام بگەیەنم. بە رێککەوت هەر لەو رۆژانەدا، سەرئەنجام پاش داواکارییە دووبارکراوەکانمان پەسندکرا و بە من، منداڵەکان، باوک و دایکی حەمید مۆڵەتی چاوپێکەوتنیان دا، هەم خۆشحاڵ بووم و هەمیش نیگەران، باوکی بەپەلە هات بە دوامدا و گوتی:

– من بە خانم ناڵێم، تۆش بە منداڵەکان مەڵێ، روون نییە رووبەرووی چ دیمەنێک دەبینەوە، ئەگەر بارودۆخی حەمید گونجاو بوو جارێکی تر ئەوان دەبەین.

ئەم قسەیە دڵەڕاوکێکەمی پتر کرد، سەرتاسەری شەوی پێش چاوپێکەوتنەکە خەوم دەبینی کە ئەو بە تێکشکاوی و لە خوێن گەوزاودا دەهێنن، بۆئەوەی دوا چرکەکانی ژیانی لە ئامێزی مندا بەسەر بەرێت. ماندوو و پەشۆکاو، بەیانی زوو بە رێ کەوتین. نازانم ژوورەکە و پەنجەرەکان تۆزاوی بوون یان چاوەکانی من لە پشت پەردەی فرمێسکەوە هەموو شتێکی لێڵ دەبینی، سەرئەنجام حەمیدیان هێنا، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانیم دەکرد پاک و رێکوپێک بوو، قژی شانە کراو و ریش تاشراو، بەڵام بە شێوەیەکی باوەڕ پێ نەکراو کز و لاواز بووبووەوە، تەنانەت دەنگیشی، وای بۆ دەچووم لەگەڵ رابردوودا جیاوازی هەبوو. بۆ چەند چرکەیەک کەسمان نەماندەتوانی قسە بکەین، باوکی لە ئێمە زیاتر بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، سەبارەت بە دۆخ و هەلومەرجی زیندان پرسیاری کرد، حەمید تەماشایەکی کرد وەکو بڵێت ئەمە چ پرسیارێکی نابەجێیە، گوتی:

– ئیتر ئەمە زیندانە، دژوارییەکانم تێ پەڕاند، ئێوە باسی خۆتان بکەن، دایکم و منداڵەکان چۆنن؟

لەوە دەچوو ژمارەیەکی زۆری نامەکانمی پێ نەگەیشتبێت، باسی منداڵەکانم کرد کە باشن و گەورە بوون، هەردووکیان یەکەمی پۆلەکەن و ئەمساڵ سیامەک دەچێتە پۆلی پێنج و مەسعوودیش پۆلی دوو، سەبارەت بە کارەکەم پرسیاری کرد، وتم لەوێ هەمووان لەبەر تۆ لەگەڵم باشن و خۆشیان دەوێم. بریسکەیەک لە چاوەکانیدا درەوشایەوە، زانیم کە ناشێ ئەو قسانە بکەم، سەرئەنجام سەبارەت بە زانکۆ پرسیاری کرد، منیش لەبارەی سەر لێشێواوی و دوودڵییەکەمەوە قسەم

کرد، پێ کەنی و گوتی:

– لە بیرتە ئارەزووی وەرگرتنی دیپلۆمت بوو؟ بەڵام لیسانسیش بۆ تۆ کەمە، تۆ کۆشش و ئامادەییی باشت هەیە، دەبێت پێشکەوی، تۆ دوکتۆراش وەردەگری.

بوار نەبوو بۆی ڕوون بکەمەوە کە بەردەوامیدان بە خوێندن چ بارێکی قورس دەخاتە سەر شانم و چەند کاتم لێ داگیر دەکات، تەنیا گوتم:

– کار دژوارە، خوێندن و کارکردن بە منداڵەکانەوە، ئەی ئەوان چی لێ بکەم؟

– تۆ دەرەقەتی دێیت، تۆ ئەو کچە دەست و پێ سپییەکەی دە، پازدە ساڵ پێشتر نیت، ئێستا تۆ خانمێکی بە توانا و زەحمەتکێشێکی کە هەموو مەحاڵێک دەکەیتە شیاو، بەڕاستی من شانازیت پێوە دەکەم.

چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک، گوتم:

– بەڕاستتە؟ بەڕاستی وا دەڵێیت؟ چیی تر لەوە شەرمەزار نیت کە یەکێکی وەکو من ژنتە؟

– کەی من شەرمەزار بووم؟ تۆ ژنە زۆر چاکەکەمی، ڕۆژ بە ڕۆژیش کەماسییەکانت پڕ کردەوە و گەشەت کرد، ئێستا ئیتر هەموو پیاوێک ئاواتت بۆ دەخوازێت، تەنیا ئەوەیە کە دڵم پێت دەسووتێت کەوا گرفتاری من و منداڵەکانم بووی.

– وای...! وا مەڵێ، تۆ و منداڵەکانم ئازیزترین کەسەکانی ژیانی منن.

ئاه...! چەند دڵم دەیخواست لە ئامێزی بگرم، سەربخەمە سەر شانی و بگریم. هەستم دەکرد پڕم لە وزە، بەڕاستی من توانای هەموو کارێکم هەیە.

خۆم ناونووس کرد، چەند یەکەیەکی کەمم وەرگرت کە کاتەکانیان گونجاو بوون، لەگەڵ پەروین خانم و فاتی قسەم کرد و ئەوان قایل بوون یارمەتیم بدەن. پەروین خانم لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی نەخۆش بوو، هەفتەی یەک، دوو جار دوای نیوەڕوان لەلای منداڵەکان دەمێنێتەوە، لە هەفتەیەکیشدا سێ شەو فاتی و سادق چاودێریی ئەوانیان لە ئەستۆ گرت، لەبەرئەوەی فاتی مانگەکانی کۆتایی دووگیانیی بەسەردەبرد و هاتوچۆکردنی بۆ دژوار بوو، ئۆتۆمۆبێلەکەم بە سادق دا بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسانی فاتی بۆ ماڵی ئێمە بهێنێت یان منداڵەکان بۆ ئەوێ ببات، و یان هەموویان پێکەوە بۆ سینەما و گەڕان بڕۆن. من بۆ خوێندن لە هەموو

بوارێک سوودم وەردەگرت، کاتەکانی دەست بەتاڵی لە فەرمانگە، بەیانییان زوو، شەو کاتی خەوتن، زۆر جار بەسەر کتێبەکانەوە خەو دەیبردمەوە. ئەم هاتوچۆ و بەرنامە قورسانە، ئەو سەرئێشە درێژخایەنەی توند دەکرد کە لە نەوجەوانییەوە هەمبوو. بەڵام گرینگ نەبوو، حەبی ئارامکەرەوەم دەخوارد و لە کارەکانم بەردەوام دەبووم. بەشێکی زۆری ئەرکەکانم، ئەرکی دایکایەتی، ماڵداری، فەرمانبەری، قوتابی زانکۆ و ئەرکی هاوسەری زیندانییەکی دەگرتەوە، کە بە دیقەتێکی فرەتر بەوەیان ڕادەگەیشتم، ئامادەکردنی کەلوپەلی زیندان، پێداویستی و خواردنەکانی حەمید بە شێوەی نەریتێکی ئاینیی تایبەت و بەتەشریفاتەوە لەلایەن هەموو ئەندامانی خێزانەوە جێبەجێ دەکران. وردە وردە فێربووم کە چۆن ئەم بەرنامە قورسە بەجێ بگەیەنم و لەگەڵی ڕاهاتم، چیی تر قورس نەبوو. هەر لەو سەردەمەدا زانیم کە تواناکانی مرۆڤ زۆر لەوە فراوانترن وەکو ئەوەی خۆی پێیوایە، لە پاش ماوەیەک کەسەکە لەگەڵ بەرنامەی ژیانیدا هاوئاهەنگ دەبێت و ڕەوتی چالاکییەکانی لەگەڵ قەبارەی کارەکانی بەگونجاوی هەڵدەسووڕێت. وەکو ڕاکەرێک لە مەیدانی ژیاندا ڕام دەکرد و دەنگی حەمید کە دەیگوت:

"من شانازیت پێوە دەکەم"، وەکو دەنگی چەپڵەی خەڵکێکی زۆر لە یاریگەیەکی مەزندا، لە گوێم دەنگی دەدایەوە و هەڵسووڕان و تواناییی پتر دەکردم.

ئەو ڕۆژە لە فەرمانگە، ڕۆژنامەکانی شەوی پێشووم ئەمدیو و ئەودیو دەکرد کە چاوم بە ڕاگەیاندنی پرسەکان کەوت، هەتاوەکو ئەو کاتە هێند سەرنجی ئەو ڕاگەیاندنانەم نەدەدا، بەڵام ئەو ڕۆژە لە پڕ چاوم بە ناوێکەوە هەڵواسرا، ئاگەداریی هەواڵی مردنی ئاغای ئیبراهیم ئەحمەدی، باوکی پەروانەی دەدا. دڵم داخورپا. ڕووخسارە بەڕێز و میهرەبانەکەیم هاتە بەرچاو. یەکسەر چاوم پڕ بوو لە فرمێسک، یاد و بیرەوەرییەکانی پەروانە مێشکی پڕ کردم، مەوداکانی کات و شوێن هەرچەندە دوور و درێژ بوون، کەچی نەیاندەتوانی خۆشەویستیی پەروانە و ئارەزووی دیداری ئەوم لە دڵ دەربکەن، لە پاش ئەو تەلەفۆنەی کە چەند ساڵێک پێش ئێستا بۆ دایکیم کرد، هەرگیز هەواڵم لەوانەوە دەست نەکەوت و خۆشم ئەوەندە نوقمی کێشەکانی ژیان بووم، نەمتوانی جارێکی تر پێوەندی پێوە بکەمەوە. دەبوایە برۆیشتمایە، ڕەنگبێ ئەمە تاقە دەرفەتێک بوو کە بمتوانیبایە جارێکی تر پەروانە بدۆزمەوە. لە هەر کوێیەک بووە بێگومان بۆ مردنی باوکی دێتەوە.

کاتێک ویستم بچمە ناو مزگەوتەکە، شڵەژا بووم، دەستەکانم ئارەقەیان کردبوو، لە ڕیزی خاوەن پرسەکەدا چاوم بۆ پەروانە دەگێڕا، کەچی ئەوم نەدەبینی، تۆ بڵێی ئەو نەهاتبێت، هەر لەو کاتەدا خانمێکی تا ڕادەیەک قەڵەو، بە قژێکی کاڵەوە کە هەندێکی لەژێر لەچکە ڕەشە تۆڕییەکەوە هاتبووە دەر، سەری بەرز کردەوە، نیگاکانمان پێکەوە گرێدران، بەڵێ، ئەمە خودی پەروانەیە، چۆن لەم ماوەی دوازدە، سێزدە ساڵەدا ئەوەندە گۆڕاوە. خۆی خستە باوەشم و هەموو پرسەکە بەبێ ئەوەی یەک وشەش بڵێین، لە باوەشی یەکتردا گریاین. ئەو پرسەداری باوکە ئازیزە لە دەستچووەکەی بوو و منیش بوغزی دژوارییەکانی ئەم هەموو ساڵەم هەڵدەڕشت. منی لە تەنیشت خۆیەوە دانا، توند دەستمی لەناو دەستیدا گرتبوو، لە پاش کۆتاییی ڕێوڕەسمەکە، بە زۆر لە تەک خۆیدا بردمییە ماڵەوە. کاتێک دەوروبەری کەمێک چۆڵ بوو، ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتین، نەماندەزانی دەشێ لە کوێوە دەست پێ بکەین، ئێستا کە سەیریم دەکرد دەمبینی ئەو هەر پەروانەکەی خۆمە، تەنیا کەمێک قەڵەوتر بووە و قژی کاڵ کردووەتەوە، ئاوسانی چاوەکانی و دەموچاوی لەبەر گریانی ئەم ماوەیە بوو، سەرئەنجام پرسی:

– مەعسووم! بەختەوەری؟

سەرم سوڕما، حەپەسام، نەمدەزانی بڵێم چی! هەموو کاتێک لە بەردەم ئەم پرسیارەدا گێژ دەبووم، لە قووڵیی بێدەنگی و سەر لێشێواوییەکەم سەری ڕاوەشاند و گوتی:

– یاخوا بمرم! وا دیارە کێشەکانی تۆ کۆتاییيان نایەت.

– بەڵام من ناشوکور نیم، هەر ئەوەیە کە نازانم مانای بەختەوەری چییە؟!! دەنا شتی باشی زۆرم هەیە. وەکو منداڵەکانم، دوو کوڕی تەندروست و چاک، هاوسەرەکەشم پیاوێکی باشە، هەرچەند لەگەڵ ئێمەدا نییە، کار دەکەم، دەخوێنم، لە بیرتە ئارەزووە هەمیشەییەکەم.

پێ کەنی و گوتی:

– هێشتا وازت نەهێناوە، بابە ئەم دیپلۆمە ئەوەندەش بەنرخ نییە، پێت وایە من بە دیپلۆم چیم کرد؟

– دەمێکە دیپلۆمم وەرگرتووە، ئێستا قوتابی زانکۆم، بەشی وێژەی فارسی، زانکۆی تاران.

– بەڕاستتـە؟!! وەڵا بابە، بەڕاستی تۆ چ کـۆششـێک دەکەیت، ئافـەرین، دیارە هەموو کاتێک قوتابییـەکی زیرەک بوویت، بەڵام پێم وانەبوو دوای ئەم هەموو ساڵە بە مێرد و منداڵەوە هێشتا هەر بتوانی بخوێنیت، باشە هاوسەرەکەشت ڕێگەت لێ ناگرێت.

– نە، ئەو هاندەرم بوو.

– چ باش، دیارە پیاوێکی تێگەیشتووە، دەبێت لەگەڵی ئاشنا بم.

– بەڵێ، ئیشەڵڵا دە، پازدە ساڵی تر!

– یانی چی؟! بۆ؟ بۆچی لێرە نییە؟

– هاوسەرەکەم زیندانییە.

– وای... بمرم، بۆچی، چی کردووە؟

– زیندانی سیاسییە.

– بە ڕاستە...؟ من لە ئەڵمـاندا بینیم ئەم ئێرانییانە، ئەوانەی کونفدراسیۆن و ئەوانی بەرهەڵستکارن باسی زیندانییە سیاسییەکان دەکەن، کەواتە هاوسەرەکەی تۆش لەگەڵ ئەوانە؟ دەڵێن ئازاریشیان دەدەن، ڕاستە؟

– هیچی بە من نەوتووە، بەڵام من زۆرم لە جلە خوێناوییەکانی شۆردووە، ئەمە ماوەیەکیشە مۆڵەتی چاوپێکەوتنیان نەداوە، نازانم لە چ دۆخێکدایە.

– ئەی کێ ژیانتان دابین دەکات.

– وتم کار دەکەم.

– بە تەنیا، واتا تەنیا خۆت دەبێت ژیان هەڵسووڕێنیت؟!

– هەڵسووڕاندنی ژیان گرینگ نییە، تەنیایی دژوارە، ئاه پەروانە نازانیت چەند تەنیام! سەرەڕای ئەوەی کە هەردەم سەرقاڵم یەک چرکە کاتی پشـووم نییـە، بەڵام بەردەوام هەست بـە تەنیایی لە هەموو بوونمدا دەکەم. چ شـادمـانم دەتبـینم، زۆر پێویستیم پێت بوو. باشە ئێستا تۆ بڵێ، بەختەوەری؟ چەند منداڵت هەیە؟

– ئێی، خـراپ نیـیـە، دوو کـچم هەیـە، لەیلا و لالە، هەشت و چوار ساڵانن. هاوسەرەکەم خراپ نییە، ئیدی پیاوێکە وەکو هەموو پیاوانی تر، بە ژیانی ئەوێیش ڕاهاتبـووم، بەڵام ئێسـتـا بەمـەی کە ڕووی داوە ئیـتر نـاتوانم دایکم بە تەنیـا جێ

بهـێـڵم، بەتـایبــەتیش فــەرزانە دوو منداڵی بچــووکی هەیە و ســەرگــەرمی ژیانی خــۆیەتی. ناشکرێت هیچ چاوەڕوانیــیــەکی لــە کــوڕەکــان هەبێت. خــەســرەویش ماوەیەکە بیری ئێران لە کەللەی داوە، ئێستا ئیتر دەبێت دوا بڕیار بدەین، وا بزانم دەبێت بگەڕێینەوە و لێرە بژین.

قسەکانی من و پەروانە هی ئەوە نەبوون لە یەک دانیشتندا بوترێن، پێویستیمان بە چەندان ڕۆژ و شـەوی دوور و درێژ هەبوو. بڕیار درا ڕۆژی هەینی لە بەیانییەوە لەگەڵ منداڵەکان بڕۆین بۆ ماڵیان، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، لە ژیانمدا هێندەم قسە نەکردبوو، خۆشبەختانە بەسەرچوونی کات و ئەو دوورییە درێژخایەنە نەیتوانیبوو درز بخاتە هاوڕێیەتیمانەوە، هەتا ئێستـایش دەمانتوانی ساناتر بۆ یەکتر قسە بکەین وەک بۆ یەکـێکی تر، و منێک کــە دەردەدڵکردن بـەلامــەوە گــرفت بـوو و لەم ماوەیـەشدا بەهۆی شـاردنەوەی نهێنییەکانی حەمید، توانای بەکورتی قسەکردنی ئازادانەشم لە دەست دابوو، دەمتوانی شاراوەترین کـونجـەکـانی دڵم بـۆ پەروانە بکەمــەوە، من دیســانەوە هاوڕێکەم دۆزیبووەوە و ئیدی هەرگیز ونم نەدەکردەوە. بەخۆشـحـاڵییەوە بەرنامـەی گەڕانەوەیان زۆر زوو سـەری گـرت و پەروانە لە پاش ســەفـەرێکی کورت بـۆ ئەڵمــان، ماڵ و ژیانیـان بـۆ تاران گواسـتـەوە. مـێردەکـەی سەرقاڵی کارکردن بوو، خۆیشی کارێکی نیمچە نیو کاتی لە ئەنجوومەنی ئێران و ئەڵمــان وەرگـرت. پشتـیـوانێکی ترم دۆزیبــووەوە، پەروانە چیـرۆکی ژیانـی منی بە ترش و خوێوە بۆ مێردەکەی باس کردبوو، ئەویش کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە و تا ڕادەیەک سەبارەت بە ئێمە هەستی بە بەرپرسیارێتی دەکرد، منداڵەکانمان هۆگری یەکتر بوون و هاوپـارییـەکی باش بوون، پەروانە بەردەوام بەرنـامـەی خـۆشی بۆیان ساز دەکرد و منداڵەکانی بۆ سینەما، گەڕان و مەلەکردن دەبرد، بە هاتنەوەی ماڵی پەروانە، ژیـانمان ڕەنگ و بۆیەکی تازەی لەخۆ گـرت، منداڵـە دڵمردووەکـانم کـە لە دوای منداڵبوونی فاتی زۆر تەنیا و بێ بەرنامە بوون، جارێکی تر خرۆش و تەزووی ژیانیان بۆ گەڕایەوە.

ســاڵێکی تریش تێـپــەڕ بوو، چاوپێکەوتنەکـانی حــەمـیـد تا ڕادەیەک ڕێکوپێک بـووبوون، مـــانگـی جـــارێک منداڵـەکـــانم دەبرد، بـەڵام هەمـــوو جـــارێ کـــە لـە چاوپێکەوتنەکــە دەگــەڕاینەوە وەرچـەرخـانێک لـە دۆخی منداڵەکـاندا ڕووی دەدا و هەفتەیـەکی پێ دەچوو تاوەکو دەگەڕانەوە سـەر باری ئاسـاییی خۆیان، مەسعوود

بێـدەنگتـر و خـەمـبـارتر و سـیـامـەک توندوتیـژ و تووڕەتر دەبوو، لە هـەمـوو چاوپێکەوتنێکدا حەمید بە شێوەیەکی هەست پێکراو پیرتر دەهاتە بەرچاو، کەچی من بەو دیدارانەش هەر دڵخـۆش بووم. بۆ زانکۆ دەڕۆیشـتم، لە هەر وەرزێکی خوێندندا چەند پلەیەکم دەبڕی، لە فـەرمـانگە، بە فـەرمی بووم بە فـەرمـانبـەر. سەرەڕای ئەوەی کە لیسانسیشم نەبوو کەچی کاری پسپۆڕم دەکرد و هەمووان لێم ڕازی بوون، ئاغـای زەرگـەر بەو نیگا ورد و تیـژبڕەیەوە هەمـوو کـاتێک دەیخستمە ژێر چاودێرییەوە، بەوپەڕی بڕواوە کارەکانی پێم ڕادەسپارد. ئاغای شیرازی بە یەکێک لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانم دەژمێردرا، ئیتر هەرگیز کێشەی لەگـەڵ مندا نەما، هەرچەندە هەروا ناسـاز و تەنگە جـیکڵـدان بوو، هەزار جـار دەنگەدەنگ و شەڕی دەنایەوە، بەوەش خۆی لە هەموو کەس پتر ئازاری دەچەشت، هەوڵم دەدا لەو ڕەشبینییەی بۆ هەموو شتێک کەم بکەمەوە، سوێندم بۆ دەخوارد کە کەس دوژمنت نییە و لە قسەکانیاندا مەبەستێکی تایبەتییان نییە، لە وەڵامدا دەیگوت:

خۆشباوەڕی، کەوتەبەر لێشاوی ترس

لەوکاتەوە بەدگومانی بووە بە یاری من

لە هیچ پێکەوەبوونێکدا ئاسوودە نەبوو، بە هیچ کۆمەڵێکەوە پەیوەست نەدەبوو، لە هەموو بزووتنەوەیەکدا شوێن پێی سیاسیی گەلێکی ناپاکی بەدی دەکرد، هەمووی بە بەکرێگیراو و پیاوی دەربار لە قەڵەم دەدا، هاوکارەکان لەگەڵ بوونی ئەو لە ناو کـۆنگرەکـەدا ناکـۆک نـەبوون، بەڵام ئـەو خـۆی دوورەپەرێز دەگـرت، جارێکیان لێم پرسی:

– تۆ لە تەنیایی بێزار نابیت؟

لە وەڵاممدا گوتی:

– من عەزیزی خەمانم، نووری چاوی تەنیایی

شەمعی بەزمی لە خۆچوون، سۆزی گیان سەودایی

لە من دایە وەک خۆر و لەگەڵ منە وەک دەریا

هەتا هەتا ڕەشبینی، بەبێ سنوور تەنیایی

جارێکیان ئاغای زەرگەر بۆ دڵدانەوەی ئەو بە گاڵتەوە گوتی:

– ئەی باوکە، شتەکان چەند بە قورسی دەگری! دۆخەکە بەو خراپییەش نییە کە تۆ دەیبینی، لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەم و زۆر ئەم شتانە هەن، ئێمەش بەوە قایل نین، بەڵام هێندەش لە کا، کێو هەڵناچنین و خەفەت ناخۆین.

ئەو وەڵامی دایەوە:

تۆ نازانی من بۆچی قسە دەبزرکێنم

حاڵم کەسێک لێی دەزانێ، کە شارەزای لەرزوتا بێ

سەیرە کەسێک زیندوو بێت و وەک من نەبێ

سەیرتریش ئەو کەسەیە پێی سەیرە من حاڵم وا بێ

سەرئەنجام لە شەڕێکی گەورەدا کە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگە بەرپای کرد، دەرگەکەی بە توندی داخست و هاتە دەرەوە، هاوکارەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ناوبژی بکەن، یەکێکیان گوتی:

– ئاغا بە سادەیی وەری بگرە، بتەوێ و نەتەوێ ئێرە فەرمانگەیە، خۆ ماڵی پوورمان نییە، دەشێ مرۆڤ بۆ هەندێ شت مل بدات.

و ئەویش هاواری کرد:

– هەرگیز سەرم بۆ خوێڕییەک نەوی ناکەم

من ئاوام و، هەموو عالەم با لێم ببن بە دارۆغە

– ئاغا تۆ دەبێت کەمێک لەم هەستیارییەت کەم بکەیتەوە، ناتوانی بەم شێوەیە بژیت.

بە تووڕەییەوە نەڕاندی:

– یانی مەبەستت ئەوەیە:

نەڕە شێرێک بیت بۆ خۆت و، بچیتە ناو پێستی ماکەر

جا وەرە بەر تیروتانە، خۆ بدە بەر

گوتم:

– ئاغای شیرازی هەوڵ بدە هێمن ببیتەوە، ناتوانیت بەم سادەییەش واز لەم فەرمانگەیەش بهێنیت، سەرئەنجام دەبێت لەسەر کارێک بەردەوام بیت.

– نابێت.

ئاسان نییه، لەم مەیدانە خۆت ڕابگری
جڵەوی ئەسپی سەرکەشی هەراوهوریا بگری
تیغ و چەقۆت لەسەر مل بێت و سەر داخەی
گوێ بدەیە دوژمنێکی حەرامزادە کە پێت دەڵێ
یان تەسلیم بە، یان ئێستاکە دەبێ بمری!

– باشە ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟

– دەڕۆم، دەبێت من لێرە بڕۆم...

دڵەڕاوکەیە و بیم و ترسانە
ئەوەی لەم خاکە، ئێمە بەشمانە

زۆر زوو وڵاتی بەجێ هێشت. ڕۆژێک بۆ بردنەوەی شتومەکە جێماوەکانی بۆ فەرمانگە هاتبوو،ماڵئاوایی لە من کرد و وتی:

– سڵاوی من بە هاوسەرە قارەمانەکەت بگەیەنە و لە زمانی منەوە پێی بڵێ:

چوون بۆ میعراجی شەهادەت، تەنیا بەشی حەلاج نەبوو
هەرکەسێکی وشەی حەقی هاتە سەر زار
لە پێناوی چووە سەر دار

بەڕۆیشتنی ئاغای شیرازی ئاسوودەیی لە فەرمانگەکەدا جێگیر بوو، تەنانەت ئاغای زەرگەریش کە لە ڕواڵەتدا هیچ کێشەیەکی لە گەڵی نەبوو، لەوە دەچوو لەم دواییانە تاقەتی لێی چووبێت، بەڵام بیرەوەری ئەو، خەمە قووڵ و ئازارەکانی، تا هەتا هەتایە لە بیرم مانەوە و بوو بە هۆی ئەوەی هەمــوو شتێک بکەم بۆ ئەوەی منداڵەکانم بەو ئەزموونە تاڵانەیانەوە باری دەروونیان وەکو ئەو نەبێت، هەوڵم دەدا لە ماڵەکەدا کەشێکی شاد پێک بهێنم، بۆ ئەوەی ئەوان پێکەنین بە فەرامۆشی نەسپێرن و قین و خەم لە نیگاکانیاندا ڕەگ دانەکوتێت. پێشبڕکێی قسەی خۆشم دانا و ئەوەی تازەترین قسەی خۆشی بووتبایە دیاری وەردەگرت، هەوڵمان دەدا لاسایی یەکتر بکەینەوە، دەمویست بە خۆیان و لە گیروگرفتەکانی خۆیانەوە فێری پێکەنین بن، ڕاهێنانمان لەسەر زاراوەی جۆرەوجۆر دەکرد، هانیانم دەدا لە ماڵەوە گۆرانی بڵێن، دەنگی مۆسیقا بەرزبکەنەوە، گوێ لە ئاوازی شاد بگرن، پێکەوە

سەمامـان دەکرد. شەوانە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کاتەکان لە ماندوویيدا توانای جـووڵانەوەم نەبوو، یاریم لە گەڵیـاندا دەکـرد و خـتـووکـەیانم دەدا، لە پێکەنیندا دەبوورانەوە، بە سەرین کایەمـان دەکرد تا سەرئەنجام ئامادەی خەو دەبوون و دەچوونە ســەر جــێگەی خــەوەکــەیان. زۆر مــاندوو دەبووم، بەڵام ڕێگەچارەیەک نەبوو، دەبوایە ئەم کەشە دڵگیرە بە زیندوویی بپارێزم، قەرەبووی کەماسییەکانم بکەمەوە، دەشیا خۆشییان دەرخوارد بدەم بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا بە چاوی ئاغای شیرازییەوە لە دنیا نەڕوانن.

فـاتی لە پاش هاوسەرگیریەکەیەوە، زۆر زوو بوو بە خـاوەن منداڵ و کـچـێکی جـوانی چاو شـینی بوو، نـاوی نا فـێـروزە، منداڵەکـان زۆریـان خـۆشـدەویست، بەتایبەتی مەسعوود، هەموو کاتێک ئامادەی یاریکردن بوو لە گەڵی، پەروین خانم بە مـردنی هاوسـەرەکـەی بەئازادی و ئاسـوودەیی گـەیشت، بەتایبـەتیش لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە پێش مردنی ئەو خانووەکە لەسەر نـاوی خـۆی تۆمـار بکات، بەڵام قەت بە باشی یادی ئەوی نەکردەوە و بەهۆی ئەوەی کە بە سەری هێنا بوو، نەیبـەخـشـی. لە پاش ئەوە زۆربەی کـاتـەکـانی لەگـەڵ ئێـمـەدا بـەسـەر دەبرد، هەر کـاتێک من درەنگ دەهاتمەوە ئەو لەلای منداڵەکـان دەمـایەوە و زۆربەی کـارەکـانی مـاڵەوەی دەکـرد، بۆ ئەوەی من کـاتێکی زۆرتـرم هەبێت بۆ حـەسـانەوە و لەگـەڵ منداڵەکاندا بم، ئەو بـە چەشنێک لە چارەنووس و تەنیـایـیی من خـۆی بە گوناهبـار دەزانی و هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەو پێوەندییە تایبەتییەوەی کە لەگەڵ مندا هەیبوو، قەرەبووی بکاتەوە.

عەلیش بە ڕاسپاردەی مـەحمـوود، بۆ خـوازبێنی کـچی یەکێ لە حـاجییـەکانی بازاڕ ڕۆیشت، کە حـاجییـەکی مـتـمانەدار بوو، مارەبڕینیی فـەرمی بەڕێوە چوو و، بڕیـار درا لە پـایزدا ڕێوڕەســمی زەمــاوەنێکی گــەورە لە هۆڵێکدا بگیـرێت کـە میـوانداریی ژن و پیـاوی بە جیـا لەیەکـتـر دەکرد. ئەم پەیوەسـتـە لەسـەر خـواسـتی مـەحـمـوود بوو و هەر لەبەرئەوەش بوو بە هەمـوو مـەرجـە پڕوپـووچەکانی خـێزانی بووکێ کە زیاتر لە مـامـەڵەیەکی سـەردەمـە کۆنەکان دەچوو، ڕازی بوون، بۆ ئەوەی بە هەڵبژاردنی هـاوسەر قـایل بن، و بەڵێنی هەمـوو جـۆرە هـاوکاری و یارمـەتییـەکی دا، کـاتێکیش باوکم ناڕەزایەتیی دەربڕی کـە ئێـمـە ناتوانین ئەم هەمـوو خـەرجـە بکەین، ئەم قسە هیچوپووچانە یانی چی؟ بە سادەیی گوتی:

– ئەم سەرمایەگوزارییە زۆر زوو پارەکەی دەگەڕێتەوە، جا بزانە چ جیازییەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و ئێمەش لەپاڵ باوکی کچەکەوە چ مامەڵەگەلێک دەکەین.

لەم نێوەندەدا، ئەحمەد بە تەواوەتی لەو ناوە دوور خرابووەوە، کەس حەزی نەدەکرد لەبارەی ئەو هیچ قسەیەک بکات و هەموو هەوڵیان دەدا تا دەتوانن ناویشی نەیەتە سەر زمان، ماوەیەکی زۆر بوو باوکم بە فەرمی ئەوی لە ماڵ دەرکردبوو، هەموو جارێک دەیگوت:

– سوپاس بۆ خوا کە ماڵی تۆ ناناسێت، دەنا ئابڕووی دەبردی و دەمەقاڵەی بۆت دەنایەوە.

خێرایی دارِمانی ئەحمەد بە شێوەیەک بوو کە هەموویان لێی بێ هیوا بووبوون، تەنیا پەروین خانم هێشتا هەر دەیبینی و بە وسکتییەوە سەبارەت بەو قسەی بۆ دەکردم، دەیگوت:

– نەمبینیبوو کەس بەم پێداگرییەوە ژیانی خۆی بە دەم باوە بدات، حەیف، چ گەنجێکی خۆش ئەندام و پێگەیشتوو بوو، ئێستا ئەگەر بیبینی مەحاڵە بیناسیتەوە، هەر لەم ڕۆژانەدا لاشەکەی لە یەکێک لە ئاوەڕۆکانی خوارووی شار دەدۆزنەوە. ئەگەریش تا ئێستا بە زیندوویی ماوەتەوە، ئەوە لەبەر پێراگەیشتنەکانی دایکتە، بە کەس نەڵێی ها... ئەگەر باوکت بزانێت ژیانی لێ هەراسان دەکات، بەڵام، باشە ئەو داماوە هەر دایکە، ئەمیش کوڕە خۆشەویستەکەی بوو، بەیانییان دوای ئەوەی باوکت دەڕوا، ئەحمەد دێتە ماڵتان، دایکت خواردنی پێ دەدا، کەبابی بۆ دروست دەکات، جلەکانی دەگۆڕێت، دەیشۆرێت و نان و ئەگەر بتوانێت پارە دەخاتە گیرفانییەوە، تا ئێستایش ئەگەر یەکێ بڵێ ئەحمەد هیرۆینییە سک خۆی هەڵدەدڕێ، داماوە هێشتا هەر بە تەمایە چاکەوە بێت.

پێشبینییەکانی پەروین خانم زۆر زوو هاتنە دی، بەڵام ئەو باوکمیشی لەگەڵ خۆیدا بەرەو لەناوبردن برد. کاتێک ئەو لە قۆناغەکانی کۆتاییی لەناوچووندا بوو، بۆ دەستکەوتنی پارە هەموو شتێکی دەکرد، لە یەکێک لەم قەیرانی حەوجەداری و بێ پارەییەدا بۆ ماڵی باوکم دەچێت، فەرشەکە کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیبات و بیفرۆشێت، باوکم بە گژیدا دەچێتەوە و هەوڵ دەدات فەرشەکەی لێ بسێنێتەوە،

ئەم تووڕەیی و هەوڵ و تەقەلایە لە توانای دڵە ماندووەکەی ئەودا نەبوو، دڵەکپێیەکی قورسی بۆ هات، گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە، هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە، چەند ڕۆژێکمان لە پشت دەرگەی چاودێرییە تایبەتییەکاندا بەسەر برد، بارودۆخی باشتر بوو و گوێزرایەوە بۆ بەشی تایبەت، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ منداڵەکان بۆ نەخۆشخانە دەڕۆیشتم، سیامەک خەریک بوو باڵای بەرز دەبوو، لە تەمەنی خۆی گەورەتر دەهاتە بەرچاو، بە ئاسانی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی وەردەگرت، کەچی مەسعوود بە هەزاران تەڵەکە و پاڕانەوە و لالانەوە تەنیا دوو جار توانی بیبینێت، سیامەک بە درێژایی کاتی چاوپێکەوتنەکە لە تەنیشت باوە گەورەی دادەنیشت و بە بێدەنگی دەستی لەناو دەستیدا دەگرت. بەچاکبوونەوەکەی هیوایەکی زۆرمان پەیدا کردبوو، کەچی بەداخەوە دڵەکپێیەکی بەهێزتر رووی لێ کرد و جارێکی تر بۆ بەشی چاودێری تایبەت برا و پاش بیست و چوار کاژێر، گیانی بە نەمری سپارد. بەم شێوەیە تاقە پشت و پەنا ڕاستەقینەکەم لە دەست چوو، لە پاش مەرگی زانیم کە تەنیا بوونی ئەو، گەرچی دوور بە دووریش بووە، چۆن ساباتی بەسەرمدا کێشابوو و لە تاریکترین ساتەکانی نائومێدیدا ڕەونەقی ڕۆشناییبوونی ئەو دڵی ڕووناک دەکردمەوە. بە کۆچی ئەو، پێوەندییەکانم بەو ماڵەوە زۆر سست بووەوە. تاوەکو هەفتەیەک نەمدەتوانی بەر لە فرمێسکەکانم بگرم، بەڵام لەگەڵ یەکەمین لێدانە ناکاوەکانی ئاوەزدا بۆ گەڕانەوە و بەئاگاهاتنەوە، سەرنجی دەوروبەرم دا، بەوە گەیشتم کە فرمێسکەکانی من بە بەراورد لەگەڵ خەمە قووڵ و بێدەنگییەکەی سیامەکدا هیچ سەنگێکی نییە، ئەم منداڵە بێ ئەوەی یەک دڵۆپ فرمێسک بڕێژێت، هەروەکو میزەڵانێک وابوو کە چیی تر بەرگەی یەک فووی تر ناگرێت و لە تەقینەوەدا بوو، دایکم بە قینەوە دەیگوت:

– حەیف بۆ ئەو هەموو سۆز و خۆشەویستییەی کە لە دڵی مستەفا خاندا هەبوو بۆ ئەم منداڵە، کەچی تەنانەت ئەو کاتەی کە خستیانە ناو گۆڕیشەوە یەک دڵۆپە فرمێسکی نەڕشت، هەر بە خەیاڵیشیدا نەهات.

زانیم کە باری دەروونی زۆر لەوە خراپترە کە لە ڕووکەشدا دەبینرێت. ڕۆژێ مەسعوودم لەلای پەروانە دانا و لەگەڵ سیامەک بۆ سەر گۆڕی باوکم ڕۆیشتین، هەروەکو هەورێکی تاریک و خەمناک بە دیارمەوە وەستابوو، هەوڵی دەدا تەماشای

شـوێنێکی تر بکات و خـۆی لە شـوێن و کـات دوور بخـاتەوە، دەسـتم بە گێڕانەوەی یادەوەرییـەکـانم لەگەڵ ئەودا کـرد، سـەبارەت بە سـۆز و کـەمـوکـوورییـەکـانی، وردە وردە لە تەنیـشت خـۆمـەوە دامنا و هـێندەم لاواندەوە هەتا لـە پڕ ڕقـەکـەی بەربوو و فرمێسکە پەنگ خواردووەکەی هەڵڕژا، ئەم گریانە تا شـەو بەردەوام بوو، کاتێکیش مـەسـعوود گـەڕایە مـاڵەوە، بە بینینی فـرمێسکەکانی سـیـامـەک ئەویش دەسـتی بە گـریان کـرد، لێـیـان گـەڕام هـەتا بە تەواوەتی خـۆیـان خـاڵی بکەنەوە، دەبوایە ئەو هـەموو خـەمە کەڵەکەبووە لـە دڵە بچکۆلەکەیان دەربکردایە، پاشان دایانم نیشاند و لێم پرسین:

– بە بۆچوونی ئێـوە بۆ ڕێزگـرتن و بەرز ڕاگـرتنـی یادی ئەو دەبێت چی بکەین؟ ئەو چ چاوەڕوانییـەکی لێمان هەیە و دەبێت ئێمە چۆن بژین بۆ ئەوەی لێمان ڕازی بێت؟

بەم شێوەیە، خۆیشم بەو ئەنجامە گەیشتم کە دەبێت هـەوڵ بدەم بگەڕێمەوە سەر باری ئاسـاییی خـۆم و بۆ هـەتاهـەتایە بە زیندوو ڕاگرتنی بیـرەوەرییـە خۆشـەکانی، بەردەوامی بە ژیانی ئاسایی بدەم.

هێـشـتـا سێ مـانگ بەسـەر مـەرگی باوکـمدا تێ نەپەڕیبـوو، ئەحـمـەد، هەر بەو بەڵایەی کە پـەروین خانم باسی دەکرد، لە ناوچوو. خاوێنکارێک لاشـەکـەی لە یەکێ لە جـادەکـانی خـوارووی شـاردا دۆزیبـووەوە، عـەلییـان بـۆ ناسـینەوەی برد، پرسـە دانەنرا و لە دایکم بەولاوە کـە لە خـەفـەتدا چـەمـابووەوە، کـەسی تر نـەگـریا، هـەرچییـەکم کرد بیـرەوەرییـەکی باشی بێنمـەوە یاد، نەبوو، لـەوەی کە بۆ مـردنی بەداخ نەبووم، هەسـتم بە ئۆباڵ دەکرد، پرسـەداری ئەو نەبووم، بەڵام، نازانم بۆچی هـەتا مـاوەیەکی درێژخـایەن هـەرچی بەبیـرمدا دەهـاتەوە، خەمێکی فراوان و نادیار دڵی دەگرتم.

بێگومان عـەلی لەم هەلومەرجەدا نەیدەتوانی ئاهـەنگی ژنـهێنان بگرێت، ناچار بە بێدەنگ ژنەکەی بۆ مـاڵی باوکم گواسـتەوە، کە چەند ساڵێک پێش ئێستـا خرابووە سـەر ناوی دایکم، دایکیـشم خـەمـۆک و تەنیـا بوو، تا ڕادەیـەک خـۆی خـانـەنشین کردبوو و شیـرازەی کاروباری ماڵەکەی بە دەستی بووکی تازە سپارد، بەو شێوەیە دەرگـەی ئـەو مـاڵەی کـە لە تەنگانەدا تاقـە پەناگـەم بوو، بۆ هـەتا هەتایـە لە ڕووم داخرا.

٤

لە کۆتاییيەکانی ساڵی حەفتاوحەوت، هەستم بە وەرچەرخانێکی سیاسیی دەکرد. ڕەفتار و قسەی خەڵک بە شێوەیەکی ئاشکرا گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، لە فەرمانگە، کۆڵان و بەتایبەتیش زانکۆکاندا، بێ سڵەمینەوە قسەیان دەکرد. بەرنامەکانی زیندان تا ڕادەیەک ڕێکوپێک بووبوون، بۆ حەمید و هەموو زیندانییەکانی تریش ئاسانکارییەکی زۆرتر کرابوو، لەمپەری کەمتر دەخرایە بەردەم ناردنی جل و خواردن. بەڵام لە ناخە ڕەشبینەکەی مندا هیچ دەروازەی هیوایەک بەدی نەدەکرا و هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم گۆڕانکارییەک بەدی بێت.

چەند ڕۆژێکی بۆ جەژن مابوو، هەوا، بەرامەی بەهاری لێ دەهات، نوقم بووم لە بیرکردنەوەدا بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە ڕووبەڕووی دیمەنێکی سەیر بوومەوە، لە هۆڵی ماڵەکەدا چەند گۆنییە برنجێ، چەند قوتووە ڕۆنێ، هەندێ چا، دانەوێڵە و چەند جۆرە خواردەمەنییەکی تر لەسەر یەکتر داندرابوون، بە سەرسووڕمانەوە سەیرم کرد، چەند جارێ باوکی حەمید برنجی بۆ دەهێناین، بەڵام نەک بەم هەموو خواردەمەنییانەی ترەوە، بەتایبەتیش ئێستا خۆیان لە پاش داخستنی چاپخانەکە دەست کورت بوون، سیامەک کە منی بە گێژ و وێژی بینی بە پێکەنینەوە گوتی:

– هێشتا کارە سەرەکییەکەی ماوە، زەرفێکی بەدەستەوە دام، لە سووچێکی زەرفەکەوە بەستەیەک کاغەزی سەد تمەنی دەبینرا.

– ئەمانە چین؟ لە کوێوە هاتوون؟

– هەڵی بێنە!

– بەڵێ دایە، ئەمە پێشبڕکێیە، هەڵی بێنە.

– باوە گەورە زەحمەتی کێشاوە؟

– نە...! و هەردووکیان بە شەیتانییەوە پێ کەنین.

– پەروانە ئەمانەی هێنا؟

– نە...! ئەمجارەش پێ کەنین.

– پەروین خانم؟ فاتی؟

– نە بابە ناتوانی هەڵی بێنی...، بڵێم...؟

– بەڵێ، زووکە، کێ هێناویە؟

– خاڵۆ عەلی! بەڵام وتی بڵێم خاڵۆ مەحموود ناردوویەتی.

خەریک بوو لە حەپەساویدا شاخم دەردەهێنا.

– واااا...! بۆچی؟ خەویان هاتووەتە دی؟

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و بۆ ماڵی دایکم تەلەفۆنم کرد، ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو، گوتم:

– کەواتە تەلەفۆنەکە بە عەلی بدە بزانم چی بووە.

– عەلی زۆر بەگەرمی سڵاوی کرد، ئاوازەکەیم وەکو جاران نەهاتە گوێ.

– عەلی ئاغا چی بووە؟ نانی هەژارانتان بەخشیوە؟

– لە خزمەتداین ئا باجی، ئەرکی خۆمان بەجێ دەهێنین.

– کام ئەرکە، بۆ من هیچم ویستووە؟

– باشە، تۆ بڵند دەڕوانی، بەڵام دەبێت ئێمەش بە ئەرکەکانمان هەڵسین.

– سوپاس عەلی گیان، من و منداڵەکانم هیچمان پێویست نییە، بە ئەرک نەبێ هەر ئێستا وەرە بیانبەرەوە.

– بیانبەمەوە چییان لێ بکەم؟

– نازانم، هەرچییەکی لێ ئەکەی بیکە، بیدە بەوانەی کە پێویستییان پێیەتی.

– ئەزانی چی دادە، ئەمە هیچ پێوەندی بە منەوە نییە، ئەمانە کاکە مەحموود ناردوویەتی، بە خۆی بڵێ، هەر بە تۆشی نەداوە، بۆ زۆر کەسی تریشی ناردووە،

من تەنیا دەمگەیاندن.

– سەیرە، کەواتە خێری کردووە؟ بەڕاست، هیچی نەبیستووە؟ ناشێ شێت بوو‌بێت؟

– ئەم قسانە چییە دادە؟ دەوەرە و چاکە بکە!

– ئەوەندەی پێویست کاری خێرتان بۆ من کردووە، سوپاستان دەکەم، ئێستا وەرە و هەرچی زووترە بیانبەرەوە.

– بە کاکە مەحموود بڵێ... من دێم دەیبەمەوە، خۆت لەگەڵ ئەودا قسە بکە.

– باشە بەدڵنیاییەوە، هەروا دەکەم.

تەلەفۆنم بۆ ماڵ مەحموود کرد، ژمارەی جارەکانی کە بۆ ئەم ماڵە تەلەفۆنم کردووە لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێنەدەپەڕی، غولامەلی وەلامی تەلەفۆنەکەی دایەوە، لە پاش سلاو تەلەفۆنەکەی بە باوکی دا.

– سلاو دادە، چۆن بوو وا بیرمانت کرد؟

– بە ڕێککەوت منیش دەمویست هەمان پرسیار بکەم، چی بووە وا بیرمانتان کرد؟ خێرتان ناردووە.

– ئەم قسانە چین خوشکم خێری چی، مافی خۆتە، هاوسەرەکەت بۆ بەرگری لە ماف و ئازادی بە گژ ئەم بێ بڕوایانەدا چووە و خراوەتە بەندیخانە، ئێمەش چاومان کوێربێ، ئەرکمانە، ئێستا ئەگەر بوێریی خەبات و بەندیخانە و ئەشکەنجەمان نییە، هەر هیچ نەبێ یارمەتی خێزانەکانیان بدەین.

– بەلام کاکە، ئەمە چوار ساڵە حەمید زیندانە، هەر چۆن ئەم ماوەیە بە مەرحەمەتی خوا خۆمان بەڕێوە بردووە و پێویستیمان بە کەس نەبووە، لەمەولاش هەر وا ئەکەین.

– مافی خۆتە خوشکم، مافی خۆتە تانەمان لێ بدەی، ڕوومان ڕەش بێت، ئێمە لە خەودا بووین، تێ نەدەگەیشتین، عەقڵمان پێدا نەدەشکا، ئێوە دەبێت بمانبوورن.

– وا مەڵێ کاکە، مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین ژیانی خۆمان هەڵسووڕێنین، حەز ناکەم منداڵەکانم بە سەدەقە گەورەبن، زەحمەت نەبێت یەکێ بنێرە ئەمانە بەرنەوە...

– ئەم قسانە چییە ئێمە ئەرکمان لەسەرە، ئێوە تاجی سەر ئێمەن، حەمید جێی شانازیی ئێمەیە.

– بەڵام کاکە مەحموود هەر ئەو جووجەڵە کۆمۆنیستەیە کە ئاژاوەگێڕە و دەبێت لە سێدارە بدرێت.

– دە ئیتر تانەمان لێ مەدە خوشکم، چ کینە لە دڵێکی ها...، وتم نەفام بووین، بەلای ئێمەوە هەر کەسێ لەگەڵ ئەم بنکەی ستەمەدا بجەنگێ ئەوە ئەجر و نزیکبوونەوەی لەلای خوا هەیە، ئیدی چ کافر بێت و چ موسڵمان.

– زۆر سوپاس کاکە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێویستیم بە هیچ شتێک نییە، تکا دەکەم وەرن بیبەنەوە.

بە تووڕەیییەوە گوتی:

– بیدە بە دەر و دراوسێکانت، فڕێی بدە، من کەسم نییە بینێرم. و تەلەفۆنەکەی دانا.

لە مانگەکانی دواتردا پتر هەست بە گۆڕانکارییەکان کرا، هەرچەندە نەدەبوایە لە فەرمانگەدا کەس بزانێت کە هاوسەرەکەم زیندانی سیاسییە، کەچی تا ڕادەیەک هەموو دەیانزانی، تەنانەت لەم دواییانەشدا بێجگە لە هاوکارە نزیکەکانم، ئەوانی تریش بە پارێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردم و ئاگەداری ئەوەبوون کە زۆر هاتوچۆی ژوورەکەم نەکەن. لەگەڵ ئەم دۆخە ڕاهاتبووم، بەڵام لەوە دەچوو لەم ڕۆژانەدا هەموو ئەو لەمپەرانە هەڵگیرابن. لە ڕاستیدا چیی تر هیچ کەسێک ترسی لە پێوەندی گرتن لەگەڵ مندا نەبوو، بازنەی ناسیاوەکانم لە فراوانبوونێکی خێرادا بوو، هاوکارەکانم بە نەهاتنە زۆرتر لە ئاسایییەکانم یان خوێندنم لە فەرمانگەدا ناڕەزایەتیان دەرنەدەبڕی. سەرئەنجام کار بەوە گەیشت کە چ لە نێو خزمان، چ هاوڕێیانی زانکۆ و چ هاوکارانی فەرمانگە، سەبارەت بە پرسەکەی ئێمە بە ئاشکرا قسەیان دەکرد، هەواڵی حەمیدیان دەپرسی، هاودەردی و ستایشیان دەردەبڕی. لە دانیشتنەکاندا لە سەرەوە دایان دەنام، بەئاسانی دەبوومە چەقی سەرنجی هەمووان. هەرچەندە ئەم هەلومەرجە تا ڕادەیەک منی وەڕس دەکرد، کەچی بۆ سیامەک چێژبەخش و جێگەی شانازی بوو. دەتگوت پەڕوباڵی دەرکردووە، بە سەربەرزی و ئاشکرا سەبارەت بە چۆنیەتیی گرتنی باوکی و ئەو

شەوەی کە ڕژانە ماڵمان وەڵامی پرسیارەکان و وردەکۆڵیی خەڵکی دەدایەوە، دیارە بەو هزرە خەیاڵ ئافەرێنەرە منداڵانەیەوە هەندێ شتیشی دەخستە سەر. هێشتا دوو هەفتە بەسەر کردنەوەی قوتابخانە تێ نەپەڕیبوو کە داوایان کرد لە قوتابخانە ئامادەبین، خەمم بوو، وام دەزانی وەکو هەموو جارێ شەڕی کردووە و لە یەکێکی داوە، کەچی کە چوومە نووسینگەی قوتابخانەکە، بینیم بارودۆخی زاڵ بە شێوەیەکی ترە، چەند مامۆستایەک و چاودێری قوتابخانەکە دەوریان گرتم، دەرگەکەیان داخست، وریا بوون کەسانی تری وەکو بەڕێوەبەر و کارمەندی نووسینگەکەی نەزانن، وا دیار بوو بڕوایان پێیان نەبوو، سەبارەت بە حەمید و هەندێک دۆخ و هەلومەرج دەستیان بە پرسیار کرد، بەرنامەکانی داهاتوو و شۆڕش. واقم ورما، دەتگوت من سەرچاوەی هەواڵە نهێنییەکان و بەرنامەکانی شۆڕشم. لەبارەی حەمید و گرتنەکەیەوە وەڵامم دایەوە، بەڵام سەبارەت بە پرسەکانی تر هەر دەمگوت، نازانم، من هیچم بە دەستەوە نییە. دیار بوو سیامەک ئەوەندەی لاف و گەزافی سەبارەت بە باوکی و چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی و ئاگەییی سیاسیمانی لێ داوە، بە ڕادەیەک وای لە دڵگەرمەکانی شۆڕش کردووە کە لە میانەی بەدواداچوونی ناوەڕۆکی ڕاست و دروستیی قسەکانی ئەو هێڵێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوە سەرەکییەکانی شۆڕش پێک بهێنن. یەکێک لە مامۆستاکان، کە چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوو گوتی:

– ئاشکرایە دەشێ لە باوکێکی ئاوها چاوەڕوانی کوڕێکی وا بین، تۆ نازانی چەند جوان و کاریگەر قسە دەکات.

– بۆچی چی دەڵێ؟

بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو کە بزانم لەگەڵ بێگانەدا لەبارەی باوکییەوە چۆن قسە دەکات.

– ئەو وەکو مرۆڤێکی گەورە، وەکو قسەکەرێک، بێ ترس و سڵەمینەوە لە بەردەم هەمووماندا وەستا و گوتی: باوکم بۆ ئازادیی خەڵکی چەوساوە خەبات دەکات، زۆربەی هاوڕێکانی لەو ڕێگەیەدا کوژران و خۆشی چەندان ساڵە لە بەندیخانەیە و لەژێر ئەشکەنجەی مەترسیداردا بەرگری گرتووە و تەنانەت قسەیەکیشی نەدرکاندووە.

له ڕێگەی گەڕانەوەمدا، هەستگەلێکی جۆرەوجۆر و دژ بەیەک لە ناخمدا قوڵپی دەدا، لەوەی کە سیامەک هەلومەرجێکی بۆ سەلماندنی خود، سەرنجڕاکێشان و شانازیکردن بەدەست هێناوە، دڵخۆش بووم، لەلایەکی تریشەوە دەترسام ئەم خۆ هەڵکێشانە کێشەیەکی نوێمان بۆ پێک بهێنێت و سەرئەنجام بۆ خۆی و کەسایەتییە پاڵەوانسازەکەی و خۆشەویستی بۆ قارەمانێتی، نیگەران بووم. ئەو لە هەموو قۆناغەکانی گەورەبوونیدا منداڵێکی پڕ کێشە بوو، لەم کاتەدا کە سەردەمی پڕ لە بشێوی و ترسناکیی نەوجەوانی بەسەر دەبرد، چۆن دەتوانێت لە پاش ئەو هەموو سووکایەتی و بێ ڕێزی پێکردنە، ئەم دڵگەرمی و پشتیوانییە هەرس بکات، ئاخۆ ئەم کەسایەتییە تازە پێگەیشتووەی ئەو بەرگەی ئەم جۆرە بەرزی و نزمییە دەگرێت؟ لە بنەڕەتدا بۆچی ئەم منداڵە هێندە پێویستی بە چاودێری، پشتیوانی و خۆشەویستی هەیە؟ بەپێی توانا من هەوڵم داوە هەموو ئەمانەی پێ ببەخشم.

پتر بوونی ڕێز و چاودێریی دەوروبەر، بە بۆچوونی من زیادەڕەویی پتر و دوور لە ڕاستی بوو، لەوانەیە زیاتر لە جۆرە وردەکۆڵییەوە سەرچاوەی دەگرت، خەریک دەبوو ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانە وردە وردە ئازاریان دەدام، هەندێ جار هەستی ناڕاستگۆیی، دووڕوویی و گوناهم دەکرد، لە دڵ خۆمەوە دەمگوت، ناشێ خەریک بم بە خراپ بەکارهێنانی هەلومەرجەکەم خەڵکی هەڵخەڵەتێنم، هەموو کاتێک ئەوەم ڕوون دەکردەوە کە سەبارەت بە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی هاوسەرەکەم شتێکی ئەوتۆ نازانم و قەتیش لەو ڕێگەیەدا هاوکاریی ئەوم نەکردووە، کەچی دەتگوت خەڵکی نایانەوێت ئەو ڕاستییانە ببیستن، لە فەرمانگە، زانکۆ، لە هەموو گفتوگۆیەکی شۆڕشگێڕانەدا ئاماژە بە من دەکرا، لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا منیان وەکو نوێنەر هەڵدەبژارد، کاتێک دەمگوت شتێکی ئەوتۆ نازانم، هیچم لە دەست نایەت، دەیانگەڕاندەوە بۆ لەخۆبووردەییەکەم، تاقە کەسێک کە هەڵسوکەوتی لەگەڵم نەگۆڕا، ئاغای زەرگەر بوو کە بەوردی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەرمی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، ڕۆژێ، لە فەرمانگەدا دەیانویست کەسانێک بە ناوی لێژنەی شۆڕش هەڵبژێرن و پابەندبوونیان بە شەپۆلی خرۆشاوی خەڵکەوە ڕابگەیەنن، یەکێک لەو کەسانەی کە هەتا ئەم دواییانەش بە پارێزەوە سڵاوی لێ دەکردم، وتەیەکی بەجۆشی سەبارەت بە تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانە، مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەی من پێشکێش کرد و لە

هەڵبژاردنەکە دەنگی پێدام، لە شوێن خۆم هەستام، بەو بڕوا بەخۆیییەوەی کە بەرهەمی دژواری ژیانی کۆمەڵایەتیم بوو کە توانای گفتوگۆی لە بەردەم خەڵکدا پێ دابووم، وێڕای سوپاسی نیاز پاکی وتەبێژەکە، نارەزاییم بەرامبەر بە قسەکانی دەربڕی و بەوپەڕی ڕاستگۆیییەوە گوتم:

– قەت مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ نەبووم، چارەنووس منی خستە سەر ڕێگەی پیاوێک کە خاوەن بۆچوونی سیاسی بوو و کاتێکیش کە بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی بەشێک لە بنەماکان و چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئەو بوومەوە، بوورامەوە.

هەموویان پێکەنین و هەندێکیان چەپڵەیان لێ دا.

– بڕوا بکەن ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە چیی تر منی لە کارەکانی ئاگادار نەدەکردەوە، بە هەموو بوونمەوە هیوای ئازادیی بۆ دەخوازم، بەڵام لە ڕووی بیروباوەڕ و توانای سیاسیمەوە هیچ سوودێکم بۆ کەس نییە.

ئەو پیاوە بە نارەزایەتییەوە لە نێو خەڵکەکەوە هاواری کرد و گوتی:

– بەڵام تۆ ئازارت چەشتووە، چەندان ساڵ هاوسەرەکەت لە بەندیخانەدا بوو، بە تەنیا ژیانی خۆت و منداڵەکانت بەڕێوەبرد، ئاخۆ ئەمانە ئەنجامی هاوئارمانی و باوەڕبوون بە بنەماکانی بیری ئەو نییە؟

– نە...! ئەگەر هاوسەرەکەم لەبەر دزیش بکەوتایەتە بەندیخانە، هەر ئەم کارانەم دەکرد، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە من وەکو ژنێک، دایکێک، ئەرکی سەر شانمە ژیانی خۆم و منداڵەکانم بچەرخێنم.

هەرواوهوریا هەڵسا، لە نیگا پڕ پشتیوانییەکەی ئاغای زەرگەر تێ گەیشتم کە قسەی باشم کردووە، کەچی ئەمجارەیان ڕاستگۆیی و لەخۆبوردوویییەکەمیان کردە پاڵەوانێتی و هەر دەنگیان بە من دا.

ڕۆژ بە ڕۆژ جۆش و خرۆشی شۆڕش پتر دەبوو و بە فراوان بوونی سنوورەکانی، هەموو ڕۆژێک خونچەیەک لەسەر چڵی هیواکانم شکۆفەی دەکرد. ئاخۆ دەشێت ئەوەی شارەزاد و ئەوانی تر لە پێناویدا کوژران و چەندان ساڵ حەمید ڕەنج و ئازاری بەندیخانەی بۆ کێشا، بێتە بەرهەم؟

لە ماڵی ئێمەدا یەکەمین جار بوو من و براکانم لە یەک بەرەدا بین، هەموو یەک قسەمان دەکرد، لە قسەکانی یەکتر تێ دەگەیشتین، داخوازی هاوبەشمان هەبوو،

پێکەوە هەستی لێکنزیکبوونەوە و گەرموگوڕیمان دەکرد، ئەوان وەکو برا ڕەفتاریان دەکرد و بەرگرییان لە من و خێزانەکەم دەکرد، سۆزی مەحموود گەیشتبووە ئاستێک کە هەرچییەکی بۆ منداڵەکانی خۆی بکڕیبایە، بۆ سیامەکیشی دەکڕی، دایکم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سوپاسی خوای دەکرد و دەیگوت:

– حەیفە باوکتان نەماوە بۆ ئەوەی ئەم پێوەندییە گەرمەتان ببینێت، هەموو کاتێ خەمی ئەوەی بوو و دەیگوت، ئەگەر من بمرم ئەمانە ئەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ یەکتر نابینن و لە هەمووی تەنیاتر ئەو کچە بێ کەسەمە کە کەس دەستی ناگرێت، خۆزگە دەما و دەیبینی چۆن هەر ئەو برایانە گیانی خۆیان لە پێناو ئەم خوشکەدا دەبەخشن.

مەحموود شریت و بڵاوکراوەی دەهێنا، عەلی لەبەری دەگرتەوە، منیش لە زانکۆ و فەرمانگە بڵاوم دەکردەوە، سیامەک لە تەک هاوپۆلەکانی دەچووە سەر جادە و دروشمی دەدا، مەسعوود نیگاری دەستەی خۆپیشاندەرانی دەکێشا و لەسەری دەینووسی " ئازادی"، لە هاوینەوە ئێمە ئەندامی هەمیشەییی ئەو کۆبوونەوە، وتارخوێندنەوە و خۆپیشاندانانە بووین کە لە دژی ڕێژێم بەرپا دەکران، تەنانەت بۆ جارێکیش بە بیرمدا نەهات ئەم بەرنامەیە بە کام کۆمەڵە و دەستەیەوە پەیوەستە، چ جیاوازییەکی هەبوو، هەموو پێکەوە بووین و یەک داواکاریمان هەبوو، گرینگ ئەوەبوو کە پێوەندییەکانی مەحموود بە شێوەیەک بوو کە دەستی بە دوا هەواڵ و شریت و بڵاوکراوەکان دەگەیشت. هەموو ڕۆژێک وام دەزانی هەنگاوێک لە حەمید نزیکتر بوومەتەوە، خەریک دەبووم باوەڕم بەوە دەهێنا کە پێشبینییەکانم بە هەبوونی خێزانێک و بوونی باوکێک بۆ سەرفرازیی منداڵەکانم مەحاڵ نییە، ئێستا بە هەموو بوونمەوە بە مانەوەی حەمید شادمانم، چیی تر بە بینینی دەموچاوە خەمبار و ئازاراوییەکەی لە خۆمم نەدەپرسی: ئاخۆ باشتر نەبوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا یەک جار و لەیەک ساتدا بە شانازییەوە بمردایە و ئەم ئازار و ئەشکەنجەی چەندان ساڵە و مردنی هەموو ڕۆژێکی نەچەشتبایە؟ خەریک دەبوو بەو ئەنجامە دەگەیشتم کە ئازارەکانی ئەو بێ ئەنجام نەبوون و بەم نزیکانە دەگاتە بەرهەم، ئەمە خەونەکانی ئەوانە کەوا دێنە دی، خەڵکی هەستاونەتە سەرپێ، لەسەر جادەکان هاوار دەکەن و دەڵێن " لەژێر باری ستەمدا ناژین" کاتێک ئەوان باسی ئەم ڕۆژگارەیان دەکرد، بە بۆچوونی من چەندە دوور لە بیر، دوور لە ڕاستی

و خەیاڵی خاو بوو.

لەگەڵ گەیشتنە لووتکەی شۆڕشدا، دەسەڵاتم بەسەر منداڵەکاندا کەمتر و کەمتر دەبووەوە، ئەوان لە خاڵۆیان زۆر نزیک بووبوونەوە، مەحموود بە ئاگایی و پەیوەست بوونێکی تایبەتییەوە کە بەڕاستی بەلامەوە سەیر و تازە بوو، بە شوێن منداڵەکاندا دەهات، ئەوانی بۆ کۆبوونەوە و وتارخوێندنەوەکان لە تەک خۆیدا دەبرد. سیامەک بەم بەرنامانە زۆر دڵخۆش بوو و بە ئارەزووەوە دەکەوتە شوێن مەحموود، بەڵام مەسعوود زۆر زوو کشایەوە و بەبیانووی جۆرەوجۆر خۆی لە ڕۆیشتن پاراست، کاتێک پرسیارم کرد بۆچی ناڕۆیت، وتی: حەز ناکەم و کاتێک هۆیەکی بەهێزترم ویست، گوتی: شەرم دەکەم، نەمدەزانی لە چی شەرمی دەکرد، بەڵام پێداگریشم نەکرد. بەپێچەوانەوە سیامەک ڕۆژ بە ڕۆژ گەرموگوڕتر دەبوو، ورەیەکی زۆر باشی پەیدا کردبوو، هیچ کێشەیەکی ساز نەدەکرد، دەتگوت بەو هاوارکردن و دروشمدانە هەموو گرێ دەروونییەکانی دەردەهاوێشتە دەرەوە و خاڵی دەبووەوە. وردە وردە لە ئەنجامی بە جێهێنانی ئەرکە ئاینییەکانی ڕێکوپێکتر و وردبینتر بوو، ئەوێکی کە هەمیشە بەیانییان بە زۆر لە خەو هەڵدەستا، ئێستا بەئاگە بوو کە نوێژی بەیانییانی بە قەزا نەداتەوە. نەمدەزانی لەم هەموو گۆڕانکارییانەی دڵخۆش بم یان نیگەران، چونکە هەندێ لە کارەکانی وەکو کوژاندنەوەی ڕادیۆ لە کاتی بڵاوبوونەوەی مۆسیقا، یان سەیرنەکردنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن، یەکسەر دەمیگێڕایەوە ساڵەکانی پێشتر و شێوەی ڕەفتارە دڕدۆنگەکانی مەحموودی بۆ زیندوو دەکردمەوە.

سەرەتای مانگی ڕەزبەر بوو، مەحموود ڕایگەیاند کە دەیەوێت ڕێوڕەسمێکی فراوان بۆ ساڵانەی باوکم ڕێک بخات. هەرچەندە مانگێک بەسەر ساڵانەی باوکمدا تێ پەڕیبوو، کەچی کەس ناڕەزایەتی نیشان نەدا. بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو ئازیزە و بەخشینەوەی خێر بۆ گیانی پاکی لە هەموو کاتێکدا و لە هەر بۆنەیەکدا دەستکەوت بوو. بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە، وامان بە باش زانی ڕێوڕەسمەکە بخرێتە نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، هەموو بەخۆشییەوە، لە چەند ڕۆژێک لەوەوبەرەوە خەریکی ئامادەکاری و چێشت لێنان بووین، ژمارەی میوانەکان هەر لە زیادبووندا بوون، لە دڵەوە لە دلێریی مەحموود لەو کات و ساتەدا دەستخۆشیم دەکرد، لە ڕۆژی دیاریکراودا، لە بەیانیی زووەوە

هەمـوومـان لە مـاڵ مـەحـمـوود کـارمـان دەکرد، ئیـحـتـرام سـادات کـە ڕۆژ بە ڕۆژ قـەڵەوتر دەبوو، بە هـەناسکە برکێ دەهات و دەچوو، سـەرئەنجام لەو کـاتەی پەتاتەم پاک دەکردەوە، هات لە تەنیشتمەوە دانیشت، گوتم:

– مـاندوو نەبی، زۆر زەحـمـەت دەکێشی، دەسـتت خـۆش بێت، ئێـمـە هـەمـوومـان سوپاست دەکەین.

– نە بـابە ئـەم قـسـانـە چیـیـە، خـۆ هـەر دەبوایە لـە پاش ئـەم هـەمـوو سـاڵە فـاتیـحـایەکی تێـروتەسـەلمان بۆ ئاغـا (خـوا لێی خـۆشـبێت) بناردایە، لەلایەکی تریشەوە، لەم کاتەدا ئەمە بیانوویەکی باشە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی.

– بەڕاست ئیـحـتـرام گـیـان کـاکـەم چۆنە، لەوە دەچێت چیی تر لە تەک یەکدا کێشەتان نەبێت، لە تەختە بدەم.

– ئێ بابە، ئیـتـر ئێـمـە لێمـان بەسـەرچوو، بۆچی کێ مـەحـمـوود دەبینێت تاوەکو شەڕی لەگەڵ بکات، کاتێک دێتـەوە ئەوەندە ماندوو و سـەرقاڵە ئیتر کاری بە کاری ئێمەوە نییە و ڕەخنەش ناگرێت.

– دڕدۆنگییـەکەی چۆنـە؟ چیی تر لە کـاتی دەستنوێژ گرتندا نـاڵێت نەبوو، نەبوو لە سـەرەتاوە؟

– گوێی شەیتـان کەڕ بێت، زۆر باشترە، ئێستا ئیتر هێند سـەرقاڵە کاتی ئەوەی نییـە ئەوەندە خـۆی لە ئاو هەڵکێشی و خـۆی بشـۆرێت، دەزانی ئەم شـۆڕشـە ئەمی ئەمـدیو ئەودیو کردووە، دەتگوت ئەمـە دەرمـانی دەردەکەی بوو، ئێـسـتـا دەڵێت بە وتەی ئاغـا شـۆڕش لە پێش هەمـوو شـتێکەوەیە، وەکو جیـهـادە لە پێناو خـوادا و گەورەترین پاداشتی هەیە، ئیـتـر گوێ بە وردەکـارییـەکان نـادات، ڕاسـتییـەکەی ئێستا دڕدۆنگییەکەی پتر سەبارەت بە پرسە شۆڕشگێرییەکانە.

لە دوای نـانی نیـوەڕۆ، وتارخـوێندنـەوە دەسـتی پـێ کـرد، ئێـمـە لە ژوورەکـەی پشـتـەوە بـووین باش دەنگەکـەمـان گـوێ لێ نەدەبوو، لە ترسی چوونە دەرەوەی دەنگەکە نەیاندەتوانی بەرزبێژی بەهێز بەکاربهێنن، بەئاسـتەم شـوێنی ئێمـەیان لە ژووری مـیـوان و نانخـواردندا کـردەوە، لـە پشت پیـاوەکـانەوە دانیـشـتـین، هەندێ کـەسـیـش لە پشت پەنجـەرەکـانەوە وەسـتـابوون. پاش وتاری یـەک، دوو کـەس سەبارەت بە شۆڕش، ستەمەکانی حکوومەتی ئێستا و ئەرکەکانی ئێمە بۆ لابردنی

ئەم ڕژێمە، نۆرە گەیشتە مامی ئیحترام سادات کە ئێستا پیاوێکی ئاینیی گەورە بوو و لەبەر ئەو چەند مانگەی کە لە بەندیخانەدا بوو، لە دیدی هەمووان وەکو قارەمان وا بوو. لە سەرەتادا کەمێک سەبارەت بە کارە چارەکەکانی باوکم قسەی کرد و لە پیاهەڵدانی مێژووی شۆڕشگێڕیی خێزانەکەماندا گوتی:

– ئەم خێزانە بەڕێزە لە ساڵەکانی پێشووترەوە لە پێناو ئاین و وڵاتدا خەباتیان کردووە و لەم ڕێگەیەوە تووشی ئازار بوون، لە ساڵی شەست و سێ، لە پاش ڕووداوەکانی پازدەی جۆزەردان* و گیرانی ئاغای خومەینی ناچار بوون ماڵ و شارەکەیان جێ بهێڵن و لە قوم کۆچیان کرد، لەبەرئەوەی ئاسایشیان لە مەترسیدا بوو، لەم ڕێگەیەدا گەنجێکیان کردووەتە قوربانی، کوڕە ئازاکەیان بێ سەروشوێن کرا، زاواکەیان هێشتا لە بەندیخانەدایە و خوا دەزانێت چ ئازارگەلێکی چەشتووە...

بۆ ماوەیەک بابەتەکانم تێکەڵ کرد، نەمدەزانی سەبارەت بە کێ قسە دەکات، بە ئەنیشک کێشام بە کەلەکەی ئیحترام ساداتدا و پرسیم:

– ئەوە باسی کێ دەکات؟

– ئێ سەبارەت بە هاوسەرەکەت!

– نە مەبەستم ئەو گەنجەی کە بێ سەروشوێن کرا و ئەمانە...

– ئێ باشە، باسی ئەحمەد ئەکا.

– وای ئەحمەدی خۆمان؟!! خەریک دەبوو شاخم لێ پەیدا دەبوو.

– ئەی باشە هیچ بیرت لەوە کردەوە کە مردنەکەی چەند پڕ گومان بوو، لە ناوەڕاستی جادەدا، لە پاش سێ ڕۆژ ئێمەیان ئاگادار کردەوە، کاتێک عەلی بۆ پزیشکی یاسایی ڕۆیشت بۆ ناسینەوەی لاشەکە، دەیگوت پاشماوەی لێدان و برین بەسەر جەستەیەوە بووە.

- بێگومان لەگەڵ ئالودەبوویەکی تردا لەسەر مادەی بێ هۆشکەر بووەتە شەڕی.

* ساڵی چل و دوو، پانزەی خورداد، دەکاتە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٦٣ زاینی، ئەو ڕۆژەیە کە ڕێژیمی شا خومەینی لە ئێران دوورخستەوە.

– له پاش مردوو ئەم قسانە مەکە.

– کێ ئەم قسە هەڵەقومەڵەقانەی سەبارەت بە هاتنمان لە قومەوە بە ئاغا وتووە؟

– وای... ئەی مەگەر نازانی، هەر لە دوای ئەو ڕووداوانەی پازدەی جۆزەردان بوو کە ئێوە لە قومەوە هاتن، باوکت و مەحموود بەتەواوەتی لە دۆخێکی مەترسیداردا بوون، وا دیارە تۆ منداڵ بووی لە بیرت نایەت.

بەتووڕەییەوە گوتم:

– چاکیشم لە بیرە، ئێمە لە ساڵی شەست و دوو بۆ تاران هاتین، چۆن مەحموود ڕێگە بە خۆی دەدات ئەم درۆیانە بە ئاغا دەڵێ و سوود لە جۆشوخرۆشی خەڵک وەردەگرێت؟

تازە ئیتر پێداهەڵدان گەیشتبووە مەحموودیش، گوایە لەو باوکە چاوەڕوانی کەوتنەوەی کوڕی ئاوهاش دەکرێ، کوڕێک کە سەر و ماڵی خۆی لە پێناو شۆڕشدا داناوە و لە هیچ خەبات و قوربانییەک خۆی ناشارێتەوە و کەمکاریی ناکات، خەرجی دەیان خێزانی بەندکراوە سیاسییەکان دەدات و وەکو باوکێک چاودێری و سەرپەرشتییان دەکات، خێزانی خوشکەکەی کە جێگەی خۆیان هەیە و چەندان ساڵە ئەم برایە جەورییانی کێشاوە و نەیهێشتووە یەک چرکەش هەست بە نەبوونی و بێ کەسی بکەن.

لەم کاتەدا بە ئاماژەیەک، لە پڕ سیامەک لە نێوان خەڵکەکەوە هەستا و بەرەو لای ئەو ڕۆیی، دەتگوت بۆ ئەم کارە ڕاهێنرا بوو، ڕێک دەیزانی کەی دەبێت هەڵسێت و ڕۆڵەکە ببینێت، ئاغا دەستێکی بەسەر سیامەکدا هێنا و گوتی:

– ئەم منداڵە بێ گوناهە، کوڕی یەکێک لە موجاهیدە بە شەرەفەکانی ڕێگەی ئیسلامە کە چەندان ساڵە لە بەندیخانەدا و لەژێر ئەشکەنجەدا ژیان بەسەر دەبات، تاوانبارانی ڕێژێم ئەم منداڵە و سەدان منداڵی وەکو ئەوی بێ سەرپەرشت و بێ ناز کردووە، سوپاس بۆ خوا کە ئەم منداڵە خاڵۆیەکی میهرەبان و لەخۆبوردووی وەکو ئاغای مەحموود سادقی هەیە کە شوێنی باوکی بۆ پڕکردووەتەوە، گەر وا نەبوایە خوا دەزانێت لە بێ باوکیدا چی بەسەر ئەم خێزانە بەشخوراوە دەهات...

دڵم بەیەکدا دەهات، هەستم دەکرد یەخەی بلووزەکەم خەریکە دەمخنکێنێت، یەکسەر گرتم و ڕامکێشا، دوگمەی کراسەکەی هەڵکەنرا و بەلایەکدا پەڕی، هێندە

بە تووڕەیییەوە لە شوێن خۆم هەستام، دایکم و ئیحترام سادات کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوون، زۆر ترسان، ئیحترام لکێکی چارشێوەکەمی ڕا دەکێشا و دەیگوت:

– مەعسووم دانیشە، تو گۆڕی باوکت دانیشە، عەیبە.

مەحموود لە پشت وتاربێژەکەوە، ڕوو بە خەڵکەکە وەستابوو و بە نیگەرانییەوە تەماشامی دەکرد، دەمویست هاوار بکەم بەڵام دەنگم گیرا بوو، سیامەک لە تەنیشت وتاربێژەکەوە بوو بە ترس و سەرسووڕمانەوە لە نێوان خەڵکەکەوە ڕێگەی کردەوە و بەرەو لای من هات، دەستیم ڕاکێشا و گوتم:

– شەرم ناکەیت؟

دایکم لە دەموچاوی خۆی دەدا و دەیگوت:

– خوا بمکوژێ، کچێ ئابروومان مەبە.

بەنەفرەتەوە سەیری مەحموودم کرد، زۆر شت هەبوو دەمویست بیڵێم، لە ناکاو دەنگی لاواندنەوە بەرز بووەوە، هەموو هەستانە سەرپێ و سەرقاڵی لە سینگدان بوون، لە نێوان خەڵکەکەوە ڕێگەیەکم دۆزییەوە و لە کاتێکدا دەستی سیامەکم بە تووڕەیییەوە دەگوشی، لە ماڵ هاتمە دەر، مەسعوود خوارووی چارشێوەکەمی گرتبوو و بە شوێنمدا ڕای دەکرد، ئارەزووم دەکرد ئەوەندە لە سیامەک بدەم تا شین دەبێتەوە، دەرگەی ماشینەکەم کردەوە و بەتووڕەیییەوە پاڵم نایە ناوییەوە، سیامەک هەر دەیگوت:

– چیتە؟ بۆچی چی بووە؟

– لاڵ بە!

دەنگم ئەوەندە دڕ و تووڕە بوو، منداڵەکان هەتا ماڵەوە یەک قسەشیان نەکرد و بواریان پێ دام تا بە خۆم بڵێم:

– تاوانی ئەم منداڵە چییە؟ ئەو لەم نێوەندەدا چ گوناهێکی کردووە؟

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، جارێ ماوەیەک تێر قسەی ناخۆش و دژوێنم بە مەحموود و عەلی و ئیحتیرام دا و ئینجا دانیشتم بە کوڵ گریام، سیامەک بەشەرمەوە بەرامبەرم دانیشتبوو، مەسعوود پەرداخێک ئاوی بۆ هێنام و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە داوای کرد بیخۆمەوە بەڵکو باشتر ببمەوە، وردە وردە هێمن بوومەوە، سیامەک گوتی:

– نازانم لە چی ئەوەندە قەڵسی، بەڵام هەرچییەکە ببوورە.

– یانی تۆ نازانی؟ چۆن نازانیت؟ با بزانم تۆ لە هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەدا کە لەگەڵ مەحموود دەڕۆی هەر ئاوها ئەکەن؟ تۆ نیشانی هەموو کەسێک دەدەن؟

بە لە خۆباییبوون و شانازییەوە گوتی:

– بەڵێ! کۆڵێکیش باسی بابە دەکەم.

خەم لە ناخمەوە هەڵدەقوولا، نەمدەزانی بەم منداڵە چی بڵێم، هەوڵم دەدا هێمن بم و نەیترسێنم، وتم:

– کوڕم سەیرکە، ئێمە چوار ساڵ بێ باوکت ژیاین، هیچ کاتێ پێویستیمان بە کەس نەبوو، بەتایبەت خاڵۆ مەحموود، من گیانی خۆم بەخشی بۆ ئەوەی مەجبووری کەس نەبین، ئێوە بە شکۆوە گەورە بن نەک بە خێر و بەزەیی پێداهاتنەوەی خەڵکی، کەس بە چاوی هەتیو و نەدار سەیرتان نەکات، هەتا ئێستاش لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستاوین، لەوانەیە کەمێک دژواریتان هەبووە، بەڵام لە بریدا شکۆ و کەسایەتیی خۆمان و بابەمان دەپاراست، کەچی ئێستا ئەم مەحمموودە بۆ سوودی خۆی ئێوەی وەکو بووکەڵە خستووەتە بەرچاو، خەریکە خراپ بەکارتان دەهێنێت، کارێک دەکات خەڵک دڵی پێتان بسووتێت و هەموو بڵێن سەیرکەن! چ خاڵۆیەکی باشیان هەیە. بۆچی هیچ لە خۆتت نەپرسی، ئەوە چۆن بوو مەحمموود لەم حەوت هەشت مانگەدا ئێمەی کەوتووەتە بیر، چۆن ئەم چەند ساڵە یەک جاریش لێمانی نەپرسیوەتەوە؟ کوڕم تەماشاکە، دەبێت تۆ لەم قسانە ژیرتر بیت، ڕێگە نەدەی خۆت و هەست و نەستەکانت بە خراپی بەکار بهێنن. ئەگەر باوکت بزانێ مەحمموود خەریکە ئاوها دەتڕەتێنێت، زۆری پێ ناخۆش دەبێت. ئەو تەنانەت لە یەک بۆچوونیشدا لەگەڵ مەحمووددا هاوبیر نییە، هەرگیز نایەوێت خۆی و خێزانەکەی کەرەستە و ئامراز بن بە دەست کەسانێکی وەکو مەحمموودەوە.

هەرچەندە نەمدەزانی لەو سەردەمەدا مەبەستی ئەو لەم کارانەی چییە، بەڵام ئیتر نەمدەهێشت منداڵەکان لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەملا وئەولا بەرێت و وەڵامی تەلەفۆنەکانیم نەدەدایەوە.

کۆتاییەکانی مانگی ڕەزبەر بوو، کەچی فەرمانگە، قوتابخانەی منداڵەکان و زانکۆکە (کەوا دیار بوو لە تەواوبوون نەیەت) تەقولەقیان تێ کەوتبوو. نزیکەی

وەرزێک لە خوێندنەکەم مابوو کەچی پۆلەکان پێک نەدەهاتن. ئێمە هەموو کاتەکەمان لە مانگرتندا بەسەر دەبرد، لە کۆبوونەوە جۆرەوجۆرەکاندا ئامادە دەبووم. گوێم لە هەموو قسەکان دەگرت و هەڵسەنگاندنم بۆ دەکرد، بۆ ئەوەی بزانم کلاوڕۆژنەیەکی هیوای تێدایە بۆ ڕزگاربوونی حەمید یا نە، هەندێ جار هیوایەکی ئێجگار زۆرم پەیدا دەکرد، هەموو شتێ ڕوون و ڕازاوە دەبوو و هەندێ جاریش ئەوەندە بێ ئومێد دەبووم دەتگوت فڕێم دەدەنە چاڵێکی قووڵەوە. لە هەر شوێنێکدا دەنگێک بۆ زیندانە سیاسییەکان بەرز دەبووەوە، من لەوێ بووم، و لە ڕیزی پێشەوە هاوارم دەکرد، مستەکۆڵەی هاوڕێکانم لەملا و لەولام وەکو دوو ئالای بچکۆلە لە لەرینەوەدا بوون، بە وتنەوەی: "زیندانییانی سیاسی دەبێت ئازاد بکرێن". هەموو ئەو تووڕەیی و ئازارانەم دەردەبڕی کە لەم چەند ساڵەدا کێشا بووم، فرمێسک لە چاوەکانمدا ئەڵقەی دەبەست، دەتگوت باری دڵم سووک دەبووەوە. کاتێک دەمبینی ئەم هەموو خەڵکەم لە پشتە، لێوانلێو دەبووم لە جۆش و خرۆش، ئارەزووم دەکرد هەموویانم لە باوەش بگرتایە و ماچم بکردنایە، لەوانەبوو ئەمە یەکەمین و دوا جار بێت کە هەستێکی ئاوهام بۆ هاونیشتمانییەکانی خۆم تاقی دەکردەوە، دەتگوت هەموویان منداڵ، باوک، دایک، خوشک و برام بوون.

قسەوباس و پڕوپاگەندەی ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی لەسەر زمانی خەڵک بوو، دەیانگوت ڕۆژی چواری خەزەڵوەر* کە ڕێککەوتی جەژنی لە دایکبوونی شایە، ژمارەیەک لە زیندانییەکان ئازاد دەکرێن، هیوا لە دڵمدا ڕەگی دادەکوتا، بەڵام هەوڵم دەدا بڕوا نەکەم، توانای هەرەسێکی ترم نەبوو. باوکی حەمید کۆشش و هاتوچۆکانی پتر کردبوو، نامەی ڕاسپاردەی جۆرەوجۆری بۆ بەرپرسان وەردەگرت، هەموو ڕۆژێ پێکەوە هاوبەشیمان لە هەوڵەکاندا دەکرد، سەبارەت بە هەواڵی بەرەوپێشەوە چوونی کارەکانمان یەکترمان ئاگادار دەکردەوە، بە هەموو بوونمەوە ئەو ئەرکانەم جێبەجێ دەکرد کە پێم دەسپێردران.

ورده ورده لە ڕێگەی پێوەندییەکانمانەوە دڵنیا بووین کە بڕیاری لێبووردنی هەزار کەس لە زیندانییەکان دراوە، تەنیا دەبوایە کارمان بۆ ئەوە بکردایە کە ناوی حەمیدیش لە لیستەکەدا بێت. ئەو ڕۆژگارە قسەوباسی بەردەوامی من و باوکی

* چواری خەزەڵوەر جەژنی لەدایکبوونی شای ئێران بووە.

حەمید هەر سەبارەت بەو بابەتە بوو، بەگومانەوە دەمپرسی:

– ئاخۆ ئەمە تەنیا کایەیەکی سیاسی، پروپاگەندە و دەنگەدەنگێکی بێ ئەنجام نییە بۆ هێمنکردنەوەی خەڵکی؟

– نە! لەم هەلومەرجەدا ناتوانن لەم کارانە بکەن، بەلای کەمەوە دەبێت هەندێ لە ناسراوەکان ئازاد بکرێن و خەڵکی بە چاوی خۆیان بیانبینن بۆ ئەوەی هێمن ببنەوە، دەنا ئاڵۆزتر دەبێت، تۆش ئومێدەوار بە کچم ئومێدەوار بە.

بەڵام من لە ئومێدەواربوون زەندەقم دەچوو. ئەگەر ئەو لە ناو ئازادبووەکاندا نەبێت ئەوا دووبارە لە نێو گێژەڵووکەی بێ هیوایی و دڵتەنگیدا نوقوم دەبوومەوە، ئەم هەموو هەراس و هیوایە، دەمیخستە نێو گوشارێکی دەروونیی بەهێزەوە، لە خۆم پتر خەمی منداڵەکانم بوو، دەترسام لە پاش هیوا و دڵگەرمی نەتوانن جارێکی تر بەرگەی گورزی قورسی بێ هیوایی و تاسە بگرن، هەوڵم دەدا بە هیچ شێوەیەک منداڵەکان بەم هەواڵانە نەزانن بەڵام لە دەرەوەی ماڵ پروپاگەندە وەکو سێلاو بوو، مار ئاسا خۆی بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکرد، سیامەک بە جۆشوخرۆشەوە هەواڵەکانی بۆ باس دەکردم، بەڵام من بەسارد و سڕی و هێمنی وەڵامم دەدایەوە کە:

– نە دایە گیان، ئەمانە هەمووی پروپاگەندەی دەزگاکانە بۆ هێمنکردنەوەی خەڵک، جارێ لەم شتانە ناکەن، ئەگەر ئیشەڵڵا شۆڕش سەرکەوت خۆمان دەڕۆین دەرگەی بەندیخانەکان دەکەینەوە و دەیهێنینە دەرەوە.

باوک حەمیدیش ئەم شێوازەی منی بە دڵ بوو و خۆشی هەمان شێوەی لەگەڵ دایکی حەمید بەکاردەهێنا.

هەرچی لە چواری خەزەڵوەر نزیکتر دەبووینەوە، دەروونم پتر دەخرۆشا، لە خۆمەوە بۆ حەمید شتم دەکڕی، جلی ژێرەوە، کراس و جلی ناوماڵم بۆ کڕی، چیی تر نەمدەتوانی جڵەوی خەونە خۆشەکانم بگرم، بیرم لەو بەرنامانە دەکردەوە کە دەتوانین لە دوای ئازادبوونی حەمید بەڕێوەی بەرین. کەچی چەند ڕۆژێک لە پێش کاتی دیاریکراودا، باوکی حەمید دوای هاتوچۆ و ئەنجامی دوا چاوپێکەوتنەکان، ماندوو و دڵتەنگ بۆ ماڵمان هات و لە دەرفەتێکی گونجاودا کە منداڵەکان سەرقاڵ بوون گوتی:

– تا ڕادەیەک لیستەکە تەواو بووە، لەوە دەچێت ناوی حەمیدیان نەخستووەتە سەر، دیارە منیان دڵنیا کردووەتەوە کە ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بێت، ئەوا بەزوویی حەمیدیش ئازاد دەبێت، بەڵام ئەمجارەیان ئەگەری کەمە، ئەمجارە تەنیا مەزهەبییەکان لە لیستەکەدان.

بە قینێکی پەنگ خواردووەوە گوتم:

– دەمزانی، ئەگەر من تۆزێک شانسم هەبوایە ژیانم بە شێوەیەکی تر دەبوو.

لە چاو ترووکاندنێکدا هەموو هیواکانم روویان لە نائومێدی کرد، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە جارێکی تر کلاوڕۆژنە کراوەکانی دڵم داخستەوە. باوکی حەمید ڕۆیشت، بەڵام شاردنەوەی خەمۆکی و بێ هیواییەکەم لە منداڵەکان ئاستەم بوو، مەسعوود هەر بەدەورمدا دەسووڕایەوە و دەیپرسی:

– چی بووە، سەرت دێشێت؟

سیامەک دەیگوت:

– شتێکی تازە ڕووی داوە؟

لەدڵ خۆمەوە وتم بەهێز بە، دەشێ هێشتا چاوەڕوان بیت. هەستم دەکرد دیوارەکانی ماڵەکە تەسک دەبنەوە و هەموو جەستەم بەیەکدا دەگوشن، تاقەتی ئەو ماڵە تەنگ و تەنیایەم نەبوو، دەستی منداڵەکانم گرت و لە ماڵ هاتمە دەر. بەردەم مزگەوتەکە قەرەباڵغ بوو، هەندێکیان دروشمیان دەدا، یەکسەر بۆ لایان ڕۆیشتم، حەوشەی مزگەوتەکە پڕی لە خەڵک بوو، نەمدەزانی دیسانەوە چی ڕووی داوە، لە نێو قەرەباڵغییەکە ڕێگەیەکم بۆ خۆم و منداڵەکان کردەوە، تێ نەدەگەیشتم چ دروشمێکیان دەدا، گرینگ نەبوو بەلامەوە، من دروشمی خۆمم هەبوو، بەقین و دەنگێکی تووڕەوە گوتم " دەبێت زیندانییانی سیاسی ئازاد بکرێن" نازانم چی لە دەنگەکەمدا هەبوو کە وای کرد لە پاش چەند چرکەیەک دروشمی هەمووان بوو بە دروشمەکەی من.

ئەو ڕۆژە پشووی فەرمی بوو، هێشتا خۆر نەکەوتبوو، بینیم چیی تر تاقەتی تلدانەوەی ناو جێگەم نییە، دەمزانی گرتنەبەری ڕێگە و جێگەی ئاسایش بۆ ئەو ڕۆژە زۆر توندوتۆڵە، لەبەر منداڵەکانیش نەدەبوایە لە ماڵ بێمە دەر. نەمدەزانی مێشکە ورووژاو و هەڵچووەکەم چۆن هێمن بکەمەوە، دەشیا خۆم سەرقاڵ بکردایە.

وەکـو هەمـوو جـارێک پەنام بۆ کـارکـردن برد، دەمـویست هەمـوو وزە، توورەیی و هەراسـانییە دەروونییەکەم بە کـاری دژوار، بێ بیرکـردنەوە و شێتانە دەرهاوێژمـە دەر، پەردە و سـەرچـەفـەکانم خسـتـە ناو جلشـۆرەکە، پەنجـەرەکـانم پاک کـردەوە، ژوورەکـانم گـسک دا، حـەوسـەڵەی منداڵەکـانم نەبوو، وتم برۆن بۆ حـەوشـەکـە بۆ یاریکردن، بـەڵام سـەرنجم دا سـیـامـەک پلانی چوونە دەرەوەی لـە مـێـشـکدا دەخولێتەوە، بە شەڕ هەڵم گەڕاندنەوە و ناردیانم بۆ گەرماو، چێشتخانەکەشم پاک کردەوە، تاقـەتی چێشت لێنانم نەبوو، ئەو شـتـانەی ڕۆژی پێشـوو مـابووەوە بەشی خۆم و منداڵەکانی دەکرد، نەنەش ئەوەندە لاواز و کەم خۆراک بووبوو، هەرچییەکم دەخسـتـە بەردەسـتی هەر بە لەتێ نان و قـاپێ مـاست خۆی تێر دەکرد. بەپەژارەوە چێشـتم بە منداڵەکان دا، قـاپەکانم شـۆرد، ئیـتـر هیچ کـارێک نەمـابوو، دەمـویست برۆم حەوشەکەش بشۆرم بینیـم ئیتـر توانام نییـە، خـەریک دەبوو لە ماندووییدا لە پێ دەکەوتم، منیش هەر ئـەوەم دەویست، بەزەحـمـەت خـۆم گەیاندە ژێر دووشـەکە، ئاوەکـەم کـردەوە و بە دەنگی بەرز گـریام، ئێـرە تاقـە شـوێنێک بوو کـە تیـایدا دەمتوانی بەئاسوودەیی بگریم.

نزیکەی چواری پاش نیـوەڕۆ بوو، لـە گـەرمـاو هـاتمە دەر، قـژم تەڕ بـوو، بەڵام گـرینگ نەبوو، لـە هۆڵەکـە سـەرینێکم لە بـەردەم تەلەڤـزیۆنەکـە دانا و ڕاکـشـام، منداڵەکان لە بەردەمم یارییان دەکرد، تازە چاوم گەرم کردبوو کاتێک سەیرم کرد دەرگەی مـاڵەکە کرایەوە و حـەمید هـاتە ژوورەوە، چاوەکانم توند داخست بۆ ئەوەی ئەم خـەونە خـۆشـە بەردەوام بێت، کـەچی دەنگێکی نـاڕوون لە دەوروبەرم ورشـە ورشی دەهات، بـەدوودڵـیـیـەوە، بە لاچاوەوە ڕوانیم و لـەسـەر جـێـیـەکـەم کـەمـێک ڕاسـتـەوە بووم، منداڵەکـان بەحـەپەسـاوی و گـومـانەوە تەمـاشـای پیاوێکی ئەندام لاوازی قژ و سـمێڵ نیمـچـە سپییان دەکرد، لە جێگەی خـۆم وشکەوە بووم، یانی ئەمـەش خـەو و خـەیاڵـە؟ دەنگە دڵشـاد و هـاوکـات پڕ قـینەکـەی باوکی حـەمـید هێنایمەوە خۆ کە سەرکەوتووانە گوتی:

– فەرمـوو، ئەمەش هـاوسـەری بەڕێز، منداڵەکـان ئەوە چیتانە، حـەپەسـاون؟ وەرنە پێشـەوە، بابە هـاتووەتەوە.

کـاتێک لە ئامێزم گرت، جـەسـتـەی زۆر لـە جـەسـتـەی سیـامـەک گـەورەتر نەبوو،

دیاره من لەم ساڵانەدا چەندان جار بینیبووم، بەڵام هەرگیز ئەوەندە وشکەڵاتوو و داوەشاو نەدەهاتە بەرچاوم، لەوانەبوو لەبەر جلەکانی کە بەسەر لەش و لاریدا دا دەکەوت، ئەوەندە بچووک دیاربوو، دەتگوت جلی باوکێکیان لەبەر منداڵێک کردووە، هەموو شتێکی بەلای کەمەوە دوو قەوارە لە خۆی گەورەتر بوو، پانتۆڵەکەی بە پشتێنەکە بە خۆیەوە بەستبوو، دەورا و دەوری پانتۆڵەکەی چرچی گەورەی لێ درابوو، شانەکانی چاکاتەکەی بەشێوەیەک داکەوتبوو کە قۆڵەکانی دەگەیشتنە سەر پەنجەکانی. بەسەر چۆکدا هات و منداڵەکانی لە باوەش گرت، منیش هەوڵم دەدا دەستەکانم هەرسێ ئازیزەکەم بگرێتەخۆ و ساباتم بە سەریاندا دا، هەرچوارمان پێکەوە دەگریاین و ئەو ئازارانەی کە هەریەکەمان بەشێوەیەک لەم ماوە دوور و درێژەدا چەشتبوومان، پێکەوە دابەشمان دەکرد. باوکی حەمید هاوکات کە فرمێسکەکانی دەسڕییەوە گوتی:

– ئیتر بەسە، هەستن، حەمید ماندووە، زۆریش نەخۆشە، لە نەخۆشخانەی بەندیخانەکە هێناومەتەوە، لێ گەڕێن بحەسێتەوە، منیش بڕۆم دایکی بهێنم. یەکسەر لە ئامێزم گرت، ماچم کرد، هاوکات هەر دەمگوت، سوپاست دەکەم، سەرم خستە سەر شانی و گریام، ئەم پیاوە پیرە چەند میهرەبان، تێگەیشتوو و وردبین بوو، چۆن توانیبووی باری دڵەخورپە و ڕاکەڕاکەکانی ئەم چەند ڕۆژە بە تەنیا لە سەر شان هەڵبگرێت! حەمید تای لێ بوو، گوتم:

– وەرە یارمەتیت بدەم، جلەکانت دابکەنە و بخەوە.

– نە، با جارێ خۆم بشۆرم.

– بەڵێ، ڕاست ئەکەی، دەبێت لە هەموو چڵک و بەدبەختییەکانی بەندیخانە خۆت پاک بکەیتەوە ئینجا سووک دەبیتەوە و بەهێمنی بخەوە، باش بوو ئەمڕۆ نەوتمان هەبوو، گەرماوەکە لە بەیانییەوە داگیرساوە.

یارمەتیم دا جلەکانی داکەند، زۆر لاواز بوو، بە زەحمەت خۆی لەسەر پێیەکانی ڕادەگرت، هەر پارچە جلێکی دادەکەند لە بەرچاوم بچووکتر دەبووەوە، لە کۆتاییدا لە هەیکەلێکی لاواز، کە هەر پێستێک لەسەر ئێسقان بوو، زەندەقم چوو، هەموو شوێنێکی جەستەی نیشانەی زامێکی کۆنی پێوە بوو، لەسەر کورسییەکە دامنا بۆ ئەوەی گۆرەوییەکانی داکەنم، دۆخی نائاساییی پێیەکانی، پێستە ناسک و

سوورەوەبووەکەی توانای بەرگریمی بەکۆتا گەیاند، پێیەکانیم لە باوەش گرت، سەرم خستە سەر ئەژنۆکانی و گریام، چییان لێ کردبوو؟ داخۆ جارێکی تر دەبێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی و تەندروست؟ جلەکەی ژێرەوە و بیجامە تازەکەی کە هەفتەی پێشوو لە لووتکەی هیوادا بۆم کڕیبوو، لەبەریم کرد، هەرچەندە ئەوانیش هەر گەورە بوون، بەڵام وەکو چاکەت و پانتۆڵەکەی دانەدەکەوتن، بەوریاییەوە لەسەر تەختی خەوەکە ڕاکشا، دەتگوت دەیەوێت لەو ساتە چێژ وەرگرێت، دامپۆشی، سەری خستە سەر سەرینەکە، چاوەکانی داخست و بەناڵەیەکی قووڵەوە گوتی:

– یانی بەڕاستی من لەسەر تەختەکەی خۆم خەوتووم؟ چەندان ساڵە، هەموو ڕۆژێک و هەموو چرکەیەک تاسەی ئەم تەختە، ئەم ماڵە و ئەم ساتەم دەکرد، بڕوا ناکەم ئەمە ڕاستی بێت، چەند خۆشە!!

منداڵەکان بە ئەشق و ستایش، تۆزێکیش گومان و شەرمەوە تاماشایان دەکرد و سەرنجی هەموو جووڵانەوەیەکیان دەدا، بانگی کردن و لە تەنیشت تەختی خەوەکە دانیشتن و سەرقاڵی قسەکردن بوون، چاییم ئامادە کرد، بۆ کڕینی چۆرەک و شیرینی سیامەکم بانگ کرد و بۆ شیرینی فرۆشییەکەی سەر کۆڵانەکە ناردم، شەربەتی پرتەقاڵم گرتەوە، کەمێک شۆربامان هەبوو، گەرمم کردەوە، هەر چرکە و شتێکم دەدایە دەستییەوە بیخوات، پێ کەنی و گوتی:

– لەسەرخۆبە ئازیزەکەم، من ناتوانم بخۆم، ڕانەهاتووم، دەبێت هێدی هێدی خواردنم بدەیتێ.

لە پاش کاژێرێک، دایک و خوشکەکانی حەمید هاتن، دایکی وەکو شێتی لێ هاتبوو، ئاگای لە خۆی نەبوو، وەکو پەروانە بە دەوری حەمید دەسووڕایەوە و بە چاوی پڕ فرمێسک بە قوربان و ساقەی دەبوو، لە سەرەوە تا پێی ماچ دەکرد و جارێکی تر دەستی پێ دەکردەوە، تاوەکو دەنگە ناڕوونەکەی کەوتە نکەنک، پاڵی بە دیوارەکەوە دا و دانیشت، چاوەکانی لێڵ و قژی پەریشان بووبوو، ڕەنگی زۆر زەرد بووبوو و بەدژواری هەناسەی دەدا، حەمید تەنانەت توانای وشککردنەوەی فرمێسکەکانیشی نەبوو، بە دەنگێکی گیراو هەر دەیگوت، بەسە دایە، توخوا هێمن بەرەوە، مەنیژە دایکی لە باوەش گرت و هاواری کرد، بەپەلە شەکراو بێنن،

مەنسووره ڕای کرد، ئاوی هێنا و بە دەموچاویدا پرژاند، ڕاچڵەکی و دەستی بە گریان کرد، بەپەلە شەکراوێکم بە چەند دڵۆپە کرامینێک گرتەوە، بە کەوچک کردمە دەمییەوە. چاوم بۆ منداڵەکان گێڕا، لە پشت دەرگەکە وەستابوون، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە جارێ سەیری نەنکیان و جارێکیش سەیری باوکیان دەکرد، وردە وردە جۆش و خرۆشەکەی ساتەکان یەکەم هێورەوە بوو. دایکی نەیدەویست لە ژوورەکە بڕواتە دەر، پەیمانی دا ئیتر گریە و زار نەکات، کورسییەکی لە بەرامبەر حەمید دانا و هەر لەوێ دانیشت و چاوی لە حەمید بڕی، جارجارە دڵۆپە فرمێسکەکانی دەسڕییەوە کە بە بێدەنگی بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتنە خوار، باوکی لە هۆڵەکەدا لە تەنیشت نەنە کە لەژێر لێوەوە دوعای دەکرد، دانیشت، پێیەکانی داکێشا و سەرە ماندووەکەی خستە سەر سەرینەکە، دڵنیا بووم هەر لە بەیانییەوە هەتا ئەو کاتە لە جموجۆڵ و خرۆشدا بوو، چاییم بۆ هێنا، دەستی لەسەر دەستم دانا و گوتی:

– ماندوو نەبی، ئەمڕۆ زۆرت ئەرک کێشا.

– ئەی خۆزگە هەموو ماندووبوونێک و ئەرکێک ئەنجامێکی ئاوهای هەبێت.

دەنگی مەنسووره دەهات کە دڵی دایکی دەدایەوە و دەیگوت:

– توخوا دایە کۆتایی پێ بێنە، دەشێت تۆ دڵخۆش بی، بۆچی وەکو پرسەدار دەگریت؟

– دڵم خۆشە کچم، دڵم خۆشە، نازانیت چەند دڵم خۆشە، لەو باوەڕەدا نەبووم بمێنم و جارێکی تر تاقە کوڕەکەم لە ماڵەوە ببینم.

– ئەی بۆچی لە بەردەمی هەر فرمێسک دەڕێژی و داخ دەکەیتە دڵییەوە؟

– ئاخر سەیرکە بێ شەرەفانە چییان لە کوڕەکەم کردووە، خستیانە چ ڕۆژێکەوە؟ سەیرکە چ لاواز و بێ هێز بووە، سەیرکە چەند پیر بووە، یاخوا دایکت بمرێ، زۆریان ئازار دای؟ لێیان دای؟

حەمید وەڕس و بێزار وەڵامی دەدایەوە:

– نە دایە گیان، هەر ئەوەندە بوو حەزم لە خواردنەکانیان نەبوو، دواییش سەرمام بوو و نەخۆش کەوتم.

دایکم چەند ڕۆژێک بوو ئاگەی لێم نەبوو، هەر لەو قەرەباڵخییەدا بۆ هەواڵ

پرسین تەلەفۆنی کرد، کە زانی حەمید هاتووەتەوە پەشۆکا، هێشتا نیو کاژێری نەبردبوو، هەموو بە گوڵ و شیرینییەوە ڕژانە ماڵمان، دایکم و فاتی کاتێک حەمیدیان بینی دەستیان بە گریان کرد، مەحموود، دەتگوت هەر هیچیش لە نێوانماندا ڕووی نەداوە، حەمیدی ماچ کرد و بەخۆشحاڵییەوە باوەشی بە منداڵەکاندا کرد و پیرۆزبایی کرد و جڵەوی کارەکانی بە دەستەوە گرت و بە ئیحترام ساداتی گوت:

– پیاڵەکان ئامادە بکە، چاییەکی زۆر دەم کە، ئێستا میوانیان دێت، عەلی تۆش دەرگەی ژووری میوان بکەرەوە و مێز و کورسییەکان بە دەوردا ڕیز بکە، میوە و شیرینییەکانیش لە ناو قاپەکان دابنێن.

بە سەرسووڕمانەوە گوتم:

– بەڵام بڕیار نییە کەس بێت، ئێمە بە کەسمان نەوتووە.

– پێویست ناکات ئێوە بیڵێن، ئێستا لیستی ناوی ئازادبووەکان لە هەموو شوێنێک بڵاو بووەتەوە، خەڵکی دێن.

زانیم شتێکی لە ژوور سەرە، بەتوندی و مکوڕییەوە گوتم:

– کاکە سەیرکە، حەمید نەخۆشە، پێویستی بە پشووە، تایەکەشی بەرزە، دەبینیت سنگیشی چ خراپە و هەناسەی دەرنایەت، نەکەی هەواڵ بە کەس بدەی ها!

– من هەواڵیان نادەمێ، خۆیان دێن.

– بەڵام من ڕێگە نادەم بە کەس بێتە ماڵەوە، لە ئێستاوە بیڵێم دوایی نەبێتە مایەی دڵشکانی کەس.

مەحموود حەپەسا بوو، بەپەشۆکاوی سەیری دەکردم، لە پڕ وەکو ئەوەی شتێکی بە بیردا هاتبێتەوە گوتی:

– یانی ناشتەوێت دوکتۆر بهێنیتە سەر ئەم داماوە؟

– بۆ نا، باشیش دەمەوێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی پشووە و دوکتۆر لە کوێ بدۆزمەوە.

– من دوکتۆری ناسیاوم هەیە، تەلەفۆن دەکەم بێت.

سەرقاڵی تەلەفۆنکردن بوو بۆ شوێنگەلی جیاواز. کاژێرێک پاشتر دوکتۆرێک لەگەڵ دوو کەس هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان کامێرایەکی گەورەی لەسەر شان بوو، بە نیگایەکی سەرزەنشت ئامێزەوە تەماشایەکی مەحموودم کرد، هەموویانیان لە ژوورەکە کردە دەرەوە، دوکتۆرەکە سەرقاڵی ئازمایش بوو، وێنەگرەکە وێنەی زامەکانی حەمیدی گرت، لە ئەنجامدا دوکتۆرەکە نەخۆشییەکەی حەمیدی بە هەوکردنی سینەی درێژخایەن دیاری کرد، ڕەچەتەیەکی درێژی نووسی و گوتی، دەشێ دەرمانەکانی لە کاتی خۆیدا بخوات و دەرزییەکانیشی بە بەردەوامی لێ بدات، لە بارەی پارێزکردن لە خواردنیش گوتی دەبێت پلە بە پلە خواردنەکەی زۆرتر بکەن، بۆ ئەو شەوە دوو دەرزی لێ دا و چەند دانە حەبی پێی دا تاوەکو سبەی دەرمانەکانی تری بۆ ئامادە بکەین. مەحموود ڕەچەتەکەی بە عەلی دا بۆ ئەوەی سبەی لە یەکەمین بواردا دەرمانەکان بکڕێت و بیهێنێت، لە پڕ قەدەغەکردنی هاتوچۆیان بە بیرهاتەوە، هەموو بەپەلە شتومەکەکانیان کۆ کردەوە و ڕۆیشتن، دایکی نەیدەویست بڕوا، باوکی بەزۆر لەگەڵ خۆیدا بردی و بەڵێنی پێ دا کە سبەی زوو بیهێنێتەوە، لە پاش ئەوەی هەموویان ڕۆیشتن بە تکاوە پەرداخێک شیرم بە حەمید دا و نانێکی شێوانی سووکیشم بە منداڵەکان دا، هێند ماندوو بووم توانای کۆکردنەوەی قاپ و دەورییە پەرشوبڵاوەکانم نەبوو. خۆم گەیاندە ناو جێگەکەم و لە تەنیشت حەمیدەوە ڕاکشام، لەوە دەچوو یەکێک لە دەرزییەکان هێمنکەرەوە بوو، چونکە لە ماوەیەکی کورتدا چووە خەوێکی قووڵەوە، ماوەیەک سەیری دەموچاوە لاوازەکەیم کرد و لە بوونی ئەو چێژم برد، ئینجا لە پەنجەرەکەوە لە ئاسمانم ڕوانی، بە هەموو بوونمەوە سوپاسی خوام کرد، سوێندم خوارد بیگەڕێنمەوە ڕۆژی یەکەمی، هێشتا موناجاتەکەم تەواو نەبووبوو خەوم لێ کەوت.

٥

لە پاش هەفتەیەک بارودۆخی گشتی حەمید چاکتر بوو، تایەکەی نەما، دەیتوانی باشتر خواردن بخوات، بەڵام هێشتا بۆ چاکبوونەوەی تەواوەتی زۆری مابوو، کۆخە بەردەوامەکەی بەتایبەتیش لە شەوانەدا ئازاری دەدا و لاوازییەک لە جەستەیدا بەهۆی چوار ساڵ بەدخۆراکی و نەخۆشییە چارەسەر نەکراوەکانەوە مابووەوە، بەڵام وردە وردە سەرنجم دا کێشەی حەمید ئەمانە نین، ئەو لە پێش ئەوەی لە رووی جەستەییەوە نەخۆش بێت لە رووی دەروونییەوە نەخۆش بوو، خەمۆکی لە سەرییەوە تا پێی داگرتبوو، هیچ قسەی نەدەکرد، هیچ پێوەندییەکی بە هەواڵە هەستیارەکانی ئەو رۆژگارە نیشان نەدەدا، نەیدەویست هیچ کام لە هاورێ کۆنەکانی ببینێت، وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدەدایەوە، لە دوکتۆرم پرسی:

– بە بۆچوونی ئێوە ئەم خەمۆکی، دڵ مردوویی و دەرنەبرینی پێوەندییە بەوەی کە لە دەوروبەریدا روو دەدات ئاساییە؟ هەموو ئەوانەی لە بەندیخانە دەردەچن بەو شێوەیەن؟

– تا رادەیەک، بەڵام نەک بەم شێوەیە، دیارە بەرگە نەگرتنی قەرەباڵخی، کەمێک هەستکردن بە نامۆیی، رانەهاتن لەگەڵ ژیانی ئاسایی خێزانیدا، کەموزۆر لە هەموو ئەو کەسانەدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەم ئازادییە زوو بە دەست هاتووە، ئەو شۆرشەی کە هەمیشە ئارەزوو و ئامانجی بووە، بوونی لەگەڵ خێزانێکدا کە بەو شێوە گەرمە پێشوازی لێ دەکات دەشێ بیهێنێتە خرۆش، چالاکی و وزەی ژیان وەبەر بوونیدا بهێنێتەوە، لەم رۆژانەدا لەگەڵ کەسانی وەکو حەمید کێشەی ئەوەم

هەیە کە چۆن ئاسوودەییان بپارێزم، بۆ ئەوەی جۆشوخرۆشە دەروونییەکانیان لەگەڵ توانا جەستەییەکانیاندا هاوئاهەنگ بێت، بەڵام دەشێ هانی بدەم بۆ ئەوەی کاروبارە ئاساییەکانی ژیانی دەست پێ بکاتەوە.

هۆی خەمۆکییەکەیم نەدەزانی، لە سەرەتادا هۆی بێدەنگییەکەیم دەخستە پاڵ نەخۆشییەکەی، بەڵام ئێستا ئەوەندەش نەخۆش نەبوو، لەلایەکی ترەوە بواریان نەدەدا پێشوازی لە ژیانی تازەی خێزانی بکات، ئەوەندە دەورمان قەرەباڵغ بوو تەنانەت بوارمان نەبوو نیو کاژێریش پێکەوە قسە بکەین، ماڵەکەمان کاروانسەرایەک بوو دایمە پڕ لە خەڵکی هەمەجۆر دەبوو و خاڵی دەبووەوە. دایکی حەمید لە شەوی دووەمەوە شتەکانی هێنا و لە ماڵی ئێمەدا مایەوە، مونیر، خوشکە گەورەکەی حەمید لەگەڵ منداڵەکانیدا لە تەورێزەوە هاتبوون، هەرچەندە هەموویان هاوکارییان دەکرد، بەڵام نە من نە حەمید بەرگەی ئەم هەموو قەرەباڵغییەمان نەدەگرت، دەمزانی بەرپرسیاریی نیوەی ئەم قەرەباڵغییە مەحموودە، حەزم دەکرد سەری هەڵکەنم، هەر ڕۆژەی کۆمەڵە کەسێکی بۆ سەیرکردن دەهێنا، دەتگوت بوونەوەرێکی ڕووخسار سەیری دەست کەوتووە و بۆ ئەوەی دەنگی من دەرنەیەت بەرپرسیارێتیی خواردنی گرتبووە ئەستۆ، هەموو ڕۆژێک خواردنی دەنارد و دەیگوت ئەوەی دەمێنێتەوە بە هەژارانی بدەن، لەم هەموو دەست و دڵفراوانییەی سەرم سووڕ مابوو. نەمدەزانی چ درۆگەلێکی هۆنیوەتەوە، بەڵام وەهای نیشان دەدا کە ئازادبوونی حەمید لە ئەنجامی چالاکی و ڕۆڵ بینینی ئەو بووە، خۆشبەختانە نەیدەوێرا، دەنا لە دەستی دەهات هەموو جارێ حەمید ڕووت بکاتەوە و شوێنەواری زامەکانی بە خەڵکی نیشان بدات. قسەوباسی سیاسیش بازاڕێکی گەرمی هەبوو، وردە وردە سەر و سەکوتی بەشێک لە هاوڕێ کۆنەکان و هاوڕێبازە نوێیەکانیش دەرکەوتن، ئەوان لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرم بۆ بینینی حەمید دەهاتن و دەیانویست ئەم قارەمانە مەزنە لە نزیکەوە ببینن و قسەکانی سەبارەت بە مێژووی ڕێکخراوەکە و ئەو هاوسەنگەرانە ببیستن کە کوژراون، بەڵام حەمید بە هیچ شێوەیەک تاقەت بینینی ئەوانی نەبوو، بە هەر بیانوویەک بوایە خۆی لە بینینیان لا دەدا و لە بوونی ئەواندا خەمۆکتر و بێدەنگتر دەبوو، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی مەحموود و هەموو ئەوانی تردا بەو شێوەیە نەبوو. ڕۆژێکیان دوکتۆرەکە بۆ ئازمایش هاتبوو پێی گوتم:

– خانم بۆچی ماڵی ئێوە هەموو کاتێک قەرەباڵخە؟ ئەی نەموت ئەم نەخۆشە پێویستی بە پشووە.

– چی بکەم دوکتۆر، خۆشم خەریکە شێت دەبم، ناتوانم خەڵکی دەر بکەم، لە ڕووم نایەت بە خزمان بڵێم مەیەن.

– بەڵام من لە ڕووم دێت.

لە کاتی ڕۆیشتندا لە بەردەم هەموو ئامادەبوواندا کە دەوریان گرتبوو گوتی:

– من یەکەم ڕۆژ بە ئێوەم گوت، مێشکە ماندووەکەی ئەم نەخۆشە بۆ ئەوەی ورده ورده خۆی بنیات بنێتەوە و بگەڕێتەوە باری ئاسایی، پێویستی بە ئاسوودەیی، پشوو، هەوای پاک و بێدەنگی هەیە، کەچی ئێرە دایمە وەکو مەیدانی پێشبڕکێ قەرەباڵخە، لە خۆوە نییە کە لە ڕووی دەروونییەوە چەند ئەوەندە لە ڕۆژی یەکەم خراپترە، ئەگەر دەتانەوێت بەم شێوەیە بەردەوام بن ئیتر من هیچ بەرپرسیارێتییەک لە ئەستۆ ناگرم.

هەموو بە ترسێکی زۆرەوە سەیریان دەکرد، دایکی گوتی:

– دوکتۆر چی بکەین؟

– ئەگەر ناتوانن دەرگەی ئەم ماڵە دابخەن کەشێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنن، بیبەن بۆ شوێنێکی تر.

– بەڵێ دوکتۆر گیان ڕاست ئەکەی، من هەر لە سەرەتاوە وتم با بیبەین بۆ ماڵی خۆمان ئەوێ گەورەترە ئەوەندە قەرەباڵخ نابێت.

– نە خانم، جێیەکی چۆڵ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بەتەنیا بێت.

هەستم بە شادی دەکرد، لە دڵی منەوە قسەی دەکرد، هەر یەکەو پێشنیارێکیان دا و هەموویان زووتر لە کاتی خۆیان ڕۆیشتن، مەنسوورە هەوڵی دا دوا کەس بێت، کاتێک چۆڵ بوو گوتی:

– دوکتۆر ڕاست دەکات، وەڵا منیش خەریک دەبوو لەم دۆخە شێت دەبووم جا بگەیەت بەم داماوە کە چوار ساڵە لەگەڵ تەنیایی و بێدەنگیدا ڕاهاتووە، دەزانی تاقە ڕێگە چارەیەک ئەوەیە ئێوە بڕۆن بۆ باکور، هەتاوەکو حەمید ماوەی چاکبوونەوەی بەسەربەرێت، ڤیلاکەمان کەسی لێ نییە و بە چۆڵی لەوێ کەوتووە،

به کەسیش ناڵێین لە کوێین.

لە خۆشییاندا خەریک بوو دەفڕیم، ئەمە باشترین کارێک بوو بیکەین، باکوریش خاکی خەونەکانم بوو، لەبەر پشووی قوتابخانەکان، شەقولەقبوونی فەرمانگەکان و زانکۆ، دەمانتوانی بێ هیچ ختووکە و بێزارکردنێک ماوەیەک پێکەوە بەسەر بەرین.

پایزی باکور، بە خۆرەتاوێکی دڵگیرەوە جوان و ڕەنگین بوو، ئاسمانی شین و دەریایەک کە هەر چرکەی ڕەنگێکی دەپۆشی، پێشوازی لێ کردین، بایەکی فێنک لە دەریاوە بۆنی ئاوە سوێرەکەی بۆ کەنار دەهێنا، دانیشتن لەژێر خۆرەتاو، خەونێکی خۆش بوو. هەرچوارمان لە بانێژەی ڤیلاکە وەستاین، بە منداڵەکانم گوت، هەناسە هەڵبکێشن، ئەم هەوایە مردووش زیندوو دەکاتەوە و یەکسەر سەیری حەمیدم کرد، بەڵام ئەو نە ئەم هەموو جوانییەی دەبینی و نە گوێی لە قسەکانم بوو، نە هەستی بە بۆنی دەریا دەکرد و نە ئاگای لەو شنەی بایە بوو کە بەر دەموچاوی دەکەوت، خەمبار و بێ هەست بۆ ژوورەکە ڕۆیشت و دانیشت. لە دڵ خۆمەوە گوتم: کۆڵ مەدە! کات و شوێنی گونجاوم لە بەردەستدایە، ئەگەر بەم هەموو شیاوکارییانەوە نەتوانم یارمەتیی بدەم، شایانی ناوی هاوسەر و ئەو مەرحەمەتە نابم کە خوا پێی بەخشیوم. بەرنامەیەکی ڕێکوپێکم ڕێکخست، ڕۆژە خۆرەتاوییەکان کە بە ڕێککەوت ئەو ساڵە کەم نەبوون، ئەوم بە بیانووی جۆرەوجۆر دەبردە دەرەوە و واداری پیاسەکردنم دەکرد، هەندێ جار بۆ قەراخی دەریاکە، لەسەر کەنارە جوان و لمابییەکە، جارێکیش بۆ ناو دارستانەکە دەڕۆیشتین، جارجارەیش لەسەر جادەکە شتمان دەکڕی و بە گەڕان دەڕۆیشتینەوە، ئەو نوقوم بوو لە ناو ئەندێشەکانی خۆیدا دەکەوتە شوێنم، بەڵام یەک وشەیشی نەدەگوت، یان گوێی لە پرسیارەکانم نەدەبوو یانیش بە سەر ڕاوەشاندن و بەڵێ و نە وەڵامی دەدایەوە، کەچی من بە ڕووی خۆمدا نەدەهێنا، باسی ئەو ڕووداوانەم دەکرد کە لە کاتی نەبوونیی ئەودا ڕوویان دا، باسی جوانی و سروشتم دەکرد، لەگەڵ منداڵەکان یاریم دەکرد، شیعرم دەگوت، پێ دەکەنیم و هەندێ جاریش دیقەتی دیمەنە شاکارەکانم دەدا کە لە جوانیدا لە تابلۆ دەستکردە سوریالییەکان دەچوون، دەهاتمە جۆش و ستایشم دەکردن، لەو ساتانەدا پەرچەکرداری ئەو تەنیا نیگایەکی سەرسوڕماو و بێ تاقەت بوو، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنم وەلادا نابوو، چونکە سەرنجم دابوو هەموو هەواڵێک شڵەژانیی ئەوی پتر دەکرد، ئەم دوورییە لە

دەنگوباس بۆ منیش کە ماوەیەکی دوور و درێژم لە نیگەرانی، جۆشوخرۆش و ترسدا بەسەر بردبوو، دڵگیر و ئارامکەرەوە بوو. منداڵەکان کە بەهۆی ئەزموونی تاڵیی پێشوەختەوە، ماوەیەک بوو لە خۆیان گەورەتر دەهاتنە بەرچاو، دووبارە جموجۆڵی منداڵییان بۆ گەڕابووەوە، ڕایان دەکرد، یارییان دەکرد، دەنگی پێکەنینەکەیان لە گوێچکەمدا زەنگدانەوەیەکی دڵنشینی هەبوو، بە حەمیدم گوت: ماوەیەکی زۆر بوو منداڵەکان ئاوها بەکەیف و دڵخۆش نەبوون، ئێمە زۆر زوو منداڵیمان لێیان سەندەوە، ستەمیان لێ کرا بەڵام هێشتا نەچووە و بچێت، دەتوانین قەرەبووی بکەینەوە. شانەکانی هەڵتەکاند و ڕووی وەرگێڕا. ئەو ئەوەندە بەبێ دەربەستی تەماشای دەوروبەری دەکرد، بیرێکی گەوجانە لە کەللەی دام، وتم لەوانەیە تووشی ڕەنگ کوێری بووبێت و لەگەڵ منداڵەکاندا یاری ڕەنگەکانمان دۆزییەوە، دەبوایە هەرکەسە و هەوڵی بدایە ناوی ڕەنگێک بڵێ کە لەو دەوروبەرەدا نەبێت، زۆربەی کاتەکان تووشی جیاوازیی بۆچوون دەبووین و حەمیدمان دەکرد بە دادوەر، بە ناچاری بەبێ تاقەتی سەیرێکی دەوروبەری دەکرد و بۆچوونی خۆی دەگوت، لە دڵ خۆمدا دەمگوت: من لەو خۆڕاگرترم، هەتا کەی دەتوانێت بەرگری بکات؟ پیاسەکانی ڕۆژانەم درێژتر کردەوە، چیی تر لەپاش ماوەیەکی کورت نەدەکەوتە نکەنک، بەهێزتر و کەمێک قەڵەو بووبوو، بێ ماندووبوون و دڵساردبوونەوە قسەم دەکرد و پرسیارم دەکرد، تاوەکو وردە وردە زمانی کرایەوە، هەرکاتێک هەستم دەکرد ئامادەی قسەکردنە سەرتاپام دەبوو بە گوێ و گونجاوی هەلومەرجەکەم دەپاراست. هەفتەیەک بەسەر هاتنمان بۆ باکوور تێ پەڕی، ڕۆژێکی درەوشاوەی کۆتاییەکانی خەزەڵوەر شتومەکم کۆکردەوە و بەرنامەیەکم بۆ سەیران دارشت، پاش ماوەیەک ڕۆیشتن، بەتانییەکانمان لەسەر تەپۆڵکەیەکی دیمەن زۆر خۆش ڕاخست، خۆرەتاوەکە بەجوانی دەدرەوشایەوە، ئاسمان و دەریا ڕەنگی شینی جۆرا و جۆریان لە کاڵەوە هەتا پڕ ڕەنگ دەنواند، لە خاڵێکیشدا یەکیان دەگرتەوە، لەلایەکی تریشەوە، دارستان، بە هەموو ئەو ڕەنگانەی کە لە سروشتدا هەبوون، لەژێر ڕووناکییە ئاڵتوونییەکەی ڕۆژدا بەرەو ئاسمان دەکشا، سروەی فێنکی پایزیش، چڵە ڕەنگا و ڕەنگەکانی دەهێنایە سەما و فێنکییەکەی لەسەر گۆناکانمان دڵگیر و هەست بزوێن بوو. منداڵەکان سەرقاڵی یاریکردن بوون، حەمید لەسەر قەراخی بەتانییەکە دانیشتبوو، سەیری خاڵێکی نادیاری

ئاسـۆی دەکـرد، چایەکی تازە دەمکراوم بە دەسـتـیـیـەوە دا، دەمـوچـاوی ڕەنگی ئاسـایی گرتبـووەوە و گـۆناکانی بە ڕوونـی پڕ بووبوونەوە، لە خۆمـەوە پێ کـەنیم، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و گوتی:

– بە چی پێ دەکەنی؟

– بە تـۆ، بە خـۆم، بە هـەمـوو ئەو ئەندێشـە گـەوجـانـەی کـە لـەم چوار سـاڵەدا ئازاریان دام.

– چ ئەندێشەگەلێ؟

– وازی لێ بێنە، ئەندێشەی باش نەبوون.

– نە، بیڵێ!

– بەڵێنم پێ دەدەی بێ تاقەت نەبی؟

– بەڵێ! بۆچی چی بوون؟

دڵخۆش بووم، وردەکۆڵ بوو، وتم:

– بیرم دەکردەوە، ئەگەر تۆیش بکوژرایتایە باشتر بوو.

پزیسکێک لە چاوەکانیدا درەوشایەوە.

– زۆر؟! کەواتە تۆش هەمان باوەڕت هەیە؟

– نە! هەمـبـوو، لـەبەرئەوەی ئەو کـاتە وام دەزانـی هـەرگـیـز جـارێکی تـر زیندوو نابیتـەوە و بە مـەرگی لەسـەرخـۆ و پڕ ئازار لەناو دەچی، لە کـاتێکدا کـوژران تەنیـا یەک چرکە بوو و کەمتر چەرمەسەریت دەچەشت.

– خـۆمیـش هەموو کـاتێک بیـر لـەوە دەکـەمـەوە، لەوەی کە شـایانـی مـەرگێکی بەو شێوەیە نەبووم ئازار دەچێژم.

– بەڵام ئێسـتا زۆر خـۆشحـاڵم کـە زیندوویت، لەم ڕۆژانەدا هـەر بیـرم لە شـارەزاد دەکردەوە، سوپاسـی دەکەم کە تۆی بەزیندوویی بۆ ئێمە هێشتەوە.

ڕووی وەرگێڕا و جارێکی تر چاوی لە ئاسۆ بڕی و گوتی:

– چوار سـاڵە، شـەو و ڕۆژ بیـر لـەوە دەکـەمـەوە بۆچی ئاوهـایان لەگەڵ مندا کـرد؟ چ خـەیانەتێکم کـردبوو؟ بۆچی منیـان ئاگـادار نەکردەوە؟ یانـی تەنانەت شـایسـتـەی ئەوەش نەبووم هـەواڵێک یان پەیامـێکم بۆ دابنێن؟ لە مـانگەکـانی کـۆتاییدا هێـڵی

پێوەندیشییان بە منەوە پچڕاندبوو، من بۆ ئەو چالاکییانە خولی فێربوونم بینیبوو، لەوانەبوو ئەگەر ئەو باوەڕەیان لێم نەسەندایەتەوە و لەگەڵیان بوومایە شارەزاد و ئەوانی تر بە زیندوویی بمانایەتەوە، لەوانەیە کەمکاری سەرەکی مردنی ئەوان من بووم، وای... چیم کردبوو بەو شێوەیە منیان وەلا نا.

ڤینە پەنگ خواردووەکەی تەقییەوە و سەری لەسەر ئەژنۆکانی دانا، بە دەنگی بەرز گریا، دەتگوت لە پڕ دەرگۆکەی بەنداوێکیان لابرد. لە گریانەکەی دڵم پڕ بوو، بەڵام دەترسام بە جووڵەیەکم دەروازە کراوەکە دابخرێتەوە، لێی گەڕام بۆ ماوەیەک هەر بەو شێوەیە گریا، کاتێک گریانە بەکوڵەکەی بوو بە نکەنکێکی لەسەرخۆ گوتم:
– ئەوان تۆیان وەلا نەنابوو، تۆ هاوڕێی هەمیشەیی و ئازیزی ئەوان بوویت، ئێوە هاوڕێی ڕاستەقینە بوون.

– بەڵێ، تاقە هاوڕێگەلێ کە لە هەموو ژیانمدا هەمبوو، هەموو شتێکی من بوون، ئامادەبووم هەرچییەکم هەیە لە پێناویاندا بیدەم، خۆت دەزانی لە گیان و ماڵ دریخیم لێیان نەدەکرد، تەنانەت ئامادە بووم خێزانەکەشم بکەمە قوربانییان، بەڵام ئەوان منیان نەویست، منیان ڕەت کردەوە، لەو کاتەیدا کە پێویستییان بە من بوو، منیان دوورخستەوە، وەکو ناپاکێک، نامۆیەک، خوێڕییەک، بە چ ڕوویەکەوە بەڕێوە بڕۆم و بژیم؟ خەڵکی ناڵێن بۆ تۆ لەگەڵ ئەواندا نەبوویت، بۆچی لەگەڵیان نەمردی؟ لەوانەیە وا بزانن من هەمووویانم ئاشکرا کردووە، تۆ نازانی، لەو کاتەوەی لە بەندیخانە هاتوومەتەوە هەموو بە چاوی گومان و پرسیارەوە لێم دەڕوانن.

– نە! نە ئازیزەکەم، بە هەڵەدا چوویت، ئەوان تۆیان لە هەموو کەسێک زیاتر دەویست، تەنانەت لە خۆشیان زیاتر، ئەوان سەرەڕای ئەوەی پێویستییان بە یارمەتی تۆ بوو، ئامادەبوون لە پێش هەموو شتێکەوە خۆیان بخەنە مەترسییەوە و تۆ بپارێزن.

– قسەی پڕوپووچ مەکە، ئێمە بڕیاری وامان لەگەڵ یەکتردا نەبوو، گرینگترین پرسی ئێمە ئامانجەکەمان بوو، ئێمە خولی فێربوونمان بینیبوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەدا شەڕ بکەین و بکوژرێین، ئەم قسە نەفامانەیە جێگەی نەبوو، لەو نێوەندەدا تەنیا کەسانی ناپاک و ئەوانەی جێگەی بڕوا نەبوون لە بازنەکە دەکرانە دەرەوە و ئەوان ئاوهایان لەگەڵ مندا کرد، تێ دەگەی یانی چی؟

– ئاه حەمید، وا نییە، نا ئازیزەکەم تۆ هەڵەیت، من شتگەلێک دەزانم کە تۆ نایزانی، ئەم کارە شارەزاد بۆی کردین.

– ئەم قسە تێکەڵوپێکەڵانە چییە؟ شارەزاد لە پرسە شۆڕشگێڕییەکاندا لە هەموو کەسێک خۆتاکتر بوو، بۆچی دەشیا هێزی هاوخەباتێکی خۆی لە دەست بدایە؟

– ئەوەندەی من لەو چەند مانگەی پێکەوە ژیانەدا شارەزادم ناسی، تۆ نایناسی، شارەزاد پێش ئەوەی کە شۆڕشگێڕێک، کۆمۆنیستێک، ئەندامی دەستەی سەرکردایەتی، یان قارەمانێک بێت، ژن بوو و تاسەی ژیانی خێزانی، ئاسوودەیی لەگەڵ هاوسەر و منداڵدا دەکرد، لە بیرتە چۆن سۆزی بە مەسعوود دەبەخشی، مەسعوود شوێنی ئەو منداڵەی بۆ پڕ دەکردەوە کە هەموو کاتێک لە گۆشە شاراوەکانی هزریدا ئارەزووی بۆ دەخواست، ئەو وەکو ژنێک، دایکێک ئامادە نەبوو مەسعوود بێ سەرپەرست و بێ باوک بکات، سەرەڕای ئەوەی بڕوای بەوە هەبوو کە دەشێت هەموو لە ڕێگەی ئازادیی گەلدا بجەنگن، هەرچەندە ئامانجی بەختەوەریی هەموو منداڵانی دنیا بوو و هەموویانی بە منداڵی خۆی دەزانی، بەڵام کاتێک هەستی دایکایەتی پەیدا کرد، وەکو هەموو دایکێکی تر مافی تایبەتیی بە منداڵەکەی خۆی بەخشی، وەکو هەر دایکێکی تر، بەختەوەری و ئاواتەکانی منداڵەکەی خۆی شوێنێکی تری بە دەست هێنا، شوێنێکی ڕاستەقینە کە لەگەڵ ئەو دروشمە خەیاڵئامێزانەدا (بەختەوەریی منداڵانی جیهان) جیاوازی هەبوو. ئەم جیاوازبینییە سەپێندراوە لە کاتێکدا لە پاکترین ڕۆحەکاندا دێتە کایەوە کە منداڵی هەبێت، ژنێک لەوپەڕی مرۆڤبوون و خۆشەویستیدا بۆ هەموو منداڵانی بێ گوناهی دنیا، مەحاڵە بۆ منداڵێکی بێگانە کە لە برساندا دەمرێت بە ئەندازەی منداڵەکەی خۆی خەمبار بێت ئەگەر هەمان چارەنووسی هەبێت، هەرچەندە ئامادەیە بۆ ئەو منداڵەش بمرێت. ئەو لەو چوار، پێنج مانگەی کە لە ماڵی ئێمەدا بوو، بوو بە دایک و مەسعوودی بە هەموو بوونییەوە، سۆز و گیانەوە کرد بە کوڕی خۆی و نەیدەویست هیچ زیانێکی پێ بگەیەنێت و کەمایەسییەکانی بۆ دابین بکات.

حەمید تا ماوەیەک واقی وڕمابوو و بێدەنگ سەیری دەکردم، دواتر گوتی:

– تۆ هەڵەیت، شارەزاد بەهێز و تێکۆشەر بوو، ئەو بیری زۆر بەرزی هەبوو، تۆ

هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ ژنی ئاسایی و تەنانەت ژنێکی وەکو خۆتیش بەراوردی بکەیت.

– ئازیزەکەم، تێکۆشەری و بەهێزبوون ڕێگری لە ژنبوون ناگرن.

ماوەیەک بەسەر بێدەنگی و بیرکردنەوەیدا تێ پەڕی، لە دەموچاویدا درەوشانەوە و ڕووناکیی تازەم لە ئەندێشە تاریکەکانیدا دەخوێندەوە، لێی گەڕام بە باشی تاووتوێیان بکات، ئینجا لەسەر قسەکانم بەردەوام بووم:

– لە بیرتە چەند فروخی خۆش دەویست، هەموو کاتێک شیعرەکانی دەخوێندەوە؟

– باشە، بەڵێ، بەڵام چی؟ خۆ سەرئەنجام فروخیش شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر بوو.

– بەڵێ، بەڵام ژن بوو و بە باشترین شێوە ناخ و هەستەکانی ئەو ژنەی دەخستە ڕوو کە بەهۆی کەماسییەکانییەوە ئازاری دەچەشت، ئەمەش بەلای شارەزادەوە سەرنجڕاکێش بوو، ئەو شتانەی دەگوت کە شارەزاد توانای دەربڕینیانی نەبوو، با بەو شێوەیە بۆت باس بکەم، ڕۆژێک پێی گوتم، ئیرەیی دەبات بە ژیانی خۆم و خێزانەکەم، بڕوا دەکەی؟! ئیرەییی بە من دەبرد، پێم گوت، دیارە گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت، ئەوە منم کە دەشێ ئاهی وەکو تۆبوون هەڵکێشم، تۆ بە کامڵگەرایی گەیشتووی، بەڵام من وەکو ژنانی سەد ساڵ پێش ئێستا هەر ئەو زەعیفەیەم کە دەبێت هەموو تەمەنی بە کاری ماڵ و بێگاری بەسەر بەرێت، وەکو حەمید دەڵێت: سیمبولی دووپاتکراوەی ستەملێکراویم، بەڵام تۆ لە لووتکەدای، دەزانیت لە وەڵامدا چی پێ گوتم؟

حەمید سەری ڕاوەشاند.

– لە وەڵامدا شیعرەکەی فروخی خوێندەوە.

– کامە شیعر؟ ئەگەر لە بیرتە بیڵێ.

– دەڵێت:

کام ترۆپک، کامە لووتکە؟

چیتان پێ بەخشیم

ئەی وشە ساکارە فریودەرەکان

گەر گوڵێکم
لەم تاجە کاغەزینە ساختەیە
لە پرچم بدایە
سەرنجڕاکێشتر نەبوو؟

– لە بیرتە ئەو شەوەی بڕیار بوو بڕوات، مەسعوودی دەگرتە باوەشی، ماچی دەکرد، بۆنی دەکرد و فرمێسکی دەڕشت، لە کاتی ڕۆیشتندا گوتی: هەرچۆنێک بووە دەبێت خێزانەکەت بپارێزیت و منداڵەکان لە کەشێکی گەرموگوڕدا گەورە بکەیت، مەسعوود زۆر هەستیارە، پێویستی بە دایک و باوکە، بچووکترین کەموکووڕی دەتوانێت تێکی بشکێنێت، من ئەو کاتە لە مانا ڕاستییەکەی قسەکانی تێ نەدەگەیشتم، دواتر زانیم کە دووبارەکردنەوەی بەردەوامیی ئەو سەبارەت بە پاراستنی خێزان، ئەوە ڕاسپاردن نەبوو بە من، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا دووپاتی دەکردەوە.

– جێی بڕوا نییە، بە هیچ شێوەیەک ئەو کەسەی تۆ باسی دەکەی شارەزاد نییە، یانی ئەو بە ویستی خۆی نەبووە ئەم ڕێگەیەی گرتووەتە بەر؟ یانی ئەو باوەڕی بەو ئامانجانەی ئێمە نەبوو؟ بەڵام خۆ کەس ناچاری نەکردبوو، هەرکاتێک بیویستبایە دەیتوانی وازی لێ بهێنێت، کێ سەرزەنشتی دەکرد؟

– نە حەمید چۆن نازانیت؟ ئەمە لایەنێکی بوونی ئەو بوو، لایەنێکی شاراوە، لەوانەیە تا ئەو کاتە بۆ خۆشی بە نەناسراوی مابێتەوە و لەو چەند مانگەدا پێی گەیشتبێت، بەڵام لایەنێکی تری بوونی ئەو هەر ئەوەبوو کە تۆ دەتناسی، ئەو بەشەی کە دەستی بەسەر بوونیدا گرتبوو و هەموو ژیانی خستبووە خزمەتییەوە، بەڵام بۆ ئەم لایەنە نەناسراوە کە نواندنێکی زووگوزەری هەبوو، تاقە کارێک کە دەیتوانی بیکات، ئازادکردنی تۆ بوو لە مردن، هەر ئەوەندە، ئەوانی تر لە تاسەیەکی شاراوەدا لە قووڵاییی دڵێکی هەستیاردا نێژرا. ئاگادارنەکردنەوەی تۆ بۆ پاراستنی خۆیان بوو، بۆ ئەوەی لە شێوازی گرتنەکەیان زانیارییەکی ئەوتۆت نەبێ و ئاگادارنەکردنەوەت بۆ چالاکییەکە بۆ پاراستنی تۆ بوو، نازانم چۆن ئەوانی تری ڕازی کرد، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم کارەی کرد.

دەموچاوی حەمید دۆخێکی تایبەتی لە دوودڵی، هیوا و هاژی هەبوو، هەرچەندە

هەمـوو قـسـەکـانی مـنی بە تەواوەتی پـەسند نەکـردبوو، بـەڵام لە دوای چوار سـاڵ بیری لە ئەگەری تری دوورخستنەوەکەی دەکردەوە و ئەم هیوا نارِوونە گەورەترین گـۆرانکاری لەودا بەدی هێنا، ئەویش قـسـەکـردن بوو لە جـیـاتیی ئەو بێـدەنگییـە درێژخــایەنـە. لەو رِۆژە بەدواوە، دایمـە قـســەمــان دەکــرد، بە هـەمــوو ژیانمـاندا چووینـەوە، ورە، رِەوش و هەلومــەرجی خـێــزانەکــەمــان لە پاش ژیانی نـهـێنی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەمـان بۆ کرد، یەک بە یەکی گرێکان دەکرانەوە و لەگەڵ هەر کرانەوەیەکدا دەروازەیەک بە رِووی ئازادی، چالاکی، رِزگـاربوون لە گرێ دەروونییە داخـراوەکـان دەکرایەوە و ئەو بـرِوا بە خـۆ بوونـەی کـە چەندان سـاڵ بوو بـە مـردوو دەژمـێردرا، گەشـەی دەکرد، جـارجـارە لە مـیـانەی باسـەکاندا بە سـەرسـورِمـانەوە تەماشای دەکردم و دەیگوت:

– تۆ چەند گۆرِاوی! چەند پێگەیشتوو و تێگەیشتوو دیاری، وەکو فەیلەسووفێک، دەروونناسێک قسە دەکەیت، بەرِاستی ئەم چەند ساڵەی زانکۆ ئەوەندە تۆی گۆرِی؟

لە وەڵامدا بە شانازییەکەوە کە نەمدەویست بیشارمەوە دەمگوت:

– نە! جەوری ژیـان ناچاری کردم، پێویستیم پێ بوو، دەبوایە تێ بگەم بۆ ئەوەی رِێگە دروستـەکان بدۆزمـەوە، من بەرپرسـیـارێتیی ژیانی منداڵەکانمم لە ئەستـۆدا بوو، بواری هەڵەکردنم نەبوو، خۆشبەختانە، کتێبەکانی تۆ، زانکۆ و کارەکەشم ئەم دەرفەتەی بۆ رِەخساندم.

لە پاش دوو هـەفـتـە حـەمـیـد بـە تەواوەتی شـادمـان و بەکـەیف بوو، وردە وردە خـەریک بوو وەکـو رِابردووی لێ دەهاتەوە، جـەسـتـەی هاوتەریب لەگـەڵ نەمـانی ئاڵۆزییـە هزری و دەروونییـەکـانیـدا هێـزی پەیدا دەکـرد، منداڵەکـان بە رِوانینە تیـژەکـەیان سـەرنجی ئەو گـۆرِانکارییـانەیان دابوو و پتـر لە جـاران رِێگەیان بە خــۆیان دەدا کــە لێێ نزیک ببنـەوە، برِیارەکــانی ئەویان جـێـبـەجێ دەکــرد، بە پێکەنینـەکـانی پـێ دەکـەنین و دەنگی ئەم پێکەنینە ژیانمـی درەوشــاوە و رِووناک دەکردەوە، بە گەرِانەوەی تەندروستی و کەوتنە سـەر رِەوتی نوێی خرۆشـیی ژیان، هەسـتـە رِەمـەکی و خواسـتـەکانی تریشی زیدوو بوونەوە و شـەوانی پرِ لە ئەشـقی ئێمەی، لە پاش ئەو هەموو تاریکی و نەهامەتییە لە ئاور بەردا.

بۆ دوو رِۆژ پشوو، باوک و دایکی حەمید لەگەڵ مەنسوورە و هاوسـەرەکەی هاتن

بۆ لامان و لەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر حەمیددا هاتبوو، سەرسام و دڵخۆش بوون، مەنسووره گوتی:

– بینیتان، وتم ڕێگە چاره هەر ئا ئەمەیە!

دایکی لە خۆشیدا خەریک بوو بفڕێت، هەر لە دەوری حەمید دەگەڕا، قوربان و ساقەی دەبوو، بۆ باشیی تەندروستیی حەمید سوپاسی منی دەکرد، نازانم بۆچی هەڵسوکەوتی ئەو لە هەموو بارێکدا ئەوەندە نەرمونیان بوو! لە لووتکەی خۆشیشدا مرۆڤی دەخستە گریان، بە درێژاییی ئەو دوو ڕۆژه باران باری و ئاووهەوا سارد بوو، ئێمە لە دەور ئاگردانەکە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد، بەهەمەنی هاوسەری مەنسووره نوکتەی تازەی سەبارەت بە شا* و ئەزهاری** بۆ دەوتین، حەمید لە ناخی دڵەوه پێ دەکەنی، هەموو لەو باوەڕەدا بوون کە بارودۆخی حەمید چاکەوه بووه، وێڕای ئەوەش، لە دوای چەندان ڕاوێژی جیاواز بەو ئەنجامە گەیشتین کە یەک، دوو هەفتەی تریش لە باکور بمێنینەوه، بەتایبەتیش کاتێک دایکی حەمید چپاندییە گوێم و گوتی، دۆخی نەنە هیچ باش نییە، جگە لەوەش چەند کەسێک لە هاوڕێ کۆنەکانی حەمید کە زۆر چالاکن، کون بە کون بە دوای حەمیددا دەگەڕێن، دڵم داخورپا، بڕیارم دا هەتا دەتوانم کاتی مانەوەکەمان لەم ئاسایش و ئاسوودەییەدا درێژتر بکەمەوه. بەهمەن پێشنیاری کرد ئۆتۆمۆبێلەکەمان بۆ جێ بهێڵێت و خۆیان بە ئۆتۆمۆبێلی کرێ بگەڕێنەوه، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کەمێک لە شارەکانی باکور بگەڕێین، هەرچەندە لەو ڕۆژگارەدا پەیداکردنی بەنزین دژوار بوو.

بەم شێوەیە دوو هەفتەی خۆشی تریش لە باکور ماینەوه، تۆپێکی بالەم بۆ منداڵەکان کڕیبوو، حەمید لەگەڵ کوڕەکان یاری دەکرد، لە تەکیان ڕای دەکرد و وەرزشی دەکرد، منداڵەکان کە هەرگیز ئەزموونی گەرموگوڕی لەو شێوەیەیان نەبینیبوو، سوپاسگوزار بوون، ئەویان وەکو بت دەپەرست، نیگارەکانی مەسعوود پڕی لە خێزانی چوار کەسیی بوو کە لە نێوان گوڵ و باخچەکاندا و لەژێر ڕووناکی درەوشاوەی ڕۆژدا نانیان دەخوارد، یارییان دەکرد یان پیاسەیان دەکرد، هەموو

* شا: محەمەد ڕەزا پەهلەوی، شای پێشووی ئێران.

** ئەزهاری: دوا فەرمانداری سەربازیی تاران بوو لە ساڵی ١٩٧٩ لە دوا مانگەکانی دەسەڵاتی شای ئێران.

شـوێنێک دەموچـاوی پڕ پێکەنینی خـۆر و ڕوانینەکانی لـەم خێـزانە مـیهرەبانە بوو. سـەهۆڵی شـەرم و کـەمڕوویـی لە نێـوان بـاوک و کوڕەکـاندا تواوبووەوە، منداڵەکـان باسی هاوڕێ، قوتابخانە و مامۆستاکانیان دەکرد، سیامەک سەبارەت بە چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی لاف و گەزافی لێ دەدا و باسی ئەو شوێنانەی دەکرد کە لەگەڵ خاڵۆ مەحموودا ڕۆیشتبوو و ئەو قسانەی وا گوێی لێ بووبوو، حەمیدی حەپەساو و سەرسام دەکرد. ڕۆژێکیان لە یاریکردن ماندوو بوو، لە تەنیشتمەوە خۆی خستە سەر بەتانییەکە، چاییی داوا کرد و گوتی:

– ئەم منداڵانە زۆر سەیرن، ماندوو نابن، چەند وزەیان زۆرە؟

– پێت وایە چۆنن؟

– بێ هاوتان! لە دڵەوە نزیکن، قەت پێم وانەبوو ئەوەندە خۆشیانم بوێت، هەموو منداڵی و نەوجەوانیی خۆم لە بوونی ئەمانەدا دەبینم.

– لە بیــرتـە چەنـد ڕقت لە مـنداڵ دەبـووەوە؟ لە بیــرتـە کــاتێک زانیـت سکم بە مەسعوود پڕە، چیت کرد؟

– نە، چیم کرد؟

پێکەنین گرتمی، تەنانەت لە بیریشی نەمابوو چۆن لەو کاتە هەستیارەدا بە تەنیا بەجێـی هێشتم، ئێستـاش کاتی گلە و گـازندە و بیرهێنانـەوەی بیرەوەرییە تـاڵەکان نەبوو، گوتم:

– هیچ، وازی لێ بێنە.

– نە بیڵێ.

– بەرپرسیارێتیت لە خۆت دوورخستەوە، هەر ئەوەندە.

– خـۆت باش دەزانیت لەو کـاتەدا کێشـەی من منداڵ نەبـوو، لە داهـاتوو و ژیانی خـۆم دڵنیـا نەبووم، هـەمـوو کـاتێک بیـرم لەوە دەکردەوە کـە زیاتر لە سـاڵێکی تر بە زیندوویی نامـێنمـەوە، بەڕاسـتی منداڵداری لەو هەلومـەرجـەدا کـاڵفـامـانە بوو و لە بەرژەوەندیی هـیـچ کـامـمـاندا نەبوو، ئێـسـتـا خـۆمـانین، پێت وانییـە لەم سـاڵانەدا، ئەگەر منداڵمـان نەبووایە تۆ هێندە گورزت بەرنەدەکەوت و ئەوەندە بەرپرسیـارێتیی زۆرت نەدەکەوتە ئەستۆ؟

– ئەگەر منداڵەکان نەبوونایە، من هۆیەکم نەبوو بۆ مانەوە و کۆشش لە ژیاندا، بوونی ئەوان هاندەرم بوو بۆ جووڵانەوە و بەرگەگرتنی هەموو شتێک.

– سەرنجڕاکێشە، تۆ ژنێکی سەیری، هەرچۆنێک بێت ئێستا لە بوونیان زۆر ڕازیم و سوپاسی تۆ دەکەم کە ئەوانت پێ دام. بار و دۆخەکەش گۆڕاوە ئێستا داهاتوویەکی خۆش لە چاوەڕوانیی ئەم منداڵانەدایە، چیی تر خەمم نییە.

بیستنی ئەم قسانە لە دەمی ئەوەوە دەستکەوت بوون، بە پێکەنینەوە گوتم:

– زۆر؟! کەواتە منداڵداری لەم ڕۆژگارەدا کێشە نییە و ترست لێ نییە؟

وەکو فیشەکە شێتە لە شوێن خۆی ڕاپەڕی.

– وای، نە! توخوا، مەعسووم هەمدیسان شتێک هەیە؟

بوورامەوە لە پێکەنیندا.

– مەترسە، بۆچی ئاوها زوو دەردەکەوێت؟ بەڵام دووریش نییە، من هێشتا لە تەمەنی سک و زادام، خۆت ئەزانی لێرەش حەب و مەبم نەبوو، ئێستا لە گاڵتە تێ پەڕیوە، ئەگەر لەم هەلومەرجەدا منداڵمان ببێت دیسانەوە بەو شێوەیە هەراسان و قەڵس دەبیت.

کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

– نە! دیارە نامەوێت، بەڵام ئیتر ئەو هەستیارییەیشم نییە.

کاتێک لە کردنەوەی گرێ ئاڵۆزەکان بووینەوە، لێکدانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەستی پێ کرد، هێشتا بەتەواوەتی نەیدەزانی چی ڕووی داوە، چ شتێک هۆکاری ئازادبوونی بوو لە بەندیخانە و بۆچی خەڵکی ئەوەندە گۆڕاون! منیش بۆم ڕوون دەکردەوە، لەبارەی خەڵکەوە، قوتابیانی زانکۆ، هاوکارەکانم و ئەزموونەکانی خۆم قسەم دەکرد، لە ئاکاری خەڵکانی تر، لە سەرەتادا و ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لەم دواییانەدا لە پێوەندییان لەگەڵمدا ڕوویان دا، سەبارەت بە ئاغای زەرگەر کە تەنیا لەبەر زیندانیبوونی ئەو کاری پێ دام، لەبارەی ئاغای شیرازییەوە کە بەرهەڵستکارێکی خۆڕسک بوو و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وا ئەویان کردبووە تەنێک لە نەفرەت و بەدبینی و سەرئەنجام سەبارەت بە مەحموود کە هەر وەکو خۆی دەڵێت ئامادەیە گیان و ماڵی بکاتە قوربانی شۆڕش.

– بەڕاستی مەحموود دیاردەیەکە بۆخۆی، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم من و ئەو ڕۆژێک بتوانین دوو هەنگاویش پێکەوە بنێن.

ورده ورده مەیلی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکدا لەلای حەمید گەشەی دەکرد، حەزی لە دەنگ و باس دەکرد، لە دوکان و بازاڕەکان قسەی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، هاوڕێی لە دەوروبەردا پەیدا کردبوو، قسە و باسی لەگەڵیان دەکرد و هەواڵی تازە و پڕوپاگەندەکانی لەوان دەبیست. دوو هەفتەی تریش بەم شێوەیە تێ پەڕی، هێشتنەوەی ئەو بەم شێوەیە لەم ژینگە ئارام و دیاریکراوەدا سانا نەبوو، بەرەو تاران بەڕێکەوتین.

کاتێک گەیشتین، ڕێورەسمی هەفتەی نەنە تەواو بووبوو، بە پێویستیان نەزانیبوو ئێمە ئاگادار بکەنەوە، لەڕاستیدا، ترسابوون قەرەباڵخی و هاتوچۆی خزمان و خەڵکی تر حەمید تووڕە و بێزار بکات. ڕۆیشتنی ئەو پیرێژنە داماوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی هیچ کەسێک نەبوو، هیچ دڵێکی نەخستە لەرزە. لە ڕاستیدا ئەو چەند ساڵێک پێشتر مرد بوو، تەنانەت نەمانی ئەو لەو کاریگەرییەش بە دوور بوو کە مردنی مرۆڤێکی ئاسایی لە هەلومەرجێکی ئاساییدا دەیبێت و بە بەراورد لەگەڵ مردنی ئەو گەنج و تێکۆشەرانەی لەو ڕۆژگارەدا وەکو دەیانگوت کۆمەڵ کۆمەڵ دەکوژران، کاڵ دەبووەوە. دەرگە و پەنجەرەی ژوورەکانی خوارەوە داخران و کتێبی ژیانی ئەو کە بە دڵنیاییەوە ڕۆژگاری سەیر، خۆش و شیرین بوون، کۆتایی پێ هات.

گەڕانەوە بۆ تاران، حەمیدی گەڕاندەوە ساڵەکانی پێشووتر، کتێب و بڵاوکراوەکان لە ملا و لەولاوە گەیشتن، ڕۆژ بە ڕۆژ دەوروبەری قەرەباڵختر دەبوو. ئەو کەسانەی پێشتر ئەمیان دەناسی وەکو یەکێک لە پێشڕەوە زیندووە خۆبەختکردووەکان، یەکێ کە زیندانی بینیبوو و ئازاری چەشتبوو، بۆ گەنجەکان لە کەسایەتی ئەو پاڵەوانییان ساز دەکرد، دروشمیان بۆ دەدا، بە پێشەوا و سەرۆک دایاندەنا، ئەو لەو نێوەندەدا نەک تەنیا بڕوا بە خۆبوونە ونبووەکەی دووبارە بە دەست دەهێنایەوە، بەڵکو هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژی پێشووتر لە خۆباییتر دەبوو، وەکو سەرۆکێک قسەی دەکرد و ڕێیەکانی خەباتی نیشان دەدا. لە پاش هەفتەیەک لەگەڵ دەستەیەک لە لایەنگرە بزوێنەرەکان بۆ چاپخانە ڕۆیشتن، مۆر و

شـەمـەکـانیـان شکاند و لە پاشـمـاوەی مـەکـینەی ئـامـرازەکـان چاپخـانـەیەکی بچکۆلەیان دروست کـرد، هـەرچەندە زۆر باش نـەبوو، بەڵام پێـداویسـتـیـیـەکـانی ئەوانی لە چاپکردنی بڵاوکراوە، نامـیلکە و هەفتـەنامـەدا پڕ دەکردەوە. سـیامـەک وەکو سـەگێکی بە ئەمـەک پێ بە پێی باوکی ڕای دەکرد، بڕیارەکانی بەجێ دەهێنا، شـانازی بەوەوە دەکرد کـە کوڕی ئەوە و هـەوڵی دەدا لـە هـەمـوو کۆبوونەوەیەکدا لە تەنیـشـتیـیـەوە بێت، بەپێچـەوانەی مـەسـعـوودەوە، بێزار لە هـەمـوو جـۆرە سـەرنج ڕاکێشانێک، جارێکی تر لەوان دوورکەوتەوە و لە تەنیشت منەوە نیگاری گۆڕەپانی خـۆپیـشـاندانەکـانی بە توندوتیـژییـەکی کـەمـتـرەوە دەکـێـشـا، تەنانـەت لە نیگارەکانیشیدا کەس بریندار نەدەبوو و خوێن نەدەڕژا.

ڕۆژەکانی تاسوعا و عاشورا، خەڵکێکی زۆر بۆ ماڵی ئێمە هاتن و هەموو پێکەوە بۆ ڕێپێوان ڕۆیشـتین، حـەمید لە ناو ئەڵقـە گەمـارۆدراوەکەی هاوڕێکانیدا لە ئێمـە جـیـا بووەوە، بـاوک و دایکی زوو گـەڕانـەوە، مـن و خـوشـکەکـانـی، فـاتـی و هاوسـەرەکەی (ئاغا سادق) وریا بووین یەکتر ون نەکەین، هێندەمان هـاوار کرد و دروشـمـمـان دا دەنگی هەمـوومـان داگیـرا، سـەرەڕای ئـەوەی زۆر لە کرانەوەی ئەم گرێ کوێرانە چێژم دەبرد، نەمدەتوانی پێش لەو دڵهوڕە و شڵـەژانە بگرم کە چنگی لە دەروونم گیر کردبوو، ئەمە یەکەمـین جار بوو حـەمید شـەپۆلی خەڵک و شـۆڕشـی ڕاسـتـەقـینـەی دەبینـی، هـەر وەکو پێشـبـینیم دەکرد زۆر کـەوتە ژێر کـاریگـەرییـەوە و شێتانە خۆی خستە خزمەتی ئەم جووڵانەوەیە.

دوای مـاوەیەکی زۆر، سـەرنجم دا کـە دۆخـی گشـتـیم گـۆڕانی بـەسـەردا هـاتووە، زوو مـاندوو دەبووم و کـەمـێک دڵم تێکەڵ دەهات، بەڵام لە ناخی دڵـەوە خـۆشـحـاڵ بووم، لە دڵ خـۆمـەوە دەمگوت ئەم منداڵە لە هـەلومـەرجـێکی تردا لە دایک دەبێت، ئێستا ئێمە خێزانێکی ڕاستەقینەین کچێکی جوانکیلە دەتوانێت گەرمـوگوڕییەکی پتر بە پێکهاتە خێـزانییـەکەمـان بدات، حەمـید چێژی هـەبوونی منداڵی بچکۆلەی نەچەشتـووە، کەچی هێشتـا هـەر نەمدەوێرا لە سک پڕبوونەکەم ئاگاداری بکەمەوە، سەرەنجام کاتێک باسم کرد، پێ کەنی و گوتی:

– دەمزانی دیسـانەوە کارێک دەدەیت بە دەسـتمانەوە بەڵام چی بکـەین، خراپیش نییە، ئەمیش بەرهـەمی شۆڕشە، پێویستیمان بە هێزی مرۆڤە.

هەمـوو سـاتێک ڕۆژگـاری خـرۆشـاویی شـۆڕش هـەڵاوسـاوی ڕووداوێک دەبوو، هەمـوو لە ئامـادەکـاری و کۆشـشـدا بووین، هێندەی لە مـاڵـی مـەحـمـوود جـمـوجـۆڵ هەبوو، ئـەوەندەش لە مـاڵی ئێـمـەدا هـاتوچۆ هەبوو، وردە وردە مـاڵەکـەمـان بوو بە حـەشـارگـەیەکی سـیاسـی، هەرچەندە هێشـتا مـەترسـی لـە ئارادا هەبوو و بە دیدی پۆلیس و پاسـەوانان کـۆبوونەوەی خـەڵکی بە نایاسـایـی دەزانرا کـەچی حـەمـیـد ئەوەندە لەخۆبایی و پڕ جۆش بوو، بێ باکانە کاری خۆی دەکرد و دەیگوت:

– ئەوان ناوێرن هیـچـمـان لێ بکەن، ئەگـەر جـارێکی تر بمگرن دەبمە ئـەفسـانە، ئەوان ناوێرن شتی وا بکەن.

شـەوانە، لە سـەربـانەکـانەوە بانگمـان دەدا، لەو ڕێگەیـەوەی کـە حـەمـیـد چەند سـاڵێک پێشـتـر بۆ دەربازبوون ئامـادەی کردبوو، بۆ مـاڵـی دراوسـێکان دەچووین، هەمـوو شـەوێک تاکـو درەنگـانێ بە قـسـەوباس و گـۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون تێ دەپەڕی، هەموو کەسێ، بە گەورە و بچووکەوە هەریەکە بۆ خـۆیان بووبوونە خاوەن بیـر و بۆچوونی سـیـاسـی، بە ڕۆیشـتنی شـا، بارودۆخـەکـە گـەرمـوگـوڕتر بوو. مەحموود وەها ڕێکی خستبوو هەر کاتێک پێویست بوایە هەمووماں لە ماڵی ئەودا کۆببینەوە، دوا هەواڵ و دەنگ و بـاسـەکان وەربگرین، هاوکاری نێوان مـەحـمـوود و حـەمـیـد نزیک و دۆسـتـانە بوو، لەگەڵ یەکتـردا نەدەچوونە ناو وردەکـاریـی قسـە و باسـەکانەوە، بەڵام ڕێپێوان و بەرنامـە و هـەواڵەکـانیـان ئاڵوگۆڕ دەکرد، لەبارەیان ڕای خـۆیان دەردەبڕی. حـەمـیـد ئەزمـوونەکـانی خـۆی لەبارەی خـەباتی چەکداری و شـەڕی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مـەحموود و هاوڕێکانی دەخسـتـە قسـەوباسـکردنەوە، هەندێ جـار ئەم قـسـەوباسـانە تا بەیانی بەردەوام دەبوون. لەگـەڵ نزیکبـوونەوەی ڕێککەوتی هاتنەوەی ئیمام* ئەم هاوکارییانە پتـر و هاوئاهـەنگتر دەبوون، زۆربەی دوژمنـایەتی و ڕق و کـینەکـان لـە بیـر کـران، جـارێکی تـر زۆربەی پێـوەندییـە پچڕاوەکان بەسـترانەوە، بۆ نموونە ئێمە خـاڵۆمان دۆزییەوە کە نزیکەی بیستوپێنج ساڵ بوو لە ئاڵمان دەژیا، ئەو وەکو هەموو ئێرانییەکی تاراوگە خـرۆشابوو، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی تەلەفۆن کردنەوە بۆ مەحـمـوود لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادار بێت. مـەحموود تەنانەت لەگەڵ هاوسـەرەکەی مەحبووبەی کچی پوورم قسەی دەکرد و

* ئیمام: مەبەست ئیمام خومەینییە.

هەواڵەکانی قوم و تارانیان بە یەکتر دەدا، بەڕاستی مەحموود لە بەخشینی سەروەت و سامانەکەی کەمتەرخەمی نەدەکرد، هەندێ جار وام ئەزانی نایناسم، یانی ئەو هەر ئەو مەحمووده بوو؟

سیامەکە سێزده ساڵەکەم لە ڕووی ئاوەزەوە زۆر خێرا گەورە دەبوو، وەکو پیاوێک لە تەنیشت باوکییەوە سەرقاڵی بەجێهێنانی ئەرکەکان بوو، کەمتر دەمبینی، زۆربەی کاتەکان نەمدەزانی نیوەڕۆ و شێوان چی خواردووە، بەڵام لەوە دڵنیا بووم کە لە هەموو کاتێک چالاکترە. مەسعوود بەرپرسی نووسینی دروشمەکانی دەرگە و دیوارەکان بوو، هەندێ جاریش بە دەستنووسێکی تا ڕادەیەک جوان، لەسەر کاغەزی گەورە دەینووسی، ئەگەر کاتی هەبوایە وێنەی گوڵ و گیاشی لە تەنیشتییەوە دەکێشا و لەگەڵ منداڵەکانی تر بۆ سەر جادە ڕای دەکرد، سەرباری ئەو هەموو مەترسییەی لەم جۆرە کارانەدا هەبوون، نەدەکرا پێش لە منداڵەکان بگرین. بەناچاری خۆم لە دەستەکەی مەسعوود ناونووس کرد، بە ناوی چاودێری گەڕەک، پاسەوانیم دەکرد بۆ ئەوەی ئەوان بێ خەم دروشمەکانیان بنووسن، هەڵەی ڕێنووسەکانیانم چاک دەکردەوە، بەم شێوەیە هەم چاودێریم دەکرد و هاوکاتیش لە چالاکییە شۆڕشگێڕییەکەی کوڕەکەمدا بەشداریم هەبوو. مەسعوود لەم کاتانەدا زۆر دڵگەرمتر و نوقمی شڵەژانێکی ساوایانە دەبوو، لەبەرئەوەی بە هاوکاریی دایکی کارێکی نایاسایی و ترسناکی دەکرد. لەو ڕۆژگارەدا، تاقە سێبەری خەمێک کە ناخمی خستبووە پەژارەوە، دوورکەوتنەوەی دووبارەی پەروانە بوو، ئەمجارەیان نەک لەبەر سەفەر یاخۆ دووری مەودا، بەڵکو لەبەر جیاوازیی باوەڕ و ئامانج، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی زیندانبوونی حەمیددا زۆر یارمەتی دابووین و یەکێک لەو کەسانە بوو کە هاتوچۆی ماڵمانی دەکرد و ئاگای لە منداڵەکانم بوو، ئێستا پێوەندی لەگەڵم نەمابوو. ئەوان لایەنگری شا بوون و شۆڕشگێڕەکانیان بە لات و لادەر لە قەڵەم دەدا، قسەوباسەکانمان، جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانی پتر دەکرد، لە خۆمانەوە سووکایەتیمان بە یەکتر دەکرد و هەموو جارێ لە سنووری شەڕکردن لەیەکتر جیا دەبووینەوە، وردە وردە هیچ کاممان حەزمان بە بینینی یەکتر نەدەکرد، بەشێوەیەک هەرگیز نەمزانی ئەوان چۆن و لە چ کاتێکدا جارێکی تر باری سەفەریان بەست و لە وڵات چوونە دەر. ڕقی شۆڕشگێڕیم لەگەڵ خەمی لە دەستدانی نوێی ئەو لە ململانێدا بوو، بەڵام

نەمدەتوانی ڕقەکەم بنبڕ بکەم.

ڕۆژگاری خۆش و دڵڕفێنی شۆڕش وەکو با تێ پەڕی. دوای نیوەڕۆی بیست و دووی ڕێبەندان شادی و خۆشییەکانی گەیشتنە لووتکە، لە تەلەڤزیۆن سروودی ئەی (ئێران، ئەی سنووری پڕ گەوهەر) ی* خستبووە سەر، ژنە پێشکێشکاری بەرنامەی منداڵان شیعری (من خەوم دیوە یەکێک دێت)**ی فەروخی فەروخزادی خوێندەوە، خەریک بووم لە خۆشییاندا باڵم دەگرتەوە، بە سروود خوێندنەوە لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ دەڕۆیشتین، باوەشمان بە یەکتردا دەکرد، شیرینیمان پێشکێش دەکرد و پیرۆزباییمان لە یەکتر دەکرد، هەستمان بە ڕزگاری و بارسووکی دەکرد، دەتگوت بارێکی قورسمان لەسەر زەوی داناوە، بە حەمیدم گوت:

دوای دیتنی ڕەزا قورسێکی چارەتاڵ

ئاوێک بخۆیەوە، ئارام

بۆت خۆشترە لە عومری حەفتا هەشتا ساڵ!

قوتابخانەکان زوو کرانەوە، فەرمانگەکان لە ڕووکەشدا دەستیان بە کارکردن کردبوو، بەڵام هەموو شتێک بەسەریەکدا ڕژابوو و دۆخەکە نائاسایی بوو، هەموو کاتەکە بە قسەکردن و دەمەدەم بەسەر دەچوو، هەندێک دەیانوت بێگومان دەشێت بڕۆین خۆمان لە پارتی تازە دامەزراوی جمهوری ئیسلامیدا ناونووس بکەین و بەم شێوەیە پابەندبوونی خۆمان بە شۆڕشەوە نیشان بدەین، هەندێک دەیانوت پێویست بەوە ناکات، بۆچی سەردەمی شایە تا هەموو ناچاربن ئەندامی پارتی زیندووبوونەوە بن***، لەم نێوەندەدا من لە هەمووان زیاتر جێگەی سەرنج بووم، هەموو پیرۆزباییان لێ دەکردم، دەتوت من بە تەنیا شۆڕشم کردووە، دەیانویست حەمید ببینن، سەرئەنجام، جارێکیان کە حەمید لە چاپخانەوە هاتبووە شوێنم، هاوکارەکانم بە زۆر هێنایانە ناو فەرمانگەکە و وەکو قارەمانێک پێشوازییان لێ کرد، خودی حەمید سەرەڕای ئەو هەموو چالاکییانەی کە دەیکرد، لە خۆیدا مرۆڤیکی شەرمن بوو، لە کاری کتوپڕ دەشڵەژا، تەنیا چەند وشەیەکی وت و ئەو

---

* ای ایران ای مرز پر گهر : سروودی نەتەوەیی ئێرانە.

** من خواب دیدم کە یکی می آید.

*** حزب رستاخیز: پارتێک بوو شا دایمەزراندبوو.

بڵاوکراوانەی کـە تازە چاپیـان کردبـوو، لە نێـوان هـاوکارەکـانمدا بڵاوی کردەوە و وەڵامـی هـەندێک لە پرسـیارەکانی دایەوە، هـاوڕێکانم ئەویان بە پـیاوێکـی میـهرەبان، سـەرنجڕاکێش و لە دڵەوە نزیک ناسـاند، پیـرۆزبایییـان لە من کرد کە لەو کاتەدا سەرمەستی لە خۆباییبوون بووبووم.

٦

ئەو سەردەمە بەشکۆوە دەژیاین، چێژمان لە دەستکەوتە تازە بە دەست هاتووەکەی ئازادی دەبینی. هەموو شۆستەکان پڕ بوون لەو کتێب و نامیلکانەی کە تاوەکو ماوەیەک پێشتر بۆ دەستکەوتنی یەکێک لەوانە دەبوایە گیانمان بەخت بکردایە، چەندان بەش و جۆر ڕۆژنامە و گۆوار لە بەردەستی هەموو کەسێکدا هەبوون، بەئاشکرا لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەمان دەکرد، نە لە ساواک دەترساین، نە لە هیچ کەسێکی تر، بەڵام ئەم هەموو ساڵانەی بێدەنگکردن و چەپاندنە نەیهێشتبوو فێری ڕێگەی تەندروست بین بۆ سوود وەرگرتن لە ئازادی، نەماندەزانی گفتوگۆ بکەین، بۆ گوێگرتن لە ڕای جیاواز پەروەردە نەکرابووین، نەماندەتوانی بەرگەی ئەندێشەی خەڵکی تر بگرین. هەموو ئەمانە وای کرد کە مانگی هەنگوینیی شۆڕش تەنانەت یەک مانگیش بەردەوام نەبێت و زووتر لەوەی پێشبینیم دەکرد کۆتاییی پێ هات، جیاوازیی بیروڕا و سەلیقەکانی کە تاوەکو ئەو کاتە لەبەر بوونی دوژمنی هاوبەش بە یەکگرتن پەردەپۆش دەکران، ڕۆژ بە ڕۆژ توندوتیژتر خۆیان دەنواند، کێشە هزرییەکان بە کۆکردنەوەی لایەنگران کۆتاییی پێ دەهات، هەر دەستەیەک ئەوی تری بە دوژمنی خەڵک، گەل، وڵات و ئاین دەزانی. هەر ڕۆژەی دەستەیەکی تازە بوونی خۆی ڕادەگەیاند و لە دژی ئەوانی تر ڕادەوەستا، هەموو ڕێورەسمی جەژنی ئەو ساڵە بە گفتوگۆی گەرمی سیاسی، هاتوهاوار و تەنانەت شەڕکردنیش بەسەرچوو، ڕووبەڕوو بوونەوەی چارەنووسسازی من لە جەژندا لە ماڵی مەحموود ڕووی دا، دەمەقاڵەی نێوان مەحموود و حەمید بەرەو توندی هەڵکشا و بوو بە شەڕ، مەحموود دەیگوت:

– تاقە شتێک کە خەڵک دەیانویست و لە پێناویدا شۆڕشیان بەرپا کرد، ئیسلام بوو، کەواتە دەبێت حکوومەتەکە ئیسلامی بێت، هیچ شتێکی تر نەبێت.

– سەیرە، دەتوانیت بفەرمووی و بڵێی حکوومەتی ئیسلامی یانی چی؟

– یانی پەیڕەوکردنی هەموو یاساکانی ئیسلام.

– یانی گەڕانەوە بۆ هەزار و چوارسەد ساڵ پێش ئێستا!!

– یاسای ئیسلام، یاسای خوایە، هیچ کاتێکیش کۆن نابێت، لە هەموو سەردەمێکدا شایانی پەیڕەویکردنە.

– کەواتە زەحمەت نەبێت فەرموو، یاساکانی ئابووریی ئیسلام چییە؟ ئەی مافە یاساییەکانتان؟ بێگومان دەتانەوێت حەرەم سەرا دابنێن، بە وشتر سەفەر بکەن، دەست و پێ بپەڕێنن؟

– ئەمەش یاسای خوایە، ئەگەر دەستی دزیان ببڕیبایە ئەم هەموو دزەمان نەدەبوو، ئەم هەموو ماڵ خەڵک خۆر و ناپاکانە نەدەبوون، تۆی بێ دین لە یاسای خوا چی دەزانیت؟ ئەمانە هەموو حیکمەتن.

دەمەقاڵە، گەیشت بە سووکایەتی پێکردن، هیچ کامیان بەرگەی ئەوی تری نەدەگرت، حەمید باسی مافەکانی خەڵک، ئازادی، زەوتکردنی سامان، دابەشکردنی داهات، لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕان، ناپاکان و حکوومەتی شوورایی دەکرد. مەحموود ئەوی بە بێ دین، خوانەناس، هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دەدا، حەمید نازناوی دوگم، مێشک وشک، کۆنەپەرستی بەو دەدا و ئەویش حەمیدی بە ناپاک و بەکرێگیراوی بێگانە دەناساند. ئیحتیرام سادات و منداڵەکانی، عەلی و ژنەکەی پشتیوانییان لە مەحموود دەکرد و هەرچییەک ئەو لە بیری دەچووەوە بە بیریان دەهێنایەوە، منیش لە تەنیا مانەوەی حەمید دڵتەنگ بووم، ناچار بەرگریم لێ دەکرد و بە گوتنی چەند ڕستەیەک فریای دەکەوتم. دایکم چنگی لە دەموچاوی گیر دەکرد، هیچ لە قسەکانمان تێ نەدەگەیشت، تەنیا ئەوەی دەویست کە ئاشتی ڕابگرێت. فاتی و هاوسەرەکەی دوودڵ بوون و نەیاندەزانی بەرگری لە کام سەنگەر بکەن، لە هەمووان خراپتر سیامەک بوو، گێژوویژ لەو نێوەندەدا مابووەوە و نەیدەزانی کێ لەسەر هەقە، ئەو هێشتا زانستە ئاینییەکانی چەند مانگی پێشووتری لە بیر نەچووبوو، لەم دواییانەشدا لەناو کەشی بیرکردنەوەی باوکیدا

دەژیا، بەڵام هێشتا هەستی بە ململانێکان نەکردبوو، لەبەرئەوەی پێکەوە بوونی باوک و خاڵ بەشێوەیەک لە شێوەکان هەردوو ڕوانگەکەی لە هزریدا تێکەڵ بە یەکتر کردبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی پێکدادانی بیروباوەڕەکانی ئەواندا، کەڵەکەبوونی ناکۆکیی بۆچوونەکانیان، لە هزرە نەوجەوانەکەی ئەودا دەتەقییەوە و سەر لێشێواو و بێ ئۆقرەی دەکرد، چیی تر بۆ هیچ کام لەم دوو لایەنە مەیل و دڵگەرمی نەبوو، جارێکی تر هەراسان و تووڕە بووبووەوە، سەرئەنجام ڕۆژێکیان هەر وەکو سەردەمی منداڵی لە پاش شەڕ و دەمەقاڵەیەکی دوور و درێژ، سەری خستە سەر سینەم و بە کوڵ گریا، دڵیم دایەوە و لێم پرسی، بەڕاستی لە چی ڕەنجاوە، بە هەنسکەوە گوتی:

– هەموو شتێک! واتە ئەوە ڕاستە کە باوکم بڕوای بە خوا نییە؟ و دوژمنی ئاغای خومەینییە؟ واتە خاڵە مەحموود بەڕاستی دەیەوێت باوکم و هاوڕێکانی دەبێت لە سێدارە بدرێن؟

نەمدەزانی دەشێت چ وەڵامێکی بدەمەوە.

ڕەوشی ژیانمان گەڕایەوە ساڵەکانی پێشووتر، جارێکی تر حەمید کەم چاومان بە حەمید دەکەوت، ماڵ و ژیان و خێزانی لە بیرچوو. بەردەوام لەمسەر و ئەوسەری وڵات بوو، کاتی بە نووسینی بابەت، وتووێژ، چاپکردنی ڕۆژنامە، کۆوار و بڵاوکراوە بەسەر دەبرد. ڕۆژگار تێ دەپەڕی و ئێمە لەو بێ هەواڵ دەماینەوە. ئەو بەلایەوە گرفت نەبوو گەر سیامەک لەتەکی بێت، بەڵام وا دیار بوو سیامەک وەکو جاران پێی خۆش نەبوو لەگەڵی بێت. دیارە کرانەوەی قوتابخانەکان، زانکۆ و فەرمانگەکانیش هەمووانی بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵ کردبوو، بەڵام هەموو شوێنێک شانۆی قسەوباس، بەیەکدا هەڵشاخان و جیاوازیی بیروباوەڕ و سەلیقەکان بوو. لە زانکۆدا، هەر دەستەیەک زووتر بگەیشتایە و ژوورێکی داگیر بکردبایە، تابلۆی دەستەکەی خۆی لەسەر دەرگەکە هەڵدەواسی و دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و بڵاوکراوەکانی خۆی دەکرد. ئەمە تەنیا تایبەت نەبوو بە قوتابییەکانەوە، تەنانەت مامۆستاکانیش لە دەستەکاندا کەوتنە وێزەی یەکتر. دەرگە و دیوارەکان پڕ لە دروشمی دژ بە یەک، پەردەهەڵماڵین و وێنەی ئەو قوتابی زانکۆ و مامۆستایانەی لە کاتی وەرگرتنی خەڵات لە شا یان فەرەح* بوون. بە بیرم

* مەبەست فەرەح دیبایە، شاژنی پێشووی ئێران.

نایەت ئەو ساڵە چۆنمان خوێند و چۆن تاقیکردنەوەمان تێ پەڕاند! هەموو شتێک لەژێر تیشکی شەڕی ئیدیۆلۆجی بوو، هاوڕێکانی دوێنێ تا کەنارەکانی مەرگ یەکتریان دەکوتا، کە لایەنی بەرامبەر دەیدۆڕاند، پەکی دەکەوت، تەنانەت گیانیشی لە دەست دەدا، ئەوان ئاهەنگیان دەگێڕا و ئەوەیان بە سەرکەوتنێکی مەزنی دەستەکەیان دەژمارد. لەوە خۆشحاڵ بووم کە دوا وەرزم بە ڕێ دەخست. حەمید پێ دەکەنی و دەیگوت:

– چ قوتابییەکی ئارەزوومەندی! ئەوەندە ئاشقی خوێندنی، بیر لەوە ناکەیتەوە وازی لێ بهێنیت.

– بێ ویژدان! ئێستا گاڵتەمان پێ دەکەی. من دەمتوانی تەنانەت سێ ساڵ و نیوی خولی لیسانسیش تەواو بکەم، بەڵام لەبەر تۆ ناچار بووم واز لە خوێندن بهێنم، پاشانیش توانیم لە هەموو وەرزێکدا بەلای کەمەوە پلەی شیاو بە دەست بهێنم، بۆ ئەوەی هەم فریای فەرمانگە بکەوم، هەم منداڵەکان و هەمیش بتوانم بخوێنم، کەچی وێڕای هەموو ئەمانەش، کۆی پلەکانم زۆر بەرزە، دڵنیابە ماجستێریش وەردەگرم.

بەداخەوە، بێ سەرەوبەرەیی زانکۆ، ڕۆیشتنی زۆربەی مامۆستاکان، ڕێک نەخستنەوەی پۆلەکان، بوون بە هۆی ئەوەی کە جارێکی تریش خوێندنەکەم تەواو نەبێت و چەند یەکەیەکی دیاریکراوی وانەکانم بۆ وەرزی دواتر بمێنێتەوە. لە فەرمانگەشدا ڕەوشەکە بە هەمان شێوە بوو، هەر ڕۆژی مۆری ساواکبوونیان لە کۆمەڵە خەڵکێک دەدا و دەنگۆیەک بڵاودەبووەوە کە هەموومانی لە جێگەی خۆماندا وشک دەکردەوە. دەرکردن و پاکسازی فەرمانگەکان و ڕێکخراوەکان لە خەڵکانی دژ بە شۆڕش لە بەرنامەی کاری هەموو دەستەکاندا بوو و هەموو کەسێک ئەوی تری بە دژە شۆڕش تاوانبار دەکرد. لە ماڵی ئێمەدا ئاوازێکی تریش بەرگوێ دەکەوت، سیامەک لە قوتابخانەوە ڕۆژنامەی موجاهدینی دەهێنایە ماڵەوە.

لە کۆتاییی گەلاوێژی ١٩٧٩ کچەکەم لەدایک بوو. ئەمجارە حەمید لە کاتی منداڵبوونەکەدا لەوێ بوو، خۆی منی بۆ نەخۆشخانە برد. لە دوای منداڵبوونەکەم و ئەو کاتەی بۆ بەشەکە بردیانم، بە پیکەنینەوە هاتە لامەوە و گوتی:

– ئەمەیان زۆرتر لە خۆت دەچێت.

– بەڕاستتە؟ بۆچی شێوەی چۆنە؟ پێم وابێت ئەسمەرە.

– جـارێ فـرەتر سـووره تا وەک ئەوەی ئەسـمـەر بێت! گـۆناکـانی چاڵن، زۆر شیرین، جوان و خوێن شیرینە، بڕیار بوو ناویشی شارەزاد بێت، وانییە؟

– نە! بڕیار درا بـە پێچـەوانەی شـارەزاد تەمـەنێکی درێژ، هێمن و بەخـتـەوەری هەبێت و ناوێکی لێ بنێین کە لێی بێت.

– باشە بەم فسقلییە چی لێ دێت؟

– ئێستا خۆت وتت.

– چیم وت؟

– شیرین!

ئەمجارەیان زۆر باش دەمزانی سـەردەمی کۆرپەیی و منداڵیی منداڵەکان چەند کورتە و بەدڵنیاییەوە ئەمە دوا منداڵ دەبێت، دەمویست چێژ لە هەموو ساتەکانی وەرگرم. سـیامـەک هێند گوێی پێ نەدەدا، بەڵام مـەسـعـوود نەک تەنیا ئیرەییی پێ نەدەبرد بەڵکو بە تامـەزرۆوە لەم بوونەوەرە سـەیرەی دەڕوانی و بـەسـەرسـوڕمـانەوە دەیگوت:

– سـەرەڕای ئەوەی کە زۆر بچووکە هـەمـوو شـتێکی هـەیە! سـەیرکە نینۆکەکانی چەنێکن! کونا لووتەکانی وەکو دوو سفرن (ژمارەی سفر).

نازانم بۆچی پێکەنینی بە شـێوەی گوێچکە و قژە پڕەکـەی دەهات کە تەنیـا لە بەشی پێشەوەی سەریدا بوو. کە لە قوتابخانە دەهاتەوە بۆ لای دەڕۆیشت، قسەی لەگەڵ دەکرد و یاری دەکرد. وا دیار بوو شیرینیش ئەوی زۆری خۆشدەویست، بە بینینی دەست و پێی ڕادەوەشاند و پێ دەکەنی، کە گەورەتر بوو، لە دوای من تەنیا خـۆی بۆ بـاوەشی ئەو دەخـست. شـیـرین کـچـێکی تەندروست بـوو، هـەم لە ڕووی دەروونی و هـەڵسـوکـەوتـەوە و هـەم لـە ڕووی ڕووخـسـارەوە، ئاوێتـەیەک بـوو لە سـیـامـەک و مـەسـعـوود. وەکو مـەسـعـوود ڕووخـۆش و دەم بە پێکەنـین بوو و وەکو سـیـامـەکیش شـەیتـان و بزێو بوو. شـێـوەی لێو، دەم و گۆناکـانی لە من دەچوون، کەچی پێستـە گەنم ڕەنگ و چاوە ڕەش و درشـتـەکانی لە حەمـیـدەوە بۆ مـابووەوە. ئەوەنـدە سـەرقـاڵی ئەو بووم لـە نەهاتـنەوە دوور و درێژەکـانـی حـەمـیـد وەڕس نەدەبووم، ئاگام لە کار و چالاکییـەکانی نەبوو، تەنانەت لە سـیـامـەکیش بێ ئاگا

بووبووم، وانەکانی هەروەک هەمیشە باش بوون، بەڵام ئاگام لە کارەکانی تری نەبوو. لە پاش سێ مانگی پشووی منداڵبوون، بڕیارم دا ساڵێکیش پشووی بێ مووچە وەربگرم. لەم ماوەیەدا دەمتوانی منداڵەکەم بەخۆشی و ئاسوودەییەوە گەورە بکەم، خوێندنەکەم تەواو بکەم و لەوانەش بوو بۆ تاقیکردنەوەی ماجستێریش ئامادە بم.

کچەکەم، بێجگە لە ئەندامانی خێزانەکەمان ئاشقێکی تریشی هەبوو، ئەویش پەروین خانم بوو کە ئیتر زۆر بە تەنیا و بێ کار بووبوو. لەوە دەچوو چیی تر کەس جلی نەدەدووری و بازاڕی کاری درووماانی وەستا بوو، دوو ژووری ئەوبەری حەوشەی ماڵەکەی بەکرێ دابوو و خۆیشی لە ژوورەکانی ئەمبەرەوە دەژیا، بەم شێوەیە نیمچە داهاتێکی هەبوو و چیی تر خەمی کەمبوونەوەی کاری نەبوو، زۆربەی کاتەکانی دەست بەتاڵی لەلای من بەسەر دەبرد و کاتێک بۆ وەرزی خوێندنی زستانە خۆم ناونووس کرد، بەڵێنی دا ئەو ڕۆژانەی کە زانکۆم هەیە ئاگای لە شیرین بێت.

بەڵام بە ڕاستی زانکۆ شێواو و ناڕێک بوو. ڕۆژێ لە کاتێکدا دوکتۆر... یەکێ لە مامۆستا دێرین و ڕۆشنبیرەکانی کۆلێژەکە بوو کە لە پۆلەکەیدا نەماندەوێرا قسە بکەین و زۆر ڕێزمان لێ دەگرت، دەستەیەک لە قوتابیانی زانکۆ بە تاوانی ئەوەی کە کتێبەکەی خەڵاتی پادشایەتی وەرگرتووە، بەشەق لە زانکۆ کردیانە دەرەوە، زۆر تێک چووم، بەتایبەتیش کاتێک هەندێ مامۆستای تر بۆ پشتیوانی بە پێکەنینەوە سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد، کاتێک ئەمە ڕووداوەم بۆ حەمید باس کرد، سەرێکی با دا و گوتی:

– لە شۆڕشدا شوێنی ئەم بەزەییە بێ سوودانە نابێتەوە، پاکسازی یەکێک لە بنەماکانی شۆڕشە، بە داخەوە ئەمانە توانای ئەم کارەیان نییە و بە کەمتەرخەمییەوە بە سەریدا تێ دەپەڕن. لە دوای هەموو شۆڕشێک، ئاوەڕۆی خوێن دروست بووە و خەڵکی تۆڵەی سەدان ساڵەیان لە ناپاکان کردووەتەوە، کەچی لێرە هیچ ڕوو نادات.

– چۆن هیچ ڕوو نادات؟ تازەیی وێنەی لە سێدارەدراوەکانیان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردبووەوە.

– ئاه...! هەر ئەو چەند کەسە؟ ئیتر ئەگەر ئەوانەشیان لە سێدارە نەدایە خۆیان دەچوونە ژێر پرسیارەوە.

– حەمید ئەم قسەیە مەکە، دەمترسێنێت، پێم وایە ئەمەش زۆرە.

– تۆ زۆر هەستیاری، کێشەکە لەمەدایە کە خەڵکی ئێمە ڕۆشنبیریی شۆڕشیان نییە.

بێ سەروبەرەیی و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵکشاندا بوون، وا دیار بوو بەهۆی داخستنی زانکۆ ئەم خولەی خوێندنی من کۆتایی پێ نەدەهات. لە هێمنی و سەقامگیرییەوە زۆر دوور بووین. قسە و قسەڵۆکی شەڕی ناوخۆ و دەنگۆی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی هەندێک لە بەشەکانی وڵات، بەتایبەتی کوردستان لە زمانی خەڵک بڵاو بووبووەوە، حەمید زۆربەی کاتەکانی بە سەفەرکردن بەسەر دەبرد، ئەمجارەیان زیاتر لە مانگێک بوو نەهاتبووەوە، هیچ هەواڵێکیم نەدەزانی، دووبارە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەستی پێ کردەوە، بەڵام چیی تر تاقەت و بەرگریی ڕابردووم نەبوو، بڕیارم دا کە گەڕایەوە بە جیدی قسەی لەگەڵدا بکەم.

پاش شەش هەفتە، لە نیوەشەودا، ماندوو، ژاکاو و چڵکن هاتەوە، یەکسەر چووە سەر تەختەی خەوەکە و دوازدە کاژێر خەوت. سەرەنجام دەمەو نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی لە دەنگەدەنگی منداڵەکان لە خەو هەستا، خۆی شۆرد، ژەمێکی باشی خوارد و هەر لە تەنیشت مێزی چێشتخانەکە، چوست و چالاک دەستی بە قسەکردن و سەر نانە سەر منداڵەکان کرد. من سەرقاڵی قاپ شتن بووم کاتێک بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکی لای منی کرد و گوتی:

– قەڵەو بوویت؟

– نە، بەڕێککەوت لە مانگەکانی پێشووتر زۆر لاوازتر بوومەتەوە.

– کەواتە پێشتر قەڵەو بووبووی؟

حەزم دەکرد شتێکی بۆ بهاوم، لە بیری چووبووەوە کە زیاتر لە حەوت، هەشت مانگ نابێت منداڵم بووە، بۆیەش هیچ هەواڵی شیرینی نەدەپرسی، لەو کاتەدا دەنگی گریانی منداڵەکە بەرز بووەوە، بە ڕقەوە هەڵگەڕامەوە و گوتم:

– کەوتەوە بیرت؟ جەناب عالی منداڵێکی تریشت هەیە.

نەدەچووە ژێر باری ئەوەی کـە ئەوی لـە بیـر چـووبووەوە، منداڵەکـەی لـە باوەش گرت و گوتی:

– وای وای... چ خەپە و مەپە و گەورە بووە، زۆر خوێن شیرینە!

ئینجا مەسعوود دەستی بە ژماردنی هونەرەکانی خوشکەکەی کرد، چۆن بۆی پێ دەکەنێت، هەموو ئەندامانی خێزان دەناسێت، پەنجەی ئەو توند دەگرێت، دوو ددانی هەیە و بەم نزیکانەش بە هەردوو دەست و پێ دەڕوات.

– ئەی باوکە، بۆچی چەنێکە من ڕۆیشتووم؟ واتە لەم ماوە کەمەدا ئەم هەموو کارانە فێر بووە؟

– نە، لە پێش ڕۆیشتنت ددانی دەرکردبوو و زۆر شتی تریشی دەکرد، بەڵام تۆ نەتدەبینی.

ئەو شەوە لە ماڵ نەچووە دەر، نزیکەی کاژێر دە، زەنگی دەرگە لێ درا، لە پڕ لە شوێن خۆی ڕاچڵەکی، لە کاتێکدا پڕی لە چاکەتەکەی دا و بەرەو پشت سەربانەکە هەڵهات، من گەڕامەوە ساڵەکانی زووتر، دەتگوت هیچ شتێک نەگۆڕابوو، دڵم بەیەکدا دەهات.

بە بیرم نایەت کێ لە دەرگەی دا، هەرچییەک بێت هیچ مەترسییەک لە ئارادا نەبوو، بەڵام هەردووکمانی شڵەژاند، بەپەژارەوە تەماشایم کرد، شیرین خەوتبوو، کوڕەکان بە بینینی باوکیان بیریان لە خەوتن نەدەکردەوە، بە جیدی و سووربوونەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان ناردیانم، حەمیدیش هەستا و کتێبێکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا، شەوباشێکی کرد و بەرەو لای ژووری نووستن ڕۆیشت، بە فەرمانەوە گوتم:

– حەمید، دانیشە پێویستە قسەت لەگەڵ بکەم.

بە بێ تاقەتییەوە گوتی:

– ئاھ... ئێستا، هەر دەبێت ئەمشەو؟

– بەڵێ، هەر ئەمشەو، دەترسم سبەی نەبێتەوە.

– وای، چ خۆتاک و شاعیرانە!

– هەرچیت پێ خۆشە بیڵێ و گاڵتەی پێ بکە، بەڵام دەشێ من قسەی خۆم

بکەم. حەمید سەیرکە، من ئەم هەموو ساڵە، بەرگەی هەموو جۆرە بەدبەختییەکم گرت، هیچ کاتێک هیچ چاوەڕوانییەکم لێت نەبوو، ڕێزم بۆ بیروباوەڕ و ئامانجەکانت دانا، هەرچەندە باوەڕم پێیان نییە، لەگەڵ تەنیایی، بێ هاودەمی، ترس، نیگەرانی و بێ تۆییەکان سازام، لە ژیاندا خواستەکانی تۆم لە پێش هەموو شتێکەوە دەزانی، هێرشی شەوانە، ژێر و ژووربوونی ژیان، چەندان ساڵی بێ ڕێزی و سووکایەتی پێکردنی بەر دەرگەکانی زیندانم قەبوڵ کرد، بە تەنیا باری قورسیی ژیانم لەسەر شان هەڵگرت و منداڵەکانم گەورە کرد.

– باشە، مەبەست، نەتهێشت بخەوم بۆ ئەوەی سوپاست بکەم؟ باشە سوپاست دەکەم سەرکار خانم، تۆ بێ هاوتای...!

– حەمید ناز مەکە، من سوپاسی تۆم ناوێت، دەمەوێت بڵێم، نە من چیی تر کچە حەڤدە ساڵەکەم تاوەکو ستایشی قارەمانییەکانت بکەم و دڵم پێیان خۆش بێت، و نە تۆش ئەو گەنجە سی ساڵە تەندروست و بەهێزەیت تا بتوانی بجەنگی و خەبات بکەیت، خۆت دەتگوت ئەگەر ڕژێمی شا برووخێت، شۆڕش سەرکەوتوو بێت، خەڵک بەو ئامانجە بگەن کە خوازیارین، دەگەڕێینەوە ژیانی ئاسایی خۆت و بەئارامی، شادی و خۆشی پێکەوە منداڵەکان گەورە دەکەین، کەمێک بیر لەوە بکەرەوە کە ئێمە لە بەرامبەر منداڵەکاندا بەرپرسیارین، ئەوان پێویستییان بە تۆیە، ئیتر واز بێنە، من بەرگری و توانام نییە، کارە سەرەکییەکە جێبەجێ کراوە، تۆ ئەرکی خۆت بەرامبەر بە ئامانجەکان و وڵاتەکەت بەجێ هێنا، ئەوانی تر بخەرە ئەستۆی گەنجترەکان، بۆچی من بێجگە لە ئاسوودەیی و بەختەوەریی منداڵەکانمان چیی ترم دەویست؟ ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، وەرە ئەوان بخەرە پێشینەوە، کوڕەکان پێویستییان بە باوکە، چیی تر من ناتوانم جێگەی تۆیان بۆ پڕ بکەمەوە، لە بیرتە ئەو مانگەی لە باکور بووین منداڵەکان چەند شاد و بە کەیف بوون! چ ورەیەکیان هەبوو! هەموو شتێکیان بە تۆ دەوت، بەڵام ئەمە ماوەیەکە من نازانم سیامەک چی دەکات! هاوڕێکانی کێن؟ ئەو لە تەمەنی پێگەیشتندایە، تەمەنێکی ترسناکە و دەشێت کاتی بۆ بڕەخسێنیت، ئاگات لێی بێت، پێویستە بۆ دوارۆژیان بەرنامە دابنێین، خەریکە خەرجییان گرانتر دەبێت، چیی تر بەم گرانی و گیروگرفتە ئابوورییانەوە من ناتوانم بەتەنیا ئەم بارە لەسەر شان هەڵبگرم، قەت بیرت لەوە کردووەتەوە لەم چەند مانگەدا کە من پشووی بێ مووچەم وەرگرتبوو، ژیانمان چۆن

بەســەربرد؟! باوەڕ بکە ئەو پارە کـەمـەی کەوا بـۆ ڕۆژی تەنگانەش دامنـابوو تەواو بوو، هەتا کەی دەشێ باوکە پیرەکەت جەورمان بکێشێت؟

– ئەوە مووچەی خۆمە کە سەری مانگ بە ئێوەی دەدا.

– کـام مـووچە؟ بۆ خـۆت دەخـەڵەتێنیت؟ بۆچی ئەم چاپخـانەیە چەنێک داهاتی هەیە تاوەکو بە کەسێکی بێ کاری وەکو تۆش کە هەرگیز لەوێ نیت، مووچە بدات؟

– ئێستـا کێشـەی تۆ چییە؟ پێویستیت بە پارەیە؟ پێیان دەڵێم مـووچەی زیاترم پێ بدەن، ئاوها دڵنیا دەبیت؟

– بۆ لە مـەبەسـتـم تێ ناگـەی؟ من ئەم هەمـوو قـسـەیەم کـرد کـەچی تـۆ هەر بە پارەوە نووسای؟

– ئەوانە هەمـوو شیعـر بوون، کێشـەی سەرەکـی تۆ هـەر ئەوەیە، هیچ ئایدیالێکی مـەزن لە مـێـشکتـدا نـیـیـە؟ خـزمـەتکردنـی گـەل، هیچ شـوێنێکی لە بیـرکـردنەوە مادییەکانی تۆدا هەیە؟

– دووبارە دەستت بە دروشمدان کردەوە، ئەگەر زۆر دڵت بـە جەماوەر و خـەڵکی دامـاو دەسـووتێت، وەرە با بڕۆین لە دوورترین خـاڵـی وڵات ببین بە مـامـۆسـتـا، لە پێناو خـەڵکدا کـار بکەین، فێریان بکەین، خـۆشـمـان زەوی وەربگرین و جـووتیـاری بکەین، یان هەر کارێکی تر کە بە بۆچوونی تۆ خزمەتکردنی خەڵکە، من هیچ ناڵێم، با هیچ داهاتێکیشمـان نەبێت، تەنیـا دەمـەوێت بەیەکەوە بین، منداڵەکان باوکیـان هەبێت، بەخوا بـۆ کوێ بڕۆیت لەگەڵت دێم، هەر لەم شـەڕی دەروونی، ترس، هەڵاتن و ئەم نیگەرانییـە ڕزگارمان بێت، تکات لێ دەکەم، یەکجار لە ژیانتدا لەبەر خاتری خێزان و منداڵەکانت بڕیارێک بدە.

بەقین و سووکایەتی پێکردنەوە گوتی:

– تەواو بوو؟ بەڕاسـتـی زۆر ساویلکە و خەیاڵیت؟ هـێشـتا وەکو کچۆڵەیەک خـەو دەبینی و قسـە دەکەیت، تۆ واتدەزانـی من ئەم هەمووە ڕەنجـەم دا، چوومـە زیندان، خولی فێربوونم بینی، ئێستا کاتێک بە ئەنجام گەیشتووە، بە دوو دەست پێشکێش بەمـانەی بکەم؟ و خـۆم لـەگـەڵ چوار کـەس و لەتێک، لە خـاڵێکی دوورە دەسـتـدا لە لادێیـەکدا دانەوێڵـە بنێژم؟ زەوی بکێڵم؟ من پەیامی هێنانە سـەرکاری حکوومـەتی جەماوەریم لە ئەستـۆدایە، کێ دەڵێت شۆڕش سەرکەوتووە؟ ئێمە هێشتا ڕێگەیەکی

دوور و درێژمـان لە پـێشـە، ئـەرکی من پێـوەندی بە ئـازادکـردنی هـەمـوو گـەلانەوە هەیە، تۆ دەتەوێ کەی لەمە تێ بگەیت؟

– ئادەی پێم بڵێ حکوومـەتی جـەمـاوەری چییـە؟ بۆچی ئەو حکوومـەتە نییـە کـە خەڵکی هەڵی دەبژێرێت؟ باشە، ئەمەیان کرد، ئەگەرچی جەناب عالی پێی ڕازی نییە، بەڵام زۆربـەی خـەڵکی، هـەر ئەوانەی کـە تۆ سـینگیـان بـۆ دەکـوتی، دەنگیـان بەم حکوومەتە داوە، خۆیان ئەمانەیان هەڵبژاردووە، تۆ دەتەوێت لەگەڵ کێ بەشەڕ بێیت؟

– دەبڕۆ بابە... کامە دەنگ؟ ئەم دەنگەیان لە خـەڵکی ناوشیار و لەوانە وەرگرت کـە لەژێر کـاریگەریی گـەرمـیی شـۆڕشـدا بوون، خـۆشـیـان نەیانزانـی کـەوتنە چ داوێکەوە.

– زانییان یا نەیانزانی، هەرچۆنێک بێت خەڵکی لەگەڵ ئەمانەدان و تۆ پارێزەری ڕاسپێردراوی خەڵک نیت، خۆیان ویستیان، دەنگەکانیشیان نەکێشاوەتەوە، دەشێ تۆش ڕێز لەم هەڵبژاردنە بگریت، سەرەڕای ئەوەی کە دژ بە بیروباوەڕەکەی تۆیە.

– واتا دەست لـەسـەر دەست دانێم و دانیـشم تـاوەکـو هـەمـوو شـتـێک بە فـیـڕۆ بچێت؟ من بیرمـەندێکی سـیاسیم، ڕێگەی دروستـی بە دەستـەوە گرتنی دەسـەڵات دەناسم، لەم دەمـەدا زەمـینە سـازە، پێویستـە تێکۆشـانەکە تا سـەر بەردەوام بێت، لەم ڕێگەیەشدا لە هیچ خەباتێک پاشگەز نابمەوە.

– خەبات؟ خەبات دژ بە کێ؟ ئێستا ئیتر شا نەماوە، ڕژێمی کۆمارییە، دەتەوێت خـەبـات بکەی؟ باشـە بیکە، بـەرنامـەکـانت ڕابگـەیـەنە و چوار سـاڵـی تر بیـانخـەرە دەنگدانەوە، ئەگەر ڕێگەکەت دروست بێت دڵنیابە خەڵک دەنگت پێ دەدەن.

– دەبڕۆ بابـە، تۆش دڵت بەوە خـۆشـە. بۆچی دەهـێـڵن؟ جـا کـامـە خـەڵک؟ ئەو خەڵکەی لە سەدا حەفتایان نەخوێندەوارن، لە ترسی خوا و پێغەمبەر خەریکن بە دوو دەست هەموو شتێکیان پێشکێش بە مەزهەبییەکان دەکەن؟

– خوێندەوار یا نەخـوێندەوار، ئەمـە خـەڵکەکەی ئێـمـەن، هـەر بەم هەڵبـژاردنە تۆ دەتەوێت حکوومەتەکەی خۆت بەزۆر لە ناو کۆمەڵگەدا جێگیر بکەیت.

– بەڵێ! ئەگەر پێویست بکات ئەو کارە دەکەم، دواتر کاتێک خەڵک زانییان چی لە بەرژەوەندییانە و کێ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان کار دەکات، ئەو کاتە لەگەڵمان دەبن.

– ئەی ئەوانەی لەگەڵتان نابن، ئەوانەی بیروباوەڕێکی تریان هەیە، چۆن؟ ئێستا لەم وڵاتەدا هەزاران دەستــە هەن لەو بڕوایەدا کـە خـۆیان خـاوەنی مـافن و بە حکوومەتەکەی ئێوە ڕازی نابن، ئەوانە چی لێ دەکەیت؟

– ئەوانە تەنیا کینە لە دڵ و ناپاکن، بیر لە بەرژەوەندیی خەڵکی ناکەنەوە و لە دژی دەوەستن، دەبێت لەسە ڕێگە لابدرێن.

– واتا لە سێدارەیان دەدەیت؟

– بەڵێ، ئەگەر پێویست بکات.

– ئێ باشە شایش هەر ئەوەی دەکرد، کەواتە بۆچی ئەوەندە داد و بێدادت بوو؟ سەیرکە، ئێمەش لە بارەی تۆوە چۆن بیرمان دەکردەوە و چ هیوایەکمان پێت بوو، مەڵێ ئاغا لە دوای ئەم هەموو خەبات و خۆشەویستیی گەل و قسەکردنە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ، ئێستا دەیەوێت ببێت بە جەلاد، ئەوەندەش نوقمی خەیاڵەکانی خۆتی، وا دەزانیت ئەوانیش چاوەڕوان دەبن تاوەکو تۆ شۆڕشی دووەمیان بۆ بەرپا بکەیت، چەک بە دەستەوە بگریت و لە بەردەمیان بوەستی و دواییش هەموویان بکوژیت؟ لە خەیاڵێکی پووچدایت! دەتکوژن بەدبەخت، دەکوژرێی، ئەمانە چیی تر هەڵەکەی شا دووبارە ناکەنەوە، و بەو بەرنامەیەشەوە کە تۆ هەتە، مافی خۆیانە.

– دەزانم، ئا ئەمانەش نیشانەی مەیلی فاشستییانەی ئەوانە، بۆیە دەبێت ئێمە چەکدار و بەهێزبین.

– تۆش کەمت لەم مەیلە فاشیستییانەیە نییە، وەکو ئەوەی گریمان دەسەڵات بە دەستەوە بگریت، ئەگەر لەوان زیاتر نەکوژی کەمتر ناکوژیت.

– ئیتر بەسە، تۆ هیچ کاتێک وشیاریی شۆڕشگێڕیت نەبووە.

– نە، من وشـیاریی شـۆڕشگێڕیم نەبووە و نیمە، تـەنیا دەمەوێت خێزانەکەم بپارێزم، حکوومەتیشم ناوێت.

– تۆ لە خۆباییت و تەنیا بیر لە خۆت دەکەیتەوە.

گفتوگۆکردن لەگەڵ حەمید بێ سوود بوو، خولانەوە بوو لە ناو بازنەیەکی داخراودا، گەڕابووینەوە ساڵەکانی پێشووتر و هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەستی پێ کردبوو، بەڵام ئەمجارەیان من زۆر ماندوو و بێزار بووم و ئەو بوێرتر و بێ پەرواتر بوو. چەند ڕۆژێک بە خۆمدا چوومەوە، بیرم لە ژیانم و لە داهاتوو کردەوە

و بەو ئەنجامە گەیشتم کە بەتەمای ئەو بوون، کارێکی گەوجانە و بێ سوودە، دەبێت تەنیا پشت بە خۆم ببەستم، ژیانمان بەم شێوەیە هەڵناسوورێت، بڕیارم دا ئەو ماوەیەی کە لە پشووە بێ مووچەکەم مابووەوە هەڵبوەشێنمەوە و بگەڕێمەوە بۆ فەرمانگە، پەروین خانم ئامادەیی دەربڕی کە بەیانییان زوو بۆ چاودێریکردنی شیرین بۆ ماڵی ئێمە بێت.

ئاغای زەرگەر سەری لە گەڕانەوەم سووڕما و گوتی:

– باشتر نەبوو تا کۆتاییی خولی پشووەکەت بەلای منداڵەکەوە بمێنیتەوە؟! تا ئاویش لە ئاسیاو ئەکەوت.

– پێویستیتان بە من نییە؟ یان شتگەلێک ڕوویان داوە و من ئاگام لێ نییە؟

– نە شتێکی تایبەتی ڕووی نەداوە، ئێمەش هەموو کاتێک پێویستیمان بە تۆیە، ئەم مەسەلەی سەرپۆش و ئەم پاکسازییانە کەمێ گرژییان ناوەتەوە.

– بەلای منەوە گرینگ نییە، من تەمەنێک بە سەرپۆش و چارشێوەوە ژیاوم.

ڕۆژ تەواو نەبووبوو کاتێک لە مەبەستەکەی ئەو گەیشتم، هەست بەو کەشە ئازادەی سەرەتای شۆڕش نەدەکرا، کەشەکە قورس بوو، دەستە و کۆمەڵەی تازە پێکهاتبوو و هەر دەستەیەکیش دژایەتیی ئەوی تری دەکرد، هاوکارەکانم هەوڵیان دەدا لێم دووربکەونەوە و هەرکە دەرۆیشتمە ژوورەوە قسەکانیان دەبڕی و بەبێ هیچ هۆیەک پلاروتەشەریان دەهاوێشت. لە لایەکی تریشەوە چەند کەسێک هەوڵیان دەدا بەنهێنی بچنە ناو قسەوباسەوە و داوای زانیاری سەیریان لێ دەکردم، دەتگوت من ڕێکخەری هەموو بەرنامەکانی بەرەی چەپ بووم. کۆمیتەی شۆڕش، کە من یەکەم هەڵبژێردراوی بووم، هەڵوەشابووەوە و چەندان کۆمیتەی تازە پێک هێنرابوو، گرینگترینیان کۆمیتەی پاکسازی بوو کە لەوە دەچوو چارەنووسی هەمووانی لە دەستدا بوو، لە ئاغای زەرگەرم پرسی:

– ئەی پارەکە ساواکییەکانیان دەستنیشان نەکرد و دەریانکردن، ئیتر بۆچی ئەم هەموو کۆبوونەوەیە دەکەن و پروپاگەندە ساز دەکەن؟

بە پەژارەوە پێ کەنی و گوتی:

– با چەند ڕۆژێکی تر بمێنیتەوە دەزانیت، ئەو کەسانەی چەند ساڵێکە دەیانناسین لە شەوێکدا بوون بە موسڵمان، تەزبیحیان بە دەستەوە گرتووە و دایمە

زکر ئەکەن، ڕیشیان داناوە و هاتوون بۆ ئەوەی کێشە تایبەتییەکانیان یەکلا بکەنەوە، خەڵکی لە گۆڕەپانەکە بکەنە دەرەوە و خۆیان لەم خوانە پان و بەرین و بێ خاوەنە بخۆن. چیی تر ناتوانی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان لە کوڕانی ئەمڕۆ جیابکەیتەوە، پێم وابێت ئەمانە بۆ شۆڕش زۆر لەو کەسانە ترسناکترن کە بە ئاشکرا لە دژی ڕاوەستاون. بەڕاست، لە بیرت نەچێت، نیوەڕۆ دەشێت بۆ نوێژ بڕۆیت، دەنا کارت تەواوە.

– خۆ تۆ دەزانیت، من مرۆڤێکی مەزهەبیم، هەرگیزیش دەستم لە نوێژەکەم هەڵنەگرتووە، بەڵام نوێژکردن لەم فەرمانگەیەدا کە وەکو دەڵێن بیناکەشی زەوت کراوە و بە بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکەوە، بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنم کە نوێژکارم، لە من ناوەشێتەوە، من هیچ کاتێک نەمتوانیوە لە ناو خەڵکدا و بە بەرچاوی مەردومەوە خواپەرستی بکەم.

– واز لەم قسانە بێنە، ئەمڕۆ دەبێت بۆ نوێژ بڕۆی، هەموو فەرمانگەکە چاوەڕوانن بزانن تۆ چۆن نوێژ دەکەیت.

هەر ڕۆژەی ناوی چەند کەسێک لەوانەی بەر پاکسازی دەکەوتن لە ناو جامخانەی ئاگاداریی نامەکاندا هەڵدەواسران، هەموو بەنیگەرانییەوە چاومان لەم جامخانەی چارەنووسە دەبڕی و کاتێک ناوی خۆمان نەدەبینی هەناسەیەکمان وەبەردا دەهاتەوە و ئەو ڕۆژەمان بە ڕۆژێکی باش دەزانی.

ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕ، لەگەڵ دەنگی تۆپباران هات، خۆمان گەیاندە سەربانی فەرمانگە، کەس نەیدەزانی چی ڕووی داوە، هەندێک دەیانگوت دژە شۆڕشەکان هێرشیان کردووە، هەندێک وایان دەزانی کودەتایە و هەزاران دەنگۆی تر، دڵم بەلای منداڵەکانەوە بوو، بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە. لەوە بە دواوە شەڕیش هاتە سەر گیروگرفتەکانی تری ژیانم، گڵۆپ کوژاندنەوەکانی شەوانە، کەموکوورییە جۆرەوجۆرەکان، نەبوونی بەنزین و سووتەمەنی لە ئاو و هەوایەکدا کە بەرەو سەرما دەڕۆیشت، بە منداڵێکی ساوای بەرگەنەگرەوە کە لە باوەشمدا بوو، لە هەمووی خراپتر ئەو وێنە ترسناکەی شەڕ بوو لە ئاوەزمدا کە ورەی لاواز دەکردم. پارچەیەکی ڕەشم بەسەر پەنجەرەی ژووری منداڵەکانەوە دا و شەوانە کاتێک کارەبا دەبڕا و مەترسیی هێرشی ئاسمانی لە ئارادا بوو، هەموومان لەوێدا

له دەوری ڕووناکی مۆمدا کۆ دەبووینەوە، بەهەراسەوە گوێمان لە دەرەوە دەگرت، حەمید دەیتوانی بە مانەوەی لەگەڵماندا یاریدەدەر و هێورکەرەوەیەکی باش بوایە، بەڵام ئەو وەکو هەمیشە، لە هیچ کاتێکی هەستیاردا لەلای ئێمە نەبووە، نەمدەزانی لە کوێیە! بەڵام چیی تر توانای دڵەڕاوکێم نەمابوو.

کەمیی سووتەمەنی و دابەشکردنی بەنزین، سیستەمی هاتوچۆی گشتی تێک دابوو، زۆربەی جارەکان پەروین خانم لە کاتی هاتنیدا بۆ ماڵمان ئۆتۆمۆبێلی دەست نەدەکەوت، بەشێکی ڕێیەکە بە پێ دەهات. ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژێک درەنگتر گەیشتمە فەرمانگە، هەرکە چوومە ژوورەوە سەرنجی هەلومەرجی نائاساییم دا، پاسەوانەکە ڕووی لێم وەرگێڕا، نەک هەر سڵاوی نەکرد بەڵکو وەڵامی سڵاوەکەشی نەدامەوە، چەند شوفێرێکی فەرمانگە لە پشت دەرگەکەوە بە نهێنی تەماشایان کردم، هەموو کەسێک کە بەرەو ڕووم دەهات نیگای دەدزییەوە و خۆی لە بینینم لا دەدا، کە پێم خستە ژوورەکەمەوە لە جێی خۆم وشک بوومەوە، هەموو شتێک تێکەڵوپێکەڵ و بەسەر یەکدا کەوتبوو، هەرچییەک لەناو چەکمەجەکاندا هەبوو هەڵیانڕشتبووە سەر مێزەکە، کاغەزەکان پەرش و بڵاو بووبوون، ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزە، ترس، نیگەرانی، قین، سووکایەتی پێکردن ئاگری لە دەروونم بەر دەدا، دەنگی ئاغای زەرگەر بە خۆدا هێنامیەوە:

– ببوورە خانمی سادقی، بێ زەحمەت بفەرموو وەرە ژوورەکەم.

– وەکو مرۆڤێکی ئاسنین بێدەنگ و حەپەساو کەوتمە شوێنی. داوای لێ کردم دانیشم، بەسەر کورسییەکەدا کەوتم، کەمێک قسەی کرد، بەڵام من هیچم گوێ لێ نەدەبوو، نامەیەکی بە دەستمەوە دا، بە خۆدا هاتمەوە نامەکەم وەرگرت و وتم چییە؟

– لە لێژنەی پاکسازیی فەرمانگەی ناوەندییەوە هاتووە، وتم کە... نووسراوە تۆ دەرکراویت...

چاوم لێ بری، فرمێسکە قەتیسماوەکەی کە لە قیندا لە نێوان پێڵووەکانمدا پەنگی خواردبووەوە، چاوەکانمی دەکزانەوە، هەزاران خەیاڵ لە مێشکمدا جۆشیان دەدا، بە دەنگێکی داگیراوەوە گوتم:

– بۆچی؟!!

– عـەرزم کـردی، بـە هـاوسـۆزیی کـۆمـۆنیـسـتی و پێـوەندیت بـە دەسـتـە دژە شۆڕشـەکانەوە و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەوان تۆمەتبار کراویت.

– بەڵام من نە هـاوسـۆزیانم و نە هـیچ چالاکـییەکم کردووە، مـن نزیکەی سـاڵێکە پشووم وەرگرتبوو و لە فەرمانگە نەبووم.

– وایە، بە بۆنەی هـاوسـەرەکەتەوە...

– بەڵام کـارەکـانی ئەو پێـوەندی بـە منەوە چییـە، هـەزار جـار وتم من وەکـو ئەو بیرناکەمەوە، نابێت ئۆباڵی ئەو لەسەر من بپژێردرێت.

– ڕاسـتـە، دیارە دەتـوانیت نارەزایی دەرببـڕیت، بەڵام دەڵێن بەڵگە و سـەنەدیان لەو بارەیەوە هەیە و چەند کەسێکیش شایەدییان داوە.

– کام بەڵگە و سەنەدە؟ شایەدیی چییان داوە؟ بۆچی من چیم کردووە؟

– دەڵێن لە مـانگی ڕەشـەمـێی سـاڵی حـەفـتـا و هـەشت هاوسـەرەکـەت بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ ئامانجەکانی خۆی بۆ فەرمانگە هێناوە، کۆبوونەوەی پرسیار و وەڵامت داناوە و ڕۆژنامەی دژ بە شۆڕشیشت بڵاو کردووەتەوە.

– بەڵام ئەو بۆ شوێن من هاتبوو، هاوکارەکانم خۆیان بەزۆر هێنایانە سەرەوە.

– دەزانم، دەزانم، خۆم هەموو شتێکم لە بیرە، پێت وانەبێت من بەم قسانە قایل بووم، تەنیـا دەمەوێت بڕیارەکە ڕوون بکەمـەوە، تۆش دەتوانیت نارەزایی دەربڕی، بەڵام ڕاسـتت دەوێت من هـەست بـە مـەترسـی دەکـەم هـەم بۆ تـۆ و هـەم بـۆ ئەو، بەڕاست، ئێستا لە کوێیە؟

– نازانم، دیسانەوە وا مانگێکە ڕۆیشتووە و هەواڵی نازانم.

ماندوو و دەرکراو، گەڕامـەوە ژوورەکەم بۆ کۆکردنەوەی شتومەکەکانم، فرمێسک لە چاوەکـانمدا گـێـژەڵووکـەی بوو، بـەڵام نەمـدەهێـشت بێـتـە خـوار، نەمـدەویست دوژمنەکـانم لاوازی و زەبوونیم ببـینن. عـەباسـەلی کـارمـەندی نـهـۆمـەکـەمـان بە سـینییـەک چایەوە خـۆی کـرد بە ژوورەکەدا، دەتگوت پێی خسـتـووەتە شـوێنێکی قەدەغەکراو، کەمێک بە داخەوە سەیرێکی من و ژوورە بەسەریەک شـێواوەکەی کرد و بە دەنگێکی نزمەوە گوتی:

– بە خوا خـانمی سادقی نازانیت چەند پێم ناخۆشە، بە گیـانی منداڵەکانم، بەم

قبلەی حاجاتە، ئێمە هیچ شتێکمان دژ بە تۆ نەوتووە، ئێمە لە باشی و میهرەبانی هیچی ترمان لە تۆ نەبینیبوو، هاوکارەکان هەموو بێ تاقەتن.

بەپەژارە و تووڕەیییەوە پێ کەنیم و گوتم:

– بەڵێ، لە هەڵسوکەوت و شایەدییە درۆکانیانەوە دیارە، ئەو کەسانەی وا حەوت ساڵی ڕەبەقە، هەموو ڕۆژێکمان پێکەوە بەسەربرد، ئاوها بۆیان داکوتام، ئێستا نایانەوێت سەیریشم بکەن.

– نە بەخوا خانم سادقی، وا نییە، ئەوان دەترسن، تۆ نازانیت بۆ خانمی سەعادەتی و کەنعانی چ داوێکیان چنیوە، دەڵێن هەر لەم ڕۆژانەدا ئەوانیش دەردەکەن.

– نە، ئیتر ئاوهاش نییە، ئێوە خۆتان فرە گەورەی دەکەنەوە، ئەگەریش دەریان بکەن لەبەر ئەوە نییە کە هاوڕێی منن، گرێی چەند ساڵەی بەڕێوەبەرایەتییەکە و ئیرەییی نێوان فەرمانبەرەکانە کەوا ئێستا خەریکن بەم شێوەیە دەردەکەون.

جانتاکەم کە لە شتومەکدا ئاوسا بوو، هەڵگرت و پەروەندەگرەکەم خستە ژێر باڵم کە بەڵگەنامە تایبەتییەکانمی تێدا بوو، و بریاری ڕۆیشتنم دا.

– توخوا خانم لەلایەن ئێمەوە لە دڵی مەگرە و گەردنمان ئازاد بکە.

باری دەروونیم لە تێکچووندا بوو، ماوەیەک سەر لێشێواو لەناو بازاڕدا سووڕامەوە.

.. ڕق و هەست، هەڵچوون و هاوار
لە ناخمدا، گشتی خەریک بوو دەگەنی
لە خەونمدا، هیوای ڕزگاربوونم دیت و
لە ناخمدا کەسێک قاقا پێ دەکەنی

هەتاوەکو نیوەڕۆ بە پێ ڕۆیشتم، وردە وردە نیگەرانی دەستی پێ کرد، ڕق و یاخیبوون جێگەی هەستکردن بە سووکایەتی پێکردنی گرتەوە، خەمی داهاتوو، حەمید، منداڵەکان، نەبوونی، بەم گرانییە ترسناکەوە بە بێ مووچە و داهات، دەشیا چی بکەم؟ دوو مانگ بوو چاپخانە هیچ داهاتێکی نەبوو و باوک حەمید نەیتوانیبوو مووچەی بۆ دابین بکات، سەرم زۆر دەیەشا، بەئاستەم خۆم گەیاندە

ماڵەوە، پەروین خانم بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– ئێ! بۆ وا زوو هاتیتــەوە؟ ســەرلەبەیانیش درەنگ ڕۆیشــتی، وا بڕوا دەرت دەکەن ها!

– دەریان کردم!

– چی؟ توخوا بە ڕاستتە؟ بۆچی؟ بمرم، هەمووی کەمکاریی من بوو، بەیانی درەنگ گەیشتم.

– نە بابە...، هیچ کەسێک لەبەر درەنگ گەیشتن، کار نەکردن، مل شکاندنی خەڵکی، نەزانینی کار، دزی، حیزی، خراپ بوون، بێ شەرەفی و بێ ئاوەزی دەرناکەن، من دەردەکەن، منێک کە وەکو کەر کارم دەکرد، ئیشەکەی خۆم دەزانی، دەبوایە خەرجم بۆ منداڵەکانم بکردایە، من ناپاک بووم، دەبوایە دەریان بکردمایە بۆ ئەوەی فەرمانگە پاکەوە بێت.

چەند ڕۆژێک دۆخێکی زۆر خراپم هەبوو، سەرئێشەیەکی زۆر و بەردەوامم هەبوو، بۆ چرکەیەکیش چاک نەدەبووەوە، تەنیا بە دەرزییە نۆڤالژینەکانی پەروین خانم دەمتوانی چەند کاژێرێک بخەوم، کەچی ئەو هەواڵە تازانەی کە سەبارەت بە حەمید و دەستەکەی بەر گوێ دەکەوتن، هێنایانمەوە خۆ و کەوتمە جووڵانەوە. حەمید هەفتەی پێشوو لە سەفەری کوردستان گەڕابووەوە، بەڵام تەنیا یەک، دووجار سەردانی ماڵەوەی کرد، دەیگوت کارم هەیە و شەوانە لە چاپخانە دەمایەوە، تەنانەت بواری ئەوەشی نەبوو لەبارەی پاکسازی و دەرکردنەکەمەوە لە فەرمانگە قسەی لەگەڵدا بکەم. هەواڵەکان ڕۆژ بە ڕۆژ خەماوەرتر و هەراسی من پتر دەبوو، تاوەکو سەرەنجام ئەو شەوی زریانەخەوەی کەوا جارێکی تریش بینیبووم، دووبارە بووەوە. لە نیوەشەودا ڕژانە ماڵمان، بە قسەکانیاندا زانیم کە هاوکات لە چاپخانەکەشن و حەمید و ئەوانەی تریش گیراون. هەمان شاڵاو، هەمان هەراس، هەمان ڕق، دەتگوت فیلمێکی کۆنی ناخۆشیان بۆ داناوم و بەسەریاندا سەپاندووم کە بە زۆر سەیری بکەم، گەڕانی ئەم دەست و چاوە نامۆیانە بە نهێنیترین و تایبەتیترین گۆشەکانی ماڵ و کەلوپەلەکانمدا هەمان هەستی ڕووتبوونەوە و لەرزی لە ناخمدا داکوتا کە چەند ساڵێک پێشتر تاقیم کردبووەوە و هەتا ئێستاش یادەکانی موچڕکێکی قێزەون بە جەستەمدا دەهێنێت.

ئەمــجــارەیان، تووڕەیی ســیــامــەک تەنیــا لە نیگاکــانیــدا نەبوو، ئەو ئێــســتــا نەوجەوانێکی پازدە ساڵە بوو و زۆر هەستیار بوو، لە قین و تووڕەییدا پێچی لە خۆی دەدا و هەوڵی دەدا ڕقەکەی بە هەڵمەتێک یان بە شاڵاو دەرببڕێت، بەتوندی دەستیم لەناو دەستمدا گرتبوو، لەژێر لێوەوە لێی دەپاڕامەوە کە هێمن ببێتەوە، هیچ نەڵێت و دۆخەکە لەمە خراپتر نەکات، مەسعوود ڕەنگی بزرکابوو و تەماشای ئەم دیمەنانەی دەکرد، شیرین کە هەراسان و ترسا بوو، لە باوەشیم دانا، هەوڵی نەدەدا ئارامی بکاتەوە.

جارێکی تر هەموو شتێک سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە. سەرلەبەیانی تەلەفۆنم بۆ مەنسوورە کرد و داوام لێ کرد بەهێمنی و بەهەر شێوەیەک پێی باشە باوکی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە، ئاخۆ ئەوان توانای ئەوەیان هەبوو بۆ جاری دووەم بەرگەی ئەزموونێکی ئاوها تاڵ بگرن؟ لە پاش کاژێرێک باوکی تەلەفۆنی کرد، دەنگە داگیراو و خەمناکەکەی دڵی تەنگ کردم، گوتم:

– باوە، دەبێت دووبارە دەست پێ بکەینەوە، بەڵام نازانم لە کوێوە، کەست هەیە بتوانێت جێ پێیمان بۆ بدۆزێتەوە؟ هەواڵێکیمان بۆ بهێنێت؟

– نازانم، با بزانم یەکێ بدۆزمەوە.

ماڵەکەمان شێواو و هەموومان تووڕە بووین، سیامەک وەکو شێرێک دەینەڕاند و مست و شەقی لە دەر و دیوار دەدا، بە ئەرز و ئاسمان دژوینی دەدا. مەسعوود لە پشت قەنەفەکەی ژووری میوان خۆی کردبووە خەو، دەمزانی دەگری و نایەوێت کەس لەم تەنیاییەی بێزاری بکات، شیرین کە هەموو کاتێک دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو، کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو شەپۆلی پەریشانی و ئازارەی لە ماڵەکدا بوو و بێ هۆ دەگریا و خۆم...، خۆم گێژ و شپرزە، لەگەڵ خەیاڵە ترسناکەکانمدا شەڕم دەکرد، لە لایەکەوە بە حەمید قسەم دەگوت کە بە کارەکانی خستمانییە ڕۆژی ڕەشەوە و بە خەتابارم دەزانی، لە لایەکی تریشەوە لە دڵ خۆمەوە دەمگوت: تۆ بڵێی هێشتا ئەشکەنجەکان هەر ئاسایی بن؟ ئێستا حەمید لە چ دۆخێکدایە؟ دەیگوت چل و هەشت کاژێری یەکەم خراپترین ئەشکەنجە دەدەن، ئاخۆ بەرگەی قامچی دەگرێت؟ تازە پێیەکانی گەڕابوونەوە شێوەی ئاسایی، داخۆ تاوانەکەی چییە؟ ئاخۆ لە دادگای شۆڕشدا دادگایی دەکرێت؟

دەمویست بقیژێنم، پێویستیم بە تەنیایی بوو، ڕۆیشتم بۆ ژووری خەوەکەم و دەرگەکەم لەسەر خۆم داخست، گوێی خۆم گرت بۆ ئەوەی دەنگی منداڵەکان نەبیستم، وێنەکەم لە ئاوێنەکەدا ڕەنگ بزرکاو، تۆقیو، بێ توانا و شپرزە، ئەمجارەیان دەشیا لەگەڵ ئەم دۆخەدا چیم بکردبایە؟ دەمتوانی چی بکەم؟ دەمویست هەڵبێم، ئاه... ئەگەر منداڵەکان نەدەبوون، ڕووم لە کێو و بیابان دەکرد و خۆم لە ناودەبرد، بەڵام ئەمانە چی لێ بکەم؟

وەکو کەشتیوانێک بووم کە کەشتییەکەی لە نەقومبووندایە و سەرنشینەکانی چاوی ئومێدیان لەو بڕیوە، بەڵام خۆم لە کەشتییەکەمدا تێکشکاو بووم، پێویستیم بە بەلەمی ڕزگارکردن بوو بۆ ئەوەی لە لەناوچوون ڕزگارم بکات، بمرفێنێت و بۆ شوێنێکی دوورە دەست ڕەوانەم بکات، نە، چیی تر بەرگەی هەڵگرتنی باری وەها قورسم نییە. دەنگی گریانی منداڵەکەم پتر بوو، وردە وردە دەگۆڕدرا بۆ هاوارێکی ئازارئامێز، یەکسەر هەستام و فرمێسکەکەم بە پشت دەستم سڕییەوە، چار نەبوو، منداڵەکان پێویستییان بە منە، ئەم کەشتییە بەر باهۆز کەوتووە، ناکرێت لە من زیاتر کەشتیوانێکی تری هەبێت، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و تەلەفۆنم بۆ پەروین خانم کرد، بەکورتی ڕووداوەکەم بۆ باس کرد و داوام لێ کرد لەماڵەوە بێت بۆ ئەوەی شیرینی بۆ بەرم، هێشتا لە تەلەفۆنەکەوە هاواری دەکرد کاتێک کە تەلەفۆنەکەم داخست، شیرین لە باوەشی مەسعووددا هێمن بووبووەوە، دەمزانی چیی تر تاقەتی گریانی خوشکەکەی نییە و بەزۆر لە خەوە درۆیینەکەی هەستاوە. سیامەک لە پشت مێزەکەی چێشتخانەکەوە بە دەموچاوێکی سوورەوە بوو، مستە گرمۆڵە کراوەکەی و ددانە ڕیچەوە بووەکەیەوە دانیشتبوو، دەمارە دەرپەڕیوەکانی ناوچەوانیم دەبینی، لە تەنیشتییەوە دانیشتم و گوتم:

– سەیرکە کوڕم، ئەگەر دەتەوێت بقیژێنی، بقیژێنە! ئەوەندە بقیژێنە تا خاڵی دەبیتەوە.

بە تووڕەییییەوە هاواری کرد:

– هاتن هەموو ماڵەکەمانیان بەسەر یەکدا هەڵڕشت، بابەیان گرت و ئێمەش وەکو گێل دانیشتین و تەماشامان دەکرد بۆ ئەوەی هەرچییەکیان دەوێت بیکەن و فزەمان لێوە نەهات.

– دەتویست چی بکەین؟ دەمانتوانی چی بکەین؟ دەمانتوانی پێشیان لێ بگرین؟

بە مستەکانی لەسەر مێزەکەی دا، قەراخی پەنجەی خوێنی لێ هات، دەستەکانیم گرت، دژوێنی دەدا و هاواری دەکرد، خۆم بە برینەکەی دەستییەوە سەرقاڵ کرد هەتاوەکو کەمێک هێور بووەوە، گوتم:

– سیامەک دەزانی، کاتێک منداڵ بووی لەگەڵ هەموو کەسێک شەڕت دەکرد و زۆر تووڕە دەبووی، لەو کاتانەدا لە ئامێزم دەگرتی و ئەوەندە مست و شەقت دەوەشاند هەتا دڵت خاڵی دەبووەوە، ئێستاش ئەگەر ئەوە هێمنت دەکاتەوە وەرە.

و لە ئامێزم گرت، سەر و گەردنێکی لە من بەرزتری هەبوو و زۆر بەهێزتر بوو، دەیتوانی بە ئاسانی خۆی لە باوەشم ڕزگار بکات، بەڵام نەیدەویست، سەری لە شانم گیرکرد و دەستی کرد بە گریان، پاش ماوەیەک گوتی:

– خۆزگەم بە خۆت دایە، تۆ چەند هێمن و بەهێزی!

زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەم لێ دا و لە دڵی خۆمەوە وتم باشتر، با ئەو وێنایەی لەبارەمەوە هەبێت... مەسعوود بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیرمانی دەکرد، شیرین لە باوەشیدا خەوی لێ کەوتبوو، بە ئاماژەی دەست ئەویشم بانگ کردە پێشەوە، منداڵەکەی لەسەر زەوی دانا و هاتە لام، لە ئامێزم گرت، هەرسێکمان پێکەوە گریاین، ئەو فرمێسکەی پێکەوەی دەبەستین وزەی وە بەرمان دەهێنایەوە، لە پاش چەند چرکەیەک خۆم کێشایە دواوە و گوتم:

– باشە منداڵەکان، نابێت کات بە فیڕۆ بدەین، گریە و زاری هیچ یارمەتی بابە نادات، دەبێت بەپێی بەرنامە و بەجیدی کار بکەین، ئامادەن؟

– بێگومان!!

– باشە، خێرا بکەن شتەکانتان کۆ بکەنەوە، یەک دوو ڕۆژێک دەڕۆنە ماڵ دایە، شیرینیش لەلای پەروین خانم دەمێنێتەوە.

– تۆ چی دەکەیت؟

– دەبێت من بۆ ماڵی باوە گەورە بڕۆم، لەگەڵ ئەودا بڕۆم بە دوای دۆزینەوەی سەرە داوێکی باوکت، بەڵکو بتوانین هەواڵێکیمان دەست بکەوێت، دەبێت سەردانی زۆر شوێن بکەین، هەزار دانە کۆمیتە و بنکەی سەربازی هەیە.

– منیش لەگەڵتان دێم.

– تۆ دەبێت ئاگات لە خوشک و براکەت بێت، لە دوای باوکت تۆ بەرپرسیاری خێزانەکەیت.

– یەکەم، من بۆ ماڵی دایە نارۆم، ژنەکەی خاڵۆ عەلی قەڵس دەبێت، دەیەوێت تۆڵەم لێ بکاتەوە و هەر بۆڵەبۆڵ بکات، دووەم، پەروین خانم ئاگای لە شیرینە، مەسعوودە ورچە زلەش پێویستی بە چاودێر نییە.

ئەو ڕاستی دەکرد، بەڵام دەترسام دڵە گەنج و هەستیارەکەی بەرگەی هەندێک لە ڕووبەڕوو بوونەوەکان نەگرێت، ئەمجارە نەمدەزانی هەلومەرجەکە چۆنە، ئینجا گوتم:

– سەیرکە کوڕم، تۆ ئەرکی ترت لەسەر شانە، تەنیا چاودێریی منداڵەکان نییە، دەبێت یاریدەدەرمان بۆ کۆبکەیتەوە، بڕۆ ڕووداوەکە بۆ خاڵۆ عەلی باس بکە، بزانە لە کۆمیتەکاندا ناسیاوێ، یەکێک دەناسێت؟ بیستوومە برای ژنەکەی بووەتە پاسدار، ئەگەر پێویستی کرد، خۆت لەگەڵی بڕۆ و قسە بکە، بەڵام شتێ نەڵێی کارەکەی بابە خراپتر بکات.

– نە، بۆچی منداڵم؟ خۆم دەزانم چی بڵێم.

– باشە، دوای ئەوە دەڕۆیتە ماڵی پوورت، هەموو شتێک بۆ ئاغا سادق باس بکە، لەوانەیە ئەویش ئاشنایەکی هەبێت، ئەگەریش حەزت کرد لەوێ بمێنیتەوە، باشترە... دەبێت جارێ بزانین باوکتیان بۆ کوێ بردووە، دواتر کارەکانی تریشت پێ دەڵێم.

– ناتەوێت بە خاڵۆ مەحموود بڵێم؟ حاجی ئاغاش دەتوانێت یارمەتیمان بدات ها...! دەڵێن خۆی سەرۆکی کۆمیتەیە.

– نە، بەو شەڕەی باوکت و مەحموود کردیان، لەو باوەڕەدا نیم بۆ باوکت هیچ بکات، با ئەو بمێنێت بۆ دوایی، هەر کاتێک توانیم بۆ ماڵی دایە دێم، با جارێ دوو ڕۆژیش بۆ قوتابخانە نەڕۆن، دووسبەیش هەینییە، ئیشەڵڵا تاوەکو شەممە زۆر شت ڕوون دەبێتەوە.

کەچی نەک هەر هیچ ڕوون نەبووەوە، بەڵکو هەلومەرجەکە ناڕوونتر و ئاڵۆزتریش بوو، لەم دوو ڕۆژەدا من و باوکی حەمید سەردانی هەموو ئەو دۆست و کەسانەمان

کرد کە ئەو دەیانناسێت، بەڵام بێ هوودە بوو. هەموو ئەوانەی کە پلە و پایەیەکیان هەبوو لە وڵات چووبوونە دەر، ئەوانی تر یان بێ کـــار و هەڵاتووبوون یانیش دەستمان پێیان نەدەگەیشت. باوکی حەمید گوتی:

– بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێمە ئیتر کەس ناناسین.

چار نەبوو، خۆمان دەستمان بە جووڵانەوە کرد، بنکەکانی پۆلیس بەتەواوەتی بەرپرسیارێتییان لەسەر خۆیان لابرد و دەیانگوت ئاگایان لێ نییە، دەبێت ڕوو لە کۆمیتەکان بکەن. لە کۆمیتەکان پرسیاریان دەکرد: ئەویان بە چ تاوانێک گرتووە؟ نەماندەزانی بڵێین چی، من بەترس و شەرمەوە دەمگوت: وا بزانم بە کۆمۆنیست بوون تاوانبار کراوە، هیچ کەس خۆی ناچاری وەڵامدانەوە نەدەکرد، لەوانەش بوو لە باری ئاسایشەوە بەلایانەوە دروست نەبوو پێمان بڵێن ئەو لە کوێیە. لە دوای دوو ڕۆژ ماندووتر لە پێشوو، نیگەران بۆ ئەو و منداڵەکان، بە هیوای یارمەتی و هاوکاری، بۆ ماڵی دایکم ڕۆیشتم. فاتی و منداڵەکانیش هاتن. هەموو نیگەران و چاوەڕوان بوون. سیامەک بەسەرزەنشتەوە گوتی:

– نەتدەتوانی هەواڵێکمان پێ بدەیت؟

– نە ئازیزەکــەم، نەمــدەتوانی، نازانیت لە چ بار و دۆخــێکدا بووم. بۆ هەزار شوێن ڕۆیشتین، دوێنێ شەو درەنگ گەیشتینە ماڵی باوە گەورەت، ناچار بووم هەر لەوێ بمێنمەوە چونکە بڕیار وا بوو کاژێر حەوت و نیوی بەیانی چاوم بە یەکێ بکەوێت، خۆ تۆ لەگەڵ دایە گەورەت قسەت کرد؟ وا نەبوو؟

– بەڵێ، بەڵام دەمویست بزانم ئێوە چیتان کردووە؟

– دڵنیا بە، ئەگەر هەواڵێکی باشم دەست بکەوێت لە پێش هەموو کەسێک بە تۆ دەڵێم. ئێستا بڕۆن شتەکانتان کۆ بکەنەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. و ڕووم لە عەلی کرد و گوتم:

– عەلی، تۆ و کاکە مەحمود ئەم هەموو ناسیاوانەتان لە کۆمیتەکان هەیە، ناتوانن پرسیارم بۆ بکەن، بزانن لە کوێیە؟

– بەڕاستی دادە، باسی کاکە مەحموود هەر مەکە، تەنانەت ئامادەش نییە ناوی حەمید ببیستێت. خۆشم ڕاستەوخۆ ناتوانم بەدواداچوون بکەم، هەرچییەک بێت سەرەنجام هاوسەرەکەت کۆمۆنیستە، سبەی هەزار جۆر پینەمان پێوە دەنێن،

بەڵام ئێستا ناڕاستەوخۆ هەندێک بەدواداچوون دەکەم.

دڵم زۆر تەنگ بوو، حەزم دەکرد وەڵامێک بدەمەوە، بەڵام جڵەوی خۆم گرت، هەرچۆنێک بێت پێویستیم بە یارمەتی ئەمانەیە. فاتی گوتی:

– سادقیش چەند کەسێک دەناسێت، پێیان دەڵێت، تۆ ئەوەندە خۆت ئازار مەدە، لەبەرئەوەی خۆ هیچ کارێکت لە دەست نایەت، ئێستا بۆچی دەتەوێت بۆ ماڵ بڕۆیتەوە؟

– دەبێت بڕۆم خوشکم، نازانی چ ماڵ و حاڵێکم هەیە، دەبێت سەرەنجام ڕێکوپێک بکرێت، منداڵەکان دوو ڕۆژە بۆ قوتابخانە نەڕۆیشتوون، دەشێ شەممە بڕۆن.

– باشە کەواتە شیرین لەلای من دابنێ، دەتەوێت بۆ ئەملا و ئەولا بڕۆی دەست و پێت دەگرێت، دەبینیت خۆ فێروزەش زۆری خۆش دەوێت، وەکو بووکەڵە یاری لەگەڵ دەکات.

فێروزە پێنج ساڵان بوو، وەکو گوڵ جوان و لە دڵەوە نزیک بوو و فاتی مانگی چوارەمیی دووگیانی منداڵی دووەمی بوو.

– نە ئازیزەکەم، تۆ خۆت بەو بارەوە ناتوانیت منداڵداری بکەیت، منیش منداڵەکانم لەلای خۆم بن ئاسوودەترم، تەنیا ئەگەر بکرایە پەروین خانم بهاتبایە...

پەروین خانم، ئەم دوو ڕۆژە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە چاودێریی شیرینی کردبوو، ئێستا بەتاسەوە گوێی لە قسەی ڕۆیشتنی من دەگرت، لە شوێن خۆی ڕاپەڕی و گوتی:

– کێ؟ من؟! ئەی چۆن دێم، یاخوا بە قوربانی بم، پرسەم گرتبوو ئەم منداڵە ببەی من چی بکەم.

– خۆت کارت نییە؟ بێزارت ناکەم؟

– ئەرێ بابە کاری چیم هەیە؟ ئەلحەمدولیلا نە هاوسەرێ، نە قروقاڕێ، ئێستانەش کەس جل نادوورێت، هەر دێم هەفتەیەک لە لات دەمێنمەوە، هەتا کارەکەت جێبەجێ دەبێت.

– قوربانت بم پەروین خانم، ئەگەر تۆم نەبوایە چیم بکردایە؟ چۆن ئەم هەموو

خۆشەویستییەت قەرەبوو بکەمەوە؟

ڕۆژی هەینییەکە هەمووی بە پاککردنەوەی ماڵ بەسەرچوو، بە پەروین خانمم گوت:

– ئەو جارەی تر کاتێک ماڵەکەیان بەسەر یەکدا شێواند، باوکم، خوا بیبەخشێت، چەند کەسێکی بۆ یارمەتیدانم نارد، سەیرکە ئێستا چەند بێ کەس و بێ پشتیوانم، ئاخ... چەند بیری دەکەم، چەند پێویستیم پێیەتی!

و دەنگەکەم لە گەڵومدا شکایەوە، نەمدەزانی مەسعوود ئاگای لەم گفتوگۆیەیە، ڕای کرد بۆ لام، دەستی گرتم و گوتی:

– ئێمە هەین، خۆمان یارمەتیت دەدەین، توخوا خەفەت مەخۆ.

قژە ڕەنگ جوانەکەیم بە نازەوە تێکەڵ کرد، سەیری چاوە پڕ سۆزەکەیم کرد و گوتم:

– دەزانم ئازیزەکەم، هەتا ئێوەم هەبێت خەفەت ناخۆم.

ئەمجارەیان نەچوونە ماڵەکەی نەنە، کە نیمچە چۆڵ بوو، بەم شێوەیە کارەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی نهۆمەکەی خۆماندا بوو، ئەویش تا پاش نیوەڕۆ گردوکۆ بووەوە و هیچ نەبێت ماڵەکە لە ڕووکەشدا ڕێکوپێک بووەوە. شەو منداڵەکانم نارد خۆیان بشۆن و هانیانم دا ئەو ئەرکانەی قوتابخانە جێبەجێ بکەن کە لێی دواکەوتوون و بۆ سبەی ئامادە بن، بەڵام سیامەک ئۆقرەی نەبوو، بیری لای کارەکەی نەبوو و بە قسەی نەدەکردم، دەمزانی مافی خۆیەتی، بەڵام پشووی منیش سنووردار بوو، سەرئەنجام دانیشتین و بە جیدی قسەم لەگەڵیان کرد:

– منداڵەکان دەبینن من چەند گرفتارم، چەند بەدبەختی و بیر و دەردەسەریم هەیە، دەشێ بیرم لە چەند لا بێت، پێتان وایە توانای من چەندە؟ من بەبێ یارمەتی ئێوە ناتوانم هیچ بکەم، ئەگەر هاوکاریم نەکەن و بتانەوێت خەم و دەردەسەری و بیرکردنەوەم پتر بێت، لە پێ دەکەوم، گرینگترین یارمەتی ئێوە ئەوەیە ئەرکەکانی قوتابخانەتان بەباشی جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت من لەو لایەنەوە بێ خەم بم، ئەم یارمەتییەم دەدەن؟

مەسعوود بە دڵ و گیان و سیامەک بە دوودڵییەوە بەڵێنی دا.

شەممە، جارێکی تر سەردانی چەند شوێنێکم کرد، باوک حەمید چەندان ساڵ

پیـرتر بووبوو، بەڕوونـی خـەریک بوو لـەژێر باری ئەم خـەمـەدا دەشـکایەوە، زۆر دڵم پێی دەسـووتا، هەوڵم دەدا کەمتر لەگەڵ خـۆمـدا بیبـەم، ڕاکە ڕاکەکانم بێ بەرهەم بوون، هیچ وەڵامـێکی دروستیان پێ نـەدەوتم، چارەم نەمابوو تەنیا ڕۆیشتن بۆ لای مـەحمـوود نەبێت، نە دەبوا لەم کاتەدا بیـرم لە شکۆی خۆم بکـردایەتەوە، دەمتـوانی بە تەلـەفۆن بـاشـتـر قـسـەی لەگـەڵدا بکـەم، بەڵام هەمـوو ئەندامـانی خـێـزانەکـەی دەیانزانی دەبێت پێم بڵـێن: لە مـاڵ نییـە. نادڵخـوازانە بۆ بەر دەرگـەی مـاڵەکـەی ڕۆیشـتم، چـاوەڕوان بووم هەتاکـو هـاتـەوە، بەشـوێنیـدا لە زەنگەکـەم دا و چوومـە ژوورەوە، ئیـحـتـرام سادات بەسـاردی پێشـوازی لێ کردم، غـولامەلی لـە حەوشـەکە منی بینی، یەکەم جار بەدڵخۆشـییەوە وتی: سـڵاو پووریٚ، کەچی دواتر وا دیاربوو کەوتە بیری کە نەدەبوا چۆن و چاکیم لەگەڵ بکات، پشتی لێم هەڵکرد و دەموچاوی بەیەکدا دا و ڕێگەی خۆی گرتە بەر و ڕۆیشت. ئیحترام سادات گوتی:

– خـۆ بـۆ هەواڵ پرسـینی من نـەهاتووی، ئەگـەر هـاتووی چاوت بـە مـەحـمـوود بکەوێت، دەشێ بڵێم جارێ نەهاتووەتەوە، لەوەش دەچێت ئەمشەو هەر نەیەتەوە.

– برۆ پێی بڵێ با بێتە ئێرە کارم پێیەتی، دەزانم لە ماڵە، خۆم بینیم کە هاتەوە.

– وای...! مەحموود کەی هاتەوە وا من ئاگام لێ نەبوو؟!

– وا دیارە تۆ هیچ کاتێک ئاگەت لێ نییە لە ماڵەکەتدا چی ڕوو دەدات، پێی بڵێ با بێت تەنیا دوو چرکە کارم پێیەتی.

لەژێر چاوەوە تـامـاشـایـەکی کـردم، چارشـێـوەکـەی بە دەوری لەش و لارە خـرپنەکەی ئـالاند و بە بۆڵەبۆڵ لـە ژوورەکە چووە دەر، دڵم لـەو نەڕەنجـا، دەمـزانی فەرمانەکانی مەحموود جێبەجێ دەکات، لە پاش دوو چرکە گەڕایەوە و گوتی:

– خەریکە نوێژ دەکات، خۆتیش دەزانی نوێژەکەی چەند درێژخایەنە.

– با وابێت، چاوەڕوانی دەبم، من تا بەیانی کاتم هەیە.

سـەرئەنجـام، لە پاش مـاوەیەک مـەحـمـوود بە ڕووگرژییـەوە هـاتە ژوورەوە، لەژێر لێوەوە شـتێکی وت لـە وەڵامی سـڵاو دەچوو، تەواوی ئـازای جـەسـتـەم لە بوونم لەم ماڵەدا بێزار بوو، بە دەنگێکی داگیراوەوە گوتم:

– کـاکـە، تـۆ برا گـەورەی منـی، من لە تۆ زیاتـر کـەسم نیـیـە، باوکم منـی بە تۆ سپـارد، دەشێ تۆ پشـتیـوانم بیت، تو گیـانی منداڵەکانت نەهێڵیت منداڵەکانم بێ

سەرپەرست بن، یارمەتیم بدە.

– بە من چی؟ بۆچی بە دەست منە؟ من چیم لە دەست دێت؟

– مامی ئیحترام سادات لە کۆمیتە و دادگەکانی شۆڕشدا هەموو کارێکی لە دەست دێت، تۆ تەنیا چاوپێکەوتنێکم بۆ ڕێک بخە، هەر ئەوەندەم بەسە بۆم ڕوون بێتەوە لە کوێیە و لە چ دۆخێکدایە، تۆ تەنیا بمبە بۆ لای.

– نە بابە؟!! بڕۆم بڵێم ئەم لادەرە خوانەناسە خزمی منە؟ لێی خۆش بن؟ نە گیانە، ئێمە ئابڕووی خۆمان لەسەر جادە نەدۆزیوەتەوە.

– پێویست ناکات تۆ قسە بکەیت، من خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم، نامەوێت ئازادی بکەن یان لێی خۆش بن، با هەتا هەتایە زیندانی بکەن، تەنیا ئەشکەنجە... لە سێدارەدان.

و دام لە پرمەی گریان. بە نیگایەکی سەرکەوتووانە و پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

– باشە کاتێک دەکەونە چاڵەوە، ئێمەتان بیر دەکەوێتەوە، هەتا ئێستا ئاخوندەکان خراپ بوون، کۆنەپەرست بوون، ئەمە بوون، ئەوە بوون، خوا نەبوو، پەیامبەر نەبوو؟

– کاکە بەسە، کەی من وتوومە خوا نییە، پەیامبەر نییە، من هێشتا یەک وادە نوێژم نەچووە، خۆ زۆربەی ئاخوندەکان فرە لە ئێوە ڕۆشنبیرتر و وشیارترن، بۆچی لە بناغەوە ئێمە پێکەوە نەبووین؟ مەگەر تۆ لە هەموو شوێنێک فیزی ئەوەت لێ نەدەدا کە زاواکەمان شۆڕشگێڕە، زیندانییە، ئەشکەنجە دراوە؟ ئێستا من هەقم بەسەر شێوەی بیرکردنەوەکەی نییە، هەرچییەک بێت باوکی منداڵەکانمە، نابێت بزانم لە کوێیە؟ لە چ دۆخێکدایە؟ تو گیانی منداڵەکانت یارمەتیمان بدە.

– دادە هەستە، هەستە خۆت کۆبکەرەوە، واتدەزانی شار بێ خاوەنە؟ هاوسەرەکەت لە دژی ئیسلام و خوا ڕاپەڕیوە، هەڵگەڕاوەیە، ئینجا جەنابت دەتەوێت کەس دەنگی لەگەڵ نەکات، وازی لێ بێنن تاوەکو هەرچی چەپەڵکارییە بیکات و وڵات و ئاین بداتە دەم ڕەشەباوە، باشە بۆ خوا بڵێ ئەگەر خۆی دەسەڵاتی لە دەست بوایە یەک کەسی لە ئێمە بە زیندوویی دەهێشتەوە؟ تو گیانی منداڵەکانت ڕاستییەکەی بڵێ، ها... بۆ بێدەنگ بووی...؟ نە گیانەکەم، بە هەڵەدا

چوویت، ئەو خوێنی حەڵاڵ کراوە، دەبێت بکوژرێت، ئینجا دەتەوێت منێکی کە هەموو تەمەنم لە پێناو ئیسلامدا کردە قوربانی، نەمهێشت ڕاستیی هەق و ناهەق تێکەڵ بە یەکتر ببن، هەستم لەبەر خاتری ئەم لادەری لە ئاین هەڵگەڕاوەیە بڕۆم بۆ لای حاجی ئاغا و ئەو پیاوە پاک و بێ گەردە تووشی گوناه بکەم؟ نە، من کاری وا ناکەم، ئەویش ئامادە نابێت هەق پێشێل بکات و دوژمنی خوا و ئاین بەبێ سزا ئازاد بکات، ئەگەر هەموو دنیا لێی بپاڕێتەوە ئەو ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنێت، بۆچی وا دەزانیت ئێستاش سەردەمی شایە بە پشتیوانیی ڕزگارت کرد؟ نە گیانە ئێستا ئیتر پای هەق لە ئارادایە، پای ئاین، کێ دەتوانێت لێی خۆش بێ؟

هەستم دەکرد بە کوتەکێکی قورس بەسەر سەرمدا دەدەن، چاوەکانم دەکزانەوە، لە تووڕەییدا ئاورم گرتبوو، سەرکۆنەی خۆمم دەکرد کە بۆچی هاتم؟ بۆچی داوای یارمەتیم لەم لە خوا غافڵ و دووڕووە کرد؟ لە کاتێکدا کە ددانەکانم چیڕ کردبووەوە، لە بەرامبەریدا وەستام و چارشێوەکەم لە خۆم ئاڵاند و هاوارم کرد:

– نە! بڵێ سوودی خۆم لێ وەرگرت، چیی تر پێویستیم پێ نییە، هاوبەشم ناوێت، دەمەوێت هەرخۆم بەتەنیا بیخۆم، دواکەوتووی خۆ بەکەم زان، خوا لە بوونی بەندەی وەکو تۆ ئازار ئەچێژێت.

و بە هەڵەکەداوان و دژوێندانەوە لە ماڵەکە هاتمە دەر، ئازای جەستەم دەلەرزی.

لە پاش دوو هەفتە زانیم کە حەمید لە بەندیخانەی ئەوینە*، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ باوکی حەمید، یانیش بەتەنیا چارشێوەکەم بەسەرمدا دەدا و بە دوای بەرپرسانی گرتووخانەکە و ئەو کەسانەدا دەگەڕام کە وەڵام دەدەنەوە و هەواڵێکی دڵنیائامێزمان پێ دەدەن. بە هاندەر تاوانبار کرابوو، ئەوەندە وێنە و بابەت و وتاری ئەویان لەلا بوو چیی تر نەدەکرا نکووڵیی لێ بکرێت. نەمدەزانی دراوەتە دادگە یا نە و کەی دادگاییەکە ساز کراوە، بەڵام هێشتا مانگ و نیوێک بەسەر گرتنەکەیدا تێ نەپەڕیبوو، لە یەکێک لە سەردانەکانماندا بۆ بەندیخانە، ئێمەیان بۆ ژوورێک برد، بە گوێی باوکی حەمیددا چپاندم:

– وا بزانم مۆڵەتی چاوپێکەوتنیان پێ داین.

هەردووکمان بە خرۆشەوە وەستاین، لە پاش چەند چرکەیەک کاربەدەستێک

* بەندیخانەی ئەوین: بەندیخانەیەکی بەناوبانگی ئێرانە، دەکەوێتە شاری تاران.

بوخچەیەکی هێنایە ژوورەوە، لەسەر مێزەکە داینا و گوتی:

– ئەمە شتومەکەکانیەتی.

کەمێک واقم وڕما و تەماشام کرد، تێ نەگەیشتم مەبەستی چییە؟ بەبێ تاقەتییەوە گوتی:

– بۆچی خێزانی حەمید سوڵتانی نین؟ پێرێ لە سێدارە درا، ئەمەش شتومەکەکانیەتی.

وەکو ئەوە وا بوو تەلی کارەبایان بە جەستەمەوە پێوەند کردبێت، ئازای ئەنامم گرژەوە بوو، سەیری باوکی حەمیدم کرد، ڕەنگی وەکو گەچی لێ هاتبوو، هەر بەو شێوەیەی کە بە دەستی سینگی دەگوشی، لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە بوو و کەوت، ویستم بڕۆم بۆ لای، کەچی پێیەکانم هێزیان نەبوو، سەرم گێژی خوارد و ئیتر ئاگام لە خۆم نەما. لە دەنگی ئاژێری ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتنەکە وەخەبەر هاتم و چاوەکانم کردەوە، باوە گەورەیان بۆ ژووری چاودێریی تایبەت و منیان بۆ ئیمێرژێنسی برد، دەبوایە هەواڵەکەم بگەیاندایە، ژمارەکەی فاتی و مەنسوورەم لەبیر بوو، بە سستەرەکەم دا.

باوکی حەمید لە نەخۆشخانە مایەوە و من شەو هاتمە ماڵەوە، نەمدەتوانی سەیری منداڵەکانم بکەم، نەمدەزانی ئەوان چەندی لێ دەزانن و دەشێت من چی بڵێم! توانای قسەکردن و تەنانەت گریانیشم نەبوو، هێندەیان دەرزی ئارامکەرەوە لێ دابووم هەر زوو چوومە خەوێکی قووڵ و تاریکەوە.

سێ ڕۆژی خایاند تاوەکو لەو گێژی و گورزە هاتمە دەر، سێ ڕۆژی خایاند تاوەکو سەرئەنجام باوکی حەمید، لە ململانێی لەگەڵ مەرگدا شکستی خوارد و ئاسوودەیی و ڕەهایی هەتاهەتایی بە دەست هێنا، تاقە شتێک توانیم بیڵێم ئەوەبوو کە خۆزگەم بە خۆی، ئاسوودە بوو، لەو سەردەمەدا لە دنیادا لە هەموو کەسێک پتر ئیرەییم بەو دەبرد…

ڕێوڕەسمی پرسەی باوک و کوڕ بوون بە یەک و ئێمە توانیمان بەبێ ترس و نیگەرانی شیوەن بگێڕین، ڕووخسارە خەماوی، چاوە ئاوساوەکان و جەستە لاوازەکەی کوڕەکانم لە ناو ئەو کراسە ڕەشانەدا، جەرگمی کرد بە کەباب، هەندێ جار ڕا دەمام و ئاگام لە خۆم نەدەما و تەسکینیی خۆم بە بیرەوەرییەکانی ژیانی

هاوبەشم لەگەڵ حەمیددا دەدایەوە، کە تەنیا لەو یەک مانگەی پێکەوە بوونمان لە باکوردا کورت دەبووەوە. لە خێزانەکەمان تەنیا دایکم و فاتی لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدارییان دەکرد، تا شەوی حەوتەم لە ماڵی باوکی حەمید بووم، نەمدەزانی شیرین لە کوێیە؟ هەر تاوە نا تاوێک لە فاتیم دەپرسی، ئەویش وەڵامی دەدایەوە، کەچی دەتگوت گوێم لێ نەبووە، لە پاش کاژێرێک پرسیارەکەم دووبارە دەکردەوە.

بارودۆخی دایکی حەمید زۆر خراپ بوو، فاتی وتی لەم کارەساتە گیان دەرناکات، قسەگەلێکی دەکرد کە هەر وشەیەکی ئاگری لە دڵان بەردەدا، من لە کاتی بەسەرهاتنی کارەساتدا دەکەومە ناو خەیاڵی ڕەش، بێدەنگ و خامۆش دەخزێمە سووچێکەوە، لەوە سەرم سووڕدەما کە ئەو دەیتوانی لە کاتێکی ئاوهادا ئەوەندە قسە بکات! هەندێ جار کوڕەکانمی ڕادەکێشایە ئامێزی و دەیگوت بۆنی حەمیدیان لێ دێت، شیوەنی دەکرد و فرمێسکی دەڕشت، هەندێ جاریش لە خۆی دووری دەخستنەوە و هاواری دەکرد بەبێ حەمید ئەمانەم بۆ چییە؟ جارجارە فرمێسکی بۆ هاوسەرەکەی دەڕشت و دەیگوت ئەگەر ئاغا مورتەزا بمایە من بەرگەم دەگرت و جارجارەش سوپاسی خوای دەکرد کە ئەو مردووە و نەماوە تا ئەم کارەساتە ببینێت. دەمزانی منداڵەکانم ئازار دەچێژن و ئەم ژینگەیە لە ناویان دەبات، بە فاتیم گوت، بە سادق بڵێت منداڵەکان هەڵبگرێت و لێرە دووریان بخاتەوە، سیامەک چاوەڕوانی ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی لەو ماڵە هەڵبێت، بەڵام مەسعوود خۆی بە منەوە نووساند و گوتی: ئەترسم ئەگەر ئێمە بڕۆین تۆ زۆر بگریت و شتێکت لێ بێت، بەڵێنم پێ دا کە ئاگام لە خۆم بێت و بە زیندوویی بمێنمەوە. دەتگوت بە ڕۆیشتنی منداڵەکان سەرەقاپێکی گەورەیان لەسەر دڵم هەڵگرت، ئەو فرمێسکانەی لە ئامادەییی ئەواندا بواری ڕشتنیان نەبوو، هەڵڕژا و هەناسەم بە هەنسکە هەنسک لە سینگمەوە دەهاتە دەر.

کاتێک گەڕامە ماڵەوە، دەمزانی لەوە پتر مافی پرسەداری و لەدەستدانی کاتم نییە، گیرۆدەییەکانم زۆر لەوە زیاتر بوون کە بکەونە ژێر کاریگەریی وێنەکاریی دوور و درێژی پرسەدارییەوە، ژیانم شێوا بوو، منداڵەکان لە خوێندن و قوتابخانە دواکەوتبوون، تاقیکردنەوەکان نزیک بووبوونەوە و لە هەمووشی گرینگتر هیچ سەرچاوەی داهاتێکم نەبوو، کارەکەم لە دەست دابوو، ئەم چەند مانگەشم بە یارمەتییەکانی باوکی حەمید بەسەر بردبوو، لەو کاتەدا کەوگیری ئەویش لەژێر

مەنجەڵەکەی دابوو، دەبوایە ڕێگەیەکم بۆ خەرجیی ماڵەکە بدۆزیبایەوە، مێشکم بەشتی تریشەوە سەرقاڵ بوو. لەم هەفتەیەدا لە ماڵ باوکی حەمید، مقۆمقۆی میراتیم بیستبوو، جارێکیان ئامۆژن و پووری حەمید لەو ژوورەدا کە لێی ڕاکشابووم، بێ ئەوەی سەرنجی بوونی من لەوێدا بدەن، سەبارەت بە خانووەکەی نەنە قسەیان دەکرد کە ئێمەی تێدا دەژین، لەوێدا زانیم ئەو خانووەی ئێمە بەشە میراتیی پوور و مامەکانی حەمیدە، تاکو ئێستاش بۆ ڕێز لە دایکیان کە لەوێدا دەژیا و باوکی حەمید بەرپرسیارێتیی خەرج و چاودێریی ئەوی لە ئەستۆدا بووە، سەبارەت بە بەشەکەیان قسەیان نەکردووە، بەڵام ئێستا هیچ بیانوویەک بۆ مانەوەی ئەو بەشە نەماوە، چاکتر وایە خانووەکە بفرۆشن و هەر کەسە و بەشی خۆی هەڵبگرێت. چەند ڕۆژێکیش لە پاش ئەوە ئاگاداری گفتوگۆیەکی هاوبەشیی هاوسەری خوشکەکانی حەمید بووم، هاوسەرەکەی مونیر دەیگوت:

– لەبەرئەوەی کوڕەکە لە پێش باوکەکە مردووە، بەپێی یاسا هیچ میراتییەکی خوا لێخۆشبوو سوڵتانی بەر خێزانی حەمید ناکەوێت، لە هەر کێیەکیش دەتانەوێت پرسیار بکەن.

سەیر لەوەدا بوو، لە ناو ئەو هەموو خەم و ناخۆشییانەدا و بەو بارودۆخەوەی کە تێیدا بووم، چۆن دەمتوانی ئەو قسانەم گوێ لێ بێت کە پێوەندییان بە ژیانمەوە هەیە و لە مێشکە ماندوو و خەواڵووەکەمدا تۆمارم دەکرد! هەرچۆنێک بێت، هەستی مەترسی لە داهاتوو زووتر لە کاتی پێویست لە پرسەداری هێنامیە دەر و خەمی لە دەستدانی حەمیدی کاڵ کردەوە. شەوە تاریکەکانی تەنیاییم لە پەریشانییەکی گیانکێشدا بەسەردەچوو، خەوم لێ نەدەکەوت، ئۆقرەم نەبوو، لە دەوروبەری ماڵەکە پیاسەم دەکرد، بیرم دەکردەوە و هەندێ جار وەکو شێت، ئەوەی بە مێشکمدا دەهات بە دەنگی بەرز بەیانم دەکرد. هەستم دەکرد هەموو دەرگەکان لە ڕووم داخراون، بێ کار، بێ حەمید، بێ باوکی، بێ ماڵ، بێ میراتییەک کە سەرمایەی کارێک بێت بۆم و بەو مۆرەی بە نێوچەوانمەوەیە وەکو ژنی لە سێدارەدراوێک، چۆن بتوانم لە نێو ئەم دەریا پڕ گێژاوەدا ژیانی منداڵەکانم بپارێزم و بە جێگەی مەبەستیان بگەیەنم؟ ئاه... باوکە لە کوێی...؟ ئاگات لێیە پێشبینییەکەت ڕاست بوو و کچەکەت بە تەنیا لەم دنیایەدا سەرگەردان بوو، وای... چەند پێویستیم پێتە.

له شـەوێکدا بە دەم خـەوەوە بە دەوری خـۆمـدا دەخـولامـەوە، دەنگی تەلەفـۆنەکە ڕایچڵـەکاندم، و سـەرسـوڕمـاو لەو تەلەفۆنە ناوەختـە گـوێشـیـیـەکەم بەرز کـردەوە، دەنگێکی دوور گوتی:

– مەعسووم، خۆتی؟! قوربانت بم، ڕاستە حەمیدیان... حەمید مردووە؟

– ئاە...پەروانە تۆی؟ فرمێسکم هاتە خوار، تۆ لە کوێیت، لە کێت بیست؟

– کەواتە ڕاستە؟ ئەمشەو لە یەکێک لە ڕادیۆکان بیستم.

– بەڵێ ڕاستە، خۆی و باوکی.

– توخوا!؟... ئەی باوکی بۆ؟

– دڵی وەستا، دڵی داخورپا، لە داخاندا مرد.

– یاخوا بمرم بۆت، زۆر تـەنیا مـایتـەوە، ئێسـتـا ئەگەر پێویسـتیت بە یارمـەتی بێت، براکانت یارمەتیت دەدەن؟

– ئەرێ بابە، خـوا نەکات هەنگاوێکیـان بۆم هەڵهێنابێت، تەنانەت بۆ پرسـەکەش نەهاتن، سەرەخۆشییەکی ساردوسڕیشیان لێ نەکردم.

– باشە ئێستا خۆت کار دەکەیت، پێویستیت بە کەس نییە.

– چی! کامە کار؟ پاکسازی کرام.

– ئێ! یانی چی؟ پاکسازی چییە؟

– واتا لە فەرمانگە دەریان کردم.

– وەی نەمێنم، بۆچی؟ ئێستا تۆ بە دوو دانە منداڵەوە چی دەکەیت؟

– سێ دانە.

– چی!؟؟! سێ دانە؟ کەی بوون بە سێ؟ بۆ من چەنێکە ئاگام لێت نییە؟

– زۆر، دوو ساڵ و نیوە، ئێستا کچەکەم ساڵ و نیوێکە.

– بزانە چۆن لـە یەکتـر دوورکەوتینەوە؟ یاخـوا نازانم چیـیـان لێ بێت؟ لە بیـرتە چۆن سینگت دەکوتا؟ دەتگوت ئێمە دەستەودایەرەی ستەمگەرین، مـافی خەڵکیمان خـواردووە، ناپاکین، دەبێت هەمـوو شـتێک ژێروژوور بێت و خـەڵک بە مـافی خـۆیان بگەن... فەرمـوو...! ئەمە باشـە... بەڕاست، ئەگەر پارەت دەوێت، ئەگەر پێویسـتیت بە یارمەتی هەیە بە خۆم بڵێ، باشە.

تووڕەیی و بریندارکردن گەڵووی گرتبووم.

– چییە بۆ بێدەنگی؟ شتێک بڵێ.

– ئەمن باکم لە توانجی دوژمن نییە

خوایە شایانی بەزەییی دۆستم نەکەی!

چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو و پاشان بە دڵتەنگییەوە بەردەوام بوو:

– داوای لێبووردن دەکەم مەعسووم، ببوورە بە خوا بە دەست خۆم نییە، تۆ دەمناسیت، قسە لە دەمم ناوەستێت، بەڵام کاتێک دڵگەرم دەبم نازانم چی دەڵێم، من بەهیچ شێوەیەک ناتوانم ناخۆشی تۆ ببینم، دڵخۆش بووم کە تۆ بە ئاواتی خۆت گەیشتی، ئیدی ژیانێکی باشت هەیە، لەو بڕوایەدا نەبووم ئاوهای لێ بێت، دەزانی چەندم خۆش ئەوێی، لە خوشک نزیکتری بۆم، گەر ئێمە لەم بارودۆخەدا فریای یەکتر نەکەوین، کێ فریامان بکەوێت؟ تو گیانی منداڵەکان، ئەگەر شتێکت دەوێت بە من بڵێ.

– زۆر سوپاس، بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم، هەر ئەوەی کە تەلەفۆنت کرد یارمەتییەکی مەزن بوو، ئێستا پێویستیم بەو وزەیە کە دەنگی تۆ پێم ئەبەخشێت، هەر ئەوەندە تکات لێ دەکەم چیی تر پێوەندیت لەگەڵم مەبڕە.

بیرم لە کاری جۆرەوجۆر کردەوە، دەبوایە هەر بەلای بەرگدووریندا بڕۆیشتمایە، ئەو کارەی کە هەموو کاتێک قینم لێ بوو، کەچی دەتگوت لە ناوچەوانم نووسراوە. پەروین خانم بەڵێنی یارمەتیدانی دا و زوو دەستم پێ کرد، بەڵام ئەو کارەکەی خۆشی لە کزی دابوو، هەموو ئەو کەسانەی جلیان لەلای دەدووری، ڕۆیشتبوون، دەبوایە بیرم لە شتی باشتر بکردایەتەوە، دەمزانی لەبەرئەوەی بەر پاکسازی کەوتووم، هیچ فەرمانگەیەکی میری مافی ئەوەی نییە کارم پێ بدات. ئەو کۆمپانیایانەی سەر بە دەوڵەتن یان ڕێکخراوە گەورە تایبەتییەکان، لێژنەی بژارەیان هەیە و بەپێی ئەو پێوەرانەی کە دیارییان کردووە، قەت ئەو مەرجانە من ناگرنەوە بۆ کارکردن لەلایان. سەردانی ئەو کۆمپانیایانەم کرد کە بێ ناو و نافەرمی بوون، بەڵام بێ سوود بوو، بازاڕی کار زۆر کز بوو. بیرم لە ترشیات دروستکردن و فرۆشتنی بە دوکانەکان کردەوە، یان، دروستکردنی کێک، شیرینی یانیش لێنانی چێشتی سووک، بەڵام چۆن؟ هیچ ئەزموونێکم لەم بوارانەدا نەبوو و

هەموو كارێک کێشە و سنووری دیاریکراوی خۆی هەبوو.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا ئاغای زەڕگەر تەلەفۆنی کرد، بەپێچەوانەی هەموو جارێکەوە، دەنگی لە شڵەژاو دەچوو، هەواڵی پرسی، وا دیاربوو تازە هەواڵی کوشتنی حەمیدی بیستبوو، سەرەخۆشی کرد و داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوکارەکانی فەرمانگە بۆ سەرەخۆشی بۆ دیدارم بێن، ڕۆژی دواتر لەگەڵ پێنج کەس لە هاوڕێیانی فەرمانگە هاتن بۆ ماڵمان، دەتگوت بە بینینی ئەوان خەمەکانم نوێ بوونەوە، یەکسەر دەستم کرد بە گریان. ژنەکان شان بە شانی من فرمێسکیان دەڕشت، بەڵام ئاغای زەڕگەر سوور هەڵگەڕابوو و لێوەکانی دەگەست و هەوڵی دەدا نیگاکانیمان لێ بشارێتەوە، هەرگیز ئەوم بەو شێوەیە نەبینیبوو. کاتێک هەموو هێمن بووینەوە گوتی:

– دەزانیت دوێنێ شەو کێ تەلەفۆنی کرد و سەرەخۆشی لێ کردی؟

– نە! کێ؟

– ئاغای شیرازی، لە ئەمریکاوە. لە ڕاستیدا لە ڕێگەی ئەوەوە هەواڵەکەمان بیست.

– سەیرە، کەواتە ئەو هێشتا لەوێیە؟ وام ئەزانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش گەڕاوەتەوە.

– بەڵێ، گەڕایەوە، نازانیت چ دۆخێکی هەبوو، هەتا ئێستا کەسم بەو شێوەیە بەگوڕ و خرۆشاو و دڵخۆش نەبینیبوو، بڕوا بکە چەندان ساڵ گەنجترەوە بووبوو.

– باشە ئەی بۆ ڕۆیی؟

– چووزانم، ئەو کاتەی دەڕۆیشت پێم گوت، تۆ بە ئارەزووەکەت گەیشتی، بۆ کوێ دەڕۆی؟ دەزانیت چ وەڵامێکی دایەوە؟

– نە! چی وت؟

– وتی:

چیرۆکی ژین لەوە زیاتر تاقە یەک حەرفی پێ نییە
یان بە مردنی ئارەزوو مل بدەی
یان ئارەزووی مردن بکەی

– دەبوایە لە فەرمانگەکەدا بتانهێشتایەتەوە.

– ئەی باوکە، وا خۆشمان لە فەرمانگەدا ناهێڵنەوە.

– ئەی ئێوە بۆچی؟

خانمی مەولەوی گوتی:

– ئەی ئاگات لێ نییە، بۆ ئاغای زەڕگەریش پەروەندەیان هەڵبەستاوە.

– پەروەندەی چی؟ ناشێت شتێکتان کردبێت؟

– بەڵێ، هەر لەو کارەی کە تۆ کردبووت.

– ئاخر هیچ شتێک بە تۆوە نالکێت.

ئاغای مەحەمەدی گوتی:

– چۆن نالکێت، سەراپای ئاغای زەڕگەر سەر بە ستەمکارە!

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.

– ئەوە لە میهرەبانیی خۆتانە، شتی وەهاش نییە.

پێکەنینم هات، وردە وردە خەریک بوو بە ستەمکاری بوون دەبوو بە نوکتە و پێشوازی لێ دەکرا.

– تەنیا لەبەرئەوەی مامم پارێزەر بوو و منیش لە دەرەوە خوێندوومە و هاوسەرەکەشم بیانی بوو، ماوەیەک ئێخەیان گرتم، خۆ عەلاییت لە بیرە، ڕووی بینینی منی نەبوو، دەیویست لەم هەلە سوود وەربگرێت و خۆی لە بەڵای من ڕزگار بکات، بەڵام پیلانەکەی سەری نەگرت.

– دەی ئێستا بڵێ، چی دەکەیت؟

– هیچ! کوناوکون بۆ کار دەگەڕێم و نایدۆزمەوە. هیچیشم لە دەستدا نەماوەتەوە.

شەو، جارێکی تر ئاغای زەڕگەر تەلەفۆنی کرد و گوتی:

– نەمدەویست لە بەردەم هاوکارەکان بیڵێم، ئەگەر بەڕاستی پێویستیت بە کارە، لەوانەیە بتوانرێت بە شێوەیەکی کاتی بیرێکی لێ بکرێتەوە.

– دیارە پێویستیم پێیەتی، نازانیت لە چ دۆخێکدام!

و کورتەیەک لە بارودۆخی خەماوەری خۆم بۆ گێڕایەوە.

– کەواتە دەبێت سەرقاڵ بیت، ئێستا چەند بابەتێک و کتێبێکمان بۆ پێداچوونەوە و چاپ هەیە، ئەگەر بتوانیت ئامێرێکی تایپ جیبەجێ بکەیت، دەکرێ لەسەر ئەوانە کار بکەیت، لەوانەیە پارەکەی زۆر نەبێت بەڵام خراپیش نییە هەتاوەکو ئیشەڵڵا کارێکی هەمیشەیی دەدۆزینەوە.

– دەڵێی خوا تۆی بە فریشتەی فریاد ڕەسی من داناوە، بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا فریام بکەویت، بەڵام من چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەو فەرمانگەیەدا هاوکاری بکەم؟! ئەگەر بزانن، بۆ تۆ خراپ دەبێت.

– پێویست ناکات بزانن، بە ناوێکی ترەوە گرێبەستەکە دەنووسین، خۆم کارەکانت بۆ دەهێنم، با خۆت بۆ ئەو دەوروبەرە نەیەیت.

– بەڕاستی نازانم چی بڵێم و چۆن سوپاست بکەم.

– پێویست بە سوپاس ناکات، تۆ زۆر باش کار دەکەیت، لە زمانی فارسیدا کەم کەس شارەزاییی تۆیان هەیە، تەنیا لە خەمی ئامێری تایپدا بە، سبەی پاش نیوەڕۆ کارەکان دەهێنم.

لە خۆشییاندا خەریک بوو دەفڕیم، ئۆقرەم نەدەگرت، بەڵام ئامێری تایپ لە کوێ بهێنم؟ ئەوەی کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لە باوکی حەمیدم وەرگرتبوو، زۆر کۆن بوو، هەر لەو کاتەدا مەنسوورە بۆ هەواڵپرسین تەلەفۆنی کرد، ئەم خوشکەی حەمید لە هەموویان بەسۆزتر، تێگەیشتووتر و هاودەمتر بوو، بابەتەکەم لەگەڵ ئەودا هێنایە ئاراوە، گوتی:

– بوەستە با لە بەهمەن بپرسم، لەوانەیە لە کارخانەکەیان دانەیەکیان هەبێت و بتوانن بە تۆی بدەن. کە گوێشییەکەم دانا، هەستم بە سووکبوونەوە و شادی دەکرد، لەبەر خۆمەوە وتم، سوپاس بۆ خوا، ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش بوو.

لە دوای ئەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە بەو ڕەوشە تایپ، پێداچوونەوە، دروومانم دەکرد. پەروین خانم، خەمڕەوێن، یاریدەدەر و هاودەمم بوو، زۆربەی ڕۆژەکان دەهات و ئاگای لە شیرین دەبوو، یان پێکەوە دروومانمان دەکرد، بەشەکەی منی بە وردی دەژمارد و پارەکەی دەدا، بەڵام دڵنیابووم زیاتر لە مافی خۆمی دەدامێ. هێشتا بە گوڕ و جوان بوو، لەوە نەدەچوو لە پاش ئەحمەد دۆستی تری نەبێت، بەڵام کاتێک یادی ئەحمەدی دەکرد، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک

دەبوون، بەلای منەوە چیی تر هەڵسەنگاندنی خەڵکی سەبارەت بەو، هیچ نرخێکی نەبوو، لە ڕوانگەی منەوە ئەو ژنێکی بە شەرەف و نازدار بوو، لە هەموو ئەو کەسە نزیکانەم کە پۆزی یارمەتیدانی خەڵکیان لێ دەدا، زیاتر فریام کەوت، و بەڕادەیەک مرۆڤدۆست و لەخۆبوردوو بوو بەسانایی بەرژەوەندی و ئاسوودەیی خۆی دەکردە قوربانیی خەڵک.

فاتی داماو هەرچییەکی لە دەست بهاتبایە درێخی نەدەکرد، بەڵام خۆیشی بە دوو منداڵی بچووکەوە و دەرامەتە دیاریکراوەکەی هاوسەرەکەی، هەزار گرفتاریی هەبوو، لە ڕاستیدا لەو ڕۆژگارەدا هەر کەسە و بە شێوەیەک لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیان دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. تاقە کەسانێک لە دەوروبەری مندا کە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخیان باشتر دەبوو مەحموود و عەلی بوون، بەردەوام سامانیان لە زیادبووندا بوو، وا دیاربوو لە بەشە دوکانەکەی باوکم کە ئێستا دایکم خاوەنداری بوو، شتومەکی کۆپۆنییان وەردەگرت و لە بازاڕی ئازاددا بە نرخی چەند کەرەت گرانتر دەیانفرۆشت. دایکیشم لە هەموو کاتێک پیرتر و ماندووتر بوو و نوقمی کێشەکانی خۆی بوو. کەمتر دەمبینی و هەوڵم دەدا لە دیدارە دیاریکراوەکانی ئەودا ڕووبەڕووی براکانم نەبمەوە، لە هیچ ڕێوڕەسمێکدا بەشداریم نەدەکرد، هەتاوەکو ڕۆژێک دایکم تەلەفۆنی کرد و بە خۆشییەوە هەواڵی دووگیانیبوونی هاوسەرەکەی عەلی پێ گەیاندم، کە سەرەنجام لە دوای چەند ساڵێک لە چاوەڕوانیی سکپڕ بووبوو و بۆ سفرەی حەزرەتی عەباس داوەتی کردم.

– باشە پیرۆزە، لەلایەن منەوە پیرۆزباییان لێ بکە، بەڵام تۆ دەزانیت من نایەم.

– وا مەڵێ، دەبێت بێیت، ئیتر ناوی حەزرەتی عەباس لە ئارادایە، چۆن دەوێریت پشت لەو سفرەیە هەڵبکەیت، خۆ دەزانیت ئەوە شیاو نییە، دەتەوێت هەمدیسان بەدبەختیت بەسەر بێت؟

– نە دایە، تاقەتی بینینی ئەوانم نییە.

– تۆ کارت بەوانەوە چییە؟ وەرە لەسەر سفرەکە نزا بکە، خوا یارمەتیت دەدات.

– لە ڕاستیدا دایە خۆشم زۆرم پێویست بە سفرەیەک، زیارەتێ، شتێ هەیە، بۆ ئەوەی بڕۆم و خۆم سووک بکەمەوە، بەڵام نامەوێت چاوم بەو برا بێ غیرەتانەم بکەوێت.

– تو گیانی منداڵەکان ئەو قسانە مەکە، هەرچییەک بێت براتن، باشە عەلی چی کردووە؟! من خۆم شایەدم چەنێک تەلەفۆنی بۆ ئەملا و ئەولا کرد. لەبەر خاتری من وەرە، دەزانیت چەنێکە نەمبینیوی، پێت وانییە دایکت هەر ئەم چەند ڕۆژە میوانتە، تا ماڵی پەروین خانم دێی و سەر لە من نادەیت.

گریانی دەست پێ کردەوە تاوەکو سەرئەنجام قایل بووم.

لەسەر سفرەکە فرمێسکی زۆرم ڕشت، و داوام لە خوا کرد توانای دەروونی و جەستەییم پتر بکات، بۆ ئەوەی بتوانم بەتەنیا باری قورسیی ژیان هەڵبگرم، بۆ دوارۆژی منداڵەکانم نزام کرد، فاتی و پەروین خانمیش شان بە شانی من دەگریان، ئیحترام سادات لە ئاڵتووندا نوقوم بووبوو و لە سەرووی هەمووانەوە دانیشتبوو و ڕووی لێم وەردەگێڕا، دایکم بەردەوام تەزبیحێنی دەکرد و لەژێر لێوەوە نزای دەکرد، هاوسەرەکەی عەلی لەخۆبایی و سەربەرز لە تەنیشت دایکییەوە دانیشتبوو و لە شوێن خۆی جووڵەی نەدەکرد نەوەکو منداڵەکەی لەبار بچێت، هەر داوای خواردنی جۆرەوجۆری دەکرد و لە بەردەمی دایاندەنا. لە دوای ڕۆیشتنی میوانەکان سەرقاڵی کۆکردنەوە بووین تاکو ئاغا سادق کە منداڵەکانی بۆ گەڕان بردبوو، هات بۆ شوێنمان. دایکم منداڵەکانی ماچ کرد و لە حەوشەکە داینیشاندن و لە ئاشی* سەر سفرەکەی بۆ هێنان. هەر لەو کاتەدا مەحموودیش هاتە ژوورەوە، ئیحترام سادات وەکو تۆپ بۆ ناو حەوشەکە گلۆر بووەوە، بەڵام دایکم نەیهێشت بڕۆن، ئاشی بۆ مەحموود تێ کرد و بە پاڕانەوە لە گوێیدا قسەی دەکرد، ئاشکرا بوو کە بابەتی باسەکە منم، ئەوەندە دڵم ڕەنجابوو حەزم نەدەکرد هیچ کەسێک بکەوێتە نێوانمانەوە، هەرچەند دەمزانی پێویستیم بە یارمەتیی داراییی مەحموود دەبێت، لەولایشەوە نەمدەویست کوڕەکان ئاگایان لەو جۆرە قسەوباسانە بێت، سیامەکم بانگ کرد و گوتم:

– وەرە جانتای منداڵەکە وەربگرە و بیخەرە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە بۆ ئەوەی منیش بێم، مەسعوود تۆش وەرە شیرین بگرە باوەشت.

– وای، بۆ کوێ؟ چیت لێیان دەوێت، هێشتا منداڵەکان ئاشەکەیان نەخواردووە، ئێستا هاتن.

---

* ئاش: چێشتێکی ئێرانییە لە دانەوێڵە و کەشک دروست دەکرێت.

– نە دایە گیان، دەبێت بڕۆم کارم زۆرە.

– سیامەک زووکە.

سیامەک بۆ لای پەنجەرەکە هاتبوو، جانتاکەم دایە دەستی.

– دایە دەزانیت، خاڵۆ مەحموود ئۆتۆمۆبێلی تازەی کڕیوە، تاوەکو تۆ دێیت ئێمە دەڕۆین سەیری دەکەین. غولامەلی با بڕۆین.

– کەواتە دایە خۆت شیرین بهێنە، منیش دەڕۆم سەیر دەکەم.

هەموو منداڵەکان ڕایانکردە دەرەوە، دایکم زۆر باش پلانی ئاشتکردنەوەکەی داڕشتبوو، وا دیاربوو مەحموودیش پێشینەی ئامادەیی هەبوو، بە دەنگی بەرز گوتی:

– کاری نابەجێ مەکە، ناپاکی مەکە، پیلان دامەڕێژە، من چیم لێیان دەوێت؟ من لە مافی خۆم دەبوورم، حەزرەت فەرموویەتی، دەبێت موسڵمان لەخۆبوردوو بێت، بەڵام ناتوانم واز لە مافی ئاین و خوا و پەیامبەر بهێنم.

قینم هەستابوو، بەڵام ئەوەندەی مەحموودم دەناسی دەکرا قسەکانیم بە شێوەیەک لە داوای لێبووردن لێک بدایەتەوە، دایکم بانگی کردم و گوتی:

– مەعسووم گیان دەقەیەک وەرە.

چاکەتەکەم لەبەرکرد، کەشی ناوەڕاستی ڕەشەمێ سەرمایەکی مام ناوەندی و هەوایەکی پاکی هەبوو، شیرینم ئامادە کردبوو، لە باوەشم گرت و بەنابەدڵی و بەزۆر لە ژوورەکە هاتمە دەر، هێشتا دایکم قاپ و قاچاخە پێویستەکانی ئامادە نەکردبوو کە دەنگەدەنگی منداڵەکان لە کۆڵانەکەوە هات، غولامحوسێن، کوڕە بچووکترەکەی مەحموود بەهەناسکە بڕکێوە دەرپەڕییە ناوەڕاستی حەوشەکە و گوتی:

– وەرن، سیامەک و غولامەلی بوو بە شەڕیان.

کچەکەی مەحموود بە دەم گریانەوە گوتی:

– بابە هەڵێ، غولامەلی کوشت.

عەلی و مەحموود و سادق بەپەلە لە ماڵ چوونە دەر، منداڵەکەم لەسەر زەوی دانا، چارشێوەکەی لەسەر دەستگری پلیکانەکە دامنابوو، لەسەرم کرد و بە

شـوێنیاندا هەڵهاتم، هەمـوو منداڵانی کۆڵانەکە کۆ بووبوونەوە، بەزۆر خۆم خـزاندە ناوەڕاستـی شـەڕەکە، عـەلی سیـامەکی بە دیوارەکەوە چەسپـاندبوو و دژوێنی دەدا، و مەحموودیش شـەپازلەی توندی لە گوێی دەسـرەواند، دەمزانی دەسـتی مەحـموود چەند قـورسە، لە ناخـەوە هەسـتم بە ئازارەکانی دەکرد، لە سـروشـتێکەوە، لەوانەیە تا ڕادەیەک نامرۆڤانە بێت، وەکو شێت و دڕندە قیژاندم، وازی لێ بێنە و هەڵمەتم بۆ برد، چارشـێوەکەم لە زەویدا بڵاوبووەوە، خـۆم لە نێوان سیـامـەک و ئەوانی تردا کرد بە لەمـپـەر، مـشـتـەکۆڵەم لە دەمـوچـاوی مـەحـمـوود دەدا، بەڵام وا دیار بوو بەر شـانی کـەوت، دەمـتـوانی بەئاسـانی لـەتوکوتی بکەم، ئەمـە جـاری دووەم بوو کـە ئا ئاوهـایان لەگـەڵ منداڵەکـانمدا دەکـرد، دەتگوت کـاتێک سـێـبـەری باوکـیـان بەسـەریانەوە نابـینن بە مـافی خـۆیانی دەزانن هەرچی بـەدبەخـتـیـە بەسـەریاندا بهێنن. سادق ئەوانی دوورخستـەوە، بەڵام من هەتاوەکو چەند چرکەیەک وەکو پۆڕ بە مشتە گرمۆڵە کراوەکەمەوە لە بەردەم سیامـەک وەستام، لێرەدا غـوڵامەلیم بینی لە قـەراخ جـۆگـەلەکە دانیـشـتـبـوو و دەگریا، دایکی پشـتی دەشـێلا و لەژێر لێوەوە دژوێنی دەدا و نەفرەتی دەکرد، بەسـتـەزمـانە هێشـتـا نەیدەتوانی بەباشی هەناسـە هەڵبکێشێت، وا دیار بوو سیامەک بە زەویدا دابوو و ئەویش پشتی بەسـەر قەراخی جۆگەلەکە کەوتووە و هـەناسـەی سوار بووە، دڵم پێ سووتا، یەکسـەر گوتم:

– پوورت بمرێ، چێت لێ هات؟

بەتووڕەیی و قینەوە گوتی:

– تۆش وازم لێ بێنە، خۆت و ئەو دڕندە شێتەت.

مـەحـمـوود دەمـوچاوی لێـم نزیک کردەوە و بە ڕووخـسـارێکەوە کـە لە تـووڕەییدا گۆڕابوو گوتی:

– تەمـاشـاکـە، وا پێت دەڵێم، ئەگـەر ئەم کـوڕەشـتـیـان لە دار نەدا، ئەمـانە بنە و پاشمـاوەی ئەو بێ شەرەفـە بێ دینەن، چارەنووسیـان هەروەکو ئەو دەبێت، ئەمەش ناو و ئەمەش نیشان، با بزانم لە کاتی لە سێدارەدانیدا دیسانەوە دەتوانیت مشتت گرمۆڵە بکەیت؟

بەتووڕەیی و هاوار هاوارەوە منداڵەکانم پاڵ نایە ناو ئۆتۆمۆبێلە کۆنەکەمەوە، بە درێژاییـی ڕێیـەکـە قـسـەی ناخـۆش و نابـەجـێم بە خـۆم دەدا، بۆچی ڕۆیشـتـم، بە

منداڵەکان کە وەکو کەڵەشێر شاڵاویان بۆ یەکتر دەبرد، بە دایکم، بە مەحموود و عەلی دژوێنم دەدا، لە چارەڕەشیی خۆم دەمناڵاند کە تووشی چ ڕۆژێک بووم، هاوکات فرمێسکەکانم بە پشتی دەستم دەسڕییەوە بێ پەروا ئۆتۆمۆبێلم لێ دەخوڕی. لە ماڵەوە بۆ ماوەیەک بەقین و تووڕەییەوە بە درێژایی و پانایی ماڵەکەدا هاتوچۆم دەکرد، منداڵەکان بەهەراسەوە سەیریان دەکردم، کاتێک هێمنتر بوومەوە ڕووم لە سیامەک کرد و گوتم:

– بەڕاستی تۆ شەرم ناکەیت؟ هەتا کەی دەتەوێت وەکو سەگی هار بەربیتە گیانی خەڵکی؟ تۆ مانگی پێشوو بووی بە شازدە ساڵ، ئەی کەی دەتەوێت ببیت بە پیاو؟ ئەگەر بەلایەکی بەسەر بهاتبایە چیمان بکردایە؟ ئەی ئەگەر سەری بەر قەراخی جۆگەلەکە بکەوتبایە و تووشی خوێنبەربوونی مێشک بوایە؟ ئەگەر بمردایە قوڕی کوێمان بەسەر خۆماندا بکردایە؟ دەشیا تەمەنێک لە کونجی زینداندا بمایتایەتەوە، یان تۆش لە سێدارە دەدرایت.

ئیدی گرێکەی ناخم کرایەوە.

– دایە لێم ببوورە، هەڵەم کرد، بە خوا نەمدەویست شەڕ هەڵبگیرسێنم، بەڵام نازانیت چ قسەگەلێکیان دەکرد، لە سەرەتادا هەر فیزی ئۆتۆمۆبێلەکەیان لێ دەدا و گاڵتەیان بە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئێمە کرد و پێکەنین، ئینجا گوتیان دەشێ ئێمە لەمە چارەڕەشتر بین، لەبەرئەوەی موسڵمان نین و خوا نەناسین، من هەر هیچم نەگوت و بەسەر خۆمدا نەهێنا، مەسعوود وانەبوو...؟ کەچی وازیان نەدەهێنا، دەستیان کرد بە قسەی هیچ و پووچ بە باوکم، ئینجا لاسایی لەسێدارەدانەکەیان دەکردەوە، غولامـوسێن زمانی دەر هاوردبوو و سەری لار دەکردەوە، ئەوانی تریش پێ دەکەنین، دواییش وتی لە گۆڕستانی موسڵمانەکاندا نەیان ناشتووە، لەبەرئەوەی گڵاو بووە لەلای سەگەکان دایانناوە. ئیتر نازانم چی ڕووی دا، نەمتوانی جڵەوی خۆم بگرم، دوو دانەم لە بنە گوێی سرەواند، غولامەلیش هاتبوو پێشم لێ بگرێت پاڵم پێوە نا وەکو ماست ڕژایە سەر زەوییەکە و پشتی بەسەر قەراخی جۆگەلەکەدا کەوت، یانی دایە تۆ دەڵێی هەرکەسێک هەرچییەکی گوت من وەکو بێ غیرەتەکان هیچ نەڵێم؟ دایە ئەگەر لێم نەدایە ئەمشەو لە داخا دەمردم، نازانیت چەنێک گاڵتەیان بە باوکم کرد.

و دایە پڕمەی گریان. کەمێک سەیریم کرد، ئارەزووم دەکرد منیش دوو دانەم لە ناو دەمی غوڵاموسێن بدایە، بەم بیرکردنەوەیە پێکەنین گرتمی، گوتم:

– قسەی خۆمان بێت تۆش چاکت لێیان دا ها! بەڵام غوڵامەلی بەستەزمان نەیدەتوانی هەناسە هەڵکێشێت، وا بزانم دانێکیشی شکابوو.

منداڵەکان لە شێوازی قسەکردنەکەم زانییان هەستم بە هەلومەرجەکەیان کردووە و تا ڕادەیەک مافیان دەدەمێ، سیامەک فرمێسکەکانی سڕییەوە و بەپێکەنینەوە گوتی:

– بەڵام تۆش چاک خۆت هەڵدایە ئەو ناوەڕاستە!

– ئاخر خەریک بوون لە تۆیان دەدا.

– قەیدی نەبوو من ئامادەبووم دە شەپازلەی ترم بخواردایە بەڵام جارێکی تر لە سەر غوڵاموسێنم بدایە.

هەمووومان پێ کەنین، مەسعوود دەستی کرد بە لاساییکردنەوەی من، خۆی هەڵدایە ناوەڕاستی ژوورەکە و گوتی:

– دایە وەها بەو چارشێوەوە خۆی هەڵدایە ناو کۆڵانەکە، وتم زۆرۆ هاتووە، بەو بالایەوە لە بەردەم خاڵۆ مەحموود و خاڵۆ عەلی بە مشتە گرمۆڵە کراوەکەیەوە خۆی ئامادە کردبوو و هەروەکو مەحەمەد عەلی کلای دەیویست هێرش بکات، ئەگەر فوویەکیان لێ بکردایە دەفڕییە سەربانی ماڵی سەرهەنگ، بەڵام خۆشییەکەی ئەوەبوو کە ئەوانیش ترسان، هەموویان گێژوویژ بووبوون...

مەسعوود ئەوەندە بەچێژەوە ئەم دیمەنانەی وێنا کرد، لەبەر پێکەنین هەریەکەمان بەلایەکدا کەوتبووین، چەند باش بوو هێشتا ئێمە پێکەنینمان لەبیر نەچووبووەوە.

نزیکی جەژن بوو، بەڵام من تاقەتی هیچم نەبوو، تەنیا بەوە دڵخۆش بووم کە سەرئەنجام ئەو ساڵە شوومە خەریکە تەواو دەبێت، لە وەڵامی پەروانەدا نووسیم، نازانیت چ ساڵێکم تێ پەڕاند، هەر ڕۆژەی بەڵایەک بوو، وەکو ئاغای شیرازی دەڵێت:

سێسەد و شەست و پێنج جاران

لە بازاڕدا هەڕاج کرام

سێسەد و شەست و پێنج جاران

ئەمن زیندوو کرامەوە و، دیسان لە سێدارە درام

بە پێداگریی پەروین خانم پانتۆڵ و کراسم بۆ منداڵەکان دووری، بەڵام جەژنە سووکەڵەکەمان نە ماڵ پاککردنەوە، نە حەوت سین و نە چالاکییەکی تێدا بوو. دایکی حەمید سووربوو لەسەر ئەوەی لە کاتی هەڵگەڕانیی ساڵدا بۆ لای ئەو برۆین، دەیگوت ساڵی یەکەمە و هەموو بۆ دیدەنی دێن، بەڵام من تاقەتی کەسم نەبوو. لە دەنگی دراوسێکان زانیم ساڵ هەڵگەڕایەوە، جێگە چۆڵەکەی حەمید وەکو درک لەناو چاوەکانمدا بوون، حەڤدە ساڵ جەژنم لەگەڵ ئەدا بەسەر بردبوو، تەنانەت گەر لەلای ئێمەش نەبووایە هەستم بە سێبەرەکەی دەکرد و ئاسوودە بووم، کەچی ئێستا ئەوەی هەبوو هەر تەنیایی و بێ پەنایی بوو. مەسعوود وێنەکەی باوکی لە دەستیدا بوو و سەیری دەکرد، سیامەک دەرگەکەی داخستبوو و لە ژوورەکە نەدەهاتە دەر، شیرین سەر لێ شێواو بوو، دەرگەی ژووری نووستنەکەم داخست و گریام.

فاتی، سادق و منداڵەکان بە جلی نوێ و دەنگەدەنگەوە هاتن، فاتی بە بینینی جەژنە پرسەئامێزەکەمان حەپەسا، هاتە چێشتخانەکەوە و گوتی:

– دادە لە تۆ ناوەشێتەوە، ئەمە چ دۆخێکە؟ گەر لەبەر منداڵەکانیش بووە، دەبوایە حەوت سینت دابنایە، شتێکت بکردایە، دڵخۆش بووم گوتت بۆ ماڵ دایکی حەمید ناڕۆم، پێم وابوو بۆیە ناڕۆی لەبەرئەوەی ئەوێ بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتە پرسە و منداڵەکان قەڵس دەبن، کەچی دەبینم خۆت خراپتری. هەستە، هەستە جل لەبەر بکە، هەرچییەک بوو ئەمساڵ تەواو بوو، ئیشەڵڵا ساڵی نوێ ساڵێکی باش بێت بۆتان و هەموو ناخۆشییەکانتان قەرەبوو بکاتەوە.

ئاهێکم هەڵکێشا و گوتم:

– دڵم ئاو ناخواتەوە.

لە پاش جەژن، مقۆمقۆی چۆڵکردن و فرۆشتنی خانووەکە هاتە ئاراوە، دایکە و مەنسوورە دادوبێدادییان بوو، بەڵام پوور و مامەکان یەک قسە بوون لەسەر ئەوەی کاتی فرۆشتنی خانووەکە هاتووە. ئەو بارودۆخی مڵک و مڵکدارییەی کە لە دوای شۆڕش بەهۆی دەنگۆی دابەشکردنی مڵک و داگیرکردنی خانووەکانەوە بەتەواوەتی

بێ سەرەوبەرە بوو، لەم دواییانەدا کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو و نرخەکان بەرزەوە بوون، ئەوانیش دەیانویست هەرچی زووترە خانووەکە بفرۆشن، نەوەکو جارێکی تر نرخەکان بشکێن یانەکو خانووەکە لە دەست بچێت. کاتێک هەواڵەکەم بەفەرمی پێ گەیشت، وەڵامم دانەوە کە هەتاوەکو کۆتاییی تاقیکردنەوەکانی منداڵەکان لە شوێن خۆم ناجووڵێمەوە، لە دوای ئەوە بیرێکی لێ دەکەمەوە، بەڵام چ بیرێک؟ من بە ئاستەم خەرجیی خۆرد و خۆراکی منداڵەکانم دەردەهێنا، چۆن بتوانم کرێی ماڵیش بدەم! دایک و خوشکەکانی حەمیدیش زۆر نیگەران بوون، لە سەرەتادا پێشنیاریان کرد کە لەگەڵ دایکی حەمید بژین، بەڵام من دەمزانی دایکی حەمید لە چەند کاژێریک زیاتر بەرگەی دەنگەدەنگ، هاتوچۆ و قەرەباڵخیی منداڵەکانی نییە، منیش نەمدەتوانی و نەمدەویست منداڵەکانم لە ماڵەکەی خۆیانیشدا سنووردار و بێزار بکەم، سەرەنجام مامی حەمید پێشنیاری کرد کە لە جێگەی میراتییەکەی باوکی حەمید، لە خانووەکەی دایکیدا ئەو دوو ژوور و گەراجە رووخاوە بنیات بنێتەوە کەوا لەوسەری حەوشەکەدا بوو و دەرگەیەکی سەربەخۆی هەبوو، من و منداڵەکان بگوێزینەوە بۆ ئەوێ، بەم شێوەیە هەم دایکی حەمید هەم ئێمەش لە چوارچێوەی ئازادیی خۆماندا تەنیا نەبووین و کچەکانیش لە دایکیان بێ خەم دەبوون، لەبەرئەوەی کە ئێمە لە بەشە میراتیی باوکی حەمید هیچ مافێکمان نەبوو، هەر ئەو میهرەبانییەی ئەوان ئێمەی زۆر سوپاسگوزار کرد.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی سێیەمدا، بنیاتنانەوەی خانووەکەی دایکی حەمیدیش لە تەواوبووندا بوو، بەڵام هەڵسوکەوتە گوماناوییەکانی سیامەک نەیدەهێشت بیر لە ماڵ گواستنەوە بکەمەوە و جارێکی تر خەمەکانی ڕابردووی لە ناخمدا وروژاندەوە، پاش نیوەڕوان درەنگتر لە کاتی خۆی دەهاتە ماڵەوە، قسەوباسی سیاسی دەهێنایە ئاراوە، سەرنجێکی تایبەتیی هەواڵ و ڕۆژنامەکانی دەدا و پتر لە ئاساییی هاوسۆزی بۆ چەند دەستەیەک دەردەبڕی. بەڵام من چیی تر تاقەتی هیچ دەستە و تاقمێکم نەبوو، هەوڵم دا دەرگە لە ڕووی هەواڵەکانی ڕۆژ دابخەم و منداڵەکانم لە زیان بپارێزم، بەڵام لەوانەبوو هەر ئەو سنووردارکردنە ئەوانی دڵگەرمتر بکردبایە. لە ڕێوڕەسمی پرسەکەی حەمید و باوکیدا ئاشناییم لەگەڵ هاوڕێ تازەکانی سیامەک پەیدا کردبوو کە لە پرسەکەدا هاوکارییان دەکرد، منداڵگەلێکی چاک و تەندروست دیاربوون، بەڵام هیچ حەزم لە چپەچپکردنەکانیان

نەبوو، دەتگوت هەموو کاتێک نهێنییەک لە نێوانیاندا هەیە، وردە وردە هاتوچۆیان بۆ ماڵمان زۆرتر بوو، سەرەڕای ئەوەی هەموو کاتێک حەزم دەکرد سیامەک هاوڕێی باشی هەبێت و لە چوارچێوەی خۆی بێتە دەر، کەچی بەم پێوەندییانە هەستم بە بەدبینی دەکرد، دەنگی دایکی حەمید لە گوێمدا دەزرینگایەوە کە هەموو جارێ دەیگوت: هاوڕێکانی حەمیدیان لەناو برد. سیامەک بووبوو بە لایەنگرێکی جیدی و تەواویی موجاهیدەکان، لە ناو هەموو کۆڕێکدا بە مشتێکی گرمۆڵە کراوەوە هەڵدەستا بۆ پشتیوانیکردن لەوان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیانی دەهێنایەوە بۆ ماڵ و منی تا سنووری شێتی تووڕە دەکرد. هەموو کاتێک گفتوگۆ سیاسییەکانمان بە شەڕ و قرە کۆتاییی پێ دەهات و نەک هەر بە ئەنجام نەدەگەیشتین بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوی لێم دوورتر دەخستەوە. سەرئەنجام ڕۆژێکیان لە پاش هەوڵێکی زۆر بۆ گرتنی جڵەوی تووڕەیی و پاراستنی هێمنی، دانیشتم و لەگەڵی کەوتمە گفتوگۆ، باسی باوکی و ئەو گورزانەم کرد کە بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە بەرمان کەوت، ئەو ئازارانەی ئەو و هاوڕێکانی چەشتیان، سەبارەت بە بەدبەختی و ناخۆشییەکانی ژیانیان و کۆتاییە بێ ئەنجامەکەی قسەم بۆ کرد، و داوام لێ کرد نەچێتە ناو هیچ دەستە و تاقمێکەوە، سیامەک بەجیدی و بە دەنگێکەوە کە گڕ بووبوو گوتی:

– دایە تۆ قسەی چی دەکەیت؟!! چۆن دەبێت؟ هەموو سیاسین، لە کلاسەکەماندا کەس نییە لەگەڵ دەستەیەکدا نەبێت، زۆربەشیان موجاهیدن، کوڕی فرە چاکیشن، هەم خوێناسن و نوێژ دەکەن، هەم بۆ ئازادیی جەماوەر تێ دەکۆشن.

– وایە شتێکن لە نێوان باوکت و خاڵۆت و پێکەوە هەڵەکانی هەردوولا دەکەن.

– نە هەرگیز وانییە، زۆر لەوان جیاوازن، من خۆشم دەوێن، هاوڕێیەکی باشن، دەمپارێزن، ئەگەر لەگەڵیان نەبم بە تەنیا دەمێنمەوە، تۆ ئاگات لێ نییە.

– بۆچی نا، ئاگام لێیە، تۆ دایمە دەشێ بە شتێکەوە بە یەکێکەوە خۆت هەڵبواسیت.

سوور هەڵگەڕایەوە و ڕووخسارێکی شەڕەنگیزی لە خۆ گرت، زانیم جڵەوی خۆم ون کرد و هەڵەم کرد، دەنگم نزم کردەوە و هێشتم فرمێسکەکانم بەئاشکرا بەسەر

گۆناکانمدا بێنە خوار، بە دەنگێکی خەمناک و داگیراوەوە گوتم:

– داوای لێبووردن دەکەم، هیچ مەبەستێکم نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە چیی تر لەم ماڵەدا بەرگەی کایەیەکی تری سیاسی ناگرم.

ئینجا لێی پاڕامەوە کە خۆی دوور بخاتەوە. ئەنجامی ئەم هەموو گفتوگۆیانە ئەوەبوو کە بەڵێنی دا هەرگیز بە شێوەیەکی فەرمی پێوەندیدار نەبێت بە هیچ دەستەیەکەوە، بەڵام ناتوانێت لایەنگر یان هەروەکو خۆی دەڵێت (سەمپات) نەبێت، نەمدەتوانی بەتەنیا لە بەردەمیدا بوەستم، ئاغا سادق پێوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵی، داوام لێ کرد ئاگای لێ بێت و قسەی لەگەڵ بکات. ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبوو، دەمبیست سیامەک لەسەر چوار ڕیانەکە دەوەستێت و ڕۆژنامە دەفرۆشێت، لە وانەکانیدا کز بووبوو، بەزۆر تاقیکردنەوەکانی وەرزی سێیەمی دا، هێشتا بەڵگەنامەی نمرەکانی وەرنەگرتبوو، بەڵام دڵنیابووم کە دووپاتکردنەوەی هەبوو. ڕۆژێ، ئاغا سادق ئاگاداری کردمەوە کە نیازی ڕێپێوانێکی گەورەیان هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامەی کاریان وەرگرتووە، هەر لە بەیانییەوە چاوێکم کردبوو بە چوار چاو و سەرنجی سیامەکم دەدا، پانتۆڵی جینز و کالای لە پێ کرد، چەند جارێک ویستی بە بیانووی کڕینی شتێکەوە لە ماڵ بڕواتە دەر، بەڵام من مەسعوودم نارد، وردە وردە خەریک بوو بێ تاقەت دەبوو، بۆ حەوشەکە ڕۆیشت، کەمێک خەریکی گوڵەکان بوو، سۆندەکەی گرتە دەست و لە کاتێکدا لەژێر چاوەوە سەیری پەنجەرەکەی دەکرد، دەستی بە ئاوڕشێنکردن کرد، خۆم وا نیشان دا کە لەژێرزەوییەکە سەرقاڵی کارم، بەڵام لە پشت پەردە حەسیرییەکەوە چاودێریم دەکرد، بەئەسپایی سۆندەکەی لەسەر زەوی دانا و لەسەر پەنجەی پێ بەرەو لای دەرگەکە ڕۆیشت، منیش ڕام کرد و لە پێش ئەو خۆم گەیاندە دەرگەکە و هەردوولای چوارچێوەی دەرگەکەم بە دەستم گرت، بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

– ئیتر بەسە، دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە، بۆچی وەکو منداڵ ڕەفتارم لەگەڵ دەکەیت؟ بێزاربووم لێت، وازم لێ بێنە!

ڕەنگی زەردەوە بووبوو، بەتوندی دەستی گرتم بۆ ئەوەی ڕامکێشێتە لاوە، دەمزانی هێزم بەسەریدا ناشکێت، بەڵام دەبوایە ڕابوەستامایە.

– ئەگەر دەتەوێت ئەمڕۆ بڕۆیتە دەرەوە، مەگەر بەسەر لاشەی مندا بڕۆیت.

جارێکی تر هەڵمەتی بۆ هێنام، مەسعوود بە ڕووخسارێکی مکوڕ و بالایەکی بەرز و باریکەوە، بەرزبوونی بالای لەم دواییەدا لاوازتر نیشانی دەدا، بۆ یارمەتیم هات و لە بەردەمم وەستا، ئەو ڕقەی سیامەک نەیتوانی بەسەر مندا بیڕێژێت، بەسەر ئەویدا ڕژاند، بە شەق و مشت کەوتە نێزەی، بە ددانە چیڕەوە قسەی پێ دەگوت:

– جووجەڵە برۆ، تۆش بوویتە بەشەر بۆ گیانم؟ برۆ ون بە خۆت تێ هەڵمەقورتێنە، مردارەوە بوو.

– تۆ بۆت نییە بەم شێوەیە لەگەڵ دایە قسە بکەیت، دەشێت گوێڕایەڵی بیت.

– لاڵ بە، پێوەندی بە تۆوە نییە!

وەها زیلەیەکی لە بنە گوێی دا هاوسەنگی خۆی لە دەست دا، بەگریانەوە گوتم:

– وام دەزانی کوڕە گەورەکەم پشتیوانمە، جێگەی باوکیم بۆ دەگرێتەوە، کەچی ئێستا ئامادەیە من بە چەند بێگانەیەک بفرۆشێت، هەر لەبەرئەوەی وتم ئەمڕۆ، هەر ئەمڕۆ لە ماڵ مەڕۆ دەرەوە.

– بۆچی نەڕۆم؟

– لەبەرئەوەی خۆشم ئەوێی، لەبەرئەوەی نامەوێت تۆش وەکو باوکت لە دەستم بچیت.

– ئەی بۆچی پێشت لە باوکم نەگرت، کە کۆمۆنیستیش بوو؟

– هێزم بەسەریدا نەشکا، هەموو هەوڵێکم دا، بەڵام نەکرا، ئەو لە من گەورەتر و بەهێزتر بوو، بەڵام تۆ کوڕی منی، ئەگەر هێزم بەسەر تۆشدا نەشکێت، دەشێ بمرم.

– ئەگەر نەهێڵیت بڕۆم ئەمە ئەکوژم.

– نە من بکوژە، چونکە هەرچییەک بێت لە دوای تۆ من ئەمرم، چاکتر وایە خۆت ئەوە بکەیت.

فرمێسک لە چاوەکانیدا تێکەڵ بە بریسکەی قین بووبوو، کەمێک تەماشای کردم و ئینجا بەتووڕەییەوە بەرەو لای پلیکانەکان ڕۆیی، هەر بە پێیەکانی پێڵاوەکانی

داکەند و بە شەق فڕێیدایە سووچێکەوە، خۆی لەسەر تەختەکەی بەردەم ژوورەکەی نەنە گرمۆڵە کرد، لە دوای چارەکێک بە شیرینم گوت:

– بڕۆ پێشەوە کاکەت ماچ بکە، خەفەت دەخوات.

شیرین ڕای کرد و بەزەحمەت سەرکەوتە سەر تەختەکە، لە تەنیشتییەوە وەستا و دەستی کرد بە ناز کێشانی، سیامەک بەهێواشی دەستی لابرد و هاواری کرد:

– تۆش وازم لێ بێنە.

ڕۆیشتم شیرینم لە باوەش گرت، لەسەر زەوییەکە دامنا و لەتەنیشت تەختەکەوە دانیشتم و گوتم:

– کوڕم، من دەزانم ئەندامبوون لە دەستەیەکدا، پاڵەوانێتی نواندن زۆر خۆشە، هەبوونی ئەندێشەی جوان و پاک بۆ ڕزگاریی خەڵک و مرۆڤایەتی زۆر لەزەت بەخشە، بەڵام، دەزانیت چی لە پشتییەوەیە و بەرەو کوێ دەبرێت؟ تۆ دەتەوێت چی بگۆڕیت؟ بۆچی دەتەوێت خۆت بە کوشت بدەیت؟ بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی تر بێن و بە ناوی بەرهەڵستکار کۆمەڵێک خەڵک بکوژن و خۆیان بە دەسەڵات و سامان بگەن؟ وایە؟ ئەمەت دەوێت؟

– نە! تۆ نازانیت، تۆ ئەم دەستەیە هەر ناناسیت، ئەمانە ئاوها نین، ئەمان دەیانەوێت یەکسانی لە ناو کۆمەڵگەدا بهێننە دی.

– ئازیز دڵەکەم، خەڵکی تریش هەر ئەم قسانەیان دەکرد، تا ئێستا بینیوتە یەکێک بیەوێت بە دەسەڵات بگات و بڵێت ئامانجم ئەوەیە نایەکسانی لەناو کۆمەڵگەدا زیاد بکەم؟ بەڵام لە گۆشەنیگای هەموو ئەوانەوە کاتێک یەکسانی دێتە کایەوە کە حکوومەت و دەسەڵات بەدەست دەستەکەی خۆیانەوە بێت، ئەگەر یەکێکیش لە دژیان خۆی ڕابگەیەنێت، یەکسەر بۆ دۆزەخ دەنێردرێت.

– دایە تۆ قەت کتێبێکی ئەوانت خوێندووەتەوە؟ گوێت لە قسە و باسێکیان بووە؟

– نە ئازیزەکەم گوێم لێ نەبووە، ئەوەی تۆ گوێت لێ بووە بەسە، پێت وایە ڕاست ئەکەن؟

– بەڵێ! دیارە ئەگەر تۆش گوێت لێ بوایە تێ دەگەیشتی.

– ئەی ئەوانی تر؟ کتێبی ئەوانی تریشت خوێندووەتەوە؟ گوێت لە قسە و باسەکانیان گرت؟

– نە پێویست ناکات، دەزانم چی دەڵێن.

– نە نابێت، ناتوانیت بەو ئاسانییە بڵێی ئەو ڕێیە دروستەت دۆزیوەتەوە کە لە پێناویدا گیان بەخت بکەیت، لەوانەیە دەستەکانی تر قسەی باشتر بکەن، تۆ لێکۆڵینەوەت لەسەر چەند تیۆری و ئایدیۆلۆجیا کردووە، کتێبەکانیانت بێ بڕیاری پێش خوێندووەتەوە، تاوەکو بەم ئەنجامە گەیشتی؟ تۆ یەک دانە لە کتێبەکانی باوکت خوێندووەتەوە؟

– نە ڕێگەکەی ئەو دروست نەبوو، ئەوان بێ باوەڕ بوون، لەوانەشە دژی ئاین بووبن.

– بەڵام ئەویش دەیگوت ڕێگەی ئازادی مرۆڤ و هێنانە کایەوەی یەکسانی دۆزیوەتەوە، ئەویش پاش ئەو هەموو خوێندنەوە و خەباتە، کەچی تۆ کە منداڵی ئەوی، لەسەدا یەکی بەدواداچوونی ئەویشت نییە، دەڵێیت هەموو تەمەنی هەڵەی کردووە و ژیانی کردووەتە قوربانی هەڵەیەک، لەوانەیە تۆ ڕاست بکەیت، منیش هەر لەو باوەڕەدام، بەڵام بیر لەوە بکەرەوە کە ئەو بەو هەموو ئەزموونەوە کەوتبێتە ئەو هەڵە گەورەیەوە، ئەی تۆ بۆ هەڵە نەبیت؟ تۆ هێشتا ناوی قوتابخانە سیاسییەکانیش بە تەواوەتی نازانیت، ئەگەر ئەو بووبێتە ئامرازێک بۆ بەکارهێنان، ئەی تۆ بۆ نەکرێیتە ئەو ئامرازە؟ کوڕم بیر بکەرەوە، ژیان بە نرخترین شتە، ناکرێت لەبەر هەڵەیەک بیخەیتە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی قەرەبوو ناکرێتەوە.

– تۆ هیچ شتێک لەبارەی ئەمانەوە نازانیت و لە خۆتەوە لێیان ڕەشبینیت، پێت وایە هەڵمان دەخەڵەتێنن.

– بەڵێ ئازیزەکەم، تۆ زۆر ڕاست دەکەیت، من هیچ شتێک لەبارەی ئەمانەوە نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم هەر کەسێک لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، لە هەستی پاکی منداڵگەلی وەکو ئێوە کە هێشتا بواری خوێندنەوە و دۆزینەوەی ڕێگەیان نەبووە سوود وەربگرێت، و ئەوان وەکو ئامرازی پێشکەوتن و پلیکانەی گەیشتن بۆ دەسەڵات بەکاربهێنێت، مرۆڤێکی دروست نییە و لێی ڕەشبین دەبم. من تۆم لەسەر جادەوە نەهێناوە بۆ ئەوەی لە پێناو گەیشتنی ئاغای فلانی بە دەسەڵات بەو ئاسانییە لە کیس بدەم.

هەمــوو کـاتێک شـانـازی بەو بەرگـرییـەوە دەکـەم کـە ئەو ڕۆژە کـردم، لـە پاش نیوەڕۆوە هەواڵـی گرتن و کوشـتـارەکان گـەیشت، بارودۆخ زۆر ئاڵۆز بوو، هەمـوو ڕۆژێ سیامـەک هەواڵی تووشبوونـی کۆمـەڵێکی تری لە هاوڕێکانی دەبیست کە لە خۆپیشـاندانەکاندا بەشـدارییـان کردووە و کـەسـایەتییـە ڕاسـتـەقـینـەکان خـۆیان شـاردووەتـەوە و هەڵهاتوون، کـەچی هاوڕێکانی تریـان دەسـتـە دەسـتـە لە سـێدارە دەدران، هەموو پاش نیوەڕوانێک ناو، ناوونیشـان و تەمەنی لە سێدارە دراوەکان لە تیڤـی دەخـوێندرایەوە، من و سـیـامـەک بە هـەراسـەوە گـوێمـان لە لیسـتی ناوە بێ کۆتاییـیەکان دەگرت، کـاتێک دەگەیشـتە ناوی ناسیاوێک سـیامەک وەکو شـێری ناو قەفەس دەینەڕاند و پێچی لە خۆی دەدا، بیرم لەوە دەکردەوە، دایک و باوکی ئەمانە بە بیستنی ناوی منداڵەکانیان چییان بەسـەر دێت؟ یەکسـەر سوپاسی خوام دەکرد کەوا ئەو ڕۆژە ڕێگریم لە چوونە دەرەوەی سیامەک کرد. ڕەفتاری خەڵک زۆر سەیر بوو، هـەندێکیـان مــات، بەشــێکیـان بێ هەڵوێست، هەندێکیـان تووڕە و تەنـانەت بەشـێکیـان دڵخۆش بوون، ئەو شـێوە پەرچەکردارانە، جێگەی بڕوا پێکردن نەبوون لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە تا ماوەیەک پێشتر ئەوەندە یەکگرتوو خۆی دەنواند.

ڕۆژێ لە بازاڕ بە یەکێک لـەو هاوکارە کۆنانەم گـەیشتم کە زۆریش سـیاسـی بوو، تەماشایەکی کردم و گوتی:

– ئەوە چییە خانم سادقی؟ دەڵێی کەشتییەکەت نوقوم بووە، زۆر پەشێوی!

بەسەرسوڕمانەوە گوتم:

– بارودۆخ و هەواڵەکان تۆ خەمبار ناکەن؟

– نە! بە بۆچوونی من هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە دەچێت.

بە قینەوە گوتم:

خۆڕاگری و دەروون گەورەیی نییە

سەردانەواندن و بێ دەماربوونە

ئەم هەمووەت دیتبێ و، هێشتاکە هەر مابی

بە ڕووگرژییەوە گوتی:

– چی...؟ سەردانەواندن یانی چی؟

– بڕۆ لە فەرهەنگدا بیدۆزەرەوە.

لە ناخەوە، دەستخۆشیم لە ئاغای شیرازی کرد کە بە شیعرەکانی باشترین وەڵامی بۆ ئامادە کردبووم.

لە سەرەتای هاوینداماڵەکەمان گواستەوە، چۆڵکردنی ئەم ماڵە لە پاش حەڤدە ساڵ بە کۆمەڵێک یادگارییەوە، سانا نەبوو، هەر خشتێکی چیرۆکێکی هەبوو و بیرەوەرییەکی لە مێشکمدا زیندوو دەکردەوە، ئەو بیرەوەرییانەی کە لەوە دەچوو تاڵترینیشیان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەلامەوە شیرین بوون، هێشتا ئێمە بە ژووری میوانەکەمان دەگوت، ژوورەکەی شارەزاد، بە ژوورەکانی خواروومان دەگوت، ماڵەکەی نەنە، هەموو شوێنێکی بۆنی حەمیدی لێ دەهات، هەتا ئێستاش جارجارە لە کەلەبەرە شاراوەکاندا شتی ئەوم دەدۆزییەوە، باشترین ڕۆژگارەکانی ژیانم لەناو چوارچێوەی ئەم دیوارەدا بەسەر بردبوو. خۆم بە ئاگا هێنایەوە کە ژیرانە بیر بکەمەوە، هیچ چارەیەکم نەبوو، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان، هەندێکم فرۆشت، هەندیکم فڕێدا و هەندێکیشم بەخشی، فاتی گوتی:

– کەلوپەلە باشەکان هەڵبگرە، لەوانەیە بەڵکو دواتر ماڵێکی گەورەتر بدۆزیتەوە، کوانێ قەنەفەکانت؟ حەیفە، یەکەمین ساڵی شۆڕش کڕیت، لە بیرتە.

– بەڵێ، ئەو کاتە زۆر هیوادار بووم، وام ئەزانی لە دوای ئەوە دەبم بە خاوەنی خێزان و ژیانێکی خۆش، بەڵام ئێستا بەکەڵکم نایەت، هەرگیز ماڵی گەورەترم نابێت، یا با بڵێم بەم نزیکانە، لەوێش شوێنمان نییە، نازانیت چەند بچووکە! کوا منیش میوانی زۆرم دێت، بڕیارم داوە تەنیا کەلوپەلی سەرەتایی بەرم.

ماڵە تازەکەمان، لە دوو ژوور پێکهاتبوو کە بەسەریەکدا کرابوونەوە و گەراجێک کە شوێنی دانیشتن و چێشت لێنانیش بوو. دەستشۆر، ئاودەست و گەرماو لە تەنیشت ئەو دەستەیەوە بوون و ڕێگەی هاتوچۆش بۆ ئەوێ لە حەوشەکەوە بوو، یەکێک لە ژوورەکانم بە کوڕەکان دا، ئەوی تریشیان بەر من و شیرین کەوت، شوێنمان بۆ تەختی خەوەکان، مێزی نووسینی منداڵەکان، مێزی کارەکەی خۆم، ئامێری چاپەکە و مەکینەی دروومانەکەمان لەم دوو ژوورەدا کردەوە، تەلەڤزیۆنەکە و چەند قەنەفەیەکم لە ژووری دانیشتنەکە دانا و مێزێکی بچکۆلانەم لە بەردەمیاندا

دانا، هەرسێ ژوورەکە ڕێگەیان بۆ حەوشەکە هەبوو، حەوشەیەکی گەورە کە دوو باخچەی لاکێشەیی و حەوزێکی بازنەییی تێدا بوو، ئەوبەری حەوشەکەش ماڵی دایکی حەمید بوو.

کەلوپەلەکەیان برد و خانووەکە چۆڵ بوو، کاتی بەجێهێشتنی خانووەکە، سەرم لە هەموو ژوورەکان دا، دەستم بەسەر دەرگە و دیوارەکاندا هێنا و ماڵئاواییم لێیان کرد کە ئەم هەموو ساڵە شایەدی ژیانم بوون، بۆ سەربانەکە ڕۆیشتم، جارێکی تر بە ڕێگەی هەلاتنەکەی حەمیددا هەتاوەکو ماڵی هاوسێکەمان ڕۆیشتم، دارە پیرەکانی باخچەکەم ئاودا، لە پەنجەرەکەوە سەیری ژوورە تۆزاوییەکانی نەنەم کرد کە خەریک بوو وێران دەبوو، چ هەرا و هوریایەک لەم ماڵە بێدەنگەدا هەڵسابوو، فرمێسکەکەم سڕییەوە، بەدڵتەنگی دەرگەکانم داخست، ماڵئاواییم لە سەرانسەری گەنجێتی و شادییەکانم، لەم لاپەڕەیەی ژیانم کرد و ڕۆیشتم.

٧

منداڵەکـان زۆر لەم جێ گۆڕینە نـاڕازی و خـەمـبـار بوون، لە بەسـەریەکـدا کـەوتنی کەلوپەلەکـان سـەریان لێ شـێوابوو و نەیاندەزانی چی بکەن! بۆڵەبۆڵیـان دەکرد و لە ڕێگەی یارمـەتی نەدانەوە نـاڕەزایەتییـان دەردەبڕی. سیـامەک لەسـەر تەختـەیەک کە دۆشـەکەڵەیەکی لەسـەر بوو ڕاکشـابوو، مـەچەکی لەسـەر چاوی دانابوو. مـەسعـوود لەپاڵ دیواری حـەوشـەکە، لـەسـەر زەوی دانیـشـتبـوو و چەناگـەی لەسـەر ئەژنۆی دانابوو، تەمـاشـای خـاڵێکی نادیاری دەکرد، جـارجـارەش بە گـەچێکی پاشـمـاوەی خـانوسازییـەکە، چەند هێـڵێکی لەسەر خـشتی حـەوشـەکە دەکێشـا، خـۆشبـەختـانە شـیرین لەلای پەروین خـانم بوو و خەمـی ئەوم نەبوو، ڕووخسـاری گرژ و خـەمبـاری منداڵەکان لە هەموو شتێک پتر ئازاری دەدام و ئەم پەشێوییە شێتی دەکردم، چیی تر بەتەنیـا تاقـەتی هیچ کـارێکم نەمـابوو، نـەمـدەتوانی ناچاریان بکـەم، چاوەڕوانی پزیسکێک بوون بـۆ ئەوەی بتـەقـێنەوە و شـەڕێک بنێنـەوە، ڕۆیشـتـم لـە ژوورێک دانیـشـتم و هەناسـەیەکی قـووڵم هەڵکێـشـا، تووڕەییـیـەکـەم قـووت دایـەوە، لەبەر خـۆمەوە قسـەم کـرد، ماوەیەکی خایاند تاوەکو توانیم تۆزێ خـۆم هێمن بکەمـەوە و توانایی بە دەست بهێنمـەوە. هەسـتـام، چاییـیـەکم دەم کرد و لە مـاڵەکە ڕۆیشـتمـە دەر، نانەواخانەکەی سەر کۆڵانەکە تازە دەستی بە نانکردنی پاش نیـوەڕۆ کردبوو، دوو نانـی لەواشـەی گـەرمم کـڕی و بـێـدەنگ خـۆم کـرد بە مـاڵدا، ڕایەخـێکم لە حـەوشـەکـە ڕاخـست، نان و پەنیـر و کـەرە و چاییم لەگـەڵ هـەندێک مـیـوە هـێنا، منداڵەکانم بۆ چا خـواردن بانگ کرد، دەمـزانی برسییـانە چونکە نانی نیـوەڕۆیان تەنیـا سـەندەویچـێک بوو، ئەویش کـاژێر یانزە لـە پێش چۆڵکردنی مـاڵەکـە

خـواردبـوويان، لەســەرەتادا کـەمـێک دواکـەوتن، بـەڵام بۆنی نـانە تازەکـە و ئەو خـەیارەی خـەریک بـووم پاکم دەکـردەوە، ئارەزووی نانـخـواردنیـانی کـردەوە، وردە وردە وەکو پشیلە بۆ لای ڕایەخەکە دەهاتن و دەستیان بە نانخواردن کرد. کاتێک دڵنیابووم ڕازی بوون، خواردنێکی خۆش جێگەی ئەو تووڕەیییەی گرتەوە کە زادەی برسێتی بوو، دەستم پێ کرد:

– سـەیرکەن! جێـهـێشـتنی ئەو مـاڵەی کـە هـەمـوو ڕۆژگـارە خـۆشـەکانی ژیان و گەنجیم تیایدا بـەسـەر بردبوو، بەو هـەمـوو بیـرەوەرییـانـەوە، بۆ من زۆر ناخـۆشـتـر بوو، بەڵام چار چییە؟ دەبێت ڕاستییەکان ببینین، ئێمە ئەوێمان چۆڵ کرد، بەڵام ژیان بەردەوامە، ئێوە گەنجن، لە سەرەتای ژیاندان، ماڵەکانی خـۆتان زۆر لەو ماڵە خۆشتر و گەورەتر بنیات دەنێن، نابێت دڵتان لەلای ماڵە کۆنەکان بێت.

سیامەک بە تووڕەیییەوە گوتی:

– ئەوان مافی ئەوەیان نەبوو خانووەکەمان لێ بسێننەوە، مافیان نەبوو...!

– بۆچی مـافیـان نەبوو؟ خـانووی خـۆیان بوو، بڕیار وا بووە هەتاوەکو دایکیـان ماوە نەیفرۆشن، بەڵام کاتێک ئەو نەما دەبوایە میراتییەکانیان کۆبکەنەوە.

– بەڵام ئەوان تەنـانەت سـەریان لە نەنـەیش نەدەدا، ئێـمـە هـەمـوو کـارەکانیـمـان دەکرد.

– باشـە، لەبەرئـەوەی ئێمـە لەو مـاڵە دانیـشـتبـووین و سـوودمـان لێ وەردەگرت، ئەرکی خۆمان بوو یارمەتی بدەین.

– ئێـمـە لـە خـانووەکـەی باوە گـەورەش بەشـمـان نیـیـە، هـەموویان مـیـراتییـان بەردەکەوێت، تەنیا ئێمە نەبێت.

– بەڵێ کوڕم، ئەمـە یاسـایە، کـاتێک کوڕێ لە پێش باوکی بمرێت ئیدی مـیـراتی بەر ناکەوێت.

مەسعوود گوتی:

– بۆچی هەموو کاتێک یاسا بە زەرەری ئێمەیە؟

– ئەم قسانە چییە؟ تۆ میراتیت بۆ چییە؟ کێ ئەم قسانەی پێتان وتووە؟

– بۆچی ئێمە کەرین؟ هەر لە پرسەکەی باوە گەورە لە هەزار شوێن بیستمان.

– ئێمه هیچ پێویستیمان بەم شتانە نییە، وا ئێستا لە ماڵەکەی باوە گەورە دانیشتووین، ئەم هەموو خەرجەیان کردووە، ئەم ژوورانەیان بۆمان بنیات ناوە، جارێ هیچ کێشەیەکمان نییە، چ جیاوازییەکی هەیە بە ناوی ئێمەوە بێت یان نا، خۆ ئێمە کرێ نادەین، هەر ئەوە لە خۆیدا زۆر باشە، پاشان ئێوە گەورە دەبن، خۆتان ماڵ و ژیانتان بنیات دەنێن، من حەز ناکەم منداڵەکانم وەکو مشەخۆر بیر لە میراتی بکەنەوە.

– بەڵی، بزنەکە مەمرە بەهارە، ئەمانە مافی ئێمەیان خوارد.

– یانی تۆ دەتەوێت لە ماڵێکی ئاوها کۆندا بژیت؟ من ئاواتی زۆر لەوە زیاترتان بۆ دەخوازم، بەم نزیکە بۆ زانکۆ دەڕۆن، دەتوانن هەم بخوێنن هەم کار بکەن، ئینجا دەبنە ئاغای دوکتۆر و ئەندازیار، ژیان و ماڵ پێکەوە دەنێن، ئەویش چ ماڵێک...؟ وەی وەی، تازە، مۆدێرن بە باشترین کەلوپەلەوە، ئیتر ئاوڕ لەم خەرابەیە نادەنەوە، منیش وەکو باجییە پیرەکانی سەردەمی کۆن ماڵە و ماڵ دەڕۆم بۆ خوازبێنی، وای چ کچگەلێکی جوانتان بۆ دەدۆزمەوە، لە هەموو شوێنێک دادەنیشم و دەڵێم، ماشەڵڵا کوڕەکانم دوکتۆر و ئەندازیارن، قۆز و قەد و باڵا جوان، خانوویان هەیە دەڵێی کۆشکە، دوو ماشینی وەکو گوڵ، کچان لە ڕاست و چەپەوە بۆتان دەبوورێنەوە.

کوڕەکان حەپەسا بوون، بە قسەکانم کە بە ئەدا و ئەتوارەوە دەمگوت، پێکەنینیان دەهات.

– باشە ئاغا سیامەک، ئێستا تۆ حەزت لە کچی کاڵە یان قژ ڕەش؟

دەتگوت ئاوی ساردیان بەسەر دڵیدا کرد، بە پێکەنینەوە گوتی:

– قژ ڕەش.

– ئەی تۆ مەسعوود، حەزت لە کاڵە یان ئەسمەر؟

– چاوەکانی شین بن، گرینگ نییە قژی چۆن بێت.

گوتم:

– شین! واتە وەکو چاوی فێروزە.

سیامەک بە پێکەنینەوە گوتی:

– داماو، خۆت ئاشکرا کرد.

– نه بابه، بۆچی چیم وت؟ چاوەکانی دایەش هەندێ جار شینن.

– قسەی پووچ مەکە، دایە چاوی سەوزە.

– خۆ فێروزە وەکو خوشکمە.

– ڕاست دەکات، ئێستـا فێروزە وەکو خوشکییەتی، بەڵام کاتێک گەورە بوو، لەوانەیە وەکو هاوسەری بێت.

– ئێ... دایە، ئەم قسانە چییە؟ تۆش بۆچی لە خۆتەوە پێ دەکەنی؟

لە ئامێزم گرت، بە سینەمەوە گوشیم، ماچم کرد و گوتم:

– وای بۆ زەماوەنەکەتان چی دەکەم.

دەتگوت ئەم قسانە کاریگەرییان لەسەر ورەی خۆشم دانا، هەستم بە وزەیەکی زۆر دەکرد.

– باشە منداڵەکان، بە بۆچوونی ئێوە ماڵەکە چۆن ڕێک بخەین؟

– ماڵ؟ وەها دەڵێت ماڵ، مرۆڤ وا دەزانێت بەڕاستی ماڵە.

– ئاشکرایە ماڵە، بوەستە با ڕێکی بخەم، ئینجا بزانە چەند کەس ئاواتی بۆ دەخوازێت، گرینگ نییە ماڵەکە چییە، گرینگ ئەوەیە چۆن ڕێکی بخەیت، هەندێک دەڕۆن ساباتێ، ژێر زەوییەکی شێدار دەگرن، وەهای ڕێک دەخەن پیاو هەست دەکات لە سەد کۆشک خۆشتر و باشترە، ئەمە هونەرە، نەک بڕۆیت لە کۆشکێکی ئامادەکراودا بژیت. هەموو ماڵێک نیشانەی کەسایەتی، زەوق و سەلیقەی ئەو کەسانەیە کە تیایدا دەژین.

– ئاخر ئێرە زۆر بچووکە.

– نە، بۆچی بچووکە؟ ئێمە دوو ژوور و هۆڵێکمان هەیە لەگەڵ حەوشەیەک بەم گەورەیی و خۆشییە، تا نیوەی ساڵ دەخرێتە سەر ماڵەکەمان، با پڕی بکەین لە گوڵ و چیمەن، جا سەیرکە چەند خۆش دەبێت، پێکەوە حەوزەکەش ڕەنگ دەکەین، ماسی سووری تێ دەخەین، پاش نیوەڕوان ئاوپرژێنەکەی دەکەینەوە و لێرە دادەنیشین و کەیف دەکەین، چۆنە؟

ڕووخساری منداڵەکان گۆڕا بوو، نیگاکانیان لە جیاتی خەم و خەفەتەکەی

کـاژێرێک پێـشـتـر جـۆرە خـرۆشـێکی لێ نیـشـتـبـوو، دەبوایە لەم هەلـە سـوودم وەرگرتبایە.

– دەی کـاکـە هەسـتن، ژوورە گـەورەکـە هـی ئێـوەیە، ڕێکـی بخـەن، ڕەنگەکـەشـی جـوان بووە، وانییـە؟ قسـەی خـۆمـان بێت، ئەو مـاڵە خـەریک بوو بەسـەر سـەرمـاندا دەڕووخا، هەرچۆنیک بێت ئێرە تازە بنیات نراوەتەوە، ئەو ژوورەی تریش هـی من و شیرینە، ئێوە کەلوپەلە گەورەکان ببەن ئەوانی تر بۆ خۆم دابنێن، ئەو مێزە خڕە و کورسییـەکانی هـی حـەوشـەن، مەسـعوود حەوشـەکە دەستت ماچ دەکات، لە پاش ئەوەی کـەمێک دامـەزراین سـەیرێکی باخـچـەکە بکە، بزانە پێویسـتی بە چییـە، چ گـوڵێکی بۆ بکڕین؟ کـاکـە سـیـامـەک، جـەنابیـشت دەبێت ئانتـێنی تەلەڤـزیۆنەکـە دابمەزرێنیت، سیـمێکی تەلەفۆنیش لە مـاڵی دایە گـەورەوە بۆ ئێرە بکێشـە، لەگەڵ مەسـعوود چێوپەردەکانیش داکوتن، بەڕاست، ئەو تەختی خەوەی لە مـاڵەکەی نەنە بوو، پاکی بکەینەوە و بیهێنین، بۆ ناو حەوشـەکە باشـە، فەرشێکی لەسـەر دادەنێین، ئەگەر شـەوانە پێمان خۆش بوو لە حەوشـەکە دەخەوین، زۆر باشە وانییە؟

منداڵەکان هاتبوونە خرۆش، دەستیان بە پێشنیاردان کرد، مەسعوود گوتی:

– پەردەکـانـی ژووری ئێـمـە بگـۆڕە، ئەوانەی لە مـاڵەکـەی ئەولا بـوو، زۆر تاریک بوون.

– ڕاست دەکــەیت، مــافـی خـۆتە، پێکەوە دەڕۆین پـارچەیەکـی جـوانی گـوڵدار هەڵدەبژێرین، هەر لەوەش چەرشەفی تەختی خەوی بۆ دەدرووم. بەڵێنتان پێ دەدەم ژوورێکی ڕووناک و نایابتان هەبێت.

بەم شـێوەیە منداڵەکان بە مـاڵەکە قـایل بوون و ئێمـەش بـەوێ ڕاهـاتین. لە پاش هەفتـەیەک تا ڕادەیەک دامـەزراین و پـاش مانگێک باخـچەیەکی خۆش و پڕ لە گوڵ، حـەوزێکی جـوان و درەوشـاوە و ژوورگـەلێک بـە پەردە و شـتـومـەکـی ڕازاندنەوەی دڵگیر و خـۆشـمان هـەبوو. پەروین خـانم گواسـتنەوەی مـاڵەکەمـانی پێ خـۆش بوو، دەیگوت، هاتوچۆکردنـی بۆ ماڵمان ئاسـانتر بووە، دایە گەورە بەوە دڵخـۆش بوو کە ئێمـە لە مـاڵەکەیداین و وەکو خـۆی دەیگوت ترسـی کـەمـتر بووەتەوە، ئەو کـاتانەی دەنگوباسـی جــەنگ زیاتر دەبـوو، دنیــا تـاریک دەبوو و ئـاژێریان لێ دەدا، هـەمــوو بەپەلە خـۆمـان پێـی دەگەیاند، منـداڵەکان بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان لەگەڵ جـەنگدا

ڕاهاتبوون و بە بەشێک لە بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەیان دەزانی، لە کاتی تۆپ باران و مووشەک بارانەکاندا، ئەو کاتانەی کارەبا دەکوژایەوە هانی شیرینمان دەدا شیعرمان بۆ بڵێت و ئێمەش هاوکاریمان دەکرد، بەم شێوەیە، تەنیا دایە گەورە نەبێت کە بە هەراسەوە تەماشای بنمیچەکەی دەکرد، هەموومان تۆپ بارانمان لە بیر خۆمان دەبردەوە.

هەموو کاتێک ئاغای زەرگەر کاری بۆم دەهێنا و سەری لێ دەداین، چەند دڵنەرم و لە خەمی ئێمەدا بوو، ئەم هەڵسوکەوتەی لە ڕەفتارە وشکەکەی فەرمانگە نەدەچوو، هاوڕێیەکی باش بووین بۆ یەکتر، دەردە دڵمان بۆ یەکتر دەکرد و سەبارەت بە کوڕەکان ڕاوێژم پێ دەکرد، ئەویش تەنیا بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ، هاوسەرەکەی و کچەکەی بۆ فەرەنسا گەڕابوونەوە، ئەویش نەیدەزانی چی بکات، ڕۆژێ گوتی:

– بەڕاست، نامەیەکم لە ئاغای شیرازییەوە پێ گەیشت.

– ئێ! چی نووسیوە؟ دۆخی باشە؟

– وەڵا پێم وانییە، دڵی زۆر تەنگە، دەترسم ئەم دوورەوڵاتییە لە ناوی بەرێت، دوا شیعرەکانی بوونەتە غوربەتنامەگەلێک کە دڵی مرۆڤ دێنێتە لەرزە. ئێمە وشەیەکمان نووسی، وتمان خۆزگەمان بە خۆت لەوێیت و بێ خەمی، ئەگەر دەزانیت چ وەڵامێکی داوەتەوە.

– چی نووسیوە؟

– من وەکو تۆ نیم لە بیرم بمێنێت، شیعرێکی درێژە، زۆر پڕ لە ئازارە، باسی هەموو بارودۆخەکانی خۆی دەکات لە غەریبیدا، تەنیا سەرەتاکەیم لەبیرە کە دەڵێت:

بۆت نووسیوم لە سەر سفرە خوێناوییەکانی ڕۆژئاوا
نانت لە ڕۆندایە و پارووت چەورە
لێرە نەبووی، نەتدیتووە، لەگەڵ هەموو بەرەبەیانێک
من ئێوارەی چەند غەریبانەم لە دەورە

– ڕاست ئەکەیت، ئەو لەو تەنیایی و دڵتەنگییە ڕزگاریی نابێت.

پێشبینییەکەم زوو هاتە دی و هاوڕێ دڵشکاوەکەمان بە ئاسوودەیی هەتاهەتایی گەیشت، ئەو ئاسوودەییەی لەوانەیە هەرگیز لە ژیانی سەر زەویدا پێی نەدەگەیشت. لە پرسەکەیدا کە خێزانەکەی دایینابوو، بەشداریم کرد، ڕێزێکی بە شکۆی لێ گیرا، بەڵام پیلانی شاردنەوەی دەستنووسەکانی کە لە سەردەمی خۆیدا هەبوو، لە دوای مردنیشی هەر بەردەوام بوو.

ئاغای زەرگەر، بە چەند کۆمپانیایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناساندم کە کارەکانیانم لەماڵەوە دەکرد، سەرئەنجام، لە نووسینگەی کۆوارێکدا کارێکی بۆ دۆزیمەوە کە مووچەکەی بەردەوام و جێگیر بوو، هەرچەندە زۆر نەبوو بەڵام کەموکووڕییەکانم بەو کارانە پڕ دەکردەوە کە لە ماڵەوە بەجێم دەهێنا.

منداڵەکانم لە قوتابخانەکانی نزیک ماڵەکەمان ناونووس کرد، هەفتەی یەکەم قەڵس و ڕووگرژ بۆ قوتابخانە تازەکەیان ڕۆیشتن، لەبەر دوورکەوتنەوەیان لە هاوڕێکانیان دڵسارد و خەمبار بوون، بەڵام لە دوای مانگێک تەنانەت بیری قوتابخانە کۆنەکەیانیشیان نەدەکرد. سیامەک هاوڕێی زۆری دۆزییەوە و مەسعوودیش خۆی لەگەڵ هەمواندا ساز و میهرەبان بوو، هەر زوو خۆشەویستیی دەوروبەرەکەی بە دەست هێنا، شیرین پێی نابووە سێ ساڵییەوە، دڵخۆش و سەر و زمان شیرین بوو، لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسەی دەکرد، سەمای دەکرد و بە سەر کۆڵی براکانیدا سەردەکەوت، بڕیارم وا بوو ئەویش لە باخچەیەکی ساوایانی نزیک دابنێم، کەچی پەروین خانم نەیهێشت و بەتووڕەییەوە گوتی:

– بۆچی پارەت زۆرە؟ هەموو ڕۆژەکە لە فەرمانگەیت، لە ماڵیشەوە چاپ دەکەیت، دەخوێنی، دەنووسی یان دروومان دەکەیت، لە دواییشدا ئەو پارەیەی بەم بەدبەختییە پەیدا دەبێت بیخەیتە دەستی ئەمانە! نە، نایەڵم! بۆچی من مردووم؟

خەریک دەبووم لەگەڵ ڕەوشی تازەی ژیان ڕادەهاتم. هەرچەندە شەڕ بوو و هەواڵە ترسناکەکانیم دەبیست، بەڵام لەوە دەچوو لە ئێمەوە زۆر دوور بێت، من ئەوەندە گیرۆدەی وردەکارییەکانی ژیان بووم، تەنیا لە کاتی ئاژێر لێداندا نەبوایە شەڕم بە بیردا نەدەهاتەوە، ئەگەر لەو کاتەشدا هەموومان پێکەوە بووینایە خەمم نەبوو، لەو باوەڕەدا بووم پێکەوە مردن باشترین شێوازی مردنە، لە یەک شوێندا و یەک جار، سوپاس بۆ خوا، هێشتا منداڵەکان بە تەمەنی سەربازی نەگەیشتبوون و

دڵنیابووم هەتاکو ئەمان بەو تەمەنە دەگەن شەڕ تەواو دەبێت، بۆچی دەمانتوانی چەند ساڵ شەڕ بکەین؟ منداڵەکانیشم لەو منداڵانە نەبوون حەزیان لە چوونە مەیدانی شەڕ بێت، خەریک بووم باوەڕم بەوە دەهێنا کە دژوارییەکانی ژیانم بەجێ هێشتووە، بارودۆخم ڕوونە و دەتوانم لە ئاسوودەییەکی ڕێژەییدا منداڵەکانم گەورە بکەم.

چەند مانگێک تێ پەڕی، تیرۆر و کوشتارێکی زۆر ڕوویان دا. چالاکییە سیاسییەکان گوێزرانەوە بۆ ژێر زەوییەکان، سەرکردە بەرهەڵستکارەکان هەڵهاتن، شەڕ هەر بەردەوام بوو و من خەمی داهاتوو و چاودێریکردنی منداڵەکانم بوو، لەوە دەچوو قسەکانم و ڕووداوەکان کاریان لە سیامەک کردبوو، چیی تر پێوەندییەکی ئەوتۆی بە هاوڕێ موجاهیدەکانییەوە نەمابوو، یان ئەوەندەی کە من دەمزانی! لەگەڵ هاتنی بەهاردا نیگەرانییەکانم کەمتر بوونەوە. منداڵەکان خۆیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکرد، منیش لەو کاتەدا خولیای دوا تاقیکردنەوە و خوێندن، بۆ وەرگرتنم لە زانکۆ کە بەم نزیکانە دەکرایەوە، کەوتە سەرم. دەمویست وەها نوقمی خوێندن و قوتابخانەبن و بواری بیرکردنەوەیان لە شتێکی تر نەبێت.

ئەو شەوە بەهارییە، وەکو هەمیشە خەریکی چاپکردنی ئەو بابەتە بووم کە هەڵەچنم کردبوو، شیرین خەوتبوو، گڵۆپی ژووری کوڕەکان هێشتا داگیرسابوو کاتێک دەنگی زرمەی مشت و زەنگی دەرگەکە لە شوێن خۆم وشکیان کردم، دڵەکوتێم گرت، سیامەک لە ژوورەکەی هاتە دەر، بە نیگایەکی پڕ پرسیار و حەپەساوەوە سەیری یەکترمان کرد، مەسعوود چاو پڕ لە خەو، خۆی پێمان گەیاند، دەنگی زەنگەکە نەدەبڕایەوە، هەرسێکمان بۆ لای دەرگەکە ڕۆیشتین، منداڵەکانم پاڵ نایە لاوە و خۆم کەمێک دەرگەکەم کردەوە، یەکێک پاڵی بە دەرگەکەوە نا، کاغەزێکیان لە بەردەم چاوم ڕاگرت، لەو تاریکییە نەمدەزانی چییە، پاڵیان نام و هاتنە ژوورەوە، سیامەک بەرەو لای ماڵی دایە گەورە هەڵات، دوو کەس بە شوێنیدا ڕایان کرد و لە ناوەڕاستی حەوشەکە دایاننیشاند، هاوارم کرد:

– وازی لێ بێنن.

لە کاتێکدا ویستم فریای بکەوم ڕایانکێشامە ژوورەوە، بەهاوار و پاڕانەوە دەمگوت:

– بۆچی چی بووە؟ چی کردووە؟

یەکێکیان کە بەتەمەنتر بوو بە مەسعوودی گوت، چارشێوەکەی دایکت بەسەر سەریدا بدە، کاتێک کە سێبەری سیماکەم دەبینی لە ناوەڕاستی حەوشەکە دانیشتووە، نەمدەتوانی ئۆقرە بگرم، خوایە، دەیانەوێت چی لە جگەرگۆشەکەم بکەن؟ لە خەیاڵی ئەوەیدا کە ئەشکەنجەی دەدەن، هاوارێکم کرد و لە هۆش خۆم چووم، کاتێک کە لە ناو پڕانەکەی مەسعوود بە دەموچاومدا هاتمەوە خۆ، خەریک بوون سیماکیان دەبرد، هاوارم کرد:

– نایەڵم کوڕەکەم ببەن، هیچی نەکردووە.

و بە شوێنیدا ڕام کرد.

– بۆ کوێی دەبەن؟ پێم بڵێن.

پاسدارێکی تەمەن مام ناوەندی بەبەزەییەوە تەماشای کردم و کاتێک هاوڕێکانی ڕۆیشتن، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– دەیبەین بۆ ئەوین، مەترسە، هیچی لێ ناکەن، هەفتەی داهاتوو وەرە بڵێ عزەتوڵا حاجی حوسێنیم دەوێت، خۆم هەواڵیت دەدەمێ.

– خوا بمکاتە قوربانت، بەڵایەک بەسەر کوڕەکەمدا نەهێنن، توخوا، تو گیانی منداڵەکانت.

هاوخەمانە سەری ڕاوەشاند و ڕۆیی. من و مەسعوود تاکو سەر کۆڵانەکە ڕامان کرد بۆ شوێنیان، دراوسێکان لە سووچی پەنجەرەکەوە سەیریان دەکرد، کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکە لە فلکەکە تێ پەڕی، هەر لەسەر ئەو جادەیە دانیشتم، مەسعوود بە هەزارحاڵ منی بۆ ماڵەوە بردەوە، ڕەنگی بزرکاو، چاوە پڕ لە ترس و دەنگە لەرزۆکەکەی سیماک کاتێک دەیگوت: "دایە، توخوا دایە شتێک بکە"، یەک چرکەش لەبەرچاوم لا نەدەچوو.

سەرانسەری شەوەکە گرژبوونەوەی دەمارەکانم هەبوو، ئەمجارە بەرگەی ئەمەیانم نەدەگرت، ئەو حەڤدە ساڵان بوو و بەڕاستی بێ تاوان بوو، ئاخر بۆچی هاتن و بردیان؟ ئەوپەڕەکەی ئەگەر تاوانێکیشی هەبێت لەوانەیە فرۆشتنی ڕۆژنامە بێت لەسەر چوارڕیانەکە، ماوەیەک بوو هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەواندا نەمابوو.

بەیانی زوو، هەرچۆنێک بوو هەستام و لەسەر پێیە لەرزۆکەکانم وەستام، نەدەبوایە دەست لەسەر دەست دانێم تا کوڕەکەم لەدەست بچێت، کەس نەبوو فریام بکەوێت، ژیانم وەکو دراما زنجیرەییە دووبارە کراوەکانی لێ هاتبوو، بەڵام هەر جارەی شێوازێکی تایبەتی هەبوو و منیش توانای بەرگەگرتنم کەمترەوە بووبوو. جلەکانم لەبەر کرد، مەسعوود هەر بە جلەکانییەوە لەسەر نیمکەتەکە خەوی لێ کەوتبوو، بەهێواشی بانگم کرد و گوتم:

– پێویست ناکات ئەمڕۆ بۆ قوتابخانە بڕۆی، لە ماڵەوە بمێنەوە تاوەکو پەروین خانم دێت و شیرینی بدەرێ، تەلەفۆنیش بۆ میمی فاتی بکە و بەسەرهاتەکەی بۆ باس بکە.

بە چاوی خەواڵووەوە گوتی:

– بەم بەیانییە زووە بۆ کوێ دەڕۆیت؟ بۆچی کاژێر چەندە؟

– کاژێر پێنجە، با بڕۆم بۆ بەر دەرگەی ماڵی مەحموود تا نەڕۆیشتووەتە دەرەوە بیبینم.

– نە دایە، نە! پێویست ناکات بڕۆیت.

– چارم نییە، کاتی ئەو قسانە نییە، ژیانی کوڕەکەم لە ئارادایە، ئەو هەزار ناسیاوی هەیە، هەرچۆنێک بووە هەوڵی لەگەڵ دەدەم بمباتە لای حاجی ئاغا.

– نەدایە، توخوا مەڕۆ، ئەو هیچ ناکات، بۆچی لە بیرت چووەوە؟

– نە دایە گیان، ئەمجارەیان جیاوازە، حەمید بۆ ئەو غەریبە بوو، بەڵام سیامەک لە خوێنی خۆیەتی، خوشکەزایەتی، لە باوەشی خۆیدا گەورە بووە.

– نە دایە، ئاخر تۆ نازانی؟

– چی؟ چی بووە؟ چی نازانم؟

– نەمدەویست پێت بڵێم، من پاش نیوەڕۆی دوێنێ یەکێ لەو پاسدارانەم لەسەر کۆڵانەکە بینی.

– باشە!! ئینجا چی؟

– ئاخر بە تەنیا نەبوو، لەگەڵ خاڵۆ مەحموود بوو، پێکەوە قسەیان دەکرد و سەیری ماڵی ئێمەیان دەکرد.

دنیـا له بەرچاوم سـووڕایەوه. یانی مـەحـمـوود خـەبەری له دەسـتی داوه؟ شـتی وانابێت، چۆن دەبێت؟ خـوشکەزای خـۆی؟ وەکو شـێت له مـاڵ بەدەر کـەوتم، نازانم چۆن خـۆم به مـاڵی مـەحـمـوود گـەیاند. وەکو شـێت له دەرگـەم دەدا، غـولامـوسـێن و مەحـمـوود یەکسـەر دەرگـەکەیان کـردەوه. غـولامەلی مـاوەیەک بوو بۆ بەرەکـانی شـەڕ ڕۆیشتبوو، هێشتا مەحموود جلی ماڵەوەی لەبەر بوو، هاوارم کرد:

– تۆ، تۆ، بـێ شـەرەف تـۆ پاسـدارت بۆ مـاڵمـان هێنـا؟ تۆ ڕاسـپـێردراوت هـێنا سیامەکی من بگرن؟ وایە؟

به سـاردوسـڕییەوه تەمـاشـای کـردم، چـاوەڕوان بووم بڵێت نـه! نکووڵی لێ بکات، یان قـەڵس و تووڕه بێت لەوەی چۆن بیـرم له شـتی وەها کـردووەتەوه و نکووڵی له هەموو شتێک بکات، کەچی هەر بەو ساردوسڕییەوه گوتی:

– ئـێ کوڕەکەت موجاهید بوو، وانییە؟

– نه، سـیـامـەکم تەمـەنێکی ئەوتۆی نەبوو تا دەسـتـه هەڵبـژێرێت، هەر لەم یەک، دوو سـاڵەدا سـێ جار بیروباوەڕی گـۆڕی، هیـچ کـاتێکیش لەگـەڵ هیـچ دەسـتەیەکدا نەبووه.

– پێت وابـووه دادە...! سـەرت لەژێر بەفـردا شـاردووەتەوه، خـۆم بینیم لـەسـەر چوارڕیانەکه ڕۆژنامەی دەفرۆشت.

– هـەر ئەوەیە، هـەر لەبەر ئەوه بۆ بەندیخانەت نارد.

– ئەرکی شـەرعیم بەجـێ هێنا، ئـاگـات لێ نییه چ ناپاکییـەک و چ کوشـتارێکیـان ناوەتەوه، من ئاین و ئەو دنیام بۆ کوڕەکەت نافرۆشم، ئەگەر کوڕەکەی خۆشم بوایە هـەر ئەوەم لەگەڵ دەکرد.

– ئاخر کوڕەکەم بێ تاوانه، به هیـچ شێوەیەک لەگەڵ ئەواندا نییه.

– ئەوه ئیـتر پێوەندی به منەوه نییە، ئەرکی من ئەوەبـوو بیناسێنم و ئەوەم کـرد، ئیتر هـەرچی هەیه به دەست دادگای عەدلی ئیسلامییە، ئەگەر بێ تاوان بێت بەری دەدەن.

– بەو سـادەییـیە؟ ئەی ئەگـەر هەڵەیان کرد چی ڕوو دەدات؟ ئەوانـیش له هەڵه به دوور نین، کـوڕەکـەم لـەبەر هـەڵەیـەک لەناو بـچـێت؟ تـۆ چۆن دەتوانـیت لـه ئازاری ویژدان ڕزگارت بێت؟

– بە من چی؟ ئیدی ئەم کەمکارییە لە ئەستۆی ئەواندایە، ئەویش ئەگەر هەڵەی ئاوها بکرێت، ڕێیەکی دوور نابڕێت، دەچێتە ڕیزی شەهیدانەوە، بۆ بەهەشت دەڕوات، ڕوحیشی هەتا هەتایە سوپاسی من دەکات، لەبەرئەوەی لە چارەنووسێکی وەکو ئەوەی باوکی ڕزگارم کرد، ئەمانە ناپاکانی ئاین و وڵاتن.

تاقە شتێک کە بە پێوە ڕایگرتبووم ڕق بوو، هاوارم کرد:

– کەس وەکو تۆ ناپاکی ئاین و وڵات نییە، کەسانی وەکو تۆ خەریکن ئیسلام لەناو دەبەن، خەڵکی لە خۆیان دوور دەخەنەوە، بەڕێز، کێ فەتوای وەهای داوە؟ تۆ بۆ بەرژەوەندیی خۆت هەموو چەپەڵکارییەک دەکەیت و دەیخەیتە ئەستۆی ئاین.

تفێکم لە دەموچاوی کرد و لە ماڵەکە هاتمە دەر. لەبەر ژانە سەر خەریک بوو سەرم دەتەقی، دوو جار لە قەراخ جادەکە وەستام و ئاوێکی زەردم هەڵهێنایەوە. خۆم گەیاندە ماڵ دایکم. عەلی نیازی ڕۆیشتنە دەرەوەی هەبوو، دەستیم گرت، لێی پاڕامەوە شتێکم بۆ بکات، ناسیاوێک بدۆزێتەوە، داوای یارمەتی لە باوکی ژنەکەی بکات، ئەو هەموویان دەناسێت. عەلی سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

– بەخوا دادە تۆ نازانیت چەند بێ تاقەتم، من سیامەکم زۆر خۆشدەویست، لە باوەشی خۆمدا گەورە بووبوو...

– بووبوو؟!! وەها قسە دەکەی دەڵێی مردووە!!

– نە مەبەستم وا نەبوو، دەمەوێت بڵێم کەس هیچ ناکات، واتە ناتوانێت هیچ بکات، کاتێک ناوی موجاهیدی پێوە بێت، هەموو خۆیان دوورەپەرێز دەخەن، ئەم بێ شەرەفانە کەمیان کوشت، تێ دەگەیت؟!

بۆ ژوورەکەی دایکم ڕۆیشتم، خۆم فڕێدایە سەر فەرشەکە، سەرم بە دیوارەکەدا کێشا، گوتم:

– وەرە، ئەمەش کوڕەکانت، بۆ کوشتنی خوشکەزاکەیان پشتوێنییان بەستووە، منداڵێکی حەڤدە ساڵان، ئینجا دەڵێیت لە دڵی نەگرم، خوێنمان یەکە.

هەر لەو کاتەدا فاتی و سادق، خۆیان و منداڵە بچکۆلەکەیان هاتن. منیان بەرز کردەوە. گەڕاینەوە ماڵەوە، فاتیش هەر فرمێسکی دەڕشت، سادقیش بەقینەوە سمێڵی دەجوو، فاتی بە هێواشی گوتی:

– بەڕاستی خەمی سادقیشمە، ناشێ بڵێن ئەویش موجاهیدە؟ ئاخر یەک، دوو

جار لەگەڵ عەلی و مەحموود قسە و باسی کردووە.

بە پانتاییی دەموچاوم فرمێسکم دەڕشت، گوتم:

– ئاغا سادق وەرە با بڕۆین بۆ بەردەم بەندیخانەکە، بەڵکو توانیمان هەواڵێک بزانین.

پێکەوە ڕۆیشتین، بەڵام بێ ئەنجام بوو، داوای عزەتوڵا حاجی حوسێنم کرد، وتیان، ئەمڕۆ نایەت. گێژ و خەمبار گەڕاینەوە ماڵەوە. فاتی و پەروین خانم لە ڕووخسارم تێ گەیشتن کە هیچ هەواڵێکمان پێ نییە. هەوڵیان دا هانم بدەن شتێک بخۆم، بەڵام نەمدەتوانی، هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئێستا سیامەک لەوێ چی دەخوات؟ جارێکی تر دەستم بە گریان دەکردەوە، چی بکەم؟ بۆ لای کێ بڕۆم؟ من، ژنێکی تەنیا، لە پڕ فاتی گوتی:

– مەحبووبە!!

– کام مەحبووبە؟

– مەحبووبەی پوورم، ئەی باوکی هاوسەرەکەی ئەویش ڕوحانی نییە؟ دەیانگوت پیاوێکی زۆر گرینگە. پوورم زۆری پێدا هەڵدەدا، دەیگوت، پیاوێکی زۆر باشە.

– بەڵێ ڕاست دەکەیت.

وەکو نوقومبوویەک پەلم بۆ هەموو چڵێک دەهاوێشت. تیشکی هیوایەک لە ناخمدا درەوشایەوە، هەستامە سەرپێ.

- بۆ کوێ؟؟

– دەبێت بڕۆم!

– ئارام بگرە، من و سادقیش دێین، سبەی پێکەوە دەڕۆین.

– سبەی درەنگ دەبێت! هەرخۆم دەڕۆم.

– ئاخر چۆن دەبێت؟

– بۆچی نابێت؟! ماڵی پووریێ دەناسم، خۆ ناوونیشانەکەی نەگۆڕاوە؟

– نە! بەڵام ناتوانیت بە تەنیا بڕۆی.

مەسعوود لە کاتێکدا کە خۆی دەگۆڕی گوتی:

– بە تەنیا ناڕوات، منی لەگەڵدام.

– بەڵام تۆ قوتابخانەت هەیە، ئەمڕۆش نەڕۆیشتووی.

– لەم بارودۆخەدا قوتابخانە چییە؟ دڵنیا بە، ناهێڵم بەتەنیا بڕۆیت، ئیتر بەسە، ئێستا من پیاوی ماڵەکەم.

شیرینمان بە پەروین خانم سپارد و ڕۆیشتین. مەسعوود وەکو منداڵ چاودێری دەکردم، خۆی لەسەر کورسییەکی بەرز دادەنیشت بۆ ئەوەی من بتوانم سەرم لەسەر شانی دابنێم و بخەوم، بەردەوام پسکیت و ئاوی پێ دەدام، وەکو پیاو لەگەڵ خەڵک قسەی دەکرد، تەکسی دەگرت و منی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. کاتێک کە گەیشتینە ماڵی پوورم شەو داهاتبوو، پوورم بە بینینمان لەو کاتەی شەودا، حەپەسا و دیقەتی دەموچاوی دام و گوتی:

– بمرم، چی بووە؟

دەستم بە گریان کرد.

– پێم ڕابگە پوورێ، خەریکە منداڵەکەشم لە دەست دەچێت؟

لە پاش نیو کاژێر مەحبووبە و هاوسەرەکەی لەوێ بوون، مەحبووبە هێشتا گورج و گۆڵییەکەی جارانی مابوو، تەنیا کەمێک قەڵەوتر بووبوو و دەموچاویشی پێگەیشتووتر بوو. هاوسەرەکەی پیاوێکی قۆز، تێگەیشتوو و دڵسۆز دیار بوو، ئەشق و خۆشەویستی دوولایەنە لە هەڵسوکەوتی هەردوکیاندا بە جوانی هەستی پێ دەکرا، من هەر قسەم دەکرد و باسی بەسەرهاتەکەی خۆمم دەکرد. هاوسەرەکەی مەحبووبە بەهێمنی و میهرەبانییەوە دڵی دەدامەوە، قسەی هیوائاوەری دەکرد. گوتی:

– مەحاڵە بەو بەڵگە بێ بنەمایانەوە هیچی لێ بکەن.

و بەڵێنی دا سبەی بۆ لای باوکی بڕۆین و هەر یارمەتییەکم پێویست بێت کەمکاری نەکات. کەمێک ئۆقرەم گرت، پوورم هانی دام چێشتێکی سووک بخۆم، مەحبووبە حەبی ئارامکەرەوەی بۆ هێنام، لە پاش بیست و چوار کاژێری تاڵ و قورس، خەوم لێ کەوت.

باوکی هاوسەرەکەی مەحبووبە، پیاوێکی بەڕێز و مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی و نوورانی بوو، فرمێسکەکانم زۆر کاری تێ کرد، بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە دڵی دامەوە، بۆ چەند کەسێک تەلەفۆنی کرد و هەندێک ناو و تێبینی نووسی، بە

موحسنی دا و ڕایسپارد کە هاودەمم بێت. بۆ تاران گەڕاینەوە، هەر دوعام دەکرد، لەگەڵ خوادا ڕاز و نیازی خۆم دەکرد. موحسن لە هاتوچۆدا بوو، لەگەڵ خەڵکی جۆرەوجۆردا سەرقاڵی پێوەندیکردن و قسەکردن بوو تاوەکو توانی چاوپێکەوتنێک بۆ سبەی ساز بکات. ڕۆژی دواتر پێکەوە بۆ بەندیخانەی ئەوین ڕۆیشتین، بەرپرسی بەندیخانەکە لەگەڵ موحسن ئەحواڵپرسی کرد و گوتی:

– ڕوون بووەتەوە کە تێ گلاوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاستکەرەوە لەبەردەستدا نییە. هەرکە قۆناغە ئاسایی و یاساییەکان داخران ئەو ئازاد دەکرێت، داوای لە موحسن کرد سڵاوی ئەو بە حاجی ئاغا بگەیەنێت.

هەر ئەو قسانە دە مانگ منی لەسەر پێ ڕاگرت، دە مانگی تاڵ و پڕ ئازار، هەموو شەوێک خەوم دەبینی پێیەکانیان بەستبووەوە و لێیان دەدا، پێست و گۆشتی پێی بە دارەکەوە دەنووسا، بە زریکە لە خەوەکە ڕادەچڵەکیم. وا بزانم هەفتەیەک لە دوای گرتنەکەی سیامەک بوو کاتێک لە ئاوێنە چاوم بە خۆم کەوت، پیر، لێو بەبار، لاواز و زەردەوە بووبووم، لە هەمووی سەیرتر چەپکێک قژی سپی بوو کە لەلای ڕاستی سەرمەوە بوو. لە دوای لەسێدارەدانی حەمید چەند تاڵە قژێکی سپی کەوتبووە سەرمەوە، بەڵام ئەم چەپکە زۆر تازە بوو و بەرهەمی ئەشکەنجەی ئەو ڕۆژانە بوو.

بەردەوام لەگەڵ مەحبووبە و لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و باوکی هاوسەرەکەی لە پێوەندیدا بووم. یەکجار لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بووم کە بەندیخانە بۆ دایک و باوکی زیندانییەکانی دانا. سەبارەت بە سیامەک پرسیارم کرد، بەرپرسەکە ئەوی باش دەناسی، گوتی:

– جێی نیگەرانی نییە، ئازاد دەبێت.

دڵم خۆش بوو، بەڵام قسەی دایکی یەکێک لە زیندانییەکانم بە بیرهاتەوە کاتێک گوتی:

– کاتێک دەڵێت ئازاد دەبێت، مەبەستی ئازادبوونە لە ژیان.

هەموو جەستەم کەوتە لەرزین، ئەم هەراس و هیوایە منی دەکوشت، هەوڵم دەدا هەتا دەتوانم کار بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم هەم قەرەبووی کارە پاشخراوەکەم بکەمەوە و هەم کاتێکی کەمترم بۆ بیرکردنەوە بمێنێت.

هەواڵیکردنەوەی زانکۆکان بوون بە ڕاست. بۆ تەواوکردنی چەند یەکەیەکی ماوە لە پلەکانم و بە مەبەستی گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ئەو هەموو ماندووییەم بۆ کێشابوو، سەردانی زانکۆم کرد، لە کۆتاییدا بە ڕووگرژی و ساردوسڕییەوە وتیان، لە ڕووی یاساییەوە تۆ لە زانکۆ وەرناگیرێیت.

– بەڵام من پێشتر وەرگیرابووم، ئێستا دەمەوێت دەرچم، بەڵام دەبێت ئەم چەند یەکەیە تەواو بکەم، من خوێندوومە، هەر ماوە تاقیکردنەوە بدەم.

– نابێت، تۆ بەر پاکسازیی زانکۆ کەوتی.

– بۆچی؟

بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕەوە گوتی:

– یانی خۆت هۆیەکەی نازانیت؟! تۆ هاوسەری کۆمۆنیستێکی لە سێدارەدراو و دایکی هەڵگەڕاوەیەکی ناپاکی.

بە تووڕەییەوە گوتم:

– بەڵام شانازی بە هەردووکیانەوە دەکەم.

– چەندت پێ خۆشە شانازی بکە، بەڵام بۆت نییە لە زانکۆ ئیسلامییەکەی ئێمە لیسانس وەربگریت و لەم زانکۆیەدا بخوێنیت.

– دەزانیت بۆ ئەم خولە چەندم زەحمەت کێشا، ئەگەر زانکۆ دانەخرایە چەند ساڵێک پێشتر خوێندنەکەم تەواو کردبوو.

بێ ئەوەی گرینگی بە قسەکەم بدات، بە بێ تاقەتییەوە شانەکانی هەڵتەکاند. لەگەڵ چەند کەسێکی تر قسەم کرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو. نائومێد و بێ ئاکام لە زانکۆ هاتمە دەر... هەموو ماندووبوونەکەم با بردبووی.

خۆرەتاوە خۆشەکەی سەرەتای مانگی ڕەشەمێ دەدرەوشایەوە، کزەی سەرماکەی زستان نەمابوو، بۆنە فێنکەکەی بەهار کەشی داگرتبوو، ئاغا سادق ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ چاککردنەوە بردبوو، بە پێ بۆ شوێنی کارەکەم ڕۆیشتم. دڵم فرە تەنگ بوو، خۆم بە گەرمی سەرقاڵی کارکردن کرد. نزیکی کاژێر دوو فاتی تەلەفۆنی کرد و گوتی:

– پاش نیوەڕۆ لە ڕێگەی فەرمانگەوە وەرە بۆ ئێرە، سادقیش ئۆتۆمۆبێلەکە لە

چاککردنەوە دەهێنێتەوە و منداڵەکان دەهێنێت.

– تاقەتم نییە، دەڕۆمەماڵەوە.

– نە، هەر دەبێ بێیت، ئیشم پێتە.

– چیت ئەوێت؟ بڵێ، شتێک ڕووی داوە؟

– نە بابە، مەحبووبە تەلەفۆنی کرد و گوتی لە تارانن. منیش وتم بێن بۆ ئێرە بەڵکو هەواڵێکیشیان پێ بێت.

کاتێک تەلەفۆنەکەم داخست نوقمی بیرکردنەوە بووم، هەستم کرد دەنگی فاتی ئاسایی نەبوو، تینێک وە بەر دڵمدا هاتەوە، لەو کاتەدا کارێکی پەلەیان خستە بەردەستم، سەرقاڵی کار بووم، بەڵام بیرکردنەوەم بۆ کۆ نەدەکرایەوە، تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کرد، بە پەروین خانمم گوت:

– شیرین ئامادە بکە، سادق ئاغا دێت بۆ شوێنی.

بە پێکەنینەوە گوتی:

– هاتووە، چاوەڕوانی مەسعوود بوون، ئەویش گەیشت، خەریکن بۆ ماڵی فاتی دەڕۆن، تۆ کەی دەڕۆیت؟

– هەر کارەکەم تەواو بوو دەڕۆم، پەروین خانم ڕاستم پێ بڵێ، شتێک ڕووی داوە؟

– ڕووداو؟! ڕووداوی چی؟ وەڵا من نازانم، ئەگەر شتێک بوایە سادق ئاغا دەیگوت، نە گیانەکەم ئەوەندە لە خۆوە دڵەڕاوکێت نەبێت، خەریکی لە نێودەچیت.

هەر ئەوەندەی کارەکانم تەواوکرد لە فەرمانگە هاتمە دەر، یەکەم تەکسیم گرت و ناوونیشانی ماڵی فاتیم پێ دا. فاتی بە گوڕێکی نادیارەوە دەرگەکەی بۆ کردمەوە، بەوردی و تیژبینییەوە تەماشایم کرد.

– سڵاو دادە، چیتە؟ بۆ ئاوها سەیرم دەکەیت؟

– ڕاستم پێ بڵێ فاتی، چی بووە؟

– ئۆی! بۆچی هەموو جارێ دەبێ شتێک ڕوو بدات بۆ ئەوەی بێیت بۆ ماڵمان.

فێروزە ڕای کرد، بەدەم سەماکردنەوە خۆی خستە ئامێزم، شیرینیش ڕای کرد بۆ لام، سەیری مەسعوودم کرد، ئەویش لە ناوبیرکردنەوەدا بەهێمنی وەستابوو،

جڵەوی خۆم گرت و ڕۆیشتمە ژوورەوە، بەهێواشی بە مەسعوودم گوت:

– مەسعوود شتێک ڕووی داوە؟

– نازانم، ئێمەش ئێستا هاتین، وەهای دەبینم هەڵسوکەوتیان گوماناوییە، هەر پێکەوە چپە چپ دەکەن.

هاوارم کرد:

– فاتی چی ڕووی داوە؟ خەریکم شێت دەبم، دە بڵێ!! گیانم دەرچوو.

– توخوا هێمن بە، هەرچییەک هەبێت هەواڵێکی خۆشە، بێ خەم بە.

– هەواڵێکی سیامەکت دەزانیت؟

– بەڵێ، بیستم کە بڕیارە هەتا جەژن بەری بدەن.

– بەڕاستتە؟

سادق گوتی:

– لەوانەشە زووتر...

– توخوا!! کێ گوتی؟ لە کوێ بیستت؟

– هێمن بەرەوە، جارێ دانیشە با چاییەک بهێنم.

مەسعوود دەستی توند گرتبووم، سادق هەر پێ دەکەنی و خۆی لەگەڵ منداڵەکان سەرقاڵ دەکرد. گوتم:

– توخوا سادق ئاغا تۆ بەجوانی بۆم باس بکە.

– وەڵا من نازانم، دەشێ خۆی باسی بکات، ئەو باشتر ئاگای لێ بوو.

– لە کێی بیستووە، لە مەحبووبە؟

– بەڵێ، وا دیارە لەگەڵ مەحبووبە قسەی کردووە.

فاتی بە سینییە چایەکەوە هات، فێروزە دەم بە پێکەنین و بە لەنجە و لارەوە قاپە شیرینییەکەی هێنا. گوتم:

– فاتی گیان وەرە دانیشە بەباشی قسەم بۆ بکە، مەحبووبە چی گوت؟

گوتی:

– ئیشەکەی تەواوە، ئیشەڵڵا هەر لەم ڕۆژانە سیامەک بەردەبێت!!

– توخوا بەڕاستتە؟ یانی کەی؟

– لەوانەیە لەم هەفتەیەدا!

– وای خوا گیان، دەبێت وا بێت؟!

پاڵم دایەوە. لەوە دەچوو فاتی لە پێشدا هەموو شتێکی ئامادە کردبوو. بۆ ئەوەی هێمن ببمەوە، یەکسەر دڵۆپێ دەرمانی هێمنکەرەوەی لە پەرداخێک ئاودا پێ دام، لە شوێنی خۆم هەستام.

– بۆ کوێ؟ چییە...؟

– دەبێت بڕۆم ژوورەکەی ڕێک بخەم، ئەگەر کوڕەکەم سبەی بێتەوە دەبێت هەموو شتێک ڕێکوپێک بێت.

– نە خوشکم، دانیشە، تۆ بۆ ئارام و ئۆقرەت لێ بڕاوە؟ ڕاستییەکەی مەحبووبە گوتی، لەوانەیە ئەمشەو بێتەوە.

جارێکی تر کەوتمەوە سەر قەنەفەکە.

– یانی چی؟ ڕاستم پێ بڵێ.

– وەڵا مەحبووبە و ئەوان ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ئەگەر ئازاد بوو، بیهێننەوە، تۆ دەشێ جلەوی خۆت بگریت. دەتەوێت چەند دڵۆپێکی تری کرامینت بدەمێ، وەرە ئەم حەبەش بخۆ، لەوانەیە لە هەر ساتێکدا دەربکەون، دەشێ تۆ ئامادەبیت.

ئۆقرە و ئارام لێبڕاو هەر دەمپرسی:

– ئێ چی بوو، کەی دێنەوە؟

لەو کاتەدا مەسعوود هاواری کرد:

– سیامەک!

سیامەک لە پشت دیوارەکەوە هاتە دەر، بەڕاستی دڵم بەرگەی ئەم هەموو خۆشی و جۆش و خرۆشەی نەدەگرت، خەریک بوو لە قەفەزەی سینگم دەردەپەڕی. لە ئامێزم گرت، زۆر لاوازتر و درێژتر بووبوو، هەناسەم گیرا، ئاویان بەسەر دەموچاومدا پژاند، جارێکی تر لە ئامێزم گرت، دەستم لە دەموچاوی، چاوەکانی و دەستەکانی دەدا، واتا بەڕاستی ئەمە خودی ئەوە، سیامەکە نازدارەکەی خۆم!

مەسعوود کاژێرێک لە باوەشی سیامەک گریا، ئەم کوڕە باش و میهرەبانەی لەم

ماوەیەدا ئازایانە بەرپرسیارێتیی ماڵەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، بەهێمنی و ژیرانە هیوای پێ دەبەخشیم، چۆن ئەم هەموو فرمێسکەی لەم ماوەیەدا شاردبووەوە؟

شیرین بە پێکەنین و زەوقەوە لە ناو ئەو قەرەباڵخی و خۆشییەدا، پاش کەمێک ناز و شەرم خۆی فڕێدایە باوەشی سیامەک، هەموو ئەو شەوە لەناو خۆشی، شادی، قسە و تاسەیەکی بێ سنووردا تێ پەڕی. گوتم:

– دەبێت پێیەکانت ببینم.

پێ کەنی و گوتی:

– دایە وازم لێ بینە، ئەم قسانە چییە؟

لە پێش هەموو کەسێک تەلەفۆنم بۆ حاجی ئاغا کرد، هەتا توانیم بە قوربان و ساقەی بووم، بە دەم فرمێسکەوە سوپاسیم کرد. گوتی:

– خۆ من هیچم نەکرد.

بۆچی نا!! دەزانم چیت کرد، گەڕانەوەی سیامەک لە چاوی تۆ دەزانم.

دوو ڕۆژ لە ناو قەرەباڵخیی دیدارەکاندا تێ پەڕی، مەنسوورە و مەنیژە تاسەی دایە گەورەیان کردبوو. ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ ورتر دەبوو و تووشی لەبیرچوونەوە دەبوو، چیی تر سیامەکی لە حەمید جیا نەدەکردەوە.

ئەوندەم نەزر کردبوو نەمدەزانی کامیان جێبەجێ بکەم. وازم لە کارەکانم هێنا و هەرچوارمان بۆ زیارەتی حەزرەتی ڕەزا ڕۆیشتین. دوای ئەوە ڕۆیشتین بۆ قوم، بۆ ئەوەی سوپاسی پوورم، مەحبووبە، ئاغا موحسین و حاجی ئاغای فریشتەی ڕزگاربوونمان بکەین. چ ڕۆژگەلێکی خۆش بوو. هەستم دەکرد دووبارە زیندوو بوومەتەوە. لە سایەی بوونی منداڵەکان و سەلامەتییان، هیچ خەمێک نەیدەتوانی لە پێم بخات.

سیامەک لە هەژدە ساڵان نزیک دەبووەوە. سەرەڕای ئەوەی ساڵێک لە قوتابخانە جێ مابوو، بەڵام لەبەرئەوەی ساڵێک زووتر خستبوومە بەر خوێندن، لە ڕووی تەمەنەوە دوا نەکەوتبوو. دەبوایە خۆی لە قوتابخانەی ئامادەیی ناونووس بکردایە، بەڵام بەهۆی ڕابردووی سیاسییەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی وەرنەگیرا. هەرچییەکمان کرد بێ سوود بوو. هەرچەندە ئاواتی بەرزترین ئاستی خوێندنم بۆ منداڵەکانم دەخواست، کەچی ئێستا دەبوایە بەوەش قایل بم کە لە دیپلۆمیش بێ

بەش بن. سیامەک توورە بوو، ئەم بێ بەش بوونە گوررزێکی تری لە هەستە ناسکەکەی وەشاند. بێ کاری، بێ بەرنامەیی و مانەوەی لە ماڵەوە شیاو نەبوو، بەتایبەتیش لەم دواییانەدا سەروسەکوتی چەند هاوڕێیەکی کۆنی دەرکەوتبوو. هەرچەندە ئەو هیچ مەیلێکی بۆیان نەبوو، بەڵام هاتنیان دڵی داخورپاندم و هەستم بەمەترسی دەکرد. بڕیاری دا ئیش بکات. دەیبینی من چۆن کاردەکەم و بە زێدە ماڵداریکردن و دژوارییەوە ژیانمان هەڵدەسووڕێنم. دەیویست هاوکارییەکی من بکات. بەڵام دەیتوانی چ کارێک بکات؟! نە سەرمایەیەکی هەبوو و نە بڕوانامە. لەلایەکی تریشەوە، هێشتا شەڕ تەواو نەبووبوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش لێمان نزیکتر دەبووەوە. لەگەڵ ئەم بیر و خەیاڵانەدا دەست و پەنجەم نەرم دەکرد کاتێک مەنسوورە بۆ سەردانم هات. سەبارەت بە سیامەک و خەمەکانی لەگەڵی دوام، گوتی:

– ڕاستییەکەی منیش هەر بۆ ئەوە هاتم، سیامەک دەشێ بخوێنێت، نەوەی خێزانی ئێمە هەموو بڕوانامەی زانکۆیان هەیە، چۆن دەبێت سیامەک تەنانەت دیپلۆمیشی نەبێت.

– لەوە کۆڵیمەوە، دەتوانێت بە جیاواز تاقیکردنەوە بدات، بەڵام دەبێت شەو بخوێنێت، خۆی دەیەوێت کار بکات، دەڵێت من ئەگەر بۆم نەبێت تاقیکردنەوەی چوونە زانکۆ بدەم و بچمە زانکۆ، دیپلۆمم بۆچییە، ئەوکاتەش دەبێت کاری سەربەخۆ بکەم، کەواتە چاکتر وایە لە ئێستاوە دەست پێ بکەم.

– ڕاستییەکەی مەعسووم من ڕێگەیەکی ترم هەیە، نازانم چ کاردانەوەیەکت دەبێت، بەڵام تکات لێ دەکەم لە هەموو دۆخێکدا بەنهێنی بیهێڵەوە و بۆ کەس باسی مەکە.

بە سەرسوڕمانەوە تەماشایم کرد.

– باشە، چییە؟

– دەزانیت ئەردەشیری کوڕم ساڵێکە دیپلۆمی وەرگرتووە، دەبێت بۆ سەربازی بڕوات، ئەم شەڕەش تەواو نابێت، منیش بەهیچ شێوەیەک نامەوێت بۆ شەڕ بینێرم، خۆیشی، لە بیرتە هەر لە منداڵییەوە زۆر ترسنۆک بوو، ئەوەندە ترسنۆکە ئەگەر بە گوللە نەمرێت لە ترساندا دەمرێت. ئێمەش بڕیارمان دا دەربازی بکەین.

– دەربازی بکەن؟ چۆن؟ خۆ بۆ ئەمانە قەدەغەیە لە وڵات بڕۆنە دەرەوە.

– کێشـەکە ئا ئەوەیە، دەبێت بە قـاچاخ لە سنوور دەربـازیان بکەین، یەکێکمـان دۆزیوەتەوە دووسـەد و پەنجا تمەن وەردەگرێت، منداڵەکان دەرباز دەکات. من بیرم لەوە کردەوە هەردووکیـان پێکەوە بنێرین، لـە قازانجی هەردووکیاندایە، ئاگایان لە یەکتر دەبێت. ڕات چییە؟

– وەڵا باشە، بەڵام دەشێ من پارەکەی پەیدا بکەم.

– خەمت نەبێت، ئەگەر کەمی هێنا ئێمە هاوکاری دەکەین. ئەوە زۆر گرینگە کە پێکەوە بن. لەوانـەیە زۆرتر بۆ ئەردەشیـر بەسـوود بێت، چونکە سیـامەک دەتوانێت بەرەی خۆی لە ئاو دەرکات، ماشەڵڵا پیاوێکی تەواوە، بەڵام ئەردەشیر پێویستی بە یارمـەتی هـەیە، ئەگەر بزانێت بـە تەنیـا نییـە بەئاسـانی دەڕوات، ئیمـەش بێ خـەم دەبین.

– بەڵام بۆ کوێ بڕۆن؟

– زۆر شـوێن، ئێمـە پرسـیـارمـان کـرد، هەمـوو شـوێنێک پەناهەندە وەردەگرێت. ئەوان لـەوێ دەتوانن بخـوێنن، مـووچەیان پێ دەدەن، بـاشــە تۆ خــەمـی چیـتــە؟ پارەکەی؟

– نە، ئەگـەر سـوودی کـوڕەکـەمـی تێدا بێت مـاڵەکـەم دەفرۆشم، قـەرز دەکـەم، دەینێرم. بەڵام دەشێ لەوە دڵنیا بم کە سوودگەیێنە بۆی، دەبێت بیری لێ بکەمەوە، لەگەڵ خۆیدا قسە بکەم، هەفتەیەک مۆڵەتم بدەرێ.

دوو ڕۆژ بیـرم لەوە کـردەوە دەشـێ چی بکەم، ئـاخـۆ سـپـاردنی دوو منداڵ، لەم تەمـەنەدا بە دەست قـاچاخچییـەوە بێجگە لەوەی نایاسـاییـە، شـتێکی دروسـتـە؟ دەربازبوون لە سـنوور چ مـەترسـیـیـەکی هەیە و پاشـان ژیان لە وڵاتێکی نـامۆدا و بەتەنیـا لەوپەڕی دنیـا، ئەگـەر پێـویسـتـی بە یارمـەتی بێت کێ فـریای دەکـەوێت؟ دەبوایـە ڕاوێژم بە کـەسـێک بکردبـایە. چیـرۆکـەکـەم بـە نەهـێنی بۆ ئـاغـا سـادق گێڕایەوە، گوتی:

– وەڵا نازانم، سـەرئەنجـام هەمـوو کـارێک مـەترسی خـۆی هەیە، ئەم کـارەش ترسناکە، لەولاشەوە من هیچ شـتێک لەبارەی ژیانی هەندەرانەوە نازانم، بەڵام زۆر کەسیش دەناسم بوونەتە پەناهەندە، دیارە چەند کەسێکیشیان گەڕاندووەتەوە.

ڕۆژی دواتر، بۆ بە گێڕانەوە و وەرگرتنەوەی کار کاتم لەگەڵ ئاغای زەرگەر دیاری کردبوو، ئەو خوێندنی زانکۆی لە هەندەران تەواو کردبوو، دەیتوانی ڕێنوێنیم بکات، بابەتەکەم لەگەڵ ئەودا خستە گفتوگۆوە، کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

– دیارە من سەبارەت بە دەرچوونە دەرەوەی نایاسایی لە سنوور ئەزموونم نییە و نازانم تا چ ڕادەیەک ترسناکە، هەرچەندە لەم دواییانەدا زۆر بووە، بە بۆچوونی من ئەمە کارێکی مەترسیدارە و دەشێت خۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام ئەگەر مافی پەناهەندەیی بدەنێ، بە دڵنیاییشەوە دەیدەنێ، لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا زیندانی بووە، کێشەی ئابووری نابێت، ئەگەر خۆی بەتوانا بێت دەتوانێت بە باشترین شێوە بخوێنێت، تەنیا کێشەی تەنیایی و غەریبییە، ئەمەش زۆر خۆتاکە، زۆربەی گەنجەکان لە تەمەنی ئەودا تووشی خەمۆکی دەبن و دووچاری کێشەی دەروونیی زۆر خۆتاکتر دەبن، و نەک هەر ناتوانن بخوێنن بەڵکو ناتوانن خاوەنی ژیانێکی ئاساییش بن، نامەوێت بتترسێنم، بەڵام خۆکوشتن لە نێوان ئەو جۆرە گەنجانەدا بەربڵاوە، لە کاتێکدا بەم کارە هەستە کە یەکێکی دڵسۆزی ڕاستەقینە و میهرەبانت لەوێ هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەوێ جێگەی تۆی بۆ پڕ بکاتەوە و سەرپەرشتی بکات.

پەروانە، تاقە کەسێک بوو کە لە دەرەوەی ئێران دەمناسی و پشتم پێ ئەستوور بوو. دەترسام تەلەفۆنەکەمان لەژێر چاودێریدا بێت، لە ماڵی مەنسوورەوە تەلەفۆنم بۆ کرد، کاتێک کە بابەتەکەم بۆ باس کرد بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– دەشێ ئەو کارە بکەیت، نازانیت چەند لە خەمیدا بووم، توخوا هەرچۆنێک بووە بینێرە، بەڵێنت پێ دەدەم ئاگاداری دەکەم، وەکو کوڕی خۆم لە خزمەتیدا دەبم، تۆ هیچ خەمت نەبێت.

ئاوازە دڵسۆزانەکەی و پێشوازییە گەرمەکەی، خەمی ئەو لایەنەمی کەم کردەوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە لەگەڵ سیامەکدا باسی بکەم، بە هیچ شێوەیەک نەمدەزانی کاردانەوەی چۆن دەبێت! شیرین خەوتبوو، بەهێمنی دەرگەی ژووری کوڕەکانم کردەوە و چوومە ژوورەوە، ئەو لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو و چاوی لە بنمیچەکە بڕیبوو، مەسعوود لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، دەیخوێند، لەسەر

تەختەکە دانیشتم و گوتم:

– دەمەوێت قسەتان لەگەڵ بکەم.

سیامەک کەمێک خۆی ڕاستەوە کرد و مەسعوود وازی لە کارەکەی هێنا، هاتە لامەوە و گوتی:

– دایە چی بووە؟ شتێک ڕووی داوە؟

– نە کوڕم، جارێ نە، بیرم لە هەندێ شت کردووەتەوە، دەمەوێت سەبارەت بە داهاتووی سیامەک بڕیارێک بدەین.

– بڕیاری چی؟ بۆچی ئێمەش دەتوانین بڕیار بدەین! ئێمە هەرچییەکمان پێ بڵێن دەبێت بڵێین بەسەر چاو!

– نە ڕۆڵە گیان بابەتەکە ئەمە نییە، من هەفتەیەکە بیر لە ناردنی تۆ دەکەمەوە بۆ دەرەوەی وڵات.

– چی! دڵت خۆشە، پارەکەی لە کوێ دەهێنیت؟ دەزانیت چەندی دەوێت؟ بەلای کەمەوە دووسەد هەزار تمەن بۆ قاچاخچی، ئەوەندەش بۆ بەڕێوەبردنی ژیان تاوەکو ڕوونبوونەوەی دۆخی پەناهەندەیی.

– ئافەرین! چەند بە وردی ژماردووتە... ئەمانە لە کوێ دەزانیت؟

– ئۆە! ئەوەندەم پرسیار کردووە، دەزانیت هەتا ئێستا چەند هاوڕێم ڕۆیشتوون؟

– نە! ئەی بۆ بە منت نەگوت؟

– چی بڵێم؟ دەمزانی نیتە و بێ سوود خەفەتت دەخوارد.

– گرینگ پارە نییە، ئەگەر بۆ تۆ بەسوود بێت هەرچۆنێک بووە پارەکەی جێبەجێ دەکەین. تۆ هەر ئەوەندە بڵێ حەز دەکەیت یا نە؟

– ڕوونە کە حەز دەکەم!

– دەتەوێت بڕۆیت چی بکەیت؟

– دەڕۆم دەخوێنم، لێرە هیچ دواڕۆژێکم نییە، ناهێڵن بۆ زانکۆش بڕۆم.

– پێت وانییە بیرمان بکەیت؟

– بۆچی نا! زۆریش بێ تاقەت دەبم، بەڵام هەتا کەی دەتوانم بە دیار تۆوە دانیشم و سەیری جل دووریین و چاپکردنەکەت بکەم، ئەی داهاتووم چی دەبێت؟

– بەڵام دەبێت لـە سنوورەوە بە قـاچاخ بڕۆیتـە دەرەوە، زۆر ترسـناکە، ئـامـادەیت ئەو مەترسییە قبووڵ بکەیت؟

– مەترسییەکەی لە سەربازی و بەرەی شەڕ پتر نییە، وانییە؟

ڕاستـی دەکرد، سـاڵێکی تر سـەربازی دەیگرتەوە، وا دیاریش بوو شـەڕ کۆتاییی پێ نەدەهـات.

– بەڵام، ئەگـەر بتنێرم چەند مـەرجێکم هەیـە، دەشێت بەڵێنم پێ بدەیت و سـوێند بخۆی کە بیهێنیتە دی و هەتاهەتایە وەفاداری بەڵێنەکەت بیت.

– باشـە، بەڵام ئەو بەڵێنانە چین؟

– یەکەمیـان ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک بەلای دەستـە سیـاسییەکاندا نەڕۆیت، تێکەڵیـان نەبیت و چیی تر نەبیتـە ئامـرازی دەسـتیـان. دووەم، تا دەتوانیت هەتا بەرزترین پلە بخوێنیت و ببیتە پیاوێکی تەواو و خاوەن بڕوانامە، سێیەم، ئێمەت لە بیر نەچێت، هەر کـاتێک توانیت دەسـتی خـوشـک و براکـەت بگریت و یارمـەتییـان بدەیت.

– پێویست بە بەڵێن ناکات، هەموو ئەمانە ئامانجی خۆمن.

– هـەموو وا دەڵێن بەڵام لە دواییدا لەبیریان دەچێتەوە.

– چۆن دەبێت مـن ئێـوەم لە بیر بـچێتـەوە، ئێـوە هـەمـوو ژیانی مـنن، تـاقـە ئاواتم ئەوەیە کـە ڕۆژێک دابێت هـەمـوو چاکـە و مـاندوو بـوونەکەی تۆ قـەرەبوو بکەمـەوە، دڵنیـابە بەبـاشـی دەخـوێنم، کـارم بـەسـەر سـیـاسـەتیـشـەوە نیـیـە، بەڕاسـتـی هیچ دەستەیەکی سیاسییم خۆشم ناوێت.

چەندان کـاژێر سـەبارەت بە چۆنیـەتی سـەفـەر، ئامادەکردنی پارە و بەرنامـەکـانی داهـاتوو قسـەمـان کرد، سیامەک دەتگوت تازە لـە دایک بووەتەوە، بەگوڕ و هیـوادار، هـاوکات نیگەران و شـڵەژاو بوو. دوو فـەرش، ئەو ئاڵتوونانەم کە مـابووەوە، تەنانەت ئەڵقـە و بازنەکەی شـیـرینیشـم فرۆشت. هەندێک پارەم لـە پەروین خـانم قـەرز کـرد، بەڵام هـەر کـەم بوو. ئاغـای زەڕگـەر کـە دڵسـۆزانە ئاگـای لـە ژیانم بوو، بەبێ ئەوەی باسـی بـکەم، کێـشــە و گـیـروگـرفـتـەکـانی ژیانمـی دەزانی، ڕۆژێ بە پەنجـا هـەزار تمەنەوە هاتە ماڵمان و گوتی، مووچە پاشکەوتووەکانتم کۆکردەوە.

– من ئەوەندە مووچەی پاشکەوتووم نەبوو.

– منیش هەندێکم خستە سەر.

– چەند؟ دەشێت بزانم چەند قەرزارم و چۆن بیدەمەوە.

– هیچ نییە، خۆم دەزانم چەندە، لە مووچەکانی داهاتوو کەمی دەکەمەوە.

کۆتاییی هەفتە دووسەد و پەنجا هەزار تمەنم بە مەنسوورە دا و بەدڵنیاییەوە وتی ئێمە ئامادەین، بەسەرسوورمانەوە تەماشای کردم و گوتی:

– ئەم هەموو پارەیەت لە کوێ هێنا؟ من سەد هەزار تمەنم بۆ دانابووی.

– زۆر سوپاس، خۆم جێبەجێم کرد.

– ئەی سەبارەت بە کڕینی دراو و خەرجیی مانگەکانی یەکەم کە لە پاکستانن چی؟ پارەی ئەوەشت هەیە؟

– نە، بەڵام جێبەجێی دەکەم، تۆ جارێ ئەمە بگرە و کات و شوێن دیاری بکە تا دواتر.

– نە ئیتر نایەوێت ئەم پارەیە هەیە.

– باشە من وردە وردە دەیگێڕمەوە.

– پێویست ناکات، ئەمە پارەی خۆتانە، بەشی منداڵەکانە، ئاخ، ئەگەر حەمید یەک هەفتە درەنگتر بمردایە نیوەی خانووەکە و شتەکانی تر هی ئێوە بوون.

– ئەگەر حەمید نەمردایە ئێستا باوە گەورەش مابوو.

پێوەندیکردن بەم قاچاخچییەشەوە چیرۆکی خۆی هەبوو، کوڕێکی گەنج، لاواز و ڕەشتاڵە بە جل و بەرگی ناوچەییی خۆیانەوە بوو، ناوە نهێنییەکەی مەهین خانم بوو. ئەو تەنیا وەڵامی ئەو تەلەفۆنانەی دەدایەوە کە دەیانویست لەگەڵ مەهین خانم قسە بکەن. بڕیار وا بوو کوڕەکان ئامادە بن بۆ ئەوەی بە بڕیاری ئەو لە کاتێکی گونجاودا بەڕێ بکەون و بۆ زاهیدان بڕۆن. ئەو بەڵێنی دا بە یارمەتیی هاوڕێکانی لە پاش ئەوەی لە سنوور دەربازیانی کرد، بیانگەیەنێتە کوێتە و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان. دەیانگوت، کەوڵی مەڕیان دەکاتە بەر و لە نێوان ڕانە مەڕەکاندا لە سنوور دەیانپەڕێنێتەوە، بیستنی ئەم قسانە دڵی دەهێنامە لەرزە، بەڵام هەوڵم دەدا سیامەک سەرنجی دڵەڕاوکێ، هەراس و دوودڵییەکەم نەدات، کەچی خۆی ئەوەندەی پێویست سەر بەگۆبەن بێ دەربایست بوو، پتر لەم قسانە چێژی دەبرد و دەهاتە

خرۆش وەک لەوەی هەراس و ترسی هەبێت.

ئەو شەوەی کە بڕیاری ڕۆیشتنەکەیان گەیشت، کوڕەکان لەگەڵ ئاغا بەهمەنی هاوسەری مەنسووره، بەرەو زاهیدان بەڕێ کەوتن. ساتی ماڵئاوایی، هەستم دەکرد پارچەیەک لە بوونم لە جەستەم لێ دەکەنەوە. نەمدەزانی کارێکی دروستم کردووە یا نە. لەلایەکەوە خەمی دوورکەوتنەوەی ئەو و لەلایەکی تریشەوە ئەو ترس و هەراسەی چاوەڕوانی بوو، منی خستبووە نێوان دوو بەرداشەوە. ئەو شەوە تاکو بەیانی لەسەر بەرماڵەکە هەڵنەستام، هەر نزام کرد و فرمێسکم هەڵڕشت، کوڕەکەم بە خوا ڕاسپارد.

سێ ڕۆژ لە هەراس و نیگەرانی بەسەرچوو، تا سەرئەنجام هەواڵمان پێ گەیشت کە بە سەلامەت لە سنوور تێ پەڕیون. لە دوای دە ڕۆژ قسەم لەگەڵ خۆیدا کرد، پاش ئەوەی گەیشتبووە ئیسلام ئاباد و تا ڕادەیەک جێگیر بووبوو، دەنگی دوور و خەمناک بوو. ئینجا من بووم و خەمی دوورکەوتنەوەی سیامەک. ڕۆیشتنەکەی سیامەک زۆر کاری لە مەسعوود کردبوو و گریانەکانی شەوانەی پتر خەمباری دەکردم. دۆخی مەنسووره زۆر لە من خراپتر بوو، ئەو تەنانەت ڕۆژێکیش لە کوڕەکەی جیا نەبووبووەوە، ئارامی لێ بڕابوو، لە ڕووکەشدا ئەو و لە ناخدا سەرزەنشتی خۆم دەکرد:

– دەشێت بە هێزبین، ئێمەی دایکانی ئەم سەردەمە بۆ پاراستنی ڕۆڵەکانمان و بۆ داهاتوو و بەختەوەریی ئەوان، دەبێت بەرگەی خەمی دووری و جیابوونەوەیان بگرین، ئەمە ئەو نرخەیە کە دەشێ لە پێناو خۆشەویستیی ئەواندا بیدەین، دەنا دەبین بە دایکگەلێکی خۆپەرست.

دوای چوار مانگ، شەوێک پەروانە تەلەفۆنی کرد و گوێشییەکەی دایە دەست سیامەک، لە خۆشیدا هاوارم کرد. ئەو بە شوێنی مەبەست گەیشتبوو، پەروانە بەڵێنی پێ دام کە چاودێری سیامەکە، بەڵام دەبوایە سیامەک ماوەیەک لە ئۆردوگای پەناهەندەکان بمێنێتەوە. ئەو لەوێدا بەپێچەوانەی خەڵکی تر کە کاتەکەی خۆیان لە بێ کاریدا بەسەر دەبرد، دەستی بە فێربوونی زمان کرد، هەر زوو چووە قوتابخانە و پاشان بۆ زانکۆ ڕۆیشت. لە بەشی ئەندازیاریی میکانیک لە خوێندن بەردەوام بوو، و هەرگیز بەڵێنەکەی خۆی لە بیر نەچووەوە. پەروانە وەها

ڕێکی خستبوو کە هەموو ڕۆژەکانی پشوو لە ماڵی ئەوان بباتە سەر. بەم شێوەیە هەموو کاتێک ئاگام لە بارودۆخی بوو، پەروانەش بێ بێزاری لە وردەکاری بەرەو پێش چوونەکەی بۆ باس دەکردم. زۆر دڵشاد و سەرفراز بووم، هەستم دەکرد یەک لەسەر سێی ئەرکەکانم بەجێ هێناوە، بەهێز و تواناوە کارم دەکرد و وردە وردە قەرزەکانم دەدایەوە. مەسعوود بە وردی و دڵسۆزییەوە ئاگای لە من و ژیانمان بوو، لە پاڵ خوێندنەکەیەوە بەباشی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی خێزانەکەی دەبینی و بەسۆزە بێ سنوورەکەیەوە ژیانی پڕ لە شادی و هیوا دەکردین. شیرین بە قسە خۆشەکانی، ناز و ڕەفتارە شیرینەکانی، هار و هاجییەکانی وزە و خۆشی وەبەر خێزانەکەماندا دەهێنایەوە. هەرچەند دەمزانی ئەم شادییە کاتییە، چونکە چەند کێشەیەک بە دەوروبەرمدا دەخولایەوە و وا دیار بوو ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەش بێ کۆتایی بێت. هەر لەو ڕۆژگارەدا کە جارێکی تر فێری پێکەنین بووبوومەوە، ئاغای زەرگەر بەوپەڕی خۆتاکییەوە، لە کاتێکدا کە چاوی لە مێزەکەی بەردەم قەنەفەکە بڕیبوو، خوازبێنی کردم. دەمزانی ژنە فەرەنسەییەکەی و منداڵەکەی لە ئێران نەمابوون، بەڵام نەمدەزانی تەڵاقیشی لێ وەرگرتووە. ئاغای زەرگەر پیاوێکی تێگەیشتوو و لە هەموو لایەنێکەوە بێ کێشە بوو، ژیان لەگەڵ ئەودا زۆر کێشەی مادی و مەعنەوی بۆ چارەسەر دەکردم. منیش جۆرە سۆزێکم بۆی هەبوو، هەموو کاتێک وەکو مرۆڤێکی کراوە و هاوڕێ و هاودەمێکی باشم دادەنا و خۆشم دەویست، دەمتوانی سفرەی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم. دەمێک بوو دەمزانی سۆزێکی تایبەتی بۆم هەیە، لەوانەبوو ئەو سۆز و نزیکییەی کە هەرگیز بە تەواوەتی لە حەمیدم نەبینیبوو، ئەم پێی ببەخشیمایە. ئەو سێیەم کەس بوو لە دوای مردنی حەمید داوای کردم، لە دوو جارەکەی تردا، یەکسەر و بێ دوودڵی وەڵامی نەرێم دایەوە. بەڵام ئەمجارەیان نەمدەزانی چی بکەم! هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا هەم لە ڕووی ژیرییەوە و هەم لە ڕووی هەستەوە دروست بوو، بەڵام مەسعوود ماوەیەک بوو بە وردەکۆڵییەوە چاودێری هەڵسوکەوتی دەکردم، تووڕە و بێ ئۆقرە بوو، جارێکیان بێ پێشەکی گوتی:

– دایە، ئێمە پێویستیمان بە کەس نییە، وا نییە؟ پێویستیت بە هەرچییەک بوو خۆم ئەیخەمە بەردەستت، بەم ئاغای زەرگەرەش بڵێ ئیتر ئەوەندە بۆ ئێرە نەیەت، چیی تر بەرگەی بینینی ناگرم.

بەم شێوەیە، بەو ئەنجامە گەیشتم کە نابێت ئەو ئاسوودەییە بە دەست هێنراوە بشڵەژێنم، و لە منداڵەکانم بەولاوە گوێ بە هیچ کەسی تر بدەم، من ئەرکی خۆم دەزانی و دەبوایە بە دڵ و گیان لە خزمەتی ئەواندا بوومایە و دەشیا خۆم جێگەی باوکیانم پڕ بکردایەتەوە، نەک یەکێکی تر. لەوانە بوو بوونی ئەو بۆ من دەستکەوتێکی باش بوایە، بەڵام زۆر ئاشکرا بوو کە منداڵەکانم و بەتایبەتیش کوڕەکانم ناشاد و بێزار دەکات. دوای چەند ڕۆژێک دوا وەڵامم دایەوە و داوای لێبووردنم لێ کرد، بەڵام داوام لێ کرد هەرگیز لە هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ مندا کەمکاری نەکات.

٨

هەموو کاتێک، ڕووداوەکانی ژیانم بە شێوەیەک بوون کە بوارێکم بۆ هەناسەدان و وەبەر خۆ هێنانەوەی وزە هەبێت، هەرچەند ماوەی ئاسوودەییەکەم درێژتر بوایە، گورزی ڕووداوی پاشتر بەهێزتر دەبوو، بڕواکردن بەم بۆچوونە وای لێ کردبووم لە خۆشترین هەلومەرجیشدا دڵەڕاوکێیەکی نادیارم هەبێت و لە پڕ دڵم داخورپێت.

کێشەی سەرەکی ژیانمان بە ڕۆیشتنی سیامەک چارەسەر بووبوو، هەرچەندە زۆرم بیر دەکرد و هەندێ جار بەرگەی دڵتەنگیی خۆمم نەدەگرت، بەڵام هەرگیز لە ناردنی پاشگەز نەبوومەوە و نەمویست بگەڕێتەوە. لەگەڵ وێنەکەی قسەم دەکرد و نامەی دوور و درێژم بۆ دەنووسی بۆ ئەوەی ئاگای لە هەموو شتێک بێت و لێمان دانەبڕێت. مەسعوود ئەوەندە هێمن بوو، نەک تەنیا کێشەی بۆ نەدەنامەوە بەڵکو چارەسەرکەری گیروگرفتەکانم بوو، قۆناغی پێگەیشتنی بەوپەڕی تۆکمەیی و خۆڕاگرییەوە بەسەربرد، خۆی بە بەرپرسی ئێمە دەزانی، هەموو ئەرکەکانی لە ئەستۆ دەگرت، دەبوایە ئاگام لێ بوایە نەوەک سۆز و لەخۆبوردەییەکەی خراپ بەکار بهێنم و داخوازیی بەرپرسیاریتی پتر لە توانای ئەم گەنجە تازە پێگەیشتووەم بوێت. بەڵام خۆی بەوە قایل نەبوو، زۆرجار بە خەمخۆرییەوە تەماشای دەکردم، لە پشتمەوە دەوەستا، ملی دەشێلام و دەیگوت:

– دەترسم نەخۆش بکەویت، بڕۆ بخەوە.

– نە ئازیزەکەم، خەمت نەبێت، کارکردن کەس نەخۆش ناخات، ماندوویی کار، بە خەوی ئاسوودەی شەوێک یان دوو ڕۆژی پشووی هەفتانە دەردەچێت، ئەم بێ

کاری، بیرکردنەوە، خەیاڵی نەزۆک و ماندوویی، نەخۆشی دەهێنێت، کار جەوهەری ژیانە.

بێجگە لەوەی کورم بێت، هاوبەش، هاوڕێم و ڕاوێژکارم بوو، هەموو شتێکمان بە یەکتر دەگوت، هەموو بڕیارێکمان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتردا دەدا، خێزانێکی تەواو بووین، ئەو ڕاستی دەکرد، ئێمە پێویستیمان بە هیچ کەسێکی تر نەبوو. تاقە خەمی من ئەوە بوو کە خەڵک نیاز پاکی، خۆبەخشی و قوربانیدانەکانی بەخراپی بەکاربهێنن، هەروەکو ئەوەی خوشکە شەیتانەکەی دەیکرد و ئەوی بە ماچێ، نازێ، فرمێسکێ یان بە پاڕانەوەیەک هەرچییەکی بویستایە بە دەستی دەهێنا. مەسعوود وەکو باوکێکی بەرپرسیار لەگەڵیدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لە قوتابخانە ناونووسی دەکرد، لەگەڵ مامۆستاکانی قسەی دەکرد، دەیگەیاندە قوتابخانە و دەیهێنایەوە، خواردەمەنی و پەڕاو و پێنووسی بۆ دەکڕی، لە کاتی تۆپبارانەدا لە باوەشی دەگرت و لەژێر پلیکانەکان دەیشاردەوە، ئەو پێوەندییە دڵگیرەی ئەوان نوقمی خۆشی دەکردم. بەڵام بەپێچەوانەی هەموو دایکانی دنیا، بە هیچ شێوەیەک بە گەورەبوونیان دڵخۆش نەبووم، لە ڕاستیدا لێی دەترسام، لەگەڵ بەردەوامیی شەڕدا هەراسە بێ سنوورەکەم پتر دەبوو، هەموو ساڵێ دەمگوت هەتا ساڵێکی تر کۆتاییی پێ دێت، بە مەسعوود ناگات، کەچی شەڕ نیازی تەواوبوونی نەبوو. هەواڵی شەهیدبوونی کوڕی دراوسێ و ناسیاوەکانمان دەیانتۆقاندم و بە هەواڵی شەهیدبوونی غولامەلی هێندەی تر ڕووخام. هەرگیز دوا دیداریم لە بیر ناچێتەوە، کاتێک لەبەر دەرگەی ماڵەکەمان بینیم ڕاچڵەکیم، چەند ساڵێک بوو نەمبینیبوو، نازانم لەبەر جلە سەربازییەکەی بوو کە فرە لەتەمەنی خۆی گەورەتر دیاربوو، یان لەبەر ئەو شتە نامۆیە بوو کە لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، هەرچۆنێک بێت غولامەلییەکەی جاران نەبوو، بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە و پرسیم:

– شتێک ڕووی داوە؟

سەرزەنشتکارانە تەماشای کردم و گوتی:

– بۆچی دەبێت شتێک ڕوو بدات بۆ ئەوەی سەردانتان بکەم؟

– ئۆی، نا ئازیزەکەم، بەخێر بێیت، هەر لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم جارە کاری وا

بکەیت حەپەسام، وەرە ژوورەوە.

منداڵەکان لە ماڵ نەبوون، کەمێک وەڕس دیاربوو، چایم بۆ تێ کرد، بە قسە و هەواڵپرسینی کەسوکار هەوڵم دا کەشەکە خۆییتر بکەمەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکم بە جلە سەربازییەکەی و بەشداریکردنەکەی لە مەیدانی شەڕدا نەکرد، دەتگوت لەم بابەتە دەترسام، شەڕ لە دیدی مندا نغرۆبوون بوو لە ترس و نوقومبوون بوو لە فرمێسک و خوێن و مەرگ، سەرئەنجام، کاتیک بێدەنگ بووم لەبەرامبەری دانیشتم، گوتی:

– پووری هاتووم داوای گەردن ئازادیت لێ دەکەم.

– وەی گیانی پووری! بۆ تۆ چیت کردووە، یان چی بووە؟

– دەزانم ئاگات لێیە کە من لە شەڕ بووم، ئێستا بە مۆڵەت هاتوومەتەوە، جارێکی تر دەگەڕێمەوە، ئەگەر ئیشەڵڵا ئەو بەختەوەرییەم هەبێت بەهیوای شەهید بوونم.

– پووری بە قوربانت بێت، ئەم قسەیە چییە؟ خوا نەکات، تۆ سەرەتای گەنجیتە، خوا نەکات هیچ بەڵایەکت بەسەر بێت.

– بەڵام پووری ئەمە بەڵا نییە، نیعمەتە، ئەوپەڕی خواستی خۆمە.

– قسەی وا مەکە، ئەم شتانە ناچنە مێشکمەوە، بیر لەو دایکە داماوەت بکەرەوە، ئەگەر بزانێت قسەی ئاوها دەکەیت خوا دەزانێت چی بەسەر دێت... لە ڕاستیدا تێ ناگەم چۆن ڕێگەی داوە بۆ شەڕ بڕۆیت، ئەی نازانیت ڕاگرتنی دڵی دایک و باوک لە هەموو شتێک پیرۆزترە؟

– با دەزانم، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕەزامەندیی ئەوم وەرگرت، لە پێشدا قایل نەدەبوو، گریە و بێدادی دەکرد، بۆ ئەو ئوتێلەم برد کە قوربانییەکانی شەڕی لێیە، پێم گوت: سەیرکە چۆن خەڵکیان بێ خانە و ماڵ کردووە و پرسەداریان کردوون، ئەمە ئەرکی شەرعیی منە کە بەرگری لە ئیسلام و وڵات و خەڵکە بێ تاوانەکەمان بکەم، تۆ دەتەوێت لە بەردەم بەجێهێنانی ئەرکی شەرعیمدا ڕێگر بیت؟ پووری! بەڕاستی دایکم باوەڕدارە، بە بڕوای من ئەو لە باوکم باوەڕدارترە، گوتی: من کێم تا لەسەر فەرموودەی خوا قسەم هەبێت، بە ڕەزامەندیی ئەو ڕازیم.

– باشە ئازیزەکەم بڕۆ، بەڵام لە دوای تەواوبوونی خوێندن و مەشقەکانت، بەڵکو

ئیشەڵڵا هەتا ئەو کاتە شەڕ تەواوبێت و بتوانیت ژیانێکی باش و ڕێکوپێک بۆ خۆت پێک بهێنیت.

بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە گوتی:

– بەڵێ وەکو باوکم، مەبەستت ئەوەیە؟

– بەڵێ باشە، بۆچی باوکت چییەتی؟

– ئاه، ئەوە چی دەڵێی پووریێ! ئەگەر کەس نەزانێت تۆ دەزانیت. نە، نامەوێت! شەڕ شتێکی ترە، تاقە شوێنێکە کە تیایدا هەست دەکەم لە خواوە نزیکم، تۆ نازانیت چ کەش و هەوایەکی هەیە، هەموو لە پێناو یەک ئامانجدا لە خۆ بوردوون، نەکەس باسی پارە دەکات، نە پلە و پایە، نە کەس دەیەوێت شتێک بنوێنێت، نە کەس بەدوای سوود و دەستکەوتی زیاترە، لەوێدا پێشبڕکێی لەخۆبووردەیی و هاندانە، نازانیت ئەوان بۆ گەیشتن بۆ هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ چۆن پێشبڕکێ دەکەن. باوەڕی تەواوی دوور لە دووڕوویی و کەڵەکەبازی وا لەوێدایە، من لەوێدا لەگەڵ موسڵمانی ڕاستەقینەدا ئاشنا بووم کە ماڵی دنیا و شتی مادی بەلایانەوە هیچ بەهایەکی نییە، لەگەڵ ئەواندا ئاسوودەم، لە خواوە نزیکم.

سەرم داخست و بیرم لە وتە پڕ باوەڕەکەی ئەم گەنجە بە ڕاستی گەیشتووە دەکردەوە. جارێکی تر دەنگە ماتەکەی غولامەلی بێدەنگییەکەی شکاند:

– لەم دواییانەدا، کە دوای نیوەڕوان لە تەک باوکمدا بۆ دوکان دەڕۆیشتم، بە بینینی ئیشەکانی بێزار دەبووم، خەریک دەبوو گومانم لە هەموو شتێک دەکرد، تۆ بۆ ماڵی ئێمە نایەیت، خانووە تازەکەمانت نەبینیوە.

– نە نەمبینیوە، بەڵام بیستوومە زۆر گەورە و خۆشە.

– بەڵێ گەورەیە، تا حەز بکەیت گەورەیە، پیاو لە ناویدا ون دەبێت، هەندێ شوێنی هەیە نازانین بۆچی باشە، بەڵام پووریێ ئەو ماڵە داگیرکراوە، داگیرکراو، تێ دەگەیت؟... نازانم باوکم ئەوەندە باسی موسڵمانێتی دەکات، چۆن دەتوانێت لەو ماڵەدا بژی؟ هەرچەندە پێی دەڵێم، بابە ئەم ماڵە نوێژی شیاو نییە، خاوەنەکەی قایل نییە، دەڵێت: "هەڵەی کرد، خاوەنەکەی ماڵی خەڵکی خواردووە، ئەوەی وا ئێستا ڕای کردووە دز بووە، بۆچی کاتێک ماڵێکی دزراوت دەست بکەوێتەوە، مافی ئەوەت نییە بەکاری بهێنیت لەبەرئەوەی ئاغای دز ڕازی نییە؟ " گوتار و

ڕەفتارەکانی گێژم دەکەن، حەز دەکەم هەڵبێم، دەمەوێت موسڵمانێکی ڕاستەقینە بم، نەک وەکو ئەو.

ئەو شەوە نەمهێشت بۆ نانی شێوان بڕواتەوە، کاتێک دەستی بە نوێژکردن کرد، نیازپاکی، بیروباوەڕەکەی هەژاندمی، مەسعوود تازە هاتبووەوە، گوتم:

بەخیلیم دێ بە بەختی وا

دڵم پڕ دەبێ کە ئەو دەگاتە خودا

ئەو حاڵی وایە و لێرە من

هەزار حەسرەتی پەنهانم لە دەروونددا

لە کاتی ماڵئاواییدا، ماچی کردم و بە ئەسپایی بە گوێمدا چرپاندی:

– دوعا بکە شەهید بم.

ئەو بە ئامانجەکەی خۆی گەیشت و منیش لە خەمی نەمانی ئەودا، ماوەیەکی زۆر فرمێسکم ڕشت، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی بۆ ماڵی مەحموود بڕۆم. دایکم دڵی زۆر لێم ڕەنجا بوو، دەیگوت وەکو حوشتر کینە لە دڵ هەڵدەگرم، دڵ بەردینم، بەڵام بە دەست خۆم نەبوو، نەمدەتوانی پێ بخەمە ئەو ماڵەوە. لە پاش چەند مانگێک ئیحتیرام ساداتم لە ماڵی دایکم بینی، پیر و داڕمابوو، پێستی دەموچاو و ملی شۆڕ بووبوونەوە، بە بینینی یەکسەر فرمێسکەکەم هاتە خوار، باوەشم پێدا کرد، نەمدەزانی چۆن سەرەخۆشی لە دایکێکی جگەر سووتاو بکەم، بە دژواری لەژێر لێوەوە، یەکێک لەو ڕستە ئاساییانەم وتەوە، بە هێمنی پاڵی نام و گوتی:

– پیرۆزباییم لێ بکە، کوڕەکەم شەهید بووە، ئەمە سەرەخۆشیی ناوێت.

حەپەسام، بەدوودڵییەوە تەماشام کرد، فرمێسکەکانم بە پشت دەستم سڕییەوە، چۆن دەبێت پیرۆزبایی لە دایکێک بکەم کە کوڕەکەی لە دەست داوە؟

لە دوای ڕۆیشتنی ئەو بە دایکمم گوت:

– هەر بە ڕاستی ئیحتیرام سادات بە لەناوچوونی کوڕەکەی خەمبار نییە؟

– نە ڕۆڵە قسەی وا مەکە! تۆ نازانیت چی ئەچێژێت، بەم شێوەیە سەبووری دڵی خۆی دەداتەوە، بەڵام بەهێزە، توانیویەتی بەرگە بگرێت.

– نازانم، تێ ناگەم! سەبارەت بە ئیحتیرام تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام دڵنیام

مەحمـوود کۆڵێک سـوودی لـە شـەهیدبوونی کـوڕەکەی وەرگرتووە و دەسـتکەوتی هەبووە...

– وای! بمرم، کچێ ئەم قسانە چییە؟ کوڕەکەیان مردووە و تۆش لە پاشملەیان قسەیان پێ دەڵێیت؟

– من مەحموود دەناسم، یانی دەتەوێت بڵێی لە شەهیدبوونی کوڕەکەی قازانجی نەکردووە؟ چۆن دەبێت؟ ئەی ئەم سەروەتەی لە کوێ بوو؟

– ئێ کـچم بازرگـانە، تۆ بـۆ ئیـرەیی پێ دەبەیت؟ هەمـوو کـەسـێک لە ژیاندا بەشێکی هەیە.

– وازبێنە، خـۆت باش دەزانیت پارەی حـەڵاڵ ئاوها بە دەست نایەت، ئەی مـامۆ عـەباس تاجـر نـەبوو؟ سی سـاڵ لە پێش ئەمـیش دەسـتی پێ کـردووە، ئـەوە چۆنە هێشتا هەر ئەو دوکانەی هەیە؟ ئینجا، ئاغا عەلی کەوا تازە دەستی پێ کردووە، خـەریکە سـامـانەکـەی وەکو خـۆڵ لە زیادبووندایە، بیسـتوومـە ئـەویش خـانوویەکی چەند ملیۆنی تاپۆ کردووە.

– ئەمجارەیان نووسای بە عەلییەوە، ماشەڵڵا منداڵەکانم زیرەکن، خواپەرستن، خـواش یارمـەتییـان دەدات، هەندێکیـانیش وەکـو تۆ چارەڕەشن، ئەمە خـواسـتی خوایە، مرۆڤ نابێت ئەوەندە بەخیل بێت.

مـاوەیەکی زۆر بۆ سەردانـی دایکم نەڕۆیشتم، سـەرم لە پەروین خـانم دەدا، بەڵام حـەزم نـەدەکرد لە دەرگـەی مـاڵەکەی بـدەم، لەوانەبوو ڕاسـتـی دەکرد، من ئیـرەییم دەبرد، بەڵام نەمدەتوانی بەوە قـایل بم کە خەڵکی لە شـەڕ و دژواری و سەختیدا بن و ئەمـانیش ڕۆژ بـە ڕۆژ سـامـانەکـەیان لە زیـادبووندا بێت. نە! ئـەمـە کـارێکی نامرۆڤانە بوو، من بە گوناهم دەزانی.

ڕۆژگارە هێمنەکانی ژیانی من لە نێوان شەڕ، نیمچە هەژاری، تێکۆشانێکی زۆر و خەمی داهاتوودا تێ دەپەڕی. دایکی حەمید، ساڵێک پاش ڕۆیشتنی سیامەک بە نەخـۆشی شـێـرپەنجـە کـە زۆر خـێـرا تـەشـەنەی کـرد، مـاڵئـاوایـیی لە ژیان کـرد، ئارەزووی مردنم لە سەرتاپای بوونیدا دەخوێندەوە، هەستم دەکرد کە ئەوە خۆیەتی پەرە بە نەخۆشییەکەی دەدات و زیادی دەکات. سەرباری ئەو دۆخە ناهەموارەی کە تێـیدا بوو، لە وەسـیـەتەکـەیدا ئێـمـەی لە بیـر نەچووەوە و بەڵێنی لە منداڵەکـانی

وەرگرت کە نەهێڵن ئێمە دەربەدەر بین، دیارە دەمزانی لەمەیاندا مەنسوورە ڕۆڵی هەبووە، لەوە بەدواوەش بەهەموو توانایەوە هەوڵی دا ئەم ئارەزووەی دایکی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕووبەڕووی هەموو خوشکەکانی بووەوە. هاوسەرەکەی ئەندازیاری بیناسازی بوو، زوو بە زوو خانووەکەی ڕووخاند و لە شوێنیدا خانوویەکی چەند نهۆمی بنیات نرا. بە درێژاییی ماوەی بنیاتنانەکە هەوڵی ئەوە درا کە کاریان بە ئێمەوە نەبێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبین بگوێزینەوە. دوو ساڵ لەناو خاک و خۆڵ و دەنگەدەنگدا ژیاین تاوەکو خانوویەکی چوار نهۆمی خۆش تەواو بوو، هەر نهۆمێک دوو شوقەی ڕووبەر سەد و پەنجا مەتری بوو، هەر نهۆمی سێیەم ڕووبەرەکەی سێ سەد مەتر بوو کە مەنسوورە لەوێدا دەژیا، شوقەکەی نهۆمی یەکەمیان بە ئێمە دا، کە لەسەر شوێنی وەستانی ماشینەکان بوو، شوقەکەی تەنیشتمانەوە نووسینگەی کاری هاوسەرەکەی مەنسوورە بوو. نهۆمی دووەم بەر مەنیژە کەوت، لە شوقەیەکیاندا دەژیا و شوقەکەی تری بەکرێ دا. مونیرە خانمیش خاوەنی نهۆمی چوارەم بوو، هەردوو شوقەکەی بەکرێ دا. کاتێک سیامەک زانی ئێمە تەنیا یەک شوقەمان هەیە، بە تووڕەیی لە تەلەفۆندا گوتی:

– دەبوایە شوقەیەکی تریشیان بە ئێمە بدایە، بۆ ئەوەی ئێوە بەکرێی بدەن و یاریدەدەر بێت بۆ بژێویی ژیانتان، خۆ ئەمە هێشتا نیوەی مافەکەی خۆمانە.

بەپێکەنینەوە گوتم:

– ڕۆڵە گیان تۆ هێشتا وازت نەهێناوە؟ هەر ئەوەی ئەو شوقەیەشیان پێ داوین، لەوپەڕی سۆز و خۆشەویستیی خۆیانە، دەیانتوانی نەماندەنێ، تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە ئێمە بە بێ هیچ خەرجێک بووین بە خاوەن خانوویەکی تازە، پاک و خۆش. دەبێت زۆر ڕازی و سوپاسگوزار بین.

شوقەکەی ئێمە لە پێش ئەوانی تردا تەواو بوو، بۆ ئەوەی ئێمە ژوورەکانی ناو حەوشەکە چۆڵ بکەین و بواری بنیاتنانەوەی ئەو بەشەش برەخسێت. ئێمە زۆر دڵمان بەوە خۆش بوو کە سێ ژووری خەومان هەیە، دەکرا هەریەکەمان ژووری خۆی هەبێت، من وێڕای ئەوەی لە دەنگەدەنگ و یاریکردنەکانی شیرین ڕزگارم بوو، ئەو ژوورەی کە تێیدا بووین زۆر خراپ بوو، شیرینیش لە دەست بۆڵەبۆڵ و ڕەخنەکانی من بۆ ڕێکوپێککردنی ژوورەکە ڕزگاری بوو. مەسعوود بە ژوورە ڕۆشن

و خۆشەکەی ڕازی بوو و هێشتا خۆی بە هاوژووری سیامەک دەزانی.

ساڵەکان بە خێرایی تێ دەپەڕین، مەسعوود بە دوا ساڵی خوێندنی ئامادەیی گەیشتبوو، کەچی شەڕ هەر بەردەوام بوو، هەموو ساڵێک کە بە نمرەی بەرز دەردەچوو، دڵم دا دەخورپا و ناڕەزاییم دەردەبڕی و دەمگوت:

– پەلەی چیتە کوڕم؟ با یەک، دوو ساڵ درەنگتر دیپلۆم وەربگریت.

– ئەوە چی دەڵێی دایە! یانی دەتەوێت دەرنەچم.

– قەی چێ کا! حەز دەکەم هەتا شەڕ ماوە تۆ هەر لە ئامادەییدا بمێنیتەوە.

– وای نە! دەبێت من زووتر گەورە بم، باری ژیان لەسەر شانی تۆ هەڵگرم، دەمەوێت کار بکەم. بۆ سەربازیش، دڵنیابە بەڵێنت پێ دەدەم کە لە زانکۆ وەربگیرێم، ئەوکاتەش چەند ساڵێکی تریش بوارم دەبێت.

چۆن بمتوانیبایە باسی نیگەرانییەکانی خۆم بۆ بکردبایە سەبارەت بە شێوازی بژارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زانکۆ و دڵساردم بکردایەتەوە؟

سەرئەنجام، لە پاش زەحمەتێکی زۆر، خوێندنی شەو و ڕۆژ، بە نمرەی زۆر بەرز دیپلۆمی وەرگرت و لە تاقیکردنەوەی گشتیدا بەشداری کرد، هەردووکمان دەمانزانی بەو ڕابردووەی خێزانەکەمانەوە، شانسی وەرگرتنی لە زانکۆدا کەمە، بەڵام هەوڵمان دەدا بەسەر خۆمانیدا نەهێنینەوە. جارجارە بۆ دڵدانەوەی من و لە ڕاستیدا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆی دەیگوت:

– من ڕابردووی سیاسیم نییە، لە قوتابخانە هەمووان لێم ڕازین، لە لێکۆڵینەوەکاندا بەرگریم لێ دەکەن.

بەڵام بێ سوود بوو، زۆر بەسادەیی و ئاشکرا، بەهۆی ڕابردووی سیاسیی خێزانەکەمان ئەو لە زانکۆ بێ بەش کرا، کاتێک هەواڵەکەی بیست سەرەڕای ئەو هەموو سەرڕاستی و خۆڕاگرییەی، مشتی بەسەر مێزەکەدا دا، کتێبەکانی لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە و بە کوڵ گریا. منیش کە هەموو هیواکانی دواڕۆژی ئەوم بە با چوو دەبینی، شان بە شانی فرمێسکم دەڕشت و نەمدەتوانی دڵی بدەمەوە.

لەدوای ئەوە بیر و هۆشم لەلای چۆنیەتیی پاراستنی ئەو بوو، دەبوایە لەپاش چەند مانگێک خۆی بۆ خزمەتی سەربازی بناسێنێت. سیامەک و پەروانە لەوێوە

تەلەفۆنیان کرد و وتیان بەهەرشێوەیەک بووە بینێرە، بەڵام خۆی ڕازی نەدەبوو، دەیگوت:

– ناتوانم ئێوە بەتەنیا جێ بهێڵم، لەلایەکی ترەوە پارەکەی لە کوێ بهێنین؟ تازەییی ئەو قەرزانە تەواو بوونە کە بۆ ڕۆیشتنی سیامەکت کردبوو.

– پارە گرینگ نییە، ئەگەر لەژێر بەردیش بووە جێبەجێی دەکەم، کێشەکە دۆزینەوەی کەسێکە بڕوای پێ بکرێت.

ئەمەش سانا نەبوو، تاقە سەرەداوێک ئەو ژمارە تەلەفۆنە بوو، هەر بۆ ئەو ناوە نەهێنییە (مەهین خانم) تەلەفۆنم کرد، پیاوێک وەڵامی دایەوە، وتی خۆمم، بەڵام زاراوەی ئەو گەنجەی نەبوو، بە قسە گرتمی، هەندێک شتی سەیروسەمەرەی پرسی، لە پڕ زانیم کە خەریکە دەکەومە چاڵەوە، چیی تر هیچ زانیارییەکم نەدا و تەلەفۆنەکەم داخست. داوای یارمەتیم لە بەهمەن کرد کە لە کاتی ڕۆیشتنی سیامەک و ئەردەشیر لەگەڵیاندا بۆ زاهیدان ڕۆیشتبوو، ماوەیەک لێکۆڵینەوەی کرد و وەڵامی دایەوە، ئەو تاقمە هەموویان گیراون و لەم دواییانەدا چاودێری لەسەر سنوورەکان زۆرتر بووە، هەندێک بەسەرهاتم بیست کە هەندێ کەس لە سنووردا گیراون، یان قاچاخچی پارەکەی لێیان وەرگرتووە و لە بیاباندا جێی هێشتوون. نەمدەزانی چی بکەم، عەلی دەیگوت:

– ئەمە پرسەی ناوێت، خۆ منداڵەکەی تۆ لە منداڵی خەڵکی نازدارتر نییە، ئەرکی هەموو گەنجەکانە لە پێناو وڵاتەکەیاندا شەڕ بکەن، ئەی غوڵامەلی گەنج نەبوو؟

بە تووڕەیییەوە گوتم:

– دیارە ئێوە دەبێت شەڕ بکەن چونکە لە بەرهەمەکانی ئەم وڵاتە سوودمەندن، ئێمە لێرە نامۆین، ئێوە لە پەڕاوێزمان دەخەن، هیچ مافێکمان نییە، پارە، پلە، ڕێز و ژیانی ئاسوودە هی ئێوەیە. بەڵام منداڵەکەی من بەو هەموو بەهرەیەوە تەنانەت مافی خوێندن و تەواوکردنی خوێندن و دواتریش مافی کارکردنی نییە لەم وڵاتەدا، لە هەموو لایەکەوە بەهۆی بیروباوەڕی کەسوکارەکەیەوە کە هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە، ڕەت دەکرێتەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی کام قەرزە دەبێت لە پێناو ئەم وڵاتەدا بکوژرێت؟

لەو دەمەدا لە لۆجیکی مانەوەی کوڕەکەم بەولاوە هیچ لۆجیکێکی ترم نەدەزانی، گێژ و سەرگەردان بووم، هیچ سەرەداوێکی دڵنیام نەدەدۆزییەوە بۆ دەربازکردنی ئەو لە ولات، مەسعوود خۆیشی هیچ هاوکارییەکی نەدەکرد، دەیگوت:

– ناتوانم بەو ئاسانییە کەس بدۆزمەوە.

هەموو کاتێک لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆی دەکرد:

– بۆ ئەوەندە خۆت لەناوبردووە؟ دوو ساڵ سەربازیکردن گرینگ نییە، ئەرکی هەمووانە بڕۆن، بۆ ڕزگارکردنی ولاتەکەمانە، منیش دەڕۆم، دوای ئەوە بێ خەم پەساپۆرت وەردەگرم و بە پارەیەکی کەم و بە شێوەیەکی یاسایی لە ولات دەچمە دەر.

بەلام من نەمدەتوانی خۆم قایل بکەم دەمگوت:

– بەلام ئەمە شەڕە، خۆ گاڵتە نییە، ئەگەر خوانەخواستە بەلایەکت بەسەربێت من چی بکەم؟

– کێ وتوویەتی ئەوەی بۆ سەربازی بڕوات دەشێ بکوژرێت؟ ئەم هەمووە بە سەلامەت هاتنەوە، دیارە هەموو کارێک مەترسیی خۆی هەیە، پێت وایە مەترسی هەڵهاتن بەشێوەیەکی نایاسایی لە مەترسی شەڕ کەمترە؟

– بەلام زۆر کەسیش دەکوژرێن، ئەی غولامەلی بەستەزمانت لەبیرچووەوە؟

– ئای باوکە، دایکە، ئەوەندە بەقورسی مەیگرە، ئێوە دوای غولامەلی چاوترسێن بوون، من بەڵێن دەدەم بە سەلامەت دەگەڕێمەوە، لەوانەشە هەتاوەکو من ئامادە دەبم و خولی فێربوون بەسەر دەبەم شەڕیش تەواو بێت، باشە تۆ بۆ ئەوەندە ترسنۆک بوویتە؟ تۆ تاقە ژنێک بووی کە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە لە ئاژێر و مووشەک و تۆپباران نەدەترسایت، و زۆر ژیرانە ڕووبەڕووی دەبوویتەوە، دەتگوت، ئەگەری بەرتۆپ کەوتنی ماڵەکەمان وەکو ڕێککەوتی بەر ئۆتۆمۆبێل کەوتنە، هەروەکو چۆن هەموو ڕۆژێ بیر لەوە ناکەینەوە ئۆتۆمۆبێل لێمان بدات، ئاوهاش نابێت بیر لە بەرکەوتنی تۆپ بکەینەوە، ئێستا چی بووە وا ئەوەندە لە ژێری دوورکەوتیتەوە؟ هیچ دایکێکی تر وەکو تۆ ناکات.

– کاتێک ئێوەم لەگەڵدان لە هیچ شتێک ناترسم، لە کاتی تۆپبارانیشدا کە ئاژێری مەترسی لێ بدرێت و لە ئێوەوە دوور بم، نازانیت چ ترسێک سەرتاپام

دادەپۆشـێت و چۆن خـۆم لە ئـاو و ئاگـر دەدەم بۆ ئەوەی بگەمـە لاتان، ئێسـتـاش ئەگەر لە تەک تۆدا بۆ شەڕم بنێرن هیچ خەم و ترسێکم نامێنێت.

– سـەیرە! ئەم قسـانە چییـە؟ دەتـەوێت بڕۆم بڵـێم بە بێ دایکم بۆ هـیـچ شـوێنێک ناڕۆم، من دایکم دەوێت.

هەمـوو کـاتێک هـەر ئاوهـا بوو، نیـگەرانییـەکانمـی دەکردە گاڵتـە و پێکەنین و بە ماچێک کۆتاییی پێ دەهێنا.

سـەرئـەنجـام ڕۆژی وادەدراو هـات و ئەویـان لەگـەڵ هەزاران گـەنجـی تر بـۆ بەشـداریکردن لە خولی فـێربوون، بەرەو سـەربـازگە بەڕێ خسـت، هـەوڵم دەدا ژیر و گـەشـبـین بم. شـەو و ڕۆژم دەسـتـێکی بەرزەوە بوو بـۆ نزا و بەرمـاڵێک بوو ڕوو لە دەروازەی هـەق ڕاخـرابوو، بەڵکو ئەم شـەڕە هەتا زووترە تەواو بێت و مـنداڵە جگەر گـۆشـەکـانمان بگەڕێنـەوە باوەشـی خـێـزانەکـانیـان، ئەو شـەڕەی حـەوت سـاڵ لەگەڵمـاندا بوو کەچی هەتاکو ئەو کاتە هـەستـم بە مەترسـی، هـەراس و نیگەرانیی هـەمیشـەیی نەکردبوو، هەموو ڕۆژێ بە خاکسپاردنی لاشەی شەهیدەکانی شەڕمان دەبینـی، نازانم لەو ڕۆژانەدا شـەهیـد و بریندارى زیاتریـان دەهێنا یان هـەر ئاوها بوو و من سەرنجم نەداوە، بۆ هـەر شوێنێک دەڕۆیشـتم ئەو دایکانەم دەدۆزییەوە کە هـەلومـەرجی مـنیـان هـەبوو، دەتگـوت بەسـۆز دەیانمناسـیـیـەوە، هەمـوو خـۆیان بەدەسـتـەوە دابوو، بە چاوی پڕ لە ترس و دەنگی گیراوەوە دڵی یەکترمان دەدایەوە، هەموو بێ هیوابووین دەمانزانی درۆزنگەلێکی خراپین.

خولی فێربوونیش تەواو بوو، کەچی هیچ پەرجوویەک ڕووی نەدا و شەڕ کۆتاییی پێ نەهـات، هـەوڵەکانم بۆ ناردنی ئەو بۆ شـوێنێکی کەمـتـر مـەترسـیدار بێ هوودە بوو، ڕۆژێک، لە کـاتێکدا کـە دەسـتـە بچـووکـە جوانـەکانیم لـەناو دەسـتـدا بوو، بۆ ڕۆیشـتـنی بۆ بەرەکـانی شـەڕ، مـاڵئـاوایی‌م لێ کـرد. لـەناو ئەو بەرگـەدا گـەورەتر دیاربوو، چـاوە گـەش و پڕ لـە سـۆزەکـانی بەنیگەرانیـیـەوە تـەمـاشـایـان دەکـردم، نەمدەتوانی بەر لە فرمێسکەکانم بگرم، هـەر دەیگوت:

– دایە، تکـات لێ دەکـەم، تۆ دەشـێ بـەهێـزبیت، دەشـێ ئاگـات لە شـیـرین بێت، سـەیرکە دایکی فەرامـەرز چۆن توندوتۆڵ و بەهێـز وەسـتـاوە، تەماشـاکە ئەوانی تر چۆن بەئـاسـوودەییـیـەوە خـواحـافـیـزی لە منداڵەکـانیـان دەکـەن و ورەیان وەبەر دەهێننەوە.

ئاورم دایەوە، بینیم، هەموو دایکەکان گەرچی فرمێسک بە چاویانەوە نەبوو، بەڵام هەموویان خەریک بوون شینیان دەگێڕا.

– باشە ڕۆڵە، خەمت نەبێت، دواتر باش دەبم، سەعاتێکی تر هێمن دەبمەوە، لەدوای چەند ڕۆژێکی تریش ڕادێم.

شیرینی ماچ کرد و هەوڵی دا بیهێنێتە پێکەنین و بە گوێیدا دەیچرپاند:

– بەڵێن بدە تا گەڕانەوەم هەر ئاوها جوان و تەندروست و بەهێزبیت.

– تۆ بەڵێن بدە بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە.

تاکو چاو بڕی کرد سەیری دەموچاویم کرد، دەتگوت دەمەوێت هێڵەکانی دەموچاوی لە مێشکمدا هەڵکۆڵم، بێ ئاگا و بێ هوودە چەند هەنگاوێک بەدوای شەمەندەفەرەکەدا ڕام کرد.

هەفتەیەکی خایاند تاوەکو بڕوام بە ڕۆیشتنەکەی کرد، بەڵام نەمدەتوانی لەگەڵ شوێنە چۆڵەکەیدا ڕابێم، بێجگە لە دڵتەنگیم بۆ دوورییەکەی و خەمی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەی لێ دەکات، لە تەواوی کارەکانی ڕۆژانەمدا هەستم بە نەبوونیی ئەو دەکرد، لە پاش ڕۆیشتنی ئینجا زانیم چەندە لە کارەکانی ماڵدا هاوکاری دەکردم و چ بارگەلێکی قورسی لەسەر شانم هەڵگرتبوو، ئەو بارانەی کە لە نەبوونیی ئەودا دژوارییەکانی ژیانی زیاتر دەکردم، لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن خۆ ویستانە خزمەتی خەڵکانی ترمان لەپاش تەواوبوونی کارەکانمان لەبیردەچێتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو نەرمونیانییەی کە بەرامبەرمان دەینوێنن، ئێستا کە دەبوایە خۆم هەموو کارەکانم بکردایە، ڕێزی ماندووبوونی ئەوم دەگرت و لەگەڵ هەموو کارێکدا بە بیرمدا دەهاتەوە و دڵم تەنگ دەبوو. بە فاتیم گوت:

– کاتێک حەمید لە سێدارە درا، زۆر دڵتەنگ و خەمباربووم، لە ڕووی سۆز و دەروونییەوە ئازارم دەچەشت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە مەرگی ئەو هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی ژیانمان نەبوو، چونکە ئەو هیچ ئەرکێکی ماڵەکەی نەگرتبووە ئەستۆ، ئێمە تەنیا پرسەداری نەمانی ئازیزێکمان بووین و لە پاش چەند ڕۆژێک ڕەوتی ژیانمان گەڕایەوە باری ئاسایی، چونکە نەمانی ئەو هیچی نەگۆڕی، بەڵام ئەو پیاوانەی کە ڕۆڵی یاریدەدەریان لە ماڵ و خێزاندا هەیە،

زۆرتر هەست بە نەبوونییان دەکرێت، بەوپێیەش لە بیرچوونەوەیان دژوارترە.

سێ مانگ تێ پەڕی تاوەکو فێربووین چۆن بە بێ مەسعوود بژین، شیرین، ئەو کچە هار و شادە، کەمتر پێ دەکەنی و هیچ نەبێت شەوی جارێک بیانوویەکی دەگرت و دەستی بە گریان دەکرد، من ئاسوودەیی خۆم تەنیا لە نوێژ و نزاکردندا دەدۆزییەوە، چەندان کاژێر لەسەر بەرماڵەکە دادەنیشتم و خۆم و دەوروبەرەکەم لەبیردەکرد، و زۆرجار لەبیرم دەچووەوە شیرین نانی شێوانی نەخواردووە، لە بەردەم تیڤییەکە یان بەسەر پەڕاوی مەشقەکانیەوە خەو دەیبردەوە. مەسعوود سوودی لە هەموو بوارێک وەردەگرت بۆ تەلەفۆنکردن، کاتێک قسەم لەگەڵیدا دەکرد هەتا بیست و چوار کاژێر مێشکم ئاسوودە دەبوو و دڵنیا دەبووم کە تەندروستە و ساوە، بەڵام دواتر دڵەڕاوکێ دەستی پێ دەکردەوە و وەکو بەردێک لە سەرەولێژییەکدا هەموو چرکەیەک خێراییەکەی زیادی دەکرد.

کاتێک دوو هەفتە تێ پەڕی و هەواڵی نەبوو، کەوتمە هەوڵدان، تەلەفۆنم بۆ ئەو هاوڕێیانەی کرد کە لەگەڵ ئەودا بۆ شەڕ نێردرابوون، دایکی فەرامەرز ژیرانە و بە جیدی گوتی:

– خانم. زۆر زووە بۆ نیگەرانی، وا بزانم ئەم منداڵە ئێوەی خراپ ڕاهێناوە، خۆ بۆ ماڵی پووری نەڕۆیشتووە، هەموو کاتێکیش تەلەفۆن لەبەردەستیاندا نییە، هەندێ جار بۆ شوێنگەلێک دەڕۆن کە دەستیان بە گەرماو ناگات، چ جای تەلەفۆن، هیچ نەبێت مانگێک چاوەڕێ بکە.

مانگێک چاوەڕوانیکردن لە بێ هەواڵیی جگەرگۆشەیەکدا کە ژیانی لەژێر ڕێژنەی تفەنگ و تۆپ و تانکدا بەسەر دەبرد ئاسان نییە، بەڵام من چاوەڕێم کرد، خۆم سەرقاڵ دەکرد، هەوڵم دەدا هەموو کاتەکەم بە کارکردن پڕ بکەمەوە، هەرچەندە هۆشم لەلای خۆم نەبوو و بۆم کۆ نەدەکرایەوە.

لە پاش دوو مانگ سەرئەنجام بەو ئەنجامە گەیشتم کە سەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پێوەندیدار بدەم، دەبوایە زووتر ئەمەم بکردبایە، بەڵام لە وەڵامەکەیان دەترسام، بە پێ لەرزەوە کەمێک لە بەردەم دەرگەکە وەستام، چارم نەبوو دەشیا بڕۆمە ژوورەوە، ژوورێکی قەرەباڵخیان نیشان دام، ژن و پیاو بەڕەنگی بزرکاو، چاوی پڕ لە خوێن، تێکشکاو و دەبەنگ لە ڕیزدا وەستابوون بۆ ئەوەی بە نۆرە پێیان بڵێن کوڕەکانیان

لە کوێ و چۆن لەناو چوون، کاتێک گەیشتمە بەردەم مێزەکە ئەژنۆکانم دەلەرزین، هەموو توانای خۆم خستە کار و لەسەر پێ وەستام، دەنگدانەوەی ترپەی دڵم لە گوێیەکانمدا بەشێوەیەک بوو کە نەیدەهێشت گوێم لە دەنگی خەڵکی تر بێت، ئەو ماوەیە بە ساڵێک بەسەرمدا تێ پەڕی، تاوەکو لە نێوان پەڕاوەکانیدا گەڕا و سەرئەنجام پرسی:

– ئێوە چ خزمایەتییەکتان بە سەرباز مەسعوود سوڵتانییەوە هەیە؟

چەند جارێک دەمم کرایەوە و داخرا هەتا توانیم بڵێم، دایکیم، دەتگوت پێی ناخۆش بوو، کەمێک دەموچاوی بەیەکدا دا، سەری داخست و دووبارە پەڕاوەکانی هەڵدایەوە و ئینجا بەڕێز و سۆزێکی ساختەوە داوای لێ کردم دانیشم، جارێکی تر پرسی:

– بەتەنیای؟ باوکیت لەگەڵ نییە؟

خەریک بوو دڵم لە دەممەوە بێتە دەر، تفەکەی دەمم قووت دا و هەوڵم دا ڕێ لە فرمێسکەکانم بگرم، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە بۆ خۆیشم نامۆ بوو گوتم:

– نە! باوکی نییە، هەرچییەک هەیە بە خۆم بڵێن.

و بە هاوارێکی کپەوە بەردەوام بووم:

– چی بووە؟ پێم بڵێ، چی بووە؟

– هیچ خانم، خەمت نەبێت، هیچ نەبووە، هێمن بەرەوە.

– ئەی کوڕەکەم لە کوێیە؟ بۆچی هیچ هەواڵێکی نییە؟

– نازانم!

– نازانیت؟ یانی چی نازانم؟ ئێوە ئەوتان نارد، ئێستا ئەڵێی نازانم لە کوێیە.

– سەیرکە دایە گیان، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە چالاکییەکان لە ناوچەیەکدا بووە، بەشێک لە سنوور ئەم دەست و ئەو دەستیی کردووە، ئێمە بە تەواوەتی ئاگامان لە چارەنووسی هەموو دەزگاکانی خۆمان نییە، خەریکی پشکنینین.

– من نازانم تۆ چی دەڵێیت، ئەگەر ئەو شوێنە گەڕاون بەدڵنیاییەوە شتێکتان دۆزیوەتەوە.

نەمدەویست بڵێم لاشەیەکتان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو لە مەبەستەکەم تێ گەیشت.

– نە دایە گیان، هەتا ئێستا هیچ لاشەیەکیان بە ناوونیشان و میدالیای کوڕەکەی تۆ نەدۆزیوەتەوە، من هیچ راپۆرتێکم نییە.

– کەی دەزانیت؟

– دیار نییە، خەریکن ناوچەکە دەپشکنن، نابێت ئێستا هیچ بۆچوونێک بدرێت.

چەند کەسێک یارمەتییان دام بۆ ئەوەی لەسەر کورسییەکە هەستم، ژن و دایکانێکی وەکو خۆم کە لە چاوەڕوانی هەواڵی ئاوهادا بوون، ژنێک لە کاتێکدا نۆرەکەی خۆی دەدا بە ژنەکەی پێشی خۆی، هەتا بەر دەرگە لەگەڵم هات، ڕیزەکە هەر لە ڕیزی کڕینی کەلوپەل دەچوو. نازانم چۆن گەیشتمە ماڵەوە، شیرین هێشتا لە قوتابخانە نەهاتبووەوە، لە ژوورە چۆڵەکاندا دەڕۆیشتم و بانگی کوڕەکانمم دەکرد، دەنگدانەوەی ناوەکانیان لەناو ماڵەکەدا دەخولایەوە، سیامەک، مەسعوود! بە دەنگی بەرزتر بانگیانم دەکرد، دەتگوت لە شوێنێکدا خۆیان شاردووەتەوە و دەنگەکەم وای لێیان دەکرد وەڵام بدەنەوە، دەرگەی دۆڵاپی جلەکانم کردەوە، جلی ساڵەکانی پێشووتریانم لە ئامێز گرت. بۆنمکردن. هیچی ترم بە بیر نایەت، شیرین پوورەکانی ئاگادار کردبووەوە، دکتۆرێکیان هێنا و چەند دەرزییەکی هێمنکەرەوەی لێ دام، زریانەخەوە پەشێو و تاریکەکانم دەستیان پێ کردەوە.

سادق و بەهمەن ئاغای هاوسەری مەنسوورە، لە گەڕانی خۆیان بەردەوام بوون. لە پاش هەفتەیەک وتیان ناوی لە ڕیز ونبووەکاندایە، لە مەبەستەکەیان تێ نەدەگەیشتم، یانی چی؟ یانی ئەو بووەتە دووکەڵ و بە هەوادا ڕۆیشتووە، کوڕە ئازاکەم، کوڕە گەنجەکەم وەها تیابچێت هیچ پاشماوەیەکی نەمێنێتەوە؟ دەڵێیت هەر نەشبووە! نە ئەمە لۆجیک نییە، دەبوایە شتێک بکەم، کەوتە بیرم هاوکارێکم گوتبووی، کوڕی خوشکەکەی لە پاش چەندان مانگ لە نەخۆشخانەیەکدا دۆزییانەوە، نەمدەتوانی دابنیشم و چاوەڕوانی کاری بەڕێوەبەرایەتی بم، بە درێژایی شەو بە دەم ئازارەکانمەوە نغرۆی بیرکردنەوە بووم و بەیانی بە بڕیارێکەوە لە نوێنەکەم هاتمە دەر، نیو کاژێر لەژێر دوشەکە وەستام هەتا کاریگەریی دەرمانەکانی خەو و ئارامکەرەوە لە سەرم نەما. جلم لەبەر کرد، چاوم بە ئاوێنەکە کەوت، وای... قژم چەند سپی بووبوو. پەروین خانم کە بە درێژایی ئەم هەموو ڕۆژگارە ڕەشە لەلام مابووەوە، لە خەو هەستا، بە سەرسوڕمانەوە

تەماشای کردم و گوتی:

– چی بووە؟ دەتەوێت بۆ کوێ برۆی؟

– دەچمە ئەو ناوچەیە، دەبێت خۆم بە دوای کوڕەکەمدا بگەڕێم.

– بۆچی بەتەنیا دەبێت؟ لەو ناوچانەدا کە شەڕی تێدایە ڕێگە بە ژنێکی تەنیا نادەن.

– خۆ دەتوانم نەخۆشخانەکانی دەوروبەری بگەڕێم.

– بوەستە با بۆ فاتی تەلەفۆن بکەم، لەوانەیە سادق کارەکانی جێبەجێ بکات و لەگەڵت بێت.

– نامەوێت، بۆچی دەبێت ئەو داماوە لە ئیشوکار بکەوێت؟ چ تاوانێکی کردووە زاوای ئێمەیە؟

– بە عەلی بڵێ، تەنانەت مەحمودیش، هەرچییەک بێت براتن، نایەڵن بە تەنیابیت.

بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتم:

– خۆتیش دەزانیت کە قسەی پووچ دەکەیت، ئەوان لە ڕۆژە دژوارەکانی ژیانمدا لە پێش هەموو بێگانەیەکەوە بە تەنیا بەجێیان هێشتم. خۆ دەبێت هەر بەتەنیا برۆم، ئاوها بێ خەمتر بە دوای کوڕە بێ تاوانەکەمدا دەگەڕێم، ئەگەر یەکێکم لەگەڵ بێت ناچار دەبم کارەکەم بە نیوەچڵی جێ بهێڵم.

بە شەمەندەفەرێک کە زۆربەی سەرنشینەکانی سەرباز بوون، بەرەو ئەهواز ڕۆیشتم. لە کوپە، بووم بە هاوسەفەری ژن و پیاوێک ئەوانیش بەشوێن ئازیزەکەیانەوە بوون، جیاوازییەکەمان لەوەدا بوو کە ئەوان دەیانزانی کوڕەکەیان بریندار بووە و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەهوازدایە. لە بەهاردا ئەوێ وەکو هاوینێکی گەرم بوو. لە پاش هەشت ساڵ، لەو ناوچەیەدا مانای ڕاستەقینەی شەڕم زانی، چ کارەساتێک، چ ئازارێ، چ وێرانە و بشێوییەک، هیچ دەموچاوێکی شادم نەبینی. هەموو لە هاتوچۆ و جموجۆڵدا بوون، بەڵام جوولانەوەکەیان وەکو کارکردنی پرسەداران و گۆڕهەڵکەنەکان بوو لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردندا، خاڵی بوون لە وزە و ژیان، لە قووڵاییی چاوەکانیاندا ترسێکی هەمیشەیی و شڵەژاوییەکی شاراوە دەدرەوشایەوە. لەگەڵ هەرکامێکیان قسەم دەکرد، بریندار بوو.

لەگەڵ خانم و ئاغای فەراهانی کە لەناو قیتارەکەدا یەکترمان ناسی، سەردانی نەخۆشخانەکانمان کرد. ئەوان کورەکەیان دۆزییەوە، دەموچاوی بریندار بوو. دیمەنی بەیەکگەیشتنی دایک و باوکەکە لەگەڵ کورەکەیان خەمهێنەر بوو. لە دڵ خۆمەوە وتم، ئەگەر مەسعوود هەموو دەموچاویشی نەمابێت، بە نینۆکی پێیەکانی دەیناسمەوە. بەلامەوە گرینگ نەبوو گەر بە کەم ئەندامی و بە بێ دەست و پێ بیدۆزمەوە. هەر ئەوەندەم دەویست کە زیندوو بێت، تەنیا جەستەیەک بێت بتوانم جارێکی تر لە ئامێزی بگرم. بینینی ئەو هەموو بەرکەوتووە، ئەو بریندارانە، ئەو هەموو گەنجە کەم ئەندامەی وا ئازاریان دەچەشت شێتیان دەکردم. دڵم بۆ یەک بە یەکی دایکەکانیان ئاگری تێ بەر دەبوو. خوایە کێ بەرپرسیارە؟ چۆن ئێمە ئاگامان لێ نەبوو؟ هەر ئەو چەند تۆپبارانەمان بە شەڕ دادەنا، لە کاتێکدا هەشت ساڵە خەڵکی ئاوها ژیان بەسەر دەبەن و ئێمە لەوێوە هەرگیز لە قووڵاییی کارەساتەکە تێ نەگەیشتین.

هەموو شوێنێک گەڕام، سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی جۆرەوجۆرم کرد، سەرئەنجام توانیم یەکێک بدۆزمەوە کە شەوی چالاکییەکە مەسعوودی بینیبوو. ئەو تازە زامەکانی ساڕێژ ببووبوو و خەریک بوو بۆ تاران دەگوێزرایەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە لە هەوڵی ئەوەی هیوادارم بکات گوتی:

– مەسعوودم دەبینی، ئەو شەوە پێکەوە بۆ پێشەوە دەڕۆیشتین، ئەو چەند هەنگاوێک لەپێش منەوە بوو کاتێک تەقینەوەکە دەستی پێ کرد. من ئاگام لە خۆم نەما و ئیتر نەمزانی ئەوانیتر چییان بەسەرهات، بەڵام بیستم کە زۆربەی شەهید و بریندارەکانی بەتالیۆنی ئێمە دۆزراونەتەوە.

بێهودە بوو، کەس نەیدەزانی کوڕەکەم چی بەسەرهاتووە. وشەی (ونبوو) وەکو کوتەکێک وا بوو بەر سەرم دەکەوت. لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا هەستم دەکرد کۆڵەباری خەمەکانم هەزار ئەوەندە قورستر بووە. گێژوویژ هاتمە ماڵەوە، یەکسەر بۆ ژوورەکەی مەسعوود ڕۆیشتم و دەتگوت ئەرکێکم لەبیر چووبووەوە، بەپەلە جلەکانی مەسعوودم دەرهێنا. پێم وابوو چەند کراسێکی ئوتوویان نەبوو، وای جلەکانی کوڕەکەم ئوتوویان نەبوو! دەستم کرد بە ئوتووکردن، دەتگوت ئەمە گرینگترین کارە دەبێت بیکەم، کەچی کاتێک دەمدایە بەر ڕۆشناییەکە هەر

چرچولۆچ بوو، دەبوایە جارێکی تر ئووتووی بکەمەوە... وای مەنسووره چەنێک قسەی دەکرد، تەنیا بەئاستەم ئاگام لە بوونیی ئەو بوو، لە پڕ سەرنجم دا دەیگوت:

– فاتی گیان، ئاوها خراپترە، خەریکە بە تەواوەتی شێت دەبێت، ئەمە دوو کاژێرە خەریکە کراسێکی مەسعوود ئووتوو دەکات، ئەگەر بیانوتبایە شەهید بووە باشتر بوو، یەکلا دەبووەوە، ئەو کاتە پرسەی دەگرت.

وەکو سەگی هار لە ژوورەکە دەرپەڕیمە دەرەوە و گوتم:

– نە! ئەگەر بڵێن مردووە، خۆم دەکوژم، ئەگەر تا ئێستا ماوم و بەڕێوە دەرۆم بەهیوای زیندوویی ئەوم.

خۆشم هەستم بەوە دەکرد کە لە شێتییەوە زۆر دوور نیم. لە خۆمەوە قسەم دەکرد، ئەو کەسەی هەموو کاتێک قسەم لەگەڵ دەکرد، خوا بوو، پێوەندیم پێیەوە پچڕابوو، یان گۆڕابوو بۆ پێوەندییەکی ناکۆک ئامێزی مرۆڤێکی بەزیو و تووڕە و دەست لە خۆ شۆردوو، لەگەڵ هێزێکی بێ بەزەییدا، شکست خواردوویەک کە هیچ هیوای بە ژیان نەماوە و لەقە فڕکەی دوا ساتەکانی ژیان وەهای لێ دەکات کە هەرچی لە دڵییەتی بیدرکێنێت، کفرم دەکرد، ئەوم وەکو بتێکی مەزن دەهاتە بەرچاو کە پێویستی بە خەڵاتە و دەبوایە یەکێک لە منداڵەکانم بە دەستی خۆم بۆ قوربانگەکە بنێرم، جا ئەو کاتە هەوڵم دەدا لە نێوانیاندا یەکێکیان هەڵبژێرم، هەندێ جار سیامەک یان شیرینم لە جیاتی مەسعوود دەنارد، ئەو کاتە ویژدانم ئازاری دەدام و سەرکۆنەی خۆم دەکرد، جارێکی تر پرسەدار دەبوومەوە، ئەگەر منداڵەکانم بزانن یەکێکیان لە جیاتیی ئەوی تریان دەکەمە قوربانی، ئاخۆ لە بەرامبەرمدا چ هەستێکیان دەبێت؟ هیچم نەدەکرد، تەنانەت پەروین خانم بەزۆر دەمیبردە گەرماو بۆ ئەوەی خۆم بشۆرم، دایکم و ئیحتیرام سادات ئامۆژگارییان دەکردم، باسی پایە و جێگەی شەهیدیان دەکرد، دایکم لە خوا دەمیترساند و دەیگوت:

– دەبێت بە ڕەزامەندیی ئەو ڕازی بیت، هەموو کەسێک لە ژیاندا بەشێکی هەیە، کاتێک ئەمە ویستی ئەوە، چی دەکەیت؟

کەچی من شێت دەبووم و هاوارم دەکرد:

– بۆچی دەبێت پشک و بەشێکی ئاوها بکاتە چارەنووسی من؟ نامەوێت، ئەمە

چ بەشێکە؟ ئەم هەموو بەڵایەم بەسەر هات، بەس نەبوو! چەنێک لەم بەندیخانەوە بۆ ئەو بەندیخانەیە ڕۆیشتم، جلی خوێناویی ئازیزانم شۆرد، بەتەنیا بووم، دەست و پێم سووتا، شەو و ڕۆژ کارم کرد، دڵم بە منداڵەکانم خۆش بوو، بەهەزار بەدبەختی گەورەیانم کرد، ئینجا چی؟ کۆتاییەکەی ئاوها بێت؟

ئیحتیرام سادات بەدەم گریانەوە گوتی:

– کفر مەکە، ئەمانە تاقیکردنەوەی ئیلاهین.

– هەتا کەی دەشێت لە تاقیکردنەوەدا بم؟ خوایە، بۆچی ئەوەندەم تاقیم دەکەیتەوە؟ بۆچی من کێم؟... دەتەوێت توانایی خۆت بەسەر منی ڕووخاوی بێ چارەدا بدەیت، نامەوێت لە تاقیکردنەوەکەتدا دەرچم، تەنیا منداڵەکەمم دەوێت، منداڵەکەم بدەرەوە و ڕەتم بکەرەوە.

– بمرم، ئەم قسانە مەکە، خوا دەتگرێت، بۆچی تۆ بەتەنیایت؟ ئەم هەموو دایکە، هەموو ئەو ژنانەی کوڕەکانیان لە تەمەنی منداڵەکانی ئێمەدایە هەمان بار و دۆخیان هەیە، هەندێکیان چوار، پێنج شەهیدیان داوە، وەرە سەیرکە و ئەوەندە ناشوکور مەبە.

– تۆ وا دەزانیت ئەگەر بەدبەختیی خەڵکی تر ببینم سوپاسگوزار دەبم؟ من بۆ ئەوانیش دەسووتێم، دڵم بە تۆش دەسووتێت، بۆ خۆم ئاگرم تێ بەربووە کە گەنجێکی نۆزدەساڵەم لەناو چووە، تەنانەت لاشەیەکیشی نییە لە باوەشی بگرم...

وا دیاربوو خەریک بووم بە مەرگی ئەو ڕازی دەبووم، چونکە یەکەمین جار بوو باسی لاشەم دەکرد. ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بارودۆخی خراپتر دەکردم، ئیتر ژماردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵم لە دەست دەرچووبوو. مشت مشت حەبی ئارامکەرەوەم دەخوارد، لە دنیایەکی نێوان خەو و ڕاستیدا دەست و پێم ڕادەوەشاند.

سەرلەبەیانییەک لە خەو هەستام، خەریک بووم لە تینوویێتیدا دەخنکام، پەشێو و گێژ بووم، بۆ چێشخانەکە ڕۆیشتم بۆ ئەوەی پەرداخێکی ئاو هەڵگرم، بینیم شیرین سەرقاڵی قاپ شۆردنە، بەسەرسووڕمانەوە تەماشام کرد، ئەو هەرگیز لەو کارانەی نەدەکرد، بەهیچ شێوەیەک حەزم نەدەکرد لە ئێستاوە، بەو دەستە بچووکانەوە کاری ماڵ بکات، گوتم:

– شیرین بۆچی بۆ قوتابخانە نەڕۆیشتووی؟

بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم و بە زەردەخەنەیەکی تاڵ و سەرزەنشت ئامێزەوە گوتی:

– دایە مانگێکە قوتابخانەکان داخراون!

لە شوێن خۆمدا حەپەسام... یانی چی؟ من لە کوێ بووم؟

– تاقیکردنەوەی چی؟ تاقیکردنەوەی وەرزی سێیەمت دا؟

بە قینەوە گوتی:

– بەڵێ، دەمێکە تاقیکردنەوەم داوە، تۆ ئاگات لێ نەبوو؟

نە! من نەمزانیبوو، چ لاواز بووە، چ ڕەنگ زەرد و خەمبارە، وای... چ خۆپەرست بووم! ئەم هەموو مانگە نوقمی خەم و بەزەیی بە خۆمدا بووم، بە تەواوەتی بوونیی ئەوم لە بیر خۆم بردبووەوە، ئەم منداڵە لەوانەبوو هێندەی من خەمبار و پرسەدار بێت. لە ئامێزم گرت، دەتگوت دەمێک بوو ئاواتی ئەم ساتەی دەخواست، هەوڵی دەدا هەتا دەتوانێت زۆرتر خۆی لە باوەشمدا بشارێتەوە، هەردووکمان دەگریاین. گوتم:

– بمبوورە، ئازیزەکەم بمبوورە، نەدەبوا تۆم لەبیر بچێتەوە.

بینینی شیرین، بەو دەموچاوە خەمبارەوە، بەو هەموو تاسەیەوەی بۆ سۆز، بەو ڕەنگە زەرد و لاوازەیەوە، وەکو کوتەکێک وا بوو کە بەر پەیکەرە وشکهەڵاتوو و خەواڵووەم کەوت و خەبەری کردمەوە. سوێندم خوارد چیی تر بەو خۆپەرستییەوە ڕووبەڕووی کێشەکان نەبمەوە. هێشتا من منداڵێکی تریشم هەبوو، ئەرکم بوو لەبەر ئەو بژیم! دەبوایە بەردەوام بم.

بەدڵشکاوی و تەنیا، دەستم بە ژیانی ڕۆژانەم کردەوە، هەوڵم دەدا زۆرتر لە کۆمپانیا بمێنمەوە و کار بکەم، هەرگیز نەمدەتوانی لە ماڵەوە سەرنجی خۆم کۆ بکەمەوە، بڕیارم دا لە بەردەم شیرین نەگریم، ئەو پێویستی بە ژیانی ئاسایی، گەڕان و خۆشییە. ئەم منداڵە نۆ ساڵەیە هێندەی پێویست گورزی خواردبوو. لە مەنسوورە پاڕامەوە لەگەڵ خۆیاندا بۆ باکوری بەرن، بەڵام ئەو نەیویست بەتەنیا بەجێم بهێڵێت. ناچاربووم منیش بڕۆم. ڤیلاکەی مەنسوورە، هەر ئەو ڤیلایەی دە ساڵ پێشتر بوو و باکور بە هەمان جوانییەوە چاوەڕوان بوو بمانباتەوە خۆشترین

ڕۆژگـارەکـانـی ژیانم، و جـارێکی تر ئەو هـەمــوو بیـرەوەرییــە خـۆشـەم بـۆ زیندوو بکاتەوە. دەنگی کــوڕەکــان لە کــاتـی یاریکردندا لـە گــوێمــدا دەزرینگایـەوە. لە پشــتــمــەوە، هـەسـتـم بە نیگا پڕ ئارەزووەکـەی حـەمـیـد دەکـرد، چەندان کـاژێر دادەنیـشـتـم سـەیری تۆپێنی حـەمـیـد و منداڵەکـانم دەکـرد، تەنانەت جـارێکیـان دانەویمەوە و تۆپەکەم بۆیان فڕێ دایەوە. وێنەگەلێکی جوان کە لە پڕ هـەمـووی بە دەنگێکی ناکاو تێک دەچوو. خـوایە، چ زوو تێ پـەڕی! بەشـی من لە ژیانی خـۆشی خێزانیی هـەر ئەو چەند ڕۆژە بوو، ئیتر ئەوەی هـەبوو هـەمووی ئـازار و چەوسانەوە بوو. لەبەرخۆمەوە گوتم:

بەشی ئێمە هەر ئەوە بوو، تەمەن ڕۆیشت و چی نەما

بەڵام کێ هەڵی دەگرێ زوڵمی وا

هەموو تەمەن هەر بە ڕەنج و مەینەت بڕوا؟

لە هـەمـوو سووچێکدا یاد و بیرەوەرییەک زیندوو دەبووەوە. جارجارە لە خـۆمەوە باوەشم دەکردەوە، بۆ ئەوەی ئـازیزەکانم لە کاتی گەڕانەوەدا لە ئامـێز بگرم. لەپڕ بەخـۆمـدا دەهـاتمەوە، بەهـەراسـەوە سـەیری دەوروبەرم دەکـرد، ئاخـۆ کـەس منی لەم دۆخەدا نەبینی؟ شەو لە قەراخ دەریا دانیشتم، نوقمی بیرکردنەوە بووم، هەستم بە قورسیـی دەستی حەمید کرد لەسـەر شانم، بوونی ئەو لەوێدا بەشـێوەیەکی ئەوەندە سروشتی دیار بوو، بە سرتە گوتم:

– وای حەمید، نازانیت چەند ماندووم.

شـانمی گوشی، سـەرم لـەسـەر دەسـتی دانا، بەهێـمنی قژی لاواندمـەوە، لەپڕ بە دەنگی مەنسوورە ڕاچڵەکیم:

– یەک کاژێرە لە شوێنت دەگەڕێم، لە کوێی؟

لە شــوێن خـۆم ڕاپەڕیم، چۆن دەبێت خـەونێک بەم شـێـوەیە ڕیالیـسـتـی بێت؟ هێشـتـا هـەسـتم بە گـەرمیـی دەستی دەکرد لەسـەر شـانم، ئەگەر پێناسـەی شـێتی دابڕان بێت لە ڕاسـتی، کەواتە من بەو سنوورە گـەیشتووم، بەڵام چەند بـەچێژ بوو! دەمتوانی خۆمی بە دەستەوە بدەم و هـەتا هـەتایە لەگەڵ خەونە خۆشـەکانمدا بەسـەر بەرم، سـوود لە ئازادیی شـێـتـەکان وەر بگرم و هـەسـت بە هیـچ بەرپرسـیـارێتـییـەک نەکەم. دڕدۆنگی شـێتی و ڕەهابوون و هـەنگاونان بەرەو دنیای خـەونەکان، منی لە

لێواری پەرتەوازەییدا دانابوو، تەنیا بیرکردنەوە لە شیرین و بەرپرسیارێتیی ئەو هاندەرم بوون بۆ بەرگریکردن. بەپەلە بڕیارم دا، دەبوایە بگەڕێمەوە، نەمدەتوانی لەوێ بمێنمەوە، بەرگەی ئەم خەونانەم نەدەگرت و دەترسام بەسەرمدا سەرکەوێت، خەریک بوو دووبارە هەرەسم دەهێنا. ڕۆژی سێیەم کەلوپەلەکانم کۆکردەوە و گەڕامەوە بۆ تاران.

ڕۆژێکی گەرمی خەرمانان، کاژێر دووی پاش نیوەڕۆ، بە دەنگی هاواری شادیی هاوکارەکانم بەخۆمدا هاتمەوە کە لە ڕێڕەوی فەرمانگەکە ڕایان دەکرد، هەموو پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد. عەلیپور دەرگەی ژوورەکەمی کردەوە و هاواری کرد، شەڕ تەواو بوو. لە شوێن خۆم نەجووڵامەوە. ئەگەر ساڵێک پێش ئێستا ئەم هەواڵەیان پێ دەدام، چیم دەکرد؟

ماوەیەکی زۆربوو سەرم لە هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربازی نەدەدا، هەرچەندە ئەمجارە وەکو دایکی تێکۆشەرێکی ونبوو زۆر ڕێزیان لێ گرتم. بەڵام ئەم ڕێزانەش ئەوەندەی ئەو سووکایەتی پێکردنەی بەر دەرگەی بەندیخانەکان ئازاری دەدام کە وەکو دایکی موجاهیدێک و هاوسەری کۆمۆنیستێک دەمبینیست، تاقەتی بەرگەگرتنیانم نەبوو.

زیاتر لە مانگێک بەسەر تەواوبوونی شەڕدا تێ دەپەڕی، هێشتا قوتابخانەکان نەکرابوونەوە، کاژێر یانزەی سەرلەبەیانی بوو کاتێک دەرگەی ژوورەکەم کرایەوە، شیرین و مەنسوورە، بەڕەنگی بزرکاو و پەشێوییەوە هاتنە ژوورەوە. زەندەقم چوو، لە شوێنەکەی خۆم هەستام، دەترسام بپرسم چی بووە؟ شیرین خۆی فڕێدایە باوەشم، دەگریا، نەیدەتوانی قسە بکات. مەنسوورە چاوی لە چاوەکانم بڕیبوو و فرمێسکە بێدەنگەکانی دەهاتنە خوار. سەرئەنجام هاتە قسە و گوتی:

– مەعسووم...!! ماوە! ماوە!

بەسەر کورسییەکەدا کەوتم، سەرم پاڵدایە پشتەوە، چاوەکانم داخست. دەمویست ئەگەر خەو دەبینم هەر لەو دۆخەدا بمێنمەوە و هەرگیز هەڵنەستمەوە. شیرین بە دەستە بچووکەکانی لە دەموچاوی دەدام، دەیویست بزانێت ماوم یا نە! بەدەم پاڕانەوە گوتی:

– دایە، هەستە، توخوا قسە بکە.

چاوەکانم کردەوە، پێ کەنی و گوتی:

– لە فەرماندەییەوە تەلەفۆنییان کرد، خۆم قسەم لەگەڵیان کرد.

بە چاو پرسیم چییان گوت، نازانم دەنگیشم دەرهات یان نە!

گوتیان:

– ناوی مەسعوود لە ڕیزی دیلەکاندا هاتووە، لەناو لیستەی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

– دڵنیایت؟ لەوانەیە بەهەڵە بیستبێتت، دەبێت خۆم بۆ ئەوێ بڕۆم.

– نە! کاتێک شیرین بەو دۆخەوە هات بۆ لام، خۆم تەلەفۆنم کرد، بە دوور و درێژی قسەم لەگەڵیاندا کرد، ناوی مەسعوود بە هەموو ناونیشانەکانیەوە لە لیستەکەدا بوو، وتیان بەم نزیکانە دەیانگۆڕنەوە.

نازانم چیم کرد. وا بزانم وەکو شێت سەمام کرد. ئینجا کڕنووشم برد. باش بوو مەنسوورە لەوێ بوو، هەموویانی لە ژوورەکە کردە دەرەوە، بۆ ئەوەی شێتکارییەکانی من نەبینن. دەبوایە خۆم بە شوێنێک بگەیەنم، نازانم کوێ، شوێنێکی پیرۆز، مەنسوورە نزیکترین شوێنی بە بیردا هاتەوە، ئیمامزادە ساڵح. دەترسام، دەبوایە هەتا زووە لە کفرەکانم پاشگەز ببمەوە، دەنا ئەم بەختەوەرییەم وەکو ئاو لە نێو پەنجەکانمەوە لێ دەڕژێت. گۆڕەکەی ئیمامزادەم گرت و سەدان جار گوتم، خوایە هەڵەم کرد، بمبوورە، خوایە تۆ مەزنی، تۆ میهرەبانی، تۆ دەبێت بمبووری، بەڵێن دەدەم هەموو نوێژەکانم بگێڕمەوە، پارە بە دەرۆزەکار دەدەم، دەچمە خزمەتی ئیمام ڕەزا، ئەمە و هەزاران نەزر و نیازی تر. ئەو هۆیانەم بۆ باس دەکرد کە لەبەرچی کفرم کردووە، بەڵگەم دەهێنایەوە، کاتێک بەدبەختی سنوور تێ پەڕێنێت، ئیتر مرۆڤ هیچی نامێنێت بیدۆڕێنێ، لەو کاتەدا تۆی لەبیر دەچێتەوە، کفر دەکات، تکات لێ دەکەم هەرچیم لێ دەکەیت بیکە، تەنیا لە ڕێگەی منداڵەکانمەوە تاقیم مەکەرەوە.

کاتێک بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە، دەزانم بەڕاستی تێک چووبووم، چۆن منداڵێک لەگەڵ هاوڕێیەکەی قسە دەکات، ئاوها لەگەڵ خوادا قسەم دەکرد، یاساکانی یارییەکەم دیاری دەکرد، لە ڕێگەی هەڕەشەوە چاودێریم دەکرد کە هیچ کاممان لە یاساکان لا نەدەین. چەندان جار لە ڕۆژدا هەستم دەکرد دەبێت نوێژی

شوكور بكەم، لەو كاتانەدا دەبوا كڕنووش بەرم بۆ ئەوەی نەوەكو هەڵگەڕێمەوە، بە وێنەی ئاشقێک لە پاش دڵشكان و دابڕان، دۆخی ترس و هیوا بەسەرمدا زاڵ بوو، بە شەرمەوە لەوەی گوتبووم، هەموو كاتێک ڕاز و نیازم لەگەڵ دەكرد، بەڵكو ناشوكرییەكانم بە فەرامۆشی بسپێرێت و هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارەم بە هەند بگرێت.

جارێكی تر زیندوو بوومەوە، خۆشی بۆ ماڵەكەم گەڕابووەوە، دەنگی پێكەنینی شیرین كە ماوەیەكی دوور و درێژ بوو كپ بووبوو، جارێكی تر لە ناو ماڵەكەدا دەنگی دەدایەوە، ڕای دەكرد، یاری دەكرد، دەستی لە ملم دەكرد و ماچی دەكردم. دەمزانی دیلی هەزاران دژواری و دەردەسەری هەیە، دەمزانی ئەو لەوێ ئازار دەچێژێت، بەڵام ئەمانە هەموویان تەواو دەبن، گرینگ ئەوەیە لە ژیاندایە، ئێستا هەموو ڕۆژێک لە چاوەڕوانی ئازادبوونی ئەودا بووم، ماڵەكەم پاک ڕادەگرت، جلوبەرگەكەیم ڕێكوپێک دەكرد، مانگەكانی دووریم یەک لە دوای یەک بەسەر دەبرد، هەموو مانگێک لە مانگی پێشوو دژوارتر بوو، بەڵام هیوای جارێكی تر بینینەوەی منی زیندوو و لەسەر پێ ڕادەگرت. تاوەكو سەرئەنجام لە شەوێكی هاویندا ئەویان هێنایە ماڵەوە، لە ڕۆژی پێشووترەوە جادە و كۆڵانەكەیان بە گڵۆپ و چراخان ڕازاندەوە، لەسەر پارچەی گەورە ناویان نووسیبوو و بەخێرهاتنەوەیان دەكرد، بۆنی گوڵ و شیرینی و شەربەت ماڵەكەمی نوقمی ژیانەوە كردبوو، ماڵمان پڕی لە خەڵک بوو، زۆریانم نەدەناسی، بە هاتنی مەحبووبە و هاوسەرەكەی وزەم وەبەردا هاتبوو، كاتێک بینیم حاجی ئاغاش هاتووە، دەمویست دەستی ماچ بكەم، ڕووخساری ئەو بەلامەوە نیشانەی ڕووحانییبوون و ئەشق و خۆشەویستییە... كاری بەڕێوەبردن لە ئەستۆی پەروین خانم، مەنسوورە، فاتی، مەنیژە و فێروزە بوو، من لە چاوەڕوانییەكی بێ هەدا بەولاوە هیچم لە دەست نەدەهات. پەروین، فاتی و فێروزە كە ئێستا كچێكی گەنجی جوان بوو، لە چەند ڕۆژێ زووتر هاتبوون و سەرقاڵی ئامادەكارییەكان بوون، ڕۆژێ پێشتر فاتی گوتی:

– دادە قژت بۆیە بكە، ئەو كوڕە ئەگەر تۆ ئاوها ببینێت دڵی دەوەستێت.

ڕازی بووم، پێشوازیم لە هەموو شتێک دەكرد. خۆی قژمی بۆیە كرد و برۆ و دەموچاوی بۆ هەڵگرتم، فێروزە پێ دەكەنی و دەیگوت:

– دەڵێی زەماوەندی پوورێیە، هەر لە بووک دەچێت.

– بەڵێ ئازیزەکەم، بە بووکی دەچم، زۆر لە زەماوەندیش خۆشترە! چونکە شەوی بووکێنییەکەم قەت ئەوەندە بەختەوەر و خۆشحاڵ نەبووم.

جلێکی سەوز و جوانم لەبەر کرد، مەسعوود زۆری حەز لەم ڕەنگە بوو، کراسێکی پەمەییم بۆ شیرین کڕیبوو، لە پاش نیوەڕۆوە جلمان لەبەرکرد و لە چاوەڕوانیدا دانیشتین، دایکم، عەلی و خێزانەکەی لەگەڵ ئیحتیرام سادات و منداڵەکانی هاتن، ئیحتیرام زۆر تێک شکابوو، ئەم پرسەدارییە درەنگ و چەپێندراوەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ناخی وێران دەکرد. هەوڵم دەدا نیگام لە چاوەکانی بدزمەوە، شەرمم دەکرد لەوەی کوڕەکەی من زیندوو بوو و کوڕەکەی ئەو نەمابوو، دەتگوت گوناهی منە کە کوڕەکەی ئەو ناگەڕێتەوە، بە دایکمم گوت:

– بۆچی ئیحتیرامت هێنا؟

– خۆی حەزی کرد بێت، بۆچی چی بووە؟

– هیچ، قەڵسم، نیگا پڕ خۆزگەکانی ئازارم دەدەن.

– ئەم قسەیە چییە؟ بە هیچ شێوەیەک خۆزگە بە تۆ ناخوازێت، ئەو دایکی شەهیدە، پلەی لە تۆ زۆر بەرزترە، دەزانی لەلای خوا چ بەهایەکی هەیە، پێت وایە ئیرەیی بە تۆ دەبات کە بە یەک لە سەدی ئەویش ناگەیت؟ نە گیانەکەم، ئەو زۆر دڵخۆشە و تۆش خەفەتی بۆ مەخۆ.

لەوانەش بوو ڕاست بکات، ئەوە من بووم کە نەمدەزانی، لەوانەیە بەڕاستی بیروباوەڕی ئەو ئەوەندە بەهێز بوو دەیتوانی لەسەر پێ ڕای بگرێت و لەم لایەنەوە من لەو لاوازتر بووم، هەوڵم دا چیی تر بیری لێ نەکەمەوە، بەڵام هێشتا هەر لە نیگاکانی هەڵدەهاتم.

شیرین زیاتر لە سەد جار مەنگەڵە بچووکە ئەسفەنەکەی داگیرساند و جارێکی تر کوژایەوە، چیی تر تاقەتم نەمابوو. کاژێر لە نۆی شەو لایدابوو کاتێک کاروانەکە گەیشت، سەرەڕای ئەو هەموو ڕاهێنان و حەبە ئارامکەرەوەی کە خواردبووم، هەر تووشی گرژبوونەوەیەکی زۆر بووم و لە هۆش خۆم چووم. ئەو ساتە زۆر خۆش بوو کاتێک چاوم کردەوە، خۆم لە ئامێزی ئەودا بینییەوە.

مەسعوود، بالای بەرزتر بوو، بەڵام زۆر لاواز و ڕەنگ پەڕیو بوو، نیگاکانی گۆڕا

بوون، لەگەڵ کۆمەڵێک ئەزموونی پڕ لە ئازاردا گەورە بووبوو، پێیەکی دەشەلی و ئازاری زۆر بوو، لە دۆخەکەی، لە زریانەخەوەکانی شەوانەی و شەونخوونییەکانی دەمزانی چی چەشتووە. بەڵام هیچی بۆم باس نەدەکرد. دەرکەوت کە بە برینداری و نیوە گیانەوە کەوتووەتە دەست دوژمن و لە چەند نەخۆشخانەیەکدا ماوەتەوە، هێشتا زامی سارێژنەبووی مابوو کە هەندێ جار دەبووە هۆی تا و ئازار. دوکتۆر گوتی، دەکرێت پێی بە نەشتەرگەری چارەسەر بکرێت. لە پاش ئەوەی کەمێک هێزی وەبەردا هاتەوە بۆ نەشتەرگەرییەکە ڕۆیشت و خۆشبەختانە سەرکەوتوو بوو. وەکو منداڵ چاودێریم دەکرد، خزمەتم دەکرد، نرخی ساتەکانی بوونم لەگەڵی دەزانی، کاتێک دەخەوت، بە دیار سەرییەوە دادەنیشتم و سەیری ڕووخساریم دەکرد، لە سەیرکردنی دەموچاوە جوان و پیاوانەییەکەی، کە لەناو خەودا لە منداڵێکی ساوا دەچوو، تێر نەدەبووم. ناوم نابوو (خودا داد)، بەڕاستی خوا ئەوی پێ دابوومەوە. وردە وردە لە باری جەستەییەوە تەندروستی گەڕابووەوە، بەڵام لە باری دەروونییەوە شاد و بە کەیف نەبوو. نیگاری نەدەکێشا، هیچ بەرنامەیەکی بۆ داهاتوو نەبوو. هەندێ جار هاوڕێکانی، هاوخەبات و هاوبەندییەکانی بۆ سەردانی دەهاتن، کەمێک سەرقاڵ دەبوو، کەچی جارێکی تر لە خۆدا نغرۆ دەبووەوە. داوام لێکردن بە تەنیا جێی نەهێڵن، لە هەموو تەمەنێکیان تێدا بوو و هەموو خۆشیان دەویست. لەگەڵ یەکێکیاندا کێشەی خەمۆکییەکەیم خستە بەرباس کە ناوی ئاغای مەقسوودی بوو، نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو و مەسعوود زۆر ڕێزی لێ دەگرت، مرۆڤێکی دنیا دیدە و میهرەبان دیاربوو، وتی:

– خەمت نەبێت، هەموومان کەم و زۆر ئاوها بووین، ئەم منداڵە زۆر زامدار بوو، وردە وردە چاک دەبێتەوە، دەبێت بۆ سەرکار بڕوات.

– بەڵام ئەو کوڕێکی بەهرەمەند بوو، حەز دەکەم بخوێنێت.

– بێگومان، بێگومان، دەشێ بخوێنێت، دەتوانێ لە پشکی ئازادکراوەکان سوودمەند بێت و لە زانکۆ بخوێنێت.

زۆر دڵخۆش بووم. کتێبەکانیم کۆکردەوە و گوتم:

– باشە ئیتر ماوەی پشوو تەواو بوو، دەشێ بەرنامە بۆ داهاتوو دابنێیت و کارە نیوەچڵەکانت تەواو بکەیت، گرینگترین کاری تۆ خوێندنە، دەبێت هەر لە ئەمڕۆوە

دەست پێ بکەیت.

– نە دایە، لە مـن گـوزەرا، چیی تر مـێشکم کـار ناکـات، تـاقـەتی تاقـیکردنەوەی گشتی و خوێندنم نییە، تازە مەحاڵە دەرچم.

– نە ڕۆڵـە، ئەمــجـارە بەدڵـنیـاییـیـەوە دەردەچیت، بۆ تۆ هـەندێک ئاسـانکاری لەبەرچاو دەگیرێت، لە پشکی ئازادبووەکان سوودمەند دەبیت.

– یانی چی؟ ئـەگەر من لێـهـاتوویی زانسـتیم نـەبێت جیـاوازی نیـیـە لە نێـوان ئەوەی ئازاد بووبم یان یەکێکی تر؟ ناتوانم لە زانکۆ بخوێنم.

– تۆ ئەگەر بخوێنیت لە هەموو کەسێک لێهاتووتری، ئەمە مافێکە بە ئێوە دراوە.

– واتا مافیان پێ داوم کە مافی خەڵکی تر بخۆم، نە! نامەوێت.

– تۆ مـافی خـۆت وەردەگریت، ئەو مـافـەی کـە سێ، چوار سـاڵ پێش ئێـسـتـا بە ناهەق لێیان داگیر کردی.

– لەبەرئەوەی ئەو کاتە مـافی منیان خوارد، ئێستاش من بڕۆم مـافی یەکێکی تر بخۆم، ئەرێ؟!

– دروست یان هەڵە، ئەمـە یاسایە، دەبێت ملکەچی بیت، ناشێ تۆ بەوە ڕاهـاتبی یاسا هەمـوو کاتێک بە زیانت بێت؟ نە گیانەکەم هـەندێ جار لە سوودی مرۆڤدایە. تۆ بۆ ئەم خـەڵکە، ئەم وڵاتە ئازارت چەشت، شـەڕت کرد، ئێستا ئەو خـەڵک و وڵاتە دەیانەوێت پاداشتت بدەنێ، دروست نییە وەری نەگری!

گفتوگۆ بێ کۆتاییـیەکانمان بەسەرکەوتنی من تەواو بوو. دیـارە بوونی فێروزەش بێ کاریگەری نەبوو، ئەو دوا ساڵەکانی ئامادەیی بەسەر دەبرد، کتێبەکانی هێنا بوو و بە پرسـیـارکردن لـە مـەسـعـوود، هانی دەدا بخـوێنێت. ڕووخسـارە جوان و بەسـۆزەکەی وزەی ژیانی بۆ مـەسـعـوود دەگەڕاندەوە. پێکەوە دەیانخـوێند، قسـەیان دەکـرد، پێ دەکـەنین، هەندێ جـار هـانیـانم دەدا کـەمـێک بگەڕێن. ئـەم ڕەوشــە لە خێراییی چاکبوونەوەی مەسعوود کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

مـەسـعـوود لـە بەشـی بیناسـازی وەرگیـرا، ئـەو بەشـەی کـە ئارەزووی هەمـیشـەیی بوو، ماچم کرد و پیرۆزباییم لێ کرد، بە پێکەنینەوە گوتی:

– خۆمان دەزانین مافی من نەبوو، بەڵام خۆشحاڵم.

کێشەیەکی تری مەسعوود بێ کاری بوو، دەیگوت:

– شەرمەزارییە بۆ کوڕێک لە تەمەنی مندا سەرباری دایکی بێت.

چەند جارێکیش باسی وازهێنانی لە زانکۆ و کارکردنی کرد. ئەمجارەش کێشەکەم لەگەڵ ئاغای مەقسوود باس کرد، کە ئێستا کارێکی لە پلە باڵاکاندا پێ سپێردرابوو. بەدڵنیایی و خۆشحاڵییەوە گوتی:

– دیارە کار بۆ ئەو هەیە، دەتوانێت بە هیچ شێوەیەکیش واز لە خوێندنەکەی نەهێنێت.

هەر لەو وەزارەتەدا کە خۆی بەرپرسیارێتی هەبوو، کارێکی باشی بۆ دۆزییەوە. بەئاسانی بە قۆناغەکانی هەڵبژاردن، تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتنەکەدا، کە زیاتر ڕووکەش بوون، تێ پەڕی و بەفەرمی دامەزرا. تەلیسمی خێزانەکەمان بەهۆی ئەوەوە کرابووەوە، ئەڵقەی خۆشەویستیمان لە پەنجەی ئەودا بوو، لە هەموو شوێنێکدا لە ڕیزی پێشەوە بوو، هەرچەندە خۆیشی بەم بارودۆخە قایل نەبوو. وەکو دایکی دیلێکی ئازادبوو لە هەموو شوێنێک ڕێزێکی زۆرم لێ دەگیرا و کار و پێشنیاری زۆرم دەخرایە بەردەست، هەندێ جار ناچار دەبووم ڕەتی بکەمەوە. بەم هەموو ئاڵوگۆڕە پێکەنینم دەهات، چ دنیایەکی سەیر بوو، ئێستا بە هەموو بوونمەوە لەوە گەیشتم کە نە زیزبوونەکەی بایەخی هەیە و نە میهرەبانییەکەی.

٩

ڕەوتی ژیانم بەسروشتی و هێمنی دەڕۆیی، هەموو منداڵەکانم تەندروست و سەرکەوتوو و سەرقاڵی خوێندن بوون، لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، تا ڕادەیەک داهاتی من باش بوو و مەسعوود مووچەی پتر لە ئاسایی وەردەگرت، هەندێ ئاسانکاریشیان بۆ کرد بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێل و خانوو بکڕێت. سیامەک، خوێندنی تەواو کردبوو و کاری دەکرد، هەموو کاتێ ئامادە بوو پارەمان بۆ بنێرێت. لە دوای کۆتایی پێهاتنی شەڕ، پەروانە دایمە بۆ ئێران دەهات، کاتێک بەیەکتر دەگەیشتین مەوداکانی ئەم هەموو ساڵە نەدەما و دەگەڕاینەوە ڕۆژانی نەوجەوانی. پەروانە هێشتا هەر بەکەیف و هاروهاج بوو، بە کارەکانی لە پێکەنینا دەبوورامەوە. هەموو کاتێک خۆم بە قەرزاری دەزانی و هەرگیز هاوکارییەکانیم لەبیر نەدەچووەوە، دە ساڵ وەکو دایکێکی دڵسۆز سەرپەرشتی کوڕەکەمی کرد، تا ئێستاش سیامەک هەموو کاتەکانی پشووی لە ماڵی ئەواندا بەسەر دەبرد، پەروانە وردەکارییەکانی بەرەوپێشچوون، گەورەبوون و پێگەیشتنی سیامەکی بۆ باس دەکردم، چاوەکانم دەنووقاند و هەوڵم دەدا کاتە لە کیس چووەکەی لە مێشکمدا بسازێنم و قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی لەبەرچاومدا بەرجەستە بکەم، زۆرم بیر ئەکرد، ئەمە تاقە خەمێک بوو جارجارە ڕووخساری ژیانی تار دەکردم. دوو ساڵ بوو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد بۆ ئەڵمانیا بڕۆم بۆ دیدەنی، بەڵام بیرکردنەوە لە مەسعوود و شیرین کە هێشتا منداڵ بوو ڕێگر بوون، هەتاوەکو سەرئەنجام ئەو ساڵە هەستم کرد بە تەواوەتی تاقەتم بەسەر چووە، لە وێنەکانیدا نامۆ دەهاتە بەرچاوم، بە پێداگریی پەروانە و منداڵەکان بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوتم، چ

گەرموگوڕ بووم، هەرچەندە کاتەکە نزیکتر دەبووەوە توانای چاوەڕوانیم کەمتر دەبووەوە، سەرم سووڕدەما چۆن بەرگەی دە ساڵ دووریم گرت، کێشەکانی ژیان ئەوەندە بەخۆیەوە گیرۆدەی کردبووم، هەندێ جار چەندان ڕۆژ تێ دەپەڕی تەنانەت تەماشایەکی وێنەیەکیشیم نەدەکرد. یادی حەمید بەخێر، هەموو جارێ دەیگوت، دڵتەنگی و خەم و خەفەتی بێ بنەما لە خەسڵەتەکانی ژیانی بورژوازییە، کاتێک تێربوویت و مەینەتییەکانی خەڵکی تر بەلاتەوە نرخی نەبوو، ئەو کاتە بیر لەم هەستە بێ ناوەڕۆکانە دەکەیتەوە. لەوانەبوو ئەو ڕاست بکات، بەڵام من هەموو کاتێک ئەم دڵتەنگییە لە ناخمدا هەبوو، و لەبەرئەوەی توانای ڕەوینەوەی نەبوو، پەردەیەکم بەسەریدا دەدا و تەنانەت لەبەرخۆشمەوە دانم بەوەدا نەدەنا کە چەند پێویستیم بە بینینیەتی، ئێستا تا ڕادەیەک هێمن بووم و وەکو هەموو کەسێک مافی بێ تاقەتی و ئارەزووی بینینی کوڕەکەم هەبوو.

لە کاتی خواحافیزی، شیرین زۆر خەمبار بوو، بەوپەڕی بێ شەرمییەوە گوتی، لە ڕۆیشتنی تۆ بێ تاقەت نیم، لەوە دڵتەنگم کە ڤیزایان پێم نەدا. ئێستا شیرین کچێکی چواردە ساڵان بوو، خۆی لە هەموو کەسێک بە ژیرتر دەزانی، بەبێ پەروایی منداڵانگەلێکی تێربوو لە ناز و خۆشەویستی هەرچییەکی بویستبایە دەیگوت، سەرەڕای ناڕەزایەتییەکی زۆر بە دەستی مەسعوود، فاتی، مەنسوورە و فێروزەم سپارد، بەڕێ کەوتم.

کاتێک لە هۆڵی ترانزێتەکەی فرانکفۆرت هاتمە دەر، وەستام، بە دڵێکی پڕ لە خرۆشەوە سەیری دەوروبەرم کرد، پیاوێکی گەنجی قۆز لە بەردەمم وەستا، دیقەتی دەموچاویم دا، تەنیا نیگا و زەردەخەنەکەیم ناسییەوە، چەند ئەڵقە قژێکی پەخشەوە بوو بەسەر ناوچەوانیدا پتر حەمیدی دەهێنایەوە بەرچاوم نەک سیماکەی، وێڕای ئەو هەموو وێنەیەی کە ماڵەکەمی ڕازاندبووەوە، هێشتا هەر چاوەڕوانی بینینی کوڕێکی نەوجەوانی قەد و باڵا باریک و خاوەن هەڵسوکەوتێکی منداڵانەم دەکرد، کەچی سیماکەی پیاوێکی باڵابەرز، قۆز و بەڕێز بوو، کاتێک بە دەستەکانی دەموچاوی گرتم، سەرم لەسەر سینەی دانا، توند لە ئامێزی گرتم، وای... کاتێک وەکو منداڵ خۆم خستە سایەی کوڕەکەمەوە، چ چێژێکی هەبوو. سەرم دەگەیشتە شانەکانی، بۆنی جەستەیم کرد و تێر تێر گریام، گریانێکی تاسەبار. ماوەیەک تێ

پەرِی ئینجا کچێکی گەنجی تەڕوبڕ سەرنجی ڕاکێشام، خێرا خێرا وێنەی دەگرتین، سیامەک ناساندی، بڕوام نەدەکرد، ئەوە لەیلای کچی پەروانە بوو، لە ئامێزم گرت و گوتم:

– چ گەورە و جوان بوویتە، وێنەکانتم بینیبوو، بەڵام خۆت شتێکی تری.

بە پێکەنینێک، ددانە جوان و سپییەکانی نیشاندام، سواری ئۆتۆمۆبێلە بچکۆلەکەی سیامەک بووین، گوتی:

– لە پێشدا بۆ ماڵی لەیلا دەڕۆین، پوورە پەروانە چێشتی نیوەڕۆی لێناوە و چاوەڕوانە، ئەگەر پێت خۆش بوو ئەمشەو، یان سبەی بۆ شارەکەی من دەڕۆین، دوو سەعات لێرەوە دوورە.

– ئافەرین، فارسیت لەبیر نەچووە، زاراوەشت* نییە.

– دیارە لە بیرم ناچێتەوە! ئێرە هەمووی ئێرانییە، لە هەمووشی گرینگتر پوورە پەروانەیە، بە فارسی نەبێت بە هیچ زمانێکی تر وەڵام ناداتەوە، باوک منداڵەکانی خۆیشی دەرهێناوە، وا نییە لەیلا؟!

لە پێش گەیشتنمان بۆ ماڵی پەروانە، زانیم شتێک زیاتر لە هاوڕێیەتی خێزانی و قۆناغی منداڵی لە نێوان ئەم دوو گەنجەدا هەیە.

پەروانە ماڵێکی خۆش و دڵگیری هەبوو، بە دڵخۆشییەکی فراوانەوە پێشوازی لێ کردین، وا بزانم خەسرەوی هاوسەری پەروانە پیر بووبوو، لە دڵ خۆمەوە وتم: ئاساییە، چواردە، پازدە ساڵ تێ پەڕیوە، بەدڵنیاییەوە ئێستا منیش لە دیدی ئەودا پیربووم و شکاومەتەوە. منداڵەکان گەورە بووبوون، لالە بە زاراوەیەکی تێکەڵ قسەی دەکرد و ئەردەڵانی منداڵی سێیەمی، کە لەوێ لە دایک بووبوو، لێمان تێ دەگەیشت بەڵام بە فارسی وەڵامی نەدەدایەوە.

پەروانە زۆر پێداگریی کرد کە لەلای ئەوان بمێنینەوە، بەڵام ئێمە بڕیارمان دا بۆ شارەکەی سیامەک بڕۆین و بۆ پشووی کۆتایی هەفتەی دواتر بگەڕێینەوە ئێرە. من بەلای کەمەوە هەفتەیەکم پێویست بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر کوڕەکەم

---

* زۆربەی ئەو منداڵ و گەنجانەی لە هەندەران گەورە دەبن، زمانی ئەو وڵاتە و زمانی دایکیان تێکەڵ بە یەکتر دەکەن، بۆیە لێرەدا ئەو وشەیەم بەکارهێناوە. و.

بناسمەوە، خوا دەزانێت چ قسەگەلێکمان هەبوو بیکەین، کەچی کاتێک بە تەنیا بووین، نەمدەزانی باسی چی بکەم؟ لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ چۆن بەسەر ئەم هەموو ساڵانی دوورییە باز بدەم. ماوەیەک هەر هەواڵی کەسوکاری دەپرسی و منیش دەمگوت، باشن، سڵاویان هەبوو، دەمگوت، هەموو کاتێک ئاووهەوا ئاوها خۆشە؟ تۆ نازانیت تاران چەند گەرم بوو و لەم جۆرە قسەگەلە. ڕۆژێک بەسەرچوو تا سەهۆڵی نامۆییمان کە بەرهەمی دووری چەند ساڵە بوو، توایەوە و بەگەرموگوڕی دەستمان بە قسەکردن کرد. خۆشبەختانە ڕۆژەکانی دواتر شەممە و یەکشەممە بوو و ئەوەندەی پێویست کاتمان هەبوو. ئەو باسی ڕۆژە دژوارەکانی دوای جیابوونەوەمانی کرد، مەترسییەکانی هەڵهاتن لە سنوور، شێوازی ژیانی ئۆردووگا، چوونە زانکۆ و سەرئەنجام باسی خوێندن و کارەکەی کرد. منیش باسی مەسعوود، ڕۆژە دژوارەکانی ژیانی، ئەو ڕۆژگارەی بە مردوو دەژمێردرا، گەڕانەوەکەی و هەروەها سەبارەت بە شیرین، هاروهاجییەکەی، قسە زلەکانی، ڕوحە سەرکەشەکەی کە پتر لەو دەچێت وەک لە مەسعوود، وتم و قسەکانمان بێ کۆتایی بوون. لە ڕۆژی دووشەممەوە بۆ سەر کار ڕۆیشت، منیش بازاڕەکانی دەوروبەر گەڕام، لە گەورەیی و جوانیی ئەم دنیایە سەرسام بووم، بەوەی لە کورتبینییەوە هەوڵ دەدەین خۆمان بە ناوەندی دنیا بزانین، پێکەنینم هات. فێربووم بڕۆم بۆ بازاڕ و شت بکڕم، چێشتم لێ دەنا و چاوەڕوانی دەبووم، هەموو دوای نیوەڕوانێ بۆ شوێنێک دەڕۆیشتین و شوێنێکی نیشان دەدام، بەڵام هەرگیز دەستمان لە قسەکردن هەڵنەدەگرت، زۆر زوو وازمان لە گفتوگۆی سیاسی هێنا، ئەو ئەوەندە لە کێشە و کەشی هەنووکەیی وڵاتەوە دوور بوو، تەنانەت قسە و دەستەواژەکانیشی کە بەکاری دەهێنا کۆن بوون و دەمیبردەوە ڕۆژگارەکانی سەرەتای شۆڕش، بە قسەکانی پێکەنینم دەهات، جارێکیان قەڵس بوو و گوتی:

– بۆچی گاڵتەم پێ دەکەیت؟

– نە ئازیزەکەم، گاڵتە ناکەم، بەڵام هەندێ لە قسەکانت جۆرێکن.

– چۆنن؟

– وەکو قسەی ڕادیۆ بیانییەکان وایە.

– رادیۆ بیانییەکان؟

– بەڵێ، لە ئێـران بـەو ڕادیۆیانـە دەڵێن کـە لـە دەرەوە بەرنامــە بـڵاو دەکـەنەوە، بەتایبەتی ڕادیۆی لایەنەکانی دژە شۆڕش.

– بۆچی ئەوان چۆن قسە دەکەن؟

– وەکو تۆ، هەواڵـی ڕاست و درۆ تێکەڵ دەکەن، دەستـەواژەگەلێکیـان هەیە هینـی ساڵەکـانی پێشـووترە، هـەمـوو کەسـێک دەزانـێت ئەمـانە لە ناو وڵاتدا نین، هەندێ جــار ئەوەندە لـە کــەشــەکــەوە دوورن قــســەکــانیــان پێکەنـین ئـامــێــز و دیارە سەرسەختانەش دیارن. بەڕاست هێشتا تۆ لایەنگری موجاهدینی؟

– نە! ڕاستییەکەی ناتوانم هەندێ لە کارەکانیان قبووڵ بکەم.

– وەکو؟

– هێرشکردنـە سـەر ئێران و شـەڕکردن لەگەڵ سـەربازە ئێرانـیـیـەکان، هەندێ جار بیر لـەوە دەکەمـەوە، ئەگەر تا ئێستـا لەگەڵیان بمایە و لـەبەرامبـەر مـەسعـوود بوەسـتامـایە، چی ڕووی دەدا؟ ڕاسـتییەکەی، ئەم زریانەخـەوە هەندێ شـەو لە خـەو ڕامدەچڵەکێنێت.

– سوپاس بۆ خوا، ژیر بوویت.

– زۆریش نا، ئێستـانە زۆرتر بیر لە باوکم دەکەمەوە، پیاوێکی زۆر مەزن بوو، وا نییـە؟ دەشـێ ئێـمـە شـانازیی پێـوە بکەین، لێـرە هـاوبیـری ئەو زۆرە، منیـان فـرە خۆشـدەوێت، ئەوان هەندێ شت لەبارەی باوکمـەوە باس دەکەن کـە ئێـمـە نایزانین، زۆر حەز دەکەن تۆ ببین و قسەی باوکمیان بۆ بکەیت.

بەدوودڵـیـەوە تـەمـاشـایم کرد، کـێشـە هەمـیـشـەییـەکەی وازی لێ نـەدەهێنا، نەمدەویست وێنەکەی باوکی تێک بدەم، یا ئەو شانازییەی لێ بسـێنمەوە، بەڵام ئەم خۆ بەستنەوەیم بە نیشانەی پێ نەگەیشتنی کەسایەتیی ئەو دەزانی، گوتم:

– کوڕم سەیرکە، من بە هیچ شێوەیەک تاقەتی ئەم خۆنواندنەم نییە، تۆ دەزانیت من لەگـەڵ بیـر و بۆچوونەکانی باوکـتدا نەبووم، ئـەو پیـاوێکی زۆر بـاش، بەشکۆ و مـیـهـرەبان بوو، بەڵام خـەوش و کـەمـوکـوڕیشـی هەبوو، لە هەمـوویـان گـرینگـتـر تێڕوانینی یەکلایەنەی هەبوو، لـە دیدی ئەو و هـاوبیرەکـانیدا دنیـا دوو بەش بوو، یا لەگەڵ ئەوان یان لە دژیان، هەرچییـەک پێوەندی بە لایـەنی بەرامبـەریـانەوە هەبوو

خـراپ بوو، تەنانـەت لە بواری هونـەریشـدا، تـەنیـا ئـەو هونەرمــەندانەی لایەنـگری خـۆیان بوون هـونەرمـەندی ڕاسـتـەقینـە بوون، ئەفرێنەری شـاكـار بوون، ئەوانی تر هیچ نەبوون. تەنانەت باوكت لەسەر ئەوەش شـەڕی لەگەڵم دەكرد كە بۆچی دەنگی فلانە گۆرانیبێژم پێ خـۆشـە، یا دەڵێم فلانە شـاعیر باشـە، ئەمـانە سەر بە دەربارن و دژی كـۆمـۆنیـستن و منیش هەسـتـم بە گـونـاه دەكـرد، ئـەی بۆچی دەنگـی ئەو دەچێـتـە دڵـمـەوە یا حـەزم لە شـیـعـری ئەو شـاعـیـرەیە، ئەوان مـافی سـەلیـقـەی تایبـەتیـشـیـان نەدەدا. لە بیـرتە ئەو ڕۆژەی ئـاغـای تالقـانی مـردبوو، كـاتێك خـانمی دەهقانی لەگەڵ هـاوسـەرەكـەی كەوا لایەنگری پارتێكی چەپ بوون، هـەمـوو كاتێ بۆ مــاڵـمــان دەهـات، تەلەفـۆنی دەكـرد و نـەیدەزانی دەشـێ چی بكـات، چونكە ئـەو لە كۆتاییـیـەكـانی تەمـەنیـدا قسـەی بەو كـەسـانە وتبـوو كـە لە كـوردسـتـان ڕاپەڕیون، ئەوانیش نەیاندەزانی بۆ مـردنەكەی چ هەڵوێسـتێك بگـرن، سـەرتاسـەری ڕۆژەكە بە دوای بەرپرسـێكەوە بوون بۆ ئەوەی بزانن پرسـەدار بن یان نـا، خـەفەت بخـۆن یا نـا و هـەتـا بڕیار گـەیشـت گـوایە بـەڵێ ئەو یـەكێ لە بەرگـریكارانـی جـەمـاوەر بووە، نازانیت ئەو خانمە چۆن دەستی بە گریان كرد و چ پرسـەیەكی گرت، لەبیرتە؟

– نە!

– بەڵام من لە بیـرمـە، حـەز دەكەم بە بیـرو باوەڕی خـۆت و خـوێندنەوەی خـۆت چاك و خراپ بناسیتەوە و بڕیار بدەیت، لایەنگریكردنی ڕەهای هـەر ئیدیۆلۆجییەك دەتبـەسـتێـتـەوە، بڕیاری پێش وەخت لە هزرتدا پێك دەهێنێت، ڕێگریت لێ دەكات هەڵسـەنگاندنی تـایبـەت بە خـۆت هەبێ و لە سـەلیـقـەدا بێ لایەن بیت، لە ئەنجـامـدا دەبیـت بە ڕەگــەزپەرست، ئـەگــەر دەتـەوێت هـەر ئـەمــانـەش بە هـاوڕێكانت دەڵێم و هەڵەكانی ئەوان و باوكیشتیان بۆ دەژمێرم.

– دایە!! ئەمـە چی دەڵێی، دەبێت ئێـمـە یادی ئەو زیندوو ڕاگـرین، ئەو قـارەمـان بوو.

لە قـارەمـانێتی مـاندوو بووم، بیـرەوەرییـەكانـی ڕابردووش ئەوەندە تاڵن نامـەوێت غـەرغـەرەیان بكەمەوە، تۆش دەست هـەڵگرە و خۆت بە داهـاتوو ببەسـتـەوە، ژیان لە پێشتـەوەیە، بۆچی دەتەوێت خـۆت لە ڕابوردوو نوقـوم بكەیت؟ ئەوەشت پێ بڵێم، بە هیچ شێوەیەك ئەم هەوادارانەم خۆش ناوێت.

نازانم تا چ ڕادەیەک قسەکانمی پەسند کرد، یان کاریگەریی لەسەر هەبوو، بەڵام چیی تر هیچ کاممان بەلای گفتوگۆی سیاسیدا نەچووین. جارێکی تر گەڕاینەوە سەر پرسە تایبەتی و خێزانییەکان. بۆ ئەوەی پتر کونج و کەلەبەرەکانی دڵی بناسم، داوام لێ کرد باسی پەروانە و خێزانەکەیم بۆ بکات، سەرئەنجام هاتە قسەکردن:

– تۆ نازانیت لەیلا چەند میهرەبان و هۆشمەندە، بەڕێوەبردنی بازرگانی دەخوێنێت، ئەمساڵ خوێندنەکەی تەواو دەکات و کار دەکات.

– خۆشت دەوێت؟

– بەڵێ، چۆن زانیت؟

دام لە قاقای پێکەنین.

– هەر لە فڕۆکەخانەوە، دایک زوو تێ دەگات.

– دەمانەوێت ببینە دەستگیران، بەڵام لەمپەر هەیە.

– چ لەمپەرێک؟

– خێزانەکەی، دیارە پوورە پەروانە ئەڵێی مانگە، دایکداری بۆ کردم، دەزانم خۆشی دەوێم، بەڵام لەم بابەتە پشتی هاوسەرەکەی دەگرێت.

– بۆچی خەسرەو چی دەڵێت؟

– نازانم بەڵام وا دیارە ڕازی نییە، سنووری سەیروسەمەرەمان بۆ دادەنێت، ناهێڵێت بە ئاسوودەیی یەکتر ببینین، ڕەوشتی وەکو پیاوانی ئێرانیی سەد ساڵ پێش ئێستایە، هەر دەڵێی ئەویش نییە لێرە خوێندوویەتی و ئەم هەموو ساڵە لێرە ژیاوە.

– چی دەڵێت؟

– ئێمە دەڵێین دەبین بە دەستگیران، دەڵێت نە! نابێت.

– هەرئەوەندە؟ خەمت نەبێت، خۆم دەڕۆم قسە دەکەم، بزانم کێشەکە چییە!

پەروانە هیچ ناکۆک نەبوو، تەنانەت دڵخۆش و قایلیش بوو، دەیگوت:

– سیامەک وەکو منداڵی خۆمە، ئێرانییە، هاوزمانی خۆمانە، دەتوانم قسەی

دڵی خۆمی بۆ بکەم، هەموو کاتێک لەوە تۆقیبووم کە منداڵەکانم پەیوەست بن بە ئەڵمانییەکەوە و منیش نەتوانم هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ پێک بهێنم، سیامەک لە هەموو ڕووبەکەوە دەناسم، دەزانم باوک و باپیرانی کێن، منداڵی تۆی ئازیزترین هاوڕێمە، ئاگام لە پەروەردە و گەورەبوونی بوو، دەزانم هیچ ڕەفتارێکی خراپی نییە، ژیرە، باش دەخوێنێت، ئێستاش سەرکەوتووە، داهاتوویەکی درەوشاوەی هەیە، لە هەمووشی گرینگتر یەکتریان خۆشدەوێت، ئێرەش ئێران نییە تا من بتوانم بە زۆر لێکیان بکەم.

– ئەی باشە کێشەکە چییە، لەوە دەچێت ئاغا خەسرەویش وەکو تۆ بیر بکاتەوە.

– نە بابە! کێشەکە شتێکی ترە، کێشەکە جیاوازی بیرکردنەوەی ئێمە و منداڵەکانمانە، ئێمە هێشتا ئێرانین، ناتوانین بە زۆر شت ڕازی ببین، بەڵام منداڵەکان لێرە گەورەبوون، بەهیچ شێوەیەک لە مەبەستی ئێمە تێ ناگەن، هەر باسی ماوەی دەستگیرانی درێژخایەن دەکەن.

– پەروانە سەیرم پێت دێت، باشە ئەگەر ساڵێکیش بە دەستگیرانی بمێننەوە چی دەبێت؟ ئەمە لە ئێرانیش باوە، لەوانەیە بیانەوێت زیاتر یەکتر بناسن، لەوانەیە بیانەوێت پارە کۆبکەنەوە، یان لەبەر هۆیەکی تر کەمێک کاتیان دەوێت.

– چەند ساکاری! دەزانیت دەستگیرانداری بە بۆچوونی ئەوان چۆنە؟

– دەستگیرانداریی وەکو هەموو کەسێ.

– هەروەکو ئێستا؟ نە گیانەکەم، ئەوان مەبەستیان هاوسەرگیریی نافەرمییە، دەیانەوێت وەکو گەنجەکانی دەوروبەریان بێ مارەبڕین ماوەیەک پێکەوە بژین، مەبەستیان لە ماوەکەش بەلای کەمەوە پێنج ساڵە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە دوای ئەو ماوەیەدا هێشتا هەر یەکتریان دەویست ئەوا هاوسەرگیرییەکە بەفەرمی دەکەن، ئەگەریش ڕێک نەکەوتن ئەوا جیا دەبنەوە، گرینگیش نییە ئەگەر لەو ماوەیەدا منداڵیان ببێت، یەکێکیان هەڵی دەگرن.

لە حەپەساویدا چاوم گردەوە بووبوو، بە سەرسوڕمانەوە گوتم:

– نە! پێم وانییە مەبەستیان ئەمە بێت.

– بۆ نا گیانەکەم، مەبەستیان هەر ئەوەیە، هەموو شەوێ لەیلا لەسەر ئەوە

لەگـەڵ باوکی شـــەریەتی، ڕاســـتت دەوێت مـەعـسـووم گـیـان، ئەم بابەتە بـە هیچ شێوەیەک ناچێتە مێشکی خەسرەوەوە، هەرچەندە خۆی بە ئەڵمانی دادەنێت بەڵام ناتوانێت بەمەیان قایل بێت، پێم وانییە تۆش چاوەڕوانیی ئاوهات هەبێت.

– دیارە چاوەڕوانیی وەهام نییـە، چ هەڵەی بێخۆ، ئاخـر ئەگەر خاڵۆ مەحموود و ئەوانی تر بزانن، ناهەقی نەبوو ئاغا خەسرەو ئاوها سـەرسەخت بوو، داماوە مافی خۆیەتی، سەیرم لە سیامەک دێت، بە تەواوەتی لە بیری چووەتەوە لە کوێوە هاتووە، یانـی هەر بـەڕاســتـی ئەوەندە پـێش کـەوتووە؟ لـە ئێـران تا ئێـســتــاش لەســـەر قـسـەکردنێکی ئاسـاییی کچ و کوڕێک خـوێن دەڕێژن، سـەر دەبڕن، ئینجـا ئاغا دەیەوێت پێنج سـاڵ لەگەڵ کچی خـەڵکیدا بێ مـارەیی فـەرمی بژی، بەڕاستی شـتی وامان نەدیوە و نەبیستووە!

– بەقوربانت بم مـەعسووم، خۆت قسـەیان لەگەڵ بکە، ئێمە زمـانمان مـووی لێ هات.

– باشـە، هەر ئـەمشـەو دادەنیشـم و قـسـە دەکەم. وایە، ئەم دوو دنیـایە چەند لە یەکتر جیاوازن.

ئەو شـەوە هەتا بـەیانی قـسـەمـان کـرد، منداڵەکـان لەبـارەی بەهای باشـتـرەوە یەکترناسـینی پێش بە هـاوسـەرگیری، بـێ نرخیی نووسـراوەیەک بە بەراورد لەگەڵ ئەشق و خـۆشـەویسـتی قـسـەیان کـرد، ئێـمـەش لـەبارەی پێـوەنـدیی خـێـزانیی توندوتۆڵەوە، پێویستی مـارەبڕین، ڕێزی ژیانی ژن و مێردایەتی قسەمان کرد و لە کۆتاییدا بەو ئەنجـامـە گەیشـتین کە منداڵەکان ئەم کارە بێ نرخ و هیـچـوپووچە! لەبەر دڵی ئێمە جێبەجێ بکەن، هەرکاتێک زانییان لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، هەڵی بوەشـێننەوە. بڕیار وا بوو تاوەکو من لەوێم مارەبڕینەکە تەواوبێت و هـەرکـاتێکیش مـاڵەکـەیان پێکەوە نا و ئامـادەییـیـان هەبوو ژیانـی هاوبەش پێک بهـێنن. ئاغـا خەسرەو بە دڵخۆشییەوە گوتی:

– سوپاست دەکەم، بارێکی قورست لەسـەر شـانم هەڵگرت.

– بەڕاستی دنیایەکی سەیرە، هێشتا پێم هەرس ناکرێت.

خـۆشـی و شـادی ئەم سـەفـەرە دڵگیـرەم، بە مـارەبڕینـەکـەی سـیـامـەک و لەیلا لێوانلێو بوو، لەوەی بووکەکەم کچی پەروانە بوو، بەو هـەموو نەرمـونیـانی، ژیری و

ڕیکوپێکییە، لە خۆشیدا جێگەم بەخۆم نەدەگرت. ئەوەندە خۆشم بەسەر بردبوو حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە، بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەم سەفەرە لە وێنەگەلێکدایە کە بۆ هەتا هەتایە لە هزرمدا وێنا بووە و باشترین دیاریم، ئەو وێنانە بوون کە هەموو دیوار و تاق و مێزەکانی ماڵەکەمی ڕازاندبووەوە.

ڕۆژگارە خۆشەکانی ژیان بە خێرایی تێ دەپەڕن، لە چاوترووکانێکدا شیرین گەیشتە دوا ساڵی قۆناغی ئامادەیی و مەسعوود وەرزی کۆتاییی زانکۆی بەسەر دەبرد، بۆ ئامادەکردنی پرۆژە و تەواوکردنی نامەکەی کێشەی هەبوو، بەتایبەتیش لەوە دەچوو بەرپرسیاریەتییەکانی کاری بەڕێوەبەرایەتییەکەی قورستر بووبوون، لە ماڵەوە هەر خەریکی پلاندانان و نەخشەکێشان بوو، بەڵام بێدەنگی ئەم دوایییانەی پێوەندی بەوەوە نەبوو، نهێنییەکی لە دڵدا حەشاردابوو، دەمزانی ماوەیەکە دەیەوێت باسی بابەتێکم لەگەڵدا بکات، بەڵام دوودڵ بوو، بەلامەوە سەیربوو، چونکە ئێمە هەموو کاتێک زۆر ئاسوودە و دۆستانە لەگەڵ یەکتر قسەمان دەکرد، نەمدەزانی کێشەکە چییە کەوا ناتوانێت نیازەکەی بدرکێنێت! بوارم دا بە دوودڵییەکەیدا بچێتەوە، خۆی یەکلا بکاتەوە و ئامادەی قسەکردن بێت، سەرئەنجام شەوێک، لە کاتێکدا شیرین بۆ جەژنی لەدایکبوونی هاوڕێیەکی ڕۆیشتبوو، هات، لە تەنیشتمەوە دانیشت گوتی:

– دایە، تۆ زۆرت پێ ناخۆش دەبێت ئەگەر من بمەوێت لە ئێوە جیا ببمەوە و لە خانوویەکی تردا بژیم؟

دڵم داخورپا، چی بووە وا دەیەوێت وازمان لێ بێنێ، هەوڵم دا جڵەوی خۆم بگرم، گوتم:

– سەرئەنجام هەموو منداڵێک ڕۆژێ دێت و لە دایک و باوک جیا دەبێتەوە، دەبێت هۆی ئەم جیابوونەوەیە چی بێت؟

– بۆ نموونە، ژنهێنان.

– ژنهێنان؟ دەتەوێت ژن بهێنیت؟ بەقوربانت بم، چەند باشە سەرئەنجام بڕیارت دا، ئەمە یەکێ لە ئاواتەکانی منە.

ڕاستییەکەی ئەوەبوو من زۆرم بیر لە ژنهێنانی ئەو دەکردەوە، چەند ساڵێک بوو

ئاواتم ئەوەبوو داوای فێروزەی بۆ بکەم، ئەوان هەر لە منداڵییەوە پێوەندییان باش بوو.

– سوپاس بۆ خوا، دەترسام ڕازی نەبیت.

– بۆچی ڕازی نابم، خوا پیرۆزی بکات، باشە، کەی مارە ببڕین؟

– دایە، چەند بە پەلەی، هێشتا هیچ ڕوون نییە، جارێ دەبێت بۆ داخوازی بڕۆین، بزانین ڕازی دەبن یا نا.

– وای، ئەم قسەیە چییە؟ دیارە کە ڕازی دەبن، کێیان لە تۆ باشتر دەست دەکەوێت؟ ئەوان هەر لە منداڵییەوە تۆیان خۆشدەویست، چەند جارێکیش سەرزارەکی، قسەیان بۆ من فڕێ داوە کە بۆچی هەنگاو هەڵناهێنین؟ فێروزە خۆی لە هەموویان خراپتر، داماوە هەرگیز نەیتوانیوە ڕازەکەی لە من بشارێتەوە، هەموو شتێک لە چاوەکانیدا دیاربوو، بە قوربانی بم چ بووکێکی جوان دەبێت.

مەسعوود دەموچاوی گرژەوە کرد و بە ساردییەکەوە گوتی:

– فێروزەی چی؟ فێروزە بۆ من وەکو شیرینە، وەکو خوشکمە.

وشکەوە بووم، چۆن دەبوو من ئەوەندە هەڵە بم، واتا، ئەم هەموو پێوەندییە دۆستانەیە، ئەم نیگا پڕ واتانە، ئەم ڕاز درکاندنە دوور و درێژانە، هەمووی لە هەستی خوشک و برایەتییەوە سەرچاوەی دەگرت؟ نەفرەتم لە خۆم کرد، بۆچی لە خۆمەوە قسەم بە ئاودا دا، هەوڵم دا جڵەوی کاردانەوەکان بگرم. گوتم:

– ئێ باشە، کێیە؟

بەڵام ساردوسڕی لە دەنگمدا شەپۆلی دەدا.

– کچی پووری ڕامینە، تەمەنی بیست و چوار ساڵە، زۆر جوانە، بەڕاستی سەرنجڕاکێشە، خێزانێکی بەڕێزن و جێگەی متمانەن، باوکی خانەنشینی وەزارەتی ڕێگەوبانە.

– وا دیارە باشیان دەناسیت، ئەمە چەنێکە دڵڕەق؟ چۆنە تا ئێستا دەنگت نەکردووە؟

پێکەنیم، ویستم کەمێک لە ساردوسڕییەکەم بشارمەوە. وەکو منداڵ بە پێکەنینەکەم دڵخۆش بوو، هاتە قسە:

– تازەیی، سێ مانگە ئاشنای بوومە، مانگێکیشە پێوەندی دۆستانەمان هەیە و ڕازمان بۆ یەکتر درکاندووە.

– تەنیا سێ مانگە دەیناسی و بەم پەلەپەلە بڕیاری هاوسەرگیریت دا؟ چەند پرتەتاوی!

– دایە تۆ بۆچی وا دەڵێیت؟ خەڵکی داخوازی دەکەن، دووجار یەکتر دەبینن، چەند جارێک دەڕۆنە دەرەوە و ئینجا هاوسەرگیری دەگرن.

– بەڵێ، بەڵام دەزانیت کوڕم ئێمە دوو جۆر هاوسەرگیریمان هەیە، یەکێکیان لەسەر بنەمای هزر و مەرجی دیاری کراوە، ئەوی تریان لەسەر بنەمای خۆشەویستییە. هاوسەرگیری نەریتییانە، لە ڕێگەی ناساندن لەلایەن یەکێکەوە دەبێت ئینجا خوازبێنی دەکرێت، ئەمە جۆری یەکەمی هاوسەرگیرییە، لەمەیاندا مەرجەکانی هەردوولا لە پێش چاو دەگیرێت، لێکۆڵینەوە دەکەن، داخوازییەکان دەخەنە ڕوو، ژمارەیەک لە گەورەکان ئەم هەلومەرج و دواکارییانە لێک دەدەنەوە و هەڵی دەسەنگێنن، ئەگەر دڵنیا بوون هەلومەرجەکە سازاو و لەبارە ئەوکاتە گەنجەکان دەهێننە پێشەوە، ئەوان چەند جارێک یەکتر دەبینن، ئەگەر هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نەبوو و یەکتریان پەسند کرد و لەبەرئەوەی هەموو هەلومەرجەکان شیاون، بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، بەو هیوایەی دواتر خۆشەویستی بێتە کایەوە. بەڵام جۆری دووەم هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خۆشەویستییە، دوو کەس یەکترییان خۆش دەوێت، هەستی قووڵیان بەرامبەر بە یەکتر دەبێت، ئیدی ئەوەندە گوێ بە هەلومەرجەکان نادەن، لەپێناو خۆشەویستییەکەیاندا کەموکوورییەکان پشتگوێ دەخەن، هەلومەرجەکان بۆ یەکتر دەسازێنن، ئەگەر ڕووبەڕووی سەرپێچی بوونەوە، ئەوا خۆیان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن و لە بەردەم ئەو کەسانەدا دەوەستن کە بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نین، سەرەڕای هەموو هۆکارە هزری و لۆجیکییەکان هاوسەرگیری پێک دەهێنن. دیارە هەندێ جاریش تێهەڵکێشی هەردوو جۆرەکەش هەیە، بەڵام وا دیارە ئەمەی تۆ لە جۆری دووەمە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هەردوولا یەکتر باش بناسن، دەبێت ئاشنای ناخ و تایبەتمەندییەکانی یەکتر بن، لە قووڵی و بتەوی ئەشقەکەیان دڵنیا بن، بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی هەموو ناهەموارییەکان بکەنەوە و لە ڕووی ڕا و

بۆچوونەکانی خەڵکی تر بوەستنەوە. ئێستا، پێت وایە بۆ گەیشتن بەم ئاشناییە قووڵ و ئەشقە ڕاستەقینەیە مانگێک، یان تەنانەت سێ مانگیش، کەم نییە؟

– ببووره دایە، بەڵام دیسانەوە فەلسەفە دەهۆنیتەوە، دەمەوێت هاوسەرگیرییەکەم لە هەردوو جۆرەکەی ئێوە بێت، کێشە چییە ئەگەر هەم ئاشق بین و هەمیش هەلومەرجە هزرییەکان دروست و گونجاو بن؟ لە ڕاستیدا، دەزانیت کێشەکە ئەوەیە کە تۆ هیچ شتێک سەبارەت بە ئەشق نازانیت، تۆ، هەروەکو خۆت دەڵێی، هەتا سێ ڕۆژیش لە دوای زەماوەندەکەت ڕووخساری هاوسەرەکەت بە باشی نەبینیبوو و نەتدەناسی، ناتوانیت ئەشق هەڵسەنگێنیت، لادن دەڵێت " ئەشق وەکو کەوتنی سێوێکە بۆ ناو کۆشی مرۆڤ لە چرکەیەکدا ڕوو دەدات" دەبینیت چ لێکدانەوەیەکی جوانی بۆ ئەشق هەیە، زۆر پرسۆز و سەنجراکێشە، دەبێت تۆ بیبینیت.

دڵم داگیرابوو، دەمویست بڵێم، ڕۆژگارێک بوو خەریک بوو لە ڕێگەی ئەشقدا بمرم، سوێند دەخۆم ئەوە ویستی ڕاستەقینەی من بوو، بەڵام لێوم گەست و گوتم:

– من چی سەبارەت بە ئەشق دەزانم؟ تۆ چی لەبارەی منەوە دەزانیت؟ وەکو فروخ دەڵێت، هەموو زامەکانی لە سۆنگەی ئەشقەوەیە.

– بەڵام تۆ هەرگیز هیچت نەوتووە.

– ئێستاش هیچ ناڵێم، بەڵام ئەوە بزانە کە لە نێوان من و تۆدا، تەنیا تۆ نیت کە ئەشق دەناسیت.

– ئەی باشە ئێستا تۆ دەڵێی چی بکەین؟

– نابێت هیچ بکەین، دەبێ بوار بە خۆتان بدەن تا ئەو کاتەی ئەشقەکەتان لە مەحەک دەدات، بهێڵە بە ئەزموونی جۆرەوجۆردا تێ پەڕێت، بتەو بێت.

– ئێمە ئەم بوارەمان نییە، ئەو خوازبێنیکاری هەیە، لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا بە شووی بدەن و هەتا هەتایە یەکتر لە دەست بدەین.

– خودی ئەمە یەکێ لەو ئەزموونانەیە، ئەگەر بەڕاستی تۆی بوێت ناچێتە ژێر باری ئەم بەشوودانەوە.

– تۆ هەلومەرجی ئەو نازانی، ماڵەوەیان خستوویانەتە ژێر گوشارەوە، بۆچی

تۆیان بەزۆر بەشوو نەدا! تۆ دەبێت بارودۆخی ئەو بزانیت.

– کوڕم، ئەو کچێکی خوێندەوارە و هوشیارە، هەروەکو خۆت دەڵێیت بنەماڵەکەشیان تێگەیشتوون، لەگەڵ سی ساڵی پێشتری دایک و باوکی من جیاوازییان هەیە، ئەگەر بڵێت نامەوێت ئێستا شوو بکەم، تێ دەگەن و بەزۆر مارەی نابڕن، ئێستا دۆخەکە زۆر گۆڕاوە.

– چی گۆڕاوە؟ کولتوورەکەی ئێمە هەر ئەو کولتوورەیە، ئێستاش بنەماڵەکان تەنیا ئامانجی کچ لە شووکردندا دەبینن و دەتوانن بەمە ناچاریان بکەن، لە ڕاستیدا لە هەژدە ساڵییەوە دەیانویست ئەمە بکەن، بەڵام ئەو بەرگری کردبوو.

– کەواتە دەتوانێت ساڵێکی تریش بەرگری بکات.

– دایە! ئەوە تۆ بۆ وا سەنگەرت گرتووە؟ بە یەک وشە بڵێ نامەوێت ئەو بهێنیت.

– من قسەی وا ناکەم، خۆ من هێشتا ئەوم نەبینیوە، لەوانەشە زۆر باش بێت، تەنیا دەڵێم کەمێک پشووتان هەبێت.

– کاتی پشوودانمان نییە.

– باشە، فەرموو بەندە چی بکات؟

لە شوێن خۆی ڕاپەڕی، کاغەزێکی لەبەردەستم دانا و وتی:

– ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکەیەتی، هەر ئێستا تەلەفۆن بکە و بۆ دووسبەی کات دیاری بکە.

گێژ بووبووم، خۆم بە ئاگە دەهێنایەوە کە نابێت لە بەردەم خواستی ڕەوای ئەو بوەستم، ئاخۆ من لەو کچەی کە نەمبینیوە، سەنگەرم گرتووە! دایکمم کەوتە بیر کە چۆن حەزی دەکرد کچی خوشکەکەی بۆ مەحموود بخوازێت، لە کاتی خوازبێنی مەحبووبەدا چەنێک بیانووی دەهێنایەوە. ئەمە یەکەم جار بوو ئەم منداڵە بەم پێداگرییەوە داوای شتێکم لێ بکات، نەدەبوا بەرپەرچی بدەمەوە، بەڵام ڕووخساری فێروزە، فاتی و ئاغا سادق لەبەرچاوم لا نەدەچوو، ئەم هەواڵە چ کەوتنەوەیەکی خراپی دەبێت لەسەریان!!

– ئێستا ناتەوێت تۆزێکی تر بیری لێ بکەیتەوە؟

– نە دایە! هەموو قسەکانمان کرد، باوکی وتوویەتی ئەگەر کەسێکی تر هەیە

دەبێت تـا کـۆتاییی ئەم هەفتـەیە بێت، دەنا دەبێت لادن بە ژنی ئەو خـوازبێنیکارە بێت کە خۆمان دەمانەوێت.

هیچ چارەیەکم نـەبوو، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، هـەرکـە خـۆم ناسـاند منیـان ناسـی، لەوە دەچوو چاوەڕوان بوون، پێشوازی گەرمیان کرد.

مەسـعوود دڵخـۆش بوو، دەتگوت بارێکیان لەسـەر شانی هەڵگرتـووە، دەوروخولی دابووم، دەیویست دڵم خۆش بکات. گوتی:

– هەستە با بۆ دوای شیرین بڕۆین، کات لە یانزە نزیک دەبێتەوە.

تاقـەتم نەبوو، کارەکانم نیـوە و نیوەچڵ مـابوونەوە، بەڵام ئەگەر بڵێم نە، دەچێتـە پاڵ پەرچدانەوە و ناڕەزایەتـی، حـەزم نەدەکـرد پێش لە شـادییـەکـەی بگـرم، لەناو ئۆتۆمبـیلەکەش کەمێـک قسـەی کـرد، بەڵام من لـە بیـرکـردنەوە لە فێـروزە و فـاتی نەدەهاتمە دەر، لە دڵ خۆمەوە دەمگوت:

– ئەی بوونـی فـێـروزە نەبوو زینـدووی کـردەوە، ئارەزووی خـوێندنی لـە ناخـیـدا وەخــەبـەر هێنا، ئـەی چی بوو؟ کـەواتە کـاتێک خـۆم هەڵدەکـێـشم گـوایـە ئەوەندە کوڕەکەم دەناسم، بەم ڕادەیە هەڵە بووم؟!

شـیـرین بەو زیرەکی و شـەیتانییـە هەمیـشـەییـەی، لە پاش چـەند خولەکێک لە دۆخی نائاساییی مەسعوود تێ گەیشت و گوتی:

– چی ڕووی داوە؟ ئاغا بە کلکی گوێز دەشکێنێت.

– هیچ نەبووە، تۆ باسی میوانییەکەت بکە، خۆش بوو؟

– بەڵێ، زۆر خـۆش بوو، هـەر گـۆرانیمـان سـەرخست و سـەمـامان کـرد، بەڕاست دەبێت منیش داوەتیـان بکەم، وتیـان هـەر دەبێت جـەژنی لەدایکبـوون بگریت، ئاخـر بۆ مـاڵی هـەمـوویان ڕۆیشـتووم، هیـچ کـاتێکیش مـیـوانداریـیانم نـەکردووە. دەمـەوێت مانگێکی تر داوەتیان بکەم.

– لەدایکبوونی تۆ لە هاویندایە.

– قەیناکە، سـەرئەنجام دەبێت بیانوویەکم هـەبێت، لە مـاڵی ئێمەدا هیچ ڕووناداتت بۆ ئەوەی هاوڕێکانم داوەت بکەم.

– لەوانەشە ڕوو بدات و بتوانی هاوڕێکانت بۆ شایی داوەت بکەیت.

شیرین چاوەکانی خڕەوە کرد و بە نیگایەکی گومانا‌وییەوە سەیرێکی مەسعوود و ئینجا سەیری منی کرد و وتی:

– شایی؟ شاییی کێ؟

– زەماوەندی من، براکەت، حەز دەکەی ژن بهێنم؟

بە گومانەوە سەیری منی کرد:

– تۆ ژن بهێنیت؟ نە! بەڕاستی حەز ناکەم، باشە دەبێت بزانم ئەو کەسە کێیە؟

– ئێمە نایناسین، خۆیان یەکترییان بینیوە و یەکترییان بە دڵە.

– ناشێ هەر ئەو کچە بێ شەرمە بێت کە خولەکێ نا خولەکێ تەلەفۆن دەکات، وایە مەسعوود، خۆیەتی، وا نییە؟ دەمزانی ئەو ماستە موویەکی تێدایە. دایە دەزانیت، هەر ئەو بێزارکەرەیە ؟

مەسعوود سوور هەڵگەڕا.

– بێزارکەر کێیە! ئێ کاتێ تەلەفۆن دەکات، من هەڵی نەگرم لە ڕووی نایەت لەگەڵ تۆ قسە بکات، دایدەخات.

– چی لە ڕووی نایەت؟ زۆر جاریش قسە دەکات، بەوپەڕی بێ شەرمییەوە دەڵێت، جەنابی ئاغا مەسعوود لەوێیە؟ کاتێ دەڵێم، ئێوە؟ بەنازەوە دەڵێت، خۆم دوایی تەلەفۆن دەکەم. ئەوەندە بەناز و نووزەوە قسە دەکات ئیدی مرۆڤ وەڕس دەکات.

– ئیتر بەسە، بەڕاست دایە دەبێت بۆ بەیانی گوڵ ڕاسپێرین، لە بیرتان نەچێت جلی جوان لەبەر بکەن ها...

بە سەرسووڕمانەوە تەماشایم کرد.

– دەڵێی سەد جار بۆ خوازبێنی ڕۆیشتووی، چ باش لێی دەزانی!

– نە بابە! لادن پێی وتم دەبێت چی بکەم بۆ ئەوەی دایک و باوکی دڵیان خۆش بێت.

– منیش دێم.

– نە نابێت، جاری داهاتوو تۆ وەرە.

– بۆچی؟ دەبێت من ببینم، منیش خوشکی زاوام دەبێت پەسندی بکەم!

– نەک کاتێک خوشکی زاوا منداڵ بێت.

– من کوێم منداڵە!؟ هەژدە ساڵانم! توخوا دایە تۆ شتێک بڵێ.

– مەسعوود کێشەکە چییە، با ئەویش بێت، ئەوە ئاساییە دایک و خوشکی زاوا بۆ داخوازی دەچن. ئەوەندەش پێی مەڵێ منداڵ، دوایی بڕوا دەکات، من لە تەمەنی ئەودا منداڵم هەبوو.

– نە دایە، ئێستا نا، دروست نییە، جاری داهاتوو با بێت.

گەیشتبووینە ماڵەوە، شیرین بە تووڕەییەوە دەرگەکەی داخست و ڕۆیی، زویر بوو، بەڵام گریان و دڵشکاندنی ئەو هیچ دوودڵییەکی نەخستە بڕیارەکەی مەسعوودەوە، دیار بوو بڕیارەکە لە شوێنێکی ترەوە دەهات و بواری سەرپێچیکردنی نەبوو.

سەبەتەی گوڵەکە ئەوەندە گەورە بوو لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا جێی نەدەبووەوە، هەرچۆنێک بێت لە سندووقەکەی پشتەوە جێگەمان کردەوە و دەرگەی سندووقەکەمان بە کراوەیی هێشتەوە، گوتم:

– باشە بۆ سەبەتەی ئەوەندە گەورەت کڕی؟

– لادن وتی دەبێت گەورەترین سەبەتە گوڵ بهێنیت بۆ ئەوەی لە سەبەتەی ئەوانی تر گەورەتر بێت.

- چ قسەیەکی گەمژانەیە!!

خانووەکەیان دێرین و گەورە بوو. ژوورەکان بە شتومەکی کۆنەی بەنرخ ڕازێندرابوونەوە. هەرچی گوڵدانی چینیی گەورەی کە لە شوێنی جۆرەوجۆر و بازاڕەکاندا بینیبووم، لەو ماڵەدا هەبوو. قەنەفەگەلی ستیلیی پایە بەرز، دەستکەی ئاڵتوونی و بەرگی سوور و زەرد و پرتەقاڵی، تابلۆگەلی گەورە بە نیگاری کۆنەوە، لە ناو چوارچێوەی پانی بە ڕەنگی زەردی ئاڵتوونیی هەڵکۆڵراو، پەردەی سوور، بە گوڵەنگی ئاڵتوونییەوە. ماڵەکە زیاتر لە هۆتێل و ڕێستۆران دەچوو وەک لە ماڵێکی هێمن و ئاسوودە. دایکی لادن ژنێکی هاوتەمەنی خۆم بوو بە قژێکی زەرد ڕەنگکراو و ئارایشتێکی تەواوەوە، بێ گۆرەوی، سەرپاییی پاژنە بەرزی لە پێدا

بوو، دایمە جگەرەشی دەکێشا. باوکی پیاوێکی بەڕێز بوو، قژی گەنم و جۆ، پاپێکی لەلای دەمییەوە دانابوو و هەر باسی خۆیان و پلە و پایەی پێشووی، خزمە گرینگەکانیان و سەفەرەکانیان بۆ دەرەوەی وڵاتی دەکرد. من زیاتر گوێگر بووم. ئەو شەوە بە یەکتر ناسین و قسەی جۆرەوجۆر بەسەرچوو. هەرچەندە من دەمویست باسی چەند پرسێکی خۆتاک بکەم، بەڵام بەڕاستی هەستم کرد جارێ زووە. کاتێک ویستم بۆ ئاودەست بڕۆم، دایکی لادن بەزۆر بۆ ئەو ئاودەستەی بردم کە لە بەشی تایبەتی ماڵەکەدا بوو. دەیویست بەشەکەی تری ماڵەکەیانم نیشان بدات، تەنانەت لە ژووری دانیشتنەکەشدا قەنەفەیەکی سادە بە ڕەنگێکی هێمنەوە نەبوو. بۆ ڕەچاوکردنی ڕێز گوتم:

– ماڵێکی خۆشتان هەیە.

بە خۆشییەوە گوتی:

– دەتەوێت ژوورەکانی تریش ببینیت.

– نە، نە، سوپاس، ڕێگە بەخۆم نادەم.

– نە. تکایە، فەرموو.

بەو دەستەوەی کە بە پشتمیەوە گرتبوو، پاڵی نام بۆ ژووری نووستنەکان. هەرچەندە قینم لەم کارە بوو و ئەگەر یەکێک بیویستایە بێتە ناو بەشە تایبەتییەکانی ژیانمەوە ڕێگەم نەدەدا، بەڵام جۆرە حەزێک لە خۆ هەڵقورتان و بەوجنسیی وای لێ کردم ئەم کارە بکەم، پەردەی هەموو ژوورەکان ئەستوور، بەنرخ بوون و بە قردێلە ئاوێزان کرابوونەوە. هەموو کەلوپەلی ماڵەکە هەر لەو ئاستەدا بوون. لە کاتی گەڕانەوەدا مەسعوود خەمخۆرانە گوتی:

– بۆچی باست نەکرد؟

– باسی چی؟ ئەمە دانیشتنی یەکەم بوو.

ڕووی هەڵگێڕایەوە و ئیتر قسەی نەکرد. لە ماڵەوە، شیرین دڵی لە مەسعوود شکابوو، ڕووی لە من کرد و گوتی:

– باشە! باسی بکەن، دەنگوباسی قەڵای بەردباران چی بوو؟

– هیچ نەبوو.

وا دیاربوو شیرین دڵی پڕ بوو، دەستی کرد بە گریان و گوتی:

– باشە باسی مەکەن، من نامۆم، من هەر مرۆڤیش نیم، ئێوە من بە منداڵ و سیخوڕ دەزانن، هەموو شتێکم لێ دەشارنەوە.

– نە ڕۆڵە گیان ئەم قسەیە چییە! تۆ تاقە خوشکی زاوایت، با جلەکانم بگۆڕم ئینجا دێم هەموویت بۆ باس دەکەم.

کەوتە شوێنم و لەسەر تەختی خەوەکە چوارمشقی دانیشت.

– دەی باسی کە.

بە دەم جل گۆڕینەوە گوتم:

– تۆ پرسیار بکە و با من وەڵامت بدەمەوە.

– کچەکە چۆن بوو؟

هەرچی بیرم کردەوە باسی تایبەتمەندییەکی بەرجەستەی بکەم، سەرنجم بەلای هیچ شتێکی دیاریکراودا نەدەچوو، هەڵوێستەیەکم کرد و گوتم:

– تۆزێ باڵای کورت بوو، کەمێ لە من کورتتر، بەڵام لە من بەخۆتر بوو.

– یانی قەڵەو بوو.

– وا بزانم سپی بوو، دیارە لەبەرئەوەی ئارایشتی زۆری کردبوو و ڕووناکی ژوورەکە کەم بوو، بەباشی سەرنجی ڕەنگی پێستیم نەدا. وا بزانم چاوی قاوەیی بوو، قژیشی قاوەییەکی کاڵ ڕەنگ کردبوو.

– وا...! چی لەبەر بوو؟

– دامەنێکی ڕەشی تەسک تا سەرووی ئەژنۆ، لەگەڵ چاکەتێکی ڕەشی بە ڕەنگی پەمەیی و وەنەوش نەخشێنراو.

– قژی خاو بوو؟

– نە پێم وانییە، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەستبووی هەر کەمێک لوول بوو.

– وەی وەی! چ فێڵێکە؟!! ئەی دایک و باوکی چۆن بوون؟

– ئاوها قسە مەکە، جوان نییە. دایک و باوکی مرۆڤگەلێکی زۆر بەڕێز دیار بوون، دایکی تا ڕادەیەک هاوتەمەنی من بوو، بەڵام دیارە زۆر بەخۆی ڕاگەیشتووە،

جلی زۆر ڕێکوپێکی لەبەر بوو، ماڵەکەشیان پڕبوو لە گوڵدانی چینی، کەلوپەلی کۆنی بەنرخ، پەردەی گوڵەنگەدار و قەنەفەی ستیلیی ڕەنگ ئاڵتوونی.

– ئەم ئاغایەی لە پاش هاتنەوەی لە شەڕ ئەوەندە بووبوو بە موسڵمان، ئەگەر من کەمێ ئارایشتم بکردایە تووڕە دەبوو، دەیگوت، بۆچی دایمە سەرپۆشەکەت لە دواوەیە؟ ئێســـتـــا چۆن دەیەوێت ژنێکی ئاوها بهـێنێت؟! ئەویش بەو هاوڕێ حیزبولاییانەوەی؟

– وەڵا منیش نازانم. دەڵێیت هەموو شتێک سەروژێر بووە.

– ئەمانەی کە وتت جۆرێکن، ئەی باشە تۆ پەسندت کرد؟

– وەڵا بڵێم چی!

لەو کاتەدا ئاوڕم دایەوە، مەسعوود پاڵی بە دەرگەکەوە دابوو، بە چاوگەلێکی پڕ لە سەرزەنشتی و خەم تەماشای کردم، ئینجا سەری ڕاوەشاند و بێ ئەوەی یەک وشەش بڵێت، بۆ ژوورەکەی ڕۆیشت.

لەگەڵ هەموو چاوپێکەوتنێکدا، ئاسۆی ناکۆکیی بیر و بۆچوونەکانمان لەگەڵ ئەواندا بەرجەستەتر دەبوون، و منیش نەبوونی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوو گەنجەم زۆر ڕوونتر دەبینی. بەڵام مەسعوود بە هیچ شێوەیەک سەرنجی نەدەدا، ئەوەندە ئاشق و شەیدا بوو دەتگوت دەوروبەری خۆی نابینێت. هاوکات دەترسا لەگەڵ من قسە بکات، منیش هیچم نەدەگوت، چاوەڕوان بووم خۆی بێتە گۆ. تەنیا گفتوگۆیەک سەبارەت بەوان کە لە نێوان ئێمەدا ئاڵوگۆڕ دەکرا ئەوەبوو بۆ نموونە، دەیوت، بڕیار وایە ئەوان سبەینێ بێن بۆ دیدار، یان خوشکە گەورەکەی لادن بانگەشەمانی کردووە، منیش بێ ئەوەی هیچ سەرنج و بۆچوونی خۆم دەربڕم، بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشتم و گوێم لە قسەکان دەگرت. لەم ماوەیەدا زانیم کە مارەییی کچە گەورەکەیان چەند سەد لیرەیەک بووە و دواتر زاواکەیان خۆی دوو ئەوەندەی داناوە، وێڕای باسی ئەڵقە ئەڵماسە درەوشاوەکەی کچی پووری لادن کە تازەیی شووی کردووە، لە کوێ کڕدراوە، باسی ڕستە خشڵ و زێڕی کچە پوورێکی تری لادن دەکرا کە نقێمەکەی چی بووە و بووکێ هەفتەی پێشوو چەندە پارەی بە جل داوە، دیارە ئەمانە هەمووی ڕاست نەبوو، چونکە

هەندێ جار قسەکان لەگەڵ یەکتر ناکۆک بوون، جارێکیان بەوپەڕی بەوجنسییەوە گوتم:

– خۆزگەم بە خۆتان، ئێوە لەم چەند هەفتەیەدا هیچ نەبێت بۆ دە زەماوەند ڕۆیشتوون!

بێدەنگ بوون و تەماشای یەکتریان کرد. خەریک دەبوو وەڕس دەبوون، ئەمجارە لەگەڵ یەکتردا باسی ئەوەیان دەکرد هاوین باشترین وەرزە بۆ زەماوەند یان پایز. نەمدەزانی چی بکەم، هەرچەند بیرم لێ دەکردەوە ئەم کچە نەدەچووە دڵمەوە و نەمدەتوانی پێوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەم خێزانە ڕواڵەت پەرستەدا پێک بهێنم کە لەم ماوەیەدا لە پارە، نەریت، جلوبەرگ، قژ و ئارایشت بەولاوە هیچ قسەیەکی تریان نەکردبوو. نەمدەویست لەگەڵ مەسعووددا دانیشم و بکەومە گفتوگۆ، دەترسام هەر دەربڕینی بۆچوونێک لەلایەن منەوە بە سەنگەر گرتنی ئەو کۆتاییی پێ بێت، دەبوایە ئەو خۆی خاڵە ناکۆکەکان بدۆزێتەوە. سەرئەنجام لەژێر گوشاری لادندا زمانی هاتە گۆ، بەوپەڕی خەمخۆری و ساردوسڕییەوە کە هەرگیز لێی نەمبیستبوو، گوتی:

– باشە دایە هەتا کەی دەتەوێت درێژە بەم یارییە بدەیت؟

– کام یارییە؟

– ئەوەی هیچ قسەیەک لەبارەی لادن و کارەکەی منەوە ناکەیت.

– دەتەوێت چی بڵێم؟

– بۆچوونی خۆت بڵێ!

– بۆچوونی خۆت چییە؟ وابزانم تۆش تازە بنەماڵەی لادنت ناسی، ئەوانت چۆن بینی؟

– من چیم لە بنەماڵەکەی داوە؟! من خۆیم خۆش دەوێت.

– هەمــوو کەسێک لەناو خێزانێکدا گەورە دەبێت و زەمینەی فەرهەنگی و پەروەردەی ئەو خێزانەی دەبێت.

– باشە بۆچی زەمینەی فەرهەنگیی ئەوان چییەتی؟ زۆریش ئاستیان بەرزە.

بێدەنگ بووم، ئەم وشەیە بەهیچ شێوەیەک لە فەرهەنگی قسەکردنی مەسعووددا نەبوو.

– ئاست بەرز واتای چییە؟ بەڕاست، بە بۆچوونی تۆ کامە مرۆڤ ئاستی بەرز؟

– چووزانم! ئەم پرسیارانە چین؟ مرۆڤگەلێکی بێ وێنەن.

– چۆن زانیت بێ وێنەن؟ لەبەرئەوەی گوڵدانی کۆنەی بەنرخیان زۆرە؟ یان هەر بۆ خۆ نواندن، لە جیاتی گوێدان بە خۆشی و هاوئاهەنگی و جوانی ژینگە، هەموو شتێکیان هەر لەبەر گرانی نرخەکەی لە دەوروبەری خۆیان کۆ کردووەتەوە؟ دایمە هەر باسی مودێل و جل و ڕەنگی قژ دەکەن، یا لە پاشەملەی یەکتری قسە بە یەکتر دەڵێن و خەریکی چاو لێکەرین؟

– بەڵام دایە تۆ خۆت زۆر جوان پەسند بووی، هەموو کاتێک لەبەر ڕێک نەکەوتنی ڕەنگی بلووز و پانتۆڵەکەم ڕەخنەت لە من دەگرت، بۆ هەموو شتێکی ماڵەکە هەزار فرۆشگە دەگەڕایت.

– ئازیزەکەم، جوان پەسندی یان حەزکردن لە پاکتر، جوانتر و دڵگیرترکردنی ماڵ نیشانەی خرۆشییە بۆ ژیان، لەگەڵ ئەوەدا ناکۆک نیم، ماڵی هەموو کەسێک زەوق، شێوەی بیرکردنەوە و فەرهەنگی ئەو کەسە نیشان دەدات.

– ئێستا تۆ لە شێوەی ماڵ و ژیانی ئەوان وا دەزانی کە تەرزی بیرکردنەوە و فەرهەنگی ئەوان گیروگرفتی هەیە؟

– ئەی تۆ نەتزانی؟

– نە!

– تائێستا کتێبخانەیەکی بچووکت لە ماڵی ئەواندا بینیوە؟ یا تەنانەت کتێبێکت لە دەستی یەکێکیاندا بینیوە؟ تا ئێستا باسی یەک پاشماوەی هونەری، زانستی، ڕۆشنبیرییان کردووە بە بێ ئەوەی باسی نرخەکەی نەکەن؟

– ئەم قسانە چییە؟ خەڵکی کتێبەکانیان لە بەرچاو دانانێن، پاشان تۆ کارت بە کتێبەکانی ئەوان چییە؟

– دەمویست بزانم چۆن بیردەکەنەوە.

– وەکو بڵێی ئێمە لە هەموو شێوە بیرکردنەوەکان کتێبمان هەیە، کێ دەزانێت

ڕەوتی بیرکردنەوەی ئێمە چۆنە!؟

– ئەوەی بیرمەند بێت.

– چۆن؟

– کتێبەکانی کۆمۆنیستێک لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کتێبەکانی ئیدیۆلۆجیای چەپە، لە کتێبە سەرەتاییەکانی چەپەوە هەتاکو کتێبە پێشکەوتووەکانی، کتێبی ڕۆمانەکانی مەکسیم گۆرکی، کتێبی نووسەرە ڕووسییەکان و ڕۆمەن ڕۆلانە و ئەوانی تری لەم جۆرە کتێبانە، تاک و تەرا کتێبی ئیدیۆلۆجییەکانی تر لە ماڵەکەیدا دەبینیت. کتێبخانەی ڕۆشنبیرێک کە کۆمۆنیست نییە، کتێبە بنەماییەکانی کۆمۆنیستی تێدایە، بەڵام نەک هەمووی، بەڵکو کاری نیوە و ناتەواو، لە نێوانیشیاندا چەند کتێبێکی ڕەخنە لە کۆمۆنیست بەرچاو دەکەوێت، کتێبەکانی تری هەروەکو کۆمۆنیستەکان دەڵێن، کتێبگەلی بورژوازین... بۆ نموونە هەبوونی کتێبەکانی عەلی شەریعەتی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم خێزانە مەیلی ئاینیان هەیە، لەبەرئەوەی لە دوای شۆڕشدا ئەم کتێبانە هێنرانە زۆربەی ماڵەکانەوە، بەڵام کتێبخانەی مەزهەبییەکان پڕن لە ڕۆمانی ئاینی، کتێبی نزا، لێکدانەوە، ڕوونکردنەوەی پرسەکان و لەم شێوە کتێبانە. لە کتێبخانەی نەتەوەییەکاندا چەندت بوێت بیرەوەری سیاسەتمەداران و مێژووی جۆرەوجۆری ئێران هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا، هەموو مرۆڤێکی خاوەن بڕوانامە کە بەڕاستی ئارەزووی خوێندنەوەی هەیە، چەند کتێبێکی تایبەت بە پسپۆڕیتی خۆشی بەرچاو دەکەوێت کە نیشانەی ڕشتەکەیەتی.

– ئێستا بۆچی ئەوەندە بەدوای ڕەوتی هزری و سیاسیی ئەوانەوەیت؟

– لەبەرئەوەی هەموو ژیانم لەژێر کاریگەریی ڕەوتە هزرییە جۆرەوجۆرەکانی ئەو کەسانەدا بووە کە مامەڵەم لەتەکیاندا کردووە، دەبوایە بزانم ئەمجارە لەگەڵ کێدا مامەڵە دەکەم.

– بەڵام تۆ لەگەڵ کایەی سیاسیدا ناکۆکی، هەموو کاتێک بەڵێنمان لێ وەردەگریت نەچینە ناو هیچ دەستەیەکەوە.

– بەڵام، ئاخۆ تا ئێستا پێم وتوون مەخوێننەوە؟! ئێوە دەبێت وەکو هەموو مرۆڤێکی هۆشمەندی تر بە بێ بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە هەموو ڕەوت و

بۆچوونەکـان بخـوێننـەوە و تێ بگەن بۆ ئـەوەی هـەق لە ناهـەق جـیـابکەنەوە، نـەبنە ئامرازی دەستی دەسـەڵاتخوازەکان. باشـە، تا ئێستا لادن باسـی کتێبێکی کردووە کە خوێندوویەتییەوە، باسی ئایدۆلۆجیایەک یان دنیابینییەکی تایبەتی لەگەڵ تۆدا کردووە؟ کورم تۆ هونەرمـەندی! تۆ لەگەڵ کتێبدا گەورە بوویت. بـاشـە ئێوە هیچ زەمـینەیەکی هزریی هاوبەشـتـان لە پرسـە هونـەرییـەکـاندا هەیە؟ لە هەمـووی گـرینگتـر، کـورم، تۆ بەو زەمـینـە ئاینیـیـەوەی کـە بـەتایبـەت لە دوای قـۆنـاغی دیلییـەکەتەوە پەیدات کرد، چۆن دەتوانی لەگـەڵ خێـزانێکدا هەڵکەیت کـە لە ئاین تەنیـا سفرەی حـەزرەتی ئەبولفـەزل ئەزانن، ئەویش وەکو ئاهـەنگێک بەڕێی دەخەن؟ ئەمـانە شاپەرستن و چاوەڕوانی گەڕانەوەی شـازادەن، ئەویش نەک لە ڕووی هزر و تێگەیشـتنەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەو سـەردەمەدا خـواردنەوە ئازاد بوو، دەیانتـوانی لە کــەنار دەریا پـەکـینـی لەبەر بکەن و لەم جــۆرە شـتــانە، ئێـمــە بـەو ڕابردووە فەرهەنگی و سیاسییـەوە چی دەتوانین بە یەکتر بڵێین؟ مـەسعوود گیان، ئەم کچە لە هیچ شـتێکدا لەگەڵ تۆدا نایـەتەوە. هەرگیـز بەو شـێوەیە جل لـەبەر ناکات کە تۆ دەتەوێت، هـەموو جارێ گەر بتانەوێت بۆ شـوێنێک برۆن، شـەڕێکتان دەبێت.

– خەمت نەبێت، وتوویەتی ئامادەیە لەبەر من چارشێویش لەسەر بکات.

– تۆش باوەڕت کرد؟ خۆ ئەمەش دروست نییە. مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی، ژیر و بیر، نابێت لە ئاینەکەیدا ئەوەندە ڕاڕا بێت.

– دامـاوە ئێـسـتـا لە ئاینـەکەشـیدا بوو بە ڕاڕا، لـەبەر پەیوەسـتـبـوونی بە من وا دەڵێت، نە دایـە گیـان، تۆ بە دوای بیـانوو دەگـەڕێیت، وا دەزانیت هـەمـوو کـەسێک خراپە، هـەر خۆمـان نەبێت.

– نە گیـانەکەم، کەی من ئاوهـام وتووە؟ ئەوان زۆریش باشن، لەوانەیە لە ئێمەش باشتربن، بەڵام لەگەڵ ئێمە جیاوازن.

– نە! تۆ ڕەخنەی بەنی ئیسرایل دەگریت.

– تۆ پرسـیـارت لێم کـرد و مـنیش بۆچوونـی خـۆم وت، ئەمـە بە هـەمـوو ژیان و داهاتووت دەبەسـتـرێتـەوە، خـۆتیش دەزانیت بەلای منـەوە لە هەمــوو شـتـێک گرینگترە.

– دایە من خـۆشـم دەوێت، لە ڕاسـتـیدا کـاتێک قـسـە دەکـات جۆرێکم لێ دێت،

بەلامەوە هەڵسوکەوت و پێکەنینەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە، تائێستا ژنێکم بەو هەموو تایبەتمەندییە ژنانەییەوە نەبینیوە، لە هەموو کەسێک جیاوازە.

واقم وڕما، سەیریم کرد، ڕاستە، چۆن تا ئێستا نەمزانیبوو، بەڵێ، ئەم ژنە بەلای مەسعوودەوە سەرنجڕاکێشە، چونکە لە هەموو ئەو ژنانە جیاوازە کە مەسعوود بە درێژایی ژیانی لە تەکیاندا سەروکاری هەبووە. شتێکی تایبەتی و زۆر ژنانەی هەیە کە ئێمەی ئەو ژنانەی ژیانی مەسعوود، هەوڵی زۆرمان بۆ شاردنەوەی داوە. بێ ویژدانی نەبێت ئەم کچە لە هەموو ڕەفتار و کردارەکانیدا ناز و عیشوەیەکی تایبەتی هەیە، تەنانەت لە تەلەفۆن قسەکردنەکەشیدا ئەم نازونووزە بۆ بەرامبەرەکەی دەنێرێت. هەڵسوکەوتی فریودەر و بزوێنەر بوو، لە یەک ڕستەدا، کچێکی شۆخ و شەنگ بوو. ئاسایی بوو کوڕە چاو و دەم بەستراو و ساکارەکەی من کە کەمتر لە نزیکەوە مامەڵەی لەگەڵ ژنی بەو تایبەتمەندییەوە کردووە، بەو شێوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بە تاسەوە بێت و وا بزانێت ژنێکی جیاواز لە ژنانی تری دۆزیوەتەوە. چۆن ئەم کوڕە تێ بگەیەنم کە ئەم دڵبەرییەی وا بەدڵنیاییەوە ئارەزووە سێکسییەکانی دەبزوێنێت، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەشقدا هەیە و بناغەیەکی تەندروستی بۆ ژیانی داهاتوو نییە. لەم هەلومەرجەدا هیچ قسە و لۆجیکێک کاریگەری نەبوو و بەلاساری و سەنگەرگرتن لێک دەدرایەوە. ئینجا گوتم:

– گەورەترین ئاواتم بەختەوەریی منداڵەکانمە و پێم وایە بەختەوەری لە سۆنگەی هاوسەرگیرییەکی سەرشار لە ئەشق و خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، من ڕێزم بۆ ئەشقەکەت هەیە و هەرچیت بوێت بۆت دەکەم، تەنانەت ئەگەر دژ بە خواستیشم بێت. تەنیا تکایەکم لێت ئەوەیە ساڵێ بە دەستگیرانی بمێننەوە، لەم ماوەیەدا دەتوانن باشتر یەکتر بناسن، لەبەرئەوەی سنوورداری هاتوچۆتان کەم دەبێتەوە، ئێمەش دەتوانین پارە کۆبکەینەوە و خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئاهەنگێک بە دڵی ئەوان، چونکە دەزانیت کە ئەوان داواکاری زۆریان هەیە، ئەمە تاقە مەرجی منە.

بنەماڵەی لادن، وێڕای پێداگری و ناکۆکییەکی زۆر، کاتێک سووربوونی منیان بینی، بەوە ڕازی بوون کە بۆ ماوەیەک بە دەستگیرانی بمێننەوە. دڵنیابووم کە

خـەمـی ئەوان لە درێژی مــاوەی بە دەســتگیــرانی مـانـەوەی ئەوان لەبەر بـۆچوونی ئاینی نـیـیـە، بەڵکو زیاتر جـۆرێکە لـە قـایمکاری. ئەوان دەیـانویست ڕێورەسـمـێکی گەورەی نـیشـانکردن ساز بکەن بۆ ئەوەی هەمـوو خزمـەکانیـان زاوای تازە بناسن، بۆ ئەو مـەبەسـتـەش هەفـتـەی داهـاتوویـان دەستنیـشـان کرد. ئیـتر نـەمدەتوانی لەمـە زیاتر ئەم پرسـە بشارمـەوە، بەڵام، چۆن چیرۆکی ئەم خۆشـەویسـتی و داخوازییـەم بۆ فاتی و فێروزە و ئاغا سادق باس بکردایە؟

سـەرلەبەیانییەک بـۆ ماڵ فـاتی ڕۆیشـتم. کـەمێک باسـی خواسـتی خـوا و بەش و چارەنووسم کـرد، فـاتی بـە نیگایەکی گـومـاناوی و دوودڵـیـیـەوە تـەمـاشـای کـردم و گوتی:

– دادە چی بووە؟ ڕاست بڵـێ، دەتەوێت چی بڵێیت؟

– چی بڵـێم؟! هـەمـوو کـاتێک ئاواتم ئەوەبوو بێم و سـەبارەت بە فـێروزە قـسـەت لەگەڵ بکەم و بۆ مەسعوود داخوازی بکەم، بەڵام سەری نەگرت، دەڵێی خوا ویسـتی لەسەر نییە.

ڕووخساری فاتی تێک چوو و بەیەکدا درا، بە نیگەرانییەوە وتی:

– ماوەیەک بوو هـەستم دەکرد شتێک ڕووی داوە، باشە خوا ویستی لەسـەر نییە یان ئێوە ناتانەوێت.

– ئەم قـسـەیـە چییـە فـاتی! من فـێـروزەم لە شـیـرین زیاتر خـۆشـدەوێت، ئەمـە گـەورەترین ئاواتم بوو، وام دەزانی هـەمـوو شـتێک تەواو بووە، کـەچی نازانم چۆن بوو، لە پڕ ئەم کوڕەم لە کەللەی داوە و ئاشق بووە، هـەردوو پێی لە کەوشێک ناوە و دەڵێت دەمـەوێت، ناچاری کـردین بڕۆین بۆ خـوازبێنی، ئێسـتـا ئیـتر بڕیارە نیشـان بکەن.

سێبەری فـێروزەم لەناو دەرگەکەدا بینی، بەسـینییـە چایەکەوە وشک وەسـتابوو. فـاتی ڕای کرد و سـینییـەکەی لە دەستی وەرگرت. فـێروزە چاوەکـانی لە من بڕی و بە نیگاکانی دەیپرسی؟

– بۆچی؟

سـەرگـەردانی، بێ هـیـوایی و خـەم ڕووخـسـاری داپۆشـیـبـوو. بەڵام وردە وردە

سـێـبـەری توورەییـیـەکـە هـەسـتـی سـووکـایەتی پێکردنیـشـی هاتـە پاڵ. بەرەولای ژوورەکەی ڕای کرد، فاتی گەڕایەوە و بە ڕقەوە تەماشای کردم و گوتی:

– ئاخـر هـەر لە منداڵییـەوە دەسـتتـان پێ کرد و وتتـان فـێروزە هـی مەسـعـوودە، پێوەندییان زۆر باش بوو، ناتوانی نکوڵی لەوە بکەیت کە مەسعوود فێروزەی خۆش دەویست.

– زۆریشـی خۆش دەویـست، ئێستـاش خۆشـی دەوێت، بەڵام دەڵێت هـەست دەکەم خوشکمە.

فـاتـی بە توورەیی و پێکەنینێکی گـاڵتـە ئامـێـز پێ کـەنی و لە ژوورەکـە چووە دەرەوە. دەمـزانی دەیویست زۆر شت بڵـێت، بەڵام ڕێزی لێ گرتم، بە شـوێنیـدا بۆ چێشتخانەکە ڕام کرد.

– فـاتی گیان، هەرچییـەک بڵێیت مافی خـۆتە، منیش خـەریکە شـێت دەبم، تاقە کارێک لەدەستم هات دواخستنی ئەم هاوسـەرگیرییە گاڵتەجارە بوو. ئیتر بڕیارە ساڵێک بە دەستگیرانی بمێننەوە، بەڵکو چاوەکانی ئەم کوڕە بکرێتەوە.

– ئەم قسـانە چییە خوشکم، ئیتـر ئاشـقە، ئیشـەڵڵا بەختـەوەر بن. تۆش نابێت وەکـو خـەسـووە خـراپەکـان هـەر لە پێش بە دەسـتگیـران بوونیـان بیـر لە جیابوونەوەیان بکەیتەوە.

– ئاخـر فـاتی تۆ نازانیت، زۆرم لە دڵە، ئەگـەر یەک خـاڵی هـاوبەشیـان هەبوایە ئاوها خـەمم نەدەبوو. تۆ نازانیت چەند لە یەکتر جیـاوازن، ناڵێم کچێکی خراپە، بەڵام بەهیچ شـێوەیەک هاوشانی ئێمە نییـە، خۆت دێیت و دەیبینی، زۆریش باشـە تۆش بۆچوونی خـۆت بڵـێیت، لەوانەیە من بڕیاری پێش وەخت بدەم، چونکە هـەر لە سـەرەتـاوە ڕازی نەبووم، هـێـشـتـا مـن باشـم، هـیچ ناڵێم، بەڵام شـیـرین بەهـیچ شێوەیەک ئامـادە نییە سەیری بکات، زۆریش پێی هەسـتیار بووە، ئەگەر مـەسعوود بزانێت شیرین چ قسەگەلێک بەو کچە دەڵێت، ئیتر هـەر ناومان ناهێنێت و بۆ هەتا هەتایە لە دەستم دەچێت.

– بەدڵنیاییەوە شتێکی هـەیە کە مـەسعوود بەو شێوەیە دەیەوێت، گرینگ ئەوەیە خۆی پێی خۆشە.

– ئەگەر حەز دەکەیت با من بڕۆم لەگەڵ فیرۆزە قسە بکەم، تۆ نازانی چەند خەمی ئەم منداڵەمە، لەم ماوەیەدا ئەوەندەی بیرم لەو دەکردەوە بیرم لە کەسی تر نەدەکردەوە.

فاتی شانی هەڵتەکاند و گوتی:

– نازانم، لەوانەیە تاقەتی نەبێت.

– قەیناکات، ئەوپەڕەکەی لە ژوورەکەی دەرم دەکات، گرینگ نییە.

بەهێمنی لە دەرگەی ژوورەکەم دا و لایەکی دەرگەکەم کردەوە، لەسەر تەختی خەوەکە ڕاکشابوو، دەموچاو و چاوە شینە فرمێسکاوییەکانی سوور هەڵگەڕابوون. هەرکە بینیمی پشتی تێ کردم بۆ ئەوەی ڕووخساری نەبینم. زۆر دڵم پێی سووتا، بەهیچ شێوەیەک بەرگەی گریانی ئەم کچە میهرەبان و نازدارەم نەدەگرت. لە قەراخی تەختی خەوەکە دانیشتم، لاواندمەوە، گوتم:

– مەسعوود شایانی تۆ نییە، بزانە چۆن ڕۆژێ وەکو سەگ پاشگەز دەبێتەوە، لەو نێوەندەدا ئەوەی زیانی بەرکەوتووە هەر خۆیەتی، نازانم بۆچی خوا خواستی لەسەر نییە ئەم منداڵە لە پاش ئەو هەموو گورز و سەختییە ژیانێکی هێمن و بەختەوەری هەبێت؟ هەموو ئاواتێکم ئەوەبوو کە تۆ ئەو ژیانە خۆشەی بۆ دابین بکەیت، بەداخەوە، شایستەی نەبوو.

شانەکانی دەلەرینەوە، بەڵام هیچ قسەی نەدەکرد. ئازاری عەشقم دەزانی، هەستام، ماندوو و تێکشکاو بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.

لە ڕێوڕەسمی نیشانکردنەکەدا لەلایەن ماڵی ئێمەوە، بێجگە لە پوورەکانی مەسعوود و دایکم، فاتی، سادق ئاغا و پەروین خانم هاتن، مەسعوودە قۆز و جوانەکەم بە چاکەت و پانتۆڵی ڕێکوپێک و کەرەواتەوە، لەلای لادن وەستابوو کە تازە لە ئارایشتگە هاتبووەوە، کراسێکی ناسکی لەبەربوو و گوڵی پەمەیی لە قژی دابوو. شیرین بەپارێزەوە گوتی:

– هەی هەی! سەیر کەرەواتی شازاوا! ئەی ئەم نەبوو دەیگوت حەزم لە کەرەوات نییە، لە هەوسار دەچێت، بەرگەی ناگرم، ئەی ئێستا چی ڕووی دا؟ بەو ئاسانییە هەوسارەکەی لە مل کرد؟ ئاخ، ئەگەر هاوکارەکانی دەیبینن!

هەوڵم دەدا خۆم دڵشاد و پڕ لە وزە نیشان بدەم، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ هەستێکی باشم نەبوو، لە دڵ خۆمەوە گوتم: چ خەونگەلێکم بۆ شەوی زەماوەندی مەسعوود هەبوو، وام دەزانی دەبێتە یەکێ لە خۆشترین شەوەکانی ژیانم. شیرین زۆر بێ حەوسەڵەیی نیشان دەدا، ڕەخنەی لە هەموو شتێک دەگرت، هەرکە یەکێک پیرۆزبایی لێ دەکردن و هیوای بەختەوەریی بۆ دەخواستن، ڕووی وەردەگێڕا و دەیگوت: ئۆیش...! ئەم وشە ناشیرینەی کە من زۆرم قین لێ بوو و بەداخەوە ئەمە یەکێ لە ڕەفتارە سەرەتاییەکانی شیرین بوو، هەرچی دەمگوت شەرمە، لەبەر خاتری مەسعوود ئاوها مەکە، نەدەچووە گوێیەوە. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کاتێک بە پێداگرییەکی زۆرەوە داوایان لە خوشکی زاوا کرد، وەکو خۆیان دەڵێن، سەمای چەقۆ بکات و بە سەماکردنەوە چەقۆکە بداتە دەست بووکەوە بۆ ئەوەی کێکەکە ببڕێت، شیرین بە تووڕەیییەوە ڕەتی کردەوە و گوتی:

– ئەوەندە قینم لەم گاڵتەجاڕییانەیە.

مەسعوود سەرزەنشتکارانە تەماشای کردین. نەمدەزانی من لەو نێوەندەدا چی بکەم!

سێ مانگ بەسەر ئاهەنگی نیشانەکەی مەسعووددا تێ نەپەڕیبوو کاتێک فێروزە شووی کرد. لەوە دەچوو من دوا کەس بووم هەواڵەکەم زانی، دڵتەنگ بووم، بەڵکو بە مافی خۆیانم دەزانی، دەمزانی فێروزەی جوان و خانمە ژیرەکەمان داخوازی زۆرە، بەڵام پێم وانەبوو بەم خێراییە شوو بکات، بۆ دیداری ڕۆیشتم و گوتم:

– ئازیزەکەم بۆچی بەم پەلەپەلە؟ مۆڵەت بە خۆت بدە بۆ ئەوەی بە بیرێکی کراوەتر و هێمنییەوە یەکێ هەڵبژێریت، یەکێ بەهای گەوهەرێکی وەکو تۆ بزانێت.

بە پێکەنینێکی تاسەبارەوە گوتی:

– نە پووری، من چیی تر خۆشەویستی و پێوەندییەکی ئەوتۆم بە هیچ کەسێکەوە نابێت، سەرئەنجام ئەو ئەرکەم خستە ئەستۆی دایک و باوکم، ئەگەر هەرکەسێکیان بەلاوە گونجاوە هەڵی بژێرن، دیارە منیش بۆ سوهراب پێم ناخۆش نییە، کوڕێکی باش و ژیرە، پێم وابێت لە داهاتوودا زۆر هۆگری دەبم و هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە.

– بەڵێ، دیارە (و لە دڵی خۆمدا گوتم: بەڵام ئەم ئاگرە هەرگیز دانامرکێت)،

خـۆزگــە ســاڵێک ســەبرت دەگـرت، لـەو بڕوایەدا نـیم ئەم دەزگــیــرانداریــیــە زۆر درێژخایەن بێت، لە ئێستاوە هێمای جیاوازییەکان دەرکەوتووە.

– نە پووریێ، ئـەگـەر مـەسـعـوود هـەر ئێـسـتـاش بێت و بەسـەر دەست و پێـمـدا بکەوێت، دەزگیرانییەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و داخوازیم بکات، پێی قـایل نابم، ئەو پەیکەرەی بۆ مـەسعوودم تـاشیبـوو و ئەو شتـەی کە لە ناخی خـۆمدا ڕووخـاوە، قەت وەکو ڕۆژگارەکانی سەرەتا نابێتەوە.

– ببـووره ئـەو قسـەیەم کـرد، مـەبەسـتـێکم نەبوو، مـافی خـۆتە، ئاخـر تۆ نازانی چەند ئاواتەخواز بووم تۆ بووکم بیت.

– وای پووریێ ئیتـر بەسـە، خـۆزگە هەرگیـز ئەو قسـەیەتان نەکـردبایە، هەر ئەو قـســانە بەدبەخـتـیـان کـردم، لەو ڕۆژەوە چاوم کـردەوە خـۆم بە بووکـی تۆ و ژنی مـەسـعـوود زانـی، و ئێسـتـا هەسـتی ژنێکم هەیە کـە هـاوسـەرەکـەی بە بەرچاویەوە ناپاکی لەگەڵدا کردووە، لە کاتێکدا مـەسعوودی دامـاو هیچی نەکردووە، ئێمە هیچ بەڵێنێکمان بە یەکتر نەدابوو، ئـەویش مافی خۆیەتی بۆ داهـاتووی خۆی بڕیار بدات و ئەو ژنە هەڵبـژێرێت کە خۆشی دەوێت، قسەکانی ئێوە ئەو وەهمـەی لە مێشکمدا دروست کرد و گەشەی پێ دا.

خۆشبەختـانە سوهراب کوڕێکی میـهرەبان، تێگەیشتـوو، قۆز و خـاوەن بڕوانامە بوو، پەروەردەی خـێـزانێکی ڕۆشنبیر بوو. دوای مـانگێک دەزگیـرانی بەرەو پاریس بەڕێ کەوتن. من لەگەڵ فـاتی و خێزانەکەیان بە دڵێکی تەنگ و چاو بەفرمێسکەوە، لەگەڵ ئاواتی بەختەوەریی هەتاهەتاییان ماڵئاواییمان لێ کردن.

مـاوەی دەسـتـگیـرانـی مـەسـعـوود و لادن تەنیـا حـەوت مـانگـی خـایانـد، دەتگوت مەسعوود لە خەوێکی قووڵ بە ئاگە هاتبووەوە دەیگوت:

– چـیی تـر قــســـەمـــان نەمـــابوو، مـن چەنـدان کـــاژێر بـاسـی بیـنـاســـازی و نیگارکێشـان، هونەر و ئەندێشە، ئـاین و فەرهـەنگم دەکرد، کەچی ئەو وەکو ئەوەی لە سـەرەتادا گـرینگی بـەو شـتـانە دەدا و دەیگوت زۆری حـەز لەو بابەتانەیـە، هیچ شـتـێک تـێ نەدەگـەیشت. تەنیـا بیـری لە جل و قـژ و نـینۆکی دەکـردەوە، تـەنانەت گرینگی بە وەرزشیش نەدەدا، تۆ نازانیت بیرکردنەوە و قسـەکـانی چەند پووچ و گــاڵتــەجــاڕانە بوون، هـەر ئەو کــاتـانەی بـاسی پـارەم دەکــرد گــوێـی دەگــرت.

مرۆڤگەلێکی سەیر بوون، ئامادەبوون نانی شێوانیان نەبێت، هەموو سووکایەتی پێکردن و قەرز و قۆڵەیەک قبووڵ بکەن، بەڵام لە فلانە میوانیدا جلێک لەبەر بکەن کە هیچ کەسێک پێشتر نەیبینیبێت، لە ڕاستیدا پێناسەی ئەوان بۆ ڕێز و ئابڕوو بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە بڕوامان پێیەتی، زەوی و ئاسمانی جیاوازە.

لە پاش چەندان مانگ هەناسەیەکم وەبەردا هاتەوە، بەڵام بۆ لە دەستدانی فیروزەی نازدار زۆر بە داخ بووم، بەتایبەتیش کاتێک کە هەستم بەم داخە لە ڕەفتار و قسەکانی مەسعوودا دەکرد، وا بزانم شووکردنی فیروزە یەکەمین گورزی بە ئاگە هێنانەوەی بوو، بەڵام فایدەی چی درەنگ بوو!

جارێکی تر مەسعوود کەوتەوە سەر کار و خوێندن، پێوەندییەکەی لەگەڵ شیریندا ئاسایی بووەوە و گەرموگوڕییەکەی جاران بۆ کۆبوونەوە خێزانییەکەمان گەڕایەوە. مەسعوود سەرکۆنەی خۆی دەکرد بۆ ئەو چەند مانگەی کە منی تێدا ڕەنجاندبوو، دەیویست بەشێوەیەک قەرەبووی بکاتەوە، ڕۆژێکیان بە خۆشحاڵییەوە هاتەوە و گوتی:

– دایە مزگێنی، کارەکەت جێبەجێ بوو.

– کاری من؟ کاری من خۆی جێبەجێ بووە.

– نە، مەبەستم کاری تەواوکردنی خوێندنەکەتە، دەزانم چ ئاواتێکت دەخواست بۆ وەرگرتنی لیسانسەکەت و بەردەوامی بە خوێندن بدەیت. هەرگیز ئەو ڕووخسارەتم لە بیرناچێتەوە کاتێک لە زانکۆ دەرکرابووی، ئێستا لەگەڵ چەند کەسێک قسەم کردووە، یاریدەدەری زانکۆی وێژە یەکێک لە هاوخەباتە دێرینەکانە، قایل بوون کە ئەو چەند یەکەیە تێ پەڕێنیت و لیسانسەکەت وەربگریت، پاشان بە ئاسانی دەتوانیت بچیتە خولی ماجستێرەوە، ئەوەندەی تۆم ناسیبێت دوکتۆراش بە دەست دەهێنیت.

تەوژمی جۆرەوجۆر شاڵاوی بۆ مێشکم هێنا، لە شوێن خۆمدا نوقمی بیرکردنەوە بووم، بێگومان چیی تر لە ناخەوە ئارەزووی بەدەستهێنانی ئەم پارچە کاغەزەم نەبوو، گوتم:

– لە زانکۆ هاوپۆلێکم هەبوو ناوی مەهناز بوو، ڕستەیەکی هەبوو، بە دەستنووسێکی جوان بۆی نووسرابوو و بە دیواردا هەڵی واسیبوو،

دەیگوت: "هەموو ئەو شتانەی ئارەزووم بۆ دەخواست، کاتێک بە دەستم هێنا کە چیی تر پێویستیم پێ نەبوو".

– چۆن دایە؟ مەبەستت ئەوەیە ناتەوێت؟

– نە ئازیزەکەم، بێ سوود ئەرکت کێشا.

– باشە بۆچی؟

– بۆچی؟ ئەم هەموو ساڵە مافی منیان داگیر کرد، کەمترین گورزی ئەوەبوو ئەو زیادەی مووچەیەم لە کیس چوو کە لە ساڵە سەختەکاندا پێویستیم پێ بوو، ئێستا دەیانەوێت بە هەزار منەت و ئەمـلاوئەولا نەرمی بنوێنن... نە! نامەوێت، ئێستا هەموو کەسێک لەبەر ئاستی رۆشنبیرییەکەم دەمناسێت، هەندێ جار بۆ هەڵەچنییەکانم ئەوەندەی خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرایەک پاداشت وەردەگرم، هەموو لێم رازین، ئیتر هیچ کەس ئەم بڕوانامەیەی لێم ناوێت، پێکەنینیشم بە ناوونیشانەکەی دێت، لە کاتێکدا نازناوی دوکتۆر و ئەندازیارییان پێشکێش کردم کە بەلامەوە بەهای نەماوە، من دەمویست بە شایستەییی خۆم بیگەمێ نەک بە دەرۆزەکردن.

هەر لەو ساڵەدا شیرین لە تاقیکردنەوەی سەرتاسەری زانکۆدا، لە بەشی کۆمەڵناسی وەرگیرا. زۆر دڵخۆش و سەربەرز بووم. لەوەی هەرسێ منداڵەکەم گەیشتبوونە ئاستی زانکۆ، هەستم بە شانازی و چێژێکی شاراوە دەکرد. شیرین هەر زوو لە زانکۆ هاوڕێی دۆزییەوە. بۆ ئەوەی بتوانم دوورە و دوور چاودێری پێوەندییەکانی بکەم، هانم دەدا کۆبوونەوەی هاوڕێکانی لە ماڵی خۆماندا بەڕێوەبەرێت، بەم شێوەیە هەستم بە ئاسوودەیییەکی پتر دەکرد، دەوروبەرەکانیم باشتر دەناسی و هەلومەرجەکانی پێوەندییەکی تەندروستم بۆ دابین دەکرد. وردە وردە ماڵی ئێمە بوو بە قوژبنێکی ئارام بۆ هاوڕێکانی شیرین، هەرچەندە زۆرجار ئاستەنگی بۆ کارەکەم، کۆکردنەوەی بیر و ئاسوودەییم پێک دەهێنا، ئەرکێکی زۆری پاککردنەوە، چێشت لێنان و ئامادەکردنی خواردنی دەخستە ئەستۆم، بەڵام بەمە قایل بووم و بە دڵ و گیان دەمکرد.

دوو ساڵ دواتر و لە سەرەتاکانی زستاندا، نەوەی یەکەمی من و پەروانە لە دایک بوو. بۆ کاتی لەدایکبوونەکەی بۆ ئەڵمان ڕۆیشتم. کوڕەکە کچێکی جوان و ئێسک

سـووک بـوو، ناویـان نا دورنا. مـن و پەروانە وەکـو دوو ئاشق بـە دەوروخـولـی ئەم منداڵەدا دەهـاتین، دەمـانگۆڕی و بەردەوام باسـی ئەوەمـان دەکرد زیاتر لـە کاممان دەچێت، شـادی و بەخـتـەوەری ئاسـوودەییـان بە ناخـم دەبەخشـی، وێڕای ئەوەی بووبـوومـە دایە گـەورە، بەڵام دە سـاڵ پێش ئێـسـتـاش ئەم هەسـتـی گـەنجی و گەشـانەوەیەم نەبوو. منداڵەکە دوو مانگ بوو، هەرچەندە بەجێهێشـتنی بەلامـەوە دژوار بوو، کـەچی ناچاربووم بۆ جـەژنی نەورۆز بۆ ئێـران بگەڕێمـەوە، لەبەرئەوەی دڵم نەدەهات لەوە زیاتر شیرین و مەسعوود بەتەنیا جێ بهێڵم.

لە گەڕانەوەمـدا، سەرنجی هەنـدێک گۆڕانکاریم لە دەوروبەرەکەمـدا دا. لە نێـوان هاوڕێکانی شـیـریندا گـەنجـێکی بیـست و شـەش سـاڵەی تێـدا بوو کـە پێـشـتـر نەمبینیبوو. ئەوی بە ناوی فەرامەرز عـەبدوڵایی ناساند، وتی کە قوتابی مـاستەرە. لە پاش سڵاو و هەواڵپرسـین گوتم:

– بەخێربێیت بۆ ناو ئەم کۆمەڵەی کۆمەڵناسانە، بەڵام چۆن بەرگەیان دەگری؟

پێ کەنی و گوتی:

– بە سـەختی!

بەسـەرنج و وردەکۆڵییەوە تەماشای کردم. شیرین بە شێوازێکی تایبەتەوە گوتی:

– ئای...، فەرامەرز گاڵتەم پێ دەکەیت؟

بەڕوانینێکی ستایش ئامێزەوە بە شیرینی گوت:

– تکایە خانم، تۆ تاجی سەرمانی.

شیرین بەشـادمانییەوە پێ کەنی. لە دڵ خۆمەوە گوتم:

– سەیرە! بەهەڵەدا نەچووبم شتێک هەیە!

شـیـرین لە دوای ڕۆیشـتنی هاوڕێکانی، سـەبارەت بە هـاوڕێکانی لێی پرسـیم و دەیویست بۆچوونم بزانێت:

– لە نـەبوونی منـدا گـۆڕانکارییـەکی ئەوتـۆیان بەسـەردا نـەهاتووە، زۆربـەیانم پێشـتر بینیبوو و دەمناسـین.

– باشە بۆچوونت لەبارەی ئەوانەوە بڵێ کە نەتبینیبوون و نەتدەناسـین.

– ئەو کچە باڵابەرزەکەی لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو و نەمدیبوو، وا نییە؟

– نە، ئەوە نگینە، ئەو کوڕەش کە لەلایەوە دانیشتبوو دەستگیرانیەتی، مرۆڤگەلێکی زۆر باشن، بڕیارە مانگێکی تر زەماوەند بکەن، ئێمەش هەموومان بانگەشە کراوین.

– باشە، بۆ یەکتر گونجاون.

– باشە...!

– ئەی ڕات سەبارەت بەوانەی تر.

– کامانەی تر؟ بۆچی کەسی تری لێ بوو؟

دەمزانی ئەم هەموو پرسیارانە بۆ زانینی سەرنجمە سەبارەت بەو کوڕەی بە ناوی فەرامەرزەوە ناساندی، بەڵام حەزم دەکرد سەر بخەمە سەری. بە پارێزەوە گوتی:

– یانی پیاوێکی بەو زلییەت نەبینی؟

– هەموویان زل بوون، مەبەستت کامیانە؟

– ئاه... دە مەبەستم فەرامەرزە ئیتر، ئەو ستایشی تۆی کرد، وتی چ دایکێکی جوانت هەیە، دیارە لە گەنجیدا سەرنجڕاکێش بووە.

– سەیرە، چەند کوڕی چاکە، و بەدەنگی بەرز پێ کەنیم... بە بۆچوونی من ئەویش خراپ نەبوو.

– هەر ئەوەندە...؟!

– ئاخر بەم چاوپێکەوتنە کورتە، لە دوو وشەدا چۆن دەتوانم بیناسم! تۆ باسی تایبەتمەندییەکانی بکە بۆ ئەوەی بزانم لەگەڵ ڕووخساریدا دەگونجێت یان نە.

– چی بڵێم؟

– هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی دەیزانیت، تەنانەت ئەو شتانەش کە بەلاتەوە گرینگ نییە.

- کوڕی دووەمی خێزانێکە کە سێ منداڵیان هەیە، هەروەکو ئێمە، فەرامەرز مەسعوودی ئەوانە، بیست و حەوت ساڵانە، زۆر ڕۆشنبیرە، دایکی مامۆستایە، باوکی ئەندازیاری ڕێگە و بیناسازییە، پتر لە سەفەردایە، ئەویش لە نووسینگەکەی

باوکیدا کار دەکات.

– بەڵام خۆ لەگەڵ ڕشتەکەی خۆیدا ناگونجێت، بۆچی لە زانکۆکەی ئێوەدا نییە؟

– نە! ئەی نەمگوت ئەو لە زانکۆی هونەرییە.

– ئەی لەگەڵ ئێوە چی دەکات؟ لە کوێ ناسیت؟

– هاوڕێی نزیکی سروشی دەزگیرانی نگینە، هەموو کاتێک لەگەڵ سروشدا بوو، لە ناو زانکۆدا زۆر دەمانبینی، بەڵام نزیکی ئەو کاتەی تۆ ڕۆیشتی بەفەرمی هاتە ناو گردبوونەوەکەمان و پتر لەگەڵ ئێمەدایە.

– باشە، ئینجا بڵێ.

– ئینجا چی بڵێم؟ هەموو شتێکم گوت.

– نە ئازیزەکەم، تۆ تەنیا باسی تایبەتمەندییە ڕووکەشەکانت کرد، ئینجا باسی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و خووڕەوشتی بکە.

– ئۆی! من چوزانم؟

– چوزانم واتای چی؟ تەنیا لەبەر ئەوە بووی بە هاوڕێی کە منداڵی دووەمی خێزانەکەیانە، دایکی مامۆستایە، باوکی ئەندازیارە و خۆی لە زانکۆی هونەرییە؟

– دایە ناتوانرێت قسە لەگەڵ تۆدا بکرێت! وەها دەڵێیت بوویتە بە هاوڕێی دەڵێی بۆی فرێندمە.

– ئێ لەوانەشە وا بێت، من نیگەرانی ئەوە نیم، ئێستا گرینگ ئەوەیە بزانین چۆن مرۆڤێکە.

– تۆ نیگەران نیت؟ کەواتە بەلای تۆوە کێشە نییە ئەگەر من هاوڕێیەکی نزیکی ئەو بم؟

– سەیرکە کچم، تۆ کچێکی گەورەی، بەم نزیکانە دەبیتە بیست و یەک ساڵ، واتە مرۆڤێکی پێگەیشتوو و ژیر، من بڕوام پێتە، لە پەروەردەکەی خۆم دڵنیام، دەزانم تۆ کەماسی خۆشەویستیت نییە تاوەکو وەڵامی یەکەم دەستی خۆشەویستی نەدی و نەناسیو بدەیتەوە، هوشیاری مافەکانی خۆتی، ناهێڵیت کەس پێشێلی بکات، پابەندی یاسا شەرعی و کۆمەڵایەتییەکانی، بیر و هۆش و دووربینیت بۆ

داهاتوو هەیە، ناکەویتە داوی هەوەسەوە، دەتوانیت جڵەوی هەستی خۆت بگری و بڕیاری ژیرانە بدەیت.

– وایە...! بەڕاستی پێت وایە من ئاوهام؟

– بەڵێ ئازیزەکەم، دیارە! تۆ هەندێ جار لە من باشتر بیر دەکەیتەوە و بڕیار دەدەیت، چاکتر لە من دەتوانیت جڵەوی سۆزت بگریت.

– بەڕاستتە؟

– بۆچی لە خۆت بەگومانی؟ پێت وایە لەم دواییانە هەستت ئەوەندە بەهێز بووە، ترست هەیە هزرت بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؟

– ئاه، بەڵێ، نازانیت چەند دەترسم.

– زۆر باشە، هەر ئەو ترسە گوزارەی ئەوەیە کە هێشتا هزر و لۆجیکت لە کارکردندان.

– ڕاستییەکەی نازانم دەشێ چی بکەم!

– بۆچی دەبێت شتێک بکەیت؟

– نابێت هیچ بکەم؟

– نە! لە ئێستادا کاتی هیچ شتێک نییە تەنیا خوێندن، ناسین و پلاندانان بۆ داهاتوو، بوار بە خۆت بدە خۆت ئەویش باش بناسیت.

– بەڵام من هەموو کاتێک بیر لەو دەکەمەوە، حەز دەکەم زۆرتر بیبینم، پتر لەگەڵی بم...

– باشە خۆ لە زانکۆ دەیبینیت، هەرکاتێکیش پێت خۆش بوو بۆ ماڵەوە داوەتی بکە، دیارە لەو کاتانەدا کە خۆم لە ماڵەوەم، منیش حەز دەکەم زیاتر بیناسم.

– لەوە ناترسیت من ڕۆژێک... چوزانم... زیادەڕەوی بکەم؟

– نە...! تۆ شتی وا ناکەیت، من لە چاوم پتر باوەڕم پێتە، گەر کچێ بیەوێت شتێک بکات بە کۆت و زنجیریش بیبەستنەوە کاری خۆی دەکات، و بەسەر هەموو لەمپەرەکاندا باز دەدات، دەبێت مرۆڤ بەرگری دەروونی هەبێت، تۆش ئەوەت هەیە.

– سوپاس دایە، تۆ زۆر باشی، ئاسوودە بووم. دڵنیابە ئاگام لە هەموو شتێک دەبێت.

له دوای پشـووی جـەژنی نەورۆز، لـە کاتێکدا من و مـەسـعـوود بەتەنیـا لە مـاڵ بووین، لە تەنیشتمەوە دانیشت و گوتی:

– دایە هەست دەکەم دەشێ بڕیارێکی جیدی بۆ داهاتووم بدەم، بە ڕای تۆ وا نییە؟

– بۆ نە؟ بەڕێکەوت ماوەیەک بوو دەمویست لەو بارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام لە ڕاستیدا من زۆر باوەڕم بە خوازبێنی نییە، خوازیارم خۆت یەکێک پەسند بکەیت، یەکێک کە باش بیناسی و لەگەڵت ڕێک بکەوێت، هیوادار بووم لە زانکۆ یان شوێنی کارەکەت لەگەڵ کچێکی گونجاودا ئاشنابیت.

– بەڕاستی دایە جارەکەی تر ئەوەندە هەڵەم کرد، ئیدی چاوترسێن بووم، لەو بڕوایەشدا نیم چیی تر بەو شێوەیە ئەویندار بم. ئێستا هەلێکم بۆ ڕەخساوە، خۆت واتەنی لە ڕووی هزرییەوە هەموو لایەنەکانی تەندروستن، بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر بە بۆچوونی تۆش گونجاو بوو، هەنگاوی بۆ هەڵبگرم، لە ڕاستیدا هەموو هاوڕێکانم دامەزراون، خەریکم زۆر تەنیا دەبم.

– خوا بمکاتە قوربانت، مافی خۆتە بەختەوەربیت.

یادی فێروزە دڵی تەنگ کردم، ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا و گوتم:

– دەی باشە، باسی بکە، چ هەلێکە؟

– ئاغای مەقسوودی کچێکی بیست و پێنج ساڵەی هەیە، قوتابی زانکۆیە، ڕشتەی شیمی. لە هەڵسوکەوتی ئاغای مەقسوودی وا تێ گەیشتم کە پێی ناخۆش نییە ببمە زاوای.

– ئاغای مەقسوودی پیاوێکی زۆر باشە، بە دڵنیاییەوە خێزانەکەشی باشن، تەنیا خەوشێکیان هەیە.

– چ خەوشێک؟

– بریکاری وەزیرە، پلەی سیاسی هەیە.

– دایە واز بێنە، بەڕاستی خەریکی شۆڕش بەرپا دەکەیت، ناشی لەوە بترسی ئەویش بخرێتە زیندانەوە و لە سێدارە بدرێت!

– بۆچی نا؟! ڕاستت دەوێت، ئیتر لە هەموو کایەیەکی سیاسی دەترسم،

هەربۆیەش خـەمی تۆم بوو و بەڵێنم لێت وەرگـرت هەرگـیـز پلـەی هەسـتـیـار و سیاسییت نەبێت.

– گەر هەمـوو بەو شێوەیە بیـربکەنەوە، کێ وڵات بەڕێوەبەرێت؟! بمبـوورە ها... پێم وابێت پێویستیت بە دوکتۆری دەروونییە.

هەرچۆنێک بووە کاتی خوازبێنی دیاری کرا. لە کاتێکدا من و شیرین ئامادەی ڕۆیشتن بووین، مەسعوود گوتی:

– دەتوانم تکایەکتان لێ بکەم، ئەگەر دەکرێت بۆ ڕێزگرتن لە ئاغای مەقسوودی چارشێوێک بەسەرتاندا بدەن.

بە دەست خۆم نەبوو توورە بووم و گوتم:

– مەسـعـوود گـیـان سـەیرکە، پێت وانییـە ئێمـەش مرۆڤین و بیـر و بۆچوون و باوەڕمـان هەیە، ناتوانین هەر سـاتـەو شـێـوەی خـۆمـان بگۆڕین. دەزانیت من لە ژیانمدا چەندجار لەسەر خواستی پیاوان جلوبەرگی خۆم گۆڕیوە؟ لە قوم چارشێو لەســەر بووم، لە تـاران بووم بـە ســەرپۆش لـەســەر، لە دوای شــووکـردنم، باوکت خـوازیـار بوو حـیـجـابم نـەبێت، دواتر شـۆڕش هەڵگیـرسـا، دەبوایە سـەرپۆش و مـانتۆمـان لەبەر بکردایـە، ئینجا جـەنابتـان بۆ خـوازبێنیکاری لادن خـانم دەتویست شیک پۆش بم. ئەگەر چارۆکەشمـان لەبەربوایە، پێت ناخۆش نەدەبوو، ئێسـتا بۆ داخوازی کچی سەرۆکەکەت دەڵێی چارشێو بەسەردا بدەم، نە کوڕم، ئەگەر من نەمدەتوانی لە بەردەم زۆر کەس بوەستم، لـە بەردەم تۆ کە کـوڕمی، وەکـو ژنێکی پێگەیشـتـوو، تەمەن مـام ناوەندی کـە سـارد و گەرمم چەشـتـووە، بڵێم، خـۆم تێ گـەیشـتنم هەیە، دەتوانم بەرگی خـۆم هـەڵبـژێرم. دەبێت ئێمـە هەر بـە شـێـوازی ڕاستەقینەی خۆمانەوە بۆ خوازبێنی بڕۆین، نەک لەبەر دڵخۆشکردنی ئەوان شتێک بکەین کە ڕاستی نییە.

عاتیفە، کچێکی ئایندار، بەڕێز، هێمن و لە هـەمووشـی گرینگتر تێگەیشـتـوو و ژیر بوو. پێـستی کاڵ و چاوەکـانی درشت و ڕەش بوون، دایکی، تەنانەت لە من و شیرینیش دەموچاوی دەشاردەوە، زۆر زمان شیرین بوو، هەر خـواردنی پێشکێش دەکردین. ئاغای مەقسـوودیش هەر وەکـو خـۆی، نەرمـونیـان و پیـاوانە بوو و من لەبەر یارمەتییەکانی بۆ مەسعوود، هێشتا خۆم بە قەرزارباری دەزانی، کەمێک

قـەڵەو و قـژی سـپی بووبوو، هـەر بە تەزبیـحــەکـەی دەسـتی یاری دەکـرد. لەگـەڵ مـەسعووددا لە بگرە و بەردە و سـەرقاڵی قسە و باسی بەڕێوەبەرایەتی بوون. هەر لەوەش نەدەچوو کە ئێمە بۆ کارێکی تایبەتی بۆ ماڵیان هاتووین، هەرچەندە کەشی زاڵ بەسـەر ماڵەکەدا هەندێ جار دەمیخستەوە بیر ماڵ مـەحموود و عـەلی، بەڵام هیچ هەسـتێکی نەرێنیی لەلام پێک نەهێنا، لێرەدا جـۆرە خـواناسی و باوەڕداری زاڵ بوو کە ئاسـوودەیی و خۆشـەویستی بە ناخی مرۆڤ دەدا، لێرە فریشـتەکانی ئازاردان و دۆزەخ نەبوون، هەستی خەتا و هەراسبوونی نەبوو، لە جیاتیی ئەوان، پەرییـەکـانی ئـەوین، سـۆز و خـۆشـەویسـتـیت دەبینی لـە باڵەفـڕکـێـدا بوون، بەپێچەوانـەی ماڵی مەحمـوود، لێرە پێکەنین و شـادی ئۆباڵ نەبـوو، بە شێوەیەک تەنانەت شیرین کە لەبەر تەرزی بیرکردنەوە و ژیانی خاڵۆکانی هەرگیز لە خێزانی ئاینیدا دڵخۆش نەبوو، ئەوانی پەسـەند کرد و زۆر زوو بە سۆزێکی گەرمەوە کەوتە قسـەکردن. قسە و باسـەکان بەخێرایی و بێ کێشە بەڕێوە چوون و لە نـاوەڕاستی بەهاردا ئـاهەنگی مـارەبڕین و زەمـاوەند ڕێک خـران. هەرچەندە مـەسـعـوود چەند سـاڵێ پێشـتـر دەرفـەتی لە بەڕێوەبەرایەتییـەکەی قۆزتبـووەوە و شـوقـەیەکی باشی کڕیبوو، دەیتـوانی هـاوسـەرەکەی بۆ ئەوێ بگوێزێتەوە، بەڵام ئاغـای مـەقسـوودی بە مکوڕییەوە داوای لێ کرد کە لە نهۆمی دووەمی خـانووەکەیان بژین، ئەوێ چۆڵ بوو و بۆ عاتیفە تەرخان کرابوو.

ئەو ڕۆژەی کە مـەسعوود کەلوپەلەکەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بۆ یەکجاری لە ئێمە جیـابێتـەوە و بۆ مـاڵی خـۆی بڕوات، زۆرم هـەوڵ دا ڕووخسـارێکی شـادم هـەبێت، یارمـەتیم دەدا و سـەرم دەخستـە سـەری، کـاتێک مـاڵئـاوایی کرد و ڕۆیی، لەسـەر تەختی خـەوە جێمـاوەکە، لە ژوورە چۆڵەکە دانیشـتم، تەمـاشـای دار و دیوارەکەم کـرد، مـاڵەکە بـەبێ ئەو چۆڵ و بێ ڕۆح دەهاتـە بەرچاو، خـەمێکی قـورسـم لە دڵدا بوو، لەبەرخۆمەوە وتم "بێچووەکان فڕین و هێلانە خاڵی بوو" و بۆ یەکەمین جار لەو داهاتوو و تـەنیـاییـیـەی چاوەڕوانم بـوو تۆقـیم. شـیـرین تـازە هـاتبـووەوە، لایەکی دەرگەکەی کردەوە و گوتی:

– ڕۆیشت؟ ئێرە چەند چۆڵ بووە!

– بەڵێ هەمـوو منداڵەکـان دەڕۆن، بەڵام ئیـتـر ئەمـە باشـتـرین شـێـوازی

جیابوونەوەیە، هەزارجار سوپاس بۆ خوا کە زیندوو و تەندروستە و سەرئەنجام زەماوەندەکەیم بینی.

– بەڵام دایە ئێستا خۆمانین، زۆر بەتەنیاین، وا نییە؟

– بەڵێ، بەڵام ئێمە هێشتا یەکترمان هەیە، سوپاس بۆ خوا تۆ لێرەیت و چەندساڵێکی ماوە بۆ ڕۆیشتنت.

– چەند ساڵ...؟!

– هیچ نەبێت تاکو خوێندنەکەت تەواو دەبێت بیر لە شووکردن ناکەیتەوە؟ وا نییە؟

دەمی قوچاند، شانەکانی بەرز کردەوە و گوتی:

– خوا دەزانێت، ڕەنگ بێ یەک دوو مانگی تر منیش شوو بکەم.

– وای، بۆچی من دەهێڵم، چ پەلەیەکتە، هەتا دەرسەکەت تەواو نەبێت نابێ بیر لەو شتانە بکەیتەوە.

– ئاخر لەوانەیە هەلومەرجێ هەڵکەوێت ناچار بم.

– چ هەلومەرجێک؟ باری خۆت قورس مەکە، بەهێمنی و بێ بەرپرسیارێتی بخوێنە، برۆ کار بکە، لەسەر پێی خۆت ڕاوەستە، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ژێر چەپۆکە و دەست و پێ بەستراو نەبیت، ناچار نەبیت ملکەچی هەموو نەوینییەک بیت. پاشان بیر لە شووکردن بکەرەوە، هەموو کاتێک بواری شووکردن هەیە، کاتێکیش شووت کرد، ئیتر بۆ هەتا هەتایە ژنێکی هاوسەرداری لەگەڵ بەرپرسیارێتیی ماڵ و ژیان، بەڵام قۆناغی سەڵتی، گەنجی، بێ خەمی و گرفتاری هەرگیز دووبارە نابێتەوە، خۆی ئەوەندە کورتە، پەلەت چییە خۆشترین قۆناغی ژیانت کورتتر بکەیتەوە؟

مەسعوود هەموو کاتێک سەری لێ دەدام و دەیگوت:

– ئیتر بەسە پێویست ناکات کار بکەیت، تۆ بە تەمەنی پشوو گەیشتووی.

– بەڵام کوڕم من کارەکەم خۆشدەوێت، ئێستا بۆ من زیاتر بۆ سەرقاڵییە، بێ ئەوە هەست بە بێ هوودەیی دەکەم.

بەڵام ئەو گـوێی نـەدەدا، نازانم چۆن جـارێکی تر توانـی هەمــوو پاشــخـانی کارکردنەکەم کۆ بکاتەوە و ڕێکوپێکی بکات و بواری خانەنشینیـم بۆ بڕەخسێنێت. لەوەی کە مووچەیەکی دڵنیاکەرم هەبوو ڕازی بووم. بەڵام نەمدەتوانی کار نەکەم، جارێکی تریش بە چەند ڕێک کەوتنێکەوە خۆم سـەرقاڵ کرد، مـەسعوودیش زۆر زیاتر لە پێویست پارەی دەخستە خزمەتمەوە، دەمزانی، لـە خوا بە زیاد بێت باری ئابووری باشــە، بەڵام لە کـارەکـەی ڕازی نەبووم، نەمــدەویست پلەی بەڕێوەبەری هەبێت، هەر بۆڵەم دەکرد کە:

– تۆ بۆ خۆت هونەرمەندی، ئەندازیاری بیناسازیت، بۆچی خۆت تووشی کاری مـاندوویی و پڕ لە ئاڵۆزی و خـەمی بەڕێوەبردن دەکـەیت؟ ســەرکـەوتن لـەو جـۆرە کارانەدا درۆزنن، هەر ئەوەندەی دارودەستـەکەت نەمان، بەسـەر سـەردا بە زەویدا دەدرێیت، تەنیا کاتێک کـارەکە وەربگرە کـە هەلومـەرجـەکانی بە دەست هێنانیت هەبێت، ئێـوە هەمووتان ئەوەندە بـاوەڕدار و خـاوەن بیروباوەڕن، بۆ کـاتێک پرسی پلە و پایە دێتە پێشـەوە ئاوها بە ئاسانی ماف بەلادا دەنێن و خۆتان بە شـایستەی هەموو پلەیەک دەزانن؟

– دایە دەزانم چیتە؟ ماران گەستـەی، بەڵام خـەمت نەبێت خـۆمیش حەوسـەڵەی کایەی بەڕێوەبەرایەتیم نییە، بەم نزیکە دەست بە کارێکی سـەربەخۆ دەکەم، بڕیار وایە لـەگـەڵ چەنـد هاوڕێیــەکم پێکەوە کــۆمــپـانـیـایەک بکەینەوە، جـارێ چەند سـەرلـەبەیانییـەک کار دەکەم بۆ ئەوەی کار بە بەڵێنەکانم بکەم، کاتێک کۆمپانیـاکە کەوتە سـەرپێ ئیتر واز لە هەمووی دەهێنم.

ســەرەڕای هەمـوو خـۆ دزینەوەکـانم لە شـووکـردنەکەی شـیـرین، لە پاش چەند مــانگێک ناچار بووم بچـمــە ژێر باری قـســەوباسی خـۆتاکـتـرەوە. فــەرامــەرز ماستـەرەکەی وەرگرت و بۆ ڕۆیشتن بۆ کەنەدا خـۆی ئامـادە کردبوو، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کـە پێش ڕۆیشتنەکەی مارەی شیرین ببڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کاروباری مۆڵەتی مانەوەی هـاوسەرەکەشی جێبـەجێ بکات. من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نەبووم شـیرین واز لە خوێندن بـهێنێت، بـەڵام ئەوان دڵنیایـان کردمـەوە کـە کـاروبـارەکـەی شـیــرین ســاڵێک درێژە دەکـێــشــێت و بواری تـەواوکـردنی خـوێندنەکەی دەبێت. بیرکردنەوە لە دوورکـەوتنەوەی شـیـرین زۆر دژوار بوو، بەڵام

کـاتێک دڵخـــۆشی و ئارەزووی ئەوم بـۆ ئەم پێـــوەندە دەبینـی، ڕێگەم لە دەربڕینـی کەمـترین دڵتەنگی بەخـۆم نەدەدا. مارەیان بڕی و ماوەیەک دواتر فـەرامەرز ڕۆیشت بۆ ئەوەی کاتێک کە شـیرین خوێندنەکەی تەواو دەکات و مـۆڵەتی مانـەوەکەی دێت، بگەڕێتـەوە، ئاهەنگی هاوسـەرگیری بـگێڕن و بووک و زاوا بـۆ هـەتا هەتایە بۆ ئەوێ بڕۆن.

هەستم دەکرد وێڕای هەموو دژوارییەکان ئەرکەکانم بە بـاشی بەجێ گەیاندووە، هەمـوو منداڵەکانم هـاتوونەتـە بەرهەم، باشـیـان خـوێندووە و سـەرکـەوتوون، بارێکم لەســـەر زەوی دانـابوو، بەڵام وەکـو ڕۆژانی پـاش تاقـیکـردنەوە، دەست بەتـاڵ و بێ ئامـانج بووم، ئێسـتـا دەبوایە چیم بکردبایـە! لەوە دەچوو کـارێکی ترم لەم دنیـایەدا نەبوو، زۆرتر و زۆرتر سوپاسی خـوام دەکرد، نەوەکو بە نـاسوپاسگوزارم بزانێت و تەمبێم بـکات، دڵی خۆم دەدایەوە و دەمگوت، خۆشبـەختانە هێشتـا بوار ماوە، هیچ نەبێت ســاڵێک بۆ ڕۆیشــتنی شــیــرین مــاوە. بەڵام نـەمــدەتوانی خــۆم لـە هەورە ڕەشـەکانی پیری و تەنیایی گێل بکەم کە سێبەریان بەسەر سەرمدا خستبوو.

١٠

هەرچەند لە کاتی ڕۆیشتنەکەی شیرین نزیکتر دەبوومەوە، خەم و دڵتەنگییەکەم پتر دەبوون. لە خۆدا نغرۆ دەبوومەوە بۆ ئەوەی وابەستەییم بە منداڵەکانمەوە کەمتر بکەمەوە، نەمدەویست وەکو دایکانی پیر و بێزارکەر خۆم بە منداڵەکانمەوە هەڵواسم و وایان لێ بکەم هەموو کاتێک لە خەمی مندا بن. هەوڵم دەدا بازنەی ئاشناکانم فراوانتر بکەم، کاتی ئازادم کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو بە شێوەیەک پڕ بکەمەوە، بەڵام دۆزینەوەی هاوڕێی تازە لەم تەمەنەدا ئاسان نییە، هاتوچۆیەکی ئەوتۆشم لەگەڵ بنەماڵەکەمدا نەبوو، دایکم بە تەواوەتی پیر و پەکەر بووبوو، لە ماڵ مەحموود ژیانی بەسەر دەبرد، ئامادە نەبوو بۆ ماڵی ئێمە بێت و چەند ڕۆژێک لەگەڵ ئێمە بەسەر بەرێت، و لەبەرئەوەی من بۆ ماڵ مەحموود نەدەڕۆیشتم، زۆر کەم ئەوم دەبینی. پەروین خانم پێی نابووە پیرییەوە و چیی تر تاقەت و تواناکەی جارانی نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا تاقە کەسێک بوو لە کاتی پێویستدا دەمتوانی پشتی پێ ببەستم، فاتیش لە دوای بەسەرهاتەکەی فێروزە و ڕۆیشتنی، خەمۆک و دڵتەنگ بوو، لەگەڵ من نەدەسازا، وا دیار بوو لەو ئازارەی کە بەهۆی دووریی کچەکەیەوە دەیچەشت، بە شێوەیەک منی بە کەمکار دەزانی، لەگەڵ ژنانی بەڕێوەبەرایەتییە پێشووەکەم خولێکم هەبوو و جارجارە پێکەوە کۆ دەبووینەوە، هێشتا هەندێ جار چاوم بە ئاغای زەڕگەر دەکەوت، ئەویش چەند ساڵێک بوو ژنی هێنابوو، لەوە دەچوو بەختەوەربێت. تەنیا کاتێک بیرکردنەوە، خەیاڵ و خەمەکانم کەم دەبوونەوە کە پەروانە لە تاران دەبوو، لەگەڵ ئەودا دەگەڕاینەوە ڕۆژگاری دڵڕفێنی گەنجی، پێ دەکەنین، قسەمان دەکرد. بەڕێکەوت ئەوساڵە دایکی نەخۆش

کـەوتبـوو و ئەویش زۆربەی کاتەکـانی لە تاران بـەسـەر دەبرد. پـەروانە بڕوای بەوە بوو کە:

– لە دوای ڕۆیشـتنی شـیـرین، دەشێ تۆ ئـەم مـاڵە بە کـرێ بدەیت و هـەر چەند مانگە و لەلای یەکێکیان بەسەربەریت.

– هەرگـیـز! ئـامـادە نیـم ئازادی و ڕێزی خـۆم لە دەست بدەم، نیـازیشـم نیـیـە منداڵەکـانم بێـزار بکەم، ئەوان ژیـانی خـۆیـان هـەیە، چیی تر پێکەوە ژیانی چەند نەوەیەک لە یەک ماڵدا لە توانا و دروستیش نییە.

– چ بێزارییەک؟! دەبێت ئارەزووش بخوازن، ئەم هەموو زەحمەتەت بۆیان کێشا، دەشێ ئێستا قەرەبووی بکەنەوە.

– ئەم قسەیە مەکە، نەنە گیان، دایە گەورەم بە بیردێتەوە، هەموو کاتێک دەیوت:

" گـەورەکـردنی کـوڕ لە سـوورکـردنەوەی بـاینجـان دەچێت، هەمـوو ڕۆنەکـە هەڵدەمـژێت، کـەچی دواتر دەشێ ڕۆن بداتەوە". من چاوەڕوانیـیـەکی ئاوهـام لە منداڵەکانم نییـە، ئەرکی خـۆم بووە، بۆ خۆم ئەوەم کردووە، قـەرزی کەس نییە، خـۆ ئەوان هیچ ئەرکێکیان بەسەر منەوە نییە، دەمەوێت سەربەخۆ بم.

– بۆچی سـەربەخـۆ بیت؟ بەتەنیـا لە گـۆشـەی مـاڵەوە دابنیـشـیت، ئەوانیش بە ویژدانێکی ئاسوودە و بێ خەم تۆیان لەبیر بچێتەوە!

– ئەم قسەیە چییە؟ هەموو شۆڕشـەکانی دنیا بۆ بەدەستـهێنانی سەربەخۆیییە، ئێستا منیش بێم و هێدی هێدی ئەمە لە دەست خۆم بدەم.

– بەڵام مـەعسـووم منداڵەکان چ زوو گـەورەبوون و هەمـوو شـتێک بەسـەرچوو، خۆزگەم بەو ڕۆژانە، خۆزگە دەگەڕایەوە.

– نە! نـامـەوێت تەنانـەت یەک کـاژێریشـی بگـەڕێتـەوە، سـوپاس بـۆ خـوا کـە بەسـەرچوو، هیوادارم ئەمەشی کە ماوەتەوە، بە زووترین کات تەواو بێت.

ڕۆژگـارە گـەرمـەکـانی هـاوین دەسـتی پێ کردبـوو، من سـەرقـاڵی ئامـادەکـردنی شتومـەکی جیازییـەکەی شیرین بووم، زۆرتر لەگەڵ پەروانە بۆ شت کڕین دەچووین و هـەر ڕۆژەی بە بیـانوویـەکەوە پێکەوە کـاتمـان بەسـەر دەبـرد. ئەو ڕۆژە یەکـێک لە گـەرمـتـرین ڕۆژەکـانی هـاوین بوو، تازە کـەمـێک ڕاکـشـابـووم کـاتێک کـە زەنگە

نەبڕاوەکەی دەرگە ڕایچڵەکاندم. بەپەلە پرسیم:

– کێیە؟

– منم بابە، دەرگەکە بکەرەوە، زووکە!

– تۆی پەروانە؟ چی بووە؟ ئێمە بڕیارمان پاش نیوەڕۆ بوو.

– دەرگەکە دەکەیتەوە یان بیشکێنم؟

پاڵم بە دوگمەکەوە نا، لە چاوترووکاندنێکدا گەیشتە سەر پلیکانەکان، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون و دڵۆپەی ئارەقە لە نێوچاوانی و دەوری لێوی دەبریسکایەوە.

– چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟

– بڕۆ، بڕۆ ژوورەوە.

بە سەرسوڕمانەوە چوومە ژوورەوە. پەروانە سەرپۆشەکەی داکەند، مانتۆکەی خستە ئەولاوە و خۆی فڕێدایە سەر قەنەفەکە و گوتی:

– ئاو، ئاوێ فێنکم بدەرێ.

پەرداخێک ئاوم دایە دەستییەوە و گوتم:

– دوایی شەربەتت بۆ دەهێنم، بڵێ چی بووە، مردم.

– ئەگەر دەزانیت؟ ئەگەر دەزانیت کێم بینی؟

هەستم کرد دڵم وەکو بەردێک کەوتە سەر زەوی و سینگم خاڵی بوو، دەمزانی، دەمزانی دۆخ و هەڵسوکەوتی ڕێک سی و سێ ساڵ پێش ئێستای هێنایە بەرچاوم، بە دەنگێکی کزەوە وتم:

– سەعید...؟

– ئەی سەگە، چۆن زانیت؟

جارێکی تر بووینەوە دوو کچە هەرزەکارەکەی کە لە ژوورەکەی نهۆمی سەرەوەی خانووەکەی باوکم چپە چپمان دەکرد، من، هەروەکو ئەوسا دڵەتەپێم بوو و ئەویش هەر ئاوها بەخرۆش و بێ ئۆقرە بوو.

– دەی باشە بڵێ، بڵێ لە کوێ بینیت؟ چۆن بوو؟ شێوەی چۆنە؟

– ئەرێ بابە لەسەرخۆ بە، یەک یەک، بۆ دەرمانخانە ڕۆیشتم دەرمانەکانی دایکم بهێنم، دوکتۆرەکەی ئاشنامە، میوانی هەبوو، هەردووکیان لە پشت پێشخوانەکەوە وەستابوون، میوانەکەیم نەدەبینی، پشتی لە من بوو، دەنگی ئاشنا هاتە گوێم، لەبەرئەوەی لە پشتەوە قژی و قەد و باڵای قۆز و جوان بوو، وردەکۆڵ بووم ڕووخساری ببینم، یاریدەدەرەکەی دەرمانەکانی هێنا، بەڵام من نەمدەتوانی ئەم پیاوە نەبینم و بڕۆم. لە خۆوە چوومە بەردەم دوکتۆر و وتم: سڵاو ئاغای دوکتۆر، باشی؟ بە رای تۆ ڕۆژی چەند دانە حەبی خەو دەتوانێت بخوات...؟ جا بزانە چ پرسیارێکی گەوجانەم کرد! بەڵام هەر ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی میوانەکەی ئاوڕ بداتەوە و بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردم. وای... مەعسووم خۆی بوو، نازانی چیم لێ هات! بە تەواوەتی دەست و پێی خۆم ون کرد.

– ئەویش تۆی ناسی...؟

– بەڵێ، ماشەڵڵا، چ بیرێکی تیژی هەیە، لە دوای ئەم هەموو ساڵە، بەم جل و سەرپۆش و قژە ڕەنگ کراوەوە، منی ناسییەوە! دیارە لە سەرەتاوە هەڵوێستەیەکی کرد، منیش یەکسەر چاویلکەکەم لابرد و بۆی پێ کەنیم، بۆ ئەوەی باش سەیرم بکات و لە ڕووی بێت سڵاو بکات.

– قسەشتان کرد؟

– ئەی نە...؟ دیارە قسەم کرد، وا دەزانیت هێشتا لە براکانت دەترسم.

– چی لێ هاتووە؟ زۆر پیر بووە؟

– لاجانەکانی بە تەواوەتی سپی بوونە، قژیشی ماش و برنجییە، چاویلکەشی لە چاودا بوو، ئەو کاتە چاویلکەی نەبوو؟ هەیبوو؟

– نە نەیبوو.

– دیارە دەموچاویشی پیر بووە، بەڵام زۆر نەگۆڕاوە، بەتایبەتی چاوەکانی، هێشتا هەر ئەو چاوانەن.

– چی گوت؟

– سڵاوی کرد، یەکەم جار هەواڵی باوکمی پرسی، گوتم، دەمێکە مردووە، سەرەخۆشی کرد، منیش بە چاوقایمییەوە پرسیم:

– لە کوێیت؟ چی دەکەیت؟ گوتی:

– ماوەیەک لە ئەمەریکا بووم.

لە دڵ خۆمەوە گوتم:

– چ هەڵەیەکم کرد. ئینجا پرسیم:

– کەواتە لە ئێران ناژیت؟ گوتی:

– بۆچی نا، چەند ساڵێکە گەڕاومەتەوە و دەستم بە کارکردن کردووە.

نەمدەزانی چۆن بپرسم ئاخۆ ژن و منداڵی هەیە یا نە، گوتم:

– بنەماڵەکەت چۆنن؟ باشن؟

بە سەرسوورمانەوە تەماشای کردم، وەکو ئەوەی بڵێت، تۆ ئەوان لە کوێ دەناسیت! گوتم:

مەبەستم دایک و خوشکەکانتە. گوتی:

– بەداخەوە دایکم بیست ساڵ دەبێت کۆچی دوایی کردووە، خوشکەکانیشم شوویان کردووە و لەسەر ماڵ و ژیانی خۆیانن. ئێستا کاتێک کە لە ئێران بەتەنیام پتر دەیانبینم.

گوێیەکانم قوتەوە کرد، بینیم باشترین هەلە، پرسیم:

– بە تەنیای؟ گوتی:

– بەڵێ خێزانەکەم لە ئەمریکا مانەوە. گوتم:

– ئەمە زۆر زەحمەتە، تۆ لێرە و ئەوان لەوێ. گوتی:

– چی بکەین؟ منداڵەکان گەورە بوون و پتر بەوێ ڕاهاتوون، خانمیش نەیدەتوانی بە تەنیا بەجێیان بهێڵێت.

ئیتر تا ڕادەیەک هەموو زانیارییەکانم دەست کەوتبوو، بینیم شەرمە لەوە زیاتر بپرسم، گوتم:

– زۆر خۆشحاڵ بووم بە بینینت، ژمارە تەلەفۆنەکەمان بنووسە، ئەگەر بوارت هەبوو زۆرم پێ خۆشە چاوم پێت بکەوێت.

بەنائومێدییەوە پرسیم:

– ئەی لەبارەی منەوە پرسیاری نەکرد؟

– بۆچی نا، هەر بەدەم نووسینی ژمارە تەلەفۆنەکەوە وتی، هەواڵی هاوڕێکانت چییە؟ هێشتا هەر پێوەندیتان ماوە؟

لە خۆشییاندا پەڕ و باڵم دەرهێنا، گوتم:

– بەڵێ، بەڵێ! بێگومان، ئەویش حەز دەکات بتبینێت، دوای نیوەڕۆ تەلەفۆن بکە، بەڵکو کاتێکمان دیاری کرد و یەکترمان بینی، نازانیت چاوەکانی چۆن بریسکانەوە! پرسی:

– کێشە نییە؟

– وا بزانم هێشتا لە براکانت دەترسێت، گوتم:

– هەرگیز! بێ خەم بە. وەکو ڕەشەبا خوا حافیزیم کرد و نازانم چۆن خۆم گەیاندە ئێرە، خوا بەزەییی پێمدا هاتەوە تووشی ڕووداوێک نەهاتم، ئێستا چی دەڵێیت؟

– جارێکی تر هەزاران بیرکردنەوە لە مێشکمدا سەمایان دەکرد، پڕ بە مانای ئەو وشەیە سەمایان دەکرد، هیچ کامیان هێمن نەدەبوونەوە، ئۆقرەیان نەبوو تا من بزانم بیر لە چی دەکەمەوە...

– ئای... لە کوێی...؟ دەڵێم ئێستا ئەگەر ئەم دوای نیوەڕۆیە تەلەفۆنی کرد، چی پێ بڵێم؟ دەتەوێت کات دابنێم سبەی بێت؟

– بێت...؟ بۆ کوێ بێت...؟

– یا ماڵی ئێمە، یان ئێرە، هەر ئەوەندە بزانە سبەی شیرین چ بەرنامەیەکی هەیە؟

– سبەی چەند شەممەیە؟

– دووشەممە.

– نازانم بەرنامەی چییە.

– گرینگ نییە، لە ماڵ دایکم دیدار ساز ئەکەین، دایکم خەوتووە و ئاگای لێ

نییە.

– باشە بۆچی دیدار ساز بکەین؟ هەر وازی لێ بێنە.

– ناز مەکە، حەز ناکەیت بیبینی؟ سەرئەنجام ئەویش هاوڕێیەکی دێرینمانە، خۆشە لە پاش ئەم هەموو ساڵە بزانین چی بەسەر هاتووە، بۆچی ئەمانەوێت چی بکەین؟

– نازانم، لێکدانەوەکانم لەلا تێکەڵ بوون.

– ئەمە شتێکی تازە نییە، تۆ کەی تێکەڵاوت نەکردووە؟

– مێشکم کار ناکات، دەست و پێم دەلەرزێت.

– بەڕاستی...؟ دەڵێی هێشتا شازدە ساڵانی.

– هەروا، لەبەرئەوەی شازدە ساڵان نیم، نامەوێت بیبینم، ئەو هەر ئەو تەمەنەی منی لە یادە، ئەگەر ئێستا ڕووخسارم ببینێت، تووشی هەراس دەبێت.

– وای... ئەم قسانە چییە؟ بۆچی هەر ئێمە پیر بووین، خۆشی پیر بووە، جارێ تۆ، هەروەکو خەسرەو دەڵێت، ماشەڵڵا وەکو فەرشی کرمانی، جوانتر بووی.

– قسەی پووچ مەکە، خۆمان دەزانین پیر بووین.

– گرینگ ئەوەیە کە کەسی تر نەزانێت، ئێمە خۆمان زۆر شت دەزانین، نابێت بەسەر خۆمانیدا بهێنینەوە.

– بۆچی خەڵکی کوێرن؟ لە وێنەکاندا دیارە چەند گۆڕاوین، حەز ناکەم چیی تر لە ئاوێنە سەیری خۆم بکەم.

– دەباشە تۆش، کوا پیر بووین؟ یەکێ نەزانێت وا بیر دەکاتەوە نەوەد ساڵەین، تازە چل و هەشت ساڵین.

– نە گیانەکەم، خۆت مەخەڵەتێنە، پەنجا و سێ ساڵین.

– وەی وەی! ماشەڵڵا، بەم هەموو زانستە ماتماتیکییەوە چۆن نەبوویت بە ئەنیشتاین؟

لەو کاتەدا شیرین هاتە ژوورەوە. وەکو دوو منداڵی خەتابار خۆمان کۆکردەوە. شیرین پەروانەی ماچ کرد و بێ گوێدانە من چووە ژوورەکەی. ئێمەش سەیری

یەکترمان کرد و دەستمان بە پێکەنین کرد.

– لە بیرتە، هەرکە عەلی دەهات چۆن کاغەزەکانمان کۆ دەکردەوە؟

– وای بمرم، من بۆ چارەکێک هاتبوومە دەرەوە، ئێستا دایکم دڵی کەوتووەتە مەراقەوە کە چیم بەسەر هاتبێت.

لە کاتێکدا مانتۆکەی لەبەر دەکرد بەردەوام بوو:

– من دوای نیوەڕۆ نایەم، ئەگەر تەلەفۆنی کرد، بڕیاری سبەی سەعات شەشی پاش نیوەڕۆی لەگەڵ دادەنێم، لە ماڵی دایکم، ئەوێ ئاسوودەترە، بەڵام تۆ زووتر وەرە، لە تەلەفۆنیش لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین.

بۆ ژوورەکەم ڕۆیشتم، لە بەردەم ئاوێنەی مێزی تەوالێتەکە دانیشتم، لە نزیکەوە سەیری خۆمم کرد، هەوڵم دا لە ئاوێنەکەدا شتێک لە روخساری شازدە ساڵییەکەم بدۆزمەوە، بەوردی سەرنجی ئەو وردە چرچانەم دا کە لە تەنیشت چاومەوە بوون و لە کاتی پێکەنیندا قووڵتر دەبوونەوە، دوو هێڵی بەرجەستە لە لای لووتمەوە هاتوون و بەرەو هەردوولای لێوم کشاون، ئەو چاڵە خڕ و جوانانەی کە لەسەر گۆنام بوون و لە کاتی قسەکردن و پێکەنیندا، هەروەکو پەروین خانم دەیگوت، گرێی پەنجەیەکی تێ دەچوو، بووبوون بە دوو هێڵی درێژ لەملا و ئەولای دەموچاوم و لای دەممەوە. ئەو پێستە ساف و ناسکە، ئێستا بزرکاو و داکەوتبوو و لەکەی کاڵ بەسەر ڕوومەتەکانمەوە دیار بوو، پلکی چاوەکانم چیی تر درێژ و شین نەبوون، ئەڵقەیەکی درەخشاوەی تۆخ دەوری چاومی گرتبوو، قژێکی خورمایی، پڕ و خاو هەتا ناوقەدم درێژ بوو، نیوەی کورتەوە بووبوو، باریک و ناشیرین بوون، سەرەڕای بۆیەکردنیشی کەچی ڕەگە سپییەکانی هەر دەردەکەوتن، تەنانەت دۆخی نیگاکانیشم گۆڕابوون. نە! چیی تر من ئەو کچە جوانە نیم کە سەعید ئاشقی بوو، حەپەساو و سەرگەردان، لە ئاوێنەکەدا بە دوای خۆمدا دەگەڕام، کاتێک بە دەنگی شیرین بەخۆمدا هاتمەوە.

– دایە، چی بووە؟ یەک سەعاتە لە ئاوێنەکەدا لە جوانی خۆت لە ڕاماوی، هەرگیز نەمبینیوە ئەوەندە دڵبەندی ئاوێنە بیت.

– دڵبەندی؟ نە...! حەز دەکەم هەرچی ئاوێنە هەیە بیشکێنم.

– سەیرە! چی بووە؟ وەکو دەڵێن" شکاندنی ئاوێنە شکاندنی خەتایە" ئێستا چی بووە؟ بۆچی چی نیشان دەدات؟

– خۆم، پیرییەکەم.

– خـۆ تۆ قـەت لە پیـری بێـزار نەبوویت، بەپێـچـەوانەی هـەمـوو ژنێکەوە، بەجەسوورییەوە باسی تەمەنی خۆت دەکرد.

– بەڵێ، بەڵام هەندێ جار ڕووداوێک، وێنەیەک، مـرۆڤ دەگەڕێنێتـەوە بۆ ژیانی ڕابردوو، ئەوکاتە سەیری ئاوێنە دەکەیت، دەبینیت چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو وێنایەی لەسەر خۆت هەتبوو، زۆر ستەمگەرانەیە، وەکو بەزینێکی شکۆدار وایە.

– بەڵام دایە تۆ هەموو کاتێک دەتگوت، هەر تەمەنێک جوانی خۆی هەیە.

– وایە، بەڵام جوانیی گەنجی شتێکی ترە.

– هەموو هاوڕێکانم دەڵێن، دایکت چ خانمێکە، چەند بەڕێزە.

– ئازیز دڵەکەم، دایکم خانمێکی بەسۆز بوو، کاتێک بیویستایە باسی کچێکی ناشیـرین بکات، دڵی نەدەهات بڵێت ناشیـرینە، لە جیـاتی ئەوە دەیگوت خـوێن شیـرینە، ئێستـاش هاوڕێکانت بۆ ئەوەی نەڵێن دایکت چەند تێکشکاو و داڕماوە، دەڵێن چەند کەسایەتییەکی بەرز و بەهێزی هەیە.

– دایە، لێت نایەت ئەو قـســانە بکەیت. لە دیدی منـدا تـۆ هەمــوو کــاتێک جـوانتـرینی. کاتێک منداڵ بووم، حـەزم دەکرد وەکو تۆ بم، ئیـرەییـم پێت دەبرد، تا ئەم سـاڵانەی دواییش خـەڵک پتـر تەمـاشـای تۆیان دەکرد تاوەکـو من، لەوەی کـە ڕەنگی چاوەکانم وەکو چاوی تۆ نییە و پێستم وەکو سپێتی و ڕوونیی پێستی تۆ نەبوو، خەفەتم دەخوارد.

– ئەوە چی دەڵێی؟ تۆ زۆر لەمن سەرنجڕاکێشتر و جوانتری، من هەموو کاتێک ڕەنگم زەرد بوو، هەموو کەسێک وای دەزانی نەخۆشم، بەڵام تۆ بەو چاوە گەش و پێستە گەنمییە جوانە و چاڵەکانی سەر گۆنات، بەڕاستی شتێکی تری.

– ئێستا چی بووە وا کەوتیتە بیر گەنجیت؟

– ئەمە تایبەتمەندی تەمەنە، کاتێک مرۆڤ بەم تەمەنە دەگات، ڕابردوو بەلایەوە ڕەنگێکی تر دەگرێت، تەنانەت ڕۆژگارە ناخۆشەکانیشی بەلایەوە سەرنجڕاکێش

دەبن. هەتا گەنجین بیر لە داهاتوو دەکەینەوە، ئاخۆ ساڵێکی تر چی ڕوو دەدات! پێنج ساڵی تر لە چ دۆخێکداین! پەلەمانە تا ڕۆژەکان خێراتر تێ پەڕن و ئێمەش بە داهاتوو بگەین، کـــەچی کـــاتێک بە تەمـــەنی مـن دەگـــەیت، لەبەرئەوەی چاوەڕوانییەکت لە داهاتوو نییە، یان لە ڕاستیدا دەگمەنن، دەگەڕێیتەوە سەیری ڕابردوو دەکەیت، وەکو ئاغای شیرازی دەڵێت:

بە ڕێگەدا وەک ڕێبوارێک

جارجار ئاوڕێک لە دوا دەدەمەوە

تۆ نازانی ئەی سپێدەی رووناکی من

چ ڕێگەیەک لە بەرچاومە

لە حەسرەتی من ئاگادار نی

ئاخر ئەتۆ بەم ڕێگەیەدا نەهاتووی

پاش نیوەڕۆ، پەروانە تەلەفۆنی کرد و گوتی، کە بڕیاری بۆ سبەی سەعات شەشی دوای نیوەڕۆ داناوە. ئەو شەوە تا بەیانی لە تاوتوێکردندا بووم، لە دڵ خۆمەوە دەمگوت، باشترە نەیبینم، هیچ نەبێت بیرەوەرییەکانی گەنجی و جوانیمان لەیەکتر بمێنێتەوە. لە بیرمە بە درێژی ئەم ساڵانەی ڕابردوو چەندان جار، کاتێک جلێکی جوانم لەبەر دەکرد، بە خۆم ڕادەگەیشتم و لە ئاوێنەدا ڕووخساری خۆمم پێ جـــوان بوو، ئاواتم دەخـــواست لە هەلومـــەرجـــێکی چاوەڕوان نەکـــراودا لە میوانییەک، لە زەماوەندێک لە بازاڕدا بمبینێت. هەموو کاتێک حەزم دەکرد ئەگەر جارێکی تر هەلی یەکتر بینینمان بۆ هەڵکەوت، لە لووتکەی نایابی و جوانیدا بم. دەمەو بەیان پەروانە تەلەفۆنی کرد:

– چۆنی...! من دوێنێ شەو هیچ خەوم لێ نەکەوت.

پێ کەنیم و گوتم:

– ئاخر ئێمە پێوەندیمان بە هەمان هەلومەرجەوە هەیە.

ئینجا خێرا خێرا دەستی کرد بە فەرماندان:

– جارێ قژت بۆیە بکە.

– تازەیی بۆیەم کردووە.

– با وا بێت، ڕەگەکەی باش ڕەنگەکەی نەگرتووە، ئینجا گەرماوێکی گەرم بکە. پاشان جامێکی گەورە ئاوی سارد بگرەوە، سەهۆڵی تێ بکە، دەموچاوت نوقمی ئاوەکە بکە.

– دەخنکێم.

– نە گەوجە، چەند جارێک دەموچاوت بکە ناو ئاوەکە و دەری بهێنە، ئینجا، لەو کرێمانە لە دەموچاوت هەڵسوو کە بۆم هێنای، کرێمە سەوزەکە، دەموچاوپۆشی خەیارە، لە دەموچاوتی بدە، چاوت بنووقێنە و بیست چرکە بنوو، دوایی بیشۆرە، ئینجا بە کرێمە زەردەکە جوان دەموچاوت کرێمپۆش بکە، کاژێر پێنجیش بۆ ئێرە وەرە، بۆ ئەوەی خۆم بتڕازێنمەوە.

– چی! چی بڕازێنیتەوە؟ بۆچی من بووکم؟

– لای خوا چییە، لەوانەشە وا بێت.

– دەبڕۆ بابە، شەرم دات بگرێ، لەم تەمەنە.

– هەمدیسان وتی تەمەن، بەخوا جارێکی تر قسەی وا بکەیت لێت دەدەم...

– باشە، چی لەبەر بکەم؟

– ئەو کراسە خۆڵەمێشییەی کە لە ئەڵمان پێکەوە کڕیمان.

– نە، شەرمە، ئەوە جلی شەوە.

– ڕاست دەکەیت، ئەو چاکەت و دامێنە شەکەرییەکەت لەبەر بکە. نە! ئەو بلووزە ڕەنگ سوورەکەت لەبەر بکە کە دەوری یەخەکەی ڕەنگێکی کاڵتری هەیە.

– خۆم بیرێکی لێ دەکەمەوە.

– لە بیرت نەچێت ها... ئەو شتانە بکەیت کە پێم وتی!

من هەرگیز تاقەتی ئەم جۆرە شتانەم نەبوو، کەم و زۆر فەرمانەکانی پەروانەم جێبەجێ کرد. کاتێک دەموچاوپۆشەکەم لە دەموچاوم دا و نووستم، شیرین بۆ ژوورەکەم هات و بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

– چی ڕووی داوە! ئەمڕۆ چاک خەریکی خۆتی، چی بووە؟

– هیچ، پەروانە هانی دام ئەم دەموچاوپۆشــە بەکـاربهـێنم، منیش وتم بابزانم چۆنە.

شیرین شـانەکانی بەرز کردەوە و لە ژوورەکە چووە دەر. لە سـێ و نیوەوە دەستم بە خـۆ ئامـادەکردن کـرد، قژم لوول کـردبوو، بە وشک کـەرەوەکە بەجـوانی وشکم کـردەوە. دانە، دانە جلـەکـەم لەبـەر کـرد. لە ئـاوێنەکـە سـەیری خـۆمم کـرد لە دڵ خۆمەوە وتم، بـەلای کەمەوە دە کیلۆ لەو کـاتە قەڵەوتر بوومە، سەیرە! ئەو کـاتەی کە لاوازبووم، دەموچاوم پڕ و گۆناکانم بەرجـەستـە بوون، کەچی ئێستا قـەڵەوتر بووم، بەڵام دەموچاوم نیوەی ئەو کاتەیە.

لە دیدی مندا هـەر جلـە و عـەیبێکی هەبوو، سـەر تەختی خـەوەکـە پڕ لە کراس و بلووز و دامێن بووبوو. شیرین پاڵی بە چوارچێوەی دەرگەکەوە دا و گوتی:

– دایە، چی ڕووی داوە؟ دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆی؟

– ماڵ پەروانە.

– واتا بۆ پووره پەروانە ئەوەندە خۆت دەڕازێنیتەوە؟

– ئاخــر دەزانیت، پەروانـە چەند هـاوڕێیــەکی کـۆنی دۆزیوەتـەوە و بانگەشـــەی کردوون، حـەز ناکـەم لە بەردەمیـان پیر و ناشـیرین دیار بم، هێشـتـا ڕووپامـاییم لێیان هەیە.

– ئەها ...! دە وا بڵێ... چاویش هـەر چاوی سـەردەمی گەنجییـە کە هێشتـا هـەر بەردەوامە.

– چاو هـەر ئەو چاوە نییە، بەڵام هەستێکی سەیرە، وەکو ئەوە وایە لە پاش سـی و چەند سـاڵێک، بتـەوێت جـارێکی تر سەیری ئاوێنە بکەیت. حـەز دەکەم شـتێک لە ڕووخساری ئەو سـەردەمە لە یەکتردا بدۆزینەوە، دەنا زۆر لە یەکتر نامۆ دەبین.

– چەند کەسن؟

– کێ؟

– هـەر ئەوانەی پووره پەروانە بانگەشـەی کردوون.

کەمێک گێژ بووم. من هـەموو کاتێک درۆزنێکی خراپ بووم، بە منگە منگەوە وتم، ئەو یەکێکی بینیـوە و بڕیار وایە هـەرکێی دۆزییـەوە بیـهێنێت. ئیـتر ئێستـا نازانم،

هەرخۆی دێت یان دە کەسن.

– هەرگیز باسی هاورێکانی ترتان نەکردووە، ناوی چییە؟

– ئاخر من و پەروانە زۆر لە یەکترەوە نزیک بووین، ئیتر لەگەڵ ئەواندا نەبووین، بەڵام هەرچۆنێک بێت هاورێ و هاوپۆلمان بوون.

– زۆر خۆشە، ناتوانم بیهێنمە بەرچاوم لە پاش سیساڵ هاورێکانم چۆنن، وای، بیری لێ بکەرەوە، چ پیر و پەکەرێکمان لێ دەردەچێت.

بەسەرخۆمم نەهێنا، چاوەروان بووم ئەگەر بیەوێت لەگەڵ مندا بێت، بیانوویەک بهێنمەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو هەروەکو هەمیشە، بوونی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی، یان تەنانەت تەنیاییی بەلاوە باشتر بوو لەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک پیر و پەکەردا بێت. سەرئەنجام کراسێکی شوکولاتی رەنگ، خام و فێنکم لەبەر کرد کە لە ناوقەدەوە تەنگ بوو، لەگەڵ جووتێ سەندەڵی پاژنە بەرزی قاوەیی. سەرەرای ئەو هەموو دەستوبردەی کە کردم، کەچی کاژێر لە پێنج و نیو لای دابوو کاتێک گەیشتمە ماڵ پەروانە. ئەو بەباشی منی پشکنی.

– باشە، وەرە ئەوانی تریش رێک بخەم.

– سەیرکە، نامەوێت شتێکی سەیروسەمەرەم لێ دەرکەی، هەر ئەوەم کە هەم، سەرئەنجام تەمەنێکم لێ گوزەراوە، جا بەم ژیانەی منیشەوە.

– نە بابە، تۆ هەر ئاوهاش جوانیت، تەنیا سێبەرێکی سەرچاوی قاوەییی کاڵت بۆ لێ دەدەم، لەگەڵ چاورشتنێکی باریک و کەمێک مەسکارا. سووراویش بکە، هەر ئەوەندە. پێویستیت بە هیچی تر نییە، ماشەڵڵا هێشتا پێستت وەکو ئاوێنەیە.

– بەڵێ، بەڵام ئاوێنەیەکی شکاو.

– خۆ چرچییەکەی زۆر دیار نییە، تازە ئەویش چاوی کزە، ئەگەر دەتەوێت هەر لە ژوورەکە پێشوازی لێ دەکەین بۆ ئەوەی تاریک بێت و نەبینێت؟

– بەراستی تۆ...! بەم قسانەتەوە، بۆچی دەتەوێت شتی بەسەرچووی پێ بفرۆشیت؟ هەر لە حەوشەکە دادەنیشین.

سەری کاژێری شەش زەنگیان لێ دا، هەردووکمان راچڵەکین، پەروانە گوتی:

– بە گیانی دایکم بەلای کەمەوە دە چرکەیە لە پشت دەرگەکە وەستاوە بۆ ئەوەی

ڕێک سەری کات لە زەنگەکە بدات، دۆخی ئەو لە ئێمە خراپترە.

پاڵی بە دوگمـەی دەرگـەکـەوە نا و بـەرەو لای دەرگـەکـە ڕۆیشت، لە پاش چەند هەنگاوێک گەڕایەوە، بینی من وەسـتاوم، بە دەست ئاماژەی کرد کە بێم، بەڵام من لە جێی خۆم وشکەوە بووبووم. لە پەنجەرەکەوە بینیم پەروانە بەرەو لای حەوشـەکە پێـشی کـەوتبـوو. تۆزێک قـەڵەو بـووبوو، چاکـەت و پانـتۆڵی لەبەر بوو و قـژی بەلای گەنم و جۆییدا دەچوو، هێشتا دەموچاویم نەبینیبوو. دوای چەند چرکەیەک پەروانە هاتە ژوورەوە و بە تووڕەیییەوە گوتی:

– تۆ لە کوێی؟ ناشێ بتەوێت بە سینییە چایییەوە بێیتە ژوورەوە، بووکێ خان؟

– ناز مـەکە، دڵم هاتووەتە ناو دەمم، لـە پڕ پێیـەکانم وشکەوە بوون، نەمـدەتوانی بڕۆم بەڕێوە.

– یاخوا بمرم، بچکۆلە، ئێستا تەشریف دێن؟

– نە بوەستە!

– یانی چی؟ شـەرم بکە، لە مـنی پرسی، تۆ هاتووی وتم، بەڵێ، شـەرمـە، دەوەرە ئیـتر، ئێمە تـەمەنێکمـان لێ بەسـەرچووە، بۆچی بە ئەتواری کـچێکی چواردە سـاڵە دەکەیت؟

– بوەستە با بەسەر خۆمدا زاڵ بم.

– ئاااە... ئێـسـتـا بڕۆم چی بڵـێم؟ بڵـێم خـانم بووراوەتەوە؟ شـەرمـە، بـەتەنیـا دانیشتووە.

– نە، بڵێ لای دایکمە، ئێستا دێت، بەڕاست دایکتم نەبینی، داوەشێم.

بەڕاکردن بۆ ژوورەکەی دایکی پەروانە ڕۆیشـتم... قـەت لەو بڕوایەدا نەبووم لەم تەمەنەدا هەست و دڵەڕاوکێیەکی بەو شـێوەیەم هەبێت، خۆم زۆر بە ژیر و سـەرما و گەرمـا دیدە دەزانی، لەم ماوەیەدا لەگەڵ زۆر پیـاودا مامەڵەم هەبووە کـە سـەرنج و پێوەندیی تایبـەتییان نیشـان دەدا، بەڵام تەنیا لە سـەردەمی گەنجـیدا نەبێت، دۆخی ئاوهام بەخۆمەوە نەبینیوە. خانمی ئەحمەدی گوتی:

– دایکە، کێ هاتووە؟

– یەکێ لە هاوڕێکانی پەروانەیە.

– تۆش دەیناسی؟

– بەڵێ، بەڵێ، منیش لە ئەڵمان لەگەڵی ئاشنا بووم.

هەر لەوکاتەدا دەنگی پەروانە بەرزەوە بوو:

– مەعسووم گیان وەرە، ئاغا سەعید تەشریفی هێنا.

لە ئاوێنەکە سەیرێکی خۆمم کرد، دەستێکم بە قژمدا هێنا، لەوە دەچوو خانم ئەحمەدی هێشتا هەر سەرقاڵی قسەکردن بوو کاتێک من هاتمە دەرەوە، نەدەبوایە بواری بیرکردنەوە بە خۆم بدەم. بەپەلە هاتمە حەوشەکە، بە دەنگێک، کە هەوڵم دا لەرزۆک نەبێت، گوتم:

– سڵاو!

لە شوێن خۆی ڕاپەڕی، ڕێک ڕاوەستا، بەماتییەوە سەیری کردم، پاش ماوەیەکی کەم بەخۆیدا هاتەوە و بە هێمنی گوتی:

– سڵاو!

پاش هەواڵپرسین، هەموو دڵەڕاوکێکان کۆتاییان پێ هات، پەروانە ڕۆیشت چای بهێنێت، ئێمەش لە بەرامبەر یەکتر دانیشتین، کەسمان نەماندەزانی چی بڵێین. دەموچاوی شکابووەوە، بەڵام چاوە قاوەییە سەرنجراکێشەکانی هەر هەمان ئەو نیگایانەیان هەبوو کە لە یادمدا بوون، و بە درێژایی ئەم ساڵانەی ڕابردوو هەستم بە قورساییان بەسەر ژیانمەوە دەکرد، بەگشتی پێگەیشتووتر و دڵگیرتر هاتنە بەرچاوم، هیوادار بووم منیش لە دیدی ئەودا هەروا دیار بم. لەگەڵ دانیشتنی پەروانە و قسە سەرەتاییەکان، لە پاش نیو کاژێر، وردە وردە دانیشتنەکەمان گەرم بوو، داوامان لێ کرد بۆمان باس بکات لەم ماوەیەدا لە کوێ بووە و چی کردووە؟ گوتی:

– بە مەرجێ هەموو کەسێ قسە بکات...

– خۆ من هیچم نییە باسی بکەم، ژیانم زۆر ئاسایی بووە، لە پاش دیپلۆم، شووم کرد و بۆ ئەڵمان ڕۆیشتم، منداڵم بوو، دوو کچ و کوڕێکم هەیە، کچە گەورەکەم شووی کردووە، نیشتەجێی ئەڵمانم، بەڵام لەبەرئەوەی دایکم نەخۆشە پتر لێرەم، ئەگەریش ئیشەڵڵا دۆخی چاکتر بێتەوە و بکەوێتە سەرپێ، لەگەڵ خۆمدا

دەبیەم، هەر ئەوەندە. چاوتان لێیە! تەنانەت یەک ڕێکەوتی سەرنجڕاکێش و خرۆش ئامێز لە ژیانمدا ڕووی نەداوە، ئامـاژەیەکی بۆ من کـرد و بەردەوام بوو، بە پێچەوانەی ئەو.

– کەواتە تۆ قسە بکە، بە درێژاییی ئەم ساڵانە چیت کرد؟

– چی بڵێم... و بەنزاوە سەیری پەروانەم کرد.

– نە توخوا، تۆ باسی هیچ مەکە، ئاخر دەزانیت، ژیانی ئەم کتێبێکە، ئەگەر ئێستا دەست پێ بکات هەتا نیوەشەو تەواو نابێت، تازە من هەمووشی دەزانم، وەڕز دەبم، تۆ قسە بکە.

– واتا، مەعسووم خانم ناتانەوێت باسی بکەن؟

– بۆ نا، بەڵام بەپێی بوار، ئێستا ئێوە قسە بکەن.

– من کەمێک درەنگتر لەوەی کە بڕیار بوو خوێندنم تەواو کرد، لەبەرئەوەی کوڕی تاقانە و سەرپەرشتی خێزانەکەمان بووم، لە سەربازی بەخشرام، گەڕامەوە ورمێ، بە هاوکاری مامەکانم دەرمانخانەیەکم کردەوە، بارودۆخمان باش بوو، زەویوزارەکانی باوکیشم نرخیان بەرز بووەوە، یەک یەک خوشکەکانم بەشوو دا، پاشان دەرمانخانەکەم فرۆشت و لەگەڵ دایکم بۆ تاران هاتم، چەند هاوپۆلێکم دەیانویست کارگەی دەرمانسازی بکەنەوە، منیش بووم بە هاوپشکیان. کارەکە فراوان بوو، هەم لە کاری هاوردن و ناردنەدەرەوە و هەمیش کارخانەیەکی شتومەکی ئارایش و پاکژکردنەوەمان دامەزراند. دایکم مکوڕبوو لەسەر ئەوەی ژن بهێنم، لەگەڵ نازی کە خوشکی یەکێک لە هاوپشکەکانم بوو، هاوسەرگیریم کرد. نازی تازە خوێندنی تەواو کردبوو، لە پاش ماوەیەک بووین بە خاوەن منداڵ، ئەویش دووانە بوون، دوو کوڕی وەکو پارچە ئاگر، گەورەکردنی ئەمانە ئەوەندە دژوار بوو چیی تر منداڵمان نەویست. لە دوای شۆڕش هەموو شتێک سەرەوژێر بوو، دۆخی کارگە ڕوون نەبوو، بە دەستپێکردنی شەڕ بارودۆخەکە خراپتر بوو، هەموو کەسوکاری نازی خەریکی ڕۆیشتن بوون، ئەویش هەردوو پێی لە کەوشێک نا کە دەبێت بۆ هەندەران بڕۆین، هەموو ڕێگەکان داخرابوون، نازی سووربوو لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی نایاسایییەوە لە سنوور دەرباز بین، یەک، دوو ساڵێک بەرگریم کرد هەتا هەلومەرجەکە لەبارتر بوو، دایکم نەخۆش کەوت، خەفەتی

ڕۆیشـتنـی من مـەرگـەکـەی پێش خـست، زۆر خـەمـبـار بووم، هەرچیـمـان هەبوو فرۆشتمان، تەنیا کارێکی عاقڵانەم، هێشتنەوەی پشکی کارگەکە بوو. لە سەرەتادا بۆ نەمـسا بـۆ لای برایەکی نازی ڕۆیشـتین، هەتاکـو کـاروبارەکـەمـان بۆ چوون بۆ ئەمەریکا جێبەجێ بوو. دەستپێکردنەوەی ژیان لە خاڵی هیچەوە بۆ من کێشە بوو، هەرچۆنێک بوو ماینەوە هەتا وردە وردە جێی خۆمان گرت، منداڵەکان زۆر ڕازی و دڵخـۆش بوون، دوای یەک دوو سـاڵێک بەتەواوەتی بوون بـە ئەمـەریکـایی، نازی، بۆ ئەوەی زمانەکەی خۆی باش بێت، بە فارسی قسەکردنی لە ماڵەوە قەدەغە کردبوو، لە ئاکامـدا منداڵەکان تا ڕادەیەک بەتەواوەتی فـارسـییـان لە بیـر چووەوە. هەر لە بەیانـیـیـەوە هـەتاکـو شـەو، بەردەوام کـارمـان دەکـرد، ژیانمان باش بوو، هـەمـوو شـتێکمـان هەبوو تەنیـا خـۆشی نەبێت، بیـری خـوشکەکانم، هـاوڕێکانم، تاران و ورمـێـم دەکـرد. نـازی هەمـوو هـاوڕێ و خـزم و بنەمـاڵەکـەی لـە دەوری بوون، منداڵەکانیش لەگەڵ هاوڕێکانی قوتابخانەکەیان و دراوسێکان لە دنیـایەکی تردا دەژیان، لە دنیـایەکدا بوون کە من هیچ ئەزمـوون و وشـیـارییـەکم لەبارەیەوە نەبوو، زۆر خراپ هەستم بەتەنیایی و نامۆیی دەکرد. لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا، وتیان بار و دۆخەکە باش بووە، زۆر کەس گەڕایەوە، منیش هاتمەوە، بینیم کارگەکە لە شوێن خۆی ماوە، زەمینەی کارکردنیش خراپ نەبوو، جارێکی تر دەستم پێکردەوە، باری دەروونیـم زۆر باش بوو، شـوقـەیەکم کـڕی و بە دوای نـازی گـەڕامـەوە، بـەڵام ئەو بەهیچ شـێـوەیەک ئـامـادەی گـەڕانەوە نەبوو، بیـانوویەکی باشـیـشـی هـەبوو، منداڵەکان...! ڕاستیشی دەکرد، چیی تر دەرفەتی جیاکردنەوەی منداڵەکانمان لەو کولتـووڕە نەبوو کە تیـایدا تواوبوونەوە، سەرئەنجـام لەبەرئەوەی من لە تاران پارەی باشـترم دەست دەکـەوت وەک لەوێ، بڕیارمـان دا من لێرە بمێنمـەوە و کـار بکەم، نازیش لەوێ بمێنێتـەوە هەتاکو منداڵەکان سەروسـامان دەگرن. ئەمـە شەش حەوت سـاڵە ژیانمان بەو شـێـوەیـەیە. منداڵەکـان گـەورەبـوون، لەلای ئێـمـە نەمـاون، لە هەرێـمـێکی تر دەژین، بـەڵام نازی بەهـیچ شـێـوەیەک بیـر لە هاتـنەوە بۆ ئێـران ناکاتەوە، سـاڵی جـارێک بۆ دیداریان دەڕۆم، مـانگێک لەگـەڵیـان دەمـێنمـەوە، ئەوی تریشی تەنیـایی و کار و بیرکردنەوە و خـەیاڵە. دەزانم ژیانێکی تەندروست نییـە، بەڵام هیچیش بۆ گۆڕینی ناکەم.

پەروانە بەزەردەخــەنەیەکی عـەجـوولانـەوە کـە خـۆم چاکم دەنـاسی، ســەیری

سەعیدی دەکرد، لەژێر مێزەکەوە لە پێی دەدام، بەڵام من زۆر دڵم پێی دەسووتا، هەموو کاتێک ئاواتەخواز بووم کە هیچ نەبێت ئەو بەختەوەر بێت، بەڵام وا دیار بوو لە من تەنیاتر بوو.

– باشە ئێستا ئیتر نۆرەی تۆیە.

منیش چیرۆکی هاوسەرگیرییە زووەکەم لەگەڵ حەمید، باشی و بەسۆزی ئەو، خەباتە سیاسییەکەی، چوونی بۆ بەندیخانە، ئازادبوونەکەی، جارێکی تر زیندانکردنەوەی و سەرئەنجام باسی لە سێدارەدانیم کرد. سەبارەت بە کار و خوێندنەکەم قسەم کرد، باسی ئەو بەڵایانەم کرد کە بەهۆی منداڵەکانەوە چەشتم و باسی هەلومەرجی ئێستام کرد کە تا ڕادەیەک هەموو شتێک کەوتووەتە سەر ڕەوتی خۆی، بەکورتی باسی ئەوەم کرد کە هەرسێکیان گەیشتوونەتە ماڵ و ژیانی خۆیان. ئەو شەوە وەکو سێ هاوڕێی زۆر نزیک کە لە دوای چەندان ساڵ بە یەکتر گەیشتوون، ئەوەندەمان قسە کرد کاتمان لەبیر کرد، بە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە، هەرسێکمان لە شوێنی خۆمان ڕاچڵەکین، پەروانە وەڵامی دایەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

– هاوڕێیان شیرینە، دەڵێت کاژێر دەیە!

هەموو حەپەساین، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، شیرین بەتووڕەییەوە گوتی:

– دایە لە کوێی؟! وا دیارە زۆر خۆشی بەسەر دەبەیت، کەوتمە مەراقەوە.

– قەینا، با جارێ تۆش دڵت بۆ من بکەوێتە مەراقەوە، سەرقاڵی قسەکردن بووین، نەمانزانی چۆن کات بەسەرچوو!

کاتی ڕۆیشتن سەعید گوتی:

– من دەتگەیەنم.

پەروانە بە بێ پەرواییەکەی خۆیەوە گوتی:

– نە سوپاس بۆ خوا خۆی ئۆتۆمۆبێلی هەیە، ناتوانن دوور لە چاوی من قسە بکەن.

سەعید بە دەنگی بەرز پێ کەنی، منیش مۆڕەیەکم لە پەروانە کرد.

– چییە دووبارە مۆڕەم لێ ئەکەیت؟ باشە، حەز دەکەم بزانم چی دەڵێن، ئاغا

سەعید ئاگات لێیە، لە منداڵییەوە هەروا بوو، هەموو کاتێک دەیگوت وا مەڵێ شەرمە، ئەو کارە مەکە شەرمە، ئێستاش کە پەنجا ساڵ لە تەمەنمان تێ پەڕیوە هەر ئاوهایە.

– پەروانە بەسە ئیتر، ئەم قسانە چییە؟

– باشە من بەسادەیی قسەکانی خۆم دەکەم، بەخوا ئەگەر بزانم بە بێ ئاگەیی من بڕیاری یەکتر بینینتان داناوە، خۆتان ئەزانن! دەبێت منیش لەگەڵتان بم... سەعید پێ دەکەنی، من لێوەکانم گەست و گوتم:

– باشە، دیارە تۆش هاوەڵمانی.

– باشە ئەی بۆچی ئێستا و لەبەرچاوی من دیداری داهاتوو دیاری ناکەن؟ ناشێ نەتانەوێت جارێکی تر یەکتر ببینن؟!

بۆ ئەوەی کۆتا بەم پرسیارە بهێنم گوتم:

– جاری داهاتوو بۆ ماڵی ئێمە تەشریف بێنن.

– ئاها... ئەمەیان باش بوو، کەی؟

– سەرلەبەیانی چوارشەممە، شیرین لە کاژێر دە بۆ زانکۆ دەڕوات، تا پاش نیوەڕۆ نایەتەوە، بۆ نانی نیوەڕۆ تەشریف بێنن.

– پەروانە دەستەکانی لەیەک دا و گوتی:

– چ باش، من بە فەرزانە دەڵێم بۆ لای دایە بێت، ئاغا سەعید کاتەکەی بۆ تۆ گونجاوە؟

– بێزارتان ناکەم؟

– بەپێچەوانەوە، زۆریش شادمان دەبین.

ناوونیشان و ژمارە تەلەفۆنەکەی بەپەلە نووسی، و لەسەر دیداری دووسبەی یەکترمان جێ هێشت.

هێشتا جلەکەم نەگۆڕیبوو، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، پەروانە لەسەر هێڵ بەپێکەنینەوە وتی:

– پیرۆزباییت لێ دەکەم، لایەنەکە ژنیشی نییە.

– چۆن نییەتی؟ ئەی ئەو هەموو چیرۆکەی بۆی باس کردی چی بوو؟

– باس لە جیابوونەوە بوو نەک ژیانی ژن و مێردایەتی، تێ نەگەیشتی؟

– خوا نەکات، داماوە... تۆ چ بەو جنسی، ئیشەڵڵا ژنەکەی دێتەوە و ژیانیان ئاراستەی خۆی دەگرێت.

– دەبڕۆ بابە، هێشتاش لە دوای ئەم هەموو ساڵە نەمزانی بە ڕاستی گێژی، یان خۆت لە گێلی دەدەیت!

– ئازیزەکەم، ئەوانە ژن و مێردی فەرمین، جیا نەبوونەتەوە، باسی تەڵاقیش نەکرا، تۆ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت ئاوها بەخێرایی بڕیار لەسەر ژیانی خەڵکی بدەیت؟

– با بزانم جیابوونەوە چی دەگەیەنێت؟ واتە، بڕۆن لە شوێنێک ئیمزا بکەم، هەر ئەوەندەیە؟ نە گیانەکەم، ئەمانە حەوت ساڵە لە ڕووی سۆز، پێوەندی، شێوازی ژیان، شێوەی پرسی کێشەکان، کولتوور، کەش، کات و شوێنەوە لە یەکتر جیان، تۆش چاوت بکەوە، ڕاستییەکان ببینە، وا ئەزانیت ئەو خانمە لە ناوچەرگەی ئەمەریکا، تاق و تەنیا، بێ سەرگەورە، لەو ژینگە لەبارەدا، حەوت ساڵە لە دووری هاوسەرەکەی نایەوێت کە لەبەر خاتری پێیەکیش بخاتە ئێرانەوە، دانیشتووە و فرمێسک دەڕێژێت؟! و ئەم پیاوە، حەوت ساڵە هەروەکو عیسای کریستیانەکان، بە یادی ئەشقە بەدی نەهاتووەکەی، هیچ گوناهێک ناکات؟ دە بڕۆ بابە، هەروەکو وتم، یان تۆ زۆر ساکاری یانیش خۆت لە کەری دەدەیت.

– ئەی باشە ئەگەر وایە بۆچی بەفەرمی لە یەکتر جیا نابنەوە؟

– چ پێویست دەکات؟ ژنەکە لەم قسانە زیرەکترە. کەرێک لێرە ڕەنجی بۆ دەدات، پارە پەیدا دەکات و بۆی دەنێرێت، هیچ بێزاریشی ناکات، نە چێشتی نیوەڕۆی لێ دەوێت، نە جل شتن و نە هیچی تر، دەبێت ئەو کەسە گەمژە بێت ئەگەر ئەم هێلکە ئاڵتوونییە لە کیس خۆی بدات. ئەم پیاوەش کە هەتا ئێستا نەیویستووە ژن بهێنێت، لەوانەیە لەوێش سەرمایەیەکی هەبێت، ئەگەر بیەوێت ژنەکەی تەڵاق بدات نیوە دەبێت، دیارە ئێستا بە پێویستی نازانێت.

– تۆ بیر لە چیگەل دەکەیتەوە!

– من هەزار جار شتی ئاوهام بینیوە. لەوانەیە هەندێ هەلومەرجیان لەیەکتر جیاواز بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە شتێکیشدا هاوبەشن، لەبەرئەوەیە کە ئەم ژن و مێردە چیی تر هەتا هەتایە نابنەوە بە ژن و مێرد، مێشکت ئاسوودە بێت.

بۆ ڕۆژی چوارشەممە، بە وزەی سەردەمی گەنجی، کە پێم وابوو دەمێکە ونم کردووە، ماڵەکەم ڕێکوپێک کرد، چێشتم لێنا و خۆم ڕازاندەوە. چ ڕۆژێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد. بەم شێوەیە دیدارەکانمان بەردەوام بوو و سەرتاپای ژیانمی خستە ژێر تیشکی خۆیەوە. هەستم دەکرد دیسانەوە گەنجیم دەستی پێ کردووەتەوە. بە خۆم ڕادەگەیشتم، ئارایشتم دەکرد، جلم دەکڕی، تەنانەت هەندێ جاریش دەستم بۆ دۆڵابەکەی شیرین دەبرد و هەندێ لە بلووزەکانیم لەبەردەکرد. دنیا ڕەنگێکی تری لە خۆ گرتبوو، ژیانم ئامانجێکی هەبوو. کارەکانم بەجۆش و خرۆشەوە دەکرد. چیی تر هەستم بەتەنیایی، پیری، پەککەوتن و لەبیرچوونەوە نەدەکرد، تەنانەت هەستم دەکرد ڕووخسارم گەنجەوە بووە. هێڵەکانی ژێر چاوم کەمتر دیار بوون، چرچییەکانی دەوری لێوم ئەو قووڵاییەی جارانیان نەما. پێستم درەوشاوە و گەش دەهاتە بەرچاو. هەموو کاتێک چاوەڕوانییەکی دڵگیر لە دڵمدا شەپۆلی دەدا. دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە بەلامەوە مانایەکی تری پەیدا کردبوو. لە کاتی قسەکردندا، بێ ویستی خۆم دەنگم نزم دەکردەوە و بە وشەی چەند برگەیی و ناڕوون وەڵامم دەدایەوە. لە نیگا وردەکۆڵەکانی شیرین هەڵدەهاتم، دەمزانی بەو هەموو هەستیارییە بەهێزەوەی سەبارەت بە من، ئاگای لە هەموو شتێکە، لە گۆڕانکارییەکان تێ دەگات، بەڵام نەیدەزانی چی ڕووی داوە! هەفتەیەک لە دوای دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکان گوتی:

– دایە، لەو کاتەوەی هاوڕێ کۆنەکانت دۆزیوەتەوە باری دەروونیت زۆر باش بووە.

جارێکی تریش بە تەشەرەوە گوتی:

– دایە بەخوا گومان لە ڕەفتارت دەکرێت.

– یانی چی گوماناوییە، بۆچی چیم کردووە؟

– ئەو شتانەی پێشتر نەت دەکرد، بە خۆت ڕادەگەیت، زۆر دەڕۆیتە دەرەوە، شاد و سەرمەستی، گۆرانی دەڵێیت، بەکورتی جۆرێکی!

– ئاخر چ جۆرێک؟

– وەکو ئاشقان، کچانی گەنج.

من و پەروانە وامـان بەباش زانی کە سـەعیـد و شـیرین یەکـتر بناسـن. چونکە شەرم بوو بۆ من لەم تەمەنەدا کاری نهێنی بکەم، وەکو منداڵ هەراسم لەوە هەبێت کـە من و سـەعـیـد پێکەوە ببـینێت. بـەڵام دەبوایە هۆیەکـمـان بـۆ هاتوچۆکـانی ئەو بدۆزیبایەتەوە. لەگەڵ پەروانە، لە پاش گفتوگۆکردن بەو ئەنجامە گەیشتین کە وەکو هاورێیـەکی بنەمـاڵەی پەروانە بیناسـێنین کـە تازەیی لـە هەندەرانەوە هـاتووەتەوە، و لە پاسـاوی هـاتوچۆ زۆرەکەشـی پرسـی کارکردن بخـەینە ئاراوە. بەرێکەوت ئەویش چەند بـابەتێکی وەرگـێـرابوو و بـۆ هەڵەچنی خـسـتـیـە بەردەسـتم، منیش خـۆم وا نیشـان دەدا کە بەوانەوە سـەرقاڵم. شیـرین یەک، دووجار ئەوی بینی، حـەزم دەکرد بۆچوونی لەبارەی سـەعیدەوە بزانم، بەڵام نەمدەویست بەدگـومانی بهێنمە کـایەوە، سـەرئەنجـام خـۆی هـاتە قسـە و جـاری دووەم کـە ئەوی بیـنی و زیاتر لەگـەڵ یەکـتر ئاشنا بوون، گوتی:

– پوورە پەروانە ئەمەی لە کوێ دۆزیوەتەوە؟

– خزمی دووریانە، دەمێ ساڵیشە لێرە نییە، بۆچی چۆنە؟

– هیچ، پیرەمێردێکی قۆزە.

– پیرەمێرد...؟!

– بەڵێ، خاوەن کەسایەتی و پیاو دیارە، بۆ پوورە پەروانە نەگونجاو نییە.

– بێ تەربییەت، هەموو خزمەکانی پوورە پەروانە خەڵکی ڕێکوپێکن.

– ئەی بۆچی خۆی ئاوهایە؟

– چۆنە...؟

– کەمێ گێژە.

– شـەرم بکە، کەس بە پووری خـۆی ئاوها ناڵێت، ئەتوانی بـڵێی ڕەفتاری باشـە، بڵێ دەم بەپێکەنینە، دەروونی مرۆڤ گەنج دەکاتەوە.

– ئەرێ وەڵا، کاتێک ئەو لێرەیە تۆ سەر و پێی خۆت ون دەکەیت، هەر بەهێواشی

پچەپچ و فسەفس دەکەن.

– تۆ ئیرەیی بەویش دەبەیت؟ واتا من نابێت تەنانەت یەک هاوڕێشم هەبێت؟

– نە بابە، کەی من قسەی ئاوهام کردووە، من زۆریش دڵخۆش دەبم کە تۆ شاد و باری دەروونیت باش بێت، بەڵام ئەو هەر ئاگای لە تەمەنی خۆی نییە.

بەدرێژاییی هەموو هاوینەکە، بەلای کەمەوە ڕۆژێ نە ڕۆژێ یەکترمان دەبینی. ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژ بوو کاتێک داوەتی کردین بۆ باخەکەی کە لە دەوروبەری دەماوەند کڕیبووی. چ ڕۆژێکی خۆش و پڕ بیرەوەری بوو...! بایەکی دڵگیر لە کێوە سەرکەشەکانەوە، فێنکی بەفری لووتکەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. هەواکەی پاک و بۆنخۆش بوو، گەڵا بچکۆلەکانی ئەو سپیدارانەی کە چوار دەوری باخەکەی دابوو، لە کۆتاییی چڵە باریکەکانیدا، وەکو پوولەکەی درشت، لەگەڵ هەڵکردنی هەر سروەیەکدا دەلەرینەوە و لە بەردەم تیشکی درەوشاوەی خۆرەکەدا ڕەنگەکانیان دەگۆڕا. کاتێک بایەکە بەهێزتر بوو، دەتگوت دەنگی گەڵاکان هەزاران کەسن بۆ تۆ، بۆ ژیان و هەموو جوانییەکانی سروشت چەپڵە لێ دەدەن. لە قەراخ جۆگەلەکان، گوڵە ئەتڵەسییەکان لە ناو بەرامە دڵگیرەکەیاندا نووستبوون. داری میوەکان بارە بەهەشتییەکەی خۆیان هەڵگرتبوو، سێوی دوو ڕەنگ، هەرمێی پێگەییو، هەڵووژەی زەرد، قۆخە تووکنەکان بەدەم بانگکردنەوە ئیشتیاهاوەر بوون، لەژێر تیشکە ئاڵتوونییەکەی خۆردا دەدرەوشانەوە. لە ژیانمدا ڕۆژگەلێکی دەگمەن هەبوون کە ئاواتم دەخواست کات لە جووڵە بوەستێت، ئەو ڕۆژەش یەکێک لەو ڕۆژانە بوو. هێمن، جوان و بێ ختووکە بوو، هەرسێکمان پێکەوە چ شادمان و ئاسوودە بووین. پەردەکانی پارێزکاری و نامۆیی دامالرابوون و بەئازادییەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد. پەروانە وەکو نیوەی دووەمی من وا بوو، ئەو شتانەی کە لەوانەبوو من توانای وتنیانم نەبوو، ئەو باسی دەکرد. بە عەجوولییەکەی و قسە ڕاست و ڕەوانییەکەی، دەبووە مایەی پێکەنین و شادمانیمان. من نەمدەتوانی جڵەوی پێکەنینەکانم بگرم کە لە قووڵترین گەردیلەکانی بوونمەوە هەڵدەقوولا، لەسەر لێوەکانم شکۆفەیان دەکرد، دەنگی لە گوێمدا زرینگانەوەیەکی دڵگیر و سەیری هەبوو، لە دڵ خۆمەوە دەمگوت:

– ئاخۆ بەڕاستی ئەمە منم ئاوها پێ دەکەنم!

دوای نیـوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لە پاش پیـاسـەیەکی وزەئاوەر و خـۆش، لە هەیوانی ڤیـلاکە دانیـشـتین، لەگـەڵ سـەیرکـردنی دیمەنی ڕۆژئاوابوونـی شکۆداردا، چای و شیرینیمان دەخوارد کاتێک پەروانە دەستی پێ کرد:

– سـەعـیـد، من ناتوانم ئەو پرسـیـارە نەکـەم، بەدرێژاییی ئـەم سـاڵانـە من و مەعسووم ئەمەمان لە خۆمـان دەپرسی. بۆچی تۆ لە دوای شـەوی یەکەم ون بووی؟ بۆچی نەگەڕایتـەوە؟ بۆچی دایکت بۆ خوازبێنی نەنارد؟ پێت وانییە کـەمکاریت کرد و هەمـوو ئـەو دژوارییـانەی کـە هـەردووکـتـان لە ژیانـدا کـێـشـاتان بەهـۆی ئەو کەمکارییەی تۆوە بوو؟

هەتاکو ئەو ڕۆژە، هەموو هەوڵمان دەدا سـەبارەت بەو شەوە و ڕووداوەکانی قسـە نەکـەین. لەبەرئەوەی هـەم دەبووە هـۆی ڕووزەردی من و هـەمـیش ئەوی دەخـسـتـە ناو شـەرمـەوە، بۆیـە لەم بێ چاووڕوویـیـەی پەروانە هـەراسـان بووم. تەمـاشـایم کـرد، لێوەکانم گەست و سـەرزەنشتکارانە گوتم:

– پەروانە؟!

– چیتە؟ مـن وا هـەست دەکەم ئەوەنـدە لە یەکتـرەوە نزیک بووینەتەوە کـە بتـوانین سـەبارەت بە هۆکاری کـارەکانمان قسـە بکەین. ئەویش پرسێکی بەم گرینگییە کە چارەنووسی هـەردووکتـانی گۆڕی، وا نییە؟ سـەعید، ئەگـەر ناتەوێت وەڵام بدەیتەوە، مەیدەرەوە!

– نە! نە! من دەبێت ڕوونی بکەمـەوە. بەڕێکەوت زۆر خوازیار بووم سـەبارەت بەو شـەوە و ڕووداوەکانی پاش ئەوە قسە بکەم، بەڵام ترسـام مەعسووم بێزار بێت.

– مەعسووم تۆ بێزار دەبیت؟ ناتەوێ بزانیت؟

– بۆ نا، پێم ناخۆش نییە بزانم...

ئەویش باسی کرد و گوتی:

– ئەو شـەوە من بێ ئـاگـە لە هـەمـوو شـتـێک لە دوکـانەکـە بووم، کـاتێک ئەحـمـەد هـات دەسـتـی کـرد بـە دژوێندان. واقم وڕمـابوو. دوکـتـۆر ڕۆیشت بـۆلای بۆئەوەی هێمنی بکـاتەوە، هەڵمەتی بۆ دوکتـۆر برد. من ڕۆیشتم دوکتـۆر بهێنمـە ئەملاوە، بە مـسـتـەکـۆڵە و شـەق بەربووە وێزەم، نەمـویست لەگـەڵی تێکلێم، زۆر سـەرخـۆش بوو.

هەموو خەڵكی گەڕەكەكە كۆبوونەوە. من خۆم مرۆڤێكی شەرمن بووم، تەنانەت بە بەرچاوی خەڵكی جگەرەشم نەدەكێشا، خەریك بووم لە شەرمدا دەمردم. هەزاران قسەی ناشیرینی پێ وتم. گوتی، خوشكەكەیم لە ڕێ دەركردووە، زۆر شتگەلی تریش كە بۆ ئابڕووی خۆشی خراپ بوو. هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو، پاشان چەقۆكەی دەرهێنا و هێرشی بۆ هێنام. خەڵكی ڕژانە سەرمان، گرتیان و منیان لەژێر دەست و پێی هێنا. دواتر هەڕەشەی كرد كە ئەگەر لەو دەوروبەرە بمبینێ دەمكوژێت. دیارە من لە هەڕەشەكەی نەترسام، بەڵام دوكتۆر گوتی، چەند ڕۆژێك بۆ دوكان نەڕۆم، لەولاشەوە بارودۆخم زۆر خراپ بوو، نەمدەتوانی لە شوێن خۆم بجووڵێمەوە. گیانم زۆر كوترابوو و چاوێكم ئەوەندە ئاوسابوو، چیی تر هیچ شوێنێكی نەدەبینی. زامەكانم زۆر گرینگ نەبوون، تەنیا دەستم چەند تەقەڵێك دووراپەوە. لە دوای چەند ڕۆژێك دوكتۆر عەتایی هات بۆ لام، گوتی، گوایە ئەحمەد هەموو شەوێك بەوپەڕی مەستی و سەرخۆشییەوە دەڕواتە بەردەم دوكانەكە و دژوێن دەدات و گوتوویەتی، خەڵك نەیانهێشت لێرە ئەو سەگە پیسە بكوژم، لە ماڵەوە كەس ناتوانێت جڵەوم بگرێت، دەڕۆم ئەو كچە دەكوژم بۆ ئەوەی دڵی ئەو كوڕە واوا لێكراوە بسووتێنم. لەولاشەوە دوكتۆر تەباتەبایی كە لەسەر كۆڵانەكە شوێنكاری پزیشكی هەبوو، بە دوكتۆر عەتایی گوتبوو كە بۆ پشكنینی تۆ بۆ ماڵ ئێوە هاتووە و باسی كردبوو چەند لە تۆیان داوە و لە چ دۆخێكی نالەباردایت. دوكتۆر گوتی، ئەگەر لەبەر ئەو كچە بێ گوناهەش بووە، ئێستا بڕۆ و چەند مانگێك بۆ ئەم دەوروبەرە مەیەرەوە، هەتاوەكو ئاو لە ئاسیاو دەكەوێت، ئەوكاتە خۆم لەگەڵ باوكی قسە دەكەم و ئاگادارت دەكەمەوە، تۆش دایكت بهێنە و بۆ خوازبێنی بڕۆن. هەندێ جار درەنگانی شەو، وەكو دز دەهاتمە پشت ماڵەكەتان، هیواداربووم لە پشت پەنجەرەكەوە بتبینم. ئیتر ئەو وەرزە بۆ زانكۆ نەڕۆیشتم و تاقیكردنەوەم نەدا، ڕۆیشتم بۆ ورمێ، لە چاوەڕوانی هەواڵی دوكتۆردا مامەوە. بڕیارم دابوو مارە ببڕین هەتاكو من خوێندنەكەم تەواو دەبێت، ئەگەریش تۆ قایل بوویت، هاوسەرگیری بكەین و تۆ لەلای دایكم بمێنیتەوە. لەناو ئەم بیر و ئەندێشەیەدا بووم، دایكیشم هاتبوو، بەڵام دوكتۆر دەنگی نەبوو. خۆم بۆ تاران هاتم، ڕۆیشتم بۆ لای، دەستی كرد بە ئامۆژگاریكردن كە دەبێت بخوێنم، كە من ژیانم تازە دەستی پێ كردووە، كە خەفەت نەخۆم، كە هەموو شتێك زوو لە

بیردەچێتەوە. بەکورتی ئەو ئامۆژگارییانەی بەو کەسانە دەوترێت کە ئازیزێکیان مردبێت. لە سەرەتادا وام دەزانی خوا نەخواستە تۆ مردووی، کەچی سەرئەنجام گوتی، کە چۆن بەپەلە، لە هەفتەیەکدا تۆیان بەشوو داوە. دنیا لە بەرچاوم تارومار بوو. وەرزی دواتریش بۆ زانکۆ نەڕۆیشتم. شەش مانگی تریشی ویست تاوەکو توانیم خۆم بدۆزمەوە و بەردەوامی بە ژیان بدەم.

هەرچەند پتر سەعیدم دەناسی، زۆرتر دەمزانی چ غەدرێکییان لێم کردووە، ئێمە دەمانتوانی بەختەوەرترین ژن و مێردی دنیابین، ئاه... تەنیا ئەگەر چەند مانگێک درەنگتر منیان بە شوو دەدا...

ڕۆژگارە خۆشەکانی هاوین بە خێراییەکی باوەڕ پێ نەکراو تێ پەڕین. فێنکیی ڕۆژەکانی کۆتاییی گەلاوێژ، بیرخەرەوەی هەنگاوەکانی پایز بوو. دایکی پەروانە دۆخی باشتر بوو، دوکتۆرەکان مۆڵەتی سەفەریان پێ دابوو. پەروانەش خەریک بوو خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکرد. من و ئەو لەگەڵ سەعید لە حەوشەکە دانیشتبووین. شاڵێکی ناسکم لەسەر شانم دانابوو. دڵتەنگ بووم گوتم:

– پەروانە ئەمجارە زۆرتر لە جارەکانی تر لە ڕۆیشتنەکەت بێزارم و هەست بە تەنیایی دەکەم.

– خوا لە دەمتانی ببیستێ، دنیایەک نەزر و نیازتان کرد بۆ ئەوەی لە بەڵای من ڕزگارتان بێت، بەڵام لەمەولا دەبێت ئەگەر وشەیەکیشتان گوت، بۆم بنووسن، هەر دەبێت کە بەیەک گەیشتن تۆمارکەرێکی دەنگ دابنێن و دەنگەکەتان تۆمار بکە.

سەعید بەپێچەوانەی هەموو جارێکەوە پێ نەکەنی، بەخەمەوە سەری داخست و گوتی:

– خەمت نەبێت، منیش دەبێت بڕۆم.

هەردووکمان لە جێیەکەمان ڕێک دانیشتین، بە سەرسوڕمانەوە گوتم:

– بۆ کوێ بڕۆی؟

– دەبێت بڕۆم بۆ ئەمەریکا. هەموو ساڵێک سەرەتای هاوین دەڕۆیشتم، مانگێ تا سێ مانگ لەلای نازی و منداڵەکان دەمامەوە، ئەمساڵیش بڕیار بوو بڕۆم، بەڵام هەتا ئێستا دەستی دەستیم پێ کرد، ڕاستییەکەی دڵم نەدەهات، نەمدەویست بڕۆم...

نوقمی ناو کورسییەکەم بووم. زەردەخەنە لەسەر لێوەکانم مرد. هەرسێکمان بێدەنگ و لە ناو بیرکردنەوەدا بووین. پەروانە بۆ هێنانی چای چووە ژوورەوە، سەعید ئەو هەلەی قۆستەوە، دەستی خستە سەر دەستم کە لەسەر مێزەکە بوو و گوتی:

– بە دڵنیاییەوە دەبێت پێش ڕۆیشتنم قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام بە تەنیا، سبەی بۆ نانی نیوەڕۆ بۆ ئەو چێشتخانەیە وەرە کە هەفتەی پێشوو ڕۆیشتین، کاژێر یەک چاوەڕێت دەکەم، دەبێت بێی.

دەمزانی دەیەوێت چی بڵێت، هەموو ئەوینی ساڵەکانی پێشوو دووبارە زیندوو بووبوونەوە. بە شپرزی و دڵەڕاوکێوە چوومە ناو چێشتخانەکە. لە دوورترین خاڵدا، لە پشت مێزێکی بچووک دانیشتبوو و لە پەنجەرەکەوە تاماشای دەرەوەی دەکرد. ڕۆیشتم بۆلای، هەستایە سەرپێ، پاش قسە ئاساییەکان، نانی نیوەڕۆمان خوارد، هەردووکمان نوقمی بیرکردنەوە بووین و کەسمان قسەمان نەدەکرد، نەمانتوانی چێشتەکەمان تەواو بکەین، لە دوای نانخواردن جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی:

– مەعسووم، بەدڵنیاییەوە ئێستا ئیتر زانیت کە تۆ تاقە ئەشقی ڕاستەقینەی هەموو ژیانم بووی. چارەنووس کێشەی زۆری بەسەرمان هێنا، دژواریی زۆرمان چەشت، بەڵام، لەوانەیە ئێستا بیەوێت قەرەبووی بکاتەوە و ڕووی خۆشی خۆیمان نیشان بدات. من بۆ ئەمەریکا دەڕۆم بۆ ئەوەی بارودۆخی خۆم لەگەڵ نازی یەکلا بکەمەوە. دوو ساڵ پێش ئێستا ئاگادارم کردبووەوە کە یان بۆ ئێران بێت و لەگەڵم بژی یانیش تەڵاق وەرگرێت. بەڵام هیچ کاممان وەدووی نەدەکەوتین. ئێستا، لەوەدەچێت ئەو چێشتخانەیەکی کردووەتەوە و کارەکەی زۆر باش گرتوویەتی، دەڵێت، بە قازانجمانە لەوێ بمێنینەوە. هەرچۆنێک بێت، دەبێت ئیتر هەر ئەمساڵ بەرنامەی ژیانمان ڕوون بکەینەوە، لەم ژیانە بێ سەروبەرە و نارێکە ماندوو بووم. ئەگەر لە تۆ دڵنیا بم کە هاوسەرگیریم لەگەڵ دەگریت، زۆر شتم بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەتوانم بەئاسوودەییەوە بڕیار بدەم و بەڕەهاییەوە جێبەجێی بکەم، باشە! چی دەڵێی؟ شووم پێ دەکەیت؟

وێڕای ئەوەی هەموو کاتێک چاوەڕێی ئەم پێشنیارە بووم، و لەو ڕۆژەوەی ئەوم

بینیبوو دەمزانی داوایەکی ئاوهام لێ دەکات، کەچی هەر دڵم داخورپا و کەوتمە هەڵەوپەڵە، لەبەرئەوەی لە مێشکی خۆمیش نەمدەزانی دەبێت چ وەڵامێک بدەمەوە.

– نازانم.

– چۆن نازانی؟ واتە لە پاش سی و چەند ساڵیش هێشتا هەر ناتوانیت بۆ خۆت بڕیار بدەیت؟

– سەعید منداڵەکانم، منداڵەکانم چی لێ بکەم؟

– منداڵەکان؟ کام مندالانە؟ خۆ چیی تر منداڵ بوونی نییە، هەموو گەورە بوون، هەریەکەو بۆ لای ژیانی خۆی ڕۆیشت، چیی تر پێویستییان بە تۆ نییە.

– بەڵام سەبارەت بە من زۆر هەستیارن، دەترسم هەراسان بن. ئاخر دایکیان لەم تەمەنەدا...

– توخوا وەرە با جارێک لە ژیانماندا تەنیا بیر لە خۆمان بکەینەوە. سەرئەنجام ئێمەش بەشێکمان لە ژیاندا هەیە. وانییە؟!

– دەبێت لەگەڵ منداڵەکانم قسە بکەم.

– باشە وا بکە. بەڵام هەرچی زووترە وەڵامم بدەرەوە، کاتم نییە، ئەم شەمەیەی دێت نا ئەوی تر سەفەر دەکەم. ناتوانم لەوە زیاتر سەفەرەکەم دوا بخەم، بەتایبەتیش لەسەرە ڕێگەم بڕیاری دیدارێکی کاریشم هەیە لە ئەڵمان.

لەوێوە یەکسەر بۆ ماڵی پەروانە ڕۆیشتم. باسی هەموو شتێکم کرد، لە جێگەی خۆی ڕاپەڕی و گوتی:

– ئەی ناپاکانە، سەرئەنجام دەستی خۆتان وەشاند و بێ من قسەی خۆتان کرد. سی و چەند ساڵ چاوەڕوانی ئەو ساتە بووم کە پەرچەکردارت ببینم کاتێک داخوازیت دەکات. بەڵام ئێوە خیانەتتان کرد.

– ئاخر پەروانە...!

– زۆر بەوجنسن، بەڵام قەیناکا. دەتانبوورم، توخوا هەر لەم ڕۆژانەدا هەتا من لێرەم مارە ببڕن. ئەمە یەکێ لە گەورەترین ئاواتەکانی ژیانم بووە.

– توبی و خوا پەروانە بەسە. ئاخر لەم تەمەنەدا، جارێکی تر شوو بکەمەوە،

منداڵەکانم چی دەڵێن؟

– دەبێ چی بڵێن؟ تۆ گەنجیی خۆت لە پێناویاندا دانا، هەموو کارێکت بۆ کردن. ئێستا ئیتر دەبێت بیر لە خۆت بکەیتەوە. ئەوان هەموویان دەڕۆن بەلای ماڵ و ژیانی خۆیانەوە، تۆش مافی خۆتە بۆ ڕۆژانی پیری و تەنیاییت هاودەمێکت هەبێت. وا بزانم ئەوان زۆریش خۆشحاڵ دەبن.

– تۆ ئاگات لێ نییە، دەترسم لە بەردەم سەردار و هاوسەرەکانیان شەرمەزاربن. دەبێت بیر لە ئابڕووی ئەوانیش بکەمەوە.

– باشە، باشە، تۆش بەم ئابڕووداریییەوەت، لە دەست ئابڕووی تۆ خنکام، هەتا مابوو بیرت لای ئابڕووی باوکت بوو، دوایی براکانت، ئینجا مێردەکەت، ئێستاش منداڵەکانت، بەخوا ئەگەر جارێکی تر بڵێیت ئابڕووم! ئابڕووم! خۆم لەم پەنجەرەیە دەخەمە خوارەوە.

– وا... لە کام پەنجەرەوە؟ ئێرە یەک نهۆمە.

– نە بابە!... کەواتە دەتویست لەبەر خاتری جەنابتان خۆم لە بورجی ئیڤڵەوە بخەمە خوار؟ بۆچی پێت وایە کارێکی ئابڕووبەرانە دەکەیت؟ زۆر کەس چەندان جار هاوسەرگیری دەکەن، لێ گەڕێ با هیچ نەبێت ماوەی ژیانت لە ئاسوودەیی و بەختەوەریدا بەسەر بەریت، لای خۆی تۆش مرۆڤی و مافت هەیە.

سەرتاسەری شەوەکە بیرم کردەوە، چۆن بە منداڵەکانم بڵێم. هەوڵم دەدا پەرچەکرداری هەریەکەیان بەرجەستە بکەم. لە باشترین و خراپترین دۆخدا چی دەڵێن؟ هەستم دەکرد کچێکی منداڵم و لە بەردەم دایک و باوکی دەوەستێت و دەڵێت، " بەڵێ دەمەوێت، دەمەوێت شووی پێ بکەم" و پێی بە زەویدا دەدات. تاوەکو بەیانی چەند جارێک لە هەموو ڕووداوەکە خۆم لادا. بڕیارم دا وای دابنێم سەعیدم نەبینیوە و لەسەر هەمان ڕەوشی پێشووم بەردەوام بم. کەچی روخساری دڵگیر و بەسۆزی سەعید، تەنیایی، ڕاستگۆیی و ئەو ئەشقە دێرینەی کە بە درێژاییی ئەم هەموو ساڵە، لە ناخی دڵی هەردووکماندا بە زیندوویی ماوەتەوە و ئێستا تازە بووبووەوە، ڕێگرییان دەکرد، وازهێنان لەو، کێشە بوو. بە درێژاییی شەوەکە بیرم لێ دەکردەوە و لێکم دەدایەوە، کەچی سوودی نەبوو. بەیانی زوو پەروانە تەلەفۆنی کرد و گوتی:

– باشە، باست کرد؟

– نە بابە، بەو نیوەشەوە بە کێ بڵێم، جا چۆن بیڵێم.

– ئەی باوکە، بۆچی نامۆن؟ خۆ تۆ ماشەڵڵا دایمە لەگەڵ منداڵەکانتدا خەریکی قسەکردنی، ئێستا ناتوانیت قسەیەکی بەم سادەییە بکەیت. زمانت هەر بۆ گیان من درێژە؟

– سادەی چی! کوێی سادەیە؟

– یەکەم جار بە شیرین بڵێ، هەرچییەک بێت ئەو ژنە، باشتر تێ دەگات. لەو غیرەتەی پیاوانی ئێرانیشی نییە کە سەبارەت بە دایکیان هەیانە.

– ناتوانم، زۆر ئاستەمە.

– دەتەوێت من باسی بکەم؟

– تۆ؟ نە، دەبێت لە ئاکامدا خۆم ئەو بوێرییەم هەبێت، یان دەستی لێ هەڵگرم.

– چی؟ دەست لە چی هەڵگری! بۆچی مێشکت لە دەست داوە، دوای سی و چەند ساڵ بە ئەشقەکەت گەیشتووی، ئێستا دەستی لێ هەڵگری! ئەویش لەبەر هیچ. ڕاستت دەوێ، دێم بۆ ئەوێ و هەردووکمان پێی دەڵێین. ئاوها باشترە. دووکەس بەرامبەر یەک کەس باشتر پێی دەوێرن.

– بۆچی دەمانەوێت لێی بدەین؟

– ئەگەر پێویستی کرد لێی ئەدەین. من لای نیوەڕۆ دێم.

شیرین، لە دوای نیوەڕۆ جلی لەبەر کرد و گوتی:

– من دەبێت کەمێ بۆ لای شانازی هاوڕێم بڕۆم، زوو دێمەوە.

– ئای شیرین گیان، من هاتم چاوم بە تۆ بکەوێت، بۆ کوێ دەڕۆی؟

– ببوورە پوورێ، ناچارم بڕۆم، بۆ کاری ئەم وەرزەی زانکۆیە، خوا حەزکات ئەم کارەم سەربگرێت، وەرزێکی تر لە بەڵای زانکۆ ڕزگارم دەبێت و دەتوانم بڕۆم... هەتا ئێوە پشوویەک دەدەن، من گەڕاومەتەوە.

– شەرمە، نابێت ئێستا نەڕۆی؟ پوورە پەروانە لە چەند ڕۆژێ زیاتر میوانی ئێمە نییە.

– پووریّ نامۆ نییە، ئەگەر ناچار نەبوومایە نەدەڕۆیشتم، ئێوە کەمێک ڕاکشێن، من دوای نیوەڕۆ کێکێکی نەسکافە دەکڕم کە پووریّ حەزی لیّ دەکات و دێمەوە، ئێوەش خوانی چای لە هەیوانەکە ئامادە بکەن تاوەکو من خۆم دەگەیەنم.

من و پەروانە لەسەر تەختی خەوەکە ڕاکشاین، پەروانە گوتی:

– داستانەکەی ئێوە وەکو فیلمەکانی لیّ هاتووە.

– بەڵیّ فیلمە هیندییەکان.

– بۆچی فیلمە هیندییەکان چییانە؟ ئەوانیش مرۆڤن، لێیان دەقەومێت.

– بەڵیّ، بەڵام لێقەومانی سەیروسەمەرە، کە توانای ڕوودانی لە دنیای ڕاستەقینەدا زۆر کەمە.

– بۆچی ئێستا فیلمی شوێنەکانی تر کەم سەیروسەمەرەن؟ یان توانای ڕوودانی لە دنیای ڕاستەقینەدا هەیە؟ ئەو پیاوە بە هەیکەلە ئەمەریکاییەکە کێیە؟ ئەها، ئارنۆڵد، بە تەنیا یەک سوپا لەناو دەبات، یا ئەوەی بە شەقێک شەش سەد کەس فڕیّ دەدات. لەناو فڕۆکەوە خۆی فڕیّ دەداتە سەر شەمەنەفەر، لەسەر شەمەنەفەرەوە باز دەداتە سەر ئۆتۆمۆبێل، لەسەر ئۆتۆمۆبێلەوە دەفڕێتە ناو کەشتی، لەم نێوەندەدا سیّ سەت کەس لەتوکوت دەکات، خۆشی ڕووشانێکیشی بەرناکەوێت، ئەمانە ڕاستەقینەن و توانای ڕوودانیان هەیە؟

– باشە ئێستا مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە کە خوا، چارەنووس، یان هەر ناوێکی لیّ دەنێیت، هەلومەرجێکی زۆر باشی خستووەتە بەردەستت، ئەگەر سوودی لیّ وەرنەگری ناشوکرییت کردووە.

دوای نیوەڕۆ، لە هەیوانەکە دانیشتبووین کاتێک شیرین وەکو سەرەژنێک هات، کێکەکەی لەسەر مێزەکە دانا و گوتی، دیسان هەوا گەرم بووە، مردم، بڕۆم جلەکەم بگۆڕم، بە نیگایەکی نزا ئامێزەوە تەماشایەکی پەروانەم کرد، ئەویش بە سەر ئاماژەی کرد ئارام بم و لە جێی خۆم دانیشم، شیرین گەڕایەوە و بەدەم قسەکردنەوە سەرقاڵی خواردنەوەی ئەو چایە بوو کە بۆم تیّ کردبوو، پەروانە هەلێکی قۆستەوە و گوتی:

– شیرین گیان چۆنی لەگەڵ شاییەکدا؟

– شایی...؟! ئاخ گیان، دڵم بۆ شاییەکی تێروتەسەل لێ ئەدا، لەو شاییانەی کە لێدان و سەمای تێدا بێت، نەوەک شاییەکانی ماڵی خاڵۆ مەحموود و عەلی، باشە ئێستا شایی کێیە؟ بەڕاست بووک و زاوا جوانن؟ بە کەیفن؟ من قینم لە بووک و زاوای بێ زەوقە.

– کچم باش قسە بکە، بەکەیف، چییە؟

– بە کەیف! واتا سەر زیندوو، کەیف خۆش، وشەیەکی زۆر باشیشە، بیانیش نییە، ئێستا هەر لەبەرئەوەی دەستەواژەی گەنجەکانە، خراپە، خوا ڕەحمی کرد دایکم مامۆستای وێژەی فارسی ئێمە نەبوو، دەنا دەبوایە وەکو سەردەمی پایەدار فەراهانی قسەمان بکردایە.

– ماشەڵڵا، سەیرکە چ زمانێکی هەیە؟ هەتا یەک وشە بڵێی، دە وەڵام دەداتەوە.

– ئێستا لەسەر شتی پووچ قسەوباس مەکەن، بۆ من درەنگە، دەبێت بڕۆم.

– ئێ... پووری من تازە هاتم.

– خەتای خۆتە، دەتتوانی نەڕۆی، خۆ من پێم گوتی.

– باشە ئێستا نەتگوت شایی کێیە...؟

– حەز دەکەیت شایی کێ بێت؟

شیرین سەری خستە سەر پشتی کورسییەکە، چایەکەی چەشت و وتی، چۆن بزانم!

– چۆنە ئەگەر شایی دایکت بێت؟

شیرین بە پفێک چایەکەی دەمی بە دەوروبەریدا بڵاوکردەوە، چەمایەوە پێشەوە و بەدەنگی بەرز پێ دەکەنی، من و پەروانە سەیری یەکترمان کرد، ئێمەش هەوڵمان دا کەمێک پێ بکەنین، بەڵام پێکەنینەکەی شیرین بەکۆتا نەدەهات، دەتگوت خۆشترین نوکتەی بۆ گوتووە.

– چیتە؟ بۆچی ئەوەندە پێکەنین ئامێز بوو؟

– چۆن پێکەنین ئامێز نییە پووری؟ بیهێنە بەرچاوی خۆت، دایکم لەم تەمەنەدا

جلی بووکێنیّ لەبەر بکات، بە تارا سەری داپۆشێت، لەگەڵ پیرەمێردێکی قۆزی گۆچان لە دەست، بێنە ناو خەڵکەکەوە، بێگومان دەبێت منیش دامێنی بووکیّ بگرم، ئینجا بیهێنە بەرچاو خۆت، ئینجا زاوای خواروخێچ بە دەستە لەرزۆکەکەیەوە بیەوێت ئەڵقە بکاتە دەستە چرچەکەی بووکیّ خانم، ئەمە پێکەنین ئامێز نییە؟

من شەرمەزار و تووڕە، سەرم داخست و پەنجەکانم دەگوشی. پەروانە بەتووڕەیییەوە گوتی:

– بەسە ئیتر، کوا دایکت چرچ بووە؟ وەها قسە دەکەیت دەڵێی سەد ساڵانە. ئەم گەنجانە چ بیّ چاو و ڕوو و بیّ شەرمن، خەمت نەبێت زاواکەش خواروخێچ نییە، لە فەرامەرز ئاغاکەی تۆش قۆزتر و قەد و باڵای جوانترە.

شیرین بە سەرسوڕمانەوە تاماشای من و پەروانەی کرد.

– ئێستا بۆچی پێتان ناخۆشە، من ئەم نمایشەم لە فیلمێکدا بینیبوو. ڕاستم پیّ بڵێن مەبەستتان چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە کە دایکت ئەگەر بیەوێت هەر ئێستاش دەتوانێت هاوسەرێکی باشی هەبێت.

– توخوا واز بێنە پووریّ، قسەی وا مەکە، دایکی من خانمە، ئەم شتانەی لیّ ناوەشێتەوە، خۆی دوو بووک و دوو نەوەی هەیە، ئێستاش بیر لە بەشوودانی تاقە کچەکەی دەکاتەوە. بەڕاست دایە، فەرامەرز گوتی، کارەکانم تا ڕادەیەک جێبەجیّ بوون، لەوانەیە خۆشی بۆ پشووی ژانویە بێتەوە، بۆ ئەوەی ئاهەنگ بگێڕین و دواییش پێکەوە بگەڕێینەوە.

نەمدەتوانی جڵەوی پەرچەکردارەکەم بگرم. پرسی هاوسەرگیریی کچەکەم لە ئارادا بوو، دەبوایە گرینگیم پیّ بدایە، گێژانە سەرم ڕاوەشاند و گوتم:

– دوایی لەبارەیەوە قسە دەکەین.

– دایە چیتە، بەوە قەڵس بووی گوتم پیریت؟ ببوورە، کەمکاریی پوورە پەروانەیە، قسەگەلێک دەکات مرۆڤ پێکەنین دەیگرێت.

– بۆ پێکەنین دەتگرێت؟ لەویّ ژن و پیاوی هەشتا ساڵە هاوسەرگیری دەکەن،

کەسیش پێ ناکەنێت، منداڵ و نەوەکانیشیان دڵخۆش دەکەن و داوەتیان دەکەن. دایە گیان خۆ تۆ تەمەنێکی ئەوتۆت نییە.

– پوورە پەروانە، تۆ زۆر لەو شوێنانە ژیاوی، بەتەواوەتی بووی بە بیانی، ئێرە جیاوازە، من لەلایەن خۆمەوە لە ڕووم نایەت بڵێم شایی دایکمە، خۆ دایکم لە هیچی کەم نییە تا بیەوێت شوو بکات.

– دڵنیای...؟!

– دیارە. ماڵ و ژیانێکی دروست و تەواوی هەیە، کارەکەی هەیە. مەسعوودیش کۆڵێک زەحمەتی کێشاوە، هەموو ئەزموونەکانی لە کۆمپانیا جیاوازەکان کۆکردووەتەوە و کاری خانەنشینییەکەی جێبەجێ کردووە. کوڕەکانیشی بە هەموو شێوەیەک پارێزەی دەکەن، سەفەر و کەیف و گەڕانیشی بەڕێوەیە، تازە بڕیار وایە لە پاش شووکردنم، بۆ ئەوێ بێت، بۆ لای من و چاودێری منداڵەکانی من بکات.

– لەو شانازییە...!!!

من چیی تر نەمدەتوانی بەرگەی ئەم قسەوباسە بگرم. هەستام و پیاڵەکانم کۆکردەوە و هاتمە ژوورەوە. لە پەنجەرەکەوە چاوم لێ بوو، پەروانە خێرا خێرا قسەی دەکرد و شیرین بە تووڕەیییەوە تەماشای دەکرد. ئیتر بۆ هەیوانەکە نەڕۆیشتم. پەروانە جانتاکەی هەڵگرت و هاتە ژوورەوە. مانتۆ و سەرپۆشەکەی لەبەر کرد و گوتی:

– پێیم وت، خواستەکانی مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بێت تەنیا شتی مادی نییە، سۆزیشە. گوتم، ئەو پیاوەی کە بۆ ئێرە هاتبوو، خوازبێنیکاری دایکتە.

لە پەنجەرەکەوە شیرینم دەبینی. ئەنیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانابوو و سەری بە دەستی گرتبوو. لەگەڵ ڕۆیشتنی پەروانە، بۆ هەیوانەکە ڕۆیشتم، سەری بەرزەوە کرد، چاوە فرمێسکاوییەکانی لە من بڕی و گوتی:

– دایە، بڵێ پەروانە درۆ دەکات. بڵێ ڕاست نییە.

– چی ڕاست نییە؟ ئەوەی کە سەعید داوام دەکات؟ بۆچی نا، ڕاستە. بەڵام، من هێشتا وەڵامم نەداوەتەوە... هەناسەیەکی وەبەردا هاتەوە.

– ئاه... پوورە پەروانە وەها باسی کرد، پێم وابوو هەموو شتێک تەواو بووە. تۆ

شتی ئاوها ناکەیت، وا نییە؟!

– نازانم، لەوانەشە بیکەم.

– دایە، بیر لە ئێمە بکەرەوە. دەزانیت فەرامەرز چ ڕێزێکت لێ دەگرێت و بەرزت دەنرخێنێت. هەموو کاتێک باسی شایستەیی، خانمی، سەبارەت بە لەخۆبووردەییی تۆ دەدوێت. دەڵێت، ئەمە ئەو دایکەیە کە دەبێت کڕنوشی بۆ ببەیت، ئێستا من چۆن بڵێم دایکم حەزی لە شووە. بەم کارەت هەرەس بەو هەموو وێنەیە دەهێنیت کە ئەم هەموو ساڵە لە تۆمان وێنا کردبوو و ستایشمان دەکرد.

– من، نە دەمەوێت تاوان بکەم، نە خیانەت، نە کارێکی ناشەرعی، بۆچی دەبێت کەسایەتیم لای ئێوە بچێتە ژێر پرسیارەوە؟

بەتووڕەیییەوە هەستا، کورسییەکەی بەتوندی لابرد و بۆ ژوورەکەی ڕای کرد. دوای چەند چرکەیەک لە دەنگ زەنگی پچڕپچڕ و کورتی تەلەفۆنی هۆڵەکە دەرکەوت کە خەریکە ژمارەیەک لێ دەدات، دڵنیابووم بۆ مەسعوود تەلەفۆن دەکات. لە دڵ خۆمەوە گوتم، باهۆز دەستی پێ کرد. هەستم دەکرد بوومەتەوە بە منداڵ، دەتگوت من منداڵم و شیرین دایکە و دەشێ من چاوەڕوانیی مۆڵەتی ئەو بم.

دوای کاژێرێک، مەسعوود بە ڕووخسارێکی داگیراوەوە هات. من لە هەیوانەکە دانیشتبووم، وەهام نیشان دەدا کە سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەم. شیرین بە دەنگێکی نزم بەڵام بەخێرایی قسەی لەگەڵ دەکرد، کەمێکی نەبرد بۆ هەیوانەکە هاتن، مەسعوود دەموچاوی بەیەکدا دابوو.

– عەلەیکومەسەلام، سەیرە؟!!

– دایە ببوورە، سڵاو، بیرم لای خۆم نییە، نازانیت چ کار و گرفتارییەکم هەیە، هەر نازانم شەو و ڕۆژم کەیە.

– بۆچی دایە؟ بۆچی ئەوەندە خۆتان گرفتاری کاری بێ هوودەی بەڕێوەبەرایەتی دەکەن؟ ئەی بڕیار نەبوو بۆ سەر کارەکەی خۆت بڕۆیت؟ بە ئەندازیاری و نیگارەکانت ڕابگەیت؟ ئەم کارانە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕەوانیی تۆدا ناگونجێن، چەندان ساڵ پیری کردووی، دەمێکە نەمبینیوە لە ناخەوە پێ بکەنیت...

– ئیتر تووش بووم، باوکی عاتیفە دەڵێت، ئەرکی شەرعییە، دەبێت هاوکاری بکەین.

– هاوکاریی کێ بکەیت؟ خەڵک؟ وا دەزانیت ئەگەر بچیتە سەر ئەو کارەی پسپۆڕی تیایدا، کەم هاوکاریی دەکەیت؟ خۆ تۆ کەی ئەزموونی بەڕێوەبردنت هەبوو؟

– باشە دایە، ئێستا واز لەم قسانە بهێنە، ئەم قسە هیچ و پووچانە چییە کە شیرین دەیکات؟

– کامانە؟ شیرین قسەی هیچ و پووچی زۆر دەکات.

شیرین کە هەر لەو کاتەدا بە سینییە چاییەکەوە هاتبووە ژوور، لە تەنیشت مەسعوودەوە دانیشت، دەتوت دەیەوێت بەرەی جەنگەکان دیاری بکات و بە نیگەرانییەوە وتی:

– ئێ... ! دایە...

– ئەوەی کە خوازبێنیی کارت هاتووە...

هەردووکیان پێکەنینێکی لە ناخەوە هەڵقوولاویان قووت دایەوە و بەهێواشی تەماشای یەکتریان کرد، زۆر قینم هەستابوو، هەوڵم دا بڕوا بەخۆبوونم لە کیس نەدەم، گوتم:

– من خوازبێنیکاری زۆرم هاتووە، پێت وایە لە دوای مردنی باوکت کەم پێشنیاری هاوسەرگیریم پێ کراوە؟

– نە! دەزانم چ کەسانێک داوای تۆیان دەکرد، هەندێکیشیان تا بڵێی کەللەڕەق بوون، تۆ ژنێکی بێ خەوش و جوان بووی، پێت وایە ئەو نیگا پڕ ئارەزووانەم نەدەبینی کە دەوری تۆیان دابوو، یان ئاگام لێ نەبوو کێ بەشوێنتەوە بوو، لەوانەیە خۆت ئاگات لە هەندێکیانیش نەبوو. وەکو هەموو ئەو مندالانەی کە هەلومەرجی منیان هەیە، شەوانە مۆتەکەی شووکردنەوەی تۆم بە پیاوێکی نامۆ دەبینی، وەکو شێتەکان لە خەو ڕادەپەڕیم، ئاخ، چەند جار شەوانە پلانی کوشتنی ئاغای زەڕگەرم کێشا، تاقە شتێک کە ئەو سەردەمە منی بەهێمنی هێشتەوە، بڕوام بوو بە تۆ، دەمزانی ئێمە وێڵ ناکەیت و ناکەویتە دوای دڵت، باوەڕم وا بوو کە تۆ

چاکترین دایکی دنیای، لە پێناو ئێمەدا قوربانیی زۆرت داوە و ئێمە بە هیچ شتێک ناگۆڕیتەوە، و بۆ تۆ، ئێمە لە پێش هەموو شتێکەوەین، کەچی نازانم ئێستا چی ڕووی داوە! و ئەم پیاوە چۆن ئاوها کاریگەری لەسەرت داناوە وا ئێمەت لە بیر چووەتەوە.

– من هیچ کاتێک نە ئێوەم لەبیرچووەتەوە و نە لەبیریشم دەچنەوە، تۆش ئیتر پیاوێکی، وەکو ئەو منداڵە بچووکانە قسە مەکە کە گرێی ئۆدیبیان هەیە، ئێستا دەبێت بزانیت کە منداڵ بۆ دایک و باوک چ بەهایەکی هەیە و هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە. تا ئەو کاتەی ئێوە منداڵ بوون و پێویستیتان بە چاودێری من بوو، بەئەرکی خۆم دەزانی تەنیا بۆ ئێوە بژیم، نازانم ئەمە تا چ ڕادەیەک تەندروست بوو، بەڵام ئەوەم دەزانی کە نەوجەوانگەلی وەکو تۆ و سیامەک ناتوانن بەئاسانی لەگەڵ یەکێکدا هەڵبکەن کە باوکیان نەبێت، ڕەنگیشبێ بیتوانیبایە هاوکار و ڕاوێژکارێکی باش بوایە بۆتان، و یارمەتی منیشی بدایە لە گرتنە ئەستۆی زۆر لە گرفتاری و بەدبەختییەکان، بەڵام ئەو سەردەمە لە خۆشی و دڵنیایی ئێوە بەولاوە بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە، کەچی ئێستا دۆخەکە زۆر گۆڕاوە، ئێوە گەورە بوون، من تا ئەوپەڕی توانا ئەرکی خۆم گەیاندە ئاکام، چیی تر پێویستیتان بەمن نییە، ئیتر من دەست و پێتان دەگرم، پێتان وا نییە مافی ئەوەم هەبێت بیر لە ژیان و داهاتووی خۆم بکەمەوە، خۆم بڕیاردەر بم و ئەوە بکەم کە دڵم دەیخوازێت؟ ڕاستییەکان ببینن، بۆ ئێوەش ئاوها باشترە، لە گرفتارییەکانی دایکێکی تەنیا و بە تەمەن ڕزگارتان دەبێت کە بتەوێ و نەتەوێ داواکارییەکانی لە زۆربووندایە و بیانووگیرتر دەبێت.

– نە دایە، تکایە قسەی وا مەکە، تۆ تاجی سەرمانی، هێشتا بەلای منەوە هەر ئازیزترین بوونەوەری سەر زەویت، هەتا ماوم خزمەتکارتم، هەرچیت بوێت خۆم بۆت دەکەم، بەخوا ئەم چەند ڕۆژەش سەرم لێ نەداوی، دەستم گیرابوو، دەنا هەموو بیروهۆشم لای تۆ بوو.

– هەر ئا ئەمە! تۆ پیاوێکی خاوەن ماڵ و منداڵی، بەم هەموو گرفتاری و بەرپرسیارێتییەوە، بۆچی دەبێ بیر و هۆشت لای دایکت بێ؟ من ئەوەم ناوێت، ئێوە دەبێت لە بیر ژیان و کێشەکانی خۆتاندا بن. من نامەوێت ببمە هۆی

نیگەرانی بۆ بیر و هۆشی ئێوە، ببمە ئەرک و بار بەسەرتانەوە، دەمەوێت بزانن تەنیا نیم، بەختەوەرم، بەتەواوەتی سەبارەت بە من ئاسوودە بن.

– پێویست بەمە ناکات، تۆ تەنیا نابیت، من ناهێڵم بە تەنیا بیت، ئێمە بەخۆشەویستی و ڕێزەوە دەمانەوێت لە خزمەتی تۆدا بین، بەڵکو بتوانین قەرەبووی تۆزێک لە زەحمەتەکانی تۆ بکەینەوە.

– ڕۆڵە گیان، من نامەوێت! ئێوە قەرزداری من نین، منیش لە ئەرکی خۆم بەولاوە هیچی ترم نەکردووە، من دەمەوێت ئەوەندەی تەمەنم ماوە، لەگەڵ یەکێکدا ببەمە سەر کە دەتوانێت ئەو ئاسوودەییەم بۆ دابین بکات کە هەموو کاتێک ئاواتم بۆی خواستووە، ئاخۆ ئەمە چاوەڕوانییەکی زۆرە؟

– دایە، ئەمە لە تۆوە دوورە، چۆن نازانی بەم کارەت چ بەڵایەکمان بەسەر دەهێنیت؟

– بەڵای چی؟ بۆچی کارێکی ناشەرعی دەکەم؟

– دایە گیان، کارێکی دژە نەریت دەکەیت کە ئەوەندەی ئەوە خراپە، هیچ بیرت لەوە کردەوە کە هەواڵێکی ئاوها، وەکو بۆمبێک دەنگ دەداتەوە، چەند شەرمەزار و بەر ئاماژەی خەڵکیمان دەخات؟ هاوڕێکانمان، هاوکار و کارمەندەکانم چی دەڵێن؟ لە هەمووشی خراپتر، چۆن لە بەردەم بنەماڵەی عاتیفە سەر بەرز بکەمەوە؟ ئاگات لێ بێت شیرین، هەرگیز لە بەردەم عاتیفە باسی ئەمە نەکەیت ها...!

– باشە ئەگەر بزانێت چی دەبێ؟

– چی دەبێت؟ هەموو ئەو ڕێزەی بۆ تۆی هەبوو نامێنێت، ئەو پەیکەرەی لە تۆم بۆ ئەو بنیات نابوو، دەڕووخێت، بە باوک و دایکی دەڵێت، بە گوێی ئاغای مەقسوودی دەگات، لە بەڕێوەبەرایەتی هەموو دەزانن...

– دەبا بزانن.

– دەزانیت ئەگەر ئەم هەواڵە بە بەڕێوەبەرایەتی بگات، لە پاشملەم چی دەڵێن؟

– چی دەڵێن؟

– دەڵێن، ئاغای بەڕێوەبەر لەم تەمەنەدا مێردی بۆ دایکی دۆزیوەتەوە، دوێنێ شەو دایکی داوەتە دەست پیاوێکی نەگریسەوە، چۆن دەتوانم سەرم بەرز بکەمەوە؟

قین بینا قـاقـای گـرتبـووم، نەمـدەتوانی لـەسـەر قسـە و باسـەکـە بەردەوام بم، نەمـدەتوانی بەرگەی ئەوە بگرم کە لەبارەی ئەشـقـە جـوانەوە و بێ گەردەکـەم بەو شێوەیە قسە بکەن، هەستـام، سەرم زۆر دەیەشـا، حـەبم خـوارد، لە تاریکییەکەدا لەسـەر قـەنەفەکە دانیشـتم و سـەرم پاڵدایە سـەر پشتـەکەی. منداڵەکان مـاوەیەک لە هەیوانەکە قسـەیـان کـرد، مـەسـعـوود نیـازی ڕۆیشـتنی هەبـوو، هـاتنە ژوورەوە و لە کاتێکدا شیرین ئەوی بەڕێ دەخست گوتی:

– هەمـوو لەژێر سـەری پوورە پـەروانەیە، هیچ نازانێت، دایکەی دامـاو ئەهلـی ئەم شتانە نەبوو، بەڵام ئەو ئەوەندە لە گوێی خوێندووە ئاوهـای لێ هـاتووە.

– هیچ کـاتێک حـەزم لە چارەی پوورە پەروانە نەبـووە، هەمـوو کـاتێک ڕەفـتـار و قسـەکـانی بەلامـەوە جلفـڕانە بوون، گـوێ بـە هیـچ شـتـێک نادات، ئەو شـەوە لە مـاڵ ئێمە دەستی درێژ کرد لەگەڵ ئاغای مـەقسوودی تەوقە بکات...، ئاغای مەقسوودی داماو ئەوەندە پێی قەڵس بوو، دڵنیابە ئەگەر ئەو لە جیاتی دایە بووایە، ئێستا سەد شووی کردبوو.

لەسەر قەنەفەکە هەستام، گڵۆپە کزەکەم داگیرساند و گوتم:

– ئەم بابەتە بە هیـچ شێـوەیەک پێـوەندی بە پەروانەوە نییـە، ئەمە مـافی تایبـەتی هەموو مرۆڤێکە بیەوێت بڕیار بۆ ژیانی خۆی بدات.

– بەڵێ دایە، ئەمـە مافی تۆیە، تۆ مـافی زۆرت هەبوو و هەتە و دەتبێت، بـەڵام خۆ تۆ نـاتەوێت بە نرخـی ئابڕووی منداڵـەکـانت لـە هەمـــوو ئـەوانە بەهـرەمـــەند بیت؟ دەتەوێت...؟

– سەرم دێشێ، دەمەوێت بخەوم، بۆ تۆش درەنگە، وا چاکترە بڕۆی بۆ لای ژن و منداڵەکانت.

ئەو شـــەوە، وێڕای خـواردنـی چەندان حـەبـی ئارامکەرەوە، لـە ناو گـێـژاوی تا و گـرژبوونەوەی دەمـــارەکـــاندا دەست و پێم دەوەشـــاند. لـە هەمـــوو لایەکـــەوە بیـــرە ناکـۆکەکـان ڕایاندەکـێشـام، لەلایەکـەوە هەسـتم بە ئازاری ویژدان دەکـرد لەوەی بوومـــەتـە مـــایەی ڕەنج و نیگەرانیـی منداڵەکـــانم، لە لایـەکی تریشـــەوە، خـــەونی ڕەهـابوون و ئازادی بـەلای خـۆیدا ڕای دەکـێشـام، ئاه، چەند پێـویستـیم بەوە بوو یەک جـار لە ژیانمدا خۆم لـە تەوقی هەموو بەرپرسـیـارێتییـەک ڕزگار بکەم، هەمـوو

کۆتەکان بپسێنم، بە ئازادی و بێ پەروا لەم گەردوونە مەزنەدا بدەم لە شەقەی باڵ و بفـڕم... بەڵام ڕووخـسـارە مـاندوو، خـەمـبـار و بێ هیـواکـەی مـەسـعـوود و فرمێسکەکانی شیرین لێم نەدەبوونەوە. لەولاشەوە، خرۆشیی دڵ، ئەو ئارەزووەی کـە بـەلای سـەعـیـددا ڕایدەکـێـشـام و هەراسی دووبارە ونکردنەوەی ئەو، دڵـیـان دەگوشـیم. ڕۆژ بووەوە، بەڵام توانـای هەسـتـانم لە شـوێنـەکەم نەبوو، چەند جـارێ تەلەفـۆنەکـە لێی دا، شـیـرین بەرزی دەکـردەوە، بەڵام لە لایەکـەی ترەوە دادەخـرا، دەمزانی سـەعیدە، نیگەرانی منە و نایەوێت لەگەڵ شیرین قسە بکات. جارێکی تر تەلەفـۆنەکـە لێی دا، شـیـرین بە سـاردی سـڵاوی کـرد و بەبێ ڕێزی گـوتی، دایە پەروانە خانمە تەلەفۆنەکە بەرز بکەوە. تەلەفۆنەکەم بەرزەوە کرد.

– چی بووە؟ ئێستا بووم بە پەروانە خانم، ئەوەندەی نەمابوو دژوێنم پێ بدات.

– ببوورە، تۆ پێت ناخۆش نەبێت، لە دڵی مەگرە.

– نە بابە، گرینگ نییە. قسەی خۆتم بۆ بکەم، تۆ چۆنی؟

– وێران، سەرئێشە وازم لێ ناهێنێت.

– مەسعوودیش زانی؟ چی کرد؟ شیرین زۆر سەرسەختە، ئەویش وایە؟

– زۆر خراپتر.

– سـەیرە، منداڵگەلێکی لەخـۆبایی، ئەوەی کـە بۆیان گـرینـگ نیـیـە ئارەزوو و شـادمـانـیی تۆیە، بەهیچ شـێـوەیەک تێ ناگـەن... کـەمکاریی خـۆتە، ئەوەندە لە بەردەمـیـان بێدەنگ بـوویت و لە خـۆبوردەییت نواند، ئێسـتـا تەنانەت بیـر لەوەش ناکەنەوە کە تۆش مافت هەیە. ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟

– نازانم، جارێ لێم گەڕێ، با کەمێ بە خۆمدا بێمەوە.

– ئەو سـەعـیدە دامـاوە نیـوە گیـان بووە، دەڵێت دوو ڕۆژە ئـاگـای لێت نیـیـە، هەر تەلەفۆنیش دەکات شیرین وەڵام دەداتەوە، نازانێت هەواڵ و دۆخەکە چۆنە، دەکرێ قسەی لەگەڵ بکەیت؟ یان جارێ دووری و دۆستی؟

– پێی بڵێ با جارێ پێوەندی نەکات، دواتر خۆم تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

– دوای نیوەڕۆ دێی هەرسێکمان بڕۆین بۆ پارک کەمێ پیاسە بکەین؟

– نە بابە، تاقەتم نییە.

– من هەر یەک دوو ڕۆژێکی تر لێرەم، سەعیدیش هیچی وای بۆ ڕۆیشتنەکەی نەماوە.

– ناتوانم، دۆخم باش نییە، ناتوانم لەسەر پێم ڕاوەستم، سڵاوی منی پێ بگەیەنە، دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

شیرین، پاڵی بە چوارچێوەی دەرگەکەوە دابوو و بەوردی گوێی لە قسەکانی من و پەروانە دەگرت. تەلەفۆنەکەم دانا و گوتم:

– بەڵێ؟! کارێکت هەیە؟

– نەخێر...!

– ئەی بۆچی وەکو دەروازەوانی دۆزەخ لێرە وەستاوی؟

– دەمویست بزانم ئەم پەروانە خانمە، ئەی وا بڕیار نەبوو تەشریف بەرێتەوە؟ ئەی بۆچی بەڵای خۆی دوور ناخاتەوە؟

– دروست قسە بکە، شەرمە، مرۆڤ بە پووری وا ناڵێت.

– کام پورە...؟ من یەک پوورم هەیە، ئەویش پوورە فاتییە.

– ئیتر بەسە، ئەگەر جارێکی تر سەبارەت بە پەروانە ئاوها قسە بکەیت، هەرچییەکت بینی ئەوا خۆت بە خۆت کردووە، تێ گەیشتی؟

– ئۆە، ببوورە نەمزانی، پەروانە خانم لای تۆ جێگەیێکی ئاوها پێشەنگی هەیە؟

– بەڵێ هەیەتی، ئێستاش بڕۆ دەرەوە، دەمەوێت بخەوم.

لای نیوەڕۆ بوو کاتێک سیامەک تەلەفۆنی کرد. زۆر سەیر بوو، هەرگیز ئەم کاتانە پێوەندی نەدەکرد. واتا منداڵەکان ئەوەندە پەلەی گەیاندنی هەواڵەکەیان بوو، نەیانهێشت لە کارەکەی بگەڕێتە ماڵەوە؟ لە پاش سڵاو و هەواڵپرسییەکی سارد، گوتی:

– دایە، ئەم قسانە چییە منداڵەکان باسی دەکەن؟

– کام قسانە؟

– ئەوەی کە تۆ دەتەوێت شوو بکەی؟

بیستنی ئەم جۆرە قسانە لە دەمی منداڵەکانمەوە و بەم ئاوازە، ئێجگار ئاستەم

بوو. بەوپەڕی پێداگری و خۆتاکییەوە گوتم:

– بۆچی ئاستەنگە؟

– دیارە کە ئاستەنگە. تۆ چۆن دەتوانیت لە دوای هاوسەرێکی وەکو باوکی من، ناوی پیاوێکی تر وەرگری؟ ئەمە ناپاکییە بۆ بیرەوەرییەکانی باوکم، من بەپێچەوانەی مەسعوود و شیرین، نە ئابرووم دەڕوات، نە بەلامەوە سەیرە کە ژنێک لە تەمەنی تۆدا شوو بکات. بەڵام ناتوانم ئەوە ببینم کە یادی باوکە شەهیدەکەم لە قوڕ دەگەوزێندرێت. هەموو پەیڕەوکارەکانی چاویان لە ئێمەیە، بۆ ئەوەی ببینن چۆن یادگارییەکانی دەپارێزین، ئینجا تۆ دەتەوێت دەست و پێ سپییەک بهێنیت و لە شوێنی ئەو دایبنێیت؟

– سیامەک، خۆت دەزانیت چی دەڵێی؟ کام پەیڕەوکارانە؟ پەیکەرێکی ئاوهات بۆ باوکت بنیات ناوە و وا قسە دەکەیت دەڵێی پێغەمبەر بووە، ئەگەر لە یەک ملیۆن ئێرانیش بپرسی، یەک کەسیان ناوی باوکتیان نەبیستووە، تۆ بۆچی هەر دەتەوێت مەزن نوێنی بکەیت؟ دەزانم دەوروبەرەکەت ئەم کارەت پێ دەکەن، تۆش ساکار و خۆش باوەڕ، لەم هەموو پیاهەڵگوتن و ستایشە چێژ وەردەگریت و ڕۆڵی کوڕی پاڵەوانێک دەگێڕی. ئازیزەکەم، چاوت بکەرەوە، خەڵک حەزیان لە قارەمانپەروەرییە، یەکێک مەزن دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لە پەنایدا بشارنەوە، ئەو قسەکانیان بکات، ئەگەر مەترسییەکیش لە ئارادا بوو، ئەو قەڵغانی بەلا بێت و سزاکان لە ئەستۆ بگرێت، بۆ ئەوەی خۆیان بواری هەڵاتنیان هەبێت، ئا ئەمەیان لەگەڵ باوکتدا کرد، خستیانە پێشەوە، سینگیان بۆ کوتا، هیتافیان بۆ کرد، بەڵام کاتێک کەوتە بەندیخانەوە هەموو هەڵاتن، و کە کوژرایش نکووڵیان لە پێوەندییەکەیان لەگەڵیدا کرد. لە پاشان دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لێی و هەڵەکانیان ژمارد. چی لە پاڵەوانێتییەکەی ئەو بۆ ئێمە مایەوە؟ کێ لە دەرگەی ماڵمانی دا بپرسێت، ئێوە بنەماڵەی ئەو قارەمانە بوون، چۆن دەژین؟ ئەگەریش زۆر بوێر و بێ باک بوونایە لە بازاڕ لەژێر لێوێکەوە وەڵامی سڵاوەکەیان دەدامەوە. نە کوڕم تۆ پێویستیت بە قارەمان نییە، هەتا منداڵ بووی ڕەنگ بێ ئەمە شیاوی تێگەیشتن بوو، بەڵام ئێستا پیاوێکی گەورەی، نە پێویستیت بەوەیە ببیتە قارەمان، نەش پەیڕەوکاری قارەمانێک بیت. لەسەر پێی خۆت ڕاوەستە، پشت بە مێشک و

بیـر و لێکدانەوەکـانی خـۆت ببـەسـتـە، هـەر ڕێگەیەکت بەلاوە تەنـدروست بوو، ئەوە هەڵبـژێرە، هەرکە بینـیت بە هەڵەدا دەچێت، دەنگی خـۆتی لێ وەربگرەوە، تۆ نابێت پەیڕەوی یـەکێ یان ئایدیۆلـۆجیـایەک بکەیت کە ناچـارت بکات کـوێرانە بە هەمـوو کارێکـی ڕازی بیت، تەنانەت نیشـانەی ڕاست لە هەڵەکانیـشـی بدەیت، تۆ مرۆڤـێکی پێگەیشـتـووی، پێـویسـتیت بـە هیـچ ئەفسـانـەیەک نییـە. با لە بەرچاو منداڵـەکانت کـەسـایـەتییـەکی توندوتۆڵت هـەبێ کـە بتـوانن پشـتت پێ ببـەسـتن، نـەوەکـو خـۆت پێویستیت بە پەناگەیەک بێت.

– ئاه...، دایە، تۆ هیـچ کاتێک لە بەهـای خەبات و مەزنیی باوکم تێ نەگەیشتی.

هـەر کاتێک بیویستبـایە مەزنی بکاتەوە، بابەی دەگۆڕی بە باوک، دەتگوت وشـەی بابە بۆ ئەو مەزنە کەمە.

– تۆش هیـچ کاتێک بەو ڕەنجەت نەزانی کە من کێشام و ئەو هۆکاری بوو. کوڕم چاوت بکەرەوە، ئەمە بۆ خۆت دەڵێم، ڕاستی ببینە، باوکت پیاوێکی باش بوو، بەڵام خاڵی لاوازیشی هـەبوو، هـەر هیـچ نەبێت بەرامبەر بە ئێمەی ئەندامانی خێزانەکەی، هیچ مرۆڤێک بێ کەموکووڕی نییە.

– باوکی من هـەرچییەکی کرد لە پێناو خەبات و ڕزگاریی مـرۆڤ بوو، دەیویست وڵاتێک لە شێوەی سوسیالیزم و لێوانلێو لە هـاوتایی و یەکسـانی و ئازادی بهێنێتە کایەوە.

– بەڵێ، وەکـو ئەو وڵاتەی کـە دوای حـەفـتـا سـاڵ پـارچە پارچە بوو، خـەڵکەکـەی لەبەر نـەبوونـی ئازادی نەخـۆش بوون، تۆ نەتـبینی هـاووڵاتیـیـانی کـۆمـارەکـانی ئەم وڵاتە زلهێزە کـە بۆ کارکردن بۆ ئێران دەهـاتن، چەند بێ بـەرگ، نـا ئاگە و پەریشـان بوون، لە دوای ئەو ڕووداوە، چەندان ڕۆژ گریام و چـەندان مـانگ بیـرم کـردەوە کـە باوکت بۆچـی مـرد؟ ئاخـۆ ئـەمـە ئەو (مـەدینە فـازیلەیە) بوو کـە گیـانی خـۆی کـردە قـوربـانی؟ چەند شـادمـانم کـە باوکت نەیـبیـنی قیـبلـەی ئاواتەکـانی کـەوتووەتە چ ڕۆژێکەوە.

– دایە، تۆ کـوا لـە پرسـە سـیـاسـیـیـەکان دەزانیت؟! من بۆ ئەوە تەلـەفۆنم نەکـرد سـەبارەت بـەم شـتـانە قسـەت لەگـەڵ بکەم، بابـەتـەکە تۆ و ئەو کـارەیە کـە دەتەوێت بیکەی. بەڕاسـتی من ناتوانم بەوە ڕازی بم یەکێکی تر لە جێگەی باوکمدا ببینم و

تەلەفۆنەکەی داخست.

گفتوگۆ لەگەڵ سیامەکدا بێ سوود بوو. کێشەی سیامەک من نەبووم، گرفتی ئەو باوکی بوو و دەبوایە من لە پەنای ئەم بتە هەڵبەستراوەدا، ببوومایە بە قوربانی.

دوای نیوەڕۆ، مەسعوود، عاتیفە و کوڕە نازدارەکەیان کە منداڵیی مەسعوودی دەهێنایەوە یادم، هاتن بۆ ماڵمان. منداڵەکەم لە عاتیفە وەرگرت و گوتم:

– عاتیفە گیان بەخێرهاتی، ماوەیەک بوو ئەم کوڕە نازدارەم نەبینیبوو.

– کەمکاریی مەسعوودە، کاری ئێجگار زۆرە، ئیتر ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی کۆبوونەوەی هەبوو، وازی لە کارەکەی هێنا و زوو هاتەوە. گوتی دەبێت بۆ ماڵی دایکم بڕۆم، دۆخی باش نییە، منیش زوو لەگەڵی هاتم، بێ تاقەت بووم، بیری ئێوەشم دەکرد.

– کارێکی باشت کرد، منیش بیری تۆ و ئەم چکۆڵە جوانەم دەکرد.

– خوا خراپ نەدات، چی بووە؟

– هیچ، ئەمانە گەورەی دەکەنەوە، هەر کەمێ سەرم دەیەشا، نەمدەویست ببمە بار بەسەر ئێوەوە، مەسعوود قسەکەی لە دەم عاتیفە گرتەوە و گوتی:

– قسەی وا مەکە دایە گیان، باری چی؟ ئەرکی خۆمانە، دەبێت بمبووری ئەم ماوەیە سەرقاڵ بووم، لە تۆ بێ ئاگە بووم و نەمتوانی پێت ڕابگەم.

– بۆچی من منداڵم هەتا پێم ڕابگەیت؟ هێشتا خۆم لە پێ نەکەوتووم، دەبێت تۆش بە ژیانی خۆت و ژن و منداڵەکەت ڕابگەیت. هیچیش پێم خۆش نییە واز لە کارەکەت بهێنیت و بۆ ئێرە بێی، لەبەرئەوەی ئەرکێک بەجێ بهێنیت، بەو شێوەیە من پتر ئازار دەچێژم.

عاتیفە کوڕەکەی دەگریا، بە نیگایەکی پرسیار ئامێزەوە لە باوەشی گرت و ڕۆیی بیگۆڕێت. منیش هەستام و بۆ چێشتخانەکە، پەناگەی هەمیشەییم ڕۆیشتم. سەرقاڵی شۆردنەوەی میوە بووم، و بوارم بۆ شیرین ڕەخساند، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی هەواڵەکان بۆ مەسعوود بگوێزێتەوە و پلانەکانی داهاتووی دابڕێژێت، کەچی عاتیفە بە منداڵەکەوە بۆ لای ئەوان ڕۆیشت. بە وردەکۆڵییەوە

هەولّی دەدا لە گـفـتـوگۆ هـێـواش و شـاراوەکـەیان تێ بگـات. سـەرئەنجـام دەتگوت شتێکی دۆزیوەتەوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– کێ؟ کێ دەیەوێت شوو بکات؟

مەسعوود بە شلّەژاوییەوە گوتی:

– هیچ کەس...!

شیرین بە هێمنییەوە فریای کەوت:

– یەکێ لە هـاورێ کۆنەکانی دایکم، چەند سـالّێ پێشـتـر مێردەکـەی مردووە، ئێستا بە بووک و زاوا و نەوەوە دەیەوێت شوو بکاتەوە.

– وای!! چ ژنگەلێک هەن، کەس نییە پێیـان بلّێ، لەم تەمەنەدا ئیتر خەریکی ئەو کارە چاکانەبن کە لە ژیانتاندا دواتان خستووە، برۆن نوێژ و ڕۆژووەکانتان بەجێ بهـێنن، ڕوو لە خـوا بکەن، ئەو دنیاتان بنیـات بنێن، هێـشـتـا هەر خـەریکی دلّ و کەیف و هەوەسی خۆیانن. بەڕاستی...!

من بە قـاپی مـیوەکەوە وەسـتابووم، گوێم لـە وتارە بەنرخـەکەی عـاتیفـە دەگرت. مەسعوود سەیری شیرینی کرد و نیگاکانی لە من شاردەوە. قاپی میوەکەم لەسەر مێزەکە دانا و گوتم:

– یەکجاری پێی بلّێن با بڕوا قەبرێ بکڕێت و لە ناوی بخەوێت!

– دایە، ئەم قسانە چییە، ژیانی مەعنەوی زۆر لە ژیانی مادی دلّگیرترە، دەشێت مرۆڤ ئەم جۆرە ژیانەش لە تەمەنێکدا تاقی بکاتەوە.

جـۆری کـاردانەوەی ئەمـانە، لەگـەلّ تەمـەنی من و شـێـوازی بیـرکـردنـەوەیان سـەبارەت بە ژن لـەو تەمـەنەدا، بوون بەهـۆی ئەوەی کـە تێ بگەم بۆچی ژنان حـەز ناکەن تەمـەنی ڕاسـتەقـینەی خـۆیان ئاشکرا بکەن، وەکو ڕازێکی سـەر مـۆرکراو لەلای خۆیان دەیپارێزن. ڕۆژی دواتر بۆ مالّی پەروانە ڕۆیشتم، شیـرین جلی لەبەر کرد و گوتی:

– منیش دێم.

– نەخێر، پێویست ناکات.

– حەز ناکەم منتان لەگەڵ بم؟

– نە! لەوەتەی بیرم بێت، چاودێرم هەبووە، نەفرەتم لە بوونی چاودێرە. ئێوەش لەم شێوە ڕەفتارانەتان دەست هەڵگرن، دەنا سەری خۆم بەرەو کێو و بیابان هەڵدەگرم، کارێک دەکەم کەستان دەستتان پێم نەگات...

هاوکات کە پەروانە سەرقاڵی پێچانەوەی جانتاکانی بوو، باسی هەموو شتێکم بۆی کرد، گوتی:

– بەڕاستی جێی باوەڕ پێکردن نییە، چەند زوو ئەم منداڵانە مرۆڤ بۆ ئەو دنیا دەنێرن؟ سەرم لە سیامەک سوڕدەمێنێ، ئەو بۆ تێ ناگات...؟ بەڕاستی تۆش چ چارەنووسێکی سەیرت هەبوو.

– هەموو کاتێک دایکم دەیگوت " بەشی هەموو کەسێک لە سەرەتاوە دیاری کراوە، بۆی دەخەنە لاوە، ئەگەر ئاسمانیش لەگەڵ زەوی یەک بگرێت، ناگۆڕێت". زۆربەی کات بیر دەکەمەوە، بەڕاستی بەشی من لە ژیاندا چی بوو؟ ئاخۆ هەر بە ڕاستی پشکێکی دیاریکراو و سەربەخۆم هەبوو؟ یان پارچەیەک بووم لە بەشی پیاوەکانی ژیانم، کە بۆ باوەڕ، ئیدیالەکانیان، یان ئامانجەکانیان، هەریەکەیان بە شێوەیەک منیان بۆ قوربانگە برد، من دەشیا بۆ پاراستنی ئابرووی باوک و براکانم ببم بە قوربانی، بۆ خواست و بیروباوەڕەکانی هاوسەرەکەم، قارەمانێتی و ئەرکە نیشتمانییەکانی کوڕەکانم باجم دا. لە ڕاستیدا من کێ بووم؟ هاوسەری گێرە شێوێنێک، ناپاکێکی نیشتمانفرۆش؟ دایکی هەڵگەڕاوەیەک؟ ژنی قارەمانێکی خەباتکاریی ڕێگەی ئازادی؟ یان دایکی گیانبەخت کردوویەکی لە خۆبوردوو، سەربازێکی ئازاد؟ چەند جار لە ژیاندا منیان بردە لووتکە و پاشان بە تەوقی سەر بەسەر زەویاندا دام، بەمەرجێک هیچ کامیان مافی من نەبوون، نە لەبەر شایستەیی و توانای خۆم سەریان خستم، نە نسکۆکانیشم بەرهەمی هەڵەکانی خۆم بوون، دەتگوت من بوونم نییە، مافێکم نییە، کەی بۆ خۆم ژیام؟ کەی بۆ خۆم کارم کرد؟ کەی مافی هەڵبژاردن و بڕیارم هەبوو؟ کەی لە منیان پرسی، تۆ چیت دەوێت؟

– زۆر ورەت ڕووخاوە، هەرگیز ئاوها سکاڵات نەدەکرد، لێت ناوەشێتەوە، دەشێ تۆ ڕووبەڕوویان ببیتەوە و کاری خۆت بکەیت.

– دەزانی، چیی تر نامــەوێت، نەک لەبەرئەوەی ناتوانم، دەتوانم، بەڵام چیی تر بەلامەوە خۆش نییە، هەست بە دارمان دەکەم، دەڵێی لەگەڵ سی ساڵ پێشتردا، هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە، من سەرەڕای ئەم هەموو ڕەنجەی کە کێشام، کەچی نەمتوانی تەنانەت لە ماڵەکەی خۆشمدا هیچ گۆڕانکارییەک بکەم، کەمترین چاوەڕوانیم لە منداڵەکانم کەمێ تێگەیشتن و هاوخەمی بوو، تەنانەت ئەوانیش ئامادە نەبوون وەکو مرۆڤێک مافێکم پێ ڕەوا ببینن، من تەنیا کاتێک بەهام هەیە کە دایکی ئەوان بم و لە خزمەتیاندا بم، وەکو دەڵێن:

کەسێک نەبوو کە خۆی بۆ ئێمە دانابێ

هەر کەسێک هات، تەنیا ئێمەی بۆ خۆی ویست

خۆشی و ئارەزووەکانی من بۆ ئەوان هیچ نرخێکی نییە، ئێستا ئیتر هیچ ئارەزوو و جۆش و خرۆشییەکم بۆ ئەم هاوسەرگیرییە نەماوە، ئەوەندە بێ هیوا بووم. تەرزی بیرکردنەوەکەی ئەوان پێوەندییە جوانەکەی من و سەعیدیشی ئالوودە کردووە. لە کاتێکدا وام دەزانی ئەوان نزیکترین کەسی منن، خۆشیان دەوێم و پەروەردەی بەردەستی خۆمن، ئاوها لەبارەی من و سەعیدەوە قسە دەکەن، جا بزانە خەڵکی تر چی دەڵێن، چۆنمان لە قوڕ وەردەدەن.

– قیروسیا! با هەر کەسێ، چی پێ خۆشە بیڵێت، نابێت گوێ لە هیچ قسەوباسێک بگری، بەهێز بە و کاری خۆت بکە، بە هیچ شێوەیەک خەمۆکیت لێ ناوەشێتەوە، چارەسەری تۆ چاوپێکەوتنی سەعیدە، هەستە، هەستە تەلەفۆنێ بۆ ئەو داماوە بکە، تا ئێستا شێت بووە، زۆر لە چاوەڕوانیدایە.

پاش نیوەڕۆ، سەعید بۆ ماڵی پەروانە هات. چیی تر پەروانە حەزی نەدەکرد لە ناو گفتوگۆکانماندا بێت، سەرقاڵی کارەکانی خۆی بوو، گوتم:

– سەعید، زۆر داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام ناکرێت هاوسەرگیرییەکەمان سەربگرێت. من ئەوەم بەسەردا سەپاوە کە هەرگیز بەختەوەری و ژیانی هێمنی خێزانیم نەبێت.

ڕووخساری سەعید زۆر تێک چوو و بە دەنگێکی تێکشکاوەوە وتی:

– سەرتاپای گەنجیم لە سۆنگەی ئەم ئەشقە بێ ئاکامەوە لەناوچوو. لە

خۆشترین بوارەکانی ژیانیشمدا، لە ناخی بوونمدا تەنیا و خەمبار بووم. ناڵێم لە درێژاییی ژیانمدا سەرنجی هیچ ژنێکی ترم نەداوە، ناڵێم هەرگیز نازیم خۆش نەویستووە، بەڵام بەوپەڕی بوێرییەوە دەڵێم، تاقە ئەشقی ژیانم تۆ بوویت. کاتێ کە تۆم دۆزییەوە، وام دەزانی سەرئەنجام، خوا بەزەییی پێمدا هاتووە و و خوازیار بووە لەم نیوەی کۆتاییی تەمەنەدا، ڕووی بەختەوەریم نیشان بدات. بڕوا ناکەیت، خۆشترین، هێمنترین، دڵگیرترین ڕۆژگارەکانی ژیانم، تەنیا هەر ئەم ڕۆژگارانەی ئەم دوو مانگەی کۆتایی بوون کە پێکەوە بەسەرمان برد. ئێستا توانای بەرگەگرتنی دووری تۆم بەلاوە دژوارترە، ئێستا لە جاران تەنیاترم، ئێستا، پتر لە هەموو کاتێک پێویستیم پێتە، تکات لێ دەکەم چاوێکی تری پێدا بخشێنەوە، تۆ منداڵ نیت، چیی تر تۆ کچێکی شازدە ساڵە نیت کە مۆڵەتت بە دەست باوکت بێ، ئێستا تۆ دەتوانیت خۆت بڕیار بدەیت، مەهێڵە جارێکی تر هەرەس بهێنم.

چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون، گوتم:

– بەڵام منداڵەکانم لە ئارادان، چی لە منداڵەکانم بکەم؟

– بۆچی تۆ بە قسەی منداڵەکانت ڕازیت؟

– هەرگیز! بەڵگە و لۆجیکەکانیان بەلامەوە هیچ نرخێکی نییە، هەمووی بەرهەمی خۆپەرستی و تەنیا لە خۆڕوانینە، بەڵام بەو تەرزی بیرکرنەوەیەیان من تاوانبار دەکەن و خۆیان ئازار دەدەن، خەمبار و سەرگەردان دەکەن، من هەرگیز نەمتوانیوە دڵشکاوییان ببینم، ئێستا چۆن خۆم ئەم شەرمەزاری، ڕووزەردی و خەمەیان بۆ بهێنمە کایەوە؟ لەوەی لە سۆنگەی منەوە، هاوکار، هاوڕێ و بنەماڵەی هاوسەرەکانیان بە چاوی سووک تەماشایان بکەن، هەست بە ئۆباڵ دەکەم. هەموو کاتێک منداڵەکانم خاڵی لاوازم بوون.

– لەوانەیە ماوەیەک ئەم هەستەیان هەبێت، بەڵام زوو لە بیریان دەچێتەوە.

– ئەی ئەگەر نەیانکرد؟ ئەگەر هەتا هەتایە وەکو گرێیەک لە دڵیاندا مایەوە؟ ئەگەر ئەم کارە وێنەی من لەبەرچاویان برووشێنێت؟

– وردە وردە دەگەڕێتەوە وێنەکەی پێشوو.

– ئەگەر نەگەڕایەوە؟

– چیمان له دەست دێت؟ لەوانەیە ئەوە نرخی بەختەوەریی داهاتوومانە و دەبێت بیدەین.

– و باجەکەی لە منداڵەکانم وەربگرم؟ نە! ناتوانم.

– وەرە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە لە ژیانتدا، دڵت بدەرە دەم دەریاوە " بەوەی هەرکەسێک دڵی دایە دەم دەریاوە، ئازادیی بە دەست هێنا ..."

– نە سەعید گیان! "... من ئەو کەسە نیم دڵ بدەمە دەم دەریاوە!"

– وا بزانم منداڵەکانت کرد بە بیانوو، خۆت وەها بیر ناکەیەوە؟

– نازانم، لەوانەیە، ئامادەییم لە دەست داوە، دڵم زۆر تەنگە، هەلومەرجەکە نالەبار بوو، چاوەڕوانی ئەو پەرچەکردارانەم نەدەکرد. ئێستا ئەوەندە ماندووم، ناتوانم بڕیارێکی ئاوها گرینگ بۆ ژیانم بدەم، هەست دەکەم تەمەنم سەد ساڵە، نامەوێت لە کەللەڕەقییەوە یان بۆ سەلماندنی تواناکانم هیچ هەنگاوێک بنێم، داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام بەڕاستی لەم هەلومەرجەدا ناتوانم ئەو وەڵامەت بدەمەوە کە چاوەڕوانی دەکەیت.

– بەڵام مەعسووم بەم شێوەیە جارێکی تر یەکتر لە دەست دەدەین.

– دەزانم، لەلایەن خۆمەوە دڵنیام، بۆ من وەکو خۆکوشتنێکی شکۆدارانەیە، جاری یەکەمیشم نییە، بەڵام دەزانیت، پڕ ئازارترین پرس و شتێک کە بەڕاستی لەناوم دەبات، چییە؟

– نە!

– ئەوەیە کە لە هەردوو جارەکەدا، ئازیزەکانم، ئەو کەسانەی کە نزیکترین کەسم بوون، ئاوها بڕیاری مردنی منیان دا.

پەروانە ڕۆیشت، من یەک، دوو جاری تر سەعیدم بینی. بەڵێنم لێ وەرگرت کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئاشت بێتەوە و لەوێ بمێنێتەوە. هەرچۆنێک بێت خێزانیان هەبوو، تەنانەت ئەگەر گەرموگوڕیش نەبن، لە نەبوونی خێزان باشترە... کاتێ لە سەعید جیا بوومەوە، بە پێ بەرەو ماڵ هاتمەوە. بایەکی ساردی پاییزی هەڵی کرد، زۆر ماندوو بووم، باری تەنیاییم کۆڵێک قورستر بووبوو و پێیەکانم سست و بێ

تواناتر بوون. خۆم لە چاکەتە ڕەشەکەم پێچایەوە، سەیرێکی ئاسمانە داگیراوەکەم کرد و گوتم:

– وای...! چ زستانێکی دژوارمان لەپێشدایە.

سوپاس و پێزانین

لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئەم هاوڕێ هێژایانە دەکەم کە لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا یارمەتییان داوم:

١- مامۆستا دیاکۆ هاشمی کە ڕێنوێنی و یارمەتییەکی زۆری زمانەوانیی پێشکێش کردم.

٢- مامۆستا ناسری حوسامی، ئەو شیعرانەی بۆ وەرگێڕام کە بە زمانی ئاغای شیرازی وتراون.

ڕووناک شوانی